
پێنج ڕوکنەکەی
ئیسلام
نووسینی
سەعید حەووا
وەرگێڕانی
مامۆستا گرێکار
پێنج ڕوکنەکەی ئیسلام

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێنج ڕوکنەکەی ئیسلام

# پێنج ڕوکنەکەی
# ئیسلام

نوسینی:
**سەعید حەووا**

وەرگێڕانی:
**مامۆستا کرێکار**

# پێنج روکنەکەی ئیسلام

کتێبی: پێنج بنچینەکەی ئیسلام

نوسینی: سەعید حەووا

وەرگێڕانی: ماموٚستا کرێکار

نەخشەسازی: سەردەم

ساڵی: ١٤٣٩ك-٢٠١٨ز

/zadyreman
www.zadyreman.com

# پێشکەشە:

بەوانەی لەبواری بانگەوازی ئیسلامیدا کـار دەکەن.

بەوانەی ئازادانە بیردەکەنەوەو

دەیانەوێ ئیسلام بناسن.

کرێکار

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلٰهَ إِلَّا الله وَأَشهَدُ أَنَّ محمداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءًۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا * يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْۗ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا

أَمَّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كِتابُ اللهِ، وَخَيرَ الهَدِي هَدْيُ محمد صَلَى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَمَ

وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ.

## پێشەکی وەرگێڕ بۆ چاپی سێیەم

الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ وَ الصَّلاةُ وَ السَّلامُ عَلَى رَسُولِهِ الاَمِيْنِ، مُحَمَّدٍ وَ عَلَى آلِهِ وَ صَحبِهِ أَجْمَعِين.

سوپاسی خوای گەورە دەکەم کە سەرکەوتووی کردم لە وەرگێڕانی کتێبی (الإسلام)ەکەی شێخ سەعید حەووای ڕەحمەتی، کە زۆر بە ئاواتەوە بووم هەمووی بکەمە کوردی. کتێبی (الإسلام) کتێبێکی زۆر گرنگە بۆ ڕۆشنبیریی سەرەتایی و زانیاری سەرەکی و تێگەیشتنی ئیسلام بە گشتگیرییەکەی. نووسەری ڕەحمەتی بە فەقێیەتی ڕوواوە، ئەکادیمییانە پێگەیشتووە، بیرمەندانە لە ئیسلام گەیشتووەو داعیانە ئیسلامی نیشانداوەتەوە. لەبەر زۆر شارەزایی خۆی لە دینەکە توانیویەتی بۆ چارەسەری زۆر کێشەی سەردەم ئیجتیهاد بکات و ڕاو تێڕوانینی جوان بخاتە بەردەست بەرپرسانی کاری ئیسلامی.. خوای گەورە پاداشتی خێری بداتەوە..

شایانی ئەوە دەبێت بیێتە ئەندام پەرلەمان..

ئەم کتێبەی بەردەست بەرگی یەکەمی کتێبە وەرگێڕراوەکەیە، کە دەربارەی پێنج ڕوکنەکەی ئیسلامە: شایەتمان و نوێژو ڕۆژوو و زەکات و حەج. بەرگی دووەم لەسەر قییەمی کۆمەڵایەتییەو بەرگی سێیەم لەسەر دەوڵەتی ئیسلامی سیستەمەکانی حوکمێتی. بەرگی چوارەم لەسەر دژواریی دوورخستنەوەی ئیسلامەکەیە لە نەوەی موسوڵمانان. بە هیواین ئەگەر خوای گەورە سەرکەوتوومان بکات هەر چوار بەرگەکە -بۆخوێندن- بە جیاو دواتریش پێکەوە چاپیان بکەین إِنْ شَاءَ اللَّه.

خـــــــــوای گەورە ئـــــــــێمەش و ئێـــــــــوەش لە دیـــــــــنەکەی تێبگەیێنیێـــــــــت و سەرکەوتوومان بکات. اللهم آمین.

وصلى الله وسلم على سیدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم تسلیما

وەرگێڕ

٢٠١٨/١/١

## پێشەكی وەرگێڕ بۆ چاپی دووەم

الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ وَ الصَّلاةُ وَ السَّلامُ عَلَى رَسُولِهِ الاَمِيْنِ، مُحَمَّدٍ وَ عَلَى آلِهِ وَ صَحبِهِ أَجْمَعِين.

وا دەزانم ئەم كتێبەی نوسەری ڕەحمەتی (الإسلام) كە لەساڵانی هەشتاكانی سەدەی رابردوودا بڵاو بۆوە، هەتا ئێستاش وەكو ئەو ڕۆژانەی یەكەمی كاریگەری خۆی هەر ماوە، زیاتر بووە كەمتر نەبووە. چونكە هەموو بەشەكانی كتێبەكە _كە ئێمە كردوومانن بە چەند بەرگێک_ جگە لە نیشاندانی گشتگیری ئیسلام، دیدو بۆچوونی فیكری و سیاسی نوێی تێدایە. ئەمەش وای لە ئێمە كردووە هەر لەو سەردەمی پێئاشنابوونیەوە بیكەینە یەكێك لە سەرچاوەكانی پەروەردەو ئاراستەی كۆمەڵكاری ئیسلامیمان..من ئەم بەشەی كتێبەكەم (كە بەناوی شایەتومانەوەیە) لە ١٩٨٣دا كردبووە كوردی، بەڵام هەر پێم چاپ نەكراو مایەوە، تا دواتر چاپی یەكەمی لە كوردستان بە ناوی (ئازاد نجم الدين)ەوە بڵاوبۆوە، بیستم كە خەڵكانێكی زۆر بە پەرۆشەوە بەدوایدا عەوداڵ بوون و دەستیان خستووە، بینیم كاریگەری لە ڕونكردنەوەی شایەتومان و چاوكردنەوەی گەنجەكاندا زۆر بوو، ئەمە مایەی خۆشحاڵیم بوو.. چونكە سەلماندی كە پێناسەم بۆ كتێبەكە بۆ هۆشیاركردنەوەی موسڵمانی كورد لە جێی خۆیدا بووە والحمدلله.

ئێستا وا الحمدلله هەلی چاپكردنی دووەمی كتێبەكەمان لە میسر بۆ ڕەخساوەو مەبەستیشمان لەم چاپەیان بڵاوبوونەوەیەتی بە ناو كوردی هەندەراندا، چونكە ئەم بەشەیان كە بە ناوی شایەتومانەوەیە یەكێكە لەو پازدە كتێبەی بڕیاری خوێندنی لە پۆلی یەكەمی پەیمانگای ئیبنوتەیمییە لەسەر دراوە،كە خوێندنێكی سەر تۆڕی ئینتەرنێتە جگە لەوەش یەكێكە لەو كتێبانەی كە دەبێت خەڵكانێكی ڕەوتی ئێمە بیخوێنن و تێیدا شارەزا بن ... بۆیە داوام لە هەموو خوشك و برایانی ڕەوت لە دەرەوەو ناوەوەی كوردستان ئەوەیە ئەم كتێبەو كتێبەكانی تر جێ بایەخیان بێت، چونكە دیاریكردنی ئەم بەرنامەی خۆ ڕۆشنبیركردنەی دام ڕشتووە، ئەزموونی تەمەن و دیدێكی دینی ڕەسەن و ڕۆشنبیرییەكی

بەر فراوانە، ئەم کتێبانە لایەنەکانی عەقیدە و فیکرو قورئانەوانی سییرەو سوننەت و شەرع و  بانگەوازو حاکمێتی و تەزکییەی نەفس و رەفتارو رەوشت و ململانێیی سیاسی شارستانێتیمان دەگرنەوە، ئەم لایەنانەش رەهەندەکانی گەشەی بیرو نەشونمای هەستی ئینتیمای موسوڵمان و رەسەنکردنەوەی دینداریتییەکەین. بۆیە پێویستە جێبایەخ بن.

بە نیسبەت پێداچوونەوەی کتێبەکە، چاوپێخشانێکی خێرام بۆ کردووە بەڵام زۆر وردەکارانە نا، چونکە بەڕاستی کاتی تەواوم نەبوو، ئەگەر خوای گەورەش یارمەتی دەرمان بێت، بەشی دووەمیشی کە باسی چوار روکنەکەی تر (نوێژو رۆژوو زەکات و حەج) دەکات دەخەینە بەردەست.

هیوادارم خوێنەرانی بەڕێز لە کاتی خوێندن و خوێندنەوەیدا ئەو تێبینیانەی دەیانبینێت لەسەری تۆماری بکەن و  پاشان منیشی لێ ئاگادار بکەنەوە، تا لەچاپەکانی داهاتوودا رەچاو بکرێن.

خوای گەورە یارو یاوەرمان بێت و تێمان گەیێنێت لە دینەکەی و یاریدەدەری پابەندی دینداریەکەمان بێت و  نەمان داتە دەست حەزو نەفسی خۆمان.

وَصَلَّى اللَّه عَلَى سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلَّمَ تَسْلِيمًا

کرێکار/ئۆسلۆ

نیسانی ٢٠١٠

## پێشەكی وەرگێڕ بۆ چاپی یەكەم

سەعید حەووا "خوا لێی خۆشبێت" خۆی ئەم زنجیرە كتێبە: (الله، الرسول، الاسلام)ی ناو ناوە (الأساس)، چونكە بە بناغە سەرەكیەكانی تێگەیشتنی ئیسلامی دەبینی، ئەمەش بێگومان هەر وایە، چونكە تێگەیشتنی ئەو سێ ڕوكنە سەرەكیەی باوەڕ هەموو ئیسلامەكەیان لەسەر دادەمەزرێت...

ئەم زنجیرە كتێبە هەر چەندە زیاتر لە ٣٥ ساڵ بەسەر نووسین و بڵاوكردنەوەیاندا تێپەڕیووە، بەڵام گرنگی و كاریگەری خۆیان هەر ماوەو، (وَاللَّهُ أَعْلَمُ) هەر دەشیان مێنێت، چونكە ئەم كتێبانە ئەو سێ ڕوكنە هەم لە ڕوی فیكرییەوە دەخاتە ڕو، هەم لە ڕوی زانستی شەرعییەوە، بۆیە هەر بە یەكێك لە سەرچاوەكانی فیكری ئیسلامی دەمێنێتەوە...

ئەمە جگە لەوەی لە هەندێك شوێندا نووسەری گەورە دیدو بۆچونی خۆی دەربارەی زۆر مەسائیلی نوێ ڕون كردۆتەوەو ئیجتیهادی لە هەندێك باسی سەردەمیشدا كردووە، كە جێی ڕێزە، چونكە پەی پێ بردنێكی وردە... ئەمانەش پاڵنەری سەرەكیم بوون بۆ وەرگێڕانی بۆ كوردی..!

بیستوومە كە كتێبی یەكەم (الله) كراوە بە كوردی و نوسینگەی تەفسیر لە هەولێر بڵاوی كردۆتەوە، بەڵام وا دەزانم هێشتا كتێبی (الرسول)ەكە دەسكاری نەكراوە، منیش دەمێك بوو بەشێكی(الاسلام)ە كەم كردبوو بە كوردی، بەڵام ساڵانێكی زۆر تێیدا وەستام، دەترسام دەرەقەتی وەرگێڕانەكەی نەیەم، یان دەرفەتیم نەبێت و، خەڵكێكی تریش نەیكات بە كوردی، بەو ئیعتیبارەی من خەریكیم، هەندێك براش هەبوون ساردیان دەكردمەوەو دەیانووت: كەی باوی ئەم جۆرە كتێبانە ماوە؟!!تا لەم ماوەی ڕابووردودا هیممەتێكی ترم دایەوە بەر خۆم و كەوتمەوە پێدا چوونەوەی و خەریك بوون بە وەرگێڕانی.

ئەو کەسەی بە چاوی ڕەخنەی سەلەفیانەوە بڕوانێتە سەعید حەووا، شەیتان وای لێ دەکات هیچ کتێبێکی نەخوێنێتەوە! لە کاتێکدا ئەوانەی کە بەردەوام رەخنەی زۆر توندیان لە سەعید حەووا گرتووە - وەکو سەلیم الهلالی- ڕەخنەیان لەم سێ کتێبەی نەگرتووە، بەڵکو لە کتێبی تری وەکو کتێبی: (تربیتنا الروحیة)، کە لە دیدێکی سۆفیانەوە باسی پەروەردەی نەفس و زیکرەکانی خوای گەورە دەکات، ئەمەش بابەتێکە کە ئێمەش ڕەنگە لایەنگیری هەندێك بۆچوونی الهلالی بین تێیدا... بەڵام بە ڕاستی حەیفە موسوڵمان لەسەر دێرە رەخنەی کەسێك لە کەڵەپیاوێکی ئاوا، خۆی مەحروم کات لەو هەموو رۆشنبیرییەی، کە سەعید حەووا پێشکەشی کردووە...

من گومانم لەوەدا نییە کە سەعید حەووای رەحمەتی مەدرەسەیەکی سەربەخۆی ئیخوانییە، خاوەن دیدی ڕوون و هەڵوێستی پڕ جورئەت و ئازایەتیی خۆیەتی...

کتێبی (الاسلام)ە کە زۆر گەورەیە، چوار بەرگی گەورەیە، ئەمەی ئێستا لەبەر دەستی خوێنەرانی بەڕێزدایە(٨٥) لاپەڕەی ئەسڵی بەرگی یەکەمە، زیاتر لە ١٠٠ لاپەڕەی تری ماوە، کە دەربارەی چوار ڕوکنەکەی ترە (نوێژ، رۆژوو، زەکات، حەج) کە (إِنْ شَاءَ اللَّه) ئەوانیش دەخەینە بەر دەست، بەڵام وامان بە باش زانی خوێنەرانی کورد لەوەی کراوە بە کوردی، بێ بەش نەکەین، بە چاوەڕوان کردنی، تا هەموو بەرگی یەکەم تەواو دەبێت.[1]

خوای گەورە سەعید حەووا بە بەهەشتی خۆی شاد کات و پاداشتی بداتەوەو ئێمەش و ئێوەش سەرکەوتوو بکات... ئامین.

وَصَلَّى اللَّه عَلَى سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلَّمَ تَسْلِيمًا

---

[1] ئەوەتا ئێستا الحمدللە هەر پێنج روکنەکە لێرەدا پێکەوە چاپکراوە.

## کورتەیەك لە ژیانی مامۆستا سەعید حەووا

### ناوی:

- سەعیدی کوڕی محمد دیب کوڕی محمود حەووای النعیمییه، لە ١٩٣٥/٩/٢٧ لە شاری حەمای سوریا لەدایك بووە، لە ژێر سەرپەرشتی باوکیدا پەروەردە بووەو خێزانەکەیان هەر لە زووەوە بە چاندن و بازرگانیەوە خەریك بوون.

### خوێندنی:

- ئامادەیی لە شاری حەماو کۆلیجی شەریعەتی لە دیمەشق تەواو کردووە.

### مامۆستایەتی:

- لە ساڵی ١٩٦٦-١٩٧٠ مامۆستای پەروەردەو زمانی عەرەبی بوو لە سعودیه.

- لە ١٩٧٠-١٩٧٣ش لە سوریا هەر مامۆستایەتییەکەی کردووە.

### چالاکی سیاسی:

- ساڵی ١٩٥٢ چۆتە ڕیزی (الإخوان المسلمون)ەوە.

- ساڵی ١٩٧٣-١٩٧٨لە سوریا زیندان بووە لەسەر ئەو (بیان الدستور)ە ی کە سەرانی ڕابوونی ئیسلامی لە سوریا نووسیان بۆ بە ئیسلامی کردنی سیستمی حوکمی سوریایی.

- ساڵی ١٩٧٩-١٩٨٢ یەکێك بوو لە سەرکردایەتی ئیخوان لە سوریا.

- ساڵی ١٩٨٢-١٩٨٤ یەکێك بوو لە شورای ڕێکخراوی نێو دەوڵەتی ئیخوان.

- ساڵی ١٩٨٥-١٩٨٧ یەکێك بوو لەسەرکردایەتی شۆڕی سوریا.

- له تەمەنی ئەودا ئیخوانی سوریا بوونە پێنج گرووپی جیاواز، بۆیە ئەویش لە دوو ساڵی کۆتایی تەمەنیدا وازی لە ئیخوان هێنا!

**دیدو بیری:**

باوەڕی وا بوو کە کۆمەڵکاری ئیسلامی نوێ پێویستە لەسەر چەند بنچینەیەك داڕێژرێت، لەوانە:

- هەر ووڵاتەو ڕێکخستنی خۆی جودا بێت.

- هەوڵ بدرێت ئوممەتی ئیسلامی یەکخرێتەوە.

- پلەی خیلافەتی ئیسلامی زیندوو بکرێتەوە.

**بەرهەمەکانی:**

١- الأساس في التفسير (١١بەرگی گەورەیە).

٢- الأساس في السنة (١٤بەرگی گەورەیە).

٣- الأساس في قواعد المعرفة وضوابط الفهم للنصوص.

٤- زنجیرەی التربیة والتزکیة (وەکو: تربیتنا الروحیة والمستخلص فی تزکیة الأنفس).

٥- زنجیرەی الأصول الثلاثة: الله ﷻ، الرسول صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، الإسلام (٣بەرگی گەورەن).

٦- زنجیرەی فقه الدعوة والعمل الاسلامی (وەکو: جند الله ثقافة وأخلاقًا، من أجل خطوة إلى الأمام على طريق الجهاد المبارك، فی آفاق التعليم).

٧- جگە لە کتێبی تری جیاوازی وەکو: المدخل الى دعوة الاخوان المسلمون، هذه تجربتي... وهذه شهادتي، عقد القرن الخامس عشر الهجري القادم.

**وەفاتی:**

لە کۆتایی ژیانیدا تووشی نەخۆشیەکی سەخت بوو، کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر جێگا مایەوەو زیاتر لە سێ مانگ زمانی شکا، تا لە ڕۆژی ١٩٨٩/٣/٩ لە نەخۆشخانە لە شاری عەممانی پایتەختی ئەردەن کۆچی دوایی کرد... ڕەحمەتی خوای لێ بێت.

مامۆستا سەعید یەکێکە لە ئیخوانە سۆفیەکان، بەڵام بە چاوێکی کراوەو خواناسییەوە، خاڵیش نییە لە هەندێ بیدعە... بەڵام بە تەئکید بۆ خۆی مەدرەسەیەکی سەربەخۆیەو وەکو شێخ زوهەیر الشاویشی بەڕێوەبەری المکتب الاسلامی دەربارەی دەڵێ: سەعید حەووا یەکێکە لەو داعیە سەرکەوتووانەی ناسیومن، چونکە لە ماوەی تەمەنێکی کەمدا، کە(٥٧)ساڵ بوو توانی ئەو زانیاری و فیکرەی هەیەتی بە خەڵکێکی ئێجگار زۆری بگەیێنێت، ئەو هەموو نووسینەی کە لەو تەمەنەی خۆیدا نووسینی دەیپاڵێون بۆ ریزی نوسەرە زۆرنووسەکانی سەردەم.

مامۆستا خوا لێی خۆشبێ خۆی لە نوسینەوەی ژیانی خۆیدا نوسیوێتی، کە عەرەبم کەچی بەداخەوە هەندێك ئیسلامی (کوردی دید قەومی) هەر دەڵێن کوردە!!

## پێشەکی نوسەر

**١- ئیسلام دینی هەموو پێغەمبەران و نێرراوانی خوایە**، هەر لە ئادەمەوە تا دەگاتە پەیامەکەی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە کۆتایی بە پەیامە ئاسمانییەکان هێناوە. خوای گەورە - وەك لە قورئاندا دەردەکەوێت - زۆر بایەخی بەم ڕاستییە داوەو سوور بووە لەسەر ڕوون کردنەوەی. وەك لەسەر زمانی نوح دەفەرموێ:(وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ )یونس/٧٢ واتە: فەرمانم پێ دراوە، کە لە موسوڵمانان بم. لەسەر زمانی ئیبراهیم و ئیسماعیلیش دەفەرموێ:(رَبَّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ) البقرة/١٢٨ واتە: خوایە بمانکە بە دوو موسوڵمانی خۆت. وە لە ڕاسپاردەکەی یەعقوبدا کە بۆ کوڕەکانی کرد، دەفەرموێ:(إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَى لَكُمُ الدِّينَ فَلاَ تَمُوتُنَّ إَلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ)البقرة/١٣٢ واتە: خوای گەورە دینی بۆ ئێوە هەڵبژاردووە، دە ئێوەش بە موسوڵمانێتی بمرن. لەسەر زمانی موسا دەفەرموێ:(فَعَلَيْهِ تَوَكَّلُواْ إِن كُنتُم مُّسْلِمِينَ) یونس/٨٤ واتە: مادام وایەو گەر موسوڵمانن، پشت بەو ببەستن. کە باسی تەوراتیش دەکات دەفەرموێ:(يَحْكُمُ بِهَا النَّبِيُّونَ الَّذِينَ أَسْلَمُواْ )المائدة/٤٤ واتە: ئەو پێغەمبەرانەی کە تەسلیم بە خوا بوون ئەوانە حوکمی پێ دەکەن. لەسەر زمانی یوسفیش دەفەرموێ:(تَوَفَّنِي مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ) یوسف/١٠١ واتە: بە موسوڵمانێتی بممرێنەو بە پیاوچاکانم بگەێنە. لەسەر زمانی سیحربازەکانی فیرعەون - کە باوەڕیان بە پێغەمبەرێتی موسا هێنا - فەرمووی:(رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَتَوَفَّنَا مُسْلِمِينَ) الأعراف/١٢٦ واتە: خوایە ئارامی خۆتمان بەسەردا ببارێنەو بە موسوڵمانێتی بمانمرێنە. لەسەر زمانی یاوەر (حەواری)یەکانی دەوروی عیسا دەفەرموێ:(آمَنَّا بِاللَّهِ وَاشْهَدْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ) آل عمران/٥٢ واتە: ئێمە باوەڕمان بە خوا هێناوە تۆش شاهیدی بدە کە ئێمە مسوڵمانین. لەسەر زمانی شاژنی سەبەء (بەلقیسی یەمەن) کە باوەڕی بە خوا هێنا، دەفەرموێ:(وَأَسْلَمْتُ مَعَ سُلَيْمَانَ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) النمل/٤٤ واتە: لەگەڵ سولەیماندا بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان مسوڵمان بووم. لە

دوعای پیاوچاکەکەشدا دەفەرموێ:(إِنِّي تُبْتُ إِلَيْكَ وَإِنِّي مِنَ الْمُسْلِمِينَ) الاحقاف/١٥ واته: خوایه پیاوچاك له وەچەو نەوەکەم دروست بکه، من تۆبەم کردووەو بۆ لای تۆ گەڕاومەتەوەو له ڕیزی موسوڵمانانم...

له حەدیسی سەحیحیشدا هاتووە که پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ:(الأَنْبِيَاءُ إِخْوَةٌ لِعَلاَّتٍ، أُمَّهَاتُهُمْ شَتَّى، وَدِينُهُمْ وَاحِدٌ).[١] واته: پێغەمبەران هەموویان برای یەکن، باوکیان یەکەو دایکیان جیاوازەو دینەکەشیان یەکە. خوای گەورە دەفەرموێ:(شَرَعَ لَكُم مِّنَ الدِّينِ مَا وَصَّى بِهِ نُوحًا وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى وَعِيسَى أَنْ أَقِيمُوا الدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا فِيهِ)الشورى/١٣واته: خوای گەورە لەو یاساو ئەحکامە دینییانەی بۆ ئێوەش کردۆته بەرنامە کە نووحی پێ ڕاسپارد بوو، هەروەها ئەوەش، کە بە وەحی بۆ خۆت و بۆ ئیبراهیم و موساو عیساشی نارد، کە: دینەکە پایەدار کەن و بیچەسپێنن و له نێوان خۆتاندا جیاوازی و ناکۆکیتان تێ نەکەوێت...

**٢- ئیسلام له ڕووی زمانەوانییەوە مانای خۆ بەدەستەوەدان و تەسلیمبوونە بە خوای گەورە**، بە جێبەجێ کردنی سەرپشکانەی (اختیارانە) ی فەرمانەکانی و بە توخن نەکەوتنی بەرهەڵستیەکانی - ئەمانەش لە وەحیدا دیاری کراون- هەر کەسێك دڵ و دەروونی لە هەموو کاروبارێکیدا تەسلیمی خوا بکات، ئەوە بە موسوڵمان دەژمێررێت. پێغەمبەران و نێرراوانی خوا لە هەموو کەسێك زیاتر خۆیان تەسلیمی خوا کرد بوو، بۆیە بە یەکەمین موسوڵمان دەدرانە قەڵەم. خوای گەورە دەفەرموێ:(قَالَ سُبْحَانَكَ تُبْتُ إِلَيْكَ وَأَنَا أَوَّلُ

---

[١] نووسەری بەڕێز نوسیویێتی: (دوو شێخەکەو ئەبو داوود گێڕاویانەتەوە). ڕاستە. بوخاری (٣٤٤٣)، موسلیم (٢٣٦٥). ئەوەی ئەبوداوودیش (٢/٢١٤)یەو ئیبنوحیببانیش له سەحیحەکەیدا: (الإحسان/٦٧٧٥) و ئیمامی ئەحمەد له (المسند ٢/٤٠٦) گێڕاویانەتەوەو شێخی ئەلبانی رحمەالله له (سلسلة الأحاديث الصحيحة/٥/٢١٤ )دا دەفەرموێ: سەحیحە.

الْمُؤْمِنِينَ) الأعراف/١٤٣ واتە: ووتی (موسا فەرمووی): پاك و بێ خەوشی بۆ تۆ، تۆبەم کردووە و پەشیمان بوومەتەوە، من یەکەمینی موسوڵمانەکانم.

بە بێ ئەم خۆ تەسلیم کردنەش - کە دەبێ لە هەموو هەڵس و کەوتێکدا دەربکەوێت - کەس بە موسوڵمان ناژمێررێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێ:(فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا) النساء/٦٥ واتە: سوێند بە خواکەت، باوەڕیان دانامەزرێت و بە موسوڵمان حسێب نابن تا تۆ نەکەنە حاکم و داوەر لەو کێشەو ناکۆکیانەی لە نێوانیاندا ڕوو دەدات، جا کە تۆ حوکمت کردن هیچ گرێ و گۆڵێك لە دڵ و دەروونیاندا نامێنێت و ئەوجا بە تەواوی خۆ تەسلیم دەکەن.

فەرمانی خوای گەورەش بە هۆی وەحیەوە دەزانرێت کە پێغەمبەری ڕاستگۆمان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گەیاندویتی، دوای زانینی ئەم ڕاستیەش خۆ تەسلیم کردن بە خوا شتێکی ئاسایی دەبێت، چونکە لە ناخی موسوڵمانەکەدا ئەو قەناعەتە دەچەسپێت کە خوا ئاگاداری هەموو ژیانەو شارەزای سروشتی مرۆڤە...

**٣- مادام چاکسازی مرۆڤ و ڕاست کردنەوەی ڕەفتارو ڕەوشتی بە تەسلیمبوونێتی بە خوای گەورە**، خواش هیچ نەتەوەیەکی نەهێشتۆتەوە کە نێرراوی خۆی بۆ نەناردبن، وەك خۆی دەفەرموێ: (وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلاَّ خلَا فِيهَا نَذِيرٌ) فاطر/٢٤ واتە: نەتەوە نییە پێغەمبەرێکی بۆ نەچوو بێت. هەروەها دەفەرموێ: (وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللَّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ) النحل/٣٦ واتە: پێغەمبەرمان بۆ هەموو نەتەوەیەك ناردووە تا پێیان ڕاگەیێنن کە هەر خوا بپەرستن و توخنی تاغووت نەکەون. هەروەها: (وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلاَّ بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ)ابراهيم/٤ واتە: هەر پێغەمبەرێکمان ناردبێت هەر بە زمانی گەلەکەی خۆی بووە تا هەموو شتێکیان بۆ ڕوون بکاتەوە. پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ

وَسَلَّمَ دەفەرموێ:(إِنَّكُمْ تُتِمُّونَ سَبْعِينَ أُمَّةً أَنْتُمْ خَيْرُهَا وَأَكْرَمُهَا عَلَى اللَّهِ).[١] واتە: ئێوە حەفتاهەمین نەتەوەن و لای خواش ئێوە چاکترین و بەڕێزترینیانن.

لە مەوە هەڵەی گومانی ئەو کەسەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە دەڵێ: پێغەمبەران تەنها بۆ چەند نەتەوەیەك هاتوون، بانگەوازەکەشیان هەر بۆ چەند ناوچەیەك بووە!بەڵام ڕاستییەکەی پێچەوانەی ئەمەیە. گەرچی ئێمە خۆشمان پێغەمبەری هەموو نەتەوەکان نازانین هەر ئەوانە دەزانین، کە خوای پەروەردگار لە قورئاندا بۆی باس فەرمووین. بۆ نموونە فارسەکان ڕایان وایە کە پێغەمبەرێکیان هەبووە ناوی زەردەشت بووە، ئێمە لەوە دڵنیاین کە فارسەکان پێغەمبەریان بۆ هاتووە، بەڵگەشمان ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە تێیدا دەفەرموێ:(وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلاَّ خَلا فِيهَا نَذِيرٌ) فاطر/٢٤ واتە: نەتەوە نییە پێغەمبەرێکی بۆ نەچوو بێت. هەروەها قسەکەی ئیبنو عەبباس کە دەڵێ: خەڵکی ناوچەی فارس کە پێغەمبەرەکەیان کۆچی دوایی کرد، ئیبلیس ئاگرپەرستی لا پیرۆز کردن.

**٤- بە دوو شت دەوترێت ئیسلام:**

*بەو دەق (نص)انەی کە خوای گەورە بە وەحی بۆ ڕوون کردنەوەی دین بە پێغەمبەراندا ناردویتییە خوارەوەو، ئەوانیش ئاشکرایان کردووەو بۆ خەڵکیان ڕوون کردۆتەوە.

*بە کاروکردەوەکانی مرۆڤێکی موسوڵمان، کە بە ئەندازەی پێویست باوەڕو خۆ بەخوا تەسلیم کردنی تێدا هاتبێتە دی.

[١] نووسەری ڕەحمەتی نوسیوێتی:(ئیمامی ئەحمەدو ترمذي گێڕاویانەتەوە). ڕاستە. ترمذي (٣٠٠١) کە دەشفەرموێ: حەسەنە، ئیبنوماجە (٣٤٨٠)، ئەحمەد (٢٠٠٤١)، بەیهیقی (١٨١٧٢)، حاکم (٩٤/٤) فەرموویەتی بە پێی مەرجەکانی بوخاری و موسلیمەو ئیمامی ذەهەبیش لایەنگری بووە. ئیمامی ئیبنوحەجەری عەسقەلانیش لە (فتح الباري/٧٣/٨)دا دەفەرموێ: (حسن صحيح).

ئیسلامیش بە پێی مانای یەکەم ڕادەی زۆری و فراوانی لە پێغەمبەرێکەوە بۆ پێغەمبەرێکی تر جیاوازە، بەڵام هەموویان سەرچاوەکانیان یەکە. بۆیە ئەو ئیسلامەی بۆ موسا هاتووە فراوانترە لەوەی بۆ نووح هاتووە. چونکە خوای گەورە دەربارەی تەوراتەکەی موسا دەفەرموێ:(كَتَبْنَا لَهُ فِي الأَلْوَاحِ مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْعِظَةً وَتَفْصِيلاً لِّكُلِّ شَيْءٍ) الأعراف/١٤٥ واتە: خوا فەرمانی بە موسا دا، کە لەسەر تەختە قوڕی سوورەوە کراوە، پەیامەکەی - کە دەربارەی هەموو شتێك و ئامۆژگاری هەموو بۆنەیەکی تێدا بوو- بنووسێتەوە. ئیسلامەکەی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ئیسلامی پێغەمبەرانی تر فراوانترە، چونکە پێغەمبەرانی پێش ئەو سەلامی خوایان لێ بێت هەر یەکە بۆ گەلی خۆی هاتووە، بەڵام محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ هەموو مرۆڤایەتی هاتووەو پەیامەکەشی بۆ هەموو کات و شوێنێك و بۆ هەموو نەوەی مرۆڤایەتی گشتییە، ئەمەش ئەوەی پێویست کردووە کە پەیامەکەی ئەم لە هی ئەوانی تر بەرفراوانتر بێت. ئەوەتا خوای گەورە لە باسی قورئاندا فەرموویەتی: (وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ) النحل/٨٩ واتە: ئەو قورئانەی بۆمان ناردویت، ڕوون کردنەوەی هەموو شتێکی تێدایە و ڕێنمایی و بەزەیی و مژدەیە بۆ موسوڵمانان...

**٥- بە پەیامەکەی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کۆتایی بە پەیام و پێغەمبەرایەتی هات.**

بۆیە خوای گەورە ڕێنمایی ئێمەی بۆ ئەوە کردووە، کە لەسەر ڕێبازی نێرراوانی خوا بڕۆین: (أُوْلَئِكَ الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ فَبِهُدَاهُمُ اقْتَدِهْ) الأنعام/٩٠ واتە: ئەوانە ئەوانەن کە خودا ڕێنمایی کردوون، تۆش لەسەر ڕێنماو ڕێبازی ئەوان بڕۆ، هەروەها دەفەرموێ: (يُرِيدُ اللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمْ وَيَهْدِيَكُمْ سُنَنَ الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ) النساء/٢٦ واتە: خودا ڕێنماییتان بەروە ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆتان دەکات(ڕێبازی پیاوچاکان) ئەوەی پێویست بووبێت لە ڕێباز و پرۆگرام و سیستم، خوای گەورە بۆی تەواو کردووین: (الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا)المائدة/٣ واتە: ئەمڕۆ دینەکەتانم بۆ تەواو کردن

و بەهرەی خۆمم بە تەواوی بە سەرتاندا ڕشت و ڕازیم ئیسلام دین(بەرنامەی ژیان) تان بێت.

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (إِنَّ مَثَلِي وَمَثَلَ الأَنْبِيَاءِ مِنْ قَبْلِي كَمَثَلِ رَجُلٍ بَنَى بَيْتًا فَأَحْسَنَهُ وَأَكْمَلَهُ، إلا مَوْضِعَ لَبِنَةٍ مِنْ زَاوِيَةٍ مِنْ زَوَايَاهُ فَجَعَلَ النَّاسُ يَطُوفُونَ وَيَعْجَبوون لَهُ وَيَقُولُونَ: هَلا وُضِعَتْ هَذِهِ اللَّبِنَةُ؟ قَالَ: فَأَنَا اللَّبِنَةُ، وَأَنَا خَاتَمُ النَّبِيِّينَ).[١]
واتە: نموونەی من و پێغەمبەرانی پێش من وەك ئەوە وایە: كابرایەك خانوویەكی زۆر جوان و ڕێك و پێك دروست كرد بێت، تەنها جێگەی خشتێك نەبێت لە گۆشەیەكی خانووەكەدا بە بەتاڵی مابێتەوە، ئینجا كە خەڵكی بە دەورەی خانووەكەدا بێن و بچن و لە خانووەكە سەرسام بن، بەڵام بۆ خشتە نوقسانەكە بڵێن: ئای خۆزگە ئەو خشتەش لە جێی خۆی دابنرایاتەوە، ئەوە من ئەو خشتەم، منیش كۆتا پێغەمبەرم ..

لەبەر تەواوێتی ئیسلامە، كە داوا لە كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی كراوە، كە شوێن ئیسلام بكەون، بۆیە بەمیش هەموو دینەكانی تر كۆتاییان پێ هاتووە، ئیتر لەمە بە دواش هەرگیز شەریعەتێكی تر دوای ئیسلام نایەت، وەك خوای گەورە دەفەرموێ: (مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَكِن رَّسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ) الاحزاب/٤٠ واتە: خۆ محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باوكی كەسێك لە ئێوە نەبوو، هەر نێرراوێكی خوا بوو، كە كرا بە كۆتای پێغەمبەران. یان: (قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا)الأعراف/١٥٨واتە بڵێ: خەڵكینە من نێرراوی خوام و بۆ هەر هەموو ئێوە نێرراوم. هەروەها: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ كَافَّةً لِّلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا) سبأ/٢٨ تۆمان بۆ هەموو خەڵكی ناردووە تا هەم مژدەدەر بیت هەم ئاگاداردەر.

[١] نووسەر: (بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە) راستە. بوخاری (٣٢٩٤)، موسلیم (٤٢٤٥).

- (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ)الأنبياء/١٠٧واتە: تۆ ڕەحمەتیت و ئێمە بۆ هەموو جیهانمان ناردوویت.

- (قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا)الأعراف/١٥٨ هەروەها: (إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللّهِ الإِسْلاَمُ)ال عمران/١٩ واتە: ئایین لای خوا هەر ئیسلامە.

هەر کەسێك شوێن پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەکەوێت گومڕاو سەرگەردانەو حەتمەن سەری بەفەتارەت دەچێت. بۆیە پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ: لاَ يَسْمَعُ بِي أَحَدٌ مِن هَذِهِ الأُمَّة، يَهُودِيٌّ وَلاَ نَصْرَانِيّ، ثُمَّ يَمُوتُ وَلَمْ يُؤْمِنْ بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ، إِلَّا كَانَ مِن أَصْحَابِ النَّار).[١] واتە: بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، هەر کەسێك لەم نەتەوەیە (ئەو نەتەوەی وەڵامی پەیامی پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەداتەوە) پەیامەکەی ببیستێت. جولەکە بێت یان نەسرانی. ئەگەر باوەڕم پێ نەهێنیت و بمرێت، ئەوە جێگای ئاگری دۆزەخە... خوای گەورەش دەفەرموێ: (وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا) النساء/١١٥واتە: ئەو کەسەی بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانە بە ئاڕاستەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بجوڵێتەوەو ڕێبازێکی تر - جگە لە ئاییەنەکەی ئەو- بۆ ژیانی بگرێتە بەر، یان ڕێبازێکی تری غەیری ڕێبازی موسوڵمانان لە ژیانیدا بگرێتە بەر، یان سیستەم و بەرنامەیەکی تری غەیری ئیسلام بچەسپێنیت، ئەو کەسە کافرەو دەخرێتە دۆزەخەوەو بە نەمری هەتا هەتایە لە ئاگری دۆزەخدا دەمێنێتەوەو چارەنووسی زۆر خراپ دەبێت. یان دەفەرموێ: (إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُواْ بَيْنَ اللّهِ وَرُسُلِهِ وَيقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُواْ بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلاً)النساء/١٥٠واتە: ئەو کەسانەی کافرن و باوەڕیان بە خواو پێغەمبەرەکانی نەهێناوەو دەیانەوێت جیاوازی بخەنە نێوان باوەڕ هێنان و دەڵێن باوەڕ بە هەندێك

[١] نووسەر: (ئیمامی موسلیم گێڕاویتیەوە) ڕاستە. موسلیم (١٥٣)، ئەحمەد (٢/٣٥٠).

پێغەمبەرو پەیام دەهێنێن و باوەڕ بە هەندێكی تر ناهێنین و دەیانەوێ ڕێگایەكی تر لە نێوانی كافر بوون و موسوڵمان بوونەدا بدۆزنەوە! ئەوانە بەڕاستی كافری تەواون..

ئەو ئیسلامەی بۆ پێغەمبەرانی پێشوو هاتبوو بیر چوونەوە، لێیان لادراوە یان زیادەیان خراوەتە سەر، ئاڵ و گۆڕیان بەسەردا هاتووە، خاڵە سەرەكیەكانی هەقخوازیان لێ سڕراوەتەوەو ناهەقییان خراوەتە جێ، شوێن كەوتووەكانیشیان لەسەر ئەو گۆڕاوانە پەروەردە كراون، بۆیە وا وێڵ و گومڕان جا ئیدی ئەو گۆڕان و لادانە لە باسەكانی عەقیدەدا بوو بن، یان لە دروشمی خواپەرستی، یان لە باسەكانی ئەحكامی شەریعەت و چۆنیەتی ڕەفتار... ئەگەر ئێمە زانیمان و لەوە دڵنیا بووین، كە غەیری قورئان كتێبێكی تری ئاسمانی بە سەلامەتی نەماوەو، فەرمایشتەكانی پێغەمبەرمان بۆ پاك بووەوەو ڕاستەكانی كەوتنە بەر دەستمان، ئەو كاتە زیاتر هەست دەكەین كە مرۆڤایەتی بۆ ڕزگار بوونی لە كێشەكانی دەبێت ڕێگای تەسلیم بە خوا بگرێتە بەر، پێویستە شوێن محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بكەوێت. ئەگەرچی مرۆڤایەتی لەمەدا خۆ سەرپشك (موخەییەر) نییەو غەیری ئیسلامیش هەرچی بیروباوەڕو بەرنامەو ئاینێكی تر بگرێتەر بەر لێی وەرناگیرێت... خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ عَلَى فَتْرَةٍ مِّنَ الرُّسُلِ أَن تَقُولُواْ مَا جَاءَنَا مِن بَشِيرٍ وَلاَ نَذِيرٍ فَقَدْ جَاءَكُم بَشِيرٌ وَنَذِيرٌ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) المائدة/١٩واتە: ئەی خاوەن كتێبە ئاسمانیەكان وا پێغەمبەرەكەمان هاتە لاتان، دوای ئەوەی ماوەیەكە وەحی خوایی بڕاوە (نێوان عیساو محمد سەلامی خوایان لێ بێت) دوایی لە ڕۆژی قیامەتتدا نەڵێن: مژدەرێك یان ئاگاداردەرێكمان نەدی بۆمان بێت! كەس نەهات تا پەیامی خوامان پێ بگەیێنێت!وا مژدەدەر و ئاگادار كەرەوەمان بۆ ناردن، خوا بەسەر هەموو شتێكدا بەتوانایە.

**٦- ئەو ئیسلامەی كە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بانگەوازەكەی بڵاو دەكردەوە بە** هۆی قورئان و سوننەتەكانی پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەزانرێن، شارەزا بوونیش

له سوننەت شارەزا بوونی ڕێساکانی زانستی حەدیس دەخوازێت کە زانا ڕەخنەگرەکانی حەدیس (نقاد الحديث) دایان ڕشتووە.

ئیسلام ڕێنماییەکی تەواو گشتگیری هەموو ژیانی مرۆڤایەتییە، چونکە خوای کردگارو کارزان کردویتی بە بەرنامەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، ئەو بە زانستی خۆی وای بۆ داڕشتوون کە هەموو کونجێکی ژیانیان بگرێتەوە، هیچ مەسەلەیەك لە بوون و گەردوون و ژیاندا نەماوە ئیسلام ڕای خۆی لەسەر نەدا بێت و پێناسەی حەقیقەتی ئەو شتەی ڕون نەکردبێتەوە، بە دەرخستنی ماهییەتی شتەکان بە کاریگەریان، ئینجا بە هەڵوێستی ڕاست وەرگرتن بەرامبەریان... ئەوە حەڵاڵە و، ئەوە حەرامە، ئەو شتە جائیزە، ئەوی تریان ناشێت، ئەمە فەرزە، ئەویان سوننەتە... ئیتر ئەمانە لەهەر لایەنێکی ژیاندا بن: عەقیدە بن یان پەرستن، مامەڵە بن یان ڕەفتار، سیاسەت بن یان ئابوری، کۆمەڵایەتی بن یان لایەنەکانی جەنگ و ئاشتی، یاسا دانان بن یان جێ بەجێ کردنیان... خوای پەروەردگار دەفەرموێ: (وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ)النحل/٨٩ واتە:قورئانەکەی کە بۆمان ناردوویت ڕوون کردنەوەی هەموو شتێکی تێدایە. هەروەها دەفەرموێ: (وَتَفْصِيلَ كُلَّ شَيْءٍ) يوسف/١١١ واتە: باسی هەموو شتێکی بە دوور و درێژی تێدایە... هەر شتێکیش لە قورئان و سوننەتدا نەبێت (وەکو ئەوەی پاش تەواوبوونی ئەوان دەرکەوتبێت) ئەوە زانایان ڕاو بۆچوونی خۆیانی لەسەر دەدەن... ڕای ئەوانیش هەر لەو ڕێسا گشتیانەوە دێت کە قورئان و سوننەت خۆیان دایانڕشتووە، ئەمەش موجتەهیدەکان دەیزانن.[1]

---

[1] ئەو زانا شەرعناسانەن، کە حوکمی شەرعی لەسەر شتی نوێ دەدەن و یان مانای دەقەکان روونتر لێکدەدەنەوە، وەکو حوکم و فەتوای پێشەوایانی بەڕێزی وەکو صەحابەو تابعینی وەکو حەسەنی بەسری و ئەوزاعی، یان چوار پێشەوا ناسراوەکە: ئەبو حەنیفە و مالیك و شافیعی و ئەحمەد بن حەنبەل یان ئەوانەی دوای ئەوان وەکو ئیمامی ئیبنوتەیمییەو ئەو ئاستانە...

له قورئان و سوننەتدا هەموو باسەكانی عەقیدەو خواپەرستی و كێشەكانی سامان و ماڵ و كێشەی كۆمەڵایەتی و جەنگ و ئاشتی و كێشەكانی یاسا دانان و جێبەجێ كردنیان و، هەورەها كێشەكانی پەروەردە و ئاڕاستەو زانستی و فێركردن، یان حوكم و دەسەڵات... هەمووی دیاری كراون، زانا شەرعناسەكان(الفقهاء) ئەم باسانەیان بۆ چەندین خانە پۆلێن كردووە وەكو: باوەڕ، خواپەرستی، ڕەفتارو ڕەوشت، سەوداو مامەڵە، سزاكان.

كێشەكانی حوكم و دەسەڵاتداریتی لە خانەی باوەڕهێناندان، باسەكانی نوێژو ڕۆژو و حەج و زەكات وان لە خانەی خواپەرستیدا، سەوداومامەڵەش دابەش دەبنەوە بۆ پێنج بازنەی تر: سامانداری، هاوسەرێتی، ناكۆكی، ئەمینداری، میرات... سزاكانیش پێنجن: تۆڵە سەندنەوە، سزای دزی، سزای زینا، سزای پاشگەز بوونەوە لە ئیسلام، سزای تۆمەتبار كردنی خەڵكی بە داوێن پیسی..

**٧- پێغەمبەرصَلَّی اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە زۆر شێوە پێناسەی ئیسلامی كردووە**، هەندێك كەس لەم پێناسە جۆر بەجۆرانەی پێغەمبەرصَلَّی اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باش تێنەگەیشتوون، چونكە پێغەمبەر صَلَّی اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆرجار پێناسەی كۆ (الكل)ی بە بەشێك (الجزء) كردووە، بۆ ئەوەی گرنگی ئەو بەشە دەست نیشان بكات. وەك دەفەرموێ:(الْحَجُّ عَرَفَات).[١] واتە:حەج كردن بریتییە لە ڕاوەستانەكەی كێوی عەرەفات. بێگومان ڕاوەستان لە سەرچیای عەرەفات و لە ڕۆژی عارفەدا هەموو حەجەكە نییە، بەڵكو بەشێكی حەجە، بەڵام لەبەر گرنگی ئەو ڕوكنە پێغەمبەرصَلَّی اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئاوای دەربڕیووە، كەوابوو چۆن ئەگەر كەسێك بڵێت: حەج كردن بریتییە لە ڕاوەستانی سەر شاخی عەرەفات بە

[١] نوسەر رحمەالله نووسیوێتی: ( أصحاب السنن ورمز السیوطي لصحته). راستە. ریوایەتی (الحج عرفات) وا لای ترمذي (٢٩٧٥)، نەسائی (٣٩٩٨)، ئیبنوحیببان (٣٨٩٢). ریوایەتی: (الحج عرفة) وا لای: ئەبوداوود (١٩٤٩)، نەسائی (٣٠١٦). ئیبنوماجە (٣٠١٥)، ئەحمەد (١٨٧٩٦). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە: (إرواء الغلیل/١٠٦٤)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

هەڵەدا دەچێت، هەر بەو شێوەیەش هەر کەس وا بزانێت ئیسلام بریتییە لە چەند باسێکی پەرستن بە هەڵەدا چووە...

**با چەند پێناسەیەکی ئاوا بۆ ئیسلام بهێنینەوە، تا زیاتر مەسەلەکە ڕوون بێتەوە:**

**پێناسەی یەکەم:** تەڵحەی کوڕی عوبەیدوللە دەگێڕێتەوە کە: (جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَسْأَلُ عَنِ الإِسْلامِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خَمْسُ صَلَوَاتٍ فِي الْيَوْمِ وَاللَّيْلَةِ، فَقَالَ: هَلْ عَلَيَّ غَيْرُهُ؟ قَالَ: لا، إِلا أَنْ تَطَوَّعَ وَصِيَامَ رَمَضَانَ، قَالَ: هَلْ عَلَيَّ غَيْرُهُ؟ قَالَ: لا، إِلا أَنْ تَطَوَّعَ وَذَكَرَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الزَّكَاةَ فَقَالَ: هَلْ عَلَيَّ غَيْرُهَا؟ قَالَ: لا، إِلا أَنْ تَطَوَّعَ، قَالَ: فَأَدْبَرَ الرَّجُلُ وَهُوَ يَقُولُ: وَاللَّهِ لا أَزِيدُ عَلَى هَذَا وَلا أَنْقِصُ مِنْهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَفْلَحَ إِنْ صَدَقَ).[١] واتە: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسی: ئیسلام چییە؟ ئەویش فەرمووی: ئیسلام بریتییە لە پێنج نوێژ لە شەو و ڕۆژێکدا. کابرا ووتی: غەیری ئەوە هیچی ترم لەسەر نییە؟ فەرمووی: نا، مەگەر خۆت لە زیادە هی تر بکەیت. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: هەروەها فەرزێتی ڕۆژووی ڕەمەزان، کابرا ووتی: ئەدی هیچی ترم لەسەرە؟ فەرمووی نەخێر، مەگەر خۆت زیاتر بکەیت. ئینجا باسی زەکاتی بۆ کرد. کابرا پرسێ، هیچی ترم لەسەرە؟ فەرمووی: نەخێر مەگەر هەر خۆت لە زیادە هیتر بدەیت. ئیتر کابرا ڕۆیشت، بە دەم ڕۆیشتنەوە هەر دەیووت: نە لەوە زیاتر دەکەم نە لێشی کەم دەکەم. پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئەگەر ڕاست بکات سەرکەوتوو دەبێت، یان ئەگەر ڕاست بکات دەچێتە بەهەشتەوە، یان لە ریوایەتێکی تردا، گەر ڕاست کات خۆی و باوکیشی سەرکەوتوو دەبن.

---

[١] نووسەری بەڕێز رحمەالله نوسیوێتی: (أخرجه الستة إلا الترمذي). ڕاستە. بوخاری (٤٦)، موسلیم (١١).

**پێناسەی دووەم:** مەعاویەی کوڕی حیدە دەڵێ: عەرزی پێغەمبەرم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد (پێم ووت): توو ئەو خوای پەروەردگارە، ئەوە خوا تۆی بە چییەوە بۆ ئێمە ناردووە؟!فەرمووی: (بالإسلام)بە ئیسلامەوە. ووتی: نیشانەکانی ئیسلام چییە؟ فەرمووی: (أَنْ تَقُولَ أَسْلَمْتُ وَجْهِيَ إِلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ وَتَخَلَّيْتُ وَتُقِيمَ الصَّلاَةَ وَتُؤْتِيَ الزَّكَاةَ كُلُّ مُسْلِمٍ عَلَى مُسْلِمٍ مُحَرَّمٌ أَخَوَانِ نَصِيرَانِ لاَ يَقْبَلُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ مِنْ مُشْرِكٍ بَعْدَ مَا أَسْلَمَ عَمَلاً أَوْ يُفَارِقَ الْمُشْرِكِينَ إِلَى الْمُسْلِمِينَ)نەسائی گێڕاوێتیەوە[١] واتە: ئەوەیە کە بڵێی: ڕووم کردۆتە خواو خۆم تەسلیم بەو کردووە، ئینجا نوێژ بکەیت و زەکات بدەیت، هەموو موسوڵمان لە موسوڵمانان حەرامە(خوێن و ماڵ و ناموسی)، چونکە دوو برای پشتیوانی یەکترین، هیچ کردەوەیەکی ئەو کەسە گیرا نابێت، کە دوای موسوڵمان بوونی کافر ببێتەوە، یان دوای ئەوەی کۆمەڵی کوفری بەجێ هێشت و هاتە ڕێزی موسوڵمانانەوە، بگەڕێتەوە بۆ سەر کوفر...

**پێناسەی سێیەم:** لە پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگێڕنەوە، کە فەرموویەتی: (الإِسْلاَمُ أَنْ تَشْهَدَ أَنْ لَا إِلٰهَ إِلَّا الله وَأَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَتُقِيمَ الصَّلاَةَ وَتُؤْتِيَ الزَّكَاةَ وَتَصُومَ رَمَضَانَ وَتَحُجَّ الْبَيْتَ إِنِ اسْتَطَعْتَ إِلَيْهِ سَبِيلاً).[٢] واتە: ئیسلام ئەوەیە، کە بڕیار بدەیت هیچ پەرستراوێك نییە شایانی پەرستن بێت، تەنها خوای گەورە نەبێت، بڕیاریش بدەیت، کە محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نێرراوی خوایەو نوێژ بکەیت و زەکات بدەیت و ڕۆژووی ڕەمەزان بگریت، کە توانای حەجت بوو بیکەیت.

---

[١] نەسائی(٣٥٨/١)، حاکم (٦٠٠/٦) فەرموویەتی بە پێی مەرجەکانی بوخاری و موسلیمەو ئیمامی ذەهەبیش لایەنگری بووە. شێخی ئەلبانی رحمەاللە لە سلسلة الأحاديث الصحيحة/ ٣٦٩)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[٢] نووسەری بەڕێز رحمەاللە نوسیوێتی: (هەر پێنجیان -جگە لە بوخاری- گێڕاویانەتەوە). ڕاستە. موسلیم (٤)، ئەبوداوود ()، ترمذي (٢٦٠٩)، نەسائی (١٠٨/٨)، ئەحمەد (٢٦/٢)..

پێناسەی دوایین، سەرجەمی پێناسەکانی ترە، چونکە هەموو ئەوانی تر دەگرێتە خۆو پێناسەی هەموو ئیسلامی بە پێناسەی بەشێك کردووە، بۆ ئەوەی گرنگی ئەو بەشە بخاتە ڕوو، بەڵگەش بۆ ئەوە حەدیسێکی سەحیحی ترە، کە ئەم پێنجە بە ڕوکنەکانی ئیسلام دادەنێت. پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە حەدیسێکدا، کە ئیبن عومەر دەگێڕێتەوە، دەفەرموێت: (إِنَّ الْإِسْلَامُ بني عَلَى خَمْسٍ شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلٰهَ إِلَّا الله وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ وَإِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ وَحَجِّ الْبَيْتِ وَصَوْمِ رَمَضَانَ) ئیمامی موسلیم و ترمذي[1] واتە: ئیسلام لەسەر پێنج شت دامەزراوە: بڕیاردان، کە هیچ پەرستراوێك نییە شایانی پەرستن بێت، جگە لە خوای گەورەو بڕیاردان، کە محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نێرراوی خوایە، نوێژ کردن، زەکات دان، حەج کردنی ماڵی خوا، ڕۆژوی ڕەمەزان.

ئەم حەدیسە وا باسی ئەوە دەکات، کە ئیسلام لەسەر ئەو پێنج ڕوکنە دامەزراوە، کەوابوو ئەو پێنج ڕوکنە پایەن، کۆڵەکەی ئیسلامن، نەك هەموو ئیسلامەکە. گەرچی هەموو کاتێك کەرەستەی پێکهاتەی پایەکانیش هەر لەو کەرەستانەن، کە خانووەکەیان لێ دروست دەکرێت.

کە یەکێك دەڵێ: فڵان خانوو لەسەر چوار پایە دامەزراوە، ئەوە دەگەیێنێت کە چوار پایە هەن و خانوویەکیان لەسەر بنیات نراوە. ئەگەر یەکێك وا تێبگات، کە تەنها پایەکان هەن بەوانیش بە تەنها دەڵێن کۆشك و تەلاری تەواو، بە هەڵەدا دەچێت، ئیسلامیش هەر وایە... هەر کەس بەڵگەی دەوێ با قورئان بکاتەوەو سەرنجی بدات. ئەو کاتە دەبینێت، کە لەگەڵ باس کردنی ئەم پێنج پایەدا، باسی خوو ڕەوشت و کاروباری سیاسەت و بارو دۆخی کۆمەڵایەتی و ئاشتی و جەنگ و خێرخوازی و شەڕخوازیشی کردووە. یان هەر ئەوەندە

---

[1] ریوایەتی تریشی هەیە وەکو: (بُنِيَ الْإِسْلَامُ عَلَى خَمْسٍ شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَإِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ وَحَجِّ الْبَيْتِ وَصَوْمِ رَمَضَانَ) بوخاری (٤٥١٥)، موسلیم (١٦).

بەسە بۆ دەرخستنی هەڵەی ئەو بۆچوونە، کە کتێبێکی شەرع(فیقە) بکاتەوە و سەیری سەرباسەکانی کات، ئەوسا دەبینێت لەگەڵ باسی ئەم پایانەدا باسی پەرستن و سەوداو مامەڵەو فەرمانڕەوایی و جیهاد و میرا ت و هاوسەرێتی و دەیان تەوەرە باسی تر دەبینێت، یان ئەوەندە بەسە هەڵەی ئەو بۆچوونە بخرێتە ڕوو، کە کتێبێکی وەکو سەحیحی بوخاری تەماشا بکات، کە نەك هەر باسی خواپەرستی تێدایە، بەڵکو سەدان حەدیسی لە باسی کڕین و فرۆشتن و بەڵێندان و سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی لەخۆ گرتووە...

کەوابوو ئەم پێنج ڕوکنە هەموو ئیسلامەتیەکە نین، بەڵکو پایەی ئیسلامن و کۆشکی ئیسلامەکەیان لەسەر وەستاوە...

کەوابوو ئیسلام بناغەشەو خانووشە، بناغەکە ڕوکنەکانن، خانوەکەش ئەحکامە ئیسلامیەکانن.

کە دیراسەیەکی ئیسلام دەکەیت، دەبینی پڕۆگرامێکی سەربەخۆی سیاسەتی خۆی هەیە، کە لە ڕوانگەی سەربەخۆی خۆیەوە، تەماشای نیشتیمان و دەسەڵات و سەروەری یاساو ڕێبازی کار و شوراو حوکم دەکات، دەزگای ڕاپەڕاندن و دابەشکردنێکی کارگێڕی سەربەخۆی خۆی هەیە.

کە دیراسەی ئیسلام دەکەیت دەبینی بەرنامەیەکی سەربەخۆی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، کە لە روانگەی ئەوەوە تەماشای مرۆڤ (ژن و پیاو) و خێزان و ژیانی کۆمەڵایەتی و تێگەیشتن لێیان دەکات.

کە دیراسەی ئیسلام دەکەیت دەبینی کۆمەڵێك ڕێسای سەربەخۆی تایبەتی خۆی بۆ ڕەوشت و ڕەفتار هەیە، کە لەسەر زەمینەی ئەوانەوە ڕێبازێکی واقیعی و ڕوون بۆ هەڵس و کەوتی موسوڵمانان دادەڕێژێت.

کە دیراسەی ئیسلام دەکەیت دەبینی پڕۆگرامێکی سەربەخۆی خۆی بۆ فێرخوازی هەیە، کە جیهانی پێ ئاوەدان دەکاتەوە... کە نەك هەر نکوڵی لە ڕۆژی دوایی ناکات، بەڵکو

ناشهێڵێت فەرامۆش بكرێت، چونكە هەموو لایەنەكانی ئەم پرۆگرامە تەواو دارێژراوەو كەم و كورتی و لارو وێری تێدا نییە، نە زیاد ڕەوی تێدایە نە شلگیری، هیچ شتێكی گرنگیش لە ژیاندا نابینیت، ئیسلام هەڵوێستی پەسەندی سروشتی بەرامبەر نەنواند بێت.

كە دیراسەی ئیسلام دەكەیت دەبینی پرۆگرامێكی سەربازی سەربەخۆی خۆی هەیە، ئامانج و ئامادەسازی دیارەو ڕوونە، نەخشەی دامەزراوو چۆنیەتی هێنانە دی ئامانج و شێوازی مەشق و سیستمی گوێڕایەڵی و ملكەچی و پەیوەندی ئەندامە سەربازیەكان لە ناو خۆیان و بە خەڵكی و دەوڵەتیەوە هەمووی وا دارێشتووە، كە شوێن كەوتوانی ئیسلام هەمیشە چاویان لە ئاسۆی بڵندی پێشكەوتن و فەراهەم هێنانی هێمنی و ئاسودەیی بێت بۆ كۆمەڵگەكەیان...

كە دیراسەی ئیسلام دەكەیت دەبینی سیستمی تایبەتی خۆی بۆ باری دارایی و ئابوری هەیە، چ لە بارەی ڕێكخستنیانەوە بێت، چ لەلایەنی چارەسەری كێشەكانی بە خاوەن بوون، یا مەسەلەكانی خەزێنەی دەوڵەت و پارسەنگ ڕاگرتنی هاتوو ڕۆیشتوو، یان ڕێسا گشتیەكانی مامەڵەی بازرگانی نێوان دەوڵەتی ئیسلامی و دەوڵەتانی تر...

بەم شێوەیە كێشەیەك نابینی لە كێشەكانی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی كە ئیسلام حوكمێكی سەربەخۆی خۆی تێدا نەدابێت، كۆشكی ئیسلامیش -كە لەسەر پایەكانی دامەزراوە- بریتییە لە سەرجەمی ئەم حوكمانە...

دەبێت بەم شێوەیە لە حەدیسەكەی ئیبن عومەر خوا لێیان ڕازی بێت تێبگەین (حەدیسی: بُنِيَ الْإِسْلَامُ عَلَى خَمْسٍ...) دەبێت لەبەر ڕۆشنایی ئەم حەدیسەدا لە حەدیسەكانی تریش تێبگەین، ئەوەشە مەبەستی خوای پەروەردگار،كە فەرموویەتی: (وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ) النحل/٨٩ واتە:

قورئانێکمان بۆ ناردوویەتە خوارەوە، کە ڕون کردنەوەی هەموو شتێکی تێدایەو ڕێنمایی و بەزەیی و مژدەیە بۆ موسوڵمانان..

**٨- ئەمە ئەو ئیسلامەیە، کە خوا فەرمانی بە مرۆڤایەتی داوە شوێنی کەون** و کاروباری دنیاو ڕۆژی قیامەتی خۆیانی لەسەر دامەزرێنن، بەڵام دەروونی مرۆڤایەتی -بە پێی سروشتی خۆی- حەز بە ئەرك کێشان ناکات، حەز ناکات سنوور بۆ حەزو ئارەزووەکانی دیاری بکرێت، نایەوێت هیچ بەربەستێك ڕێ لە هەوەس و نەوسی بگرێت! با ئەو سنوورو ڕێگرتن و بەربەستانە لە سوودی خۆشی بن. بۆیە خوای گەورە ئەوەی لەسەر ئەو کەسانە فەرز کردووە، کە هەقخوازن و باوەڕیان بە بەرنامەکەی خوای گەورە هێناوە، دەبێت ئەوان مرۆڤایەتی وا ڕابهێنن، کە ملکەچ و گوێڕایەڵی دەسەڵاتی خوا بن، ئەم ڕاهێنانەش بە فەرمان کردن بە چاکەو بەرهەڵستی کردن لە خراپەو بە جیهاد کردن دەبێت.

فەرمان کردن بە چاکەو بەرهەڵستی لە خراپە، دەبێت کارێکی بەردەوام بێت، تەنانەت دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیش، جیهادیش هەر وەهایە، ئەویش دەبێت هەر بەردەوام بێت، تا ئەو ساتەی شەریعەتەکەی خوا لە هەموو جێیەك دەچەسپێنرێت، خوای گەورە دەفەرموێ:(وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لاَ تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ) البقرة/١٩٣ واتە: کوشتاریان لەگەڵدا بکەن تا ئەو کاتەی فیتنە نامێنێت واتە: (خەڵك ناچار کردن لەسەر هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام) تا بەرنامەی هەموو ژیان هەر شەریعەتەکەی خوا دەبێت وبەس... هەروەها:(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ قَاتِلُواْ الَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ الْكُفَّارِ وَلْيَجِدُواْ فِيكُمْ غِلْظَةً) التوبة/١٢٣ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، ئەو کافرانە پێشتر بکوژن، کە لێتانەوە نزیکن، با توندو تیژیتان تێدا بەدی کەن.

**ئەم سێ بنەمایە:**(فەرمان بەچاکەو بەرهەڵستی لە خراپەو جیهاد) ئەو لایەنگرانەن، کە لە خودی خەڵکیدا هەن و بە سوودن بۆ بەر قەرار کردنی ئیسلام، هەرچەندە خوای گەورە خۆی داوای چەسپاندنی ئیسلامی کردووەو حەتمەن خۆشی لایەنگری ئەو کارەیە.

بەڵام ئەم سێیە دەبنە زەمینە خۆشکەرو دەستپێکی پیادەکردنی ئیسلامەتی، هەرچەندە گرانیشن، بەڵام داواکاریەکی سروشتی مرۆڤ و مرۆڤایەتین. چونکە کاتێك ئیسلام کەنار دەخرێت، نا ئارامی باڵ دەکێشێت بەسەر هەموو مرۆڤەکاندا.  غەزەب وسزای دنیاو قیامەتی خواییش لەولاوە بوەستێت، کە ئەنجامی لادان و ڕادانی ئایینەکەی لە دەسەڵات و حوکم بۆتە هۆی تورە کردنی خوای گەورە.

لەبەر گرنگی ئەم سێ بنەمایە دەبینیت، کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆرجار پێناسەی ئیسلامی بەمانە کردووە، بەززار لە پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگێڕێتەوە، کە فەرموویەتی: (الإِسْلاَمُ ثَمَانِيَةُ أَسْهُمٍ: الإِسْلاَمُ سَهْمٌ، وَالصَّلاَةُ سَهْمٌ، وَالزَّكَاةُ سَهْمٌ، وَالصَّوْمُ سَهْمٌ، وَحَجُّ البَيْتِ سَهْمٌ، وَالأَمْرُ بِالْمَعْرُوفِ سَهْمٌ، وَالنَّهْيُ عَنِ الْمُنْكَرِ سَهْمٌ، وَالجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللهِ سَهْمٌ، وَقَدْ خَابَ مَنْ لاَ سَهْمَ لَهُ).[١] واتە: ئیسلام هەشت پشکە، هەشت بەشە: بەشێکی ئیسلامەتییە، بەشێکی نوێژە، بەشێکی زەکاتە، بەشێکی رۆژووە، بەشێکی حەجی ماڵی خوایە، بەشێکی تری فەرمان کردنە بە چاکەو بەشێکی تریشی بەرهەڵستی کردنە لە خراپە، جیهادیش بەشێکە، داماو ئەو کەسەیە کە بێ بەشە...

ئیمامی حاکم لە پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگێڕێتەوە، کە فەرموویەتی: (الإِسْلامُ أَنْ تَعْبُدَ اللَّهَ وَلا تُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَتُقِيمَ الصَّلاةَ وَتُؤْتِيَ الزَّكَاةَ وَتَصُومَ رَمَضَانَ وَتَحُجَّ الْبَيْتَ وَالأَمْرُ بِالْمَعْرُوفِ وَالنَّهْيُ عَنِ الْمُنْكَرِ وَتَسْلِيمُكَ عَلَى أَهْلِكَ فَمَنِ انْتَقَصَ شَيْئًا مِنْهُنَّ فَهُوَ

---

[١] نووسەری رەحمەتی نوسیوێتی: البزار. راستە. ئەبوبەکر ئەحمەدی کوڕی عەمری عەتکی بەززار: البحر الزخار المعروف بمسند البزار (ژمارە:٢٩٢٧). ئەبوبەکر عبدالرزاق کوڕی هوممامی صەنعانی: مصنف عبدالرزاق (ژمارە:٥٠١١)، ئیبنوئەبی شەیبە: المصنف (ژ:٢٥٩٥). هەروەها حاکم لە ئەبو هورەیرەوە گێڕاوێتیەوەو دەربارەشی فەرموویەتی: (صحیح علی شرط البخاری). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە: (صحیح الترغیب والترهیب/٧٤١)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

سَهْمٌ فِي الإِسْلامِ يَدَعُهُ وَمَنْ تَرَكَهُنَّ كُلَّهُنَّ فَقَدْ وَلَّى الإِسْلامَ ظَهْرَهُ).[١] واتە: ئیسلام ئەوەیە کە خوا بپەرستیت و هاوەڵی بۆ پەیدا نەکەیت، نوێژ بکەیت، زەکات بدەیت، ڕۆژوی ڕەمەزان بگریت وحەج بکەیت، فەرمان بکەیت بە چاکە، بەرهەڵستی بکەیت لە خراپە، سڵاو بکەیت لە ماڵ و منداڵی خۆت، هەر کەسێك شتێکی لەمانە کەم کردەوە ئەوە وازی لە بەشێکی ئیسلامەکە هێناوە، هەر کەسیش وازی لە هەمووی هێنا، ئەوە پشتی لە ئیسلامەکە کردووە ..

**چاکە:** ووشەیەکی گشتییەو هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە شەریعەتی ئیسلام داوای دەکات، یان ڕێی پێ دەدات، یان ناهێڵێت خەڵکی لێی نزیك ببنەوە، یان داوای کۆتایی پهێنانی دەکات، وەکو حەرام یان بوغزێنراو (مەکروه)... کەواتە چاکە بریتییە لە ئیسلام و ڕوکنەکانی، خراپەش بریتییە لە لە ئیسلام لادان لە حوکمی پایەکان و کۆشکەکەشی، لەبەر ئەوەیە کە ئەرکی سەرەکی موسوڵمانان ئەوەیە، کە ئیسلامەکە سەرخەن، تا تەنها ئەو حوکمیان بکات، ناونیشانی حوکمی ئیسلامیش ئەوەیە، کە خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی: (وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ * الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الأُمُورِ) الحج/٤٠-٤١ واتە: خوا ئەو کەسانە سەردەخات، کە ووشە (ئایینەکە)ی خوا سەردەخەن، خوا خاوەن هێزەو بێ وێنەیەو بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە. ئەو کەسانەی کە ئەگەر خوا لەسەر زەمین جێگیریان کات (بە گرتنە دەستی دەسەڵات و حوکم) پارێزگاری ئیسلامەتی دەکەن و هێزو دەسەڵاتی شەرخوازی ناهێڵن و دەست درێژی ناکەن و نوێژ دەکەن (بۆ یادکردنی بەردەوامی خوای گەورە و ڕاپەڕاندنی شەریعەتەکەی)و زەکات دەدەن (تا خۆیان لە ڕەزیلی و کۆمەڵگەکەیان لە هەژاری بپارێزن)و، فەرمان بە چاکە دەکەن و بەرهەڵستی

---

[١] نووسەری بەڕێز نوسیویێتی: حاکم. ڕاستە. حاکم: المستدرک علی الشیخین(٥١). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە: (صحیح الترغیب والترهیب/٢٣٢٤)دا دەفەرموێ: حسن لغیره.

له خراپه دەکەن و (ئاڵای خێرخوازی له جیهاندا بەرز دەکەنەوە) کۆتایی هەموو کاروبارێکیش هەر بۆ خوا دەگەڕێتەوە.

**نوێژکردن:** نیشانەی ئەوەیە، که دەوڵەتەکەیان دەوڵەتێکی خوا ویستییە.

**زەکات دان:** نیشانەی ئەوەیە، که دەوڵەتەکەیان دەوڵەتێکی دادی خواییە.

**فەرمان بە چاکە کردن:** نیشانەی ئەوەیە هەموو چاکەیەك لە وڵاتەکەیاندا لە برەودایە.

**بەرهەڵستی لەخراپە کردن:**نیشانەی ئەوەیە، که هەموو خراپەیەك لە دەوڵەتەکەیاندا لە نوشوستیدایە.

ئەمانەش هەموو نیشانەی ئەوەن، که ئیسلام لەسەر بناغەو کۆشکی خۆی دامەزراوە ..

لەبەر ڕۆشنایی ئەمەدا که باسمان کرد، دوو پێناسەکەی دوایین، که لەسەرەوە هێنامانەوە ئەوەی بەززراو الحاکم، پێناسەی ئیسلام دەکەن بەو بەشە گرنگانەیەوە، که تێیدا هەن، ئەگەر چی دیسان هەردووکیشیان پێناسەی هەموو ئیسلامەکەیان هەر نەکردووە، چونکە ئیسلام - وەکو زانیمان- لەوە زیاترە لەوەی، که ئەو دوو پێناسەیە هەمووی باس کەن، چ جای یەکێکێیان بە تەنها... چونکە پێناسەی یەکەم لەگەڵ باس کردنی ڕوکنەکاندا، باسی سێ بنەماکەی کرد،که لایەنگری بەرقەرارکردن و پیادەکردنی ئیسلامن، ئیسلام لەوەش زیاترە، هەروەها لەوەش زیاترە، که پێناسەی دووەم تێکهەڵکێش لەگەڵ یەکێك لە ڕەوشتەکانی موسوڵمان باسی کردووە، که دەبێت لەگەڵ ماڵ و منداڵی خۆیدا چۆن بێت! که بێگومان ئەمیش لەبەر گرنگی ئەو سیفەتە ڕەوشتیەیە.

ئەم دوو پێناسەیە - وەکو بینیمان - بریتی نەبوون لە هەموو ئیسلام.

حەدیسەکەی عومەری کوڕی خەتتابیش خوا لێی ڕازی بێت هەر لەم ڕوانگەوەیە، کە دەیگێڕێتەوە: (عَنْ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ تَعَالَى عَنْهُ قَالَ: بَيْنَمَا نَحْنُ جُلُوسٌ عِنْدَ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ذَاتَ يَوْمٍ إِذْ طَلَعَ عَلَيْنَا رَجُلٌ شَدِيْدُ بَيَاضِ الثِّيَابِ شَدِيْدُ سَوَادِ الشَّعْرِ لاَ يُرَى عَلَيْهِ أَثَرُ السَّفَرِ وَلاَ يَعْرِفُهُ مِنَّا أَحَدٌ حَتَّى جَلَسَ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَأَسْنَدَ رُكْبَتَيْهِ إِلَى رُكْبَتَيْهِ وَوَضَعَ كَفَّيْهِ عَلَى فَخِذَيْهِ وَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ أَخْبِرْنِي عَنِ الإِسْلاَمِ.

فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (الإِسْلاَمُ أَنْ تَشْهَدَ أَنْ لَا إِلٰهَ إِلَّا اللهُ وَ أَنَّ مُحَمَّدَاً رَسُولُ اللهِ،وَتُقِيْمَ الصَّلاَةَ، وَتُؤْتِيَ الزَّكَاةَ،وَتَصُوْمَ رَمَضَانَ، وَتَحُجَّ البيْتَ إِنِ اِسْتَطَعتَ إِلَيْهِ سَبِيْلاً).

قَالَ: صَدَقْتَ. فَعَجِبْنَا لَهُ يَسْأَلُهُ وَيُصَدِّقُهُ!

قَالَ: فَأَخْبِرْنِيْ عَنِ الإِيْمَانِ.

قَالَ: أَنْ تُؤْمِنَ بِاللهِ، وَمَلاَئِكَتِهِ،وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ، وَالْيَوْمِ الآخِرِ، وَتُؤْمِنَ بِالقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ.

قَالَ: صَدَقْتَ،قَالَ: فَأَخْبِرْنِي عَنِ الإِحْسَانِ.

قَالَ: أَنْ تَعْبُدَ اللهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاك.

قَالَ: فَأَخْبِرْنِي عَنِ السَّاعَةِ. قَالَ: مَا الْمَسئُوْلُ عَنْهَا بِأَعْلَمَ مِنَ السَّائِلِ.

قَالَ: فَأَخْبِرْنِيْ عَنْ أَمَارَاتِها،قَالَ:أَنْ تَلِدَ الأَمَةُ رَبَّتَهَا، وَأَنْ تَرى الْحُفَاةَ العُرَاةَ العَالَةَ رِعَاءَ الشَّاءِ يَتَطَاوَلُوْنَ فِي البُنْيَانِ ثُمَّ انْطَلَقَ فَلَبِث مَلِيَّاً.

ثُمَّ قَالَ: يَا عُمَرُ أَتَدْرِي مَنِ السَّائِلُ؟ قُلْتُ: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: فَإِنَّهُ جِبْرِيْلُ أَتَاكُمْ يُعَلِّمُكُمْ دِيْنَكُمْ) متفق عليه.[1] واته: كە لە خزمەت پێغەمبەردا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دانیشتبووین، لە پڕ پیاوێك هات پۆشاكەكەی بەری زۆر سپی بوو، مووی سەری زۆر ڕەش بوو، هیچ ئاسەوارێكی سەفەری پێوە دیار نەبوو (وەك تۆزو خۆڵ و ماندوویی و تینوێتی) كەسیشمان نەمان دەناسی، چووە خزمەت پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەردوو ئەژنۆی نا بە هەردوو ئەژنۆی پێغەمبەرەوەو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، هەردوو لەپی دەستی خستە سەر هەردوو ڕانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ئینجا پرسی: ئەی محمد، ئیسلامم بۆ باس كە، فەرمووی: ئیسلام ئەوەیە بڕیار بدەیت كە هیچ شتێك نییە شایانی پەرستن بێت بێجگە لە خوای گەورە، بڕیار بدەیت، كە محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەندەو نێرراوی خوایە، نوێژ بكەیت و زەكات بدەیت و ڕۆژوی ڕەمەزان بگریت، ئەگەر توانات هەبوو حەجی ماڵی خوا بكەیت، كابرا ووتی: ڕاستت كرد، پێمان سەیر بوو، كە لێشی دەپرسێت و دەشڵێت ڕاستت كردا! ئینجا ووتی: ئەدی باوەڕ هێنان چۆنە؟ فەرمووی: ئەوەیە كە: باوەڕ بە خواو بە فریشتەكانی و بە كتێبەكانی و بە نێرراوەكانی و بە ڕۆژی دوایی و هەروەها بە خێرو شەڕی قەدەر بهێنێت. كابرا ووتیەوە: ڕاستت كردا ئینجا ووتی: ئەدی چاكە چییە؟ فەرمووی چاكە ئەوەیە، كەوا خوا بپەرستیت، كە هەر وەكو ئەوەی ببینیت، خۆ ئەگەر تۆش ئەو نەبینیت، ئەو تۆ دەبینێت. ئینجا ووتی: ئەدی كەی ئاخر زەمانە؟ فەرمووی: ئەو كەسەی لێی دەپرسن زاناتر نییە لەو كەسەی دەپرسێت. پرسی باشە نیشانەكانی چییە؟ فەرمووی: ئەوەیە كە جاریەو كەنیزەك ئاغای خۆیان لێ

---

[1] نووسەری بەڕێز ئاوا ئاماژەی (متفق عليه) پێداوە بەڵام وانییە، لە بوخاریدا نییە. ئەمە لەو ریوایەتانەن كە تەنها موسلیم گێڕاونێتیەوە كە پێیان دەڵێن: (ما انفرد به مسلم). وَاللَّهُ أَعْلَمُ. موسلیم (٨)، ترمذي (٢٦١٠)، نەسائی (١١٧٢١)، ئیبنوماجە (٦٣)، ئەحمەد (٣٦٧)، بەیهیقی (٨٣٩٣)، ئیبنوئەبی شەیبە (٣٧٥٥٨)، ئیبنوخوزەیمە (٢٥٠٤).

ببێت و پێپەتی و ڕەش و ڕوت و شوانی مەڕ، کۆشك و تەلاریان زۆر بەرز کەنەوەو شانازییان پێوە بکەن!

پاشان کە کابرا ڕۆیشت من هەر لە جێی خۆم چەقیم!پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: عومەر، دەزانی ئەوە کێ بوو دەیپرسی؟ ووتم: خواو پێغەمبەری خوا دەزانن، فەرمووی: ئەوە جوبرەئیل بوو، هاتبوو، ئایینەکەتان فێر کات...

هەندێك کەس لە ڕستەی (هاتبوو ئایینەکەتان فێرکات) وا تێ دەگەن، کە ئایینی ئیسلام هەمووی ئەو سێ باسەیە! بێگومان ئەمە هەڵە تێگەیشتنە، چونکە ڕێسای ئاسایی تێگەیشتن ئەوەیە، کە هەموو نەزانراوێك(نكرة) لە ڕستەی نەرێ(نفی)دا دەبێتەوە بە باسێکی گشتی. بەڵام هیچ زانراوێك (معرفة) لە ڕستەی (مثبت)دا نابێت بە باسی گشتی..کەوابوو حەدیسەکەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەوەی، کە (ئاینەکەتان فێرکات) مانای ئەوە نییە، کە کۆو بەشەکانی هەموو ئایینەکەتان فێر دەکات!بەڵکو هەندێك لە ئایینەکەتان فێر دەکات.

ئەگەر کەسێك کتێبێکی شەرع (فقهی ئیسلامی) بخوێنێتەوە، ئێمە لێی بپرسین: ئەرێ چی دەخوێنێتەوە؟ بڵێت: ئیسلام، وەڵامەکەی ڕاستە، بەڵام خۆ ئاشکرایە، کە ئیسلام لە کتێبێکی شەرعناسی فراوانترە.

یان ئەگەر کەسێك بابەتێکی شەرع بخوێنێت، لێی بپرسین: ئەرێ چی دەخوێنیتەوە؟ بڵێت: شەرع، وەڵامەکەی ڕاستە، بەڵام خۆ ئەو، هەموو شەرعەکە ناخوێنێت. یان ناخوێنێتەوە. ئاماژەی حەدیسەکەش هەر بەو جۆرەیە...

ئەگەر بە وردی تەماشای حەدیسەکە بکەینەوە دەبینین: چاکە کردن بریتییە لە باوەڕ هێنان، باوەڕ هێنانیش باڵاترین پلەیە، وەکو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ:

(أَفْضَلُ الإِيمَانِ أَنْ تَعْلَمَ أَنَّ اللهَ شاهِدُكَ حَيْثُمَا كُنْتَ).[١] واتە: باشترین باوەڕ ئەوەیە، کە بزانیت لە هەر کوێ بیت خوای گەورە دەتبینێت.

شەش ڕوکنەکەی باوەڕیش دەکەونە نێو چوارچێوەی شایەتمانەوە، وەکو لەمەودوا إِنْ شَاءَ اللَّه ڕونی دەکەینەوە. کەوابوو حەدیسەکە هەر ڕوکنی یەکەمی ڕونکردەوە (کە یەکێکە لە ڕوکنەکانی ئیسلام) بەڵام بە شێوەیەکی بەرفراوانتر...

ڕوکنەکانی ئیسلامیش -وەکو بینیمان- بەشێکن لە ئیسلام، نەك هەموو ئیسلامەکە، کەوابوو لەوەی سەرەوە دەگەینە ئەوەی کە:

١- ئیسلام عەقیدەیەکە لە شایەتمان و ڕوکنەکانی باوەڕ هێناندا دەردەکەوێت.

٢- ئیسلام خواپەرستنە، ئەمیش لە نوێژو زەکات و ڕۆژوو حەجدا دەردەکەوێت.

ئەم دوو خاڵەش ئیسلامن ..

---

[١] نووسەر رحمەالله نوسیوێتی:(ضعيف ولكن معناه صحيح. راجع الطبراني في حلية الاولياء). منیش چەندم کرد سەنەدی ئەو ڕیوایەتەم نەدۆزیەوە بەڵام لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێ: (أَفْضَلُ الإِيمَانِ أَنْ تَعْلَمَ أَنَّ اللهَ مَعَكَ حَيْثُمَا كُنْتَ) واتە: باشترین باوەڕ ئەوەیە، کە بزانیت لە هەر کوێ بیت خوای گەورە وەلتایە. طەبەرانی لە: (الأوسط/٩٠٢٧)، بەیهیقی (٧٥١٦)، ئیبنوخوزەیمە (١٩٣٥)، ئیبنوحیببان (٣٥٨٧)، حاکم (١٥٠٨). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە: (ضعيف الجامع/١٠٠٢)دا بە زەعیف ناساندوێتی، بەڵام ڕیوایەتێکی سەحیحی بۆ کردۆتە بەدیل کە دەفەرموێ: (أنْ يعلم أنَّ الله - عزَّ وجلَّ - معه حيثُ كان). لە (سلسلة الأحاديث الصَّحيحة/١٠٤٦)دا بە سەحیحی داناوە.

٣- ئیسلام خانوویەكەو لەسەر ئەم ڕوكنانە دروست بووە، ئەمەش لەو پڕۆگرامە ئیسلامیانەدا دەردەكەوێت، كە بۆ ژیان دارێژراون، وەك پڕۆگرامی سیاسی و ئابوری و سەربازی و ڕەوشتی و كۆمەڵایەتی و فێرخوازی و... هتد.

٤- ئیسلام چەند بنەمایەكی لایەنگری هەیە، كە بۆی دەبنە ڕێبازی دامەزراندن وەك فەرمان بە چاكەو بەرهەڵستی لە خراپەو جیهاد كردن. ئەمانە غەیری لایەنگرە خواییەكانن، كە بریتین لە سزای سروشتی و سزای دنیایی و قیامەتی خوایی، كە لە دنیادا جاری وا هەیە لە قەهرو غەزەبیدا دەردەكەوێت، لە ڕۆژی دواییشدا لە بەهەشت و دۆزەخەكەیدا...

**كەوابوو ئیسلام بریتییە لە:**

* **بنەما لایەنگرەكان:** فەرمان بەچاكەو بەرهەڵستی لە خراپەو جیهادو حوكم و سزا خواییەكان.

* **بیناكە:** سیستم و بەرنامەكانی ژیان (بەرنامەی سیاسی، بەرنامەی ئابوری، بەرنامەی سەربازی، بەرنامەی فێرخوازی، بەرنامەی ڕەفتارو ڕەوشت، بەرنامەی كۆمەڵایەتی).

* **ڕوكنەكان:** نوێژ، زەكات، ڕۆژوو، حەج، شایەتمان (ئەمیش بریتیە لە باوەڕ هێنان بە خواو بە فریشتەكان و بە پەیامە ئاسمانییەكان و پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی و قەدەر.

**٩- هەرچی لە ئیسلام ترازا جاهیلییەتە، چونكە بەرامبەر هەر بەشێكی ئیسلامەتی جاهیلییەتێك** هەیە، نابینیت پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كە بیستی ئەبو زەڕی غەففاری خوا لێی ڕازی بێت تانەی ڕەشپێستی لە دایكی كابرایەكی موسوڵمان دا، پێی فەرموو: (إِنَّكَ امْرُؤٌ فِيكَ جَاهِلِيَّة).[1] واتە: تۆ كابرایەكیت هێشتا جاهیلییەتت تێدا ماوە! یان

[1] بوخاری (٢٥٤٥)، موسلیم (١٦٦١).

ئەو ئایەتەی، کە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَلا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الأُولَى)الاحزاب/ ٣٣ واتە: خۆتان بە دەستوری جاهیلییەتی پێشوو ڕووت مەکەنەوە. کەوابوو خۆداپۆشینی ئافرەت ئیسلامەتییەو ڕوت و سفوریشی جاهیلییەتە. عومەری کوڕی خەتتابیش خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێ: (إِنَّمَا تَنْقُضُ عُرَى الْإِسْلَامِ عُرْوَةً عُرْوَةً إِذَا نَشَأَ فِي الْإِسْلَامِ مَنْ لَمْ يَعْرِفِ الْجَاهِلِيَّةَ).[١] واتە: پایە بە پایەی ئەم ئیسلامە بەوە تێك دەچێت، کە کەسانی وا بێنە پێش، کە جاهیلییەتیان نەناسیبێت.

ئیسلام بە هەموو لقەکانیەوە بەرامبەر جاهیلیەت دەوەستێتەوە، چونکە هەموو بەشێکی ئیسلام زانستییەو خواییەو هەموو شتێکی گرتۆتەوە، هەرچی فیکرو ڕەوشت و ڕەفتارێك لەگەڵ ئیسلامدا یەکاندگیر نەبێتەوە و بەرامبەری بوەستێتەوە جاهیلییەتە، چونکە لە زانینێکی کەمەوە هاتووە، زانینی سنورداری مرۆڤ خۆی! قابیلیش نییە هەر حەزو هەواو هەوەس و نەوس و نەفسی خۆی تێکەڵ بووە، بۆیە زۆرجار هەر ناپەسەندییەو بە پەسەند دەناسێنرێت، یان چەووتەو بە دروست دەدرێتە قەڵەم!!

ئیسلام بەرنامەیەکی تەواوی گشتگیری بێ لەکەیە، جاهیلییەتیش کەم و کورتەو ناتەواوە، مرۆڤیش سەرپشکە (موخەییرە) لە وەرگرتنی ئیسلام یان جاهیلییەت، خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا)الإنسان/٣ واتە: ئێمە هەردوو

---

[١] نووسەری ڕەحمەتی نوسیوێتی: (ئیمامی ئەحمەد گێڕاوێتییەوە). حاکم (٤/٤٧٥)، بەیهیقی (٧١١٩)، ئیبنوئەبی شەیبە (٦/٤١٠)، ئەبونوعەیم لە: الحلية (٧/٢٤٣). هەروەها ئیمامی ئیبنوتەیمییە لە مجموع الفتاوى (١٠/٣٠٠)و منهاج السنة النبوية (٢/٣٩٦)دا. ئەلبانی رحمەالله لە دەرسێکیدا لە (سلسلة الهدى والنور/ کاسێتی ژمارە ٢٦)دا دەفەرموێ: چوونەوە بە دوای سەنەدی ئەو ریوایاتانەدا کە لە سەلەفەوە هاتوون زەحمەتە. ئەوەندە بەسە کە پێچەوانەی شەرع نەبن).

ڕێگاکەمان نیشانی مرۆڤ داوە، ئەویش سەربەستە دەتوانێت ڕێی شوکرانە بژێری هەڵبژێرێت یان کوفرانە بژێری، کەیفی خۆیەتی.

زۆر جار هەندێك کەس ڕێبازی ڕاستییان لێ بزر دەبێت، یان گومان لە ڕاستیەکە دەکەن، بە تایبەتی کە دەبینن وا خەڵکانێك لەسەر ڕێبازی جاهیلییەتیشن و خووڕەوشتیشیان بەرزە! یان هەقخوازن و لە زۆر هەڵس و کەوتیاندا پارسەنگن! ناوو سەرکەوتنیش لە دنیادا وەدەست دەهێنن! بەڵام هۆی ئەمە ناگەڕێتەوە بۆ ئەو دیدە جاهیلییەی هەیانە، بەڵکو بۆ ئەو لایەنە ئیسلامییەی کەوتۆتە ناو جاهیلییەتەکەیانەوە، ئەو لایەنانە لای هەر کەس و لە هەر کوێیەك دەرکەون هەر جوانن، خۆ خەڵکیش کە دەکەوێتە شوێن جاهیلییەت حەتمەن هەندێك لایەنی جوانی تێدا بەدی دەکات. بەڵام هەر ئەو کەسانە، گەر لە ئیسلام شارەزا بن، دەبینن ئیسلام هەر هەموو جوانی ئەو بەرانەی جاهیلییەتی لە خۆ گرتووە بێ ئەوەی هەڵەو پەڵەی ئەوانی کەوتبێتە سەر، چونکە ئیسلامەتی سەرجەمی چاکەو خێرخوازی و ڕەوشت بەرزییە...

هەبوونی ئەو چەند جوانییە ئیسلامییە لە جاهیلییەتێکدا، شتێکی سروشتییە، لەوانەیە ئەنجامێکی کارتێکردنی ئەو ژیرییە بێت، کە خوای گەورە بە مرۆڤی بەخشیووە، یان سەرەنجامی ئەو ڕەفتارە ڕۆحییە پاکە بێت، کە خوای گەورە کردیە سروشتێکی جوانی مرۆڤ!ئەوەی کە دەرهەق فەرموویەتی: (وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي) الحجر/٢٩ واتە: من لە ڕۆحی خۆم فوم پێدا کردووە... ئەو ڕۆحە تایبەتیەیە، کە خوای گەورە دروستی کردوو کردی بەبەر ئادەمدا، ئینجا بۆ ڕێز لێنانی دەفەرموێ: ڕۆحی خۆم...

ئیتر لەمەوە -ئەو کەسانەی سروشت و ڕۆحیان پاك ماوە- شتی چاك و خراپ باشتر لێك جیا دەکەنەوە، وردتر دەتوانن ئەو شتانە هەڵاوێرن، کە بۆ شارستانێتی و خزمەتی مرۆڤایەتی سوود بەخشە. بەڵام مرۆڤ پەی بە هەموو شتێکی شاراوە نابات، هەر نوقسانەو لە زۆر لایەنی ناسینی ژیان و گەردوون و جیهانی خودی مرۆڤ شارەزا نابێت، ئەمە جگە لە پێناسەی حەق و ڕاستی، جگە لە دەیان نەخۆشی و لاسەنگی دەروونی و

هەوەسبازی و ئارەزوو مەندی ئەم و ئەو، کێ هەیە لەم هەموو بەربەست و کەندەڵانە -دوور لە وەحی خواییەوە- دەرچێت..

بۆ دڵنیا بوون، جارێکی تریش ئەوەی ووتمان دووبارەی دەکەینەوە: کە بەڵێ ئێمەش دەڵێین: ژیری زۆر شتی چاك و ڕێك و پێك دەبینێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێت، کە بڕوامان وا بێت ئەوەی ژیری دەرکی پێ دەکات، هەر ئەو ڕاستەو گومانی تێدا نییە. نا، ڕاستە ژیری لە سنوری دیاری کراوی خۆیدا زۆرجار هەق بە هەق دەبینێت، یان شتێك وەکو هەقیقەتی خۆی دەبینێت، یان زۆر شت بە چاك و ڕاست و داد پێناسە دەکات، بەڵام حەتمەن دەبێت وەحی خوایی بڕیاری لەسەر بدات، وەحی خوایی دەبێت شایەتی لەسەر ڕاستی دیدو پێناسەکانی ژیری بدات، چونکە ئەوەی، کە حەقیقەتی هەموو شتێك دەزانێت و پەی بە هەر هەموو شتێك دەبات خوای پەوەردگارو زانایە، خوا لە ڕۆحی خۆی فوی بەم مرۆڤەدا کردووە، خوا ئەمی فێر کردووە، بەڵام ئەو زانینەی بەم مرۆڤە داوە بە قەدەر تواناو قابیلییەتی خۆیەتی، نەك ئەوەندە زۆر بێت بۆ داڕشتنی دید و ڕێبازی کارو بەڕێوەبردنی هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەر بەکار بێت... ئەوەیان ماف و ئەرکی خوای گەورەیە، چونکە ئەو کردگارو کارزان و کارجوانەو، غەیری قابیلی هەڵەیە.

مەبەستمان لەم قسانە ئەو شتانە نییە، کە دێنە ژێر تاقی کردنەوەوە و لە ڕێی سەلماندنەوە ماهییەتیان ڕون دەبێتەوە، چونکە ئەمەیان ئیسلام بڕیاری لەسەر داوەو موسوڵمانانیشی بۆ هانداوە، بەڵکو مەبەستمان لە ڕێساکانی پەروەردەو ئاڕاستەکردنی داڕشتنی ڕەوشت و ڕەفتاری مرۆڤە، کە دەبێت بە شێوەیەك بێت لەگەڵ یاساو ڕێسا گەردوونیەکاندا یەك بگرێتەوە...

خوێندنی یەك پێکهاتەی لەشی مرۆڤ، پێویستی بە تێکۆشانی زانایەك، یان چەندین زانای پسپۆڕو شارەزا بۆ ماوەیەکی زۆر هەیە، تەنانەت جاری وا هەیە دیراسەی سێڵێك، یان بچوکتر پێویستی بە ڕەنجی چەندین زاناو پسپۆڕو ماوەی تەواو هەیە، دەروونی مرۆڤ

و هەست و سۆزی، یان پەیوەندی بەستن و پارسەنگ ڕوانین و... هتد، هەمووی هەر پێویستی بە ڕەنجی پسپۆڕان و شارەزایان و كاتی تەواو هەیە، تا ئەنجامێكی ڕاست وەدەست بێت.

هۆكانی تۆوی توخم و بۆ ماوەیی(ویراسەت)، كە لە باوكەوە بۆ منداڵ و نەوەكانی دەگوێزرێنەوە، هۆ زەمینییەكان، ئاوو هەوا، كۆمەڵگاو گۆڕانكاریەكانی ناوی، باری كۆمەڵایەتی بەو هەموو لایەنە تێكچڕژاوو ئاڵۆزەیەوە كە هەیەتی!

هەركەسێك لقە باسێك لەمانەی سەرەوە بخوێنێت و زۆر زۆر شارەزا ببێت تێیاندا، هەر دەتوانێت پەی بە نهێنیەكانی ئەو باسە ببات، كە خۆی تێیدا تایبەتمەند بووە، ئەمما بێت و بیەوێت بەرنامەی هەموو لایەنەكانی ژیانی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بۆ خەڵكی دارێژێت، حەتمەن بە نوقسانی دایدەڕێژێت. شتێكی ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت پەی بە هەموو لایەنی مرۆڤ و مرۆڤایەتی ببات و هەموو شتێك لە هەموو شتێك بزانێت!

گریمان كۆمەڵێك زانا هەر یەكەیان بەشێكیان لە ژیانی مرۆڤ وەرگرت و كەوتنە توێژینەوەی، سەرەنجام دەبینیت هەر یەكەیان شارەزای بەشێكەو لە زانیاریەكی لای ئەوانی تر بێ بەشە، بۆیە هەر حوكمێك بۆ هەموو ژیان دابنێت هەر نوقسان دەبێت، ئەگەر هەر یەكەشیان لای خۆیەوە بە پێی تایبەتمەندیەكەی خۆی دیدو تێڕوانینی خۆی كردە بەرنامەو پێوەر، حەتمەن هی هەر هەموویان بە یەكتر دەكێشرێن و ئەو خاڵانەی، كە هاوبەشی نێوان هەموویان نین كێشە دروست دەكەن. بۆیە خوای گەورە دیاری كردنی بەرنامەی ژیانی مرۆڤی نەداوەتە دەست كەس، چونكە هەر ئەو دەزانێت و هەر ئەویش دەتوانێت و هەر ئەویش ئەو مافەی هەیە، چونكە هەر ئەو هەموانی دروست كردووە، واشی كردووە، فەرموشیەتی، هەر كەس شوێن بەرنامەكەی من نەكەوێت، هەرچییەكی تر بگرێتە بەر لێی قبوڵ ناكرێت و لە دنیاو ئاخیرەتیشدا زەرەرمەند دەبێت.

**دوای ئەمە دەڵێین:**

کەوابوو لە عەقیدەدا ئیسلام و جاهیلییەت هەیە، لە پەرستندا ئیسلام و جاهیلییەت هەیە، لە فێر بوون و فێرکردندا ئیسلام و جاهیلییەت هەیە. لە خووڕەوشتدا ئیسلام و جاهیلییەت هەیە، لە سیاسەتدا ئیسلام و جاهیلییەت هەیە، لە شەڕو ئاشتیدا ئیسلام و جاهیلییەت هەیە...

لە هەموو بڕگە یاساییەکدا ئیسلام و جاهیلییەت هەیە..

لە هەرچیەك هەقخوازی هەبوو، ئەوە ئیسلام لەوێیە، بەرژەوەندی مرۆڤ لە کوێ بێت، ئیسلامیش لەوێیە، ئەو جێیەی بەرژەوەندی مرۆڤی لێ نییە جاهیلییەتە، بەرژەوەندی ڕاستی مرۆڤیش بە شەریعەتەکەی خوا دەپێورێت...

جاهیلییەتی عەقیدە و پەرستن و ڕێباز، پیسترین و دژوارترین جاهیلییەتن، بۆیە ئەگەر کەسێك چەند ڕەفتارێکی جاهیلییانە بکات، بەڵام عەقیدەکەی ڕاست مابێت، خوای گەورە لێی دەبورێت، بەڵام ئەو کەسەی کە هەڵەو پەڵە لە عەقیدەو پەرستن و ڕێبازەکەیدایە، خوای گەورە لێی نابورێت، با ڕەوشت و ڕەفتاریشی ئیسلامیانە بێت، خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ اللَّهَ لاَ يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَن يَشَاء) النساء/٤٨ واتە: خوا لە هاوەڵ بۆ خوا بڕیار دان خۆش نابێت، ئەمما گوناحەکانی تر، ئەوە خوای گەوەر بۆ هەر کەسێك حەز بکات لێی دەبورێت...

خوای پەروەردگار ئەم ئیسلامەی بە تەواو کاملی ناردووە، هەر کەس وەری بگرێت ئەوە موسوڵمانە، هەر کەسێکیش بەشێکی وەرگرت و وازی لە لایەنەکانی تری هێنا، ئەوە ئیسلام و جاهیلییەتی تێکەڵ یەك کردووە: (وَآخَرُونَ اعْتَرَفُواْ بِذُنُوبِهِمْ خَلَطُواْ عَمَلاً صَالِحًا وَآخَرَ سَيِّئًا)التوبة/١٠٢واتە: هەندێکی تریان دانیان بە تاوانی خۆیاندا نا، کە کردەوەی چاکیان تێکەڵ بە کردەوەی خراپ کردووە...

ئەو کەسەی باوەڕی بە ئیسلام هەیە ئەوە موسوڵمانە، مادام کە تاوان دەکات زوو پەشیمان دەبێتەوەو تۆبە دەکات، چونکە دەزانێت حەقخوازی چییە، ئەمما ئەو کەسەی باوەڕی هەیە، بەڵام سوورە لەسەر گوناح و تاوانکاری، ئەوە فاسقە، چونکە دەبێ موسوڵمان خۆ لە قەرەی گوناح نەدا، گەر بەریشی کەوت زوو پەشیمان بێتەوەو تۆبە بکات، نەك هەر بەردەوام بێت، تا گوناحکاری دەکاتە پیشە!موسوڵمان وەك چۆن وازی لە هەموو بیروباوەڕێکی جاهیلی هێناوە، پێویستە واز لە هەموو ڕواڵەت و جەوهەرو سیفەت و ڕەفتارێکی جاهیلی بهێنێت. ئینجا پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانانیش -وەکو کۆمەڵێکی ئایین پەروەر- ڕواڵەتی تەواوی موسوڵمانانەیان پێوە دیار بێت و ملکەچی ئەو سیستم و دەسەلاتە شەرعیەی خۆیان بن، کە بە ڕەنجی هەموویان هاتۆتە دی، لە هەمان کاتیشدا هەوڵی نەهێشتنی جاهیلییەتیش بدەن، بەڵام ئەو لادانە دژوارەی لە سیستمی حوکمی ئیسلامی دەرکەوت، هەر زوو ئیسلامی لە حوکم و خیلافەتی سەر ڕێبازی پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گۆڕی بۆ پاشایەتی و دەسەلاتی سەپاو! هەر وا هاتەوە، کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێشتر هەواڵی دابوو! کە فەرموو بووی: (الْخِلَافَةُ بَعْدِي ثَلَاثُونَ سَنَةً ثُمَّ تَكُونُ مُلْكًا عَضُوضاً) واتە: ماوەی خیلافەت لە دوای من سی ساڵە، ئینجا دەبێتە پاشایەتی ویراسی پشتاوپشتە! لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێ: (الْخِلَافَةُ بَعْدِي فِي أُمَّتِي ثَلَاثُونَ سَنَةً ثُمَّ مُلْكٌ بَعْدَ ذَلِكَ).[1] هەموو ئەم حەدیسانە ئەوە ڕوون

---

[1] نووسەری ڕەحمەتی نوسیوێتی:(وفي رواية: الخلافة بعدي في أمتي ثلاثون سنة ثم ملک بعد ذلک)أخرجه أحمد والترمذي وأبو يعلى وابن حبان لە سەفینەوە، کە سەحیحە). ڕیوایەتی:(الْخِلافَةُ بَعْدِي ثَلاثُونَ سَنَةً). رواه أحمد وأبوداود. راستە. ترمذي(٢٤٦)، ئەحمەد (٢٧٣/٤، ٢٢٠/٥)، طەبەرانی لە: (الأوسط/٦٥٧٧)، ئیبنوحیببان (٦٩٤٣). ئەمەش ڕیووایەتی لای ئەبوداوود (١٧٩٣٩) کە شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح سنن أبي داود)دا دەفەرموێ: سەحیحە:(عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ قَالَ كُنَّا قُعُودًا فِي الْمَسْجِدِ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَكَانَ بَشِيرٌ رَجُلًا يَكُفُّ حَدِيثَهُ فَجَاءَ أَبُو ثَعْلَبَةَ الْخُشَنِيُّ فَقَالَ يَا بَشِيرُ بْنَ سَعْدٍ أَتَحْفَظُ حَدِيثَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي الْأُمَرَاءِ فَقَالَ حُذَيْفَةُ أَنَا أَحْفَظُ خُطْبَتَهُ فَجَلَسَ أَبُو ثَعْلَبَةَ فَقَالَ حُذَيْفَةُ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (تَكُونُ النُّبُوَّةُ فِيكُمْ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ تَكُونَ ثُمَّ يَرْفَعُهَا إِذَا شَاءَ أَنْ يَرْفَعَهَا ثُمَّ تَكُونُ خِلَافَةٌ عَلَى مِنْهَاجِ النُّبُوَّةِ فَتَكُونُ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ تَكُونَ ثُمَّ يَرْفَعُهَا إِذَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَرْفَعَهَا ثُمَّ تَكُونُ مُلْكًا عَاضًّا فَيَكُونُ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَكُونَ ثُمَّ

دەکەنەوە، کە جاهیلییەت لە دەروازەی حوکمەوە دەخزێتەوە ناو ئیسلامەوە! (تُنْقَضُ عُرَى الْإِسْلَامِ عُرْوَةً عُرْوَةً اوَّلُهَا الحُكْمُ واخِرُهَا الصلاةُ). أخرجه أحمد واتە: ئیسلام بە ڕمانی پایە بە پایەی دەڕوخێت لەسەرەتایەوە حوکم و دواییەکەشی نوێژەکان!مەگەر ئەم واقیعەی ئێستا بەڵگەی سەلماندنی ئەو هەواڵە نییە؟!

لە جیاتی ئەوەی ئیسلام هێرش بباتە سەر جاهیلییەت و ڕیشەکێشی کات، جاهیلییەت وای لێ هاتووە هەوڵ بدات ئەم لە ڕیشەوە هەڵکێشێت... ئەمڕۆ بوومی جاهیلییەت دەخوێنێ و موسوڵمانان بەدەنگیەوە دەچن!!ئەوە کۆمۆنیزم، تەبشیری خاچپەرستان، فەلسەفەی لیبراڵی و بەرەڵایی، گروپی سیاسی دوور لە ئاڕاستەی ئیسلام و نۆکەرانی بێگانە، کرێگرتەیی کوفر بە ناوی پێشکەوتن و پێشکەوتنخوازییەوە! دژایەتی ئیسلامیش بە ناوی دژایەتی کۆنەپەرستییەوەو سەدان بانگەشەی ترو هەزاران دروشمی تر... ئەمانەش وەنەبێت لە پڕێکا هاتبنە ئاراوە، نا... ئەمە کۆنەو بە بانگەوازێکی هێدی و پشوو درێژو بە دەیان شێوازی جۆراو جۆر خزاونەتە مەیدان، هەر یەکێك لەم بانگەوازە جاهیلییانە، توانی بنکە لە جیهانی موسوڵماناندا بۆ خۆی سازکات و گەرای بیروباوەڕی خۆ ی بڵاو کاتەوە... گەورەترین یارمەتیدەریشیان:

١- نەزانی و تێنەگەیشتنی موسوڵمانان لە ئایینەکەیان بوو.

٢- گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی بوو، سەرەتا بۆ داگیر کەرە ئیمپریالیستەکان و، دواتر بۆ ئەو بەکرێگیراوانەی فیکرو دید و سیاسەت و ڕێبازیان لە داگیر کەرانەوە وەرگرتبوو... ئیتر لە هەموو لایەکی ووڵاتی موسوڵمانانەوە شەڕی سەخت بەرپا کرا، داگیرکەران بە هەموو توانای خۆیانەوە پشتی بەکرێ گیراوانیان گرت و کردیانن بە شت،

---

يَرْفَعُهَا إِذَا شَاءَ أَنْ يَرْفَعَهَا ثُمَّ تَكُونُ مُلْكًا جَبْرِيَّةً فَتَكُونُ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ تَكُونَ ثُمَّ يَرْفَعُهَا إِذَا شَاءَ أَنْ يَرْفَعَهَا ثُمَّ تَكُونُ خِلَافَةً عَلَى مِنْهَاجِ النُّبُوَّةِ ثُمَّ سَكَتَ).

موسوڵمانانیش بە دینەکەیانەوە لە پاشەکشەی ژیان و مردندا بوون. تا ئەو ئیسلامە مەزنە ئاوا لە وولاتی خۆیدا بە نامۆیی مایەوە!!

لە تین و تەوژمی ئەم هۆکارانەوە بوو، کە ناچار بووم ئەم کتێبە بەو شێوە بەرفراوانە بنووسم، بە چاکیشم زانی بابەتەکە بکەمە چوار باس:

١- ڕوکنەکانی ئیسلام.

٢- بەرنامەی کۆمەڵایەتی و ڕەوشت.

٣- پرۆگرامە گشتیەکان.

٤- پاڵپشتەکانی ئیسلام.

دەمانەوێت بەم شێوەیە لە ئیسلام بکۆڵینەوە، تا بە تەواوی ئیسلامەکە بخەینە ڕوو، تا خوێنەران لە ئیسلامەکە تێبگەن، کە هاوەڵ قبووڵ ناکات و ئەو کەسەش بە موسوڵمان ناناسێت کە بۆی بڕیار دەدات. دیسان تا ئەوە ڕوون بێتەوە، کە موسوڵمان کێیەو دیدو ڕێبازو ڕەوشتی موسوڵمانانە کامەیە؟!تا هەموو کەسێکیش ڕۆڵی خۆی و بەرپرسێتی خۆی چاو لێ بێت و، بزانێت چ هەڵوێستێکی بەرپرسانە دەگرێتە بەرو، چیشی دەکەوێتە ئەستۆ؟!

هیواداری بە خوێندنەوەی ئەم بابەتانە، زۆرینەی لایەنەکانی ئیسلاممان بۆ دەرکەوتبێت و ئاینەکەی خۆمان ناسیبێتەوەو، خۆشمان وا ئاراستە کەین، کە هەموو هەڵس و کەوتێکمان لەگەڵ ڕێنماییەکانی شەریعەتەکەماندا یەك بگرێتەوە.

## ڕێڕەوێك بۆ ڕوكنەكان

پێنج ڕوكنەكان كۆڵەگەی تیۆرو كردەوەیی هەموو ئیسلامن، شایەتمان بناغەی تیۆری و كردەوەیی موسوڵمانێتیە، ئەو كەسەی بڕیاری لەسەر شایەتمان (لَا إِلٰهَ إِلَّا اللّٰهُ مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللّٰهِ) نەدا بێت، كە هیچ پەرستراوێك نییە شایانی پەرستن بێت، جگە لە خوای گەورە و، محمدیش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نێرراوی خوایە، بە موسوڵمان دانانرێت، بۆیە شایەتمان بە یەكەم ڕوكن دانراوە. چوار ڕوكنەكەی تریش هەر یەكەیان بناغەی لایەنەكانی تری ئیسلامن...

**نوێژ:** بناغەی تیۆرو كردەوەیی هەموو لایەنی پەرستنە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، كە تەنها خوای گەورە شایانی پەرستنەو، هەر ئەویش چۆنیەتی پەرستنەكانی بۆ دیاری كردووین، چ خودی نوێژ بێت، چ زیكرەكانی تری خوا، وەك پاڕانەوەو قورئان خوێندن و تەسبیحات و... هتد، ئەم مانایانەش هەموویان لە نوێژەكەدا هەن، بۆیە پەرستن بە بێ نوێژ كردن هیچ نییە...

**زەكاتیش:** بناغەی تیۆری و كردەوەیی ئیسلامی لایەنی سامان و داراییە، سامان و ماڵ هی خوان، مرۆڤیش جێنشینی خوایەو بەكاری دەهێنێت (لە ئەسڵدا هی خۆی نییە) بۆیە پێویستە مرۆڤ سامانەكەی - بە پێی ئەو نەخشەو ڕێبازەی، كە خوا بۆی دیاری كردووە - بەكار بهێنێت، كەوابوو زەكات بناغەی تیۆری و كردەوەی ئەم هەموو لایەنانەی كاروباری داراییە، ئەگەر كەسێك بە زەكاتدان خۆی تەسلیم بە خوای گەورە نەكات، ئەوە هیچ كاتێك لایەنی كۆكردنەوەی سامان و خەرج كردنی، ناداتە دەست شەرعی خواو تەسلیمی فەرمانی خوا نابێت.

**ڕۆژوو:** بناغەی تیۆری و كردەوەیی خۆڕاگرتنە لەسەر ئەو فەرمانانەی خوای گەورە، كە لە ئیسلامدا هەن، خوای پەروەردگار، خۆڕاگرتنی دەروونی كردۆتە دەروازەی چونە

بەهەشت، وەك خۆی دەفەرموێ: (قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا * وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا) الشمس/٩-١٠واتە: ئەو كەسە شادو دڵخۆش دەبێت، كە دەروونی پاك دەكاتەوەو دەروونی بەرز رادەگرێت. ئەو كەسەش كە دەروونی بە چڵكی خراپەكاری ڕەش كردۆتەوە بە هیلاك دەچێت. هەروەها دەفەرموێ: (وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَى * فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوَى)النازعات/٤٠-٤١ واتە: بەڵام ئەو كەسەی لە خوای خۆی دەترسێت و دەروونی لە نەفس و نەوس و هەواو هەوەس دەگرێتەوە، بەهەشت جێگەیەتی... دەروون گرتنەوە بریتییە لە پاراستنی دەروون لە نەوس و ئارەزووە حەرامەكان و دابین كردنی لەسەر خووڕەوشتی پیرۆزو بەرز، واتە ڕاگرتنی دڵ و دەروون لەسەر هەموو فەرمانەكانی خوا، بۆیە رۆژوو گرتن بناغەی تیۆری و كردەوەیی هەموو ئەمانەن... چونكە ڕۆژوگرتن خۆگرتنەوەیە لە خواردن و خواردنەوەو بەكارهێنانی ئەو ئارەزووانەی، كە لە بنەڕەتدا حەڵاڵن، ئەمەش بۆ مەشق پێ كردنی دەروونە، تا لە هەموو كاروبارێكی تردا خۆی ڕاگرێت...

**حەج كردن:** بناغەی تیۆری و كردەوەیی ڕەنجدانە بۆ خوا، ڕەنجی گەشت و تێكۆشان بە سامان خەرج كردن لە پێناوی ڕەزامەندی خوا، چونكە خوای مەزن تێكۆشانی لە پێناوی خۆیدا -بە سامان و گیان - كردووە بە یەكێك لە فەرزەكانی سەر شانی موسوڵمان، حەجیش خۆ ڕاهێنانێكە لەسەر ئەو تێكۆشانە، بۆیە پێغەمبە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە بارەیەوە دەفەرموێ: (لَكِنَّ أَفْضَلَ الْجِهَادِ حَجٌّ مَبْرُورٌ) رواه البخاری[١] واتە: بەڵام باشترین جیهاد حەجێكی بێ هەڵەیە. هەروەها حەج -با حیكمەتی هەموو ڕوكنەكانیشی نەزانرێت- هەر بناغەی تیۆری و كردەوەیی پرۆگرامی سیاسی ئیسلامییە، چونكە . جگە لەوەی خۆ

---

[١] راستە. بوخاری (١٤٢٩)، موسلیم (١٢١). ئەمەش دەقی هەموو فەرموودەكە: (عَنْ عَائِشَةَ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، أَنَّهَا قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، نَرَى الْجِهَادَ أَفْضَلَ الْعَمَلِ، أَفَلَا نُجَاهِدُ؟، قَالَ: لَكِنَّ أَفْضَلَ الْجِهَادِ حَجٌّ مَبْرُورٌ).

تەسلیم کردنە بە خوا .لە ڕواڵەتیدا ئەوە دەردەکەوێت، کە موسوڵمانان یەك ئوممەتن، حەج کردن هێمای خۆ تەسلیم کردنی مرۆڤە بە خوا، لە هەموو ئەو فەرمانانەی، کە فەرموویەتی، یان توخن نەکەوتنی ئەو شتانەی ئەو بەرهەڵستی لێ کردووە.

هەر یەکێك لەم ڕوکنانە خزمەتی ڕوکنەکانی تر دەکات، هەمووشیان بۆ چەسپاندنی لایەنەکانی تری ئیسلام پەروەردە دەکەن. حەج کردن لە پەرستنە هەرە بەرزەکانە، هەروەها ڕۆژوو، هەروەها زەکات، هەموویان هەر خزمەتی یەك کێشە دەکەن، ئەویش هەست کردنی موسوڵمانە بە بارودۆخی برا موسوڵمانەکانی تری، هەموشیان دیسان هەر خزمەتی ئەوە دەکەن، کە موسوڵمان بە هەموو کیانیەوە دەبێت خۆی تەسلیم بە خوای پەروەردگار بکات. بێ چەندو چوون، بێ گلەیی و بۆڵە بۆڵ، بەڵکو بێ ئەوەی بشزانێت حیکمەت لەم فەرزە، یان لەو قەدەغە کردنی ئەو کارە، یان ئەو خواردنە چییە؟!

بەم ڕوکنانەو بەوانەش، کە وەکو لق و چڵ لێیان جیا دەبێتەوە، کەسێتی مرۆڤی موسوڵمان پەروەردە دەبێت، تا وای داڕێژێت بۆ ئەوە بشێت، کە بنیاتی ئیسلامەتی لەسەر ڕاگیر کرێت... بۆیە نابێت موسوڵمان وا بیر کاتەوە، کە دەتوانرێت ئیسلام -بێ ڕوکنەکانی- دامەزرێت!چونکە هەموو خانوویەك بە مانەوەی پایەکانیەوە بەندە، تا پایەکان پانترو بەهێزتر داڕێژرێن و بمێنن، خانووەکە چاکتر خۆ دەگرێت و زۆرتریش دەمێنێتەوە، بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر پایە، یان بناغەو دیواری خانوو ڕوخان، حەتمەن خانووەکەش دەڕمێت. کۆشك و تەلاری ئیسلامەتیش هەر وایە، لەم ڕوانگەوەیە، کە دەبێت پەروەردەی ئیسلامی لە زەمینەی ئەم ڕوکنانەدا بڕوێت، تا بتوانرێت ئیسلامی لەسەر ڕاگیر بکرێت، ئەمەی گرنگی ئەم پایانەی کە هەر هەموو ئیسلامەکەی لەسەر ڕاوەستاوە، ئیسلام بێ ئەمانە مومکین نییە، هەر وەکو چۆن مومکین نییە خانویەك بێ پایەو بناغەو دیوار دروست بکرێت.

بۆ ورد لێکۆڵینەوەو چاك تێگەیشتنی ئەم باسە بە باشمان زانیوە، کە پێنج پایەکە بە دوو بەرگ باس کەین: بەرگی یەکەم بۆ شایەتمان تەرخان کەین و، بەرگی دووەمیش بۆ چوار ڕوکنەکەی تر.

# ڕوكنی یەكەم

# ﴿شایەتمان﴾

## باسی یەكەم

## گشتگیریی واتای شایەتمان

### بڕگەی یەكەم: سەرنجێكی گشتی لە مانای شایەتمان:

١- پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێ:(مَنْ قَالَ: أَشْهَدُ أَنَّ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، وَأَنَّ عِيسَىٰ عَبْدُ اللهِ وَرَسُولِهِ وَكَلِمَتُهُ أَلْقَاهَا إِلَى مَرْيَمَ وَرُوحٌ مِنْهُ، وَالْجَنَّةَ حَقٌّ، وَالنَّارَ حَقٌّ، أَدْخَلَهُ اللَّهُ الْجَنَّةَ عَلَى مَا كَانَ مِنَ الْعَمَلِ)الشيخان.[1] واتە: هەر كەسێك شایەتی بدات، كە هیچ پەرستراوێك نییە شایانی پەرستن بێت، جگە لە خوای پەروەردگار، خواش تەنهایەو بێ هاوەڵە، شایەتیش بدات، كە محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەندەو نێرراوی خوایە، هەروەها عیسا بەندەو نێرراوی خوایەو و ئەو ووشەیە، كە بە خشیوێتی بە مەریەم، كە ڕۆحێكەو لە خواوەیە، شایەتی بدات، كە بەهەشت ڕاستەو دۆزەخ ڕاستە، هەر كارێكیشی كردبێت خوا هەر دەیخاتە بەهەشتەوە...

لە جێیەكی تردا دەفەرمووێ: (مَنْ شَهِدَ أَنْ لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللهُ وَأَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللهِ حَرَّمَ اللهُ عَلَيْهِ النَّارَ). موسلیم و هیتر[2] واتە: هەر كەس شایەتی بدات، كە هیچ شتێك جگە لە خوای گەورە شایانی پەرستن نییە و محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نێرراوی خوایە، خوای گەورە جەستەی لە ئاگری دۆزەخ قەدەغە دەكات و نایسوتێنێ.

هەروەها دەفەرمووێ: (أَتَانِي جِبْرِيلُ عَلَيْهِ السَّلَام، فَبَشَّرَنِي أَنَّهُ مَنْ مَاتَ مِنْ أُمَّتِكَ، لَا يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا، دَخَلَ الْجَنَّةَ، قُلْتُ وَإِنْ زَنَى وَإِنْ سَرَقَ قَالَ وَإِنْ زَنَى وَإِنْ سَرَقَ قُلْتُ وَإِنْ زَنَى وَإِنْ سَرَقَ قَالَ وَإِنْ زَنَى وَإِنْ سَرَقَ، ثَلَاثًا ثُمَّ قَالَ فِي الرَّابِعَةِ عَلَى رَغْمِ أَنْفِ أَبِي ذَرٍّ) رواه

---

[1] ڕاستە. بوخاری (٣٤٣٥)، موسلیم (٢٨).

[2] ڕاستە. موسلیم (٢٩)، ترمذي (٢٦٣٨)، ئەحمەد (٣١٤/٥)..

الشیخان.[١] واتە: جوبرەئیل هات و مژدەی دامێ، کە هەر کەسێك لە ئوممەتەکەت بمرێت، بەس هاوەڵی بۆ خوا پەیدا نەکردبێت، دەچێتە بەهەشت، ووتم: ئەگەر زیناو دزیشی کردبێت، ووتی: با زیناو دزیشی کردبێت، ووتم: با زیناو دزیشی کردبێت؟!ووتی: با زیناو دزیشی کردبێت، لە چوارەم جاردا فەرمووی: جا با ئەبوزەڕ هەر لالوت بێت...

هەروەها دەفەرموێ: (ثِنْتَانِ موجِبَتَانِ. قَالَ رَجُلٌ فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا الْمُوجِبَتَانِ؟ قَالَ: مَنْ مَاتَ يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا دَخَلَ النَّارَ، وَمَنْ مَاتَ لاَ يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا دَخَلَ الْجَنَّةَ) موسلیم.[٢] واتە: دوو هەڵوێست ماف پێویست دەکەن. کابرایەك پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەو دوو هەڵوێستە چین؟ فەرمووی: هەر کەسێك هاوەڵ بۆ خوا بڕیار بدات و بمرێت، دەچێتە ئاگری دۆزەخەوە، هەر کەسێکیش بمرێت و هاوەڵی بۆ خوا پەیدا نەکردبێت دەچێتە بەهەشتەوە.

٢- ئەوەی سەرەوە، کە هێنرایەوە گرنگی ئەم ڕوکنە دەخاتە ڕوو، ئەوە دەسەلمێنێت، کە ئیسلام بێ ڕوکنەکانی دانامەزرێت، شایەتمانیش بۆ ئیسلامەتی وەکو رۆحە بۆ لەش، بۆیە هەر کارێك لەم سەرچاوەیەوە وەرنەگیرابێت پووچەڵەو لای خوا هیچ نرخێکی نییە، لەبەر ئەوەیە، ئەگەر کافر هەزاران کاری خێر ئەنجام بدات لای خوا سەنگی پوشێکی بۆ ناکرێت. وەك دەفەرموێ: (وَقَدِمْنَا إِلَى مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاء مَّنثُوراً)الفرقان/٢٣ واتە: دامانەوە دەست ئەو کارو کردەوانەی، کە کردبوویانن، کە ئێمە کردبوومان بە تۆزو خۆڵ!!

---

[١] راستە. بوخاری (٥٤٨٦)، موسلیم (٩٤).

[٢] موسلیم (٩٦)، ئەحمەد (١٤٧٧٨) بەیهیقی (١٢٩٢٦).

تەنانەت موسوڵمانیش ئەگەر ئیشێکی کرد، دەبێت گیانی ئەم شایەتمانەی تێدا بێت، وە ئەگەر نا، خوای گەورە وەری ناگرێت، وەکو پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى، فَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إِلَى دُنْيَا يُصِيبُهَا، أَوْ إِلَى امْرَأَةٍ يَنْكِحُهَا، فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجَرَ إِلَيْهِ)متفق عليه.[1] واتە: حوکمی هەموو کردەوەیەك بە گوێرەی نییەتی دڵە، هەر کەسەش ویستێکی هەیە، ئەوی مەبەستی خواو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بێت ئەوە نییەتی خواو پێغەمبەرەکەیەتی (و بۆی دەنوسرێت) هەر کەسێکیش مەبەستی شتێکی دنیایی بێت، یان مەبەستی ئافرەتێك بێت بیخوازێت، ئەوەش نییەتەکەی هەر بۆ ئەوانەیە... یان دەفەرموێ: (مَنْ تَعَلَّمَ عِلْمًا مِمَّا يُبْتَغَى بِهِ وَجْهُ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ لَا يَتَعَلَّمُهُ إِلَّا لِيُصِيبَ بِهِ عَرَضًا مِنْ الدُّنْيَا لَمْ يَجِدْ عَرْفَ الْجَنَّةِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ).[2] رواه ابو داود باسناد صحيح واتە: هەرکەس زانستییەك لەوانەی لەبەر خاتری خوان، فێر ببێت، تا دوایی بە سەروەت و سامانی دنیایی بگۆڕێتەوە لە ڕۆژی دواییدا بۆنی بەهەشتی بەسەردا نایەت.

٣-خوای گەورە لە مەدحی یاوەرانی پێغەمبەردا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (فَأَنزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَى رَسُولِهِ وَعَلَى الْمُؤْمِنِينَ وَأَلْزَمَهُمْ كَلِمَةَ التَّقْوَى وَكَانُوا أَحَقَّ بِهَا وَأَهْلَهَا) الفتح/٢٦واتە: خوا فەرمانی پابەند بوونی بە شایەتمانەکەوە پێدان، قابیلی ئەوەش بوون، بەڕاستیش پیاوی ئەو دەرچوون!

بە بێ ئەو شایەتمانە نە لە خواترسان دێتە دی، نە قبوڵ کردنی کارو کردەوەش، خوای گەورە دەفەرموێ: (قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللّهُ مِنَ الْمُتَّقِينَ)المائدة/٢٧ واتە: خوا تەنها لە موسوڵمانە پارێزکارەکانی قبووڵ دەکات. بۆیە دەبێت ئێمەش لە هەموو شتێك زیاتر

---

[1] راستە. بوخاری (١)، موسلیم (١٩٠٧).

[2] ئەبوداوود (٣٦٦٤)، ئیبنوماجە (٢٥٢)، ئەحمەد (٨٤٥٧)، ئیبنوئەبی شەیبە (٥٤٣/٨). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح سنن أبي داود) و لە: (مشكاة المصابيح/٢٢٢)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

لەسەر شایەتمانەکە سوور بین، ئەوپەڕی هەوڵمان بۆ حاڵی بوون و چەسپاندنی ئەو بێت، چونکە هەر ئەو گرنگترین شتێکە، کە شایانی ئەوەیە تەمەنی خۆمانی بۆ سەرف کەین. دەبێت بەو شێوەیەش بیزانین و لێی تێ بگەین، کە خوای گەورە ویستوێتی، وەك دەفەرموێ: (فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله)محمد/١٩ واتە:دەبزانە کە هیچ خوایەك شایانی پەرستن نییە، جگە لە خوای گەورە. جا ئەگەر بە ڕێك و پێکی ئەم شایەتمانەمان وەرگرت و داواکاریەکانیمان هێنایە دی، حەتمەن ئەو بەروبوومەشیمان لێوە دەست دەکەوێت، کە خوای گەورە وەسفی کردووەو دەرهەق فەرموویەتی: (كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ * تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّهَا)ابراهیم/٢٤-٢٥واتە: ووشەی حەق وەکو درەختی بە بەرهەمە، کە لق و پۆپەکانی بە ئاسماندا پەرش و بڵاوو ڕەگەکانیشی بە ناخی زەویدا ڕۆچوون، کە بەروبومی گەییوو و جوانی خۆی بە فەرمانی خوا لە هەموو کاتێکدا دەدات...

٤-دوو ڕستەکەی شایەتمان لێك جوێ ناکرێنەوە، چونکە بڕیاری(لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله) تەواو کەری بڕیاری محمد (رَسُولُ الله)یە. چونکە: (لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله) هەروەکو دواتر شی دەکەینەوە چەندین فەرمان و نەهی پێوە بەندە، کە بە هۆی پێغەمبەرەوە نەبێت نازانرێت، چەندەها ماف و ئەرك هەن، کە ئەو(لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله) فەرزی دەکەن، بەڵام ڕونکردنەوەی هەمووی، یان دیاریکردنی چۆنیەتی و شێوازی ئەنجامدانی ئەوانە، هاتنی پێغەمبەران دەخوازێت... سەدان بەڵگەی ئەقڵی و نەقڵی هەیە، کە پێغەمبەرێتی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەسەلمێنێت، کەوابوو بە هەردوو ڕستەکان شایەتمانەکە تەواو دەبێت، ئەمەشمان زیاتر لە ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەی واتای: لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله دا دەکەوێتە بەرچاو.

## بڕگەی دووەم

## وردەکاریی مانای ووشەی (اَلإِلَهْ):

مانای ووشەی (إله: ئەلف و لام و هاء) لە فەرهەنگەکانی زماندا ئاوا هاتووە:

أَلِهْتُ الى فلان: لای فڵان کەس ئاسوودە بووم، دڵ ڕاحەتیم چنگ کەوت.

أَلِهَ الرَّجُلُ يِألَهُ: چووە پەنای کابراو بوو بە دراوسێی.

اِلِهَ الرَّجُلُ الى الرَّجُلِ: چونکە زۆر تامەزرۆی کابرا بوو، ڕووی هەر لەو کرد.

أَلِهَ الفَصيلُ بِأمِهِ: زۆر دایکی خۆش دەویست بۆیە هۆگری لای ئەو بوو.

لاهَ يَليهُ لَيهَاً: لەبەر چاو نەما، داپۆشراوە.

ڕێسایەکی زمانی عەرەبی هەیە دەڵێت: ئەو وشانەی یەك ڕەگ و ڕیشەیان هەیە، پەیوەندی لە نێوان ماناکانیاندا هەیە، واتە ماناکانی بەیەکەوە پەیوەست دەبنەوە، کە تەماشای ئەو مانایانەی سەرەوەی (اله) دەکەین ئێمەش هەست بەو پەیوەندیە دەکەین، کە وا لە نێوان ماناکانیدا. تێبینی بکە: من ناچمە پەنای هیچ کەسێك، یان نابمە هاوسێی کەسێك (بێگومان گەر ناچار نەبوو بم) تا خۆشم نەوێت و دڵم لای ئەو نەحەوێتەوە، کە دەشبینم لە خۆم بەدەسەڵاتترو بەهێزترە زیاتر حەز بە کەناری ئەو دەکەم و لە داڵدەی ئەودا هەست بە ئاسوودەیی دەکەم... بۆ خوای گەورەش وا دەبین، زۆر زیاتریش! خوا خاوەن تواناو دەسەڵاتی تەواوەو پەکی لە هیچ شتێك ناکەوێت، خاوەن بەزەیی و لوتفەو خۆشەویستە، بەندە حەز دەکات بچێتە کەناری ئەوو هانا بۆ ئەو ببات، تا چاکتر لێی نزیك بێتەوە زیاتر حەز بە دیداری دەکات و هۆگری کەناری دەبێت، خوا غەیبەو نابینرێت چەندین پەردەی نەزانی و نەتوانی و ئیدراك نەکردن لە نێوان ئێمەو ئەودا هەیە. کەوابوو کە ووتمان: (لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللهُ) ئەوە دەگەیێنێت، کە دەڵێین: کەس نییە لە خۆشەویستیدا بیپەرستین پەنای ببەینە لاو داڵدەمان بدات و لە خۆیمان نزیك کاتەوەو ئاسودەییمان

لای دەست کەوێت، مەگەر خوای گەورە... قورئانیش بەم سیفەتانەوە خوای کردگارو پەروەردگارمان پێ دەناسێنێت تا بیپەرستین:

١- (أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ)الرعد/٢٨ واتە: ئیدی هەر بە زیکر و یادی خوایە، کە دڵ ئاسودە دەبێت. یان: (فَتَوَكَّلُواْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ) المائدة/٢٣ واتە: ئەگەر ڕاست دەکەن و موسوڵمانن، دە پشت بە خوا ببەستن...

٢- (وَأَنَّهُ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ الْإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِّنَ الْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقاً)الجن/٦ واتە: بەڵێ لە مرۆڤدا پیاوی وا هەبوو پەنای دەبردە بەر پیاوی جنۆکە! ئەوانیش بە ترس و بیم هێندەی تریان بار دەکردن! یان: (وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَداً) الجن/١٨واتە: مزگەوتەکان هی خوان، ئێوەش هاوار بۆ کەسی تری غەیری خوا مەبەن...

٣- (وَالَّذِينَ آمَنُواْ أَشَدُّ حُبّاً لِّلّهِ)البقرة/ ١٦٥ واتە: ئەوانەی باوەڕیان هێناوە خوایان زۆر زیاتر خۆش دەوێت: (يُحِبُّهُمْ وَيُحِبوونهُ)المائدة/٥٤ واتە: خۆشی دەوێن و ئەوانیش خوایان خۆش دەوێت، خۆشەویستی پێغەمبەریش لە پاش خۆشەویستی خوای گەورە دێت، ئەویش بەو ڕادەیە، کە خوای گەورە خۆی مۆڵەتی پێداوە، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خۆی دەفەرموێ: (أَحِبُّوا اللَّهَ لِمَا يَغْذُوكُمْ مِنْ نِعَمِهِ وَأَحِبُّونِي بِحُبِّ اللَّهِ وَأَحِبُّوا أَهْلَ بَيْتِي لِحُبِّي) الترمذي وحسنه.[١] واتە: خواتان خۆش بوێت، چونکە ئەم هەموو نازو نیعمەتانەی

---

[١] ترمذي (٣٧٨٩)، شێخی ئەلبانی رحمه الله لە (ضعيف الجامع الصغير/١٧٦)دا دەفەرموێ: زەعیفە. ئاشکرایە کە بە زەعیف دانانی فەرموودەکە لە قەدرو ڕێزی ئەهلولبەیت کەم ناکاتەوە، مەسەلەی حوکم لەسەر فەرموودە کارێکی زانستی رووتە، ئەگینا خۆ دەیان فەرموودەی تر لەسەر گەورەیی ئەهلولبەیت لە بوخاری و موسلیمدا هەیە، لەسەر فەزڵیان یان لەسەر فەرزێتی خۆشویستنیان. زانایان کتێبیان لەسەر ئەم بابەتە زۆر نووسیوە وەکو: ئیمامی ئیبنو تەیمییە: حقوق أهل البيت بين السنة والبدعة/ توێژینەوەی ابو تراب الظاهری، یان لە مجموع الفتاوی (ب٣ لا ٤٠٧) وە لە الوصية الكبرى (لا ٢٩٧) یان لە (درجات اليقين لا ١٤٩) یان (اقتضاء الصراط المستقيم لا ٧٣) یان (رأس الحسين) هەروەها ئیبنول القەییم لە (جلاء الافهام) یان تەفسیری ئیبنو کەثیر ٤٨٣/٣ و سەدانی تر...

پێ بەخشیوون، منتان خۆش بوێت، چونكە خوا خۆشی دەوێم، كەس و كاری منتان خۆش بوێت چونكە من خۆشم دەوێن...

٤- (قُلْ أَفَغَيْرَ اللَّهِ تَأْمُرُونِّي أَعْبُدُ أَيُّهَا الْجَاهِلُونَ * وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ * بَلِ اللَّهَ فَاعْبُدْ وَكُن مِّنْ الشَّاكِرِينَ) الزمر/٦٤-٦٦ واتە: بڵێ هۆ گەلۆرینە، هەی نەفامینە، دەتانەوێت غەیری خوا بپەرستم؟!وەحی بۆ تۆش و بۆ ئەوانەی پێش تۆش هاتووە، كە ئەگەر هاوەڵ بۆ خوا بڕیار بدەیت هەموو كردەوەكانت هەڵدەوەشێتەوەو مایە پووچ دەبیت، حەتمەن دەكەویتە ڕیزی زەرەرمەندانەوە، شتی وا نەكەیت، خوای خۆت بپەرستەو خۆ بخە ڕیزی سوپاسگوزارانەوە.

ئەگەر یەكێك لە ماناكانی زاراوەی (إله: خوا) بریتی بێت لە (المعبود: پەرستراو) كە ئەمەش مانایەكی سەرەكیەتی، با بزانین ووشەی (المعبود) خۆشی چی دەگەیێنێت:

ڕەگ و ڕیشەی (عبد: ع ب د) لە زمانەوانی عەرەبیدا بەم شێوەیە:

١- العبد: بەندە: كۆیلەیە: مرۆڤی كڕاوی پێچەوانەی مرۆڤی سەربەستە، خوای گەورە لەسەر زمانی موسا پێغەمبەر دەگێڕێتەوە: (وَتِلْكَ نِعْمَةٌ تَمُنُّهَا عَلَيَّ أَنْ عَبَّدتَّ بَنِي إِسْرَائِيلَ)الشعراء/٢٢واتە: هەرچی نیعمەتێكم پێ ببەخشیت بایی ئەوە نابێت تۆ بەنو ئیسرائیلیەكانت كردووە بە كۆیلەی خۆت.

٢- العبادة: پەرستن: گوێ ڕایەڵی كردنی فەرمانە (بە ئەنجامدان یان بە واز لێ هێنان) لەگەڵ ملكەچیدا. وەك خوای گەورە، كە دەفەرموێ: (أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَا بَنِي آدَمَ أَن لَّا تَعْبُدُوا) یس/٦٠ واتە: ئەی نەوەی ئادەم، مەگەر من بەڵێنی ئەوەم لێ وەرنەگرتن، كە گوێڕایەڵی فەرمانەكانی شەیتان نەكەن و بۆی ملكەچ نەبن؟!

٣- المعبد: مەزن و بەڕێز: شاعیرێك دەڵێت: (أَرَى الْمَالَ عِنْدَ البَاخِلِينَ مُعَبَّدَا)واتە: ئەرێ من سەروەت و سامان دەبینم، لای پیسکەو چاوچنۆکان زۆر بەڕێزە!.

٤- عبد بە: لەگەڵێدا مایەوەو لێی جوێ نەبۆوە.

٥- ما عبدك عنی؟: چی لە منی بەند کردوی؟!

ئەگەر سەیری بنچینەی ئەم مانا جیاوازانەش بکەین، دەبینین پەیوەندی تەواو لە نێوان ماناکاندا هەیە: من کە بومە کۆیلەی کەسێك، هەر دەبێت بەردەوام لە خزمەتیدا بم و لەگەڵیدا بێم و بچم، حەتمەن دەبێت بە گەورەو مەزنی خۆشمی دابنێم وگوێ ڕایەڵی فەرمانەکانی بم و بە ملکەچییەوە جێبەجێیان کەم، دەبێت واز لە سەربەستی و هەڵبژاردن و سەرپشکی خۆم بهێنم بۆ ئەو... کە مادام مانای ووشەی (المعبود: پەرستراو) یەعنی: خاوەنێکی گوێ بۆ ڕایەڵ کراوی بە گەورەو مەزن ناسراوە، کەوابوو، کە دەڵێین: هیچ خوایەك نییە شایانی پەرستن بێت جگە لە خوای گەورە، یەعنی: نە هیچ خاوەنم غەیری خوای گەورە هەیە، نە گوێڕایەڵی کەسی تری غەیری ئەو دەکەم، نە کەسێکی تریش هەیە من ئەوەندەی ئەو بە گەورەو مەزنی بزانم، نە کەسیش هەیە هەمیشە لە خزمەتیدا بم، جگە لە خوای گەورە.

کە سەرنجیش دەدەینە قورئان دەبینین، کە ئەم سیفەتانە تەنها هی خوان:

١- (قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ * مَلِكِ النَّاسِ * إِلَهِ النَّاسِ)الناس/١-٣ واتە: بڵێ: پەنا دەگرم بە خاوەن و پەروەردگاری خەڵکی، بە پاشای خەڵکی، بەخوای خەڵکی. هەروەها: (وَلِلّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ) آل عمران/ ١٨٩ واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەمیندان هەر هی خوای گەورەن.

٢- (قُلْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ)آل عمران/٣٢ واته بڵێ: گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوا بکەن یان: (مَّنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللّهَ) النساء/٨٠ واتە: هەر کەس گوێ ڕایەڵی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بکات، ئەوە گوێڕایەڵی خوای کردووە.

٣- (وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ) البقرة/٢٥٥واتە: گەورەو مەزن، هەر خوایە.

٤- (اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ) آل عمران/١٠٢ واتە: بە ڕاستی لە خوا بترسن و پابەند بن بە موسوڵمانێتیەوە، تا بە موسوڵمانێتیش بمرن...

بەرامبەر ووشەی (الالوهية: خوایەتی) ووشەی (الربوبية:پەروەردگارێتی) هەیە، (المعبود)یش بریتییە لە (الرب الاله) واتە هەم خاوەن و پەروەردگارە، هەم پەرستراویشە، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ: (قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ * مَلِكِ النَّاسِ * إِلَهِ النَّاسِ)الناس/١-٣ واتە: بڵێ: پەنا دەگرم بە خاوەن و پەروەردگاری خەڵکی بە پاشای خەڵکی، بە خوای خەڵکی. دەی با ئینجا بزانین ووشەی پەروەردگار (الرب: راء، باء) لە زمانەوانی عەرەبیدا بە چەند و چ مانایەك هاتووە:

١- رَبَّ الولدَ و رَبَّ الضَّيعَةَ: منداڵەکەی پەروەردە کرد، بە خەم زەویەکەوە بوو (کێڵگەکەی بایەخ پێدا).

٢- رَبَّ فلانُ قومَهُ: فڵان کەس حوکمی هۆزەکەی کرد، رَبَبْتُ القَومَ: هێنامنە ژێر رکێفی خۆم(فلانُ يَرُبَّ الناسَ) کابرا خەڵکی کۆ دەکاتەوە، بە شوێنی کۆبوونەوەکەش دەوترێت: (المَرَبُّ).

٣.رَبُّ الدَّارَ ورَبُّ الإبِلِ: خاوەن خانووەکەو خاوەن وشترەکە. وەکو لە حەدیسدا هاتووە: (أرَبُّ غَنَمٍ أمْ رَبُّ إبِلٍ؟) ئایا خاوەن مەڕەکانیت یان خاوەن وشترەکان؟

سەرنجدە پەیوەندی نێوان ماناکان: دەبینیت ئەو کەسەی، کە خاوەن شتێکە بۆی هەیەو دەتوانێت وەپێش خۆیدا یان لێی خوڕێت، یان سەرکردایەتی بکات، دەسەڵاتی حوکمیشی

به سەریدا هەیە، خۆشی کارگێڕو بەڕێوەبەری ئەو شتەیەو سەرپەرشتی دەکات و بەخەمیەوەیەتی.

خوای پەروەردگاریش هەر وایە: خۆی کردگارو خوڵقێنەری هەموو شتێکەو هەر ئەو خاوەنی هەموو شتێکە، گەورەو مەزن و دەسەڵاتدارەو بە ماناکانی سەرەوەش پەروەردگارە، ئەو هەموو کاروباری گەردوون ژیان دەبات بەڕێوە.

گەر سەرنجیش بدەینە قورئانی پیرۆز، دەبینین ئەمانەی هەموو هەر بۆ خوای گەورەو بەکارهێناوەو بەس، وەك دەفەرموێ: (أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ)الأعراف/٥٤ خوڵقاندن و فەرمان هەر لە دەست خوادایە (واتە فەرمانی گەردوونی و یاسا دانان) هەروەها: (إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلّهِ)الأنعام/٥٧ حوکم دەرکردن هی خوایە و بەس. یان: (الْحَمْدُ للّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) الفاتحة/١سوپاس بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان. فیرعەونیش لە موسای دەپرسی: (قَالَ فِرْعَوْنُ وَمَا رَبُّ الْعَالَمِينَ * قَالَ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا إن كُنتُم مُّوقِنِينَ) الشعراء/٢٣-٢٤ واتە: فیرعەون وتی: خوای پەروەردگاری جیهانیان کامەیە؟!موسا فەرمووی: خوای پەروەردگاری جیهانیان، خوای ئاسمانەکان و زەمینە و،هەرچی کە لە نێواندایە، دەی ئەگەر ڕاست دەکەن و باوەڕی یەقینیتان هەیە.

لەم لێکۆڵینەوەیەوە ڕون دەبێتەوە، کە کاتێك ئەو کەسەی، کە دەڵێت: (لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللهُ) وەك ئەوەیە، کە بڵێت: نە کردگارێك، نە پەرستراوێك، نە خاوەنێك، نە خۆشەویستێك، نە ئاسودەیی نە پەنایەك، نە داڵدەدەرێك، نە دەسەڵاتێك، نە مەزنێك، نە مل بۆ کەچ کراوێك هەیە، جگە لە خوای گەورە... بۆیە پشت بە خوا فەرزە(واجبە)، پەنابردنە بەر غەیری ئەو شیرکە... پەرستن بۆ ئەو نەبێت نابێ، نابێت بە هیچ شێوەیەکی بۆ غەیری ئەو ئەنجام بدرێت... ئەو شایانی ئەو گەورەیی و پەرستنەیەو بەس... پەنا دەبرێتە بەر ئەو، چونکە هەر ئەو دەسەڵاتی موتڵەق و ڕەهای بەرفراوانی هەیە، توانای ئەو سنوری نییە،

لەبەر ئەوەشە، كە تەنها ئەو مافی یاسادانانی هەیە، ئەو حوكم دەكات و فەرماندان و بەرهەڵستی كردن تەنها هی ئەوە، كەس غەیری ئەو، مافی ئەوەی نییە شتێك حەڵاڵ یان حەرام كات، كەسی غەیری ئەو بۆی نییە بەرنامەو ڕێبازی خەڵكی دیاری بكات، چونكە هەموو سیفەتەكانی ئەو تەواون و تەنها ئەویش وایە... پاكی و بێگەردی بۆ خوا (سبحان الله)...

هەر كارێك یان سیفەتێك لە مانەی سەرەوە بدرێتە كەسێكی تر، یان یەكێك بۆخۆی زەوت كات، یان ئیدیعای بكات، كە هەیەتی، بە كافر دەژمێررێت. خوای پەروەردگار دەفەرموێ: (قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُواْ بِاللّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَاناً وَأَن تَقُولُواْ عَلَى اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ) الأعراف/٣٣ واتە بڵێ: خوا هەموو كردەوەیەكی بەدو ناپەسەندی یاساغ كردووە، چ بە ئاشكرا بكرێت، چ بە پەنهانی، هەروەها هەموو جۆرەكانی گوناح و تاوان و دەستدرێژی ناهەق، دیسان یاساغی كردووە كەستان هاوەڵێك بۆ خوا بڕیار بدەن، كە ئەو خۆی هیچ ئاماژەیەكی پێ نەكردبێت و، ئێوەش هیچ بەڵگەیەكتان لەسەری بەدەستەوە نەبێت، لە وانەی خوا ناردوێتیە خوارەوە، دیسان خوای گەورە ئەوەشی یاساغ كردووە، كە قسەیەك - كە خۆشتان نایزانن - بەدەم خواوە هەڵبەستن.

پاش ئەوەی مانای(لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه)مان زانی، پێویستە مانای ووشەی (أشهَدُ: بڕیار دەدەم) بزانین كە(أشهَدُ) لە زمانی عەرەبیدا بە سێ مانا هاتووە:[1]

---

[1] گەر نوسەر بیگوتایە بە سێ تەوەرە مانا هاتوون، ڕەنگە زیاتر بیپێكایە. چونكە ماناكانی أشهدُ لەوە زیاترن، بۆ نموونە لە مانای (حَضَرَ: ئامادە بوو) + (رأى: بینی) = عَلِمَ: زانی،ئەمەشیان... دوای زانین: (علَّم: فێری كرد) + (بيَّن: ڕوونی كردەوە) + (أقرَّ: دانی پێدا نا: ئیعتیرافی پێ كرد)+ ئەمە شەش مانا. ئینجا (أقرَّ: ئیعتیرافی پێكردو بڕیاری لەسەردا) + (قضى: داوەری كرد)= حَكَمَ: حوكمی دائەمەش نۆیەم مانای!! ئێرە جێگای ئەم باسە نییە ئەگینا ئایەتەكانیشم بەسەر هەر یەكێك لەم مانایانە دەهێنایەوە، تا بزانیت، كە دەڵێیت أشهدُ بە ڕاستی شایەتیتداوە؟ یان هەر قسەی سەر زمانتە!! جا بزانە زمانی قورئان چەند قوڵ و بەهێزە لە داڕشتن و دەربڕینی مانادا.

١- به مانای بینین: وەك قورئان دەفەرموێ: (يَشْهَدُهُ الْمُقَرَّبوون)/٢١ واتە: ئەوانەی نزیککراوەن، دەیبینن.

٢- به مانای شایەتی دان: وەك دەفەرموێ: (وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِّنكُمْ)الطلاق/٢ واتە: با دوو کەسی دادپەروەرتان شایەتیەکە بدەن.

٣- به مانای سوێند: وەك دەفەرموێ: (إِذَا جَاءكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبوون * اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ) المنافقون/١-٢ واتە: کاتێك دوو ڕووەکان دێن بۆ لات، دەڵێن: شایەتی دەدەین، کە تۆ نێرراوی خواییت - خوا خۆی دەزانێت کە تۆ پێغەمبەری خوایت - بەڵام شایەتی ئەوەش دەدات، کە دوو ڕووەکان درۆزنن، سوێند خواردنەکانیان دەکەنە قەڵغانی سەر سەریان!!

شەرعناسانی حەنەفی دەڵێن: هەر کەس بڵێت: ئەشهەدو: به سوێند لەسەری حسێبە.

لەم مانایانەوە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانیاندا هەیە: کەسێك کە بڕیار لەسەر شتێك دەدات، ئامادەشە سوێندی لەسەر بخوات، چونکە لێی دڵنیا بووە، بۆیە لە حەدیسیشدا هاتووە: (عَلَى مِثْلِ الشَّمْسَ فَاشْهَدْ أو دَعْ).[1] واتە: شتێك وەکو خۆری ڕوون لێت ئاشکرا بوو، ئینجا شایەتی لەسەر بدە، یان وازی لێ بهێنە...

کەوابوو هەر بەوەندەی کەسێك شایەتمان بێنێت نابێتە موسوڵمان!چونکە دەبێت لەگەڵ شایەتمانەکەیدا ئەم مەرجانەی تێدا هاتبنە دی:

---

[1] نوسەر دەفەرموێ: زەیلەعی هەر بەو لەفزانە لە کتێبی (نَصْبُ الراية)کەی خۆیدا گێڕاوێتیەوە و فەرموویەتی: (بەیهیقی لە (السُنَن)ە کەیدا تۆماری کردووە). حاکم لە:(المستدرك/٤/١١٠)، بەیهیقی لە: شعب الإيمان (٧/٤٥٥) بەڵام ئیمامی ذەهەبی بە زەعیفی داناوە: (بڕوانە: التلخيص الحبير (٤/١٩٨).

١- باوەڕكردن و قەناعەت كردن لە ناخی دڵ و دەروون و ژێرییدا بەوەی، كە هیچ شتێك شایانی پەرستن نییە جگە، لە خوای پەروەردگار ..

٢- دەربڕین و ئاشكرا كردنی ئەو قەناعەت و بڕیارە بە زمان.

٣- دڵنیایی بنوێنێت و دوور بێت لە دوودڵی و ڕاڕایی.[1]

هەر كەسێك لەبەر هەواو فیز و لوت بەرزی خۆی، بە زمان شایەتمانەكەی نەهێنا، كافرە، ئەوی شایەتمانەكەی هێنا، بەڵام لە ناخیدا قەناعەتی بۆ دانەمەزرا بوو ئەوە دووڕوو (مونافیق)ە.

مرۆڤ تا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەناسێت و پێوەی پەیوەست نەبێت، بە موسوڵمان ناژمێررێت، چونكە بە هۆی ئەوەوە دەبێت ئەو ڕێبازە بگرێتە بەر، كە لەگەڵ شایەتمانەكەدا یەك دەگرنەوە، ئەگینا مرۆڤ بێ پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گومڕا دەبێت، لە خوا ناسیندا دەكەوێتە سەرگەردانیەوە، لەبەر ئەوەیە، كە ناسینی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەقەدەر ناسینی خوای گەورە پێویستە، كەس مافەكانی خوای گەورە بە تەواوی نازانێت و پێیانەوە پابەند نابێت، ئەگەر پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەناسێت و شوێنی نەكەوێت، لەم هۆكارەوەیە، كە خوای گەورە ئەو كەسە بە كافر دادەنێت، كە باوەڕ بە نێرراوان و پێغەمبەرانی ترو، بە پێغەمبەرێتی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەهێنێت... خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُواْ بَيْنَ اللّهِ وَرُسُلِهِ وَيقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُواْ بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلاً * أُوْلَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقّاً وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَاباً مُّهِيناً)النساء/١٥٠-١٥١ واتە:

[1] لەبەر ئەوەی نووسەری ڕەحمەتی حەنەفی بوو (حەنەفیەكانیش لە عەقیدەدا ماتۆریدین) كردار بەلایانەوە بەشێك نییە لە هەبوونی باوەڕ. چونكە لای ئەوانی تر هەبوونی باوەڕ بە سێ بەشە: قەناعەتی دڵ، بڕیاری زمان، كردەوە ئەنجامدان، ئیمامی شافیعی دەفەرموێ: هیچ یەكێك لەم سێیە لە دوانەكەی تر دانابڕێن، كە دابڕان باوەڕ نامێنێت..

ئەو کەسانەی کافرن و باوەڕیان بە خواو بە نێرراوەکانی نەهێناوە، دەیانەوێت جیاوازی بخەنە نێوان ڕێنمایی خوایی و نێرراوەکانیەوە، دەڵێن: باوەڕ بە هەندێك ڕێنمایی دەهێنین (کە تەعلیماتی خوان) باوەڕ بە هەندێك ڕێنمایی تر (کە هی پێغەمبەران خۆیانن) ناهێنین! ئەوانە نیازیان وایە لەو نێوانەدا ڕێبازێك بۆ خۆیان دروست بکەن، ئەوانە بە ڕاستی کافری ڕەها(مطلق)ن موتڵەقن...

دروشمی ئیسلامەتیش، کە بریتییە لە: (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلٰهَ إِلَّا اللهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللّٰه)، ناشێت و ناکرێت نیوەی یەکەم لە نیوەی دووەمی جیا کرێتەوە...

لە دوو کتێبی پێشووماندا (اللّٰه)و (الرسول) بەڵگەی زۆرمان لەسەر خوای گەورەو سیفەتەکانی و لەسەر پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناوەتەوە، کەپێغەمبەرێتی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەسەلمێنن، بۆیە ئەم بابەتەمان بە درێژی باسکردووە، تا موسوڵمان بە دڵنیایی تەواوە ئیسلامەکەی وەرگرێت و بزانێت، کە شایەتمانی هێنا، چ ئەرکێکی دەکەوێتە سەر ..

## بڕگەی سێیەم

## شایەتمان ڕوکنەکانی تریشە:

بە زمان شایەتمان هێنان، دەبێت باوەڕ بوونیشی لەگەڵدا بێت بەو نادیارانەی،کە پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باسی لێوە کردوون، لە ڕاستیدا شایەتمانەکە خۆشی باوەڕە بە نادیار، ڕاستە پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دیارە، بەڵام باوەڕ بەوەی وەحی لە خواوە بۆ هاتووە، هەر غەیبە، دیسان لە ڕاستیدا شایەتمان ڕوکنەکانی تری باوەڕیش دەگرێتەوە: باوەڕ هێنان بە خوا، باوەڕ هێنان بە فریشتەکانی، بە کتێبەکانی، بە نێرراوەکانی، بە ڕۆژی دوایی، بە قەدەر... بەم شەشەش دەوترێت: ڕوکنی باوەڕ، کە لە بازنەی شایەتمانەکەدایە، بۆیە هەر کەسێك شایەتمانەکەی بە کردەوە سەلماند، ئەوە پێنج ڕوکنەکەی تری باوەڕیش جێبەجێ دەکات، بۆیە ئەگەر کەسێك سەر ڕاستانە شایەتمانی هێنا، ئیسلام وای بۆ حسێب دەکات، کە باوەڕی بە ڕوکنەکانی تری باوەڕ هێناوە، چونکە بە ووتنی: (لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله)، خۆی باوەڕ هێنانە بە یەکخواپەرستی خوای گەورە (التوحید)، ووتنی (مُحَمَّدًا رَسُولُ الله)کەش باوەڕ هێنانە بە هەموو پێغەمبەران... هەرکەسیش باوەڕی بە پێغەمبەران هێنا واتە باوەڕی بەو فریشتانە هێناوە، کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باسی فەرموون، فریشتەی پەیام هێنەر بێت، یان ئەوانی تر.

هەر کەسیش باوەڕی بە خواو پێغەمبەران و بە فریشتەکان هێنا، بێگومان باوەڕ بە وەحیش دەهێنێت، ئەمەش باوەڕی بە کتێبە ئاسمانیەکان هێناوە... هەر کەسیش باوەڕی بە خواو بە پێغەمبەران و بە فریشتەکان و کتێبە ئاسمانیەکان هێنا، باوەڕ بە ڕۆژی دواییش دەهێنێت، چونکە باوەڕ هێنان بە ڕۆژی دوایی، بەشێکە لە باوەڕ هێنان بە دەسەڵات و چاکەو دادپەروەری خوا، هەروەها پێغەمبەران و کتێبە ئاسمانیەکانیش هەواڵیان داوینێ و باسی قەزاو قەدەریان بۆ کردووین، کە لقێکە لە باوەڕ هێنان بە خوای گەورە... چونکە ئەوی باوەڕی بە زانستی هەربوو (ئەزەلی) و ویست و ئیرادەو دەسەڵاتی بێ

هاوتای خوا هێنا، کە شت لە نەبووەوە دێنێتە بوون و ڕوداوەکان دێنێت ودەبات، ئەوە خۆی لە خۆیدا باوەڕی بە قەدەر هێناوە...

شێواندن لە هەر ڕوکنێك لە ڕوکنەکانی باوەڕ ڕوو بدات، مانای وایە بناغەکانی باوەڕ هەرەسی هێناوە و باوەڕ ڕماوە!بە پێچەوانەشەوە باش تێگەیشتن لە ڕوکنەکان و باش پابەند بوون پێیانەوە، مانای وایە شایەتمانەکە پتەو ڕاگیراوەو خەم لە ڕمانی نابێت. جا با بۆ باشتر حاڵی بوون لە شایەتمان چەند خاڵێك لەسەر ڕوکنەکان ڕوون کەینەوە:

١- هەندێك لە موفەسسیرین (ئەوانەی قورئانی پیرۆزیان لێك داوەتەوە) ڕایان وایە، کە مەبەست لەو ئایەتەی،کە دەفەرموێ: (الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْغَيْبِ)البقرة/٣ واتە: ئەوانەی باوەڕیان بە نادیار هەیە، مەبەست لە نادیار شەش ڕوکنەکەی باوەڕە، چونکە سەرچاوەی هەموو کارێکی نادیار لەو شەش ڕوکنانەوە سەری هەڵداوە..

لەوانەیە کەسێك بڵێت: ڕاستە خواو فریشتەو ڕۆژی دوایی و قەدەر نادیارن، بەڵام خۆ پێغەمبەران و پەیامە ئاسمانییەکانیان نادیار نین! ئیتر چۆن باوەڕهێنان بەوانیش لە ڕیزی باوەڕ هێنانە بە نادیار؟!

ئێمە باوەڕ هێنانمان بە پێغەمبەران لە ڕیزی باوەڕ هێنان بە نادیار دانا، چونکە ئەو وەحییەی بۆیان هاتووە نادیارە، پەیامی پێغەمبەران واتە وەحی، نادیاری خوایی، بۆیە باوەڕ هێنانش بە وەحی واتە باوەڕ هێنان بە نادیاری کتێبە ئاسمانیەکان.

ئەگەر کەسێك ووتی: نادیارەکان لەوە زۆرترن. لە وەڵامدا دەڵێین: ئەم نادیارانە سەرچاوەی هەموو نادیارێکی ترن: باوەڕ هێنان بە موعجیزەی پێغەمبەرانی پێشوو، باوەڕ هێنان بە هەبوونی جنۆکەو پەری، باوەڕ هێنان بە حەوت ئاسمان، بە فریشتەو بەهەشت و(بەیتولمەعمور) و لەسەر ئەوانیشەوە عەرشی خوای گەورە، هەروەها رۆحی موسوڵمان کە بەرەو ئاسمانەکان بەرز دەبێتەوە، یان چوونی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە

شەوی میعراجدا بۆ ئاسمانەکان بۆ خزمەت خوای گەورە... هتد: ئەمانە هەمووی بەشێکن لە قورئان، باوەڕ هێنان بە قورئان باوەڕ هێنانیشە بەمانە... باوەڕ هێنان بە ژیانی بەرزەخی نێوان گۆڕو قیامەت، بەشێکە لە باوەڕ هێنان بە ڕۆژی دوایی... بەم پێیە هەموو نادیارەکان دەچنەوە ناو بازنەی ئەو تەوەرە نادیارانەوە...

٢- ئەو حەدیسەی پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، کە لە پێشەکیەکەدا هێناومانەتەوە: (....يَا مُحَمَّدُ أَخْبِرْنِي عَنِ الإِسْلاَمِ.

فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (الإِسْلاَمُ أَنْ تَشْهَدَ أَنْ لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللهُ وَ أَنَّ مُحَمَّدَاً رَسُولُ اللهِ،وَتُقِيْمَ الصَّلاَةَ، وَتُؤْتِيَ الزَّكَاةَ،وَتَصُوْمَ رَمَضَانَ، وَتَحُجَّ البيْتَ إِنِ اِسْتَطَعتَ إِلِيْهِ سَبِيْلاً.

قَالَ: صَدَقْتَ. فَعَجِبْنَا لَهُ يَسْأَلُهُ وَيُصَدِّقُهُ. قَالَ: فَأَخْبِرْنِيْ عَنِ الإِيْمَانِ.

قَالَ: أَنْ تُؤْمِنَ بِاللهِ، وَمَلاَئِكَتِه، وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ، وَالْيَوْمِ الاَخِر، وَتُؤْمِنَ بِالقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ.

قَالَ: صَدَقْتَ،قَالَ: فَأَخْبِرْنِيْ عَنِ الإِحْسَانِ.

قَالَ: أَنْ تَعْبُدَ اللهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاك)متفق عليه.[١] ئەمە باسی هەر شەش ڕوکنەکەی باوەڕی لە خۆ گرتووە..

قورئانیش پێنجیانی بەیەکەوە لە جێیەکداو شەشەمیشیانی لە جێیەکی تردا باس فەرمووە، وەك: (وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَالْمَلآئِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ)البقرة/١٧٧واتە: بەڵام چاکەخوازی ئەوەیە کە: باوەڕ بهێنیت بە خواو بە ڕۆژی

[١] بوخاری (٥٠)، موسلیم (٩).

دوايی و فريشتەكان و كتێب و پێغەمبەران... هەروەها: (وَمَن يَكْفُرْ بِاللّهِ وَمَلاَئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلاَلاً بَعِيدًا) النساء/١٣٦ واتە: هەر كەس باوەڕی بە خواو بە فريشتەو بە كتێبەكان و بە پێغەمبەران و بە ڕۆژی دوايی نەبێت، ئەوە بەڕاستی لە ناو تەنگ و تاريكی گومڕاييەكی زۆر ئاشكرادايە. يان: (إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ) القمر/٤٩ واتە: ئێمە هەموو شتێكمان بە ئەندازەو ڕادەی خۆی خوڵقاندووە. يان: (مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي أَنفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَابٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَا إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ)الحديد/٢٢ واتە: هيچ ڕوداوێك لەسەر زەميندا، يان هيچ شتێك لە ناو خۆتاندا ڕوو نادات، مەگەر لە لای خوای گەورە لە (لوحول المحفوظ) نوسراوە، پێش ئەوەی ڕووی پێبدەين، ئەمەش كارێكە بۆ خوا ئاسانە. هەروەها: (قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلاَّ مَا كَتَبَ اللّهُ لَنَا) التوبة/٥١ واتە بڵێ: هەرگيزاو هەرگيز هيچ شتێكمان تووش نابێت، تا خوا بۆی نەنووسيبين. ديسان دەفەرموێ: (يَمْحُو اللّهُ مَا يَشَاء وَيُثْبِتُ وَعِندَهُ أُمُّ الْكِتَابِ)الرعد/٣٩ واتە: ئەوەی كە خوا خۆی حەز بكات دەيسڕێتەوە، يا هی تری دەخاتە شوێن، سەرچاوەی هەموو زانستی و كتێبەكان لە لای خوای گەورەيە: (وَكُلَّ شَيْءٍ أحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُبِينٍ) يس/١٢ واتە: هەموو شتێكمان لە نوسراوێكی ڕوون و ئاشكرادا سەرژمێر كردووە...

لەوانەيە خوای گەورە، كە باسی ئەو پێنج ڕوكنەی بە جيا (لە دوو ئايەتەكەی پێشوودا) فەرمووە بێ ئەوەی باسی قەدەريشيان بخاتە پاڵ هەر لەبەر ئەوە بووبێت، كە قەدەر بەشێكە لە باوەڕهێنان بە خوای گەورە خۆی، چونكە مانای قەدەر ئەوەيە كە: خوا زانستی بە هەموو شتێك هەيە كە ڕوو دەدات، ويستيشی لەسەر ڕودانی هەيە، تواناشی بەسەردا دەشكێت، ئينجا نووسينی ئەمانە هەمووی لە (لوح المحفوظ)دا، كە ئەويش هەر جيهانی ناديارەو خوای گەورە خۆی دەزانێت چۆنە... كەواببوو سەرچاوەی باوەڕ هێنان بە قەدەر بريتييە لە باوەڕهێنان بە خوا، لەگەڵ ئەوەشدا، كە لە ئايەتی سەربەخۆدا -وەكو بينيشمان- باس كراوە...

٣- ئەم باوەڕ هێنانە دابەش بوون ناگرێتە خۆ، هەر كەس باوەڕی بە یەك ڕوكنی نەبێت وەك ئەوەیە، كە باوەڕی بە هەموو ڕوكنەكان نەهێنا بێت...

**باوەڕ هێنانیش بە خوای گەورە فەرزێكەو هەر دەبێت بهێنرێتە دی:** (فَمَنْ يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىَ)البقرة/٢٥٦ واتە: هەر كەس باوەڕی بە تاغووت نەكرد و شوێنی نەكەوت، لە بەرامبەریشدا باوەڕی بە خوا هێنا، ئەوە دەستی بە ئایینە پتەوەكەی خواوە گرتووە: (مَن كَفَرَ بِاللّهِ مِن بَعْدِ إيمَانِهِ إِلاَّ مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالإِيمَانِ وَلَكِن مَّن شَرَحَ بِالْكُفْرِ صَدْرًا فَعَلَيْهِمْ غَضَبٌ مِّنَ اللّهِ)النحل/١٠٦ واتە: هەر كەسێك پاش باوەڕ هێنانی بە خوای گەورە كافر بووەوە -جگە لەو كەسەی بە زۆر ناچار دەكرێت خۆی بە كافر دانێت، بەڵام دەبێت خۆی دڵی هەر بە باوەڕ ئاوەدان مابێت- ئەوانەی بە كافر بوونیان دڵخۆش دەبن، ئەوانە بەر غەزەبی خوا دەكەون...

**باوەڕ هێنان بە پێغەمبەران هە ردەبێت بێتە دی:** (إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُواْ بَيْنَ اللّهِ وَرُسُلِهِ وَيقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُواْ بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلاً * أُوْلَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقًّا)النساء/١٥٠-١٥١واتە: ئەو كەسانەی كافرن و باوەڕیان بە خواو بە نێرراوەكانی نەهێناوە، دەیانەوێت جیاوازی بخەنە نێوان ڕێنمایی خوایی و نێرراوەكانیەوە، دەڵێن باوەڕ بە هەندێك ڕێنمایی دەهێنین (كە تەعلیماتی خوان) باوەڕ بە هەندێك ڕێنمایی تر (كە هی پێغەمبەران خۆیانن) ناهێنین! ئەوانە نیازیان وایە لەو نێوانەدا ڕێبازێك بۆ خۆیان دروست بكەن، ئەوانە بە ڕاستی كافری تەواون... پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَا يَسْمَعُ بِي أَحَدٌ مِنْ هَذِهِ الْأُمَّةِ يَهُودِيٌّ وَلَا نَصْرَانِيٌّ ثُمَّ يَمُوتُ وَلَمْ يُؤْمِنْ بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ إِلَّا كَانَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ)موسلیم.[١] واتە: سوێند بێت بەو كەسەی گیانی منی بەدەستە، هەر كەسێك لەم

---

[١] موسلیم (١٥٣)، ئەحمەد (٨٤٠٤).

نەتەوەیە -جا جولەکە بێت یان دیان- باسی من ببیستێت و باوەڕ بەوە نەکات کە بە مندا نێرراوە، ئەوە دەچێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە...

**هەردەبێت باوەڕ بە فریشتەش بهێنرێت:** خوای گەورە دەفەرموێ: (وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللّهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ)البقرة/٢٨٥ واتە: موسوڵمانەکان هەموویان باوەڕیان بە خواو بە فریشتەکانی هێناوە: (مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلّهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَرُسُلِهِ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَالَ فَإِنَّ اللّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَافِرِينَ)البقرة/٩٨ واتە: بڵێ: ئەو کەسەی دوژمنی خواو فریشتەکان و نێرراوەکانێتی، هەروەها دوژمنی جوبرەئیل و میکائیلە، کافرە، خواش دوژمنی کافرانە...

هەر دەبێت باوەڕ بە ڕۆژی دواییش بهێنرێت: (وَقَالُوا إِنْ هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ * وَلَوْ تَرَىٰ إِذْ وُقِفُوا عَلَىٰ رَبِّهِمْ ۚ قَالَ أَلَيْسَ هَٰذَا بِالْحَقِّ ۚ قَالُوا بَلَىٰ وَرَبِّنَا ۚ قَالَ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ) الأنعام/٢٩-٣٠ واتە: ووتیان هەرچی هەیە هەر ژیانی دنیایە، خۆ زیندوو ناکرێینەوە، جا لە قیامەتتدا دەیانبینی وا لەبەر دەم خوادا ڕاوەستێنراوون، خوا پێیان دەفەرموێ: ئایا ئەم زیندو بوونەوەیەتان ڕاست دەرنەچوو؟!ئەوانیش هەموو دەڵێن: بەدی، بە خوا قەسەم ڕاست بوو، ئینجا خوا پێیان دەفەرموێ: دە مادام باوەڕتان نەهێنا، ئێستا سزاو ئازار بچێژن...

**هەردەبێت باوەڕبە قەدەریش بهێنرێت:** پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (لَوْ كَانَ لأَحَدِهِمْ مِثْلُ أُحُدٍ ذَهَبًا فَأَنْفَقَهُ مَا قَبِلَهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ مِنْهُ حَتَّى يُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ كُلِّهِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ) رواه ابوداود وابن ماجه.[١] واتە: ئەگەر یەکێکیان بەقەدەر چیای ئوحود زێڕی

---

[١] ئەبوداوودو ئیبنوماجە بەو دەقەی سەرەوەی بە فەرموودە نەیانگێڕاوەتەوە بەڵکو بە قەولی عبداللە کوڕی عومەر خوا لێیان رازی بێت کە کەسانێکی تابعین هاتنە خزمەتی و دەربارەی کۆمەڵی ئەلقەدەرییە (کە نەفی ئەوەیان دەکرد کە خوای گەورە هەموو شتێکی نووسیبێت ) لێیان پرسی، ئەویش فەرموی: " فَإِذَا لَقِيتُمْ أُولَئِكَ فَأَخْبِرُوهُمْ أَنِّي بَرِيءٌ مِنْهُمْ، وَهُمْ مِنِّي بُرَآءُ، وَالَّذِي يَحْلِفُ بِهِ عَبْدُ

هەبێت و لەبەر خاتری خوا ببەخشیایە، خوا لێی وەرناگرێت، تا باوەڕ بە قەدەر نەهێنێت... یان دەفەرموێ: (لاَ يُؤْمِنُ عَبْدٌ حَتَّى يُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ) رواه الترمذي.[١]
واتە: باوەڕی ئەو بەندەیەی خوا تەواو نابێت تا باوەڕ بە خێرو شەڕی قەدەر نەهێنێت...

كەوابوو قابیل نییە هەر دەبێت باوەڕ بە سەرجەمی هەر شەش ڕوكنەكانی باوەڕ بهێنرێت، هەر كەسێكیش لێكی دابڕێن كافرە...

٤- جاچۆن ناشێت و ناكرێت ڕوكنەكانی باوەڕ لێك جودا بكرێنەوە، ناشێت و ناشكرێت لق و پەلی هەر ڕوكنێكیشیان لێك جودا بكرێنەوە. بۆ نموونە:

**<u>باوەڕهێنان بە خوا</u>** بریتییە لە باوەڕ هێنان بە بوون و سیفات و كردەوەو تەواوێتی خوای گەورە، خۆ ناشێت یەكێك لەمانە ئینكار بكرێت، یان باوەڕ بە بوونی نەكرێت! خوای گەورە دەفەرموێ: (فَاعْلَمْ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله) محمد/١٩ واتە: دە بزانە كە هیچ پەرستراوێك نییە شایانی پەرستن بێت جگە لە خوای گەورە. یا: (أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى)العلق/١٤ بۆچی نازانێت كە خوا دەبینێت؟! یان: (وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) البقرة/٢٣١ ئەوەش بزانن كە خوا بە هەموو شتێك زانایە: (اعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ وَأَنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ)المائدة/٩٨ واتە: بزانن كە خوا سزاكانی زۆر توندو سەختن و لە هەمان كاتیشدا بە بەزەیی و میهرەبانە: (وَلِلّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُواْ الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَآئِهِ)

---

اللَّهِ بْنُ عُمَرَ، لَوْ كَانَ لأَحَدِهِمْ مِثْلُ أُحُدٍ ذَهَبًا فَأَنْفَقَهُ مَا قَبِلَهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ مِنْهُ حَتَّى يُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ كُلِّهِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ " ثم استدل بقول النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ:(الإِيمَانُ أَنْ تُؤْمِنَ بِاللَّهِ وَمَلاَئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَالْقَدَرِ كُلِّهِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ) هەر ئەوەشە كە لە: (موسلیم (٨) و ئەوانی تردایە. وەكو: ترمذي(٢٦١٠)، ئەبوداوود (٤٦٩٥)، نەسائی (٤٩٩٠)، ئیبنوماجە (المقدمة/٦٣)، ئەحمەد (٢٧/١ و٢٨/١).

[١] ڕاستە. ترمذي (٢١٤٤) دەربارەی فەرموویەتی:(حديث غريب) شێخی ئەلبانی رحمە الله لە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة/ ٢٤٣٩)دا بە سەحیحی داناوە.

الأعراف/١٨٠ واته: خوا ناوه جوان و چاكەكانی هەیە، بەو ناوانەوە هاواری بكەنێ و لێی بپاڕێنەوە، لەو كەسانەش گەڕێن كە باوەڕیان بە ناوەكانی خوا نییە یان بەدرۆی دەخەنەوە و دژایەتی دەكەن: (اللّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ)الرعد/١٦ خوا كردگاری هەموو شتێكە: (كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ)الرحمن/٢٩ خوا ڕۆژانە لە وەدەم هاتنی پێداوویستی خوڵقێنراوەكانیدایە: (فَلَمْ تَقْتُلُوهُمْ وَلَكِنَّ اللّهَ قَتَلَهُمْ وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَكِنَّ اللّهَ رَمَى)الأنفال/١٧ واته: ئێوه نەتان كوشتن، خوا بوو كوشتنی، تۆش كە تیرت دەهاویشت، خوا بوو دەیهاوێشت.

<u>**باوەڕ هێنان بە فریشتە:**</u> ئەمەش چەندین لق و پەلی لێ دەبێتەوە، وەك: سیفاتیان، توخمییان، كە(نە نێرینەن، نە مێیینەن)، لە ڕوناكی دروست كراون، لەشیان هەیە، نورانیشن، نەدەخۆن نەدەخۆنەوە، هەر فەرمانێكی خوایان بۆ دەرچێت، دەستبەجێ جێبەجێی دەكەن، شەو و ڕۆژ لە خواپەرستیدان، هەیانە زۆرتر باس كراوە، وەكو جوبرائیل و میكائیل و فریشتەی مەرگ(ملك الموت) یان فریشتەی بەرپرسی فوی كەڕەنا، هەڵگرانی عەرشی خوا، سەرپەرشتیارانی دۆزەخ، ئەوانەی شت دەپارێزن، هەروەها... یان كاروبارو ئەركەكانیان باس كراوە، وەك هێنانی وەحی خوایی، نووسینی هەڵس و كەوتی مرۆڤ، نووسینی ڕۆزی و بژێو، بەرپرسێتی ئاكام (ئەجەل)، گیان كێشان، پرسیار كردن لە مردووی ناو گۆڕ، فوو كردن بە كەڕەنادا، پاسەوانێتی مرۆڤ ئامادە بوونی كۆڕی زیكرو یادی خواو دەرسی مزگەوت، قورئان خوێندن، یان ئەو فەرمانانەی تر، كە لە قورئان و حەدیسدا باس كراون... هتد.

<u>**باوەڕ هێنان بە كتێبە ئاسمانیەكان:**</u> ئەمیش بریتییە لە پەیامەكانی وەكو پەڕاوەكانی ئیبراهیم و تەوراتی موساو زەبوری داوودو ئینجیلی عیساو قورئانی محمد -سەلامی خوایان لێ بێت - ئینجا كە قورئان هەموو ئەوانەی پێش خۆی سڕیوەتەوە، یان كە قورئان حەقەو لاری و چەوتی و هەڵەو نوقسانی تێدا نییە، یەك پیتی لانەدراوە، یان لێی نەگۆڕاوە، ئەم قورئانەی بەردەستی خەڵكی هەر ئەو قورئانەیە، كە بۆ پێغەمبەر صَلَّى

اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتۆتە خوارەوە، یەك پیتی بۆ زیاد نەکراوە، ووشەیەك نەخراوەتە جێی ووشەیەکی، هەر وەکو سەرەتای هەر بە موعجیزەیی ماوەتەوە، حەرامی ئەو حەرامەو حەڵاڵی ئەو حەڵاڵەو، کەس بۆی نییە ئەو حوکمانەی بگۆڕێت، هەروەها باوەڕکردن و دڵنیا بوون لەوەی، کە تەنها ئەم قورئانە دەتوانێت ڕێگای ڕاستی و بەرنامەی ژیانی پارسەنگ نیشان مرۆڤایەتی بدات، ئەوی قورئان باسی فەرمووە، ئەو ڕاستەو بەس، چ دەربارەی عەقیدە چ دەربارەی خواپەرستن، چ لە سیستم و یاساو ڕێسایدا، چ لە بنەماکانی ڕەوشت و ئادابی ڕەفتاردا... هەرچی نادیارێك، کە قورئان باسی فەرمووە حەقەو بوونی هەیەو باوەڕ پێ بوونی فەرزە، وەك جیهانی فریشتەو پەریان و ئاسمانەکان و بەهەشت و دۆزەخ و پێغەمبەران و موعجیزەکانیان و ڕۆژی دوایی و نیشانەکانی ئاخر زەمان..هەروەها باوەڕ هێنان بە فەرموودەکانی پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، کە ڕوونکەرەوەی قورئانن، بە بێ فەرموودە، ناکرێ نییە قورئان بە تەواوی لێك بدرێتەوە، یان ئەحکامەکانی ئیسلام داڕێژرێت، ئەمەش گەورە زانایان و شەرعناسە شارەزاکانی موسوڵمان دەتوانن پەیان پێ ببەن و حوکمیان لێوە وەرگرن، چونکە ئەوان زانیاریەکی بەرفراوانی قورئان و حەدیسیان هەیەو، شارەزای زمانی عەرەبین و سەر ڕاست و خاوەن تەقوان و، دەزانن بەرژەوەندی خەڵکی لە کوێدایە... ئینجا بشزانرێت کە وەرگرتنی ڕێبازو بەرنامەو دیدی غەیری قورئان و حەدیس، گومڕاییەو لە ئیسلام بە پاشگەزبوونەوە دەژمێررێت..

**__باوەڕ هێنان بە پێغەمبەران:__** ئەوە دەگرێتەوە، کە باوەڕیان بەو شێوەیە پێ بهێنرێت، کە قورئان باسی فەرموون، چ زۆر چ کەم، پاشان باوەڕ کردن بە ڕاستگۆییان، بە بێ هەڵەیی و لێهاتوویان، بە سەر ڕاستییان لە گەیاندنی پەیامەکەی خوای گەورە بە قەومەکانیان... باوەڕ کردن بە ڕاستگۆییان ئەوە دەگەێنێت، کە ڕەفتار و گوفتاری ئەوان پێوەری حەق و ناحەقییە، هەر کەس پێچەوانەی ڕەفتاری ئەوانی نواند لادەرو درۆزنە... لێهاتوویی

پێغەمبەران یەعنی ئەوان پێشەوان و نموونەی ژیری پارسەنگ و تەواوێتی فام و پەی پێ بردنە... شوێن کەوتنی غەیری ئەوان ئەقڵ پێ نەشکان و گەلۆری و گومڕاییە.

**<u>باوەڕهێنان بە ڕۆژی دوایی:</u>** ئەوە دەگرێتەوە، کە باوەڕ بهێنرێت بە نیشانەکانی دنیا ئاخر بوون و نیشانە سەرەتاییەکانی قیامەت: وەك گۆڕانکاریە گەردوونیەکان، یان هاتنی جەجاڵ(دەجال)و دەرکەوتنی شتی سەیرو نامۆو ناسایی لەسەر دەستی، کە پاڵانتەی خوایەتی بۆ خۆی دەکات و هەندێك خەڵك شوێنی دەکەون، یان هاتنی یەئجووج و مەئجووج بۆ مەککە، هەروەها باوەڕ هێنان بە ژیانی بەرزەخی نێوان ژیانی دنیاو قیامەت، باوەڕ هێنان بە هەردوو جار فووکردنەکە بە کەڕەنادا، کە یەکەمیان هی مراندنی هەموو خوڵقێنراوانی سەر زەمینەو دووەمیان بۆ زیندوو بوونەوەیانە، ئینجا باوەڕ هێنان بە بەهەشت و نازو نیعمەتەکانی و بە دۆزەخ و ئەشکەنجەو سزاو ژانی... ئەمانەش هەمووی بەو شێوەیەی کە قورئان و حەدیسی سەحیح باسیان لێوە کردوون...

کەمترین پلەی باوەڕ هێنانیش ئەوەیە، ئەوانە بە ڕاست بزانرێت، هیچ گومان و دوو دڵی و ڕاڕاییەکیان تێدا نەبێت، بەڵکو گەیشتبێتە پلەی دڵنیایی تەواو، ئەگینا پێی ناووترێت باوەڕ، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا)الحجرات/١٥واتە: بڕواداران ئەوانەن، کە باوەڕیان بە خواو پێغەمبەرەکەی هێناوەو، پاشان گومانیان تێیدا نەماوە، دەنا ئەوە دووڕوویی (نیفاق)ە، خوای گەورە دەفەرموێ: (فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ)البقرة/١٠واتە: نەخۆشی لە دڵ و دەروونیاندایە... خوای گەورە هەمیشە لە قورئاندا دووڕوویی بە نەخۆشی دڵ لێکداوەتەوە...

لێرەدا شتێك هەیە پێویستە ڕوونی بکەینەوە، ئەویش ئەوەیە، کە گومانی دڵ بریتی نییە لە وەسوەسە!نا، گومانی دڵ بێ باوەڕییە، کوفرە، بەڵام وەسوەسە ئەوەیە کە شەیتان دەیهاوێتە دڵی یەکێکەوە، کە دڵ خۆی ڕەفزی دەکات و پێی خۆش نییە هەیبێت، بۆیە هیچ کارتێکردنی لەسەر باوەڕو ئەحکامەکانی نییە... بۆ نموونە یەکێك موسوڵمانێك بۆ

ڕێبازێکی کوفر بانگ دەکات، ئەم کارە هێندە کاریگەری لەسەر ئەو موسوڵمانە نابێت، ئەگەر موسوڵمانەکە خۆی لە بەرامبەریدا شل نەبێت و خۆی وەڵامی بانگەوازەکەی نەداتەوە، وەسوەسەی شەیتانیش هەر وایە، مادام دڵ بە تیشکی باوەڕو خوا ویستی ئاوەدانە، بانگەوازی شەیتان و وەسوەسەکەی هیچ کارتێکردنێکی نییە...

حەدیسەکەی ئەبو هورەیرەش خوا لێی رازی بێت کە گێڕاویتیەوە، هەر بەم شێوەیە، ئەوەی، کە دەفەرموێ: (جَاءَهُ نَاسٌ مِنْ صَحَابَةِ فَقَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: إنا نَجِدُ فِي أَنْفُسِنَا مَا يَتَعَاظَمُ أحَدُنا أنْ يَتَكَلَّمَ بِهِ (أَيْ: يَراهُ عَظِيمًا) فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَوَجَدْتُمُوهُ؟ قَالُوا نَعَمْ قَالَ ذَاكَ صَرِيحُ الْإِيمَانِ) رواه مسلم.[١] واتە: چەند کەسێك لە یاوەرانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتنە خزمەتی و ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا، ئێمە لە دڵ و دەروونماندا هەست بە شتێك دەکەین، هێندە بەلامانەوە گەورەو خەتەرە، کە ناوێرین دەری بڕین! فەرمووی: هەستتان پێ کردووە؟!فەرموویان: بەڵێ، فەرمووی: دە ئەوە ڕاشکاوێتی باوەڕە، ئەوە یەقینی باوەڕە... لە ڕیوایەتێکی تردا فەرمووی: (الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي رَدَّ كَيْدَهُ إِلَى الْوَسْوَسَةِ) رواه مسلم و أبوداود، واتە: سوپاس بۆ ئەو خوایەی تەگبیرەکەی گەڕاندەوە بۆ وەسوەسە. هەر بەم جۆرەش لەو حەدیسەی ئیبنو مەسعوود تێدەگەین، کە دەفەرموێ: (قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ إن أحَدَنا يَجِدُ فِي نَفسهِ ما لَئِنْ يَحترِقَ حَتَى يَصيرَ حَمَمَةً أو يَخِرُّ مِنَ السَماءِ الَى الأرضِ أحَبُّ إلَيه أنْ يتكَلَّمَ بِهِ، فَقَالَ: أَوَقَدْ وَجَدْتُمُوهُ قَالُوا نَعَمْ، قَالَ: ذَاكَ صَرِيحُ الْإِيمَان) رواه مسلم.[٢] واتە: فەرموویان: ئەی

[١] راستە. موسلیم (١٣٣)، ئەبوداوود (٥١١١)، ئەحمەد (٢/٣٩٧).

[٢] نە لە سحیحی موسلیم و نە لە موختەسەرەکەی المنذریدا ئەم فەرموودەم بەم لەفزانە نەدۆزیەوە. ئەویان کە بە (ذَاكَ صَرِيحُ الْإِيمَان) کۆتایی هاتووە (أو يخِرُّ من السماءِ الى الارضِ) تێدا نییە. موسلیم (١٥٣) لە ئەبو هورەیرەوە خوا لێی رازی بێت بەم شێوەیە دەیگێڕێتەوە: (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ جَاءَ نَاسٌ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَسَأَلُوهُ إِنَّا نَجِدُ فِي أَنْفُسِنَا مَا يَتَعَاظَمُ أَحَدُنَا أَنْ يَتَكَلَّمَ بِهِ قَالَ وَقَدْ وَجَدْتُمُوهُ قَالُوا نَعَمْ قَالَ ذَاكَ صَرِيحُ الْإِيمَانِ).

پێغەمبەری خوا، هی وامان هەیە کە شتی وا لە دڵیدا دروست دەبێت، کە ئەگەر کڵ و کۆی دامرکێ و ببێتە خەڵوز، یان لە ئاسمانەوە فڕێ درێتە سەر زەوی، لای خۆشترە وەك لەوەی بیدرکێنێت، فەرمووی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: ئەوە دڵنیایی باوەڕە...

پێیان ناخۆش بووە دەری ببڕن و نەشیان زانیوە ئاخۆ چییە، چونکە دڵیان ئەو وەسوەسەی بوغزاندووە و پێیان ناخۆش بووە دەری ببڕن، خوای گەورەش دەفەرموێ: (إِنَّ الَّذِينَ اتَّقَواْ إِذَا مَسَّهُمْ طَائِفٌ مِّنَ الشَّيْطَانِ تَذَكَّرُواْ فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ)الأعراف/٢٠١ واتە: ئەو کەسانەی تەقوایان هەیەو لە خوا دەترسن، ئەگەر شەیتان خستنیە بەدی و خراپەکارییەوە،زوو خوایان دەکەوێتەوە یادو بەرچاویان ڕۆشن دەبێتەوە...

کەوابوو حاڵەتی وەسوەسە جیاوازی هەیە لەگەڵ حاڵەتی گوماندا، کە دژی باوەڕ هێنانە، بۆیە ڕاستی باوەڕ کەمترین پلەیە، کە دەبێت مرۆڤ هەیبێت، تا خوای گەورە بە بەندەی پەرستیاری خۆی وەری گرێت...

٥- لەو کەمترین پلە باوەڕەوە، کە دەبێت مرۆڤ هەیبێت، بۆ سەرەوە پلەی تر هەیە، کە خەڵکی لە بۆ هەڵکشان و بەدەست هێنانیدا جیاوازن... موسوڵمان تا بە پلەکانی باوەڕدا زیاتر سەرکەوێت تەقوای زیاتر دەبێت:

أ- **کەمترین پلەی باوەڕ هێنان بە خوای گەورە بریتییە لە** بەڕاست زانین و یەقین. لەو باڵاتر بریتییە لەو لەزەت و خۆشییەی ئیمانداری سەر ڕاست لە کەناری یادی خوا و نوێژەکانیدا دەیچێژێت، کە وا لە خوا بپەرستیت وەکو، کە لە خزمەتیدایت و دەیبینیت، وەك پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (أَنْ تَعْبُدَ اللَّهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ) رواه موسليم و غيره.[١] واتە: وا لە خوا بپەرستیت کە هەر وەکو ئەوەی ببینیت، خۆ

---

[١] بوخاری (٤٩)، موسلیم (١٤).

ئەگەر تۆش ئەو نەبینیت، ئەو تۆ دەبینێت... باشترین پێوەر، کە باوەڕ بە ناوەکانی خوای گەورەی پێ بپێورێت ئەوەیە، کە مرۆڤ واتای ئەو ناوانە لە خۆیدا بچەسپێنێت، بۆ نموونە: هەر کەسێك لە دڵ و دەروونی خۆیدا گەشەی بەزەیی و سۆزی دا، ئەوە ناوو سیفەتی (الرحمن الرحيم)ی خوای گەورەی ناسیووە. ئەمە دەڵێین و بێگومان ئەوەمان لەبەر چاوە، کە بەزەیی خوای گەورە لە توانای دەرك کردندا نییە، چ جای ئەوەی بتوانرێت بە بەزەیی مەخلووق بشوبهێنرێت... هەر بەم پێیە کە ناوو سیفەتی ڕێزو سەخاوەت و بەخشین لە ناوو سیفەتی(الكريم)ی خوای گەورەوە وەردەگیرێت، مەبەست لەمەشە کە خوای گەورە دەفەرموێ: (فَانظُرْ إِلَى آثَارِ رَحْمَتِ اللَّهِ) الروم/٥٠ واتە: بڕوانە شوێنەواری بەزەیی خوایان: (أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاء مَاء)الحج/٦٣ واتە: نابینیت خوا چۆن ئاوی لە ئاسمانەوە ناردۆتە خوارەوە؟.

**ب- کەمترین پلەی باوەڕهێنان بە فریشتەکان بەڕاست ناسینیانە،** چونکە لەوانەیە دڵ و دەروونی هەندێ کەس هێندە پاڵفتە ببێت. دەرك بە هەندێك شت بکات، کە کەسانی تر هەر لە باوەڕ بە نادیارەوە قەناعەتیان پێ کردووە، بەڵام ئەمانەی -خوای میهرەبان دڵپاك و پیاوچاکی کردوون- ڕوونتر هەست بەو نادیارانە دەکەن... خوای گەورە دەفەرموێ: (وَإِذْ قَالَتِ الْمَلاَئِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللّهَ اصْطَفَاكِ وَطَهَّرَكِ وَاصْطَفَاكِ عَلَى نِسَاء الْعَالَمِينَ) آل عمران/٤٢ واتە: کە فریشتەکان ووتیان: ئەی مەریەم، خوا تۆی هەڵبژاردووەو پاکژی کردوویتەوەو، لە نێوان هەموو ئافرەتانی جیهاندا تۆی هەڵبژاردووە...

ئوسەیدی کوڕی حُضَیر خوای لێ ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (عَنْ أُسَيْدِ بْنِ حُضَيْرٍ، قَالَ بَيْنَمَا هُوَ يَقْرَأُ مِنَ اللَّيْلِ سُورَةَ الْبَقَرَةِ وَفَرَسُهُ مَرْبُوطٌ عِنْدَهُ إِذْ جَالَتِ الْفَرَسُ فَسَكَتَ فَسَكَتَتْ فَقَرَأَ فَجَالَتِ الْفَرَسُ، فَسَكَتَ وَسَكَتَتِ الْفَرَسُ ثُمَّ قَرَأَ فَجَالَتِ الْفَرَسُ، فَانْصَرَفَ وَكَانَ ابْنُهُ يَحْيَى قَرِيبًا مِنْهَا – فَرَفَعْت رَأْسِي إِلَى السَّمَاء فَإِذَا مِثْل الظُّلَّة فِيهَا أَمْثَال الْمَصَابِيح فَلَمَّا أَصْبَحَ حَدَّثَ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. فَقَالَ " وَتَدْرِي مَا ذَاكَ ". قَالَ لاَ. قَالَ " تِلْكَ

الْمَلاَئِكَةُ دَنَتْ لِصَوْتِكَ وَلَوْ قَرَأْتَ لأَصْبَحَتْ يَنْظُرُ النَّاسُ إِلَيْهَا لاَ تَتَوَارَى مِنْهُمْ) رواه البخاري[١]
واته: جارێك بەشەو قورئانی دەخوێند، ئەسپەكەشی لەولا خۆیەوە بەستبۆوە، كە سوورەتی بەقەرەی خوێند، لە پڕ ئەسپەكەی كەوتە جموجوڵ و بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە و هەوڵی دەدا خۆی ڕاپسكێنێت، ئەمیش لە قورئان خوێندنەكەی وەستاوە، ئەسپەكەشی هێدی بۆتەوە، بەڵام كە دەستی بە قورئان خوێندنەكەی كردۆتەوە، ئەسپەكەی دیسان وای كردۆتەوە، دەفەرموێ: ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، یەحیای كوڕم لە نزیكییەوە بوو خەمم بوو بیكات بە ژێرەوە، بەڵام ئەو هەستاو ئەسپەكەی دوور خستەوە، پاشان ئوسەید سەری هەڵبڕیووە تەماشای ئاسمانی كردووە، پەڵەیەكی وەكو سێبەری دیووە، كە وا بە سەریانەوە وەستاوەو نورێكیش لە ناو سێبەرەكەدا وەك چرا دەدرەوشێتەوە، بۆ بەیانی كە دێتە خزمەت پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ڕوداوەكەی بۆ دەگێڕێتەوە، ئەویش دەفەرموێ: دەزانیت ئەوە چی بوو؟!ئوسەید دەفەرموێ: نەخێر، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: ئەوە فریشتە بوون لە دەنگی قورئان خوێندنەكەی تۆ نزیك بووبوونەوە، گەر هەر بەردەوام بوویتایە لەسەر خوێندنەكەت، فریشتەكان ئەوەندە نزیك دەبوونەوە، كە خەڵكیش بیانبینن و تەماشایان بكەن، واش نەدەبوون دەركەون و دیار نەمێننەوە...

---

[١] ڕاستە. بوخاری (٥٠١٨). دەقی هەموو فەرمودەكە لای ئیمامی بوخاری: (عَنْ أُسَيْدِ بْنِ حُضَيْرٍ، قَالَ بَيْنَمَا هُوَ يَقْرَأُ مِنَ اللَّيْلِ سُورَةَ الْبَقَرَةِ وَفَرَسُهُ مَرْبُوطٌ عِنْدَهُ إِذْ جَالَتِ الْفَرَسُ فَسَكَتَ فَسَكَتَتْ فَقَرَأَ فَجَالَتِ الْفَرَسُ، فَسَكَتَ وَسَكَتَتِ الْفَرَسُ ثُمَّ قَرَأَ فَجَالَتِ الْفَرَسُ، فَانْصَرَفَ وَكَانَ ابْنُهُ يَحْيَى قَرِيبًا مِنْهَا فَأَشْفَقَ أَنْ تُصِيبَهُ فَلَمَّا اجْتَرَّهُ رَفَعَ رَأْسَهُ إِلَى السَّمَاءِ حَتَّى مَا يَرَاهَا فَلَمَّا أَصْبَحَ حَدَّثَ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ " اقْرَأْ يَا ابْنَ حُضَيْرٍ اقْرَأْ يَا ابْنَ حُضَيْرٍ ". قَالَ فَأَشْفَقْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَنْ تَطَأَ يَحْيَى وَكَانَ مِنْهَا قَرِيبًا فَرَفَعْتُ رَأْسِي فَانْصَرَفْتُ إِلَيْهِ فَرَفَعْتُ رَأْسِي إِلَى السَّمَاءِ فَإِذَا مِثْلُ الظُّلَّةِ فِيهَا أَمْثَالُ الْمَصَابِيحِ فَخَرَجَتْ حَتَّى لاَ أَرَاهَا. قَالَ " وَتَدْرِي مَا ذَاكَ ". قَالَ لاَ. قَالَ " تِلْكَ الْمَلاَئِكَةُ دَنَتْ لِصَوْتِكَ وَلَوْ قَرَأْتَ لأَصْبَحَتْ يَنْظُرُ النَّاسُ إِلَيْهَا لاَ تَتَوَارَى مِنْهُمْ ").

هەروەها لە بەرائەوە خوا لێی رازی بێت دەگێڕنەوە، کە جارێك: (كَانَ رَجُلٌ يَقْرَأُ سُورَةَ الْكَهْفِ وَعِنْدَهُ فَرَسٌ مَرْبُوطٌ بِشَطَنَيْنِ، فَتَغَشَّتْهُ سَحَابَةٌ، فَجَعَلَتْ تَدُورُ وَتَدْنُو، وَجَعَلَ فَرَسُهُ يَنْفِرُ مِنْهَا، فَلَمَّا أَصْبَحَ أَتَى النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَذَكَرَ ذَلِكَ لَهُ فَقَالَ تِلْكَ السَّكِينَةُ تَنَزَّلَتْ لِلْقُرْآنِ) رواه الشيخان.[١] واتە: کابرایەك سورەتی کەهفی دەخوێند، ئەسپەکەشی لەولایەوە بە دوو گوریسی ئەستوری تێك با هەڵدراو بەسترابۆوە، هەستی کرد وا پەڵە هەورێك دای دەپۆشێت و زیاتر لێی نزیك دەبێتەوە، ئەسپەکەی دەکەوێتە جموجوڵ، هەوڵی خۆڕاپسکان دەدات، کە ڕۆژ دەبێتەوە دێتە خزمەت پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باسەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. ئەویش دەفەرموێ: ئەوە هێمنی و ئاسوودەیی بووە لەبەر قورئان خوێندنەکە هاتۆتە خوارەوە.

حنظلة ی کوڕی الربيع الاسدی، کە نوسەرێکی وەحی پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوو، فەرمووی: (لَقِيَنِي أَبُو بَكْرٍ فَقَالَ كَيْفَ أَنْتَ يَا حَنْظَلَةُ؟ قَالَ قُلْتُ نَافَقَ حَنْظَلَةُ. قَالَ سُبْحَانَ اللَّهِ مَا تَقُولُ؟.

قَالَ قُلْتُ نَكُونُ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُذَكِّرُنَا بِالنَّارِ وَالْجَنَّةِ حَتَّى كَأَنَّا رَأْيُ عَيْنٍ فَإِذَا خَرَجْنَا مِنْ عِنْدِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَافَسْنَا الْأَزْوَاجَ وَالْأَوْلَادَ وَالضَّيْعَاتِ فَنَسِينَا كَثِيرًا.

قَالَ أَبُو بَكْرٍ فَوَاللَّهِ إِنَّا لَنَلْقَى مِثْلَ هَذَا. فَانْطَلَقْتُ أَنَا وَأَبُو بَكْرٍ حَتَّى دَخَلْنَا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قُلْتُ نَافَقَ حَنْظَلَةُ يَا رَسُولَ اللَّهِ.

فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَمَا ذَاكَ.

---

[١] بوخاری (٤٧٢٤)،موسلیم (٧٩٥).

قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ نَكُونُ عِنْدَكَ تُذَكِّرُنَا بِالنَّارِ وَالْجَنَّةِ حَتَّى كَأَنَّا رَأْيُ عَيْنٍ فَإِذَا خَرَجْنَا مِنْ عِنْدِكَ عَافَسْنَا الْأَزْوَاجَ وَالْأَوْلَادَ وَالضَّيْعَاتِ نَسِينَا كَثِيرًا.

فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنْ لَوْ تَدُومُونَ عَلَى مَا تَكُونُونَ عِنْدِي وَفِي الذِّكْرِ لَصَافَحَتْكُمْ الْمَلَائِكَةُ عَلَى فُرُشِكُمْ وَفِي طُرُقِكُمْ وَلَكِنْ يَا حَنْظَلَةُ سَاعَةً وَسَاعَةً ثَلَاثَ مَرَّاتٍ)أخرجه مسلم والترمذي.[١] واتە: ئەبوبەکری سددیقم تووش بوو، چاك و چۆنی لێکردم، ووتم حەنزەڵە دووڕوویی کردووە. فەرمووی: سُبْحَانَ اللَّهِ، بزانە چی دەڵێیت؟!منیش ووتم: ئاخر ئێمە کە لە خزمەت پێغەمبەردا دەبین صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باسی دۆزەخ و بەهەشتمان بۆ دەکات، دەڵێی بە چاوی خۆمان دەیبینین، کەچی کە لە خزمەت ئەویش هەستاین و کەوتینەوە یاری و مەزاقی خێزان و منداڵ و مەشغەڵەتی زەوی و زارەکانمان زۆریمان هەر بیر دەچێتەوە، ئەویش فەرمووی: بە خوا منیش هەستی پێدەکەم، ئەوجا هەردووکیان چوونە خزمەت پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و، بۆیان گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی: بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، ئەگەر بەو شێوەیەی، کە لەلای من دەبن هەروا بمێننەوە، هەر لە یادو زیکری خوادا بوونایە، فریشتە لەهەموو جێ و ڕێییەکانی خۆتان تەوقەی لەگەڵ دەکردن، بەڵام ئیتر ئەمەش هەر ساتە نا ساتە (ئەمەشی سێ جار دووپات کردەوە)..

ئالەو کاتانەدایە، کە باوەڕ تێیاندا ساف و بێگەردو ڕوونە، ئەو ساتە ئیمانیانەیە، کە باوەڕ خاوەنەکەی بەرەو ئەو ئاسۆو دید ڕوونیانە بەرز دەکاتەوە، ئینجا لەگەڵ ئەم ساتی سەفای ڕۆحەدا هەبوونی عیلمی شەرعی و هەست و شەرم و دینداریەکەش بۆیان هەیە...

---

[١] موسلیم (٢٧٥٠).

**ج - كەمترین پلەی باوەڕهێنانیش بە كتێبە ئاسمانیەكان بە ڕاست ناسینیانە**، لەوەش بەرەو ژوورتر هەیە. خوای گەورە دەفەرموێ: (الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَتْلُونَهُ حَقَّ تِلَاوَتِهِ أُولَٰئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِ) البقرة/١٢١ واتە: ئەو كەسانەی كتێبەكەمان بۆ ناردوون و بەڕاستی دەیخوێننەوە، ئەوانە باوەڕیان پێیەتی... هەروەها: (وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا) الأنفال/٢ واتە: موسوڵمانی ڕاستەقینە ئەوانەن، كە ئەگەر ئایەتەكانی خوایان بەسەردا بخوێنرێتەوە باوەڕو یەقینیان زیاد دەكات... یان: (اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُّتَشَابِهًا مَّثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَىٰ ذِكْرِ اللَّهِ)الزمر/٢٣ واتە: خوا چاكترین ووتەی ناردۆتە خوارەوە، كتێبێكی گەورەو مەزن، كە هەندێك بابەتی لێك دەچن، بەڵام شێواز جودا، ئەوانەی لە خوای خۆیان دەترسێن موچوڕكیان پێدا دێت لێی، ئینجا بۆ یادی خوا دڵ گەرم و پێست نەرم دەبنەوە...

- (هُوَ الَّذِي أَنزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُّحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌۖ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِۗ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُۗ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا) آل عمران/٧ واتە: خوایە كە قورئانی بۆ ناردوویتە خوارەوە، كە ئایەتی وای تێدایە موحكەمن (بەڵگەو نیشانەكانی ئاشكران و هەموو كەس تێیان دەگات)، هەروەها ئایاتی تریش، كە مووتەشابیهاتن (وەكو باسی نادیارو چۆنیەتی سیفاتی خواو... هتد) ئەو موسوڵمانانەی، كە باوەڕیان بە خوا هەیە تەسلیمی دەبن و باوەڕی پێ دەهێنن،چونكە دەزانن لە خواوە هاتووە، ئەمما ئەو كەسانەی، كە گومان و دوودڵ و ڕاڕان هەوڵ دەدەن دەمەوەری لەو ئایەتە مووتەشابیهاتانەدا بكەن، بەو هیوایەی موسوڵمانان بە شەڕە قسەو ئاشووب و شتی بێ سوودەوە خەریك بكەن، گوایە ئەوانیش هەر قورئانەكە تەفسیر دەكەن! بەڵام خۆ خوای گەورە دەزانێت لێكدانەوەی چۆنە، زانا شارەزاكانیش دەڵێن: باوەڕمان بەوانە هەمووی هێناوە، چونكە لە لایەن خوای پەروەردگارمانەوە هاتووە.

هەروەها دەفەرموێ: (إِنَّ الَّذِينَ أُوتُواْ الْعِلْمَ مِن قَبْلِهِ إِذَا يُتْلَى عَلَيْهِمْ يَخِرُّونَ لِلأَذْقَانِ سُجَّدًا * وَيَقُولُونَ سُبْحَانَ رَبِّنَا إِن كَانَ وَعْدُ رَبِّنَا لَمَفْعُولاً * وَيَخِرُّونَ لِلأَذْقَانِ يَبْكُونَ وَيَزِيدُهُمْ خُشُوعًا) الاسراء/١٠٧-١٠٩ واتە: ئەو کەسانەی لە خاوەن پەیامە ئاسمانیەکانی پێشوو زانستیەکیان هەیە کاتێك قورئانیان لا دەخوێنرێتەوە سوجدە بۆ خوا دەبەن و سوپاسی دەکەن، چونکە ئەوەندە تەمەنە داونەتێ تا بە خزمەت پێغەمبەری ئاخری زەمان گەیشتوون دەڵێن: پاك و بێ خەوشی بۆ خوای گەورە، بەڕاستی پەیمان و بەڵێنی خوا هەمووی بەجێن. ئەوجا لە خۆشحاڵی و بەختەوەریدا ناوچەوانیان دەخەنە سەر خاك. دەگرین و ملکەچی و گوێ رایەڵی بۆ فەرمانەکانی خوا دەردەبڕن.

خەڵکی لە بەرامبەر قورئاندا جیاوازن هەندێکیان کە دەیخوێنن زۆر کاریان تێ دەکات و پێی ساڵح دەبن، دەڵێی ئەم وەحیە ئێستاو بۆ ئەوان دێت، بۆیە دەست بەجێ وەری دەگرن و ڕایدەپەڕێنن، هەندێکی تر کەمتر لەوان و هی تریش کەمترو کەمتر... ئیتر بە گوێرەی تواناو بڕی وەرگرتن و تێیداقاڵ بوونەوەو پێوە پابەند بوون و جێبەجێ کردنی ئەحکامەکانی.

**د- کەمترین پلەی باوەڕ هێنان بە پێغەمبەرانیش ئەوە بوو کە دیتمان،** لەوە بەدوا، خەڵکی تێیدا جیاوازن، هەیە کە دڵ و دەروونی پڕ بوو لە باوەڕو خۆشەویستی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەوەندە دەکەوێتە ژێر کاریگەری پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە خۆی بە قوربانی دەکات، شەخسیەتی خۆی لە شەخسیەتی پێغەمبەردا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەتوێنێتەوە، خۆی لە ئاستی ئەو زاتە بەڕێزەدا بە نەبوو دادەنێت، هی تریش هەیە وانییە، هەر باوەڕی پێی هێناوەو بە گشتی حەز بە دیداری دەکات... بەڵام هەموو بەرپرسن لەو برە خۆشەویستی و شوێن کەوتنەی کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

دەربارەی فەرموویەتی: (لاَ يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ، حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَلَدِهِ وَوَالِدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ) رواه الشيخان والنسائی.[١] واتە: كەستان باوەڕی نابێت هەتا من خۆشەویستر نەبم لای لە باوك و كوڕو لە هەموو خەڵكی تر لە جێیەكی تردا دەفەرموێ: (حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ مَالِهِ وَأَهْلِهِ).[٢] واتە: تا خۆشەویستر نەبم لە لای لە سەروەت و سامان و كەس و كاری.

**هـ - باوەڕ هێنانیش بە ڕۆژی دوایی هەر وایە**، موسوڵمان هەیە هەموو كاتێكی ڕۆژی دواییەو تێیدا دەژی و لە یادێتی، لە هۆش و گۆشیدایە، لە خۆی دەپرسێتەوە، لۆمەی خۆی دەكات، خۆی هان دەدات، ژیانی لە قاڵبێكی وادا دەڕێژێت كە لەگەڵ حەزی قیامەت و ڕووسووری لای خوای پەروەدگاریدا بسازێت ئیقتیدای زۆر بە پێغەمبەرەصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، سوننەتەكانی فێر دەبێت تا پێیەوە پابەند بێت، ژیانی یاوەرانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سەرمەشقێتی، كۆڵی ژیانی سووكەو هێندەی بە كۆڵی خۆیدا نەداوە قیامەتی لە بیر ببەنەوە... بێگومان موسوڵمانان لەمەشدا ڕادەو بڕ جیاوازن... هەیانە بە تەواوی خۆی بۆ قیامەت ساغ كردۆتەوەو هەشیانە كۆڵی دنیاشی قورس كردووە...

**و- دیسان خەڵكی لە ڕادەو بڕی باوەڕ هێنانیان بە قەزاو قەدەریش جیاوازن**، هەیە ئەو حیكمەتە خواییە قەدەری هەمیشە لەبەر چاوە كە دەفەرموێ: (لِكَيْلَا تَأْسَوْا عَلَى مَا فَاتَكُمْ وَلَا تَفْرَحُوا بِمَا آتَاكُمْ)الحديد/٢٣ واتە: بۆ ئەوەی بۆ ئەو رابوردووەی لە دەستان چووە ڕەشبین و مەئیووس بن و، زۆریش بەوە دڵخۆش نەبن كە داوینەتێ... (قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلاَّ مَا كَتَبَ اللّهُ لَنَا)التوبة/٥١ واتە بڵێ: هەرگیز هیچ شتێكمان تووش نابێت ئەگەر خوا بۆی نەنووسیبین. بۆیە ئەو كەسەی دڵی بە قەزاو قەدەر هێمنە، هەڵپەی دنیای كەمە، شەرە پاڵی كەمە، بەو ڕۆزی و تەمەنەی خۆی ڕازییەو ویژدانی سرەوتووە، دەزانێت

---

[١] راستە. بوخاری (١٥)، موسلیم (٤٤). نەسائی (٥٠٣٠). و ئەوانی تر.

[٢] موسلیم (٤٤)، نەسائی (٥٠١٣). ئەحمەد (٢٧٥/٣)، داریمی (٢٧٤١).

ئاكامی مردن هەر دێت: (أَيْنَمَا تَكُونُواْ يُدْرِككُّمُ الْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِي بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ)النساء/٧٨ واتە: لە هەر کوێ بن مردن دەتاندۆزێتەوە با لە ناو قەڵاو قوڵڵەی مەحکەمیشدا خۆ حەشار دەن.

- (فَإِذَا جَاء أَجَلُهُمْ لاَ يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلاَ يَسْتَقْدِمُونَ)الأعراف/٣٤ واتە: کە ئاکامی مەرگیان هاتێ، نە ساتێك دوا دەکەون (لە ڕۆح کێشانیان) نە ساتێك پێش دەکەون!.

**ز- ئەم پلە بەرزو نزمانەی باوەڕ هێنان لە ڕاستیدا دەگەڕێنەوە بۆ مەودای پتەوی و** دڵنیایی مرۆڤ لە بڕیاری شایەتمانەکەی، تا مانای شایەتمانەکەی قوڵترو فراوانتر بێت، باوەڕیشی پتەوتر دەبێت، پابەندیشی بە ئیسلامەکەوە زیاتر دەبێت...

لە ڕاستیدا هەر هەموو کارو کردەوەکانی کە باوەڕو (بە شەش ڕوکنەکەیەوە) ئیسلام (بە هەر پێنج پایەکانیەوە) داوایان کردووە، بریتین لە ڕادەو بڕو ئاستی چەسپاندن و جێگیر بوونی شایەتمان لە دڵ و دەروون و هەست و هۆشی کابرای موسوڵماندا... ئاخر بۆیە شایەتمان بە سەرەتای دەست پێکردن و کۆتایی ئیسلام دادەنرێت! لەبەر ئەوەشە کە لەو حەدیسەدا کە ئیمامی موسلیم و ئەحمەد و ترمذي ریوایەتی کردووە، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (مَنْ شَهِدَ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ النَّارَ).[١] واتە: هەر کەسێك شاهێدی بدات، کە هیچ پەرستراوێك نییە شایانی پەرستن بێت، جگە لە خوای گەورە(الله) شایەتی بدات، کە محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نێرراوی خوایە، خوای گەورە ناهێڵێ لەشی ئەو کەسە لە ڕۆژی دواییدا لە ئاگری دۆزەخ بسوتێ...

---

[١] ترمذي (٢٦٣٨).

## باسی دووەم

# لە بەرهەمەكانی شایەتمان

### ڕێڕەوی باسەكان

پەروەردگار دەفەرموێ: (أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللهُ مَثَلاً كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاء * تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّهَا وَيَضْرِبُ اللهُ الأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ)ابراهيم/٢٤-٢٥ واتە: نابینیت خوای گەورە چۆن نموونەی ووشەی جوان و ڕێك و پێك بەدرەختێكی جوان و ڕێك و پێك دەهێنێتەوە، كە قەدی جێگیرەو ڕەگی بە زەویدا ڕۆچووە، لق و پۆپیشی بە ئاسماندا هەڵچووە، هەمیشە بە فەرمانی خوای خۆی بەرهەم و حاسڵاتی دەبەخشێت...

بەرهەمی (لَا إِلٰهَ إِلَّا الله وَ مُحَمَّداً رَسُولُ الله) زۆر زۆرەو لە ژمارە نایەت، هەروەها ناوەڕۆك و شوێنەوارو كارتێكردنەكانی ئەوەندە زۆرن، ئەستەمە دەرك بە هەموویان بكرێت، چونكە شتی نوێی-لە گەڵ زەمانەدا- لێوە وەردەگیریت.

ئێمە لێرەدا، دوای ئەوەی مانای شایەتمانەكەمان و ئەوانەی لێوەی جوێ دەبنەوە زانی، دەبێت باسی چەند شوێنەوارو خاڵێكی كارتێكردنەكانیشی بزانین، لەوەش دڵنیاین، كە هەرچی خێرو چاكە خوازی هەیە، لە ئیسلام و كۆمەڵگە ئیسلامیەكەدا هەیە، هۆی سەرەكی ئەمەش ئەوەیە كە هەردووكیان لەسەر یەك بناغەو بنەما دامەزراون، كە شایەتمانەكەیە. بۆیە مەرج نییە لێرەدا زۆر لایەنی كارتێكردنی شایەتمانەكە بهێنینەوە، بەڵكو هەر هەندێكیان بخەینە ڕوو بەسە، دەشتوانین ئەو لایەنانە هەڵبژێرین كە زۆر كەس لێیان بێ ئاگایە، یان بیریان چۆتەوە...

ئەگەر بزانین كە شەهید سەیید قوتبی ڕەحمەتی، دەربارەی ئەم مەسەلەیە چەند باسێكی جوان و گرنگی نووسیووە، جێی خۆیەتی ئێمەش چوار باس لەوانە لێرەدا

بهێنینەوە... ئەو بە ڕەحمەت بێت باسی گەورەترین و کاریگەرترین خاڵی خوابەیەکناسینی کردووە، واتە شایەتمان... باسی ئەوەی کردووە، کە چۆن ئەو خوا بە یەکناسینە دەبێتە پرۆگرامی ژیان و چۆن ئەگەر کەسێك باوەڕی تەواوی لەسەر ئەو شایەتمانە -بەو ماناو ناوەرۆکەی- دامەزرا ئیتر هەموو هەڵس و کەوت و ڕەفتارێکی لەگەڵ بوون و گەردووندا یەکانگیر دەبێتەوە، بزاڤی ئەمان و ئەوان یەك خولگەی پێکەوە گونجاو دەگرنە بەر، دەسازێن و لێك دەوەشێنەوە. هەروەها ئەوەشی ڕوون کردۆتەوە، کە چۆن ئەو ووشەیە دەبێتە هۆی دامەزراندنی بەرزترین شارستانێتی و فراوانترین ڕۆشنبیری و ڕەسەنترین کلتوور... هەروەها سەربەرزی و مەزنییەك دەداتە شوێن کەوتووەکانی، چونکە لەسەر دادو هەقخوازی پەروەردەیان دەکات... موسوڵمانانیش پێویستە بە تەواوی دەرك بەم لایەنانە بکەن و لە دڵ و قەناعەتیاندا بچەسپێت... تا یەقینییان بۆ دروست ببێت کە کێشەی یەکەمی ئیسلامەتی بریتییە لە خوابەیەکناسین ..

با لە باسی یەکەمەوە دەست پێ بکەین:

## بڕگەی یەکەم

### شایەتمان بەرنامەی ژیانە:

خواپەرستی... ئەمە نیوەی ڕوکنی یەکەمی شایەتمانە، کە بریتییە لەو عەقیدە ئیسلامییەی کە لە بڕیاری (لَا إِلٰهَ إِلَّا الله)دا دەردەکەوێت. نیوەکەی تری ئەم ڕوکنەش لە بڕیاری (مُحَمَّدًا رَسُولُ الله)دا دەردەکەوێت کە بریتییە لەوەرگرتنی (خواپەرستی)یەکە، لە پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

دڵی پڕ باوەڕی موسوڵمان ئەوەیە کەئەم ڕێسا (قاعدە)یەی بە هەردوو بەشەکەیەوە تێدا چەسپی بێت. چونکە هەموو بنەماکانی تری باوەڕو ڕوکنەکانی تری ئیسلامەتی هەمووی هەر لەم ڕێسایەوە هەڵدەهێنجرێت و لق و چڵی ئەون: باوەڕهێنان بەفریشتەکانی خواو کتێبە ئاسمانییەکانی و پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی و خێرو شەڕی قەزاو قەدەرو نوێژو ڕۆژوو زەکات و حەج، هەروەها سزاکان و سنوری حەڵاڵ وحەرام و سەوداو مامەڵەی بازاڕ و ڕێسادانان و تەوجیهاتە ئیسلامییەکان، هەر هەموویان لەسەر ڕێسای (خواپەرستی) دادەمەزرێن. سەرچاوەی لێوەرگرتنیشیان پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خوایەو بەس.

کۆمەڵگەی موسوڵمانیش ئەوەیە کە ئەم ڕێسایەو هەموو لق و چڵەکانی تێدا درەوشابێتەوە، چونکە نابێ هیچ کۆمەڵگەیەك بەکۆمەڵگەی ئیسلامی دابنرێت، کە ئەم ڕێسایەی تێدا نەدرەوشابێتەوە.

شایەتمان (لَا إِلٰهَ إِلَّا الله وَ مُحَمَّدًا رَسُولُ الله) بناغەی بەرنامەیەکی تەواوی ژیانە. کە هەموو ژیانی ئوممەتی موسوڵمانی لەسەردادەمەزرێت. ئەستەمیشە ژیانی ئیسلامی بێتەکایەوە پێش ئەوەی ئەو ڕێسایە چەسپی بێت... هەروەها ئەستەمیشە ژیانێك، کە لەسەر ڕێسایەکی تری غەیری ئەو ڕێسایە دروست بوو بێت و ئیسلامیش بێت! دیسان هەر

زۆر زۆر ئەستەمیشە ژیانی ئیسلامی لەسەر ڕێسایەکی تر، یان چەندین ڕێسای تری شان بەشانی ڕێسای (لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللهُ وَ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ) دابمەزرێت... مەحاڵە...

- (إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلَّهِ أَمَرَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ) یوسف/٤٠ واتە: حوکم کردن تەنها هی خوایە کە فەرمانی داوە نابێ جگە لەو، هیچ شتێکی تر بپەرسترێت، ئەوەشە دینی ڕاست و دروست...

- (مَّنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ) النساء/٨٠ واتە: ئەوەی گوێڕایەڵی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بکات. ئەوە گوێڕایەڵی خوای کردووە.

لەم بڕیارە کورت و بنبڕو کاریگەرەوە چەند خاڵێك وەردەگرین کە هەڵوێستمانی - دەربارەی کێشە سەرەکییەکانی حەقیقەتی ئەم دینەو بزوتنەوە واقیعییەکەی ئیسلامی- لەسەر دادەمەزرێت.

**یەکەم: سروشتی کۆمەڵگەی موسوڵمانی پێ دەناسینەوە.**

**دووەم: پرۆگرامی پێکهێنانەوەی کۆمەڵگەی موسوڵمانی پێ دیاری دەکەین.**

**سێیەم: شارەزای بەرنامەو ڕێبازی ئیسلام دەبینەوە لەچۆنێتی ڕوبەڕو بوونەوەی کۆمەڵگە جاهیلییەکاندا...**

**چوارەم: فێری چۆنێتی ڕوبەڕو بوونەوەی ئیسلام دەبین لەگەڵ واقیعی ژیانی مرۆڤایەتیدا.**

ئەمانەش کێشەی سەرەکین و زۆر گرنگن و لە بەرنامەی بزوتنەوەی ئیسلامی کۆن و نوێدا جێ بایەخن...

یەكەم دیاردەی ناسینەوەی سروشتی (كۆمەڵگەی موسوڵمان) بریتییە لەوەی، كە ئەو كۆمەڵگەیە لە هەموو كاروبارێكیدا، لەسەر ڕێسای (خواپەرستی) دادەمەزرێ، ئەو جۆرە پەرستنەی كە شایەتمان (لَا إِلٰهَ إِلَّا اللهُ وَ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ)ی تێدا دەردەكەوێ، ئەم پەرستنەش لە بیروباوەڕ، دروشمی پەرستن[١] و یاساو شەریعەتدا دەردەكەوێ...

١- ئەو كەسەی باوەڕی بە تەنهایەتی خوای گەورە نەبێ ئەوە بەبەندەی خوای تاك تەنها ناژمێررێت... خوای گەورە دەفەرموێ: (وَقَالَ اللَّهُ لاَ تَتَّخِذُواْ إِلَهَيْنِ اثْنَيْنِ إِنَّمَا هُوَ إِلَهٌ وَاحِدٌ فَإيَّايَ فَارْهَبُونِ * وَلَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَلَهُ الدِّينُ وَاصِبًا أَفَغَيْرَ اللَّهِ تَتَّقُونَ)النحل/٥١-٥٢ واتە: بڕیاری بوونی دوو خوا مەدەن، چونكە خوا یەكەو هەر لەمنیش بترسن، خوا ئەوەیە، كە خاوەنی ئاسمانەكان و زەوی و هەرچی تێیاندایە، حوكم تایبەتە بەوەوە، ئایا ئێوە لەغەیری خوا دەترسن؟

٢- (ئەو كەسەی دروشمە پەرستنەكان لەبەر خاتری یەكێكیتری غەیری خوا بكات، ئەو كەسە بەبەندەی خوای تاك و تەنها ناژمێررێ: (قُلْ إِنَّ صَلاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ * لاَ شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَاْ أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ)الأنعام/١٦٢-١٦٣ واتە بڵێ: نوێژم و پەرستنم و ژیانم و مردنم بۆ خوای پەروەردگاری جیهانە كە هیچ هاوەڵی نییە، منیش وا فەرمانم پێدراوە، و منیش یەكەمین موسوڵمانم.

٣- (ئەو كەسەی یاساو شەریعەت لەیەكێكی تری غەیری خواوە وەربگرێ و، لە غەیری ئەو ڕێگایەوە وەربگرێ، كە خوا خۆی پێی گەیاندووین، كە ڕێگای پێغەمبەرەكەی خۆیەتی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ئەوە ئەو كەسە بە بەندەی خوای تاك و تەنها ناژمێررێ: (أَمْ لَهُمْ شُرَكَاء شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ) الشوری/٢١واتە: یان هەڵبەتە خوا هاوەڵی وای هەیە، كە یاساو شەریعەتی تری بۆ ئەوان داناوە لەو بوارانەدا، كە خوا

---

[١] دروشمی پەرستن وەك نوێژو ڕۆژو قوربانی كردن و.. هتد (و).

مۆڵەتی پێنەداون: (وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا) الحشر/٧ واتە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چیتان بۆ دێنێ و پێی ڕازییە، وەری بگرن، بەرهەڵستی چیشی لێکردن، وازی لێ بهێنێن.

کۆمەڵگەی موسوڵمان ئاوا دەبێ... ئەو کۆمەڵگەیەی، کە تەنها خوا دەپەرستێ، ئەوەیە، کە دەبێت ئەو خواپەرستییەی لە هەموو شتێکیدا دەربکەوێت: لە بیروباوەڕو هەست هۆشی تاکەکانی، لەدروشمی پەرستنەکانی و لەیاساو ڕێسا کۆمەڵکارییەکانیدا... هەر یەك لایەن لەم لایەنانە، دوا بکەوێ، یان لەسەر بناغەی (خواپەرستی) دانەمەزرێ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە هەموو ئیسلام لادراوەو، هەموو ئیسلام لە بووندا سڕاوەتەوە، چونکە ڕوکنی یەکەمی ئیسلام، کە (لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه وَ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللّٰه)ە کەیە، لاسەنگ بووە.

کە ووتمان: خوا پەرستی، لە بیروباوەڕدا دەردەکەوێ، دەبێ ئەوەش بزانین، کە داخۆ بیروباوەڕی ئیسلام چییەو چۆنە؟

بیروباوەڕ بریتییە لەو هەست و هۆشەی سەرەنجامی وەرگرتنی حەقیقەتەکانی عەقیدە، لە سەرچاوە خواییەکەیەوە دروست دەبێ، کە لە بیرو ئیدراکی مرۆڤدا پەیدا دەبێ، ئەوجا بە گوێرەی ئەوە، مرۆڤ هەست بەحەقیقەتی خوا دەکات و، بیرو هۆش و فیکری خۆی لەگەڵ دەگونجێنێ، هەروەها هەست بەحەقیقەتی ئەو گەردوونە دەکات، کە تێیدا دەژی -دیارو نادیاری- هەروەها هەست بە حەقیقەتی ئەو ژیانە دەکات، کە ئەم سەربەوە -لە دیارو نادیاریدا- هەروەها هەست کردن بەحەقیقەتی خۆی... واتە حەقیقەتی خودی مرۆڤ... ئینجا لەسەر بناغەو بەگوێرەی تەوجیهاتی ئەو بیروباوەڕە، ڕەفتاری لەگەڵ خوا دەگونجێنی بەشێوەیەك، کە (خواپەرستی)ی تێدا دەربکەوێ و... ڕەفتاری لەگەڵ گەردوون و جیهانی زیندەوەران و، تاك و کۆمەڵ و دام ودەزگای مرۆڤایەتی دەگونجێنێ، بەشێوەیەك، کە هەموو سەرچاوەو ئەسڵێکی لە دینەکەی خوا وەردەگرێ - بەو ڕێگایەی، کە پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕای گەیاندووە- تا وەکو(خواپەرستی)ی

تێدا بچەسپێ... ئەو بیر و باوەڕەش بەم جۆرە هەموو چالاکییەکی ژیان دەگرێتەوە. ئەمە بوو ڕاڤەی ئایدیۆلۆژی ئیسلامی.

ئەگەر بڕیار لەسەر ئەوە درا کە (کۆمەڵگەی موسوڵمان) ئاوا دەبێت... دەبێ بزانرێت ئایا چۆن ئەو کۆمەڵگەیە پێك دێت و ؟ڕێبازی ئەو پێکهاتنە چۆنە؟

**ئەو کۆمەڵگەیە:** کاتێك پێك دێت، کە کۆمەڵێك خەڵك بڕیار دەدەن، کە پەرستنی تەواویان بۆخوا بێ وبەس، بە هیچ جۆرێك هیچ پەرستنێکیان بۆ غەیری ئەو نەبێ... نە لە بیروباوەڕیاندا، نە لە دروشمی پەرستنیاندا، نە لە یاساو سیستمی حوکمیاندا. ئەوجا ئەو کۆمەڵە دەبێ بکەوێتە ڕێکخستنی هەموو گۆشەیەکی ژیانی بەگوێرەی ئەو بناغە تایبەتیەی خواپەرستن... دەبێ ئەو کۆمەڵە زەمیرو دڵ و دەروونیان پاك بکەنەوە، لە باوەڕکردن بە خوایەتی هیچ شتێکی تری غەیری خوا - لەگەڵی بێ یان کەمتر لەو- دەبێ دروشمی پەرستنەکانیان پاك بکەنەوە لەوەی لەبەرخاتری هیچ شتێك، یان کەسێك بکرێ غەیری خوا -ئەو شتەش لەگەڵ خوابێ یان کەمتر لەو-، هەروەها دەبێ یاساو شەریعەتیان لەوە پاك بکەنەوە، کە لە غەیری خوا وەریبگرن، جا چ حوکمی یاساو ڕژێمێك بێ شان بەشانی تەعلیماتی شەریعەتەکەی خوا وەربگیرێ، چ هەر لە یاساو رژێمێکی تر وەربگیرێ و ئیسلام بخرێتە لاوە.

ئەو کاتە - تەنها ئەو کاتەش- ئەو کۆمەڵە بە موسوڵمان دەدرێنە قەڵەم و، ئەو کۆمەڵگەیەی ئەو کۆمەڵە دروستی دەکات بە کۆمەڵگەی موسوڵمان دادەنرێ...

بەڵام پێش ئەوەی کۆمەڵێك خەڵکی بێن و بڕیاربدەن، کە تەنها خوا - بەو شێوەی باسکرا- دەپەرستن، ئەوە بەموسوڵمان نادرێنە قەڵەم، هەروەها پێش ئەوەی کۆمەڵێکی وا ژیانی خۆیان لەسەر بناغەی(خواپەرستی) ڕێك بخەن، کۆمەڵگەی موسوڵمانیان پێ نایەتە کایەوە... چونکە هێشتا یەکەمین ڕێسای ئیسلامەکەی لەسەر دانەمەزراوە، ئەوی کە

دەبێت کۆمەڵگەی موسوڵمانی لەسەر بنیات بنرێت، کە (لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه وَ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللّٰه)کەیە، کە دەبێت بە هەردوو بەشەکەیەوە لە ژیانی کۆمەڵێکدا بێتە دی...

کەوابوو پێش ئەوەی بیر لە دامەزراندنی سیستمی کۆمەڵایەتی ئیسلامی و، پێکهێنانی کۆمەڵگەی موسوڵمان -کە لەسەر بناغەی ئەو سیستمە دادەمەزرێ- بکرێتەوە... پێویستە یەکەم بایەخ بدرێ بە ڕزگارکردنی زەمیرو ویژدانی ئەندامانی کۆمەڵەکە لەپەرستنی غەیری خوا -لە هەر شێوەیەکدا بێ لەو شێوانەی باسمان کردن- پاشان دەبێ ئەو ئەندامانەی زەمیرو ویژدانیان لە پەرستنی غەیری خوا ڕزگارکردووە، لە کۆمەڵە (الجماعة)یەکی موسوڵماندا کۆببنەوە... ئینجا لەم کۆمەڵەیەی ئەندامەکانی زەمیرو ویژدانیان لە پەرستنی غەیری خوا ڕزگار کردووە -لە بیروباوەڕو پەرستن و یاسا وەرگرتنیاندا- دەشێ کۆمەڵگەی ئیسلامی پێك بهێنرێت، ئەو کاتەش هەر کەس، کە ویستی لەو کۆمەڵگەیەدا بژی وە هەر کەس ڕازی بوو (بە عەقیدە و پەرستن و یاساو شەریعەتی ئەو کۆمەڵگەیە، کە لەسەر بناغەی (خواپەرستن) دامەزراوە، یان بڵێین، کە (لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه وَ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللّٰه)ی تێدا چەسپێنراوە، دێت و دەچێتە ڕیزی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیەوە.

دروست بوونی یەکەمین کۆمەڵەی موسوڵمان، کە یەکەمین کۆمەڵگەی موسوڵمانی لێوە پێك هات، بەو شێوەیە بوو... بۆیە دروست بوونی هەموو کۆمەڵەیەکی موسوڵمان و پێکهاتنی هەموو کۆمەڵگەیەکی موسوڵمان، هەر دەبێ بەو شێوەیە بێ.

کۆمەڵگەی موسوڵمان لەوەوە پێك دێت کەخەڵکی - چ تاك بن چ کۆ- لە پەرستنی غەیری خواوە بێتە ڕیزی پەرستنی خوای تاك و تەنهای بێ هاوەڵ- جا چ لەگەڵی بێ چ لەو کەمتر- هەروەها لەوەوە پێك دێ، کە ئەم جۆرە تاك و کۆیانە بڕیار دەرکەن، کە دەبێ حکومەتێکی خۆیان هەبێ سەرەوکاری ژیانیان بکات، کە لەسەر بناغەی ئەو پەرستنە تایبەتییە دابمەزرێ... ئەو کاتە لەدایك بوونێکی نوێی کۆمەڵگەیەکی نوێ دێتەکایەوە، کە

هەر لە کۆمەڵگە جاهیلییە کۆنەکەوە گوێزراوەتەوە، کە ئێستا ئەم وا ڕووبەڕوی بۆتەوە، بەڵام بەعەقیدەیەکی نوێ و، سیستمێکی نوێی ژیان، کە لەسەر بناغەی ئەو عەقیدەیە دامەزراوە، کە بریتییە لە بڕیاری (لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه وَ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللّٰه).

لەوانەیە ئەو کاتەی - کە کۆمەڵگەی ئیسلامی پێك دێت - کۆمەڵگە جاهیلییە کۆنەکە، بە هەموو ئەندامەکانییەوە بێنە نێو ڕیزی کۆمەڵگە ئیسلامییە نوێکەوە، لەوانەشە نەیەن... یان لەوانەیە پەیمان لەگەڵ کۆمەڵگە موسوڵمانە نوێکە ببەستن، لەوانەشە بەربەرەکانێی بکەن، ئەگەرچی چەند وەختە مێژووی ڕێبازی خواویستی هەر وا بووە، کە کۆمەڵەی جاهیلی بەردەوام شەڕی سەختی لەگەڵ کۆمەڵگەی موسوڵماندا کردووە لە هەر هەموو قۆناغەکانی دروست بوونیدا -چ تاك تاك بووبن چ کۆمەڵ- هێرشی گەورە گەورەی هێناوەتە سەر پێشڕەوانی ئەو کۆمەڵگە نوێیە... ئەمەش ناکۆکییەکە، کە بەدرێژایی مێژووی بانگەوازی ئیسلامی ڕویداوە، هەر لە کاتی نوحەوە سەلامی خوای لێ بێت تا کاتی محمد المصطفى صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بێ جیاوازی.

شتێکی بەڵگەنەویستە، کە کۆمەڵگە نوێکەی موسوڵمانان، نە دادەمەزرێت و نەبڕیاری بوونیشی دەدرێت و، دانی پێدادەنرێت، تا نەبێتە خاوەن هێز... هێزی بیروباوەڕو هێزی خووڕەوشت ووەرەبەرزی و، هێزی ڕێکخستن و بوونیادی کۆمەڵکاری و هەموو جۆرە هێزەکانی تر، کە ئەو کۆمەڵگە موسوڵمانە دەگەیێنێتە ئەو ڕادەیەی بتوانێت بەسەر کۆمەڵگەی جاهیلیدا زاڵ ببێت، یان هەر هیچ نەبێت هێزێکی وابێت توانای ئەوەی هەبێت، کە تەوژم و تینی کۆمەڵگەی جاهیلی ڕاگرێ و بەرهەڵستی بکات.

بەڵام ئایا (کۆمەڵگەی جاهیلی)چییە؟ پرۆگرامی ئیسلامی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کۆمەڵگە جاهیلیانەدا چۆنە؟

کۆمەڵگەی جاهیلی هەموو کۆمەڵگەیەکی غەیری کۆمەڵگەی موسوڵمان دەگرێتەوە! ئەگەر ویستمان بەشێوەیەکی بابەتی کۆمەڵگەی جاهیلی پێناسە بکەین دەڵێین:

کۆمەڵگەی جاهیلی بریتییە لەهەموو کۆمەڵگەیەك، کە (تەنها خوا پەرستن)ی تێدا نایەتەدی، چ لەبیروباوەڕیدا، چ لە دروشمی پەرستنیدا، وە چ لە یاساو شەریعەتیدا. بە پێی ئەم پێناسە بابەتیەش هەرچی کۆمەڵگەیەك، کە ئەمڕۆ لە سەرزەمیندا هەیە بە (کۆمەڵگەی جاهیلی) دەژمێررێ.

### کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی (شیوعی) جاهیلییە... چونکە:

یەکەم: لە بیروباوەڕیدا باوەڕی بەخوای گەورە نییە، ئینکاری بوونیشی دەکات، بەوەی کە کارگێڕی بوونەوەر دەداتە دەست (مادده) یان (سروشت) و کاروکارتێکردنی ژیان و مێژووی مرۆڤ دەداتە دەست (ئابوری) یان (ئامێرەکانی بەرهەم هێنان).

دووەم: ڕژێمێکی دامەزراندوە -یان دایدەمەزرێنێت- کە حزبی تێدا دەپەرسترێت (ئەگەر ڕاست بێ و سەرکردایەتی کۆمەڵکاری (القیادة الجماعیة) حەقیقەتێکی واقیعی هەبێ و وابێت) نەك بۆ خوای مەزن! هەروەها هەرەمییەکی تر، کە دەکەوێتە ئەو جۆرە بیرو هۆش و ئەو جۆرە ڕژێمەوە وەك بە فیڕۆچوونی سیفاتی (مرۆڤ) بەو ئیعتبارەی، کە(داواکارییە سەرەکییەکان)ی تەنها داواکاری ئاژەڵین، کە بریتین لە: خۆراك و خواردنەوەو جێگاو تێرکردنی ئارەزوی جنسی (سێکس)، هەروەها مەحروم کردنی مرۆڤ لەهەموو پێویستیە (مرۆڤایەتیەکانی) کە لەئاژەڵ جوێ دەکرێتەوە پێی، وەك: عەقیدەیەکی خواویستی و، سەربەستی هەڵبژاردن، و سەربەستی ڕادەربڕین، هەروەها سەربەستی دەربڕینی ڕای خۆی بەرامبەر (ئەندامێتی خۆی) کە بە گەورەترین سیفەتی (مرۆڤایەتی) دەژمێررێت، ئەو ئەندامێتییەی لە تاك خاوەنێتی (الملکیة الفردیة) دا دەردەکەوێ. هەروەها سەربەستی دەربڕینی ڕای خۆی بەرامبەر جۆری کارو پسپۆری تێیداو، دەربڕینی ڕای هونەری خۆیی (زاتی). هەتا ئاخرشت، کە (مرۆڤ) لە (ئاژەڵ) یان لە (ئامێر) جیا دەکاتەوە!چونکە بیرو هۆش و باوەڕی کۆمۆنیست (شیوعی) و ڕژێمی

کۆمۆنیست (شیوعی) وەکو یەکن.  کە مرۆڤ لەژێر سایەیاندا زۆر زۆر دێتە خوارەوە بۆ پلەی ئامێر!

**کۆمەڵگەی بت پەرستی -کە هەتا ئێستاش لەهیندستان و یابان و فلیپین و ئەفریقادا هەرهەن- ئەم کۆمەڵگایانەش جاهیلین... چونکە:**

یەکەم: بیروباوەڕیان لەسەر ئەوە دادەمەزرێت کەغەیری خوا (الله) خوایانە، چ بڕیاری ئەوە بدەن، کە لەگەڵ خوادا یەکێکی تر هەیە مافی خوایەتی هەبێت، چ لەو کەمتر دانرابێت. دووەم: سیستم و یاسای حوکمی خۆی هەیە، کە غەیری خواویستین. جا ئەم سیستم و یاسایانە چ لەپەرستگاو کاهین وسەدەنەو ئەفسانەگەرو سیحربازو پیرەکانیانەوە وەرگرتبێت، چ لەدەستە بێ دینە (عەلمانی) یەکانییەکانەوە، کە دەسەڵاتی یاسادانانیان هەیە، کە لە شەریعەتی خواییەوە وەرناگرن... واتە حاکمێتی و دەسەڵاتی باڵایان هەیە، کە بەناوی (گەل) یان بەناوی (حزب) یان بەهەر ناوێکی ترەوە بێ، کە حوکم دەکەن، ئەمەش جاهیلیەتە، چونکە حاکمێتی باڵا بۆ خوا نەبێ بۆ هیچ کەسێکی تر، یان شتێکی تر نییە. ئەم حاکمێتییەش بەو ڕێگایە دەبێت، کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕای گەیاندووەو بەهیچ شێوەیەکی تر نابێت.

**هەروەها هەموو کۆمەڵگەیەکی مەسیحی و جولەکەش، کە لەسەرزەمیندا هەن هەر جاهیلین، چونکە:**

یەکەم: لەعەقیدەو باوەڕی ڕاستی لایان داوە، چونکە خوایەتی خوای گەورە بە تاك دانانێن، بەڵکو هاوەڵی بۆ پەیدادەکەن، لەیەکێك لە شێوەکانی هاوەڵ بۆ خوا پەیداکردن (الشرك)دا. جا ئایا بە بڕیاردانی ئەوەبێت، کە خوا کوڕی هەیە، یان بە باوەڕ بە سێ پیرۆزەکە (الثالوث الأقدس) وەك لە مەسیحیدا هەیە، یان بەوەی، کە بەڕاستی دەرك بەخوا ناکەن، یان پەیوەندی نێوان بەندەو خوا لەسەر بناغەیەکی غەیری حەقیقەتی خۆی دەناسن و بڕیاری لەسەر دەدەن: (وَقَالَتِ الْيَهُودُ عُزَيْرٌ ابْنُ اللَّهِ وَقَالَتِ النَّصَارَى

الْمَسِيحُ ابْنُ اللَّهِ ۖ ذَٰلِكَ قَوْلُهُم بِأَفْوَاهِهِمْ ۖ يُضَاهِئُونَ قَوْلَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن قَبْلُ ۚ قَاتَلَهُمُ اللَّهُ ۚ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ)التوبة/ ٣٠ واته: جوولەکەکان ووتیان عوزێر کوڕی خوایە، مەسیحییەکانیش ووتیان:مەسیح(عیسا) کوڕی خوایە، ئەمە قسەی سەردەمیان بوو، هەر قسەی ئەوانەی پێشوویانەو دەیڵێنەوە، ئەوانەی کافر بوون، هەی خوا بیانکوژێت بزانە چۆن لەحەق لادەدەن!

- (لَّقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ ثَالِثُ ثَلاَثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَهٍ إِلاَّ إِلَهٌ وَاحِدٌ وَإِن لَّمْ يَنتَهُواْ عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ)المائدة/٧٣ واتە: ئەوانەی ووتیان خوا سێیەمین کەسە، کوفریان کرد، یەك خوا نەبێت هیچ خوایەکی تر نییە، ئەوانە ئەگەر کۆتایی بەوە نەهێنن، کە دەیڵێن ئازارێکی زۆر کاریگەرو بە ژان کافرەکانیان دەگرێتە خۆ.

- (وَقَالَتِ الْيَهُودُ يَدُ اللّهِ مَغْلُولَةٌ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُواْ بِمَا قَالُواْ بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ يُنفِقُ كَيْفَ يَشَاءُ) المائدة/٦٤ واتە: جولەکەکان ووتیان دەستی خوا داخراوە، هەی دەستیان بڕزێت، مادام وایان ووت ئەوا لە ڕەحمەتی خوا دورخرانەوە، خۆ هەردوو دەستی خوا کراوەن و هەر چۆنێك حەز بکات دەبەخشێت ..

هەروەها بۆیە کۆمەڵگەی مەسیحی و جولەکە بە کۆمەڵگەی جاهیلی دادەنرێن، چونکە دروشمی پەرستن و هەڵس و کەوتیان لەبیروهۆشێکی عەقیدەیی گومڕاو لاڕێ لادراوەوە، وەرگیراوە ...

هەروەها شەریعەت و سیستمەکەشیان لەسەر (خواپەرستی) دانەمەزراوە، چونکە مافی حاکمێتیان تایبەت بەخوا نەکردووەو، دەسەڵاتەکەی خۆشیان لە شەریعەتەکەی خواوە وەرنەگرتووە. بەڵکو کۆمەڵێ مرۆڤیان داناوە، کە مافی حاکمێتی باڵایان داونەتە دەست، ئەوەش خوا نەبێت هیچ کەس مافی ئەوەی نییە... هەر لە کۆنەوە، خوای گەورە بەکافر ناوی بردوون، چونکە ئەو مافەیان دابوە دەست حیبرو راهیبەکانیان (پیاوانی دینی

جولەکەو مەسیحی) کە ئەوانیش بە ئارەزوی خۆیان یاساو شەریعەتیان بۆ دادەنان وخەڵکەکەش لێیان وەردەگرتن.

- (اتَّخَذُواْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُواْ إِلاَّ لِيَعْبُدُواْ إِلَهًا وَاحِدًا لاَّ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ) التوبة/٣١ واتە: حیبرو ڕاهیبەکانی خۆیان کردبوون بەخوا -لە جێی خوا دایاننابوون- هەروەها مەسیح (عیسا)ی کوڕی مەریەمیش، هەروا ئەگەرچی ئەمان وافەرمانیان پێدرابوو، کە تەنها یەك خوا بپەرستن، کە هیچ خوایەك نییە جگە لەو. بێخەوشی و پاکی بۆ خوا، لەوەی ئەوان ئاوا هاوەڵ بۆ خوا پەیدا دەکەن!

ئەوان وەنەبێت حیبرو ڕاهیبەکانیان بە خوا زانیبێت و، دروشمی پەرستنەکانیان بۆ ئەنجام دابن، بەڵکو تەنها دانیان بەوە دانابوو، کە ئەوانە مافی حاکمێتیان هەیە. بەوەی هەرچی یاسایەك، کە ئەوان بۆیان دادەنان وەریان دەگرت، یاسای وا، کە خوا پێی ڕازی نییە. لەبەر ئەوە زۆر لەجێی خۆیدایەتی، کە هەر بەکافر دابنرێن. ئەم مافەشیان داناوە بۆ چەند کەسانێك، کە نەحیبرن و نەراهیبیشن... هەموویان هەر وەکو یەکن...

لە کۆتاییدا دێینە سەر ئەو کۆمەڵگانەی خۆیان وا حاڵی دەکەن، کە (موسوڵمانن) ئەم کۆمەڵگانەش، کە بەجاهیلی دادەنرێن، لەبەر ئەوە نییە وا بزانن یەکێکی تر هەیە و دەبێت لەگەڵ خوای گەورە وەك خوا دابنرێت، یان لەبەر ئەوە نییە، کە دروشمی پەرستنەکانیان بۆ غەیری خوا بکەن، بەڵکو لەبەر ئەوە بە کۆمەڵگەی جاهیلی دادەنرێن، چونکە پەرستنەکانیان بە تەنها بۆ خوا نییە. ئەمەش بە ئاسانی لە ژیانیاندا دەردەکەوێ. چونکە ئەو کۆمەڵگانە ئەگەرچی باوەڕیشیان بەتەنها خوایەتی خوا هەیە، بەڵام گەورەترین و گرنگترین سیفەتی خوایەتییان داوەتە دەست غەیری خوا، کە حاکمێتییە... ئەویش بەوەیە کە ڕێگا دەدات غەیری خوا، سیستم و شەریعەت ویاساو ڕێسای ژین و خوڕەوشت و نەریت و هەموو بنەماکانی تری ژیانیان بۆ دابڕێژێت... خوای گەورەش دەربارەی ئەم کۆمەڵگایانە دەفەرموێ: (وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ) المائدة/٤٤

واته: هەر كەسێك حوكم بەوە نەكات كەلەلایەن خواوە نێراوەتە خوارەوە -كە قورئانە- ئەوانە كافرن.

دەربارەی ئەوانەش، كە حوكم بە یاساكانی ئەوان دەكەن دەفەرموێت: (أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُواْ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُواْ إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُواْ أَن يَكْفُرُواْ بِهِ) تا دەگاتە (فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا)النساء/٦٠-٦٥ واتە: ئەوانە نابینی كەخۆیان وا حاڵی كردووە، كە گوایە باوەڕیان بەوە هێناوە، كە بۆ تۆو بەوەی لەپێش تۆدا هاتۆتە خوارەوە. كەچی دەیانەوێت داوەری خۆیان ببەنە لای تاغوت (هەموو ڕژێم و كەسێكی خوا نەویستە) ئەگەرچی فەرمانیشیان پێدراوە، كە تاغوت بە كافر دابنێن و شوێنی نەكەون... پاشان دەفەرموێ: سوێند بێ بە خواكەی تۆ، باوەڕیان نییە، تا وەكو تۆ نەكەن بەحاكم لەو كێشانەی لە نێوانیاندا ڕوودەدات. جا ئەو كاتەی كە حوكمت كردن هیچ گرێیەك لە دڵیاندا نامێنێت، ئەوجا بە موسوڵمان حسابن، چونكە بەتەواوی خۆ تەسلیم دەكەن.

هەروەها لەوەو پێش خوا باسی جولەكەو مەسیحی كرد، كە كافرن و هاوەڵیان بۆ خوا بڕیار داوە و لە ڕێبازی خواپەرستی لایان داوە، وەحیبرو راهیبەكانیان كردووە بە خوا. چونكە ئەو دەسەڵاتەی بۆ خوایە داویانەتە حیبرو ڕاهیبەكانیان ئەمانەش، كە خۆیان ناوناوە (موسوڵمان) ئەو ماف و دەسەڵاتەیان داوە بە مرۆڤ وەكو خۆیان! خوای گەورە ئەمەی بە هاوەڵ پەیداكردن -شِرْك- لەسەر جولەكەو مەسیحی تۆمار كرد، چونكە وەك ئەوەی حساب، كرد كە ئەوانە عیسای كوڕی مەریەم بەخوا دادەنێن و سیفاتی خوایەتی پێ دەبەخشن و، دەیپەرستن... ئەمەش لادانە لە ڕێبازی خوا بەیەكناسین و پەرستنی

خوای تاك و تەنها، هەروەها ئەمە چوونە دەرەوەیە لە دینەکەی خواو لە ڕێبازی (لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللَّه)کە.

هەندێك لەم کۆمەڵگایانە بەئاشکرا (بێ دینی - عەلمانی) دەردەبڕن، ئەوەش ڕون دەکەنەوە، کە بە هیچ جۆرێك پەیوەندیان لەگەڵ دیندا نییە... هەندێکی تریشیان وا دەردەبڕن، کە گوایە (ڕێزی دین دەگرن)، بەڵام دین لە سیستمە کۆمەڵایەتییەکەیان دەکەنە دەرەوە و دەڵێن ئێمە ئینکاری (نادیار) دەکەین و بەس! گوایە سیستمەکەیان لەسەر بناغەی بێ دینی (عەلمانی) دادەڕێژن....ئەو ئینکاری کردنەی نادیاریش، لەبەر ئەوەیە، کە زانست پێچەوانەی شتی نادیارە!ئەمەش پاڵانتەیەکی نەفامانەیەو، نەزانەکان نەبێ کەس نایڵێت.[1] هەندێکی تریشیان حاکمێتی خوای گەورە بۆ خۆیان زەوت دەکەن و خۆیان چۆن حەز بکەن یاسا وا بۆخۆیان دادەنێن! پاشان دەڵێن ئەمە شەریعەتی خوایە! بەڵام ئەمانە هەموویان لەوەدا چوون یەکن، کە پەرستنەکانیان بۆ خوا نییە..

کۆمەڵگەی ئیسلامی دان بە ئیسلامەتی هیچ یەکێك لەم کۆمەڵگایانە ناهێنێ، کە هەن و هیچ ئیعتبارێکیان بۆ دانانێت.

ئیسلام تەماشای ئەو لافیتەو دروشم و نیشانانە ناکات، کە ئەم کۆمەڵگایانە -هەر چەند لەناو خۆدا لێك جیاوازبن- بەرزی دەکەنەوە....چونکە هەمویان لەیەك حەقیقەتدا یەك دەگرنەوە.... ئەویش ئەوەیە کە ژیانیان لەسەر پەرستنێکی تەواوی یەکخواناسین دانامەزرێت... هەروەها ئەو کۆمەڵگانەش، کە خۆیان ناوناوە موسوڵمان، لەگەڵ کۆمەڵگەکانی تردا، لەیەك جێیەکدا یەك دەگرنەوە، کە ئەویش بەشداربوونیانە لە سیفەتی (جاهیلێتی).

---

[1] بروانە بەشی حەوتەم لە في ظلال القرآن/ تەفسیری ئەو ئایەتەی خوای گەورە دەفەرموێ: (وَعِنْدَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَا إِلَّا هُوَ).

ئەمەش دەمان باتەوە بۆلای کۆتا کێشەمان، کە بریتییە لە چۆنێتی بەرنامەی ئیسلامی بەرامبەر هەموو واقیعێکی مرۆڤ.... ئەمڕۆو سبەی....تا ئاخر زەمان.... ئەوەی لەبەندی یەکەمی بەشی (سروشتی کۆمەڵگەی موسوڵمان)دا بڕیارمان دا، کە ووتمان ئەو سروشتە لەسەر (خواپەرستی) دامەزراوە، لێرەدا سودی لێ وەردەگرین...

دیاریکردنی چۆنێتی ئەو سروشتە، وەڵامێکی کت و متی ئەو پرسیارەمان دەداتەوە، کە دەڵێ: ئەو بناغەیە چییە، کە ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر دادەمەزرێت؟ ئەو سەرچاوەیە چییە، کە دەبێت بۆ لێ وەرگرتن لێی دیاری بکرێت و بشگەڕێینەوە سەری؟ ئایا ئەو سەرچاوەیە هەر دینەکەی خوایە، کە وەك بەرنامە بۆ ژیان دانراوە، یان ئەو واقیعەیە، کە مرۆڤی تێدادەژی، ئیدی هەر چۆنێك بێت؟

**لێرەدا ئیسلام -بێ چەندو چون و منجەمنج کردن- بەئاشکرایی وەڵاممان دەداتەوە:**

ئەو سەرچاوەیەی، کە دەبێت ژیانی مرۆڤایەتی – لە هەموو کاروبارێکیدا- بگەڕێتەوە سەری، بریتییە لە دینەکەی خوا، کە بۆ ژیانی داناوە... بریتییە لە بڕیاردانی (لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله وَ مُحَمَّدًا رَسُولُ الله) کە یەکەمین ڕوکنی ئیسلامەتییە، تا ئەو سەرچاوەیەش دان بەو بڕیاری (لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله وَ مُحَمَّدًا رَسُولُ الله) یە نەهێنێ، ناکرێ بچەسپێ و بێتە دی... چونکە (خواپەرستی) و شێوەی وەرگرتنی ئەو پەرستنە لەو ڕێگایەوە نەبێ، کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕای گەیاندووە، ناکرێ کۆمەڵگەی موسوڵمان بهێنێتە دی... پاشان ئیسلام دەفەرموێ:

- (وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا)الحشر/٧ واتە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چیتان پێڕادەگەیێنێ و پێی ڕازییە، وەری بگرن، بەرهەڵستی چیشی لێکردن وازی لێ بهێنن.

پاشان ئیسلام دەپرسێت: (أَأَنتُمْ أَعْلَمُ أَمِ اللَّهُ) البقرة/١٤٠ واتە: چما ئێوە زیاتر دەزانن، یان خوا، هەر خۆشی وەڵام دەداتەوە: (وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ)البقرة/ ٢١٦ واتە: خوا دەزانێت و ئێوە نازانن. چونکە: (وَمَا أُوتِيتُم مِّن الْعِلْمِ إِلاَّ قَلِيلاً)الاسراء/٨٥ واتە: ئێوە لە زانست شتێکی کەم نەبێت هیچتان نەدراوەتێ.

ئەو کەسەی کە زانایە. ئەوەیە، کە بوونەوەرو مرۆڤی دروست کردووە و ڕۆزی دەرە، هەر ئەویشە، کە حوکم دەکات، دەبێت هەر دینەکەی ئەو بەرنامەی ژیان بێت و ببێتە سەرچاوەی ژیان... چونکە ئەنجامی بیروهۆش و ئایدیۆلۆژی و بۆچونی مرۆڤ خراپەکاری و بەدبەختی و لەڕاستی لادانە، چونکە هەمووی لەسەر بناغەی زانستی مرۆڤ دادەمەزرێن، کە هیچ نازانێت، ئەو مرۆڤەی شتێکی کەم نەبێت لە زانستی هیچی نەدراوەتێ!

دینەکەی خواش وەنەبێ ئاڵۆز بێت، بەرنامەکەشی کە بۆ ژیانی داناوە، وەنەبێت ڕون و ئاشکرا نەبێت، بەڵکو بەشی دووەمی شایەتمان، کە (مُحَمَّدًا رَسُولُ الله)یە دیاری کراوە، لەوەدا کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە ووتارو ڕەفتار، خۆی دەقەکانی دیاری کردووە.... لەهەرچی کاتێکدا دەق هەبوو، ئەوە حوکمەو ڕادەپەڕێنرێت. چونکە ئیجتهاد لەدەقدا ناکرێت. ئەگەر دەق نەبوو (چ دەقی قورئان بێت چ هی حەدیس) ئەو کاتە بە پێی ئەو ئەسڵانەی لە بەرنامەکەی خوادا دیاری کراون، ئیجتهاد دەکرێت، نەك بەپێی هەواو هەوەس و ئارەزوی مرۆڤ: (فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ)النساء/٥٩ واتە: ئەگەر ناکۆکیتان لە شتێکدا بۆ دروست بوو، بگەڕێنەوە سەر فەرمایشتی خواو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

سنوری ئەسڵەکانی ئیجتهادو شێوەی وەرگرتن لە قورئان و حەدیس، دیاری کراون و بڕیاریان لەسەر دراوە، ئەوانیش وە نەبێت ئاڵۆز بن، یان ئاشکرا نەبن.

کەس بۆی نییە لە خۆیەوە یاسا دەرکات و بڵێ: ئەمە شەریعەتی خوایە. مەگەر لەو کاتەدا، کە حاکمێتی باڵا لە پەرستنی خواوە هەڵ هێنجراوە و فەرمانە خواییەکان ئاشکران. ئەو کاتەی، کە تەنها ئەو پەرستنە دەبێتە سەرچاوەی دەسەڵاتدارێتی خوایی، نەك (گەل) یان (حزب) یان مرۆڤی تر. دەبێت بۆ ئەوەی بزانرێت، کە خوا چی دەوێت، دەبێت مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ قورئان وحەدیسی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەمەش ئەوە نییە هەر کەسێك بێ و بە ناوی خواوە لافی دەسەڵات لێ بدات. وەك ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان لە ئەوروپا بەناوی (سیۆکراس) یان (حوکمی پیرۆز)ە وە بینرا. ئەوە لە ئیسلامدا نییە. کەس بۆی نییە بەناوی خواو پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حوکم دەربکات. چونکە هەموو دەقەکان ئاشکران.

ووشەی (دین بۆ واقیعەکەیە) خەڵکی بەهەڵە لێی تێدەگەن و، خراپ بەکاری دێنن، بەڵێ ڕاستە دین واقیعییەو بۆ واقیعەکەیە، بەڵام کام واقیع؟

دین بۆ واقیعێکە، کە دینەکە خۆی هێنابێتیە دی، بەگوێرەی بەرنامەکەی خۆی هاتبێتە کایەوە، کە لەگەڵ فیکرەی مرۆڤدا دەگونجێ و، حەقیقەتی پێویستییەکانی (مرۆڤایەتی) پێ دێتە دی، کە هەموو شتێك دەگرنەوە.  ئەو پێویستیانەی، کە خوا بڕیاری لەسەرداوە، کە خۆی مرۆڤی دروست کردووەو خۆشی دەزانی چۆنی دروست کردووەو پێویستییەکانی چین و چۆن چارەسەر دەکرێن.

- (أَلا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ) الملك/١٤ واتە: بۆ ئەو کەسەی دروستی کردووە، نازانێت؟ کە شارەزاو ئاگاداریشە.

دین وەنەبێت لەگەڵ هەموو جۆرە واقیعێکدا بگونجێو شایەتی چاکی بۆ بدات و بەحوکمێکی شەرعی پشتگیری بکات و بڵێ: ئەمە ڕاستەو لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگەی

موسوڵماندا دەگونجێت، یان لە شێوەی لافیتەیەكی نوسراودا ئاشكرای بكات: نەخێر ئەوە مەبەستی دین نییە! بەڵكو دین كە ڕوبەڕوی واقیع دەبێتەوە، پێش هەموو شتێك ئەو واقیعە بە تەرازوی خۆی دەكێشێ: ئەوجا ئەوەی خۆی دەیەوێت دەیهێڵێتەوەو بڕیاری لەسەر دەدات و، ئەوەی خۆشی نایەوێت بڕیاری سڕینەوەی دەدات. چونكە ئەگەر ئەو واقیعەی بە دڵ نەبوو، ئەوە هەر قبوڵی ناكات.

واقیعێتی دین ئەوەیە، كە دینەكە خۆی دەیهێنێتە كایەوە، دەبێت هەر بەم مانایەش بە ئیسلام بوترێ (دینێكی واقیعییەو بۆ واقیعە)، چونكە چەمك(مفهوم)ی ڕاستی (دین واقیعییە) دەبێت بەو جۆرە بێت.

**لەوانەیە لێرەدا پرسیارێك خۆقوت بكاتەوە:**

(ئایا نابێت بەرژەوەندی مرۆڤ خۆی واقیع بۆ خۆی دابڕێژێت؟!..)

ئەو كاتە لەوەڵامدا جارێكیتریش دێینەوە سەر پرسیارو وەڵامە خواییەكە: (أَأَنتُمْ أَعْلَمُ أَمِ اللَّهُ)؟ (وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ).

بەرژەوەندی مرۆڤ لە شەریعەتەكەی خوادایە بەو شێوەیەی، كە خۆی ناردوێتی و پێغەمبەرەكەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕایگەیاندووە....خۆ ئەگەر ڕۆژێك مرۆڤ واتێگەیشت كە بەرژەوەندی مرۆڤ لەسەر سەرپێچی كردنی شەریعەتەكەی خوادایە، ئەوە:

یەكەم: (گومان و هەڵە) یەو لە هەوەس پەرستییەوە هاتووە: (...إِن يَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَمَا تَهْوَى الأَنفُسُ وَلَقَدْ جَاءَهُم مِّن رَّبِّهِمُ الْهُدَى * أَمْ لِلإِنسَانِ مَا تَمَنَّى * فَلِلَّهِ الآخِرَةُ وَالأُولَى) النجم/٢٣- ٢٥ واتە: ئەوانە تەنها دوای گومان و هەواو هەوەسی دەروون كەوتوون، ئەگەر چی ڕێنمایی و ڕێپیشاندانیان لەلایەن خوای خۆیان بۆ هاتووە. یان هەڵبەتە بەوە دەبێت، كە مرۆڤ خۆی خۆزگەو ئاواتی بۆ دەخوازێت؟ بەڵام خۆ سەرەتاو كۆتا هەر بۆ خوایە...

دووەم: ئەوانە (کافرن)،چونکە (ئەگەر یەکێك بڵێ: بەرژەوەندی مرۆڤ لەوەدایە، کە سەرپێچی شەریعەتەکەی خوابکرێت)مومکین نییە فرِی بەسەر دینەوە بمێنێت، مومکین نییە بە شوێن کەوتوی ئەم ئیسلامە بدرێتە قەڵەم.

## بڕگەی دووەم

### شەریعەتێکی گەردوونی:

شایەتمان وا لە شوێن کەوتوەکانی دەکات، کە لەگەڵ ڕێسا گەردوونیەکاندا بگونجێن.
خاوەنی کتێبی (مُعَالِمْ فِي الْطَرِيق) لە ژێر ناونیشانی (شەریعەتێکی گەردوونی)دا دەڵێ:

ئیسلام کاتێك بوونیادی بیروباوەڕەکەی لە ویژدان و واقیعدا، لەسەر بناغەی (خواپەرستی) دادەمەزرێنی: وادەکات، کە ئەو پەرستنە وەکو یەك لە بیروباوەڕو پەرستن و یاساو شەریعەتدا دەربکەوێ، بەو ئیعتبارەی، کە ئەو خواپەرستییە لەو شێوەیدا دەبێتە ناوەڕۆکی کردەوەیی بڕیاری (لا إلهَ إلا الله)، هەروەها چۆنیەتی وەرگرتنی ئەو پەرستنەش، کە تەنها لە پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەبێتە ناوەڕۆکی کردەوەیی بڕیاری (مُحَمَّدًا رَسُولُ الله)...

ئیسلام کاتێك بوونیادی بیروباوەڕەکەی لەسەر ئەو بناغەیە دادەمەزرێنێت بەو جۆرەی، کە بڕیاری (لَا إِلٰهَ إِلَّا الله وَ مُحَمَّدًا رَسُولُ الله)دەکاتە بناغەی هەموو ژیانی ئیسلامی و سیفات و سیمای ئەو بەرنامەیەش ئاوا دەناسێنێ... ئیسلام، کە ئەو بوونیادو پەیکەرەی خۆی بەو شێوە نایابە دەگمەنەی تایبەت بە خۆی دادەمەزرێنێت، کە جیاوازی هەیە لەگەڵ هەر هەموو ئەو سیستم و دیدانەی، کە مرۆڤایەتی ناسیونی... ئیسلام کاتێك کە ئەمە دەکات، لەبەر ئەوەیەتی، کە دەیەوێت هەموو کارو ڕەفتارو دیدو هەڵس و کەوت وحوکمێك بگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەسڵە سەرەکییەی، کە بوون و بوونەوەری لەسەر دامەزراوە....بگەڕێتەوە سەر ئەو سیستمەی، کە لەگەڵ ڕوانگەی هەموو بووندا دەسازێت، نەك هەر لەگەڵ ڕوانگەو دیدی خودی مرۆڤایەتی، دەیەوێت سیستمی ڕەفتاری مرۆڤایەتی بەپێی بەرنامەی (لَا إِلٰهَ إِلَّا الله وَ مُحَمَّدًا رَسُولُ الله)کەی خۆی وا ڕێك بخات، کە لەگەڵ سیستم و ڕێساو یاسای هەموو بووندا یەك بگرنەوە، نەبادا

بەرنامەیەك بۆ مرۆڤایەتی و ژینی بهێنرێتە کایەوە، کە لەگەڵ سیستمی بووندا نامۆو نەشاز بێت...

ئایدیۆلۆژی ئیسلامی لەسەر ئەوە دادەمەزرێ، کە خوا هەموو بوونەوەری دروست کردووە، ویستی خوا وابوو، کە ئەم گەردوونە دروست ببێت، بۆیە دروست بوو. ئینجا خوای گەورە ئەو رێسایانەی بۆ دانا، کە لەسەری دەڕوات، کە بەشەکانی لە نێو خۆیاندا پێکەوە گونجاون و نامۆیان تێدا بەدی ناکرێ: (إِنَّمَا قَوْلُنَا لِشَيْءٍ إِذَا أَرَدْنَاهُ أَن نَّقُولَ لَهُ كُن فَيَكُونُ)النحل/٤٠ واتە: بەڵکو ووتەمان بەرامبەر شتێك، کە بمانەوێ ببێت، هەر ئەوەندەیە بڵێین: ببە، دەبێت. (وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا)الفرقان/٢ واتە: خوا هەموو شتێکی دروست کردوو ڕادەی بۆ داناوە.

لەپشت ئەم بوونە گەردوونییەوە، وویست و ئارەزویەك هەیە، کە کارگێڕێتی دەکات، هێزێك هەیە، کە دەیجوڵێنێت، دەسەڵاتێك هەیە، کە ڕێکی دەخات، ئەم دەسەڵاتەش تاکەکانی هەموو ئەم بوونەوەرە پێکەوە دەسازێنێت، جوڵانەوەکانیان ڕێك دەخات، بە جۆرێك، کە پێکدا نادرێن و لەنگ نابن و بەرهەڵستی یەکتری ناکەن و - هەتا خواش حەز بکات- جوڵانەوەیان هەروا بە ڕێك و پێکی بەردەوام دەبێ، بێ ئەوەی لە جوڵە بکەون. ئەم بوونەوەرەش هەموی ملکەچی ئەو ویست و ئارەزووە بوە، کە کارگێڕێتی دەکات. ملکەچی ئەو دەسەڵاتەیە، کە دەیجوڵێنێت. ملکەچی ئەو کارگێڕەیە، کە دەیسازێنی، بەشێوەیەك ملکەچێتی، کە ناتوانێ لەو وویست و ئارەزووەی سەرپەرشتی دەکات، یاخی ببێت، یان ئینکاری ئەو دەسەڵاتەی بکات، یان سەرپێچی لەو کارگێڕە بکات....لەبەر ئەم هۆیانەیە، کە ئەم گەردوونە شیاوی هەموو سات و زەمانێکە، بێ ئەوەی خراپییەکی لێوە رووبدات، یان پەکی بکەوێت هەتا ئەوکاتەی خوا حەزدەکات:

- (إِنَّ رَبَّكُمُ اللّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِي اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ تَبَارَكَ اللّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ) الأعراف/٥٤ واته: خوای ئێوه ئەوەیە، كە ئاسمانەكان و زەمینی بە شەش ڕۆژ دروست كردووە، پاشان لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دامەزرا، شەو ڕوناكی ڕۆژ لادەبات و ڕوناكی ڕۆژ تاریكی شەو دەسڕێتەوە، هەردوكیشیان بەخێرایی بە دووی یەكدا دێن، ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەكانیش هەموویان مل كەچی فەرمانی ئەون. بەڵێ ئەو دەسەڵاتی دروست كردن و فەرمان دانی هەیە، پاك و پیرۆزی بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیانە.

مرۆڤ كە لە نێو ئەم بوونە گەردوونییەیە و ئەو یاسایانەی، كە حوكمی فیترەتی دەكەن، وەنەبێت دوورە پەرێز بێ لەو سیستمەی، كە حوكمی هەموو بوونەوەر دەكات، وەنەبێ گۆشەگیر بێ، چونكە مرۆڤیش خوا دروستی كردووە، هەر وەك كە ئەم بوونەوەرەشی دروست كردووە. هەروەها پێكهاتنی لەشی مرۆڤ، هەر لەماددەكانی قوڕی ئەم سەر زەمینەیە، و هەرچی سیفەتێكی زیادە -كە هەیەتی- خوا پێی بەخشیوەو هەمووی بەڕادەیەكی دیاری كراو داوێتێ و كردویەتی بەو مرۆڤە.

لە بارەی شێوەی دروست بوونی لەشیشیەوە -پێی خۆش بێ یان پێی ناخۆش بێ- ئەو سیستم و ڕێسا سروشتییەی بەسەردا دەچەسپێ، كە خوا بۆی دروست كردووە. خوا بوونی داوەتی، هەر لە سەرەتایەوە بە ویست و ئارەزوی خوایەتی خۆی دروستی دەكات، نەك بە ویست و ئارەزوی مرۆڤەكە خۆی، یان بە ویست و ئارەزوی دایك وباوكی. دایك و باوكی بە یەكتریش بگەن، بەڵام خۆ ناتوانن بوونی كۆرپەیەك بدەن. مرۆڤ بە گوێرەی ئەو ڕێسایە لەدایك دەبێت كە خوا بۆی داناوە، وەك ماوەی دووگیانیی و باروزروفی لەدایكبوون، چونكە خۆ هەر لەو هەوایەوە هەناسە وەردەگرێت، كە خوا بەڕادەیەكی تایبەتی دروستی كردووە، هەر بەو بڕەش وەردەگرێ، كە خوا بۆی دیاری دەكات. بەڵێ مرۆڤ هەست دەكات و ئازاریشی پێ دەگات، برسی دەبێ و تینوشی دەبێ، دەخوات و

دەشخواتەوە، خۆراك و خواردنەوە دروست دەكات....بەڵام بە پێی سیستمێكی خوایی دەژی... بێ ئەوەی خۆی سەر پشك بێ- لەمەشدا بوونی مرۆڤ وەك بوونە گەردوونییەكە وایە- بە هەرچییەكەوە كە تێیدایە . هەموی مل كەچ و گوێڕایەڵی وویست و ئارەزوو دەسەڵات و سیستمی خوایین.

ئەو خوایەی كە مرۆڤ و ئەم بوونە گەردوونییەی دروست كردووە، هەر ئەویشە، كە مرۆڤی مل كەچی ڕێساكانی خۆی كردووە هەر بەو شێوەیەی، كە بوونە گەردوونییەكەشی مل كەچ كردووە....هەر ئەو خوایەشە كە (شەریعە ت)ێكی بۆ مرۆڤ داناوە، بۆ ئەوەی لەبەر ڕۆشنایی ئەودا مرۆڤ ژیانی، وویست و ئیرادەی خۆی بە شێوەیەكی ڕێك و پێك ڕێك بخات و، لەگەڵ ژیانی سروشتی خۆی بیگونجێنێت - بەپێی ئەم ڕایەش- شەریعەت بریتییە لە بەشێك لەو سیستمە خواییەی، كە حوكمی فیترەتی مرۆڤ و فیترەتی بوونی گشتی دەكات، كە هەمویانی لە شێوەی ڕستەیەكی تەواودا داڕژتووە.

هەر ووشەیەك لە ووشەكانی خوا، هەر فەرماندان و بەرهەڵستییەك، هەر بەڵێن و هەڕەشەیەك، هەر بەندی یاساو تەوجیهێك... هەر یەكێك لەمانە، بەشێكن لە سیستمی گشتی....هەر یەكەشیان ڕاست و ڕێكەو لەسەر ڕێسای خۆیەتی، وەك ئەو یاسایانەی پێیان دەڵێن: یاسای سروشت -واتە یاسا گەردوونییە خواییەكان- ئەوانەی كە هەموو ساتێك دەیانبینین ڕاست و ڕێكن.... چونكە فەرمانێكی خواییان بەسەردا دراوەو، ئەوانیش مل كەچین و بوونیان بەدەسەڵات و ویستی خوا دێنەدی و بە قەزاو قەدەری ئەو دەبزوێن...

بۆیە ئەو (شەریعەت)ە ش، كە خوا بۆ ڕێكخستنی ژیانی مرۆڤی داناوە، شەریعەتێكی گەردوونییە. واتە پەیوەندی بە سیستمی گشتی گەردوونییەوە هەیە، لەگەڵیدا گونجاوە...

لەبەر ئەوە پێویستە ئیلتزام بەو شەریعەتەوە بکرێت، تا ژیانی مرۆڤ و بزوتنەوەی ئەو گەردوونەی تێیدا دەژین، پێکەوە بگونجێن... بگرە دەبێت ئیلتزامی پێوە بکرێت، تا ئەو یاسا شاراوانەی حوکمی فیترەتی مرۆڤ دەکەن بسازێن لەگەڵ ئەو یاسا ئاشکرایانەی حوکمی ژیان دەکەن، و تا شەخسیەتی شاراوەو شەخسیەتی ئاشکرای مرۆڤ پێکەوە بلکێن...

مادام مرۆڤ توانای نییە هەست بە هەموو یاسا گەردوونییەکان بکات و، توانای نییە دەرك بە چوار لای سیستمی گشتی بوونەوەر بکات.تەنانەت ئەوەندەی زانستی نییە، کەچ ڕێسایەك وا زاڵە بەسەر فیترەتی خۆشیدا، شتێکە، کە ئاوا مرۆڤ مل کەچی ئەو حوکمە دەکات. ئەوانە -پێیان خۆش بێت، یان پێیان ناخۆش بێت - زانیاری و توانایەکی ئەوەندەیان نییە یاساو شەریعەتی وا بۆ ژیانی مرۆڤ دابڕێژن، کە ژیانی خەڵکی و بزوتنەوەی گەردوون پێکەوە بگونجێنێت، تەنانەت ناتوانن یاساو شەریعەتێکی واش دابڕێژن، کە حەزو هەستە فیترەییەکان و داواکارییە ئاشکراکانی مرۆڤ پێکەوە بسازێنێت... ئەوە لە توانای مرۆڤدا نییە، بەڵکو لە توانای کردگاری مرۆڤ و کردگاری گەردوون دایە. کە کارگێڕی کاروباری گەردوون و مرۆڤی بەدەستە، هەر ئەوە کە شەریعەتێکیان بۆ بڕیار دەدات، کە لەگەڵ ئەو سیستمەی خۆی بۆی هەڵبژاردون و خۆی پێی ڕازییە دەگونجێت...

لەبەر ئەوە ئیش پێکردن و چەسپاندنی شەریعەتەکەی خوا، پێویستییەکی سەرشانە تا ئەو گونجاندنە گەردوونییە بهێنرێتە دی....ئەمە بێجگە لەوەی، کە پێویستە ئیسلام بچەسپێنری، چونکە عەقیدەیە، ئیسلام تا بەدڵسۆزییەوە خواپەرستی بە تایبەت بۆ خوا تەرخان نەکرێت، لەژیانی تاك و لەژیانی کۆمەڵدا نەبێ، بوونی نابێت....دەبێت ئەو پەرستنەش تەنها لەو ڕێگایەوە بێت کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕای گەیاندووە، بۆ ئەوەی ناوەڕۆکی ڕوکنی یەکەمی ئیسلام بچەسپێنرێت، کە (لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله وَ مُحَمَّدًا رَسُولُ الله)یە. پێکەوە سازاندنی ژیانی مرۆڤ و سیستمی گەردوون خێرو سودی خودی مرۆڤی تێدایە....چونکە دەبێتە دەستەبەریی پاراستنی ژیان لە خراپەکاری و بەدی... چونکە مرۆڤ

- تەنها ئەو کاتە- بە ئاشتی و هێمنی لە نێو خۆیان و لەگەڵ گەردووندا دەژین... ئاشتی لەگەڵ گەردوون لەوەدا دەردەکەوێ، کە بزوتنەوەی مرۆڤ ئەو کاتە لەگەڵ بزوتنەوەی گەردووندا دەگونجێ، هەردووك یەك ئاڕاستەیان دەبێت. ئەو کاتە ئاشتی نێو خۆشیان دێتە دی، چونکە بزوتنەوەی خۆیان و فیترە پاکەکەیان پێکەوە گونجاوە. ئەو کاتە شەڕ لە نێوان خۆیان و فیترەیان ڕوو نادات، چونکە شەریعەتەکەی خوا زۆر لەسەرخۆ بزوتنەوەی ئاشکراو فیترەتە شاراوەکەیان پێکەوە دەگونجێنێت... لەمەشەوە گونجاندنێکی تر دروست دەبێ، ئەویش ئەوەیە، کە پەیوەندی خەڵکی لەگەڵ چالاکییە گشتییەکانیان دا دەگونجێ، چونکە ئەو کاتە هەمویان یەك ڕێباز دەگرنە بەر، کە ئەویش بەشێکە لە سیستەمە گشتییەکەی گەردوون.

هەروەها ئەو کاتە خێرو چاکە خوازی بۆ مرۆڤایەتی دێتە کایەوە، بەهۆی ڕێنمایی کردن و شارەزابوونی نهێنییەکانی گەردوون و، وزە شاراوەکانی ناویەوە، کە لە توێکانیدا حەشاردراون. ئینجا ئەم هەموو ووزەیەش بەپێی شەریعەتەکەی خوا بەکار دەهێنرێ بۆ خێرخوازی گشتی مرۆڤ، بێ ئەوەی بەرهەڵستی و کەندو کۆسپ بێتە ڕێی.

بەرامبەر شەریعەتەکەی خواش، هەرچی هەیە هەر هەڵقولاوی هەواو هەوەسی مرۆڤە: (وَلَوِ اتَّبَعَ الْحَقُّ أَهْوَاءهُمْ لَفَسَدَتِ السَّمَاوَاتُ وَالأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ)المؤمنون/٧١ واتە: خۆ ئەگەر حەق شوێنی هەواو هەوەسیان بکەوتایە، ئاسمانەکان و زەمین و هەرچی تێیاندایە خراپ دەبوون.

پاشان دیتن و ناسینی ئەو حەقەی ئاسمانەکان و زەمینی لەسەر دروست بووەو ئەو حەقەی ڕێبازی شەریعەتەکەی ئەم دینەی لەسەر دامەزراوە، لە یەك ڕوانگەوە دەبن ئینجا کاروباری دنیاو قیامەت لەسەر ئەم دیدو لەم ڕوانگەوە دەردەکەوێت. ئەوسا کاروباری دنیاو ڕۆژی دوایی پێ چاك دەبێ، خواش لەو کەسانە دەپرسێتەوە، کە دەست

درێژی دەکەنە سەر ئەو حەقە بەڵێ لادانی. هەروەها پاداشتی ئەوانەش دەداتەوە، کە پێوەی پابەندن....چونکە هەردووکیان یەك حەقپەروەرین، کە بریتییە لەو سیستمە گشتییە گەردوونییەی خوا لە هەموو کاتێکدا بۆ ئەم بوونەوەرەی ویستووە. کە ئەویش دەسەڵاتی بەسەر هەموو بوونەوەردا هەیە. هەر لە جیهانی شت و مەکەوە تا جیهانی زیندەوەران.[١]

- (لَقَدْ أنزَلْنَا إِلَيْكُمْ كِتَابًا فِيهِ ذِكْرُكُمْ أَفَلا تَعْقِلُونَ * وَكَمْ قَصَمْنَا مِن قَرْيَةٍ كَانَتْ ظَالِمَةً وَأَنشَأْنَا بَعْدَهَا قَوْمًا آخَرِينَ * فَلَمَّا أَحَسُّوا بَأْسَنَا إِذَا هُم مِّنْهَا يَرْكُضُونَ * لا تَرْكُضُوا وَارْجِعُوا إِلَى مَا أُتْرِفْتُمْ فِيهِ وَمَسَاكِنِكُمْ لَعَلَّكُمْ تُسْأَلُونَ * قَالُوا يَا وَيْلَنَا إِنَّا كُنَّا ظَالِمِينَ * فَمَا زَالَت تِّلْكَ دَعْوَاهُمْ حَتَّى جَعَلْنَاهُمْ حَصِيدًا خَامِدِينَ * وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاءَ وَالأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لاعِبِينَ * لَوْ أَرَدْنَا أَن نَّتَّخِذَ لَهْوًا لاتَّخَذْنَاهُ مِن لَّدُنَّا إِن كُنَّا فَاعِلِينَ * بَلْ نَقْذِفُ بِالْحَقِّ عَلَى الْبَاطِلِ فَيَدْمَغُهُ فَإِذَا هُوَ زَاهِقٌ وَلَكُمُ الْوَيْلُ مِمَّا تَصِفُونَ * وَلَهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَنْ عِندَهُ لا يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِ وَلا يَسْتَحْسِرُونَ * يُسَبِّحُونَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ لا يَفْتُرُونَ)الأنبياء/١٠-٢٠ واتە: کتێبێکمان بۆ ناردونەتە خوارەوە، کە باسی خۆتانی تێدایە، بۆچی عەقڵتان پێ ناشکێت؟ چەند ناوچەی ستەمکارمان وێران کردو خەڵکی ترمان لە جێی ئەوان دروست کرد. کە زانیان ژان و ئازاری ئێمەیان دەگاتێ، کەوتنە خۆ، تا هەڵێن!! نا ڕامەکەن.... بگەڕێنەوە ناو نازو نیعمەت و کۆشك و تەلارەکانتان تا لێتان بپرسرێتەوە، کە چۆن شوکرانە بژێریتان کرد! هاواریان لێ هەستا: خوایە گیان ئێمە ستەممان لە خۆمان کرد... بەردەوام لەسەر ئەو ئیعتیراف کردنەیان مانەوە، تا وەك پەرێزی دوراوو پووشی خوراومان لێ کردن....خۆ ئێمە ئاسمانەکان و زەمینمان هەروا بەهەوانتەو بۆ گاڵتە دروست نەکردووە... خۆ گەر بمانویستایە بۆ ئەوە دروستی بکەین، هەرخۆمان

[١] دەتوانرێ بۆ ڕاڤەی ئەم دیدەو شارەزابوون دیراسەی کتێبەکەی المصطلحات الأربعة/ ئیمامی مەودودی رحمەالله بکرێت/ باسی ووشەی دین..

دەمانکرد، بەڵام ئێمە وامان نەکردووە... ئێمە حەق دەگرین و لەسەرەوە بەرەو خوار بە باتڵی دەکێشین و باتڵیش دادەڕزێ و دەپروێ و بەفەتارەت دەچێت... هەی واوەیلا بۆ حاڵتان (ئێوەی کە هاوەڵ بۆ خوا بڕیار دەدەن) بۆ ئەو قسەو قسەڵۆکەی هەڵی دەبەستن... هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە هی ئەون، ئەو کەسانەش کە لای خوای پەروەردگارن بەردەوام دەیپەرستن و لە خواپەرستی بێزار نابن و خۆ بە گەورەتر لەو کارە نابینن... شەوو ڕۆژ لە زیکری خوادان و بێزاری نایانگرێت و سست نابن...

فیترەی مرۆڤیش لە ناخەوە هەست بەم ڕاستییە دەکات، چونکە سروشتی دروست بوونی خۆی و سروشتی دروست بوونی ئەم گەردوونەی دەوروبەری وای حاڵی دەکات، کە هەموی لەسەر حەق و حەقپەروەری دامەزراوە و، بناغەی دامەزراندنەکەیان حەقپەروەرییە، کە لەگەڵ سیستمی گشتی گەردووندایەو ناگۆڕێ و تێك ناچێت و تولە ڕێی تری لێ نابێتەوەو جیاوازی لە نێوان خولەکانیدا نییە و، هەندێکیان بە هەندێکی تریان ناکێشرێن، چونکە وەنەبێ لەسەر ڕێکەوتی کوێرو هەواو هەوەسی بگۆڕو ئارەزووی سەرشێت دامەزرا بن و هەڵسوڕێن، بەڵکو ڕێسایەکی وردی مەحکەمی دیاری کراویان هەیە، کە لەسەری دەڕۆن ولێی لانادەن....بەڵام کاتێك پشێوی لە نێوان مرۆڤ و فیترەیدا ڕودەدات . کاتێك کە مرۆڤ لە ڕێبازی حەق پەروەری -کە لە ناخیدا جێگیرە- لادەدات و شەریعەتێك بۆ ژیانی خۆی لەسەر بناغەی هەواو هەوەسی خۆی دادەڕێژێت، نەك لەسەر بناغەی شەریعەتەکەی خوا ئەوجا دەکەوێتە ژێر پاڵەپەستۆی هەواو هەوەس و ئارەزوە بەدەکانی خۆی و خۆی تەسلیم بە خوا ناکات، وەك کە ئەم بوونە گەردوونییە بە تەواوی تەسلیمی خوای کردگاری خۆیەتی.

ئەم جۆرە پشێویەش دەکەوێتە نێوان تاکەکان و کۆمەڵ، یان تاکەکان لەناو خۆیاندا، یان نەتەوەکان و نەوەکان هەندێك لەگەڵ هەندێکی تر، وەك چۆن دەکەوێتە نێوان

مرۆڤ و ئەو گەردوونەی دەوروبەری، ئەو كاتەش هەرچی هێزو تێشوو هەیە، لە جیاتی ئەوەی بكرێتە ئامێری ئاوەدان كردنەوەو ئامێری خۆش بەختی مرۆڤ، دەكرێنە ئامێری وێرانكاری و هۆی ناڕەحەتی.

كەوابوو مەبەستی دیارو ڕونی دامەزراندن و چەسپاندنی شەریعەتەكەی خوا لەسەر زەمیندا هەر ئەوەندە نییە كاربكرێت بۆ ڕۆژی دوایی، بەڵكو بۆ دنیاو ڕۆژی دواییە، كە دوو قۆناغن و، یەكتری تەواو دەكەن. تەنها شەریعەتەكەی خوایە، كە دەتوانێ هەر دوو قۆناغەكان لە ژیانی مرۆڤدا پێكەوە بسازێنێت، هەموو ژیانیش لەگەڵ سیستمە گشتییە خواییەكەدا بگونجێنێت.

گونجاندنیش لەگەڵ ئەو سیستمەدا، وەنەبێ بەختیاری مرۆڤ بخاتە ڕۆژی دوایی، بەڵكو لە قۆناغی یەكەمیشدا، لە ژیاندا دەیكاتە واقیعێكی چەسپاو، پاشان لە ڕۆژی دواییدا ئەو بەختیارییەی تەواو دەكات.

****

ئەمە بناغەی تێڕوانینی ئیسلامە بۆ هەموو بوونەوەرو دەربارەی بوونی مرۆڤایەتی ناو ئەو بوونەوەرە گشتییە، ئەمەش بیروباوەڕێكە، كە لە سروشتتدا جیاوازییەكی زۆر زۆری هەیە لەگەڵ هەموو بیروباوەڕێكی تردا، كە مرۆڤایەتی دیویێتی. بۆیە ئەو پابەندییەش، كە بەم شەریعەتە دادەمەزرێ، لە هیچ بیروباوەڕو سیستم و تێوەرەكانی تردا دانامەزرێ.

پابەندبوون بەشەریعەتەكەی خواوە - لەبیرو باوەڕی ئیسلامدا- بریتییە لە پەیوەندی تەواوی نێوان ژیانی مرۆڤ و ژیانی گەردوون و پەیوەندی نێوان ئەو سیستمەی حوكمی فیترەی مرۆڤ و حوكمی ئەو گەردوونە دەكات. هەروەها بریتییە لە هاریكاری سیستمی گشتی و ئەو شەریعەتەی خوا، كە ژیانی مرۆڤ ڕێك و پێك دەكات. ئەو پابەندبوونەش بە پەرستنی خوای تاك و تەنها دێتە دی، كە دەبێ مرۆڤ ئەنجامی بدات. هەر وەكو كە ئەو

گەردوونە ئەو پەرستنە ئەنجام دەدات. ئەو پەرستنەش هەر بۆ خوای گەورە ئەنجام دەدات و، کەس ناتوانێت لافی ئەوە لێ بدات، کە گەردوون ئەم دەپەرستێت.

ئەم یەککگرتن و گونجاندنەش لەو وتووێژەدا دەردەکەوێت، کە لە نێوان باوکی ئەم نەتەوە موسوڵمانە پێغەمبەر ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێ، و (نەمرود) دا ڕویدا. کە نەمرودی حاکمی زۆردار لافی ئەوەی لێ دەدا، کە مافی دەسەڵاتداریتی هەیە بەسەر مرۆڤی سەرزەمیندا. لە کاتێکدا، کە نەیتوانی لافی ئەوە لێ بدا، کە مافی دەسەڵاتداریتی بەسەر گەردووندا هەیە. کە لەبەر چاوی پێغەمبەر ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێ، تەریق بووەوەو سەری سوڕماو بۆی دەرکەوت، کە هیچ دەسەڵاتێکی نییە، چونکە پێغەمبەر ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێ، پێی ووت: ئەو کەسەی دەسەڵاتی بەسەر گەردووندا هەیە، هەر ئەویش دەبێ دەسەڵاتی بەسەر ژیانی مرۆڤدا هەبێت. بۆیە، کە پێغەمبەر ئیبراهیم ئەمەی سەلماند، نەمرود هیچی بۆنەمایەوە.

وتووویژەکەش بەم جۆرە بوو: (أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِي حَاجَّ إِبْرَاهِيمَ فِي رَبِّهِ أَنْ آتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّيَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا أُحْيِي وَأُمِيتُ قَالَ إِبْرَاهِيمُ فَإِنَّ اللَّهَ يَأْتِي بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ الْمَغْرِبِ فَبُهِتَ الَّذِي كَفَرَ وَاللَّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ) البقرة/ ٢٥٨واتە: مەگەر کابرا نابینی، کە ئینکاری بوونی خوای ئیبراهیمی دەکرد، ئەو کەسەی کە خوا دەسەڵاتی پاشایەتی پێ بەخشیبوو. کاتێك ئیبراهیم ووتی خوای من ئەوەیە، کە دەژێنێت و دەشمرێنێت، ووتی: منیش دەژێنم و دەمرێنم. ئیبراهیم ووتی: مادام وایە دەسا ڕۆژ، کە خوا لە ڕۆژهەڵاتەوە دەیهێنێت، تۆ بتوانە لە ڕۆژئاواوە بیهێنە. کابرا سەری سوڕماو نوتقی بەسرا، چونکە کوفری کرد، خۆ خواش ڕێنمایی ستەمکاران ناکات.

فەرمودەی خواش ڕاستە، کە دەفەرموێ: (أَفَغَيْرَ دِينِ اللَّهِ يَبْغُونَ وَلَهُ أَسْلَمَ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ) آل عمران/٨٣ واتە: بۆچی دەیانەوێت

دینێکی تر، غەیری دینەکەی خوا وەربگرن؟!هەرچی لە ئاسمانەکان و زەمیندان، پێیان خۆش بێ، یان پێیان ناخۆش بێ، هەرهی خوان، هەموشیان هەر بۆ خوا دەگەڕێنەوە.

## بڕگەی سێیەم

## کلتورو شارستانێتی ئیسلامی:

شایەتمان ڕۆشنبیرییەکی تایبەتی و کلتورێکی تایبەتی و شارستانێتییەکی تایبەتی لەسەر دادەمەزرێت، خاوەنی (مُعَالِمْ فِي الْطَرِيق) ئەمەشیان لە دوو بەشدا باس دەکات، یەکەمیان بە ناوی (ئیسلام خۆی شارستانێتییە) و، دووەمیشیان بە ناوی (ئایدیۆلۆژی و ڕۆشنبیری ئیسلامی)..

### یەکەم: ئیسلام خۆی شارستانێتییە:

ئیسلام تەنها دوو جۆر کۆمەڵگە دەناسێت... کۆمەڵگەی ئیسلامی و کۆمەڵگەی جاهیلی... (کۆمەڵگەی ئیسلامی) بریتییە: لەو کۆمەڵگەیەی ئیسلام لە عەقیدەو پەرستن، لە یاساو ڕێساو لە نەریت و خووڕەوشتیدا دەدرەوشێتەوە.

(کۆمەڵگەی جاهیلی) یش بریتییە: لەو کۆمەڵگەیەی ئیسلام لە: عەقیدەو بیروباوەڕ، و پێوەرو هەڵسەنگاندن، و یاساو رژێم، و نەریت و خووڕەوشتیدا پیادەو جێبەجێ ناکرێ، واتە ئیسلام سەرپەرشتی ئەو بوارانەی ناکات.

کۆمەڵگەی ئیسلامی ئەوە نییە کۆمەڵە خەڵکێك لەوانەی بە خۆیان دەڵێن (موسوڵمان) لە جێیەك کۆ بووبێتەوە: کە یاسای کۆمەڵگەکەیان نا ئیسلامییە... با هەر بۆ خۆیان نوێژو ڕۆژ و حەجیش بکەن، هەروەها ئەوە کۆمەڵگەی ئیسلامی نییە کە خەڵك - بە بیروڕای خۆیان - ئیسلامێکیان غەیری ئەو ئیسلامەی خوا بڕیاری لەسەر داوە، پێغەمبەرەکەی

صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕوونی کردۆتەوە، دارشتبێت، جا حەز دەکەن با - بۆ نموونە - بەو ئیسلامەی خۆیان بڵێن (ئیسلامی پێش کەوتوو)!

(کۆمەڵگەی جاهیلی)ش لەگەڵێك شێوەدا دەردەکەوێ. لەوانەیە کۆمەڵگەیەك بێ ئینکاری بوونی خوا بکات و، مێژوو بە ماددەی دایالیکتیکی لێك بداتەوە، بە دەردی خۆیان پێی دەڵێن: (سوشیالزمی زانستی) لە ڕژێمەکەیدا جێبەجێ بکات. یان لەوانەیە کۆمەڵگەیەك بێ ئینکاری بوونی خوا نەکات، بەڵام تەنها دەسەڵاتداریّتی ئاسمان بدات بە خواو دەسەڵاتداریّتی سەرزەمین بۆ خۆی لە خوا بسێنێت! بەوەی، کە شەریعەتەکەی خوا لە سیستمی ژیانیدا پیادە نەکات، یان ڕەفتارو کرداری بەو تەرازووە نەگۆڕە هەڵنەسەنگێنێت، کە خوا بۆ مرۆڤی دیاری کردوە، لەوانەشە بواری خەڵکی بدات لە بیەع و کەنیسەو مزگەووتەکانیشدا خواپەرستی بکەن، بەڵام بواری ئەوەیان لێ دەبڕێ، کە داوا بکەن شەریعەتەکەی خوا حوکمی ژیانیان بکات، ئەم جۆرە کۆمەڵگەیەش بەم کارەیان ئینکاری خوایەتی خوا دەکەن و، نایانەوێ خوایەتی خوا لەسەر زەمین هەبێت، ئەگەر چی خواش دەفەرموێ: (وَهُوَ الَّذِي فِي السَّمَاء إِلَهٌ وَفِي الأَرْضِ إِلَهٌ) الزخرف/٨٤ واتە: خوا هەر ئەوەیەکە لە ئاسماندا خوایە، و لەسەر زەمینیش هەر خوایە.

ئەو جۆرە کۆمەڵگەیە ناکەوێتە ژێر سایەی ئاینی خواوە، کە خوا لەو ئایەتەدا دیاری کردووە، کە دەفەرموێ: (إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلَّهِ أَمَرَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ) یوسف/٨٤ واتە: حوکم کردن بۆ خوانەبێ بۆ کەس نییە، ئەو فەرمانی داوە، کە تەنها دەبێ ئەو بپەرستن، ئەوەشە دینی ڕاست و دروست.

ئەو کۆمەڵگەیە، بەو کارەی دەچێتە ڕیزی کۆمەڵگەی جاهیلییەوە! با بۆ خۆی هەر بڕیاری بوونی خواش بدات و، بواری خەڵکیش بدات لە بیەع و کەنیسەو مزگەووتەکاندا خوا بپەرستن، و دروشمە پەرستنەکانیان بەجێ بهێنن، ئا بەو سیفەتەش تەنها (کۆمەڵگەی

ئیسلامی) دەبێتە (کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوی شارستانی) کۆمەڵگەی جاهیلیش بە هەموو شێوە جۆر بەجۆرەکانییەوە، هەر کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووە!

**دەبێ لێرەدا ئەم ڕاستییە گەورەیە زیاتر ڕوون بکرێتەوە:**

جارێك خۆم بڵاوم کردەوە، کە کتێبێکم لە ژێر چاپدایە بەناوی (بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی پێشکەوتوی شارستانی) پاشان شارستانیەکەییم لێ لابرد، چونکە زانیم، کە ناونیشانی کتێبەکە هەر(بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی- نحو مجتمع اسلامی) بێت بەسە.

ئەم ڕاست کردنەوەیەم سەرنجی نوسەرێکی جەزائیری -کە بە فەرەنسی دەنوسێت - ئەو بەوەی لێکدایەوە، کە هۆی دروست بوونی ئەم هەڵوێستانە (بەرگری کردنێکی ناوخۆیی دەروونە لە ئیسلام) داخی بۆ ئەوە هەڵکێشابوو، کە ئەم ئیشە - نا هۆشیارانە - وام لێ دەکات لە حەقیقەتی خۆیدا ڕوبەڕوی (گیروگرفت)ە کە نەبمەوە!

من عوزرێکم بۆ ئەو نووسەرە هێنایەوە، چونکە منیش وەك ئەو بووم... کاتێك بۆ یەکەمین جار بیرم لە نوسینی ئەو بابەتە دەکردەوە، وەکو ئێستای ئەو وام دەزانی، کە گیروگرفتەکە بریتییە لە (پێناسەی شارستانێتی)! چونکە هێشتا لە پاڵەپەستۆو خڵتەی ئەو ڕۆشنبیرییە ڕزگار نەبو بوم، کە بەشداری پێکهاتنی ژیری و دەروونی کرد بووم... ئەو خڵتەیەی لە سەرچاوە بێگانەکانەوە پەیدا بووە... کە شتێکی نامۆ بوو لە ناو هەست و سۆزە ئیسلامییەکەمدا... ئەگەرچی ئاڕاستەی ئیسلامیشم لەو کاتەدا ڕون و ئاشکرا ببوو، بەڵام ئەو خڵتەیە هێشتا کاریان لە لێڵ کردنی بیرو شێواندنی فیکرمدا مابوو! فیکرەی (شارستانێتی) وەکو کە لە بیرۆکەی ئەوروپاییەکاندا هەیە،دەیخستمە خەیاڵێکی دیکەو، بە جۆرێکی تر فیکری دەشێواندم، کە نەمدەتوانی بەشێوەیەکی ڕەسەن و ڕوون ببینم!

پاشان ڕاستی وێنەکەم بۆ دەرکەوت... کە (کۆمەڵگەی موسوڵمان) خۆی (کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوی شارستانییە)... ئیتر ووشەی (پێشکەوتوی شارستانی) هەر دەمەوەری و گەڕەلاوژێیە... چونکە هیچ شتێکی نوێ ناهێنێتە کایەوە... بە پێچەوانەوە، ئەو ووشەیە تارماییەکی بێگانەی نامۆشی لەسەر هەست و سۆزی خوێنەر دروست دەکرد و فیکری دەشێواند، وەکو کە فیکری منی شێواند بوو، نەیدەهێشت بە جۆرێکی ڕون و ڕەسەن ببینم!

کەوابوو جیاوازییەکە بریتییە لە (پێناسەی شارستانێتی)، ئەم ڕاستیەش دەبێ ڕون کردنەوەیەکی وردی هەبێت!

کاتێك لە کۆمەڵگەیەکدا، حاکمێتی باڵا تەنها بۆ خوادەبێ، کە لەوەدا دەردەکەوێ، کە دەسەڵات بەدەست شەریعەتەکەیەوە بێ، ئەمە تەنها شێوازێکە، کە مرۆڤ تێیدا بە تەواوی سەربەستەو لە حەقیقەتدا لەوە ئازاد بووە کە مرۆڤ بپەرستێ. ئەوەشە (شارستانێتی مرۆڤایەتی)، چونکە شارستانێتی مرۆڤ ڕێسایەکی سەرەکی دەوێ بۆ ئازادکردنی ڕاستەقینەی تەواوی مرۆڤ... هەروەها ڕێسایەکی سەرەکی دەوێ بۆ ڕێزلێنانی تاك لە کۆمەڵدا... لە ڕاستیدا مرۆڤ نەڕێزی هەیەو نە سەربەست و ئازادیشە لەو کۆمەڵگایانەدا، کە کۆمەڵێك (هەندێ مرۆڤ) دەبنە خواو یاساو شەریعەت بۆ هەندێکی تر دادەنێن، ئەو هەندەی دووەمیش دەبنە بەندە و مل کەچی و گوێڕایەڵی یاساکانی ئەوانەی، کە ئەو یاسایانەیان دەرکردووە، ڕێزو سەربەستیش دەبێ لە هەموو تاکێك لە تاکەکانی کۆمەڵدا دەربکەوێ.

لەبەر ئەوەی ووشەی شەریعەت، ئەمڕۆ لە مێشکی گەلێ کەسدا مانایەکی تەسکی هەیە، دەبێ ئەوە زۆر ڕوون بکەینەوە، کە یاسادانان(تشریع) تەنها لە حوکمە یاساییەکاندا پەنگ ناخواتەوە... چونکە بیروباوەڕو پڕۆگرام و، نەریت و خوو ڕەوشت

هەموویان یاسان و تاکەکانی کۆمەڵ مل کەچن بەرامبەری... کاتێك هەندێك کەس ئەم کوێخایەتیە دەکەن، و خەڵکەکەی تر گوێڕایەڵیان دەکەن، بەو کۆمەڵگەیە ناوترێ کۆمەڵگەیەکی ئازادو سەربەست، بەڵکو ئەوە کۆمەڵگەیەکە - هەر وەکو ووتمان - هەندێکیان خوان و هەندێکی تریشیان بەندەن.

لەبەر ئەوەیە، کە ئەو کۆمەڵگەیە بە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو دادەنرێت، یان بە زاراوە ئیسلامییەکە بڵێین: (کۆمەڵگەیەکی جاهیلی)یە.

تەنها کۆمەڵگەی ئیسلامییە، کە تەنها یەك خوا دەسەڵاتی بە سەریدا هەبێ و، خەڵکی لە پەرستنی هەندێ مرۆڤی وەك خۆیان ئازاد بووبن و، چوو بنە ژێر سایەی پەرستنی خوای تاك ووتەنها. لەبەر ئەوە ئازادی و سەربەستییەکی ڕاستەقینەی تەواویان هەیە، کە شارستانێتی مرۆڤایەتی دەتوانێ پشتی پێوە بدات، تەنها ئەو کاتەش تاك و کۆ ئەو ڕێزەیان دەبێ، کە خوای گەورە لێی ناون، ئەویش کە جێ نشینێتی خوایە لەسەر زەمین. جگە لەوەی، کە لە لای خوا خۆی ڕێزێکی گەورەترو زۆرتریان دەبێت.

کاتێك لە کۆمەڵگەیەکدا پەیوەندی عەقیدەو بیروباوەڕو فیکرو پرۆگرامی ژیان، کە لە لایەن خواوە دیاری دەکرێن، دەبێتە پەیوەندی سەرەکی نێوان ئەندامانی کۆمەڵێك، و کاتێك دەسەڵاتی سەرکردایەتی و فەرماندێیتی باڵای مرۆڤ لە لایەن خواوە دیاری دەکرێت، نەك لە لایەن خوای زەمینییەوە، کە مرۆڤ پەرستی تێدا ئاشکرایە... ئەو کاتە ئەو کۆمەڵگەیە دەبێتە پێشانگای بەرزترین سیفاتی ڕۆح و فیکری (مرۆڤایەتی)، بەڵام کاتێك پەیوەندی کۆمەڵگەیەك دەبێتە ڕەگەز و ڕەنگی پێست و نەتەوە و خاك و پەیوەندییەکانی تر، ئاشکراشە، کە ڕەگەزو ڕەنگی پێست و نەتەوە و خاك سیفاتی بەرزی مرۆڤایەتی تێدا دەرناکەوێت... چونکە مرۆڤ بەبێ ڕەگەزو ڕەنگی پێست و نەتەوەو خاك هەر بە مرۆڤ دەمێنێتەوە، بەڵام بە بێ ڕۆح و فیکر بە مرۆڤی نامێنێتەوە. ئەو کاتە - بەپێی سەربەستی ویست و ئیرادەی خۆی- دەسەڵاتی ئەوەی دەبێ عەقیدە و بیر و باوەڕ و فیکرو پرۆگرامی ژیانی خۆی بگۆڕێ، بەڵام خۆ دەسەڵاتی ئەوەی نابێ ڕەنگ و ڕەگەزی خۆی

بگۆڕێ. کۆمەڵگەیەکیش خەڵکەکەی لەسەر شتێك کۆببنەوە، کە پەیوەندی بە وویست و ئیرادەی سەربەستی خۆیانەوە هەبێ - خۆیان سەربەست بن لە هەڵبژاردنیدا - ئەوە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوی شارستانییە. ئەمما ئەو کۆمەڵگەیەی خەڵکەکەی لەسەر شتێکی دەرەوەی ویست و ئیرادەی مرۆڤایەتی خۆیان کۆببنەوە، ئەوە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوە..یان بەزارەوە ئیسلامییەکە بڵێین: ئەوە (کۆمەڵگەیەکی جاهیلی)یە!

تەنها لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، عەقیدە دەبێتە پەیوەندی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە، چونکە کۆمەڵگەی ئیسلامی عەقیدەکەی دەبێتە ئەو ڕەگەزنامەیەی، کە ڕەش و سپی و سوور و زەرد، و عەرەبی و ڕۆمی و فارسی و حەبەشی و، هەموو ڕەگەزەکانی تری لە چوارچێوەی یەك نەتەوەدا کۆ دەبێتەوە، کە خوایان(الله) یەو پەرستنیان تەنها بۆئەوە و، بەرێزترینیان ئەو کەسەیە، کە زۆرتر لە خوا دەترسێ و زۆرتر خۆی لە گوناح دەپارێزێت. هەموو لە وەرگرتنی شەریعەتەکەی خوادا یەکسانن، ئەو یاسا و شەریعەتەی، کە خوا دایناوە، نەك مرۆڤ!

هەروەها کاتێك (مرۆڤایەتی) مرۆڤ لە کۆمەڵدا... دەبێتە بڵندترین نرخ و، کاتێك سیفاتی (مرۆڤایەتی) لە کۆمەڵدا دەبێتە هۆی بایەخ پێدان و رێز لێگرتنی مرۆڤ... ئەو کاتە ئەو کۆمەڵگەیە بە پێشکەوتوو شارستانی دادەنرێ... بەڵام کاتێك (مادده) لەهەر شێوەیەکیدا بێت، دەبێتە بڵندترین نرخی تاك، چ لە شێوەی(تیۆر) دابێ وەکو، کە مارکسیزم مێژوو بە مادده لێك دەداتەوە، چ لە شێوەی(بەرهەمی ماددی) دابێ، وەکو لە ئەمەریکاو ئەوروپاو ووڵاتەکانی تردا هەیە، کە بەرهەمی ماددی بڵندترین نرخ و هەموو سیفەت و بەهایەکی مرۆڤایەتی لە پێناودا بەخت دەکات... ئەو کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووە... یان بەزاراوە ئیسلامییەکە بڵێین: کۆمەڵگەیەکی جاهیلییە.

کۆمەڵگەی ئیسلامی، کە پێشکەوتوو شارستانییە لە نرخی ماددە کەم ناکاتەوە. نە لە شێوەی تیۆردا(بەو ئیعتیبارەی، کە پێکهێنەری ئەم گەردوونەیە، کە تێیدا دەژین و کاری تێ دەکەین و کارمان تێ دەکات) لە شێوەی (بەرهەمی ماددی)دا، چونکە بەرهەمی ماددی لە ڕای کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، یەکێکە لەو بنەمایانەی جینشینێتی خوایی پێ دەکرێت لەسەر زەمیندا، بەڵام ئەوەندە هەیە، کە کۆمەڵگەی ئیسلامی ئەو تیۆرو بەرهەمە ماددییە ناکات بە بڵندترین نرخ، کە هەموو سیفەت و بنەمایەکی (مرۆڤ) بکاتە قوربانی. یا ڕێزو سەربەستی تاکی لە پێناودا بەخت بکات. یان هەموو ڕێساو بنەمایەکی (خێزان)ی لەپێناودا بفەوتێنێت. هەروەها بەهاکانی چاکەو پیاوەتی، کە ئیسلام دەیانپارێزێت، بەڵام کۆمەڵگە جاهیلییەکان دەیکەنە قوربانی هێنانە دی و زۆرکردنی بەرهەمی ماددی..

بۆیە کاتێك(ڕەوشتی مرۆڤایەتی)، کە لەسەر(بەهای مرۆڤایەتی) دادەمەزرێت و لە کۆمەڵگەیەکدا بڵاو دەبێتەوە، ئەو کاتە ئەو کۆمەڵگەیە بە پێشکەوتوو شارستانی دەژمێررێت. خووڕەوشتی مرۆڤایەتی و بەهای مرۆڤایەتی، وەنەبێ مەسەلەیەکی ئاڵۆزو تێکچڕژاو بن، یان بریتین لە شتێکی گۆڕاوی قابیلی بەرەو پێش چوون(متطور)ی وا، کە لەسەر هیچ حاڵەتێك دابین نەبن و، نەگەڕێنەوە بۆ هیچ سەرچاوەیەك وەکو، کە(سوشیالیزمی زانستی) لە لێکدانەوە ماددیانەکەی مێژوویدا دەیداتە قەڵەم! ئاراستەی ئیسلامی ئەو ڕەوشت و بەهایانە گەشە پێ دەدات، کە دەبنە هۆی هاندانی نەش و نماو بەرفراوان و بەهێزبوونی ئەو تایبەتمەندێتیانەی مرۆڤ، کە لە ئاژەڵی جوێ دەکاتەوە. ئەمەش جیاوازە لەگەڵ ئاراستەی تر، کە نرخ و بەها دەداتە ئەو تایبەتمەندێتیانەی، کە لە مرۆڤ و ئاژەڵدا هەن و، تەنها نەش و نماو گەشە بەو لایەنە ئاژەڵیانەی مرۆڤ دەدات!!

کاتێك لەم ڕوانگەوە سەیری باسەکە دەکرێت و بەها دەناسرێت، سنورێکی جێگیرو چەسپاو دەردەکەوێت، کە ناهێڵێت ئەو بنەما ڕەوشتیانە بێ نرخ بکەون و، بکرێنە شتێکی

ڕێژەیی و قابیلی گۆڕان وەکو، کە (پێشکەوتوخواز)و (سۆشیالە زانستی)یەکان حاڵی بوون...

ئەو کاتە دەوروبەرو نەریتەکانی کۆمەڵگە، بەها ڕەوشتییەکان دیاری ناکەن، چونکە لە پشت خاڵە ئیختیلافییەکانی دەوروبەر، تەرازوویەکی چەسپاوی نەگۆڕ دەبێ. ئەو کاتە ئەوە نابێ بڵێی: ئەوە خووڕەوشت و بەهای (کشت وکاڵییە)و ئەوەشیان هی (پیشەسازی)، یان ئەوەش خووڕەوشت و بەهای (سەرمایەداری) و ئەوەشیان هی(سۆشیالزمی)، یان ئەوەیان خووڕەوشت و بەهای (بورژوازی)یە ئەوەشیان هی (پڕولیتار)ییە... کە ئەم پێوەرە دەبێ ئیتر ناووترێ دەوروبەرو ئاستی ژیان و سروشتی قۆناغ، ئەو خووڕەوشتانەی هێناوەتە دی! چونکە لە پشت ئەمانەوە، خووڕەوشت و بەهای(مرۆڤانە)پەیدا دەبێت، و بەرامبەریشی خووڕەوشت و بەهای (ئاژەڵی)، بەزاراوە ئیسلامییە کە بڵێین: ئەو کاتە خووڕەوشت و بەهای (ئیسلامی) دەبێ و، بەرامبەریشی خووڕەوشت و بەهای (جاهیلی).

خووڕەوشت و بەهای ئیسلامی، بڕیار لەسەر(مرۆڤایەتی) ئەو لایەنانەی مرۆڤ دەدات، کە مرۆڤ لە ئاژەڵ جوێ دەکەنەوە. ئەوجا بەردەوام دەبێ لە دروستکردنی و چەسپاندن و پاراستنی ئەو مرۆڤایەتییە لە هەرچی کۆمەڵگەیەکدا بێ، کە ئیسلام سەرپەرشتی دەکات. جا ئیتر ئەو کۆمەڵگەیە لە قۆناغی کشت و کاڵیدا بێت، یان لە قۆناغی پیشەسازیدا، چ لە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی و دەشتەکیدا بێ، کە لەسەر شوانیی دەژین، چ لە کۆمەڵگەیەکی شارستانی دابین بوو دا بێت، یان ئەو کۆمەڵگەیە هەژارو کەم دەرامەت بێت، یان دەوڵەمەندو دەست ڕۆیشتوو. کۆمەڵگە هەر چۆنێك بێت ئیسلام خۆی بەو سیفەتە مرۆڤایەتییانە بەرزی دەکاتەوەو پاسەوانی دەکات. نەبادا دابخزێتەوە بۆ ئاستی ئاژەڵ... چونکە ئەو هێڵەی لە ئیعتبارات و خووڕەوشتەوە بەرەو ژوور هەڵکشاوە تاك و کۆمەڵ لەئاستی ئاژەڵییەوە بەرەو ئاستێکی مرۆڤانە بەرز دەکاتەوە. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ئەو

هێڵە - لەگەڵ شارستانێتی ماددەدا - بەرەو خوار درێژ بووەوە ئەوە شارستانێتی نییە! بەڵکو ئەوە دواکەوتنە! یان بەزارەوە ئیسلامییەکە بڵێین: (جاهیلی)یەتە!

کاتێك (خێزان) دەبێتە بنکەی کۆمەڵگە و، لەسەر مەسەلەی (شارەزایی کاروبار)ی نێوان ژن و مێردا دامەزرێ و، کاتێك گرنگترین ئیشی خێزان دەبێتە پەروەردەکردن و سەرپەرشتیکردنی نەوەی نوێی تازە پێگەیشتوو... ئەو کۆمەڵگەیە پێشکەوتوو شارستانییە... چونکە خێزانی وا - کە تەنها لە ژێر سایەی پڕۆگرامی ئیسلامیدا دێتە دی - دەوروبەرێکی دروستکەر پێك دێنێ و گەشە بەو خووڕەوشت و بەها (مرۆڤایەتی) یە دەدات، کە لە بەندی پێشوودا باسمان کرد. ئەمەش لە نەوەی نوێی تازە پێگەیشتوودا دەردەکەوێ، کە ئەستەمە لە هیچ یەکە (وحدە)یەکی تری غەیری خێزاندا دابمەزرێت... ئەمما کاتێك پەیوەندی جنسی (وەکو دەڵێن پەیوەندی جنسی سەربەست)و مناڵ بوونی (غەیرە شەرعی) دەبێتە بنکەی کۆمەڵگە، یان کاتێك پەیوەندی نێوان ژن و مێرد تەنها لەسەر هەواو هەوەس و عاتیفەو ئارەزوی جنسی دادەمەزرێت، لە جیاتی ئەوەی لەسەر بناغەی ئەرکی سەرشان و شارەزایی کاروباری خێزان دابمەزرێت... کاتێك ئیش و کاری ئافرەت دەبێت بە خۆ ڕازاندنەوەو فیتنەی خۆ جوان کردن و سەرنج ڕاکێشانی ئەم و ئەو. کاتێك ئافرەت واز لە ئیشە سەرەکییەکەی خۆی دێنێ، کە بریتییە لە پەروەردەکردن و سەرپەرشتیکردنی نەوەی نوێ، کاتێك ئافرەت کار دەکاتە سەر کۆمەڵگەکە، یان کۆمەڵگەکە کاردەکاتە سەر ئەو، بەوەی دەکرێتە خزمەتچی فڕۆکەو پاپۆڕو ئۆتێلەکان... یان کاتێك هەموو وزەی خۆی لە(بەروبومی ماددی) دا سەرف دەکات، یا لە (پیشەسازی ئامێر دروست کردن) دا، لەجیاتی ئەوەی لە (پیشەسازی مرۆڤ بەرهەم هێنان) دا سەرفی بکات، کە ئەو کاتە بەرهەمی ماددی زۆر بەڕێزترو خۆشەویسترو بەنرختر دەبێ لە (بەرهەمی مرۆڤایەتی)... لە هەر یەك لەو کاتانەدا ئەو کۆمەڵگەیە نموونەی (دواکەوتنی شارستانێتی) دەبێ - ئەگەر بە پێوەری مرۆڤایەتی بپێورێن - ئەو کۆمەڵگەیەش بە پێی زارەوە ئیسلامییەکە، کۆمەڵگەیەکی جاهیلییە!

مەسەلەی خێزان و پەیوەندی نێوان ژن و مێرد، مەسەلەیەکی گرنگ و پێوەرییە، باشترین پێوەری، دیاری کردنی سیفەتی کۆمەڵگەیە، کە ئایا دواکەوتووە یان پێشکەوتووە؟ جاهیلییە یان ئیسلامی؟!چونکە ئەو کۆمەڵگەیەی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی دەبێتە خووڕەوشت و بەهای ئاژەڵی، ناکرێ بتوانی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و شارستانی دابمەزرێنێ، با پیشەسازی و ئابووری و زانستیشی هەر سەرکەوتوو بێت! چونکە ئەم پێوەرە کاتێك ڕادەی پێشکەوتنی (مرۆڤایەتی) دەپێوێت هەڵە ناکات!

لە کۆمەڵگا جاهیلییەکانی ئەمڕۆدا مانای (خووڕەوشت)، تەنها لە چەند بوارێکی تەسکدایە بە جۆرێك، کە واز لە هەموو پەیوەندییەك دەهێنرێ، کە (مرۆڤایەتی) لەدیاردە (ئاژەڵ)ییەکان جوێ دەکاتەوە! لەم کۆمەڵگایانەشدا پەیوەندی جنسییە غەیرە شەرعییەکان . تەنانەت پەیوەندییە نامۆ (شاذ)ە کانیش . بە بێ ڕەوشتی و داوێن پیسی و شورەیی دانانرێن... بەڵکو مانای خووڕەوشت تەنها لە مامەڵەی ئابوری و لە سیاسەتدا گیر دەخوات و بەس، تەنانەت ئەویش لە سنوری (بەرژەوەندی دەوڵەت) دایە... بۆ نمونە نەنگ و بێ ئابڕوویيەکەی (کریستین کیلەر)و (پرۆفیمۆ) ی وەزیری بەریتانی ئینگلیزی، کە لە کۆمەڵگەی ئینگلیزیدا بە شورەیی دانرا، لە لایەنی جنسییەکەیەوە نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەبوو، کە (کریستین کیلەر) هاوڕێی پاشگری دەریایی ڕوسی (الملحق البحری الروسی)بوو... کە بە کارێکی دژوار (خطر) یان دانا، کە کارتێکردنی زۆرە لە نهێنییەکانی دەوڵەتدا، لەبەر ئەوە بوو کە چۆن ئەو وەزیرە پەیوەندی لەگەڵ ئەو کچە پەیدا کردووە؟!تەنها ئەو لایەنەیان لە مەسەلەکە دەبینی، کە بۆچی وەزیر درۆی لەگەڵ پەرلەمانی ئینگلیزیدا کرد! هەروەها نەنگ و ئابڕو تکانەکانی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکی، و ئابڕو تکانی ئەو فەرمانبەرو سیخوڕە ئینگلیزی و ئەمریکایانەی ڕایان کرد بۆ روسیاو بوونە پەناهێندە... ئەمانە هەموویان وەنەبێ لەبەر لایەنی جنسییەکەیان بە شورەیی و ئابڕو

چوون دانرابن، بەڵکو لەبەر ئەوە بوون، کە کارێکی دژواریان کرد بووە سەر نهێنییەکانی دەوڵەت.

نووسەرو ڕۆژنامەگەرو ڕیوایەت نوسی کۆمەڵگە جاهیلییەکان، لێرەو لەوێ، بۆ کچ و ژنە خاوەن مێردەکانیان بڵاو دەکردەوە، کە (سەربەستی) سەرجێیی کردن، شورەیی و ئابڕووچوونی ڕەوشتی نییە، بەڵکو ئابڕوچوونی ڕەوشتی ئەوەیە، کە کوڕێك کچە برادەرەکەی خۆی، وەیان کچێك کوڕە برادەرەکەی خۆی هەڵخەڵەتێنێ، بەوە کە دڵسۆز نەبێ لە خۆشەویستییەکەیدا! هەروەها شورەیی ئەوەیە ژنێکی خاوەن مێرد بەدیار مێردێکەوە دانیشێت، کە ئارەزوی خۆشەویستی کپ بووە! ئەگەر خۆی بگەڕێ و برادەرێك بدۆزێتەوە و سەر ڕاستانە هەموو لەشی خۆی بداتە دەستی، ئەوە نموونەی سیفەتی چاکییە!... دەیان چیرۆك لە خولگەی ئەم مەسەلانەدا دەگەڕێن و!سەدان تەوجیهاتی هەواڵدان وێنەی کاریکاتێری و نوکتەو گاڵتەبازی هەر لەسەر ئەم مەسەلەیە دادەڕێژرێت!

کۆمەڵگەی وا بەڕای (مرۆڤ) و بەگوێرەی پێوەری هێڵی پێشکەوتنی (مرۆڤایەتی)، کۆمەڵگەیەکی شارستانی نییەو دواکەوتووە.

هێڵی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بەرەو ئاڕاستەی(زەبت کردن)ی ئارەزووە ئاژەڵییەکان دەچێ و، لە چوارچێوەی (خێزان)و لەسەر بناغەی (ئەرکی سەرشان) دادەمەزرێ، تا لەو ڕێگایەوە (کارێکی مرۆڤایەتی) بهێنرێتە دی، کە تەنها لەزەت کردن نەبێتە هەموو مەبەستێك. بەڵکو مەبەست ئامادەکردن و پەروەردەکردنی نەوەیەکی نوێی مرۆڤایەتی بێت، کە لە پاش ئەم نەوەیەی ئێستا بێتە دی و بتوانێ میراتی شارستانێتی (مرۆڤایەتی) بگرێتە دەست. وا بێت بەوانە جوێ بکرێتەوەو سیفەتە مرۆڤایەتییەکانی تێدا بدرەوشێتەوە... ناشکرێ نەوەیەکی وا لە باوەشی خێزانێکدا بێتە دی، کە ئاسایش و دابین بوونی هەست و سۆزی بۆ دابین نەکرابێ، یان خێزانێك لەسەر بناغەی ئەرکی سەرشان و شارەزایی کاروبار دانەمەزرابێ، وا بێت کە هەڵچونی کت و پڕ شلۆقی نەکات... ئەمما لە کۆمەڵگەیەکدا، کە ئەو جۆرە ئاڕاستە و ڕابەرێتییە پیسە ژەهراوییە بهێنێتە دی، کە

مانای خووڕەوشت تەنها لە چەند بوارێکی تەسکیدا ما بێ و، وازی لە هەموو ئاداب و ڕەوشتێکی پاکی جنسی هێنا بێ، ناکرێ باوەشی مرۆڤایەتی و پیاوەتی لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا بکرێتەوە...

لەبەر ئەمەیە، کە هەموو خووڕەوشت و ئاڕاستە و دەستەبەر کردنێکی ئیسلامی شیاوی مرۆڤە و (ئیسلام خۆی شارستانێتی) دەبێت و، کۆمەڵگەی ئیسلامیش خۆی کۆمەڵگەیەکی پێش کەوتوو شارستانی دەبێت... ئەمەش بەو پێوەرە دەپێورێت، کە هەمیشە نەگۆڕەو هەرگیز تێك ناچێت.

لە کۆتاییدا، کاتێك (مرۆڤ) بە شێوەیەکی ڕاست جێنشینێتی (خوا) دەکات لەسەر زەمیندا. بەوەی کە: پەرستنەکان بۆ خوا تەرخان دەکات، و خۆی لەپەرستنی غەیری خوا ڕزگار دەکات و، تەنها پرۆگرامەکەی خوا دەچەسپێنێت و، داننانی بەڕاستی و دروستی پرۆگرامی تری غەیری پرۆگرامەکەی خوا و، تەنها بەشەریعەتەکەی خوا حوکمی ژیانی خۆی دەکات و، ئینکاری هەموو یاساو شەریعەتێکی تر دەکات... کاتێك لەو خورەوشتەدا دەژی، کە خوا بڕیاری لەسەر داوە و هەموو خورەوشتێکی تر کە خوا پێی ڕازی نییە، دەخاتە لاوە و، پاشان دەکەوێتە بەکارهێنانی ئەمانە بۆ بەرزبوونەوەی ژیان و، دەکەوێتە دەرهێنانی کانزاو ڕزق و ڕۆزییەکانی زەمین، کە خوا پێی بەخشیووە... کاتێك ئەو ڕێسا گەردوونیانەی خوا کردونی بە مۆرو دەسەڵاتی بەکارهێنانی داوەتە دەست مرۆڤ، بۆ ئەو ماوەیەی خوا دیاری کردووە (کە مرۆڤ پێویستێتی لەچەسپاندنی جێنشینێتییەکەیدا)... واتە کاتێك مرۆڤ بەپێی مەرج و پەیمانی خوایی، جێنشینێتییەکەی بەڕێوە دەبات و، دەکەوێتە هەڵ هێنجانی ڕۆزی لەسەرچاوە زەمینییەکانەوە، کە کەرەستە خاوەکانی زەمین دەکات بەو شتانەی پێویستنی و، پیشەسازییە جۆر بەجۆرەکانی لێ دروست دەکات و، بەکاریان دێنێ بەقەدەر مەودای ئەو شارەزاییەی بە درێژایی مێژوو چنگی کەوتووە... کە

ئەمانە دروست دەکات و، دەبێتە (خواویست)ێکی ڕاستەقینەی وا جێنشینیتی خوا بکات لەسەر زەمیندا و، بەو شێوەیە خوا دەپەرستێ... ئەو کاتە مرۆڤ دەبێتە خاوەن شارستانێتییەکی تەواو و، کۆمەڵگەکەشی دەگاتە لوتکەی شارستانێتی... ئەگینا تەنها داهێنانی ماددی لەئیسلامدا پێی ناوترێت شارستانێتی، ئەگەر بشبێت جاهیلییەتی تێکەڵ دەبێت... خوای گەورەش زۆر نموونەی ئەو جۆرە شارستانێتییە خاوەن داهێنانی ماددییەی لە قورئاندا هێناوەتەوە، کە هەموویان لە ڕیزی جاهیلییەت دەژمێررێن، وەك دەربارەی گەلی عاد دەفەرموێ: (أَتَبْنُونَ بِكُلِّ رِيعٍ آيَةً تَعْبَثُونَ * وَتَتَّخِذُونَ مَصَانِعَ لَعَلَّكُمْ تَخْلُدُونَ * وَإِذَا بَطَشْتُم بَطَشْتُمْ جَبَّارِينَ * فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ * وَاتَّقُوا الَّذِي أَمَدَّكُم بِمَا تَعْلَمُونَ * أَمَدَّكُم بِأَنْعَامٍ وَبَنِينَ * وَجَنَّاتٍ وَعُيُونٍ * إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ) الشعراء/ ١٢٨-١٣٥ واتە: ئەوە ئێوە بۆیە کۆشك و تەلار دەکەن، تا تواناو زانستی خۆتان دەربڕن و شانازی بەسەریەکدا بکەن؟ ئێوە ئەمانە هەر بە هەوانتە دروست دەکەن، یان قوللە و قەڵا دروست دەکەن تا تێیاندا بمێننەوە و نەمر بن؟ وا دەزانن نامرن؟ ئێوە وەك بەهێزو پتەون، زۆر دڵڕەقن. کە دەستان وەشاند، زۆر سەخت دەیوەشێنن، دە لە خوا بترسن و بیپەرستن و گوێڕایەڵی فەرمانی من بکەن، کە نێرراوی ئەوم. لەو کەسە بترسن، کە ئەو هەمووەی پێ بەخشیون، کە خۆشتان دەیزانن. مەڕو ماڵات، کوڕو کاڵ، باخ و باخات و، کانیاوی زۆر، من لەوە دەترسێم (ئەگەر بەگوێ نێرراوەکەی خواتان نەکرد) ئازارێکی زۆر بە ژانتان بۆ نازڵ بێ.

دەربارەی گەلی ثەمودیش دەفەرموێ: (أَتُتْرَكُونَ فِي مَا هَاهُنَا آمِنِينَ * فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ * وَزُرُوعٍ وَنَخْلٍ طَلْعُهَا هَضِيمٌ * وَتَنْحِتُونَ مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا فَارِهِينَ * فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَطِيعُونِ* وَلا تُطِيعُوا أَمْرَ الْمُسْرِفِينَ * الَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِي الأَرْضِ وَلا يُصْلِحُونَ) الشعراء/١٤٦-١٥٢ واتە: بۆ ئێوە وا دەزانن هەروا لێرە بە هێمنی دەمێننەوە؟ (کە گوێڕایەڵی فەرمانی خواش ناکەن) خوا ئەم هەموو نازو نیعمەتەی بەئێوە بەخشیوە، ئەوە باخ و باخات و کانیاوی زۆر و کشت و کاڵ، ئەوە خورما، کە چۆن دەنکە قەسپەکانی گەییوون و هێشوویان

بەسەریەکدا کردووە. ئێوە ئەوەتا لەچیا خانوو هەڵدەکۆڵن و زۆر بەزیرەکانە دەیان نەخشێنن، بۆ ئەوەی پێویستیتان پێی بێ. دە لەخوا بترسن و بیپەرستن و گویڕایەڵی فەرمانی من بکەن، کە نێرراوی خوام. گویڕایەڵی فەرمانی ئەو سەرکردەو فەرماندانە مەکەن، کە بەرەو هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردانتان دەبەن ئەوانە شەڕخوازی و خراپەکاری دەکەن لەسەر زەمیندا، خۆ چاکەو خێر خوازی ناکەن.

- (فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُلِّ شَيْءٍ حَتَّى إِذَا فَرِحُواْ بِمَا أُوتُواْ أَخَذْنَاهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ * فَقُطِعَ دَابِرُ الْقَوْمِ الَّذِينَ ظَلَمُواْ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ)الأنعام/٤٤-٤٥ واتە: کاتێك ئەوەی کە بۆمان نارد بوون لە بیرخۆیان بردەوە و پشتیان تێکرد، ئینجا بواری هەموو جۆرە شتێکمان بۆ کردنەوە، لە هەرچی شتێك خۆیان حەزبکەن و بیانەوێ، کاتێك پێی دڵخۆش و بەختیار بوون، لە ناکاودا بێ ئەوەی ئاگایان لێ بێ، هەموو شتێکمان لێ گرتنەوە، ئینجا لە هەموو خێرێك رەش بین (مەئیوس) بوون و هیوای ئەوەیان نەما، کە هیچیان دەست بکەوێ. ئاوا ئەو نەتەوەیەی ستەمیان دەکرد تەفرو تونا بوون، سوپاس بۆ خوای هەموو جیهانیان. (...حَتَّىَ إِذَا أَخَذَتِ الأَرْضُ زُخْرُفَهَا وَازَّيَّنَتْ وَظَنَّ أَهْلُهَا أَنَّهُمْ قَادِرُونَ عَلَيْهَا أَتَاهَا أَمْرُنَا لَيْلاً أَوْ نَهَارًا فَجَعَلْنَاهَا حَصِيدًا كَأَن لَّمْ تَغْنَ بِالأَمْسِ...) یونس/٢٤ واتە: تا ئەو کاتەی زەمین جوانی و ئاڵ و والای خۆی پۆشی، خەڵکەکەی -ئەوانەی کشتوکاڵیان کردبوو لەسەر زەمیندا - وەیان زانی دەتوانن بیدورنەوەو بەرهەمەکەی بکەنەوە، لەپڕ فەرمانمانی لە شەوێکدا، یان لە رۆژێکدا بۆچوو، هەمووی وا وشك کرد، دەتووت هەر ئەوەی دوێنێش نییە.

بەڵام ئیسلام وەکو ووتمان ماددە بە بێ نرخ دانانی، بەڵکو ئەم جۆرە پێشکەوتنە - لەژێر سایەی پرۆگرامەکەی خوادا - بە یەکێك لەو نیعمەتانە دەژمێری، کە خوا بەبەندەکانی

بەخشیوەو، تا ئەوانیش زیاتر گوێڕایەڵی فەرمانەكانی خوا بكەن، خوا زۆرتر مژدەی پاداشتی چاكەیان دەداتەوە.

- (فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا * يُرْسِلِ السَّمَاء عَلَيْكُم مِّدْرَارًا * وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَل لَّكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَل لَّكُمْ أَنْهَارًا) نوح/١٠-١٢واتە: نوح سەلامی خوای لی بێت، دەیفەرموو: پێم ووتن داوای لێ خۆش بوون لە خوای خۆتان بكەن، چونكە خوا زۆر لە گوناهان خۆش دەبێ، ئەوەتا لە ئاسمانەوە بارانێكی زۆرتان بۆ دەبارێنێ، تا زەویەكانتان بە پیت بكات و پاش مردنیان زیندویان بكاتەوە. خوا سامان و كوڕی زۆرتان دەداتێ و، باخ و بێستانی زۆرتان پێ دەبەخشێ و ئاوی زۆرتان بۆ هەڵدەقوڵێنێ و باخ و باخات و ڕوبارتان بۆ دروست دەكات...

- (وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُواْ وَاتَّقَواْ لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَاتٍ مِّنَ السَّمَاء وَالأَرْضِ وَلَكِن كَذَّبُواْ فَأَخَذْنَاهُم بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ) الأعراف/٩٦ واتە: ئەگەر خەڵكی ناوچەكە باوەڕیان بهێنایەو لە خوابترسانایە، فەرو بەرەكەتێكی زۆرمان پێ دەبەخشین، چ لە ئاسمانەوە چ لەزەمینەوە. بەڵام نیشانەكانی خوایان بەڕاست نەزانی، تەفروتونامان كردن.

گرنگ ئەو ڕێسایەیە، كە ئەو پێشكەوتنە پیشەسازییەی لەسەر دادەمەزرێ، جۆری ئەو خووڕەوشتەیە، كە لە ناو خەڵكیدا بڵاو دەبێتەوە، كە بەهەمویان پێكەوە تایبەتمەندی شارستانێتی (مرۆڤایەتی) دێتە كایەوە.

پاشان ئەو بنكەیەی كۆمەڵگەی ئیسلامی لێوە دەردەچێ و، سروشتی پێكهاتنی ئەندامێتی (التكوين العضوي) سیمایەكی وا دەدەن بەو كۆمەڵگەیە، كە كۆمەڵێكی شێوە تایبەت بێ، بە جۆرێك، كە لەوانەیە هیچ تیۆرێكی بەسەردا نەچەسپێ لەو تیۆرانەی، كە دامەزراندنی كۆمەڵگە جاهیلییەكان و سروشتی پێكهاتنی ئەندامێتی پیلێك دەدەنەوە.. كۆمەڵگەی ئیسلامی سەرەنجامی بزوتنەوە دێتە كایەوە. بزوتنەوەكەشی هەر تێدا

بەردەوامە، هەر ئەویشە، کە نرخ و پلەی تاکەکانی خەڵکی پێ دیاری دەکرێ، بە پێی ئەو پلەیە و ئیش و کاریان بۆ دیاری دەکرێ.

ئەو بزوتنەوەیەی ئەم کۆمەڵگەیەی لێوە دێتە کایەوە، هەر لە سەرەتایەوە لە دەرەوەی سنوری زەمین و لە دەرەوەی سنوری مرۆڤەوە هاتووە... چونکە بریتییە لە عەقیدەیەك، کە لە خواوە بۆ مرۆڤ هاتووە، کە دیدێکی تایبەتیان بەرامبەر بە بوونەوەرو مێژوو، و ژیان خووڕەوشت و ئاوات ئامانج بۆ دادەڕێژێ و، پڕۆگرامێکیشیان بۆ کارکردن بۆ دیاری دەکات، کە ئەم بیروباوەڕەی تێدا بدرەوشێتەوە... ئەو یەکەم پاڵەی لە سەرەتاوە بزوتنەوەکە دروست دەکات، ئەبێ لە دڵ و دەروونی خەڵکەکەوە، یان لە کەرەستەی ئەم گەردوونەوە هەڵقوڵابێ... بەڵکو وەکو ووتمان، لە دەرەوەی سنوری زەمین و مرۆڤەوە هاتووە... ئەوەش یەکەمین نیشانەی جوێ کردنەوەی سروشت پێکهاتنی کۆمەڵگەی ئیسلامییە.

ئەو بیروباوەڕەی کۆمەڵگەی ئیسلامی لەسەر دادەمەزرێ لەتوخمێکەوە دێ، کە لە دەرەوەی سنوری مرۆڤ و دەرەوەی سنوری گەردوونە ماددییەکەوەیە.

یەکەمین هەنگاوی بزوتنەوەی دامەزراندنی کۆمەڵگەی ئیسلامی و ئیش کردنی (مرۆڤ) بەو توخمە نادیارە دەست پێ دەکات، کە هیچ کەسێك نایەت بە خەیاڵیداو هیچ حسابێکی بۆ دانانی، کە مرۆڤ - لەسەرەتای دەست پێکردنیەوە - دەستی تێدا نەبووە... ئینجا دەکەوێتە کارکردن.

مرۆڤێك باوەڕی بەم عەقیدەیە هێنابێ، کە ئەمیش لەو سەرچاوە نادیارەوە هاتووەو بەڕادەیەکی دیاریکراوی خوایی دەڕوات... کاتێك ئەم مرۆڤە باوەڕ بەم عەقیدەیە دێنێ، هەر بە (حوکمی ئەوە) بوونی کۆمەڵگەی ئیسلامی دەست پێ دەکات. چونکە هیچ کەس

نییە، كە ئەم عەقیدەیەی وەرگرت، ئیتر گۆشەگیر بكەوێت و خەریكی خەڵوەت كێشان بێت! نەخێر، بەڵكو بەو عەقیدەیەوە دێتە مەیدان... چونكە سروشتی عەقیدەكە وایە... سروشتێكی بزوێنەری زیندووە. ئەو هێزە مەزنەی ئەو عەقیدەیەی خستە ناو ئەو دڵەوە، دەزانێ، كە عەقیدەكەی تێدا مت نابێ، بەڵكو حەتمەن لەویش تێ دەپەڕێ! ئەو پاڵە زیندووەی ئەم عەقیدەیەی خستە ناو ئەو دڵەوە بەردەوام دەبێ و دەكەوێتە ڕێ.

كاتێك ئەوانەی باوەڕیان بەم عەقیدەیە هێناوە دەبنە سێ كەس، عەقیدەكە پێیان دەڵێ: ئێستا ئێوە كۆمەڵگەیەكن، كۆمەڵگەیەكی ئیسلامی سەربەخۆی لە كۆمەڵگەی جاهیلی دابڕاو، چونكە هێشتا كۆمەڵگەی جاهیلی ئەم عەقیدەیەی ئەوانی وەرنەگرتووە و، خووڕەوشتی ئیسلامیان تێدا بڵاونەبۆتەوە -ئەو خووڕەوشتەی لەوەو پێش باسمان كرد- ئەوكاتە دەوترێ: بەڵێ، كۆمەڵگەی ئیسلامی دروست بووە!

ئەو سێ كەسە دەبنە دە، دەیەكەش دەبێتە سەد، سەدەكەش دەبێتە هەزار، هەزاریش دەبێتە دوازدە هەزار... ئەو كاتەش بوونی كۆمەڵگەی ئیسلامی دێتەكایەوەو بڕیاری لەسەر دەدرێ!

لە ڕێگادا شەڕ لەنێوان كۆمەڵگەی نوێی لەدایك بوو، كۆمەڵگەی جاهیلیدا بەرپا دەبێت... ئەو كۆمەڵگە نوێیەی، كە لە عەقیدەو بیروباوەڕ، لە خووڕەوشت و ئیعتبارات، لە قەوارەو بوونی خۆیدا لە كۆمەڵگەی جاهیلی جوێ بۆتەوە... ئەگەرچی ئەندامەكانی كۆمەڵگەی نوێ هەر لە كۆمەڵگە جاهیلییەكەوە هاتوون... بزوتنەوەكەش هەر لە خاڵی دەرچوونەوە، تا خاڵی سەلماندنی بوونی خۆ، هێماو سیمایەكی تایبەتی خۆی دەبێ، كە وەك نیشانەیەك وایە، تاكی كۆمەڵگە نوێكەی پێ بناسرێتەوە، كە تازە دروست بووە. هەر تاكێكیش كێش و پلەیەكی دیاری كراوی لە كۆمەڵگەكەدا -بەپێی ئیعتیبارات و تەرازوی ئیسلامی- دەدرێتێ. ئەم كێش و پلەیەش، كە دەیدرێتێ لەلایەن كۆمەڵگەوەیە، بێ ئەوەی خۆی بەچاك بزانێ، یا ئاگاداری بۆ بڵاوكردبێتەوە، كە خۆی چاكە، وەكو لە هەڵبژاردن (انتخابات)ی سیاسیدا دەكرێت، بەڵكو ئەو عەقیدەیەی خۆی هەیەتی و، ئەو

خووڕەوشتەی لەو و لەکۆمەڵگەکەیدا بڵاو بۆتەوە، وای لێ دەکەن خۆی دەرنەخات و خۆی نەخاتە بەرچاوی ئەوانەی سەرنجیان داوەتێ، لەو دەوروبەرەی خۆیدا چاویان تێ بڕیووە!

چونکە سیفەتی عەقیدەی ئیسلامی و سیفەتی ئەو کۆمەڵگەیەی لێوەی دروست بووە، بریتییە لە (بزوتنەوە) ناهێڵێ کەس خۆی بشارێتەوە، دەبێ هەر یەکێك لە ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بجوڵێ و، بزوتنەوەی هەبێ: بزوتنەوە لە عەقیدەکەیدا، بزوتنەوە لەخوێنیدا، بزوتنەوە لە کۆمەڵگەکەیدا، بزوتنەوە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی یەك پەیکەری لەو جاهیلییەتەی لە دەوروپشتێتی. لەو جاهیلییەتەی هێشتا خڵتەی لە دەروونی ئەم و ئەوانی دەوروپشتیدا ماوە... ئەمەش شەڕێکی ڕۆژانەیە... لە دڵ و دەرووندایە... لە ڕەوشتدایە... لە کۆمەڵگەکەشدایە... ئەو شەڕەش بەردەوامە، جیهادیش، تا ڕۆژی دوایی هەر بەردەوامە.

کاتێ بزوتنەوەو لەگەڵ ئاوازی بزوتنەوەکەدا، ڕەوشی هەموو تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیە دیاری دەکرێ و، سنور بۆ ئیش و کاری دەکێشرێ و، پێکهێنانی ئەندامێتی ئەو کۆمەڵگەیە بە گونجانی نێوان تاك و کۆمەڵە ئیش کەرەکانیەوە، بەتەواوی دروست دەبێ. ئیتر ئەندامان هەست دەکەن، کە بزوتنەوەو کۆمەڵگەکەیان بێ یەکتری هەڵناکەن ..

ئەم دروست بوون و پێکهاتنە، دوو سیفەتن لە سیفەتەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی، کە بوون و دروست بوون و، سیماوشکڵ و، تەرازووی سیستم و، کاروباری ڕاپەڕاندنی ئەم سیستمە ئیسلامییە دیاری دەکەن و لە سیفاتی کۆمەڵگەی جاهیلی جوێی دەکەنەوە. ئەم دیاردەو ڕواڵەتانەش هەر یەکەیان بۆ خۆیان سەربەخۆن. نابێت بە چەند چەمك و مەفهوماتێکی کۆمەڵایەتی بێگانە چارەسەر بکرێن، یان وەنەبێت بەگوێرەی پرۆگرامێك

دیراسە بکرێن، کە لەگەڵ سروشتی خۆیدا ناگونجێ، یا بە چەند بەندو هەنگاوێك ڕاپەڕێنرێ، کە لەسیستمێکی ترەوە وەرگیرابێت.

کۆمەڵگەی ئیسلامی -وەکو لە پێناسە سەربەخۆکەی خۆماندا دەردەکەوێ، کە بۆ شارستانێتی دەیکەین- بریتی نییە لە وێنەیەکی سافی مێژوویی لە یادگارەکانی ڕابوردودا بۆی بگەڕێین! بەڵکو بریتییە لە داواکاری ئێستاو هیواو ئاواتی دوا ڕۆژ. هەروەها بریتییە لەو هیواو ئاواتەی هەموو مرۆڤایەتی دەتوانی لە (ئەمڕۆ یان سبەینێ)دا چاوی تێببڕێت، تا لە جاهیلەت قوتاری کا... لەو جاهیلییەتەی تێیدا نقووم بووە، جا ئیتر ئەم جاهیلییەتە نەتەوەی پێشکەوتووی پیشەسازی و ئابوری تێدا بێ، یا نەتەوەی هەژار.

ئەو بەهاو خووڕەوشتەی بەشێوەیەکی گشتی دەست نیشانمان کرد، بەهاو خووڕەوشتێکی (مرۆڤایەتی)ن، تەنها لەماوەی (شارستانێتی ئیسلامی) دا نەبێ مرۆڤایەتی بەخۆیەوە نەدیووە (لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین، کە مەبەستمان لە زاراوەی (شارستانێتی ئیسلامی) ئەو شارستانێتییەیە، کە ئەو بەهاو خووڕەوشتەی تێدا هاتبێتە دی، نەك تەنها بریتی بێ لە پێشکەوتنێکی پیشەسازی یان ئابوری، یان زانستی، لە کاتێکدا، کە ئەو کێش وخووڕەوشتە دواکەوتوو بێت).

ئەم بەهاو خووڕەوشتەش وەنەبێت شتێکی (ئایدیالیزمی خەیاڵی) بێت، بەڵکو بەهاو خووڕەوشتێکی کردەوەیی واقیعییە و، دەتوانرێ - لە ژێر سایەی چەمك و مەفهومە ڕاستە ئیسلامییەکاندا- بە توانای مرۆڤ بهێنرێتە دی. جا ئیتر لە هەر دەوروبەرێکدا بێت، بێ ئەوەی تەماشای جۆری ژیانی بکرێت، یان تەماشای مەوادی پێشکەوتنی پیشەسازی و ئابوری و زانستی بکرێت. چونکە ئەو بەهاو خووڕەوشتە وەنەبێت لەگەڵ پێشکەوتندا یەکاندگیر نەبنەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەر بە تەرازوی عەقیدەکە دەبێتە هاندەری ئەو پێشکەوتنە و. لە هەمان کاتیشدا وەنەبێ لەو وولاتانەی لەم بوارانەدا هێشتا پێشکەوتو نین، دەسەوسان بوەستێ، چونکە شارستانێتی دەتوانرێت لە هەموو جێیەك و لە هەموو دەوروبەرێك دابمەزرێنرێ . مادام لەسەربناغەی بەهاو خووڕەوشت

دابمەزرێت، بەڵام شێوە ماددییەکەی: ئەوە هەر دەوروبەرێك سەربەستە لەوەدا، کە بە چ شێوەیەك دایدەمەزرێنێ،چونکە هەر دەوروبەرێك ئەو توانایانە بەکاردێنێ، کە لە ناوچەکەیدا هەیە و گەشە بە ناوچەکە دەدات.

کەوابوو کۆمەڵگەی ئیسلامی -لە لایەن شکڵ و قەوارەو جۆرو چۆنیەتی ژیانی-وێنەیەکی نەگۆڕی مێژوویی نییە، بەڵام بوون و شارستانێتییەکەی پشت بە بەهاو خووڕەوشتێکی مێژوویی نەگۆڕ دەبەستێ... کاتێك دەڵێین (مێژوویی) مەبەستمان لەوەنییە، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان، ئەو بەهاو خووڕەوشتە لە مێژودا ناسرا بێت... چونکە خۆ ئەو بەهایە مێژوو دروستی نەکردووە و، سروشتی ئەو کێشە پەیوەندی بە کاتەوە نییە.. ئەمە حەقیقەتێکە و دوای واقیعێکی مرۆڤی و دوای بوونێکی ماددی لەسەرچاوەیەکی خواییەوە بۆ مرۆڤ هاتووە.

هەروەها شارستانێتی ئیسلامی لە پێکهاتنی ماددی و پەیکەری کارگێڕییەکەیدا، لەوانەیە شکڵی جۆر بەجۆر بگرێتە بەر، بەڵام ئەو ئەسڵی بەهاو خووڕەوشتەی لەسەریان دادەمەزرێ، هەر بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە، چونکە ئەوانە بنەمای شارستانێتین (کە خواپەرستییە) کۆمەڵە پێك هێنان لەسەر بناغەی پەیوەستی عەقیدە. نرخ و مەزنی مرۆڤایەتی مرۆڤ لە سەرو نرخ و مەزنی ماددەوەیە فەرماندێتی ئەو بەهاو خووڕەوشتەو مرۆڤایەتییەی گەشە بە مرۆڤایەتی مرۆڤ دەدات، نەك بە ئاژەڵییەتییەکەی ڕێزو کەرامەتی خێزان جێنشینێتی خوا لەسەر زەمین بە پێی مەرج و پەیمانی خوایی. هەروەها حوکم کردن تەنها بە پرۆگرام و شەریعەتەکەی خوا لەئیش و کاری جێنشینێتیدا).

ئەو (شێوەو شکڵ)انەی شارستانێتی ئیسلامی، کە لەسەر ئەم بناغە پتەوو نەگۆڕانە دادەمەزرێن. بێگومان کارتێکردنی بە گوێرەی پێشکەوتنی پیشەسازی و ئابوری و زانستی دەگۆڕێ، چونکە شارستانێتی ئیسلامی لەو دەوروبەرەی، کە خۆی تێیدایەتی چی هەبێ،

ئەوە بەکار دێنێت... لەبەر ئەوە ناکرێ، هەر دەبێ شێوەکانی جۆر بەجۆر بن، تا نەرمی و کشانێکی وای هەبێ بتوانێ بچێتە هەموو دەوروبەر و ئاستێکەوە لە چوارچێوەیەکی ئیسلامیدا، تا بتوانێ لەگەڵ بنەماو بەهاو خووڕەوشتی ئیسلامیدا بسازێ... ئەم نەرمی و کشانەش، لەشکڵەکانی دەرەوەی شارستانێتیدا، وەنەبێ لەسەر عەقیدەی ئیسلامی، کە شارستانێتی لێوە دروست دەبێت، فەرز کرابێت، بەڵکو ئەمە هەر لە سروشتی خۆیدا هەیە... بەڵام خۆ نەرمی وکشان، بریتی نییە لە یەق کردنەوەو پووکانەوە... نەرمی و کشان شتێکەو، یەق کردنەوەو پووکانەوەش شتێکی تر.

ئیسلام شارستانێتی خۆی لە نێو ڕووتەکانی ناوەڕاستی ئەفریقادا دادەمەزراند، چونکە تەنها بە بوونی ئیسلام لەوێ، ئەو لەشە ڕووتانە دادەپۆشرێن و، خەڵکی دەچنە ناو شارستانێتی پۆشاکەوە، چونکە تەوجیهاتی ڕاستەوخۆی ئیسلامی فێری ئەوەیان دەکات. هەروەها خەڵکی لە سستی و تەمەڵییەوە دەکەونە چالاکی کارکردن بۆ وەدەست هێنانی گەنجینە و کانزاکانی جیهانی ماددی و، لە قۆناغی هۆز -یان تیرەوگەلە- وە دەگۆڕێن بۆ قۆناغی نەتەوە. هەروەها لە پەرستنی دارو بەردو گۆشەگیرییەوە دێنە ناو پەرستنی خوای پەروەردگاری جیهانەوە... ئەدی ئەگەر ئەمە شارستانێتی نەبێ، چی شارستانێتییە؟ ئەمە شارستانێتی ئەم دەوروبەرە ڕووتەیە، چونکە ئیعتماد دەکرێتە سەر ئەو تواناو ئیمکانیاتانەی، کە لەو دەوروبەرەدا هەن... بەڵام کاتێك ئیسلام دەچێتە ناو دەوروبەرێکی ترەوە -بەهۆی بەهاو خووڕەوشتە نەگۆڕەکەیەوە- شارستانێتی بە شکڵ و شێوەیەکی تر دادەمەزرێنێت، ئەو کاتەش تواناو ئیمکانیاتی ئەو دەوروبەرە نوێیە بەکار دێنێ و گەشەی پێ دەکات.

دروستبوون و دامەزراندنی شارستانێتی -ئا بەو شێوەیە: بە پێی ڕێبازو پرۆگرامی ئیسلامی- هەرگیز لە پلەیەکی دیاری کراوی پێشکەوتنی پیشەسازی و ئابوری و زانستیدا ناوەستێ. ، کە ئیسلام دێتە جێیەك، ئەو پێشکەوتنانە هەن، ئەوەندەی تر بەرەو پێشەوەیان دەبات و ئامانجەکانی بەرزتر دەکاتەوە، ئەگەر ئەو پێشکەوتنانەش نەبوون،

ئەوا ئیسلام خۆی دروستیان دەكات و دایاندەمەزرێنێت و دەستە بەری پێگەیشتن و گەشەدارێتییان دەبێت... بەڵام لە هەموو حاڵەتێكدا هەر لەوەدا بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە، كە دەبێت هەر لەسەر ئەسڵە نەگۆڕەكان دابمەزرێت، تا كۆمەڵگەی ئیسلامی سیما سەربەخۆكەی خۆی و پێكهاتنە ئەندامێتییەكەی خۆی بمێنێت، كە هەر لە یەكەمین هەنگاوی بزوتنەوەوە دەردەكەون و كۆمەڵگەی ئیسلامی لە كۆمەڵگە جاهیلییەكان جوێ دەكەنەوە....ئەمەش ڕێبازێكی خواییە. كێ هەیە ڕێبازی چاكتر لە ڕێبازی خوایی دیاری بكات؟ (صِبْغَةَ اللَّهِ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ صِبْغَةً) البقرة/ ١٣٨.

## دووەم: كلتوروڕۆشنبیری ئیسلامی:

وەكو لە بەشی (لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله پرۆگرامی ژیانە) دا باسمان كرد، بڕیاری (خواپەرستی) تەنها بۆ خوایە، نیوەی یەكەمی ڕوكنی یەكەمی ئیسلامە، ئەمەش ناوەڕۆكی بڕیاری (لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله) كەیە و چۆنیەتی وەرگرتنی ئەم پەرستنەش، كە دەبێ لە ڕێگای پێغەمبەرەوە بێ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەشی دووەمی ئەم ڕوكنەیە، ئەمەش ناوەڕۆكی بڕیاری مُحَمَّدًا رَسُولُ الله كەیە.

پەرستنی خوا لەوەدا دەردەكەوێ، كە تەنها ئەو بە خوا دابنرێ، چ لە عەقیدەدا بێ، چ لەپەرستن و، چ لە یاساو شەریعەتدا بێ... هەر وەكو لە بەشی ناوبراودا زانیمان: موسوڵمان نابێ وا باوەڕ بكات، كە (خوایەتی) بۆ یەكێكی تری غەیری خوای پەروەردگار

دەشێ، نابێ (پەرستن) بۆ یەکێکی تری غەیری خوای پەروەردگار بکات، هەروەها نابێ وا بزانێ، کە (حاکمێتی) بۆ یەکێکی تری غەیری خوای پەروەردگار دروستە.

لەولا ناوەڕۆکی پەرستن و بیروڕاو عەقیدەو دروشم و حاکمیەتمان ڕوون کردەوە، لێرەشدا ناوەڕۆکی (حاکمێتی) و پەیوەندی بە (ڕۆشنبیری) یەوە باس دەکەین.

ناوەڕۆکی (حاکمێتی) لە ئایدیۆلۆژی ئیسلامیدا تەنها ئەوەندە نییە، کە دەبێ شەریعەتی یاسایی لە خواوە وەربگیرێت و، هەر حوکمی ئەو ڕاپەڕێنرێت و، تەنها شەریعەتەکەی خوا بچەسپێنرێت. لە ئیسلامدا ناوەڕۆکی(شەریعەت) تەنها لە یاسای شەریعەت و شێوەو ڕژێم و بارو زروفی حوکمدا ڕاناوەستێ. نەخێر، ناوەڕۆکی (شەریعەت) و ئایدیۆلۆژی ئیسلامی، تەنها ئەم ناوەڕۆکە تەسکەیان نییە.

(شەریعەتی خوایی) هەموو بەندێك دەگرێتەوە، کە خوا بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤایەتی دایناوە، ئەمەش لە بناغەی عەقیدە و، بناغەی حوکمڕانی و، بناغەی خووڕەوشت و، بناغەی زانیاریدا دەردەکەوێ.

هەروەها لە عەقیدەو بیروهۆش و دیددا دەردەکەوێ. بە هەموو بنەماکانی ئایدیۆلۆژییەوە باوەڕکردن بە حەقیقەتی خوایەتی، بە حەقیقەتی گەردوون: دیارو نادیاری، بە حەقیقەتی ژیان: دیارو نادیاری، هەروەها حەقیقەتی مرۆڤ و ئەو پەیوەندیانەی لە نێوان ئەم حەقیقەتانەو هەڵس و کەوتی مرۆڤدا هەیە.

هەروەها لە بارو زروفی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و، ئەو بناغانەی لەسەریان دادەمەزرێن، دەردەکەوێ، تا پەرستنی تەواوی بۆ خوای تاك و تەنها تێدا دەربکەوێت. لە یاسادانانەدا دەردەکەوێت: کە باروزروفێك ڕێك دەخات، ئەوەی، کە بەمانا تەسکەکەی پێی دەڵێن: (شەریعەت) ئەگەرچی لە ڕاستی ناوەڕۆکەکەی و لە ئایدیۆلۆژی ئیسلامیدا وانییە.

لەڕێساکانی خووڕەوشتدا دەردەکەوێت، هەروەها بنەماو نەریت و ئاکارە ڕەوشتییەکاندا دەردەکەوێت، کە لە کۆمەڵگەکەدا بڵاوبوونەتەوە، کە خەڵك وکەل و پەل و ڕووداوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەینوێنن.

پاشان لە هەموو لایەنەکانی (زانیاریی)دا دەردەکەوێت. هەروەها لە بناغەی چالاکییە سەربازی و هونەریەکاندا دەردەکەوێت.

ئەم هەموو لایەنانەش هەر دەبێ لە خواوە وەربگیرێت، وەکو، کە حوکمە شەرعییەکان -بە مانا تەسکەکەی- لە خواوە وەردەگیرێن.... چونکە هەردوولایان وەك یەکن.

پاش ئەوەی ئاوا بە پێشەکییەکی کورت ڕونمان کردەوە، ئێستا کەمێك زیاتر مانای (حاکمێتی) بەو مانایەی، کە دەربارەی حوکم و یاسایە، ئاشکرا بوو.

بەڵام مەسەلەی ڕێساکانی خووڕەوشت و ئەو بەهاو هەڵسەنگاندنانە (القیم والتقییم)ی لەکۆمەڵگەدا بڵاون، خەڵکی پێیانەوە پابەندن، هەموی لە عەقیدەوە سەرچاوەیان گرتووە لە ئایدیۆلۆژییەکەوە هاتوون، کە لە کۆمەڵگەکەدا هەیە، هەروەها لەو سەرچاوەیە هەڵقوڵاون، کە عەقیدەی کۆمەڵگەکەی لێوە وەرگیراوە.

بەڵام ئەوەی، کە لێرەدا ئاشکرا نەبێ -تەنانەت لای ئەو کەسانەش، کە ئەم جۆرە باسە ئیسلامیانە دەنووسن- گێڕانەوەی چالاکییە فیکری و هونەرییەکانە بۆ ئایدیۆلۆژی ئیسلامی و سەرچاوە خواییەکەیان.

دەربارەی چالاکییە هونەریەکان کتێبێکی تەواو دەرچووە، باسی ئەم کێشەیە دەکات بەو حسابەی، کە هەموو چالاکییە هونەرییەکان بریتین لە دەربڕینی ئایدۆلۆژی و وەڵام دانەوەو هەڵچونی مرۆڤ، هەروەها بریتین لە دەربڕینی هەست و سۆز بەرامبەر بوونەوەرو ژیان بەو جۆرەی، کە لە دەروونی مرۆڤدا هەستیان پێ دەکرێت....لەم

ڕوانگەیەوەیە، کە ئایدیۆلۆژی ئیسلامی حوکمی هەموو ئەوانە دەکات، کە لە دەروونی موسوڵماندا هەن و، بگرە خۆشی بۆیان دروست دەکات. چونکە ئیسلام هەموو لایەنێکی گەردوون و دەروون و ژیان دەگرێتەوە، هەروەها پەیوەندی ئەمانە بە خوای گەردوون و دەروون و ژیانەوە دەبەستێتەوە بە ئایدیۆلۆژیەکی تایبەتی، کە حەقیقەتی ئەو مرۆڤەو، شوێن پێی لەم گەردوونە و، مەبەست لە بوون و، ئیش و کار و هەڵسەنگاندنی ژیانی دیاری دەکات... ئەمانەش هەمووی لە ئایدیۆلۆژی ئیسلامیدا هەن، کە ئەویش وەنەبێت تەنها بیرو هۆشێکی فیکری بێ، بەڵکو بیروهۆشێکی عەقیدەی زیندووی کاریگەری داهێنەری دەسەڵاتدارە بەسەر هەموو چالاکیەکی قەوارەی مرۆڤ[1].

بەڵام مەسەلەی چالاکیە فیکریەکان، پێویستە ئەو چالاکیانە بگەڕێنرێتەوە بۆ ئایدیۆلۆژی ئیسلامی و سەرچاوە خواییەکەی، بۆ ئەوەی پەرستنی تەواوی خوای تاک و تەنها بێتەدی، کە دەبێ ئێمە ئەم مەسەلەیە بەتەواوی ڕوون بکەینەوە، چونکەی لای خوێنەران . تەنانەت لای موسوڵمانەکانیش، لەوانەی، کە دەڵێن دەبێ حاکمێتی و یاسادانان تەنها لە دەسەڵاتی خوادا بێ وبەس. شتێکی سەیرو ناسابییە.

موسوڵمان ناچارە لە مەسەلەیەکدا، کە پەیوەندی بە حەقیقەتی عەقیدەکەی و بیروباوەڕی گشتی بوونەوەر، یا بە پەرستنەوە، یا بە خووڕەوشت و نەریت و هەڵس و کەوتییەوە، یا پەیوەندی بە بیروڕاو بناغەکانی سیستمی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی، یان ئابوریەوە هەبێ، یان پەیوەندی بە هۆی چالاکیە مرۆڤایەتیەکان و بزوتنەوەی مێژووی مرۆڤەوە هەبێ....ناچارە هەر دەبێ لە سەرچاوەیەکی خواییەوە وەری بگرێت....ناتوانێ هیچ یەکێك لەمانە لە کەسێکی ترەوە وەربگرێت مەگەر لەو موسوڵمانەوە، کە متمانە بە دین و خواناسی و عەقیدەکەیان دەکات، کە خۆی واقیعی ژیانیان دەبینێ و دەزانێ ڕادەی دینداریان چەندە.

---

[1] کتێبی: منهج الفن الاسلامي/محمد قطب.

بەڵام موسوڵمان بۆی هەیە زانیارییە ڕووتەکانی وەك: کیمیا، سروشتناسی، زیندەوەرزانی گەردوونناسی، پزیشکی، پیشەسازی، کشت وکاڵ، ڕێگاکانی کارگێڕی -تەنها لە ڕووی هونەرییەوە، ڕێگا هونەرییەکانی کارکردن، شێوەی شەڕوشۆڕ- لە لایەنی هونەرییەوە و بەس... تا دەگاتە کۆتا چالاکی مرۆڤ، دەتوانێ ئەمانە هەموی لە موسوڵمان و نا موسوڵمانەوە وەربگرێ... ئەگەرچی لە بنەڕەتدا دەبێ کۆمەڵگەی ئیسلامی، کە دروست دەبێ هەوڵی ئەوە بدات هەموو ئەمانەی بێ، چونکە (فەرزی کیفایەن): دەبێ چەند ئەندامێکی کۆمەڵ هەستن بە جێبە جێکردنیان، ئەگینا کۆمەڵگەکە گوناهبار دەبن، چونکە هەموو ئەمانە، یا ئەوەیە خۆیان پەیدایان نەکردووە، یا ئەوەیە بواری گونجاوی وایان نەکردۆتەوە، کە خۆیان تێیدا بژین و فێربن و کاربکەن و بەرهەمی بهێنن... بەڵام تا ئەو کاتەی ئەمانەی تێدا دێتە دی، موسوڵمان بۆی هەیە ئەم زانیارییە ڕووتە و، شێوەی پیادەکردنیان بەکردەوە، لە موسوڵمان و ناموسوڵمانەوە وەربگرێ، یان سوود لە ڕەنج زانینی موسوڵمان و ناموسوڵمان وەربگرێ، یان بواری موسوڵمان و ناموسوڵمان بدات لەو بوارانەدا کار بکەن... چونکە هەر یەك لەمانەی سەرەوە دەکەونە بەر ئەو فەرمودەیەی، کە پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (أَنْتُمْ أَعْلَمُ بِأَمْرِ دُنْيَاكُمْ).[١] واتە: خۆتان ژیانی دونیایی خۆتان باشتر دەزانن، چونکە ئەمانە پەیوەندیان بە پێکهاتنی بیروباوەڕی موسوڵمانەوە نییە، پەیوەندیان بەسەر جۆری لێکدانەوەی ژیان و گەردوون و مرۆڤەوە نییە، هەروەها پەیوەندیان بە بوون و ڕاستی ئیش و، کاریەوە نییە، یان بە جۆری ئەو پەیوەندیانەی بە بوونەوەری دەوروپشتی و بەخوای هەموو گەردوونەوە، هەیەتی یان

---

[١]شێخ سەعید حەووا رحمەاللە لەبەر ئەوەی ئەم بەشانەی لە سەیدقوتبی ڕەحمەتی وەرگرتووە، بێگومان بە دوای فەرموودەکانییدا نەچووە. سەییدی ڕەحمەتیش هەر نوسیوێتی: رواه موسلیم. ڕاستە. موسلیم (٢٣٦٣)، ئیبنوماجە (٢٤٧١) ئەحمەد (٢٤٩٦٤)، ئیبنوحیببان (٢٢).

ئەو پەیوەندیانەی بەو خووڕەوشت و ئاداب و نەریت و هەڵس کەووتەوە نییە، کە لەناو کۆمەڵدا هەن و بوونەتە سیمای کۆمەڵگەکە... مادام ئەو زانستییانە پەیوەندی وایان لەگەڵ ئەمانە نییەو، مادام دژواری لەسەر عەقیدەکە دروست ناکەن، یان کەس لە ئیسلامەوە بۆ جاهیلییەت پاشگەز ناکەنەوە، لەبەر ئەم هۆیانە موسوڵمان دەتوانێ ئەو زانستییانە لە موسوڵمان و ناموسوڵمانەوە وەربگرێ.

بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە لێکدانەوەی چالاکییە مرۆڤییەکانەوە هەبێ -چ تاك بێ و چ کۆ- ئەوەی پەیوەندی بە لێکدانەوەی (دەروون) و (بزوتنەوەی مێژووی مرۆڤ)ەوە هەبێ، یان پەیوەندی بە لێکدانەوەی پێکهاتنی ئەم بوونەوەرو دامەزراندنی ژیان و، دروست بوونی مرۆڤ لەلایەن میتافیزیکی پشت سروشتەوە واتە: (لەو لایەنانەی پەیوەندیان بە زانستییە رووتەکانەوە وەك کیمیاو پزیشکییەوە نییە) هەر یەك لەمانە، وەك سیستمی یاسایی و بیروباوەڕو ئەو بناغانە وان، کە ژیان و چالاکییەکانی مرۆڤی لەسەر دادەمەزرێ. هەردوکیان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەعەقیدەوە هەیە. بۆیە موسوڵمان بۆی نییە لە یەکێکی تری غەیری ئەو موسوڵمانەوە وەربگرێ، کە خۆی متمانە بە دین و خواناسییەکەیان دەکات، کە دەزانێ ئەو کەسانە هەموو شتێکیان خوا وویستییە، ئەمەش گرنگە، چونکە دەبێ ببێتە هەست و سۆزێك و بە عەقیدەی موسوڵمانەوە بلکێت و، بزانێ، کە ئەمەیە پەرستنی تەواو بۆ خوای تاك و تەنها و، ئەمەشە ناوەڕۆکی (لَا إِلٰهَ إِلَّا الله مُحَمَّدًا رَسُولُ الله).

لەوانەیە موسوڵمانێك تەماشای هەموو شوێنەوارێکی چالاکییە جاهیلییەکان بکات و شارەزای ببێت، بەڵام نەك بۆ ئەوەی خۆی پێ دروست بکات، یان کاروباری خۆی پێ هەڵ بسوڕێنێ، بەڵکو بۆ ئەوەی بزانێ ئەم جاهیلییەتە، تا چ ڕادەیەك لە حەق لایداوە و، تا فێربێ چۆن ئەم لە حەق لادانەی مرۆڤایەتی ڕاست دەکاتەوەو، چۆن دەتوانێ بیگێڕێتەوە بۆ سەرچاوە ڕاستەکانی بنەمای ئایدیۆلۆژی ئیسلامی و، بۆ حەقیقەتی عەقیدەی ئیسلام.

هەموو ئیتیجاهێکی (فەلسەفە) و هەموو ئاڕاستەیەکی(لێکدانەوەی مێژووی مرۆڤ)و هەموو ئاڕاستەیەکی(دەروونناسی)، جگە لەو تێبینیانەی لە لێکدانەوە گشتییەکانەوە وەرنەگیراون، هەموو لێکدانەوەیەکی (خووڕەوشت) هەموو ئاڕاستەیەکی لێکۆڵینەوەی (جیاوازی نێوان دینەکان) و هەموو ئاڕاستەیەکی (لێکدانەوەو ڕێڕەو (مذهب)ە(کۆمەڵایەتییەکان)، جگە لەسەر ژماردن و زانستییە ڕاستەوخۆ و، شتە بینراو و، ئەنجامە گشتییەکانی، کە لە تەوجیهاتە سەرەکییەکانەوە وەرگیراون، عەقیدەی جاهیلی کاری کردۆتە سەر هەموو ئەم ڕێنماییەو لەکۆن و نوێدا هەموویان لە فیکرەی جاهیلی نائیسلامییەوە وەرگیراون و لەسەر ئایدیۆلۆژییەکی جاهیلی دامەزراون، زۆربەشیان ئەگەر هەمووشیان نەبن لە بناغەی پڕۆگرامەکانیاندا دوژمنداریێتییەکی ئاشکرا، یان نهێنی بەرامبەر بە دین بە گشتی و ئیسلام بە تایبەتی، هەیە.

مەسەلەی ئەم جۆرە چالاکییە فیکری و زانیارییانەش! وەك مەسەلەی کیمیاو پزیشکی و گەردووناسی و زیندەوەرزانی نییە، چونکە ئەمانە لە سنوری تاقیکردنەوەی واقیعی و تۆمارکردنی ئەنجامی واقیعیدا دەمێننەوەو، سەر ناکێشن بۆ لێکدانەوەی فەلسەفی بە هەر شێوەیەکی بێت. خۆ ئەگەر سەریان کێشا بۆ ئەوە، وەکو لە داروینیزم دا هەیە لە مەسەلەی سەلماندنی گۆڕانی یەك لەدوای یەکی زیندەوەران و دیراسە کردنییەوە سەر دەکێشێت بۆ ئەوەی بڵێت: پێویست ناکات وا دابنرێت، کە هێزێك هەیە ژیانی دروست کردووە و، پێشی خستووە (گوایە ئەو هێزەش لە دەرەوەی جیهانی سروشتدایە)، کە هیچ بەڵگەیەکیشی نییە لەسەر ئەوەی دەیڵێت، مەگەر هەواو هەوەسی خۆی.

موسوڵمان ئەوەندەی بەسە، کە لە خوا ڕاستگۆکەی خۆیەوە ئەو هەموو ڕوونکردنەوانەی دەربارەی ئەمانە بۆ هاتووە... ئەوەندەشی بەسە، کە ئاستی هەوڵدانە

لاوازەکەی مرۆڤ لەم بوارانەدا دەبینێت... چ جای ئەوەی، کە مەسەلەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە عەقیدەو بە پەرستنی خوای تاك و تەنهاوە هەیە.

ووتەی(ڕۆشنبیری، کەلەپوری مرۆڤایەتییە)، کە نە نیشتمان و، نە ڕەگەز و نە ئاینێکی تایبەتی هەیە... ووتەیەکی ڕاست و بەجێیە ئەگەر بۆ زانیارییە ڕووتەکان بەکار هات، بەڵام ئەگەر لەوەوە تێپەڕ بێ بۆ لێکدانەوەی ئەنجامی زانستییەکان و بکرێتە جۆرێکی فەلسەفی میتافیزیکیانە، یان بێ بە لێکدانەوەیەکی فەلسەفی دەربارەی مرۆڤ و چالاکی و مێژووی مرۆڤ، یان بێ بە هونەرو ئەدەب و هەموو دەربڕینەکانی تری هەست و سۆز، ئەمە دژوارییەکی گەورەیەو ڕەفز دەکرێت، چونکە لە پشت ئەو ووتەیەوە، تەڵەیەکی جولەکەی جیهانی دانراوە، کە دەیەوێ هەموو بەربەستێك بڕوخێنی .یەکێك لەو بەربەستانەش بگرە یەکەمینیان بەربەستی عەقیدەو بیروباوەڕی خواییە . تا بتوانێ بچێتە ناو لەشە خاوو مەستەکەی جیهانەوە، پاشان بکەوێتە بەکارهێنانی چالاکییە شەیتانییەکانی خۆی، لەپێش هەمووشیانەوە چالاکییە سوودکارەکانیان -النشاط الربوی- و هەموو ڕەنجی مرۆڤایەتی بخەنەدەست خاوەن دەزگاو پڕۆژە سامانییە سودخۆرەکانی جولەکەوە.

بەڵام ئیسلام جگە لە زانیارییە ڕووتەکان و پیادە (تطبیق)کردنیان دوو جۆر ڕۆشنبیری دەناسێ:

١- ڕۆشنبیری ئیسلامی، کە لەسەر بناغەی ئایدیۆلۆژی ئیسلامی دروست دەبێ.

٢- ڕۆشنبیری جاهیلی، کە لەسەر گەلێك پڕۆگرام دروست دەبێ، بەڵام ڕێسای هەموویان یەکە... ئەویش ڕێسای دانانی فیکری مرۆڤایەتییە.

ڕۆشنبیری ئیسلامی هەموو بوارێکی چالاکی فیکری و واقیعی مرۆڤ دەگرێتەوە، کە ڕێساو پڕۆگرام و سیفاتی وای تێدایە، کە هەموو کاتێك دەستەبەریی چالاکی و زیندوێتییان دەکات.

ئەوەندەش بەسە بزانین، کە ئاڕاستەی تاقیکردنەوە، کە ئێستا ئەوروپا شارستانێتی خۆی لەسەر دامەزراندوە. لەسەرەتاوە لە ئەوروپاوە پەیدا نەبوو، بەڵکو لە زانکۆ ئیسلامییەکانی ئەندەلوس و ڕۆژهەڵاتەوە پەیدا بووە، کە بناغەکەی لەسەر ئایدیۆلۆژی و تەوجیهاتی ئیسلامی دامەزرا بوو، کە گەردوون و سروشتە واقیعییەکەی و ڕزق و ڕۆزی و کانزاکانی پێ لێك دەدایەوە، پاشان ڕاپەڕینی زانستی ئەوروپا ئەم پڕۆگرامەی بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە وەرگرت و، بەردەوام نەشونمای پێ کردو گەشەی پێدا. کەچی لەملاوەش جیهانی ئیسلامی وازی لەو ئاڕاستە و ڕێبازی تاقیکردنەوەیە هێنا، چونکە بەرەبەرە لە ئیسلام دوور دەکەووتەوە لەولاوەش پێکهاتنی کۆمەڵگەکەی، بەرەو جۆرێکی نائیسلامی دەڕۆیشت و پەلامارو هەڵمەتی جیهانی خاچ پەرستی و زایۆنیزمیشی هاتەسەر. ئینجا ئەوروپا ڕەگی ئەو پڕۆگرامەی لە ڕۆژهەڵاتی موسوڵمانەوە وەری گرتبوو، قرتاند!چونکە بە عەقیدەی ئیسلامییەوە بەندبوو، تا بە یەکجاری لە خوا دوری خستەوە. بە تایبەتی لەو کاتەدا، کە لە دەست کەنیسە قوتاری دەبوو. ئەو کەنیسەیەی بەناوی خواوە - بە درۆو دەلەسە - باڵی بەسەر هەموو گەلانی ئەوروپاییدا کێشابوو.[١]

بەو جۆرە هەموو بەرهەمی فیکری ئەوروپا -وەکو بەرهەمی فیکری جاهیلی هەموو شوێن و کاتێك-شتێکی تری لێ هاتە کایەوە. بەرهەمێك، کە هەر لە ڕەگەوە لەگەڵ بنەماکانی ئایدیۆلۆژی ئیسلامیدا جیاوازی هەبێ و، لە هەمان کاتیشدا دوژمندارێتییەکی زۆر سەخت و کەللە ڕەقانەی لەگەڵ ئایدیۆلۆژی ئیسلامیدا دروست کرد، کە هەموو موسوڵمانانی ناچار کرد بگەڕێتەوە سەر بنەمای ئایدیۆلۆژییەکەی خۆیان و، ئەگەر

---

[١] بڕوانە بەشی (الفصام النكد) لە کتێبی ( المستقبل لهذا الدين)ی نووسەر. (مەبەست سەید قوطبە رحمەالله).و.

توانیان تەنها لە سەرچاوە خواییەکەی خۆیانەوە، وەربگرن، یان لەو موسوڵمانەوە وەربگرن، کە متمانە بە ئایین و خوناسیەکەی دەکەن.

وتەی (زانستی) لە خاوەن (زانستی) جیایە... ئەگەر دەربارەی ئەو زانیاریانە بێ، کە پەیوەندیان بە عەقیدەوە هەیە و، کار دەکەنە سەر لێکدانەوەی بوون و ژیان و چالاکییە مرۆڤییەکان و بارو زروفی کۆمەڵگە و هەڵس کەوتی و، خووڕەوشت و نەریت و هەرچییەکی تر، کە پەیوەندی بە دەروونی مرۆڤ و جم و جوڵییەوە هەیە، ئەوە ئیسلام نە ووتەی وای بیستووەو، نە بە گوێشیدا دەچێت.

ئیسلام ڕێگای موسوڵمان دەدا، کە لە ناموسوڵمانەوە، یا لە موسوڵمانێکی کەم لەخواترسەوە، کیمیا یا سروشتناسی، یا گەردووننناسی، یا پزیشکی، یا پیشەسازی، یا کشت وکاڵی، یا ئیشی کارگێڕی و نووسین ... یا هەرچی زانستییەکی تر هەیە لەو بارەیەوە وەربگرێ، ئەویش لەو کاتانەدا، کە موسوڵمانێکی لە خواترسی چنگ ناکەوێ، ئەو زانستییانەی لێوە وەربگرێ . وەکو ئەو واقیعەی ئێستای ئەوانەی بە خۆیان دەڵێن: موسوڵمان، کە بە هۆی دوورکەوتنەوەیانەوە لە دین و پرۆگرام و ئایدیۆلۆژی ئیسلامییەوە دووچاری بوون. کە ئەم هەموو زانیاری و شارەزایی و پسپۆرییانەی پێویستە لەو جێنشینێتی پەیدا هەبن. ئیسلام ڕێگا نادا بە موسوڵمانێك بناغەی عەقیدەو بنەمای ئایدیۆلۆژی، تەفسیری قورئان و لێکدانەوەی حەدیس و ڕەوشتی پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، یان پرۆگرام و مێژوو لێکدانەوەی چالاکییەکانی مرۆڤ یان ڕێڕەوی کۆمەڵگەی، یان سیستمی حوکمی، یان پرۆگرامی سیاسەتی، یان ئیلهامی هونەرو ئەدەب و دەربڕینەکانی... هتد، لە سەرچاوەیەکی غەیری سەرچاوەی ئیسلامییەوە وەربگرێ، بەڵکو ناهێڵێ موسوڵمان ئەمانەش لە غەیری موسوڵمانێکی لەخواترسەوە وەربگرێ، کە خۆی متمانە بە دین و خواناسینەکەی دەکات، کە لە هەموو کاتێکدا ئەمانە سیمایانن و دەدرەوشێنەوە...

ئەوەی ئێستا وا ئەم چەند دێرانە دەنووسێ[١] مرۆڤێکەو ماوەی چڵ ساڵی ڕەبەق دەیخوێندەوە ئیشی ئەوەڵ و ئەخیری، خوێندنەوەی زۆربەی بوارەکانی زانیاری مرۆڤایەتی بووە... کە نە پسپۆڕ (تخصص)ی خۆی بوو، نە ئارەزوشی وا بوو. پاش ئەو ماوە زۆرە، کە گەڕایەوە سەر سەرچاوەی ئایدیۆلۆژی و عەقیدەکەی خۆی، دەبینێ وا هەرچی ئەو خوێندویەتییەوە شتێکی زۆر زۆر کەمە لە چاو ئەو سەرمایە زۆرەی لە ئایدیۆلۆژییەکەیدا هەیە - دەشبوو وابێ - لەوەش پەشیمان نییە، کە ماوەی چل ساڵی تەمەنی وا سەرف کردووە،چونکە حەقیقەتی جاهیلییەتی ناسی و چاوی بە کەم و کورتی و لەحەق لادان و گرنگی جاهیلییەت کەوت... هەروەها هەڕاڵی و پاڵانتەو خۆ فش کردنەوەی جاهیلییەتی بۆ ڕون بوەوە!! زانی و بە تەواوی دڵنیا بوو، کە نابێ موسوڵمان بتوانێ ئەو دوو سەرچاوەیە لێك بدا و لێیانەوە وەربگرێ!!

لەگەڵ ئەوەشدا وەنەبێ ئەوەی لەو بەندەی سەرەوەدا ووتم، ڕایەکی شەخسی خۆم بووبێ و بیخەمە ڕوو... چونکە مەسەلەکە زۆر زۆر گەورەترە لەوەی ڕای لەسەر بدرێ، لە تەرازوی خواییدا زۆر زۆر لەوە قورسترو دژوارترە، کە موسوڵمان ممتمانە بکاتە سەر ڕای خۆی، بەڵکو ئەوە فەرمایشتی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرە نازدارەکەیەتی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وا لەو مەسەلەیەدا حوکمی پێ دەکەین و دەگەڕێینەوە سەر فەرمایشتی خواو پێغەمبەرەکە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەك، کە دەبێ ئەو کەسانەی باوەڕیان بە خواو پێغەمبەرەکەی هێناوە، هەر کاتێك، کە ناکۆکی و جیاوازیان لە شتێکدا هاتە ڕێ بگەڕێنەوە بۆ حوکمی ئەو دوو سەرچاوەیە:

---

[١] سەییدی رەحمەتی مەبەستی خۆیەتی (و).

خوای گەورە كۆتا ئامانج و هیواو ئاواتی جولەكەو مەسیحییەكان، بە شێوەیەكی گشتی بەرامبەر بە موسوڵمانەكان دەخاتە ڕوو، دەفەرموێ: (وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّن بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّاراً حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم مِّن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْحَقُّ فَاعْفُواْ وَاصْفَحُواْ حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)البقرة/١٠٩واتە: زۆر كەس لە خاوەن كتێبە ئاسمانییەكان پاش ئەوەی، كە ڕاستییان بۆ ئاشكرا بوو -هەر لەبەر حەسوودی و ڕق و كینەی خۆیان- دەیانوویست پاش باوەڕهێنانتان بتانگێڕنەوە سەر كوفر و بتانكەنەوە بە كافر. بەڵام قەیدی نییە لێیان خۆش بن و لێیان ببورن تا خوا فەرمانی خۆی دەنێرێ، خۆ خوا توانای بەسەر هەموو شتێكدا هەیە: (وَلَن تَرْضَى عَنكَ الْيَهُودُ وَلاَ النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ قُلْ إِنَّ هُدَى اللَّهِ هُوَ الْهُدَى وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءهُم بَعْدَ الَّذِي جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ اللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلاَ نَصِيرٍ)البقرة/١٢٠ واتە: هەتا هەتایە نەجوولەكەو نەمەسیحی لێت ڕازی نابن، تا شوێن میللەتی ئەوان نەكەویت. بەڵام تۆ پێیان بڵێ: ڕێنمایی خوا، ڕێنماییە. ئەگەر تۆ شوێن هەواو هەوەسی ئەوان بكەویت، دوای ئەوەی هەموو زانستییەكت بۆ هاتووە، هیچ سەرپەرشتیارو پشتیوانێكت لەلای خوا نامێنێ.

- (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِن تُطِيعُواْ فَرِيقًا مِّنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ كَافِرِينَ) آل عمران/١٠٠واتە: ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر گوێڕایەڵی دەستەیەك لەوانە بكەن، كە پێش ئێوە كتێبی ئاسمانیان بۆ هاتبوو، پاش ئەوەی باوەڕتان هێناوە، دەتان كەنەوە بەكافر ... (ابو یعلی) لە حەممادەوە ئەویش لە جابرەوە خوا لێیان ڕازی بێت، دەگێڕێتەوە: كە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (لا تَسْأَلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ عَنْ شَيْءٍ، فَإِنَّهُمْ لَنْ يَهْدُوكُمْ وَقَدْ ضَلُّوا، وَإِنَّكُمْ إِمَّا أَنْ تُصَدِّقُوا بِبَاطِلٍ، وَإِمَّا أَنْ تَكْذِبُوا بِحَقٍّ، وَإِنَّهُ وَاللَّهِ لَوْ كَانَ مُوسَى حَيًّا بَيْنَ أَظْهُرِكُمْ مَا حَلَّ لَهُ إِلا أَنْ يَتَّبِعَنِي).[1] واتە: هیچ

---

[1] ئەحمەد (١٤٢٢٠). بەیهەقی (١٦٥).

شتێك له خاوەن كتێبە ئاسمانییەكان مەپرسن، چونكه ئەوان خۆیان گومڕابوون هەتا هەتایە ناتوانن ڕێنمایی ئێوە بكەن، كه ئێوە پرسیاریان لێ دەكەن، یا ئەوەیە ناحەقێك به ڕاست دەزانن، یان ئەوەیە ڕاستێك به درۆ دادەنێن. سوێند بێ به گەورەیی خوا، ئەگەر موسا زیندوو و، لەنێو ئێوەدا بوایە، بۆی نەبوو، هەر دەبوو شوێن من بكەوێت.

كاتێك خوای گەورە ئامانج و هیواو ئاواتی جولەكەو مەسیحی دەربارەی موسوڵمان بەو شێوە بنەبڕە (القاطع) پیشان دەدات، گەمژەێتییە ئەگەر ساتێك وا گومان بكرێت، كه ئەوانە لەو باسانەدا، كه دەیكەن وویستێكی پاكیان بووە و هەیە، چ لەوەی پەیوەندی بەعەقیدەی ئیسلامییەوە هەیە، یان به مێژووی ئیسلامییەوە هەیە، یان لەوەدا، كه تەوجیهی سیستمی كۆمەڵگەی موسوڵمان بكەن، یا له سیاسەت و ئابوری موسوڵماندا، گێلێتییە وا بزانرێت له ئامۆژگاری كردنی موسوڵماناندا ڕاستگۆن. یان گوایە مەبەستیان خێرخوازی و ڕێنمایی و ڕێ پیشاندانی موسوڵمانان بێت....ئەو كەسانەی واگومان دەكەن - دوای ئەوەی خوای گەورە بڕیاری خۆی لەسەر دەركردن - ئەو كەسانە زۆر گێل و گەوج و گەلحۆو گەوێلن!!

هەروەها، كه خوا دەفەرموێ: (قُلْ إِنَّ هُدَى اللَّهِ هُوَ الْهُدَى) واتە: بڵێ: تەنها ڕێنمایی خوا، ڕێنماییە، ئەو سەرچاوە تەنهایە دیاری دەكات، كه پێویستە موسوڵمان له هەموو كاروبارێكدا بگەڕێتەوە سەری. دوای ڕێنمایی خواش غەیری گومڕایی و سەرگەردانی نەبێ، هیچیتر نییە. ڕێنماییش لای خوا نەبێت، لای كەسی ترەوە نایەت. ئەو شێوازە كورتەی، كه ئایەتەكەش هێناوێتییەوە (قُلْ إِنَّ هُدَى اللَّهِ هُوَ الْهُدَى) هەر ئەوە دەبەخشێ و، بواری گومان له ناوەڕۆكی ئەم دەقە قورئانییەدا نییە و لێكدانەوەی ماناكەشی جۆرێكی تری نییە.

هەروەها خوای گەورە بە شێوەیەکی بنەبڕ داوای ئەوە دەکات، کە پشت لەو کەسانە بکرێت، کە گوێیان بە یادو زیکری خوا نەداوەو، هەموو بایەخێکیان بە ژیانی دونیایان داوە، چونکە ئەوانە هیچ نازانن و، لەسەر گومان دەژین. موسوڵمانیش نابێ شوێن گومان بکەوێت مادام ئەو کەسە تەنها دەربارەی شتە ئاشکراکانی ژیانی دونیا دەزانێت، ئەوە زانستییەکی ڕاستی نییە. (فَأَعْرِضْ عَن مَّن تَوَلَّى عَن ذِكْرِنَا وَلَمْ يُرِدْ إِلاَّ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا * ذَلِكَ مَبْلَغُهُم مِّنَ الْعِلْمِ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اهْتَدَى) النجم/٢٩-٣٠ واتە: گوێ مەدە بەو کەسانەی پشتیان لە یادو زیکری خوا کردووە. ، کە ژیانی دونیا نەبێ، هیچی تریان ناوێ. ئەوانە هەر ئەوەندەیان زانستی پێیە، خۆ خوای تۆ دەزانی کێ لە ڕێبازەکەی لایداوەو گومڕابووە، کێ ڕێنمایی وەرگرتووە. (يَعْلَمُونَ ظَاهِرًا مِّنَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ عَنِ الآخِرَةِ هُمْ غَافِلُونَ) الروم/٧ واتە: تەنها ڕواڵەتە ئاشکراکەی ژیانی دونیا دەزانن و، ئاگایان لە ڕۆژی دوایی نییە.

ئەو کەسەش، کە لە یادو زیکری خوا بێ ئاگا بێ جگە لە ژیانی دونیا هیچی تری نەوێ -وەکو (زانا) کانی ئەمڕۆ- کە ئەم ڕواڵەتە ئاشکرایانەی دونیا نەبێ هیچی تر نازانن ئەمەش ئەو (زانستی)یە نییە، کە موسوڵمان متمانە بە خاوەنەکەی بکات، و هەموو شتێکی لێوە وەربگرێت، بەڵکو تەنها ئەوەندە دەتوانێت لە سنوری زانستی ماددە ڕووتەکەدا وەربگرێت. نەك تەفسیرو لێکدانەوەی ژیانی گشتی و، دەروون و ئایدیۆلۆژی. هەروەها ئەمە ئەو زانستییە نییە، کە ئایەتەکانی قورئان باسی دەکەن و، ستایشیان بۆ دەکەن، وەك ئایەتی: (قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لا يَعْلَمُونَ) واتە بڵێ: ئایا ئەو کەسانەی دەزانن وەك ئەوانە وان، کە نازانن؟ ئەوە ئەو زانستییە نییە، کە خوا بە ئایەت ستایشی بکات، وەك، کە هەندێ کەس لەوانەی دەقە قورئانییەکان ڕادەکێشن بۆ غەیری جێگەی خۆی و، بۆ بەڵگەی قسەکانیان دەیهێننەوە!

ئەم پرسیارە لە باسی خواپەرستیدا هاتووە ..کە ئەمە تەواوی دەقەکەیەتی: (أَمَّنْ هُوَ قَانِتٌ آنَاء اللَّيْلِ سَاجِدًا وَقَائِمًا يَحْذَرُ الآخِرَةَ وَيَرْجُو رَحْمَةَ رَبِّهِ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ

يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لا يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُوا الأَلْبَابِ)الزمر/٩ واته: ئەو کەسەی گوێڕایەڵی فەرمانی خوا دەکات و شەو و ڕۆژ ئیسلامەکەی خوا ڕادەپەڕێنێ و، کڕنووشی بۆ خوا دەبات و، شەونوێژ دەکات و بەڕۆژ خەریکی پیادەکردنی ئیسلامە، و مەبەستی خوایە، لە سزاو ئازاری ئەو دنیای خوا دەترسێ و دەیەوێ ڕەحمەتی خوای بەسەردا برژێت و، لێخۆش بوونی ئەوی دەست بکەوێت. چما ئەوە چاکترە، یان ئەوەی هاوەڵ بۆ خوا بڕیار دەدات؟ هەرگیز نابێ، ئەو کەسانەی زانان و هەست بەو پرۆگرامە دەکەن، کە خوا بۆ ژیانی داناوە، لەگەڵ ئەو کەسانەی هیچ نازانن و نەفامن، چون یەك بن؟ ئەمەش ئەو کەسانە هەستی پێ دەکەن، کە بەفام و ژیرن.

بەڵێ ئەو کەسەی وامل کەچی خوایە و، شەونخونی دەکێشێت، کڕنوش دەبات و بە پێوە دەبێ، مەبەستی ڕۆژی دواییە، بەو هیوایەی ڕەحمەتی خوای بەسەردا برژێت... ئا ئەو کەسە، ئەوەیە، کە زانستی هەیە و شت دەزانێ... زانستییەکەی ئەو، ئەو زانستییەیە، کە ئەو ئایەتە باسی دەکات... ئەو زانستییەی، ڕێنمایی دەکات بەرەو لای خوا دەکات... نەك ئەو زانستییەی سروشت و فیترەی مرۆڤ پیس و، وایان لێ دەکات باوەڕیان بەخوا نەمێنێ!

زانست وەنەبی تەنها زانستی عەقیدەو فەرزە ئایینییەکان و حوکمە شەرعییەکان بێ، بەڵکو زانست دەربارەی هەموو شتێك... ئەو زانستییەی دەربارەی ئەو یاسا گەردوونییانەو چۆنێتی بەکارهێنانیان بۆ هێنانە دی جێنشینێتی خوا لەسەر زەوی، ئەو زانستییە هەموو ئەمانە دەگرێتەوە، وەك، کە عەقیدەو فەرزەکان و حوکمە شەرعییەکانیش دەگرێتەوە... بەڵام ئەوەی تریان ئەو زانستییە نییە، کە خوا لە قورئاندا باسی کردوە و ستایشی خاوەنەکانی کردووە، مادام ڕەگی باوەڕهێنانی بە خوا وشك کردوە... چونکە پەیوەستییەکی مەحکەم هەیە لە نێوان ڕێساکانی باوەڕو زانستی گەردووناسی و زیندەوەرزانی و

سروشتناسی و کیمیاو زەویناسی (جیۆلۆجی) و هەموو زانستییەکانی تر، هەموویان هەر مرۆڤ دەگەیەنن بە خوا بەو مەرجەی بە هەواو هەوەس بەکارنەهێنرێن بۆ دور لە خوایی. وەکو، کە پرۆگرامی ئەوروپاییەکان، کە -بەداخەوە- لە ڕاپەڕینی زانستیدا بەکاریان هێنا، بە تایبەتی سەرەنجامی ئەو ناکۆکی و تێکچڕژانە خراپەی لە مێژووی ئەوروپادا لە نێوان زاناکان و کڵێسەدا ڕوویدا، کە کارتێکردنەکەی کەوتە سەر هەموو پرۆگرامەکانی فیکری ئەوروپایی و شێوازو سروشتی بیرکردنەوەیان، کە ئەو خڵتە ژەهراویەیان دروست کرد، کە دوژمندارێتی نەك لەگەڵ ئەسڵی بیروباوەڕی کەنیسەو کەنیسە خۆی بکات، بەڵکو لەگەڵ هەموو بیروباوەڕێکی دینیدا بکەن، ئیتر لە هەر بوارێکدا بوایە: لە فەلسەفەی میتافیزیکیدا بوبێ، یان لە لێکۆڵینەوەی زانستییە ڕووتەکان بووبێ، کە لەڕواڵەتیدا، پەیوەندی بە بابەتی دینەوە نەبوو.[١]

کە بڕیار لەسەر ئەوە درا، کە هەموو پرۆگرامی ئەوروپا و، بەرهەمی فیکری هەموو بوارەکانی زانین، لە سەرەتاوە لەسەر بناغەی ئەو خڵتە ژەهراویانە دامەزراون، کە دوژمندارێتی هەموو بناغەیەکی بیروباوەڕی دینی دەکەن، بێگومان دوژمندارێتی ئەو پرۆگرام و بەرهەمانە زۆر توندو تیژترە بەرامبەر بیروباوەڕی ئیسلامی، ئەویش بە ئەنقەست وا دەکرێ، گەلێ جار ئەوروپا هەرخۆی -بەپێی نەخشەیەکی داڕێژرا و- بە دوی پلانێکدا دەگەڕێ، کە عەقیدەو بیروهۆشە ئیسلامییەکانی پێ بشێوێنێت و، ئینجا ئەو بناغانە هەڵتەکێنێت، کە بنەمای کۆمەڵگەی ئیسلامی لەسەر داڕێژراوە.

لەبەر ئەوە ئەگەر بێ ئاگایانە، لە لێکۆڵینەوەی ئیسلامیدا متمانە بکرێتە سەر پرۆگرامی فیکری ڕۆژئاوایی و بەرهەمی ئەوروپایی، کارێکی زۆر ناپەسەندو گەلحۆیانەیە. لەبەر ئەوەشە، کە دەبێ بە حەزەرەوە زانستییە ڕووتەکانیشی لێوە وەرگرین - ئەو زانستییانەی، چارمان نییە هەر دەبێ لەو وەختەی ئێستاماندا لە سەرچاوە ڕۆژئاواییەکانەوە وەری

---

[١] بڕوانە بەشی (الفصام النکد) لە کتێبی: المستقبل لهذا الدين.

بگرین - دەبێ حەزەر لەو سایە فەلسەفیانە بکەین، کە هەنی، چونکە ئەو یاسایانە لە بناغەوە دژی هەموو ئایدیۆلۆژیەکی ئایینین بە گشتی، ئایدیۆلۆژی ئیسلامی بە تایبەتی. هەر تۆزێکیش لەو سایەیە بەسە بۆ ژەهراوی کردنی هەموو سەرچاوە ڕوونە ئیسلامییەکانمان.

## برگەی چوارەم

### وورە بەرزی:

شایەتمان هێنان و باوەڕ بوون بە (لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللهُ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهُ) خاوەنەکەی فێری سەربەرزی و عیزەتی نەفس دەکات، بۆیە خاوەنی (مُعَالِمْ في الْطَرِيق) لە ژێر ناوی سەربەرزیدا دەڵێ: (وَلاَ تَهِنُوا وَلاَ تَحْزَنُوا وَأَنتُمُ الأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ) آل عمران/١٣٩ واتە: کز مەبن و خەفەت مەخۆن، هەر ئێوەن سەرکەوتوو، بە مەرجێ موسوڵمان بن.

یەکەم شت، کە لەم ڕێنماییە قورئانییەوە دێتە خەیاڵی مرۆڤ: کاتی جیهادی چەك و، شەڕ کردنە لە پێناوی خوادا... بەڵام ڕاستی ئەم ڕێنماییەو مەودای ماناکەی زۆر زۆر لەوە زیاترە، کە تەنها ئەو کاتە تاکەی هەبێ، ئەگەر چی ئەو کاتە تاکەش زۆری لێ جوێ دەبێتەوە.

ئەو ڕێنماییە بەرزە بریتییە لە کاتێکی هەمیشەیی، کە دەبێ هەست و سۆزو بیروباوەڕی موسوڵمان بینوێنێ و، لەبەر ڕۆشنایی ئەودا کێش و بەها بۆ هەموو ڕوداوو خووڕەوشت و مرۆڤ وشتێك دابنێ.

بریتییە لەو سەربەرزییەی، کە دەبێ لە دەروونی موسوڵماندا دابین بێ. لە هەمو کات و، بەرامبەر هەموو هەڵوێست باروزروف و هەموو کەسێك و،لە دانانی نرخی هەموو شتێکدا. سەربەرزی بەکێش و نرخی باوەڕ، بەرامبەر هەموو کێش و نرخێکی تر، کە لەسەر بناغەیەکی غەیری بناغەی باوەڕ دادەمەزرێ.

سەربەرزی بەرامبەر هەموو هێزەکانی سەرزەمین، کە لە پرۆگرامی باوەڕ لایانداوە، سەربەرزی بەرامبەر هەموو کێش و نرخی سەرزەمین، کە لە سەرچاوەی باوەڕەوە هەڵ نەهێنجراون. سەربەرزی بەرامبەر هەموو نەریتێکی سەر زەمین، کە باوەڕ نەیهێناونەتە

کایەوە، سەربەرزی بەرامبەر هەموو یاسایەکی سەرزەمین، کە باوەڕ داینەڕشتون. سەربەرزی بەرامبەر هەموو بارو زروفێك، کە باوەڕ داینەمەزراندون.

سەربەرزی... لەگەڵ بێ هێزی لەگەڵ ژمارە کەمی... لەگەڵ هەژاری و نەداری... وەکو لەگەڵ بەهێزی و ژمارە زۆری و دەوڵەمەندیدا دەبێ هەبێت.

سەربەرزییەك، کە لە بەردەم هێزە ستەمکارەکان و، نەریتە کۆمەڵایەتییە پووچەڵەکان، و یاسا ناهەموارەکان، و بارو زروفە بۆگەنەکاندا، چۆك دانەدا، ئەو بارو زروفانەی خەڵکی لایان خۆشە، بەڵام پاڵپشتێکی باوەڕی نییە لای موسوڵمانی سەربەرز بێ بایەخ بن...

خۆ ڕاگرتن و وورەبەرزی گەرمەی مەیدانی جیهادی چەك، تەنها کاتێکە لە کاتەکانی ئەو سەربەرزییەی ئەم تەوجیهە خواییە دەیگرێتەوە.

سەربەرزی بە باوەڕهێنان بە خوا، وەنەبێ تەنها ورەیەکی تاك و، حەماسەتێکی پاڵ پێوەنەر و گەرمە تەریقەیەك بێ، بەڵکو بریتییە لەو سەربەرزییەی لەسەر ڕاستییەکی نەبزۆك دادەمەزرێت، کە ئەویش بە ناخی سروشتی بوونەوەردا ڕۆچووە. ئەو ڕاستییەی بە نەمری لە پشت هێز و، بیروباوەڕی دەوروبەر و، زاراوەی کۆمەڵگە و، پێکناسینی نێوان خەڵکی، ماوەتەوە ئەو ڕاستییە نەمرە هەر دەمێنێ، چونکە بە خوایەکی زیندووەوە بەندە، کە نامرێ..

هەموو کۆمەڵگەیەك نەریتێکی گشتی و، پاڵەپەستۆیەکی توندو، کێشێکی قورس لەسەر شانی ئەو کەسەی دروست دەکات، کە سیمای ئەو کۆمەڵگەیە لەبەر خۆی دادەماڵێ... یان ئەو کەسەی دەیەوێ بەرەنگاری کۆمەڵگەکە بێتەوە، بێ ئەوەی پاڵپشتێکی ئەستوری بێ... ئەو فیکروهۆش و بیروباوەڕانەی لە کۆمەڵگەکەدا بڵاو بوونەتەوە، زەحمەتە یەکێك

بتوانێ خۆیان لە دەست قوتار بكات، مەگەر ئەو كەسە خۆی لەسەر حەقیقەتێك جێگیر كرد بێت، كە هەموو فیكرو هۆش و بیروباوەڕێكی لە بەرچاو بچوك بێت و، تەوجیهاتی لەسەرچاوەیەكی بڵندەوە بۆ بێ، كە زۆر گەورەترو بەهێزتر بێ لەو سەرچاوەیەی كۆمەڵگەكەی لێوەی وەردەگرێ.

ئەو كەسەی بەرەنگاری كۆمەڵگەیەك دەكات و، ڕوبەڕوی خوونەریت و، نرخ و كێش و، فیكر و هۆش، و بیروباوەڕ و، لادان و هەڵپەكردنەكەی ڕادەوەستێ، ئەگەر پشتی بەپاڵپشتێكی پتەوەوە نەدابێ، كە لە خەڵكی بەهێزترو، لە زەمین دابین بووتر و، لە ژیان ئازیزتر بێ، هەست بە كزی و غەریبی دەكات.

بۆیە خوای گەورە موسوڵمان بە تەنها بەجێ ناهێڵێ و، ناهێڵێت بە هەستی هەتیوانەوە پاڵەپەستۆو قورسایی كێش و كزی و خەفەتی غەریبی توش بێ... بەڵكو لە كات و شوێنی پێویستی خۆیدا، ئەو تەوجیهەی دەداتێ: (وَلاَ تَهِنُوا وَلاَ تَحْزَنُوا وَأَنتُمُ الأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ) آل عمران/ ١٣٩.

تا بەرەنگاری كزی و خەفەتەكەی پێ بكات، چونكە كزی و خەفەت، دوو هەستی ڕاستەوخۆن و لەو كاتانەدا، لە دەروونيدا دروست دەبن... ئەو كاتە موسوڵمان نەك هەر بە ئارامگرتن و ورە بەرنەدان، بەڵكو بە سەربەرزییەوە ڕوبەڕوی كزی و خەفەتەكە دەبێتەوە، سەربەرزییەك، كە لە لوتكەیەكی بڵندەوە تەماشای هێزی ستەمكارو بیروباوەڕی زۆر و، باروزروفی تێكچڕژاو و، خوونەریتی بەربڵاوو، جەماوەرێكی زۆر دەكات، كە لەسەر گومڕایی كۆبوونەتەوە.

موسوڵمان سەربەرزترین پاڵپشت و سەرچاوەی هەیە، چونكە ئەو هەموو شتێك لە خواوە وەردەگرێ و، لە هەموو شتێكدا دەگەڕێتەوە لای ئەو و، لەسەر پرۆگرامی ئەو دەڕوات، ئیتر زەمین و، خەڵكی چین؟ نرخی ئەو نەریت وخووانە چین، كە لە سەر زەمیندا بڵاوبوونەتەوە؟ ئەو نرخ وكێشە چین، كە خەڵكی بۆ مرۆڤ دادەنێ؟

موسوڵمان بەرزترین بیروباوەڕو ناسکترین هەست و فراوانترین دیدی هەیە بەرامبەر حەقیقەتی بوونەوەر... باوەڕهێنان بە خوای تاك و تەنها لەو شێوەیەیدا، کە ئیسلام هێناویێتی، تەواوترین شێوەی زانینی حەقیقەتی گەورەیە. کاتێك ئەم شێوە مەزنە بەو بیروباوەڕو عەقیدەو ڕێڕەوانە دەپێوێ، کە لە ماوەی مێژوودا لەسەر یەکتری کەڵەکە بوون... جا ئایا لە فەلسەفەی کۆن و نوێوە هاتبن، یا کۆتا قۆناغی عەقیدەی بت پەرستەکان و عەقیدەی خاوەن کتێبە ئاسمانییە دەست لێدراوەکان، هێنا بێ، یان ڕێڕەوە ماددییە پووچەکان خزاندبێتیانە ناو چەند مێشکێکەوە... کاتێك ئەو وێنە گەشەدارو جوان و گونجاو و ڕون و ڕێك و پێکەی ئیسلام بەو دروست کراوانە دەپێورێت، گەورەیی و مەزنی عەقیدەی ئیسلامی بۆ دەردەکەوێ. گومان لەوەدا نییە، کە ئەو کەسانەی ئەم زانیاریەیان هەیە سەربەرزترو سەرکەوتووترن.[١]

هەروەها موسوڵمان بەرزترین بیروباوەڕی هەیە، بەرامبەر ئەو پێوەرەی ژیان و ڕووداو، مرۆڤ و شتی تری پێ دەپێورێت... ئەو عەقیدەی لە خواناسین (بەو سیفەتانەی ئیسلام هێناویێتی)و لە ناسینی حەقیقەتی گەورەی گەردوونەوە (نەك لە بواری ناسینی ئەم زەمینە بچکۆلەیەوە) دروست دەبێ... ئەمەیە ئەو عەقیدەیەی، کە دەتوانێ بیروڕایەکی وا دەربارەی نرخ و کێش و هەڵسەنگاندن بە موسوڵمان ببەخشێ، کە زۆر زۆر بەرزترو بە دیقەت تر بێ لەو پێوەرە لاسەنگانەی لە بەردەستی مرۆڤدان، ئەو مرۆڤەی تەنها بەرپێی خۆی دەبینێ، کە لە پێوانی یەك نەوەدا، لەسەر یەك پێوەر نامێنێتەوە، بەڵکو هەر لە یەك نەتەوەدا، بگرە لە حوکمی یەك دەرووندا... خێرا خێرا پێوەر دەگۆڕێ.

---

[١] بڕوانە بەشی (تیە و رکام) لە کتێبی (خصائص التصور الاسلامي ومقوماته).

هەروەها موسوڵمان هەست و ویژدان و خووڕەوشتی زۆر زۆر بەرزن، چونکە عەقیدەکەی لە خوای خاوەن ناوی جوان و سیفەتی نمونەییەوە بۆ هاتووە، لەبەر ئەوە ئەو عەقیدەیە ئیلهامی بڵندی و پاکژی و، خاوێنی و، داوێن پاکی و، لە خواترسان و، چاکەخوازی و، جێنشینێتییەکی پارسەنگی پێ دەبەخشێ، جگە لەوەی ئەو عەقیدەیە هەمیشە پاداشتی ڕۆژی دوایی دەخاتە پێش چاوی ئەو موسوڵمانە... پاداشتی ڕۆژی دوایی..، کە هەموو ناڕەحەتییەکی دونیایی و ئێش و ئازارێك لە بەرامبەریدا ئاسان دەبێ، ویژدان و زەمیری موسوڵمانی پێ دەحەوێتەوە، تەنانەت ئەگەر لە هەموو سامان وخێری دونیایی بێ بەشانە سەر بنێتەوەو ژیانی دونیا بەجێ بهێڵێت، هەر دڵ هێمنەو سرەوتوە، چونکە چاوی لە پاداشتی لای خوا بڕیوە.

هەروەها موسوڵمان بەرزترین سیستم و شەریعەتی هەیە... کاتێك موسوڵمان بە چاوی لێکۆڵینەوەوە دەڕوانێتە هەموو ئەو یاساو ڕێسایانەی مرۆڤایەتی لە کۆن و نوێدا دیونی، کە دەیانپێوی بە سیستم و شەریعەتەکەی خۆی، دەبینێ ئەو سیستمانە لە چاو شەریعەتە پێگەیشتوو و، ڕژێمە تەواوەکەی خۆیدا، وەك گەڕەلاوژێ و گەمەی منداڵان و، پەلهاوێشتنی کوێر وایە... ئەوجا لەو لوتکە بڵندەوە، بە چاوێکی پڕ بەزەیی و سۆزەوە دەڕوانێتە ئەم مرۆڤایەتییەی گومڕاو نەگبەت و وێڵەو، وا لە دەردەسەری و کەساسیدا مۆنج دەدات... ، کە تەماشای پلەی خۆشی دەکات... وا لەو سەربەرزی و لوتکە بڵندەدایە، کە زۆر بەرزترە لەوەی گومڕایی و دەردەسەری بگاتێ.

موسوڵمانانی یەکەمیش ئاوا لەبەردەم ئەو ڕواڵەتە بۆش و هێزە فشەڵ و ئیعتیباری جاهیلییانەدا ڕادەوەستان، کە خەڵکی دەیانپەرستن.

جاهیلییەت وەنەبێ ماوەیەکی مێژوو بێت، بەڵکو بریتییە لەو کاتانەی، کە کۆمەڵگە لە ئیسلام لا دەدات... ئەمەش زۆر دووپات دەبێتەوە. چ لە ڕابوردودا بوو بێن، چ ئێستا ڕوو بدات، چ لە داهاتودا.

موغیرەی کوڕی شوعبەش ئاوا لە ئۆردوگای ڕۆستەمی فەرماندەی بە ناوبانگی فارسدا وەستا، ئاوا بەرامبەر شێوەو باروزروف و کێش و نرخ و بیروباوەڕی جاهیلی دوا...

(ئەبو عثمان النهدی دەگێڕێتەوە کە: کاتێك موغیرە چووە سەر پردەکەو پەڕییەوە، چووە ناو فارسەکان، ئەوانیش دایان نیشاند، ئینجا پرسیان بە ڕۆستەم کرد، کە ئەگەر ڕێی دەدات بێتە لای. هیچ شتێکیان نەگۆڕیبوو، هەموو وەك خۆی مابوو، چونکە بە دەسەڵات و هێزی خۆیان هەڕاڵ ببوون. هەر بە بەرگی خۆیانەوە بوون، کە موغیرەی کوڕی شوعبە چووە لایان، هەموو تاج و پۆشاکە زێڕچنەکانیان لەبەردا بوو. مافور (فەرش)ێکیان لەبەردەم بارەگاکەیاندا ڕاخستبوو، درێژی بەقەدەر ماوەی تیر هاویشتنێك (غلوە) درێژ بوو واتە: نزیکەی سێ سەد یان چوارسەد هەنگاو دەبوو، دەشبوو لەو پەڕی فەرشەکەوە قسە لەگەڵ ڕۆستەمدا بکرێت. موغیرە هاتە پێشەوە، خۆی و چوار پرچەکەی قژی، ڕۆیشت ڕۆیشت، تا گەیشتە سەر دۆشەك و سەرینەکەی ڕۆستەم و لەسەری دانیشت! ئاڵقە لەگوێکان خێرا پەلاماریانداو بە پاڵ و، تەکان هێنایانە خوارەوە. موغیرە وتی: ئێمە مەگەر بەخەو بە ئێوە بگەیشتینایە، کەچی ئێستا دەبینم ئێوە لە هەموو کەسێك، کە من بینیبێتم گەوج و بێ مێشك ترن. ئێمەی موسڵمان هەموو لەناو خۆماندا یەکسانین، کەس کەس ناچار ناکات بیپەرستێ. وام زانی ئێوەش وەك ئێمە بە تەنگ هۆزو نەتەوەی خۆتانەوە دێن. لە جیاتی ئاوا هەواڵتان بداماية، باشتر بوو بتان ووتایە، کە هەندێکتان خوای هەندێکی ترتانن. دەزانم ئەمە ئاوا بۆتان سەر ناگرێ، ئێمە ئەوە ناکەین. ئێستاش ئێوە منتان بانگ کردووە نەك من لە خۆمەوە هاتبم. ئەمڕۆش دڵنیا بووم، کە ئەم تەخت و تاراجەتان لە نەماندایە و ئێوە دەیدۆڕێنن و ئێمە بەسەرتاندا زاڵ دەبین، چونکە دەسەڵاتداری لەسەر ئەم خووڕەوشت و لەسەر ئەم ژیری و مێشکانە دانامەزرێت.

ڕوبعی کوڕی عامریش هەر بەو شێوەیە بوو، کە لەگەڵ هەمان ڕۆستەم ودەس و دایەرەیدا ڕەفتاری کرد (پێش دەست پێکردنی شەڕ، سعدی کوڕی ئەبی وەققاس، ڕوبعی کوڕی عامری نارد بۆ لای ڕۆستەم، کە فەرماندەو سەرۆکی سوپای فارسەکان بوو ڕوبعی چوو.

وا بارەگایان بە سەرین و دۆشەکی ئاوریشمین ڕازاندۆتەوە... یاقوت و مرواری بە نرخ لەبەر ڕۆستەمدا دەدرەوشێتەوەو، تاجێکی لەسەر ناوە... ئیتر هەرچییەکی تری بەنرخ و جوان هەیە پۆشیوێتی، وا لەسەر دۆشەکێکی زێرینیش دانیشتووە، ڕوبعیش هەروا بەو جلە شڕو وڕانەی خۆیەوە، بە سواری ئەسپەکەیەوە خۆی کرد بە ژوردا، هەتا نالی ئەسپەکەی لایەکی مافورەکەی شێلا. ئینجا دابەزی و ئەسپەکەی بە سەرینێکەوە بەستەوەو هاتە پێشەوە، چەکەکەشی هەر بەدەستەوە بوو و، کڵاوە جەنگییەکەشی لەسەردا بوو، پێیان ووت: چەکەکەت دانێ ووتی: من خۆم لە خۆمەوە نەهاتوم، بەڵکو ئێوە بە دووتاندا ناردوم، ئەگەر ڕازی دەبن هەروا بەم شێوەم دەمێنمەوە، ئەگینا دەگەڕێمەوە. ڕۆستەم ووتی: لێی گەڕێن با هەر بەو شێوەیەی بێت، ئەوجا ڕوبعی، کە خۆیدا بوو بەسەر ڕمەکەیداو نوکەکەی لە دۆشەکەکە چەقاند بوو... پاشان ڕۆستەم ووتی: چی وای لە ئێوە کرد ئاوا بەو شێوەیە بەرەو وولاتی ئێمە بێن؟ ڕوبعی ووتی: خوا ئێمەی هەڵبژاردووە، تا ئەو کەسانەی -خوا حەز دەکات- لە مرۆڤ پەرستییەوە ڕزگاریان بکەین وبیانخەینە سەر ڕێی پەرستنی خوای تاك ووتەنها، لە تەسك وتاری دونیاوە دەریان بهێنین و بیانخەینە ناو بەرفراوانی دنیاو ڕۆژی دواییەوە، هەروەها تا لە ستەم و زۆرداری دیینەکانەوە بیانخەینە نێو دادپەروەری ئیسلامەوە).

باروزروف دێ و دەگۆڕێ، هەڵوێستی موسوڵمان دەبێتە هەڵوێستی یەکێکی بەزیووی بێ چەك و هێزی ماددی. بەڵام مادام موسوڵمانە، هەست و سۆزی بەردەوام تێی دەگەیێنێ، کە هەر ئەو سەر بەرز و سەربڵندە. بۆیە بە چاوی زاڵ و نەبەزەوە، لە لوتکەی بەرزی و مەزنییەوە تەماشای بەرامبەری دەکات، چونکە دڵنیایە لەوەی ئەم بەزینەش

ماوەیەکەو بەسەر دەچێ و باوەڕیش، کە نۆرەی خۆی هەیە، هەر دەبێ بێت... موسوڵمان هەرگیز سەرشۆڕ ناکات، چونکە خەڵکی هەموو دەمرن، بەڵام ئەم شەهید دەبێ. ئەم، کە ئەم سەر زەمینە جێ دێڵێت، بەرەو بەهەشت دەڕوا. بەڵام ئەوان -زۆربەیان- بەرەو دۆزەخ مل دەنێن... جیاوازی نێوان ئەم دوو هەڵوێستەش زۆر زۆرە... موسوڵمان گوێ لە بانگەوازەکەی خوای پەروەردگار دەگرێ، کە دەفەرموێ: (لاَ يَغُرَّنَّكَ تَقَلُّبُ الَّذِينَ كَفَرُواْ فِي الْبِلادِ * مَتَاعٌ قَلِيلٌ ثُمَّ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمِهَادُ * لَكِنِ الَّذِينَ اتَّقَوْا رَبَّهُمْ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا نُزُلاً مِّنْ عِندِ اللَّهِ وَمَا عِندَ اللَّهِ خَيْرٌ لِّلأَبْرَارِ)عمران/١٩٦-١٩٨واتە: هەوڵدانی سەربەخۆی ئەو کەسانەی باوەڕیان بە خوا نییە، کە بۆ بازرگانی و پارە پەیداکردن دەیدەن، هەراڵت نەکات. ئەوە شتێکی کەم و کاتییە. پەناگەی ئەو کەسانە، سەرەنجام دۆزەخەو خراپترین جێیان دەبێ. بەڵام ئەوانەی لە خوای خۆیان دەترسێن، خوا بەهەشتێکی بۆ ئامادە کردوون، کە ڕوباری بەژێردا دەڕوات و، بە نەمری تێیدا دەمێننەوە. ئەمەش سەرەتای بەخێرهاتن کردنیانە، کە لەلایەن خواوە بۆیان ئامادە دەکرێ خێرو چاکەی پیاوچاکانیش لەوەدایە، کە لەلای خوایە.

عەقیدەو بیروباوەڕو خووڕەوشت و باروو زروفی نا لەباری وا باڵ دەکێشێ بەسەر کۆمەڵگەدا، کە هەمووی جیاوازیان هەیە لەگەڵ عەقیدەو بیروباوەڕو خووڕەوشت و هەڵس و کەوتی موسوڵمان. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو هەستەی لێ جیا نابێتەوە، کە هەر ئەم سەربەرزو سەرکەوتووە و، هەموو ئەوانە لە پلەیەکی نزمدان... بۆیە لە لوتکەی ڕێزو شانازییەوە تەماشای ئەوانە دەکات. هەروەها لە لوتکەی ڕەحمەت و بەزەییەوە دەیانڕوانێ و حەز بەڕێنماییان دەکات بەرەو ئەو خێرخوازییەی ئەمی تێدایە و، ئەم گەیشتۆتی و، حەز دەکات بەرزیان بکاتەوە بۆ ئەو ئاسۆ ڕوناکەی ئەمی تێدا دەژی.

بەدکاری و ناهەقی، کە لە کۆمەڵگەدا تەشەنە دەکات و ئەهلی باتڵ، کە باڵ بەسەر کۆمەڵگەدا دەکێشن، دەنگ بەرزدەکەنەوە و پەڕی کلك و باڵیان گیڤ دەکەنەوە، خەرمانەی مەزنی و پیرۆزی بە دەوریاندا دەکێشرێت، کە دوکەڵی دووڕویی ڕۆشنایی چاوو بینایی دەگرێ و، ناهێڵێت ڕووی ڕەش و کردەوەی بەدو خراپەکارییەکانیان ببینرێن لەوکاتانەدا موسوڵمان لە لوتکەی بڵندی و مەزنی باوەڕو پلەی خۆیەوە، دەڕوانێتە ئەو بەدکارییە فشەڵە، سەیری ئەو جەماوەرە هەڵخەڵەتاوەی دەوروپشتی دەکات... بەڵام کز نابێ و، خەفەت ناخوا و، سوور بوونی لەسەر ئەو ڕاستپەروەرییەی لەسەری پەروەردە بووە، کەم نابێتەوە و، باوەڕو ئیلتزامی بە پرۆگرامەکەی، کە شوێنی کەوتووە، لەق نابێ و ناجمێ. حەزو ئارەزووشی کز نابێ لەوەی، کە هەر بە هیوایە ئەو گومڕاو فریودراوانە ڕێنمایی بکات و بەرەو مێرگوزاری باوەڕ بیانهێنێت.

کۆمەڵگە لە هەواوهەوەسی داخزێنەری خۆیدا نقوم دەبێ، بە لیتەو قوڕاوی زۆنکاوەکەیدا ڕۆدەچێت، کەچی وادەزانی خۆی لە کۆت و زنجیر قوتار کردووە و ئازادەو ڕادەبوێری! پەیدا کردنی پارەو نانی حەڵاڵ دەکەوێتە کۆڵی شێرەوە و، ڕابواردنی بێ تاوان دەبێ لەچاوی ماردا دەربهێنرێت... زۆلکاو و زۆنگاوی کۆمەڵگە بە جۆرێك شێلو دەبێ، لە قەوزەو قوڕو لیتاو زیاتر، ڕونی تێدا بەدی ناکرێت... بەڵام موسوڵمان لە لوتکەی بەرزو بڵندی خۆیەوە دەڕوانێتە ئەوانەی وا لە لیتاوی بنی زەلکاودا نقوم دەبن و تەماشای خۆی دەکات، وا بە تەنها ماوەتەوە، بەڵام کزنابێ و خەفەت ناخوا و، نایەت بە خەیاڵیدا جلە پاکژو خاوێنەکانی خۆی داکەنێ، وەك وان خۆ لە قوڕا و لیتاو باوێ... بە تایبەتی، کە دڵنیاشە لەوەی، هەر ئەم سەربەرز و بڵندە، چونکە لە قوڵایی ناخیدا لەزەت وتامی باوەڕ دەچێژێ و لە دڵدا هێمنەو ڕادەبوێرێ.

بەڵێ ئاوا موسوڵمان، کە باوەشی بە دینەکەیدا کردووە، وەك ئەوە وایە باوەشی بە کورە پشکۆی ئاگردا کردبێ... لە کۆمەڵگەیەکدا، کە دوورە لە دین، لە چاکە، لە خووڕەوشتی پاك و بەرز، لە بایەخدانی بەڕێز، لە هەرچی شتێك، کە جوان و پاکژو خاوێنە... لە

کاتێکدا، کە زۆربەی کۆمەڵگەکەش گاڵتە بە هەڵوێستی ئەم دەکەن، توانج دەگرنە بیروباوەڕی بە هەڵس کەوت و خووڕەوشتە پاکەکەی پێدەکەنن! بەڵام موسوڵمان کز نابێ، کە ئەو لەو لوتکە بەرزو بڵندەوە دەڕوانێتە ئەوانەی وا گاڵتە بەم دەکەن و تیرو توانجی تێ دەگرن و، پێی پێدەکەنن. هەڵوێستی ئەمیش وەکو یەکێك لە کاروانچیانی کاروانی باوەڕ وایە، کە لە پێش ئەمدا بە ڕێگای دوری ڕوناکی ژیاندا ڕۆیشتوون... هەڵوێستی حەزرەتی نوح سەلامی خوای لێ بێت: (إِن تَسْخَرُواْ مِنَّا فَإِنَّا نَسْخَرُ مِنكُمْ كَمَا تَسْخَرُونَ) هود/٣٨ واتە: ئەگەر ئێوە گاڵتە بەئێمە دەکەن، لە ڕاستیدا ئێمە گاڵتە بە ئێوە دەکەین، ئێستاش وەکو ئێوە گاڵتەمان پێ دەکەن، گاڵتەتان پێ دەکەینەوە، چونکە موسوڵمان مەنزڵی کۆتایی کاروانی باوەڕ و، مەنزڵی کۆتایی کاروانی بەد بەختی کافرانی چاولێیە، هەر یەکیان لەو ئایەتەدا دەبینێ کەخوا دەفەرموێ:

- (إِنَّ الَّذِينَ أَجْرَمُوا كَانُواْ مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا يَضْحَكُونَ * وَإِذَا مَرُّواْ بِهِمْ يَتَغَامَزُونَ * وَإِذَا انقَلَبُواْ إِلَى أَهْلِهِمُ انقَلَبُواْ فَكِهِينَ * وَإِذَا رَأَوْهُمْ قَالُوا إِنَّ هَؤُلاء لَضَالُّونَ * وَمَا أُرْسِلُوا عَلَيْهِمْ حَافِظِينَ * فَالْيَوْمَ الَّذِينَ آمَنُواْ مِنَ الْكُفَّارِ يَضْحَكُونَ * عَلَى الأَرَائِكِ يَنظُرُونَ * هَلْ ثُوِّبَ الْكُفَّارُ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ)الطففين/٢٩-٣٦ واتە: تاوانباران بەوانە پێ دەکەنین، کە باوەڕیان هێناوە. کاتی پێیان دەگەیشتن چاویان لە یەکتری دادەگرت - وەکو نهێنییەکی ناوخۆیان بێ، وتا موسوڵمانەکان تەریق ببنەوەو شەرمیان بەخۆبێ-، کە دەشگەڕانەوە ناو کۆمەڵەی خۆیان زۆر بەوە کەیف دڵخۆش دەبوون، کە گاڵتەیان بە موسوڵمانان کردووە. ئەگەر موسوڵمانەکانیان ببینیایە، دەیانووت: ئا ئەمانەن گومڕاو سەرلێ شێواو -وەنەبێ ئەمانەش بە چاودێر دانرا بن بەسەر موسوڵمانەوە - ئینجا خوا دەفەرموێ: ئەمڕۆ - لە ڕۆژی دواییدا - موسوڵمانەکانیش، ئەوانەی باوەڕیان بە خوا هێنا بوو بە کافرەکان پێ

دەکەنن، خۆشیان وان لەسەر جێی حەسانەوەی خۆیانەوە دەڕواننە ڕووی خوا. ئینجا خوا دەپرسێ: ئایا کافرەکان پاداشتی ئەوەیان وەرگرت، کە دەیانکرد؟!

هەر لە کۆنەوە خوا لە قورئانی پیرۆزدا، قسەی کافرەکانی بۆ ئێمە گێڕاوەتەوە، کە بە موسوڵمانەکانیان دەووت:

- (وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ قَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلَّذِينَ آمَنُوا أَيُّ الْفَرِيقَيْنِ خَيْرٌ مَّقَامًا وَأَحْسَنُ نَدِيًّا)مريم/٧٣ واتە: ئەگەر ئایەتەکانی ئێمەیان لا بخوێنرایەتەوە، کافرەکان بەو کەسانەیان دەووت، کە باوەڕیان هێنا بوو: کۆمەڵی چ لایەکمان پلەوپایەی بەرزترە؟ کۆڕو یانەی کاممان چاکترە؟

چ لایەك؟ کۆڕی کام لایان چاکترە؟ بە هەواو فیزو لە خۆبایی بووەکان، کە باوەڕیان بە موحەممەد نەهێناوە؟ یان هەژارەکانی دەوروپشتی؟ کۆڕی کامیان؟ نەزری کوڕی حارب و عەمرۆی کوڕی هیشام و وەلیدی کوڕی موغیرەو ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب؟ یان بیلال و عەممارو سوهەیب وخەبباب؟!

(بۆچی ئەگەر ئەو بانگەوازەی موحەممەد بڵاوی دەکردەوە، ئەگەر باش بوایە، شوێن کەوتوەکانی ئەوانە دەبوون؟ ئەوانەی، کە نە دەسەڵاتیان لە نێو قورەیشدا هەیە، و دژواریش دروست دەکەن بۆی؟ کە لە خانویەکی نزمی لا داخوراوی وەکو خانووەکەی (ئەرقەم)دا کۆ دەبوونەوە، بەرهەڵستی کەرانیشی ئەوانەی کۆشکی ڕازاوەی(دار الندوة) بوون، کە خاوەنی پلەو پایەو دەسەڵات و سامان بوون؟!).

ئەمە هەڵسەنگاندنی سەر زەمینە... هەڵسەنگاندنی ئەو کەسانەیە، کە ئاسۆ بڵندەکان نابینن، ئەوانەش لە هەمووکات و شوێنێکدا هەن... ئەمەش حیکمەتێکی خوایە، کە عەقیدەکەی دوورە لە هەموو ڕواڵەتێکی ڕازاوەی سواغ دراوی درۆو دەلەسەی هەراڵ کەر... حیکمەتی خوای گەورەیە، کە ئەو عەقیدەیە هیچ پلەوپایەو سامان و ناوێکی پێوە نیە، خەڵکی بۆ خۆی پێ ڕابکێشێت... نە خزمایەتی حاکم و کاربەدەستانی نە هیوای

دەسەڵاتداری، نە ختوکەدان و بزواندنی هەواو هەوەس... بەڵکو لە جێی ئەوانە هەوڵ و تێکۆشان و نارەحەتی و جیهادو شەهید بوونە!!تا ئەو کەسەی، کە دەیەوێ بێتە ڕێزەوە، هەر لە سەرەتاوە دڵنیا بێت، کە لەبەر ڕەزامەندی خوا دێت و بەس... مەبەستی هیواو پاداشتی خەڵکی نییە، چاوەڕوانی ئەوە نییە دەستی لە (شتێك)گیر بێت! ئەو کەسەی مەبەستی تەماع و سوودو بەرژەوەندییە، با خۆی هەر لێی دورە پەرێز بگرێت، هەر کەسێ هیوای خۆڕازاندنەوەو ڕواڵەتی سواغ دراوی درۆزنە، با هەر دور کەوێتەوە. هەر کەسێ ئامانجی سامان و ڕابواردنە، با قەرەی نەکەوێ و خۆی نەکات بە خاوەنی! ئیعتیباراتی خەڵکی چ کێش و نرخێکیان دەبێ، ئەگەر لە تەرازوی خواییدا سوك بوون.

موسوڵمان عەقیدەو بیروباوەڕو بەهای لە خەڵکییەوە وەرنەگرتووە، تا هەوڵ بدات ڕێزی خەڵکی دەست بکەوێ، بەڵکو لە خوای خەڵکییەوە وەری گرتووە، کە ئەمەشی بەسە موسوڵمان ئەمانەی لە ئارەزوو هەواو هەوەسی خەڵکییەوە، وەرنەگرتووە، تا لەگەڵ ئارەزوو هەواو هەوەسی ئەواندا، بەرزو نزم و لارو وێر بێت، موسوڵمان ئەمانەی لەم جیهانە دیاری کراوەوە وەرنەگرتووە، ئیتر چۆن ئەو موسوڵمانە لە دەروونیدا هەست بە کزی دەکات، یان لە دڵی خۆیدا خەفەت دەخوا، کە ئەو پەیوەندە بە خوای خەڵك و تەرازووی ڕاستپەروەری و سەرچاوەکانی بوون هەڵدەسەنگێنێ و، نرخی دەداتێ، ئیتر پێوەرو بەهاو مەدح و سەنای خەڵکی چییە؟!

موسوڵمان لەسەر حەقە... لە حەقیش بترازێ گومڕاییە... با ئەو گومڕاییەش دەسەڵاتی هەبێ، باڕازاوەو ڕواڵەتی بریسکەداریشی هەبێت، با کۆمەڵەو جەماوەریشی هەبێ... ئەمانە هیچیان هیچ لە حەق ناگۆڕن... مادام ئەم موسوڵمانەو لەسەر حەقە، ئیتر هەرچی لە حەق بترازێت گومڕایی و سەرگەردانییە.

موسوڵمانیش -کە باوەڕی بە خوا هەیە- ناکرێ گومڕایی و سەرگەردانی هەڵبژێری و حەق بخاتە لاوە. نابێ هیچ کاتێك حەق بە گومڕایی بگۆڕێتەوە، هەرچەند گومڕایی ڕواڵەتی جۆراوجۆری هەبێ و ئاڵاواڵا بنوێنێ و، ئەمیش بارۆزروفی نا هەمواری یەك بە دووی یەكدا بێن! (رَبَّنَا لاَ تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا وَهَبْ لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً إِنَّكَ أَنتَ الْوَهَّابُ * رَبَّنَا إِنَّكَ جَامِعُ النَّاسِ لِيَوْمٍ لاَّ رَيْبَ فِيهِ إِنَّ اللّهَ لاَ يُخْلِفُ الْمِيعَادَ) آل عمران/٨-٩ واتە: خوایە دوای ئەوەی ڕێنماییت كردین دڵمان لەسەر ڕێبازی ڕاستیی سارد مەكەرەوە، ڕەحمەت و بەزەیی خۆتمان پێ ببەخشە، چونكە بە ڕاستی تۆ بەخشندەییت، خوایە تۆ هەموو خەڵكی لە ڕۆژێكدا كۆ دەكەیتەوە، كە گومان لە هاتن و حەقیقەتیدا نییە، خوای گەورە بەڵێن ناشكێنێت.

بەم شێوەیە ئەوەی ویستمان بیخەینە پێش چاو لە مامۆستا سەییدی ڕەحمەتییەوە، وەرمان گرت. ئەگەرچی زۆریش بوو، بەڵام قەیدی نییە، چونكە پێویست بوو، چونكە بزوتنەوەكانی ئەم سەردەمەی ئێستامان زیاتر پێویستیان بە زانینی ناوەرۆكی شایەتمان هەیە.

زاناكانمان - وەك چۆن زۆر كتێبیان دەربارەی باوەڕو لقەكانی باوەڕ نوسیوە، كە هەموویان هەر دەربارەی شوێنەوارو ئاسەواری شایەتمانن- هەر بەو شێوەیەش زۆریان كتێب لەسەر بەرهەم و كارتێكردنی شایەتمان نوسیوە. بگرە هەرچییان دەربارەی خوا بەیەكناسی و شەرع و سۆفیگەری نوسیوە لە ڕاستیدا هەر بریتی بووە لەلێكدانەوەو ڕاڤەكردنی ووشەكانی شایەتمان و، كاریگەریان لەسەر دڵ و دەروون و پارسەنگ پەروەردەكردنی موسوڵمان. مرۆڤیش تا بە تەواوی شارەزای هەموو دەقەكانی قورئان و حەدیس نەبێت و بە تەواوی لێیان حاڵی نەبێت و نەزانێت ئەم ئەحكامانە چۆن لەو دەقانەوە وەرگیراون، نازانێت شوێنەوارو كارتێكردنی ناوەرۆكی شایەتمانەكە چییەو چەندە؟!ئەوەندەی هێناشمانەوە لەسەر ئەم باسە، بەسە بۆ هەر كەسێك سەرنجی دا بێت، كە هەر خاڵێكمان لە لایەنێكی كاریگەری شایەتمانەكەوە وەرگرتووە..

## باسی سێیەم

# چی پێچەوانەی شایەتمانە

زۆر کەس لەوەدا بە هەڵەدا دەچن، کە گوایە هەر کەس شایەتمانی هێنا، یان ناوو نازناوو لەقەبێکی ئیسلامی لە خۆی نا، ئیتر بە هیچ شێوەیەك لە ئیسلام ناچێتە دەرەوە!! بەڵام هەڵەنگوتن و سەرسم دانە!!چونکە زۆر شت هەیە، ئەگەر موسوڵمانێك بیان کات، یان بیانڵێ، پێی لە ئیسلام دەچێتە دەرەوە، بەو دەربڕینەی، کە پێچەوانەی شایەتمان ڕەفتاری نواندوە... بۆیە شارەزا بوون لەم باسە زۆر پێویستە، زۆر جار و زۆر موسوڵمان هەن، یان بە نەزانی، یان بە گێلێتی ئاسان دەکەونە ناو کوفرەوەو هەر واش نازانن، کە گوناحێکیان کرد بێت!!یان موسوڵمانی وا هەیە کابرایەکی مورتەدد دەکاتە سەرپەرشتیاری خۆی و واش نازانێت، کە پێچەوانەی شایەتمانەکەی جوڵاوەتەوە، یان وا دەزانێ کافر بوونی ئەو، زیان بە ئایین و دینداری ئەم ناگەیێنێت! ئەمەش وا نییە... لەبەر ئەوە وا هەندێك لەو هەڵوێستانە دێنینەوە، کە پێچەوانەی شایەتمانن، گەرچی ناتوانین - بێگومان- لێرەدا هەموو هەڵوێستێك و هەم بە بەڵگەوە باس بکەین، ئەوە کتێبی تایبەتی

خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی، كە بە پێویستی دەزانین و وا هەست دەكەین زۆر موسوڵمان لێیان بێ ئاگا بوون، ئەوانە باس دەكەین:

**١- پشت بە غەیری خوا بەستن:** واتە ئیعتیماد كردنە سەر غەیری خوای پەروەردگار، چونكە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَعَلَى اللّهِ فَتَوَكَّلُواْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ) المائدة/٢٣ واتە: پشت بە خوا ببەستن، ئەگەر ڕاست دەكەن و موسوڵمانن... لەمەوە ئەوە ڕون دەبێتەوە، كە مادام موسوڵمانین بۆمان نییە پشت بە غەیری خوا ببەستین. یان: (وَيَوْمَ حُنَيْنٍ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْئًا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ الأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ)التوبة/٢٥ واتە: ڕۆژی حونەین، كە زۆری ژمارەی خۆتان سەرسام و هەڕاڵی كردن[١] كەچی هیچ سوودێكی نەبوو بۆتان! ئەو سەر زەمینە پان و پۆڕەتان لێ هاتەوە یەك و سەری دنیاتان لێ هاتەوە یەك!.

ئەمە لە ناوەڕۆكی (لَا إِلٰهَ إِلَّا اللّٰه)دا دەردەكەوێت، چونكە وەكو دیمان ئاسودەیی و هێمنی لە كەناری پشت بە خوا بەستن و یاد كردنی ئەودا دەست دەكەوێت...

پشت بە خوا بەستن، مانای پشتێن كردنەوەو واز لە كار كردن نییە بەو بەهانەی پشت بە خوا بەستراوە!! نا، چونكە خوای گەورە دوو فەرمانی بە ئێمەی موسوڵمان كردوە: فەرمانی پێداوین، كە كار بكەین، فەرمانیشی پێداوین، كە پشت بە كارەكەی خۆمان نەبەستین... فەرمانی پێداوین كاسبی بكەین، فەرمانیشی پێداوین، كە باوەڕمان بە وە هەبێت، كە تەنها خوا ڕزق و ڕۆزیدەرە... فەرمانی پێداوین، كە ئامێرو تفاقی شەڕ ئامادە كەین، بەڵام فەرمانیشی پێداوین، كە یەقینمان هەبێت، كە سەركەوتن هەر لە لایەن خواوەیەو ئەو دەیبەخشێت... فەرمانی پێداوین، دەرمان بۆ چارەسەری نەخۆشیەكانمان

---

[١] ژمارەیان دوازدە هەزار كەس بوو بۆیە پێیان دەفەرموێ: موعجیب بوون بە زۆری ژمارەی جەنگاوەرەكانتان. (و)

بەکار بهێنین، فەرمانیشی پێداوین، کە بیرو ئیعتیقادمان وا نەبێت، کە دەرمانەکە بۆ خۆی چاکمان دەکاتەوە! فەرمانی پێداوین، کە هەموو هۆیەك بۆ سەرکەوتنی کارەکانمان بگرینە بەر، فەرمانیشی پێداوین، کە ئیعتماد بکەینە سەر خوای گەورە لە وەدەست هێنانی سەرکەوتندا... جا هەر کەسێك هەموو هۆکاری ئەنجامدانی کارێکی ئامادە کرد، بەڵام لە کارەکەیدا پشتی بە خوا نەبەست، ئەوە یەکێك لە فەرمانەکانی شکاندوە. هەر کەسێکیش پشتی بە خوا بەست بێئەوەی هۆکارەکانی ئەنجامدان و سەرکەوتنی کارەکەی ئامادە بکات، ئەوە ئەویش فەرمانێکی بەجێ نەهێناوەو، کە فەرمانی دووەمە..

جیاوازی نێوان کافر و موسوڵمان لێرەدا دەردەکەوێت، کافر هەموو تواناو ڕەنجێکی دەخاتە گەڕ، موسوڵمانیش وەکو ئەو هەموو تواناو ڕەنجێکی دەخاتە گەڕ، بەڵام کافرەکە ئیعتیماد دەکاتە سەر ڕەنجەکەی خۆی، موسوڵمانەکەش ئیعتیماد دەکاتە سەر خوای خاوەنی.

کەوابوو پشت بەستن بە هۆو لە خوا غافڵ بوون گوناحە، باوەڕ بوون بەوەی، کە هۆکار بەسە بۆ سەرکەوتن، ئەمە پەیوەندی بە پشت بە خوا بەستنەوە نییە: شیرکە... پێچەوانەی شایەتمانەکەیە، چونکە بە درۆ خستنەوەی دەیان ئایەتی قورئانە، کە لە هەموویاندا زانست و تواناو ویستی خوا دەردەکەوێت، وەك: (وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَكِنَّ اللّهَ رَمَى)الأنفال/١٧ واتە: تیرەکە تۆ نەتدەهاویشت، کە دەتهاوێشت، خوا بوو دەیهاویشت. (وَمَا النَّصْرُ إِلاَّ مِنْ عِندِ اللّهِ)الأنفال/١٠ واتە: سەرکەوتن تەنها لە لایەن خواوەیە. (إِنَّ اللَّهَ هُوَ الرَّزَّاقُ ذُو الْقُوَّةِ الْمَتِينُ)الذاريات/٥٨ واتە: تەنها خوا ڕۆزی دەرەو هەر ئەویش خاوەن هێزی کاریگەرە. (وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ)الشعراء/٨٠ واتە: کە نەخۆشیش کەوتم ئەو چاکم دەکاتەوە. (أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاء مَاء)الحج/٦٣ واتە: نابینیت خوا لە ئاسمانەوە ئاوی ناردۆتە خوارەوە؟!.

کەوابوو دەبێت باوەڕمان بەو هۆکارانە هەبێت، کە خوا لەم گەردوونەدا دایناون، دەبێت باوەڕمان بەوە هەبێت، کە تەنها خوای گەورە کردگارو بکەری هەموو شتێکە: (اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ)الزمر/٦٢ واتە: خوا کردگاری هەمو شتێکە. ئەو کەسەی ئینکاری هۆکان بکات و نرخیان نەداتێ، کوفری کردوە، ئەوی هەموو نرخ و بەهایەك بە هۆکارەکان دەدات و بەس، ئەوە هاوەڵی بۆ خوا پەیدا کردوە...

**٢- دان بەوەدا نەنان، کە هەرچی نازو نیعمەتێك هەیە، ئەوی دیارەو ئەوی پەنهانە، زۆرە یان کەم، هەست پێکراوە یان هەست پێنەکراو، هەموی هەرلە خواوەن،** ئەگەر فەزڵی خوا نەبێت ئەمانەش نابن... لە لێکۆڵینەوەی (لَا إِلٰهَ إِلَّا اللهُ)کەدا ئەوەمان تێبینی کرد، کە تەنها خوای پەروەردگار نیعمەت بەخشە.. ئەم مانایە بەوە زیاتر دەچەسپێت، کە دان بنێین بەوەدا، کە هەرچی توشمان دێت لە خواوەیە، تەنها ئەو پێمان دەبەخشێت و ئەویش وەریدەگرێتەوە، مافی خۆشیەتی لە بەخشین و وەرگرتنەوەیدا، ئەو ئێمەی پێ تاقی دەکاتەوە: (وَإِن تَعُدُّواْ نِعْمَتَ اللهِ لاَ تُحْصُوهَا إِنَّ الإِنسَانَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ)ابراهيم/٣٤ واتە: ئەگەر نیعمەتەکانی خوا بژمێرن، بۆتان لە ژمارە نایەن، بەڵام مرۆڤ خۆی زۆر ستەم پیشەو کوفرانە بژێرە! (أَلَمْ تَرَوْا أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَأَسْبَغَ عَلَيْكُمْ نِعَمَهُ ظَاهِرَةً وَبَاطِنَةً وَمِنَ النَّاسِ مَن يُجَادِلُ فِي اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَلَا هُدًى وَلَا كِتَابٍ مُّنِيرٍ)لقمان/٢٠ واتە: ئایا نابینن خوا هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە بۆ ئێوەی ژێر دەست کردوە، نیعمەتی دیارو نادیاری خۆی بەسەرتاندا ڕشتوە، کەسانی وا هەن، کە بێ ئەوەی دەربارەی خوای گەورە هیچ زانیاریەکیان هەبێت، کەوتونەتە موجادەلەو دەمەوەری!!

* (إِنَّ قَارُونَ كَانَ مِن قَوْمِ مُوسَى فَبَغَى عَلَيْهِمْ وَآتَيْنَاهُ مِنَ الْكُنُوزِ مَا إِنَّ مَفَاتِحَهُ لَتَنُوءُ بِالْعُصْبَةِ أُولِي الْقُوَّةِ إِذْ قَالَ لَهُ قَوْمُهُ لَا تَفْرَحْ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْفَرِحِينَ * وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا وَأَحْسِن كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ وَلَا تَبْغِ الْفَسَادَ

فِي الْأَرْضِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ * قَالَ إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَى عِلْمٍ عِندِي أَوَلَمْ يَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ قَدْ أَهْلَكَ مِن قَبْلِهِ مِنَ الْقُرُونِ مَنْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُ قُوَّةً وَأَكْثَرُ جَمْعًا وَلَا يُسْأَلُ عَن ذُنُوبِهِمُ الْمُجْرِمُونَ)٧٦-٧٨ واته: قاروون له قەومی موسا بوو، دەستدرێژی کردە سەر قەومەکەی خۆی، ئەوەندەمان ماڵ و سامان دابویە، کە کلیلی گەنجینەو قاسەکانی، کۆمەڵێکی زۆر بەخۆو بازو ئەستوور، بە زەحمەت بۆیان هەڵ نەدەگیرا!، پیاو ماقوڵانی قەومەکەی پێیان دەووت: دڵ بە ماڵ و سامانت خۆش مەکە، پێی هەڕاڵ(مەغرور) مەبە خوا ئەو کەسانەی خۆش ناوێت، کە بە ماڵ و سامانی دنیاوە خۆ با دەدەن و مەغرور دەبن پێی، با مەبەستت لە بەکار هێنانی ئەوەی، کە خوا پێی داویت ڕۆژی قیامەت بێت، دنیاشت ئەوەندە لە هۆشدا بێت، کە لە بیرت نەچێتەوە!چاکەش بکە هەر وەکو، کە خوای گەورە چاکەی لەگەڵدا کردویت. خوا خراپەکاری خۆش ناوێت. ئەویش ووتی: ئەوەی دەستم کەوتووە ئازایەتی خۆمە، لە زانیاری و کارامەیی خۆمەوەیە! بۆچی نازانێت، کە خوای گەورە لە نەتەوەو قەومەکانی پێشوو کەسانی وای بە فەتارەت دا، کە زۆر لەم بەهێزترو خاوەن دەسەڵاتتر بوون! خاوەن شوێن کەوتوی زۆرتریش بوون، ئێستا لە تاوانباران ناپرسرێتەوە چیان کرد (هەڵ دەگیرێت بۆ قیامەتیان)..

* هەروەها دەفەرموێ: (وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ)التغابن/١١ واتە: هەر کەس باوەڕ بهێنێت، ڕێنمایی دڵی دەکرێت..

* (فَإِذَا رَكِبُوا فِي الْفُلْكِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ) العنكبوت/٦٥ واتە: کە سواری پاپۆڕو کەشتی دەریا دەبن، زۆر خواویستانەو لە ناخەوە لە خوا دەپاڕێنەوە و ڕوی تێدەکەن، کەچی، کە ڕزگاریشیان دەکات و بە سەلامەتی دەیانگەیێنێتە کەناری ئەمان، دیسان هاوەڵ بۆ خوا بڕیار دەدەن!!

* (فَإِذَا مَسَّ الْإِنسَانَ ضُرٌّ دَعَانَا ثُمَّ إِذَا خَوَّلْنَاهُ نِعْمَةً مِّنَّا قَالَ إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَى عِلْمٍ بَلْ هِيَ فِتْنَةٌ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ * قَدْ قَالَهَا الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَمَا أَغْنَى عَنْهُم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ * فَأَصَابَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا كَسَبُوا وَالَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْ هَؤُلَاء سَيُصِيبُهُمْ سَيِّئَاتُ مَا كَسَبُوا وَمَا هُم بِمُعْجِزِينَ * أَوَلَمْ يَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاء وَيَقْدِرُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ)الزمر٤٩-٥٢ واتە: مرۆڤ هەر، کە زیانێکی پێ دەگات هاناو هاوار بۆ ئێمە دێنێت! کەچی هەر بەوەندەی نیعمەتێکمان پێبەخشی، دەڵێ: من بە هۆی زانیاری خۆمەوە ئەمەم دەست کەوتووە! نازانێت ئەوە ماددەی تاقی کردنەوەیەتی و خراوەتە بەردەستی، ئیتر هەر وایە زۆربەیان پەی بەوە نابەن و نازانن، زۆری تریش پێش ئەوان وای ووت، کەچی هەموو ئەوەی پەیدایان کرد دادێکی نەدان و کردەوە بەدو خراپەکانیان هاتەوە ڕێیان! هەروەها ئەو کەسانەشیان، کە ستەمیان دەکرد دەرئەنجامی کارە ناپەسەندەکانیان دێتەوە پێشیان و حەتمەن دەرەقەتی نایەنەوەو ناشتوانن خۆی لێ بدزنەوە. مەگەر ئەوانە نازانن، کە خوای گەورە ڕۆزی و بەرەکەتی خۆی بەسەر ئەو کەسانەدا دەڕێژێت، کە خۆی دەیەوێن، لەو کەسانەشی دەگرێتەوە، کە نایەوێت پێیان ببەخشێت، ئەمانەش بەڵگەن بۆ کەسانێك، کە باوەڕ دەهێنن...

* (لَا يَسْأَمُ الْإِنسَانُ مِن دُعَاء الْخَيْرِ وَإِن مَّسَّهُ الشَّرُّ فَيَؤُوسٌ قَنُوطٌ * وَلَئِنْ أَذَقْنَاهُ رَحْمَةً مِّنَّا مِن بَعْدِ ضَرَّاء مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ هَذَا لِي وَمَا أَظُنُّ السَّاعَةَ قَائِمَةً وَلَئِن رُّجِعْتُ إِلَى رَبِّي إِنَّ لِي عِندَهُ لَلْحُسْنَى فَلَنُنَبِّئَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِمَا عَمِلُوا وَلَنُذِيقَنَّهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ * وَإِذَا أَنْعَمْنَا عَلَى الْإِنسَانِ أَعْرَضَ وَنَأى بِجَانِبِهِ وَإِذَا مَسَّهُ الشَّرُّ فَذُو دُعَاء عَرِيضٍ) فُصِّلَتْ/ ٤٩-٥٠ واتە: مرۆڤ لە پاڕانەوەو هانا بردن بۆ خوای گەورە وەڕس نابێت، کەچی، کە ناخۆشیەکی دێتە ڕێ ڕەش بین و هیوا بڕاو دەبێت! ئەگەر ڕەحمەتی خۆمانی بەسەردا بڕژێنەوە - دوای ئەوەی، کە ناڕەحەتی و دەردەسەری هاتە ڕێ - لەسەر ئەوە دڵنیا دەبێ، کە ئەمە ئازایەتی خۆیەتی و لە بلیمەتی خۆیەوەیە، کە توانیوێتی کێشەکانی چارەسەر کات! دەڵێ: من خۆم شایانی ئەوەم، بۆ قیامەتیشی دەڵێ: بڕوا ناکەم زیندو بوونەوە هەبێت!! گەر گەڕانەوە بۆ

لای خوا هەبێت و زیندو بکرێینەوە، لای ئەویش هەر چاکەو خێرم دەست دەکەوێت! بێگومان ئەوانەی، کە بێ باوەڕ بوون، ئێمە ئەوانەیان هەموو بە ڕوودا دەدەینەوەو لە ژان و سزای سەختیان پێ دەچێژین. زۆر مرۆڤ هەن، کە نازو نیعمەتی پێ دەبەخشین پشت هەڵ دەکات و یاخی دەبێت، خۆی بە زل دێتە پێش چاوو دوور لە خواویستی دەژی!

هەر بەوەندەش دوچاری نارەحەتیەکیش دێت، بە کوڵ و دڵ دەکەوێتەوە ئاهو نزولەی پارانەوە!!

* (وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ اللّهِ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فَإِلَيْهِ تَجْأَرُونَ * ثُمَّ إِذَا كَشَفَ الضُّرَّ عَنكُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِّنكُم بِرَبِّهِمْ يُشْرِكُونَ * لِيَكْفُرُواْ بِمَا آتَيْنَاهُمْ فَتَمَتَّعُواْ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ) النحل/٥٣-٥٥ واتە: هەرچی نیعمەتێکتان هەیە هەر لە خواوە بۆتان دیاری کراوە، کەچی هەر، کە نارەحەتی و پشێویەکتان دێتە ڕێ هاوارتان لێ هەڵ دەستێت و پەنا دەبەنەوە بەر خوا! هەر بەوەندەش، کە نارەحەتیەکەی لەسەر نەهێشتن، هەندێکتان دەکەونە هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردان! چونکە دەیانەوێت بە کوفرانە بژێری، سپڵەیی خۆیان دەرخەن!! ڕابوێرن بە کەیفی خۆتان، دوایی دەزانن چیتان دێتەوە ڕێ.

* (هَذَا مِن فَضْلِ رَبِّي لِيَبْلُوَنِي أَأَشْكُرُ أَمْ أَكْفُرُ) النمل/٤٠ واتە: ئەمە فەزڵ و بەخششی خوای گەورەی خۆمەو ویستی وایە تاقیم کاتەوە پێیان، کە ئایا شوکرانە بژێرم، یان کوفرانە بژێر؟

**٣- هەروەها لەوانەی پێچەوانەی شایەتمان دەبنەوە کارکردنە بۆ غەیری خوای گەورەو کارکردن بە ناوی غەیری خوای گەورەوە**، بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموێ:

* (قُلْ إِنَّ صَلاَتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ * لاَ شَرِيكَ لَهُ..) الأنعام/١٦٢-١٦٣واتە بڵێ: من نوێژو پەرستن و ژیان و مردنم، هەر بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیانە، کە بە هیچ شێوەیەك هاوەڵی نییە.

هەروەها ئەم حوکمە لەوەوە وەردەگرین، کە دەڵێین: (**لَا مَعْبُودَ بِحَقٍ الَّا الله**: هیچ پەرستراوێك نییە، کە بە حەقیقەت شایانی پەرستن بێت، جگە لە خوای گەورە) پەرستنیش هەر نوێژو رۆژوو زەکات و حەج نییە، بەڵکو هەموو کارێکە، کە لەبەر خاتری خوا ئەنجام دەدرێت، هەر کارێکیش لەبەر غەیری خوای گەورە بکرێت، شیرکەو هاوەڵ بۆ خوا پەیدا کردنە... هاوەڵ بۆ خوا بڕیار دان زۆر شێوازی هەیە:

أ- ئەگەر موسوڵمان نەتەوایەتی کردە ڕێبازو ئامانج و، هەموو گوفتارو کردارێکی بۆ هێنانە دی، ئامانجی نەتەوایەتی تەرخان کردا! وەك ئەوەی بۆ ڕێبازی نەتەوایەتی ببێتە سەربازو لە پێناوی ئامانجی، ئەودا بجەنگێت، یان بانگەوازی قەومی هەڵگرێت و خەڵکی بۆ بانگهێشت بکات. یان ڕەگەز پەرستی بنوێنێت، ئەمانە هەموی شیرکن و هاوەڵ بۆ خوا پەیدا کردنن، چونکە خوای گەورە فەرمانی بەوە داوە، کە تەنها بەرنامەکەی ئەو بگیرێتە بەرو ڕێبازی پێغەمبەران بکرێتە ڕێبازی خەبات و ڕەنجدان هەر بۆ سەرخستنی ئایینەکەی ئەو بدرێت و، جەنگیش بۆ بەرز کردنەوەی ووشەی خواو لەبەر خاتری خوا بکرێت و بەس... ئێمە کاتێك هەموو ئەمانە لەبەر خاتری خوا ئەنجام دەدەین، مانای وایە خزمەتی گەل و نەتەوەی خۆمانمان کردوە، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر لێ گەڕێن خەڵکانێکی کافرو مورتەد گەل و نەتەوەی ئێمە بەرەو هەڵدێری کوفرو بێ دینی پەلکێش کەن، تا بە کافری دەژین و بەکافری دەمرن، مانای وایە دژی گەل و نەتەوەی خۆمان وەستاوینەتەوە. بەرژەوەندیەکانیمان خستۆتە دەست خەڵکێکی ئاڵقە لە گوێ ی کوفرو بەکرێ گیراوی ئەملاولا... ئەمە جگە لەوەی موسوڵمان بە دیدو بوون و بەرژەوەندی خۆی و نەتەوەکەیەوە، بە خوا وویستی و بەرنامەی ئیسلامەکەیەوە پەیوەستەو بەس، ڕەزامەندی خوای گەورە لەمەدایە، نەك لە نەتەوەگەرێتی جاهیلی.

ب- کار کردن بۆ نیشتمان پەروەریتی، ئەمیش هەر شیرکەو هاوەڵ پەیدا کردنە بۆ خوای پەروەردگار، چونکە موسوڵمان بەو ئەندازەیەوە بە وولاتێکەوە بەندە، کە خەڵکەکەی بە موسوڵمانێتی ملکەچی ئایینی خوا بوبن و بەرنامەی ئەو ڕاپەڕێنن، ئەو کاتەش کار کردن بۆ خاك و نەتەوەو وولات کار کردن دەبێت بۆ خوا... ئەگەر وولات و نیشتمان بوو بە قیبلەو ڕووی هەموو کارێك لەو کراو نیەت لەبەر خاتری خوا نەما، ئەوە هەر شیرکەکەیەو هاوەڵ بۆ خوا پەیدا کردنەکەی جاهیلییە، خوای گەورە ڕەخنەو گازاندەی لە نەفامی و نەزانی ئەو کەسانە گرتووە، کە بە بەهانەی خۆبەستنەوەوە بە خاك و وولاتێکەوە فەرمانی خوایان فەرامۆش کردا! وەك دەفەرموێ: (وَلَوْ أَنَّا كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ أَنِ اقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ أَوِ اخْرُجُواْ مِن دِيَارِكُم مَّا فَعَلُوهُ إِلاَّ قَلِيلٌ مِّنْهُمْ وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُواْ مَا يُوعَظُونَ بِهِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا) النساء/٦٦ واتە: ئەگەر ئێمە لەسەر ئەو کەسانەی، کە حوکمی تاغووت ڕادەپەڕێنن فەرزمان بکردایە، کە نیشتمانەکەیان جێ بهێڵن و کۆچ بکەن، دەستەیەکی کەمیان نەبێت، کەسیان نەیاندەکردا! ئەگەر ئەو دووڕوانە ملکەچی و گوێڕایەڵی ئەو ڕێنماییانەی ئێمە ببوونایە، کە ئامۆژگاریان پێکرابوو، حەتمەن چاکتر بوو بۆیان و پتەوترو جێ پێ قایمتر دەبوون.

نابێت بەرز کردنەوەی ئاڵای نیشتمانی و پەروەردەی نیشتمانی و یەکێتی نیشتمانی و خەباتی نیشتمانی بکرێتە تەرازوو پارسەنگی کارو کردەوەو، جموجوڵی خەڵکی پێ بکێشرێت... ئەگەر کرا ئەوە شیرك ئەنجامدانە، ئەوە هاوەڵ بۆ خوا بڕیار دانە... ئەمما ئەگەر باوەڕ هێنان بە خواو ڕاپەڕاندنی فەرمانی خوایی بووە تەرازوو و مەحەکی پارسەنگی و کارو کردەوە و مەسەلەیەك هاتە پێش، کە خزمەتی وولات و نیشتمان دەکات و دژایەتی لەگەڵ ئیسلامەکەدا ناکات، دەشێت هەوڵی بۆ بدەین، چونکە لەم کاتانەدا، نەك هەر قبوڵە، بەڵکو بە خواپەرستیش دادەنرێت...

ج- ئیش كردن لە پێناوی مرۆڤ و مرۆڤایەتی: ئەمەش شیرك و هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردانە، چونكە دور خستنەوەی مرۆڤە لە خوا، كە دەبێت مرۆڤ هەمیشە ڕووی چاوو دڵی لەو بێت و ئەو بپەرستێت (بە مانا بەرفراوانەكەی پەرستن).

هەروەها دروشمی زانست بۆ زانست شیركە... دروشمی هونەر بۆ هونەر شیركە ..ئەدەب بۆ ئەدەب شیركە... هەروەها هەر دروشمێكی تر، كە مرۆڤ لە خواویستی دور بخاتەوەو بەرنامەو ئایینی خوای پێ بگۆڕێت...

**٤- بڕیاری ڕەهای یاساو ڕێسا داڕشتن بدرێت بە هەركەسێك شیركە:** چونكە ئەمە مافی خوایەو بەس... هەر كەسێك ئەم مافە (مافی حەڵاڵ كردن و حەرام كردن) بۆ خۆی زەوت كات، یان بە یەكێكی تری ببەخشێت، یان بۆ یەكێكی تری بە ڕەوا بزانێت، پێی كافر دەبێت، چونكە خوای پەوەردگار دەفەرموێ: (أَلاَ لَهُ الْخَلْقُ وَالأَمْرُ)الأعراف/٥٤ واتە: خەلقكردن و فەرمان دەركردن هەر هی خوایەو بەس. (إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلّهِ) الأنعام/٥٧ واتە: حوكم تەنها حوكمی خوایەو بەس.

* (اتَّخَذُواْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللّهِ) التوبة/٣١ واتە: حیبرو ڕاهیب (پیاوانی ئایینی دیان و جولەكە)كانی خۆیان كردبوو بە خواو لە جێی خوای پەروەردگار دایاننابوون.

ئەم حوكمە ئەوەش دەگرێتەوە، كە پێی دەڵێن (دیموكراسی)، چونكە دیموكراسی بریتییە لە سەرجەمی ڕای زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەن (پەرلەمان). ئاشكراشە، كە ئەم ئەندامانەن، كە یاساو ڕێسا دادەڕێژن، هیچ دەسەڵاتێكی تر -جگە لە دەسەڵاتی دەستور- لەسەرو دەسەڵاتی ئەمانەوە نییە، گەرچی دەستوریش هەر كەسانی تری وەكو ئەمان، ئەندامی پەرلەمانێكی پێشوتر بوون و ئەو یاساو ڕێسایانەیان داڕشتووە. كەوابوو مادام هەر گەڕایەوە سەر بیرو ڕاو بۆچونی هەندێ مرۆڤ، هەر شیركەو هەر هاوەڵ بۆ خوا بڕیار دانە، چونكە مافی بە حەڵاڵ دانان و بە حەرام دانانی تێدا دراوەتە دەست غەیری

خوای پەروەردگار... لە ئیسلامدا شێوەیەکی ڕاستتر و پەسەند هەیە، کە نەدەمانخاتە ناو گێژاوی شیرکەوە، نە بیر جەمانیشمان دەکات، ئەویش پێکهێنانی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری (مجلس الشوری)ایە، ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە بە ڕێسا شەرعیەکانی خوای گەورەوە دەبەسترێنەوە، بۆیان نییە لە دەقەکانی قورئان و فەرمودە لادەن، جا ئیتر ئەمانە بە ڕێگاکانی هەڵبژاردن هاتونەتە سەرەوە، یان بە تەعین، گرنگ ئەوەیە پابەندن بە کۆمەڵێك یاساو ڕێساوە، کە ئوممەتەکەش پێشتر زانیویتی چین، ئەمما لەو مەسەلانەدا، کە دەقێکی قورئان، یان حەدیسی سەحیحی لەسەر نییە، یان لەسەری هەیە، بەڵام مانای جیاوازو لێکدانەوەی هەمە جۆری هەیە، یان دەقەکە بە شێوەیەکی هێندە بنبڕ (قَطعی) نییە، تا لێی لانەدرێت، لەم حاڵەتانەدا ڕاوێژکاران دەتوانن ئەو ڕایەی زۆرینەی بۆچوونەکان دەگرێتە خۆ، بیکەنە یاساو خەڵکەکەی پێوە پابەند کەن...

کەوابوو بەم ڕێگایە ئەوەمان سەلماند، کە دەستوری ووڵات هەر قورئان و حەدیسەو هەر ئیسلامە، بەڵام لە هەمان کاتدا سودمان لە نەرمی و کشانی ڕێسا شەرعیەکان وەرگرت... ئەمما ئەنجومەنێك، یان سەرکردایەتی حیزبێك (وەك لە سەرمایەداریدا هەیە)، یان پێشڕەوانی چینێك (وەك لە سۆشیالیستی و کۆمۆنیستیدا هەیە)، یان تاکە کەسێك(دیکتاتۆرێکی فیرعەون ئاسا) یان کۆمەڵێك هەر بە ناوی دینەوە!خۆیان لەو خەڵکە بکەنە خواو، یاساو ڕێسایان بۆ دارێژن و خەڵکەکە ناچار بکەن بڕیارەکانیان وەرگرن و جێبەجێی بکەن، ئەوە لە ئیسلامدا جێی نابێتەوە، ئەوانەو ئەوانەش، کە بە حوکمیان ڕازین،حوکمی شیرك و کوفر و لەئایین هەڵگەڕانەوەیان بەسەردا دراوە....ئەمە حوکمی هاوەڵ بۆ خوا پەیدا کردنی هەیە ئەوەش دەگرێتەوە، کە کەسێك دان بەوەدا نەنێت، کە لێپرسراوە بەرامبەر هەموو فەرمانێکی خوایی، کە پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێی ڕاگەیاندوون، چونکە پێویستی سەر شانی هەمو موسوڵمانێکە لێپرسراوێتی

پابەند بوون بە شەریعەتی خوای گەورەو ڕاپەڕاندنی لە دنیادا بخاتە ئەستۆی، چونکە لەو شەریعەتە ڕێدراوە بترازێت ئیتر هەواو هەوەسە، وەك خوای گەورە دەفەرموێ: (ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاء الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ)الجاثية/١٨ واتە: پاشان تۆمان خستە سەر بەرنامەو ڕێسای شەریعەتێك، دەتۆش شوێنی کەوەو شوێن هەواو هەوەسی ئەو کەسانە مەکەوە، کە نازانن...

٥- **لەوانەی کە پێچەوانەی شایەتمانە ئەوەیە کە:** ملکەچی و گوێڕایەڵی خۆت بدەیتە دەست غەیری خوا، هەروەها غەیری ئەوانەی خوای گەورە ڕێی داون، چونکە یەکێك لە ماناکانی(لَا إِلٰهَ إِلَّا اللهُ )ئەوەیە، کە ملکەچی و گوێڕایەڵی هیچ کەسێك بە ڕەهایی ناکرێت غەیری خوای پەروەردگار، مەگەر پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، کە خوای پەروەردگار ڕێی پێداوین و فەرمانی پێکردووین، کە وەلائی خۆمان بدەینە دەست ئەو زاتە، چونکە گوێڕایەڵی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەر گوێڕایەڵی خوای گەوەرەیە وەك دەفەرموێ: (مَّنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللّهَ) النساء/٨٠ واتە: هەر کەس گوێڕایەڵی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، بێت ئەوە گوێڕایەڵی خوای گەورە بووە... هەروەها دەشێت ئەو ملکەچی و گوێڕایەڵییە بدرێت بە پێشەواو کاربەدەستانی ئیسلام، بەو مەرجەی هەموو فەرمان و بەرهەڵستی و قەدەغەکردنەکانیان لە قورئان و سوننەتەوەو، بە پێی ئەو ڕێسایانە وەرگیرا بێت، کە ئوممەتی ئیسلام - بە درێژایی مێژوو - لەسەری کۆك بوون، خۆ ئەگەر کەمێك لەو سەرچاوانەی شەرع لایاندا، ئیتر نە ملکەچییان بۆ دەردەبڕێت و، نە گوێڕایەڵیشیان فەرز دەبێت، چونکە لە ئیسلامدا نابێت و بە هیچ شێوەیەك و بۆ هیچ کەسێك جائیز نییە، گوێڕایەڵی کەسێك لە سەرپێچی فەرمانی خوادا بکات! با ئەو کەسە سەرکردەش بێت، یان پێشەواو خەلیفەی موسوڵمانانیش بێت. خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ) النساء/٥٩ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە،گوێڕایەڵی خواو گوێڕایەڵی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بکەن، هەووەرها

گوێڕایەڵی ئەو کاربەدەستانەش بکەن، کە لە خۆتانن، جا ئەگەر لە کێشەیەکیشدا ڕاتان لێك جیاواز بوو، یان ناکۆکیتان کەوتە نێوان، ئەوا بگەڕێنەوە سەر فەرمانی خواو پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ئەگەر ڕاست دەکەن و بە ڕاستی باوەڕتان هێناوە، خۆ ئەمە خێرەو ئەمەش چاکترین هەڵوێستی لێکدانەوەو بۆچوونە...

بە پێی ئەم ئایەتە، مەرجە کە ئەو کاربەدەستانەی ئێمە گوێڕایەڵیان دەکەین (ئەمیرو سەرۆك و خەلیفەو... )لە خۆمان بن، ئەوانیش وەکو ئێمە باوەڕیان بە ئیسلامەکە هەبێت و، پێوەی پابەند بن و سور بن لەسەر ڕاپەڕاندنی، گەر وا نەبوون، ئەوە لە ڕیزی ئێمە دا نەماون و، ئێمەش بۆمان نییەگوێڕایەڵیان بین، چونکە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (لَا طَاعَةَ لِمَخْلُوقٍ فِي مَعْصِيَةِ الْخَالِقِ).[١] هەروەها: (إِنَّمَا الطَّاعَةُ فِي

---

[١] نوسەری ڕەحمەتی هیچ ئاماژەیەکی بە سەنەدی ئەو فەرموودەو فەرموودەی دوای ئەو یان بە سەرچاوەکەی نەکردووە، دیارە لەبەر ئەوەیە کە هەردوو فەرموودەکە بەناوبانگن چونکە بە لەفزی جیاواز لە بوخاری/ کتاب المغازي (بە لەفزی:الطَّاعَةُ فِي الْمَعْرُوفِ) و موسلیم/ کتاب الإمارة (بە لەفزی: الطَّاعَةُ فِي الْمَعْرُوفِ) و ئەبو داوود/ کتاب الجهاد (بە لەفزی: لاطَّاعَة لِمَخلوق في مَعصيَة الخَالِق) و (لا طَاعَةَ فِي مَعْصِيَةِ اللَّهِ، إِنَّمَا الطَّاعَةُ فِي الْمَعْرُوفِ)، النسائی: کتاب البيعه (بە لەفزی: لا طَاعَةَ فِي مَعْصِيَةِ اللَّهِ، إِنَّمَا الطَّاعَةُ فِي الْمَعْرُوفِ) و ئەلبانی رحمەالله توێژینەوەی بۆ ریوایەتەکانی لای غەیری بوخاری و موسلیم کردووەو لە: تەخریجی فەرموودەکانی (مشكاة المصابيح/٣٦٢٤)و (صحيح الجامع/٧٥٢٠)دا دەفەرموێ: سەحیحە. هەمووشیان ئەم روداوە بە هۆی هاتنی فەرموودەکە دەگێڕنەوە: کە ئامر مەفرەزەیەکی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی بە مەفرەزەکەی خۆی کرد کە پووش و دار کۆکەنەوە، دوایی فەرمانی پێدان کە ئاگری تێ بەردەن، ئینجا پێی ووتن بچنە ناویەوە ! ئەوانیش کەوتنە موناقەشە ووتیان: خۆ ئێمە بۆیە باوەڕمان بە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناوە تا لە ئاگر رزگار بین. ئیتر کەس نەچووە ناوی، کە هاتنەوە روداوەکەیان بۆ پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گێڕایەوە فەرمووی: ئەگەر بچوونایەتە ناوی تا قیامەت نەدەهاتنەوە دەرەوە، ملکەچی و گوێڕایەڵی لە کاری چاکەدایە. (و)

الْمَعْرُوفِ).[١] واتە: گوێڕایەڵی هەر لەو فەرمانانەدا دەبێت، کە بە دیدی شەرع چاکەن... چونکە موسوڵمان گوێڕایەڵی شەیتان و هەواو هەوەسی کافرو موشریك و بۆچوونی مورتەدو فاسیق و بەرنامەی بیدعەچی و دەستبڵاوو بێ ئاگا لە ئیسلام ناکات... هەروەها گوێڕایەڵی کەسێك ناکات، کە خەڵکی بەرەو گومڕایی و دوور لە خوایی بەرێت. ئەوانە هەواو هەوەسی خۆیان کردوە بە خوای خۆیان و، بە گوێرەی داواکاریەکانی نەفس و نەوسی خۆیان دەجوڵێنەوە، خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێ: (أَفَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَٰهَهُ هَوَاهُ)الجاثية/٢٣ واتە: ئایا ئەو کەسەت ناسیوە، کە هەواو هەوەسی خۆی کردۆتە خوای خۆی و شوێنی دەکەوێت؟!شوێن کەوتنی ئەو کەسانە، هەر مایەی سەرگەردانی و وێڵی و گومڕایی و خۆدۆڕاندنە: (وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِي الأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ اللّهِ) الأنعام/١١٦ واتە: ئەگەر گوێڕایەڵی زۆربەی خەڵکی سەر زەمین بکەیت، لە ڕێبازی ڕاستی خواویستی دوورت دەخەنەوەو گومڕات دەکەن.

* (وَلَا تُطِيعُوا أَمْرَ الْمُسْرِفِينَ * الَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ وَلَا يُصْلِحُونَ)الشعراء/١٥١ واتە: فەرمانی زێدەڕۆیان جێبەجێ مەکەن، ئەوانەی، کە هەر فەسادو خراپەکاری لەسەر زەمیندا دەنێنەوەو چاکە خوازی ناکەن...

* (إِن تُطِيعُواْ الَّذِينَ كَفَرُواْ يَرُدُّوكُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ فَتَنقَلِبُواْ خَاسِرِينَ) آل عمران/١٤٩ واتە: ئەگەر گوێڕایەڵی ئەو کەسانە بکەن، کە کافر بوون، لە ئاینەکەتان پاشگەزتان دەکەنەوە، ئیتر دوایی خۆتان زەرەرمەند دەبن.

* (إِن تُطِيعُواْ فَرِيقًا مِّنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ يَرُدُّوكُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ كَافِرِينَ)آل عمران/١٠٠ واتە: ئەگەر دوای باوەڕ هێنانتان بە محمد پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گوێڕایەڵی

---

[١] بوخاری (٧٢٥٧)، موسلیم (١٨٤٠).

هەندێك لە مەسیحی و جولەكەكان بكەن، پاشگەزتان دەكەنەوەو، پاش باوەڕهێنانتان دەتان گێڕنەوەو بەرەو كوفر.

* (أَن لَّا تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ) يس/٦٠ واتە: گوێڕایەڵی شەیتان مەكەن، چونكە ئەو دوژمنی سەرەكی ئاشكرای  ئێوەیە...

گوێڕایەڵی هەر یەكێك لەوانە گومڕابوونەو شیركەو، مانای وایە ئەوانەت بە خوای خۆت داناوە، ئەمەش پێچەوانەی شایەتمانەو كافربوونە.  خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ الَّذِينَ ارْتَدُّوا عَلَى أَدْبَارِهِم مِّن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْهُدَى الشَّيْطَانُ سَوَّلَ لَهُمْ وَأَمْلَى لَهُمْ * ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا لِلَّذِينَ كَرِهُوا مَا نَزَّلَ اللَّهُ سَنُطِيعُكُمْ فِي بَعْضِ الْأَمْرِ...) محمد/٢٥-٢٦ واتە: ئەو كەسانەی لە ئایینەكە پاشگەز بوونەوە. دوای ئەوەی، كە نیشانەو بەڵگەی زۆری ڕێنمایی خوایی و خواویستیان بۆ ڕون بووەوە . ئەوە شەیتان پێی هەڵخلیسكاندن، هەرچەندە لە ڕاستیدا ئەوانە خۆیان هیدایەتی خواییان، سەرڕاستانە وەرنەگرتبوو، چونكە هەر بە كافرەكانیان دەوت: لە هەندێك فەرمان و ڕێنمایتاندا گوێڕایەڵیتان دەكەین!!

كە كەوتیتە گوێڕایەڵی كەسانی لە خوا یاخی و ملهوڕانی كوفر، ئەمە حوكمت دەبێت و بشزانە، كە هەر خۆشت لێپرسراوی ئەو هەڵوێستەی خۆت دەبیت ..

ڕواڵەتی پاشگەزبوونەوەی ئەوانە، كە خوای گەورە لەم ئایەتەدا باسی فەرموون ئەوەیە، كە گوێڕایەڵی كەسانێكیان كردووە، كە هەندێك لەو ئەحكامە شەرعیانە دەبوغزێنن، كە خوا ناردوێتیە خوارەوە بۆ پێغەمبەرەكەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم نەك باوەڕیان بە هەموی نییە، نەك باوەڕیشیان بەو هەندە ئەحكامەش نییە  نا، تەنها پێیان ناخۆشەو دەیبوغزێنن!!) ئەم خاڵەش تەوەرەیەو لقی تری لێ دەبێتەوە وەك: گوێڕایەڵی نەكردنی پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ئەمەش لە خوا یاخی بوونە! چونكە ئێمە لە

ڕێگای پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خوامان ناسیوە، ئەحکامی خواییمان لەوەوە بۆ ڕون بۆتەوە. بۆیە وەرگرتنی هەندێك سوننەتی ئەو هەیە، کە فەرزە لەسەر موسوڵمان وەری گرێت و پێوەی پابەند بێت، باوەڕیشی پێ نەبێت کافر دەبێت، ئەمما هەندێك سوننەتی هەیە، ئەگەر کابرا باوەڕی پێی بوو، بەڵام وەری نەدەگرت و پێوەی پابەند نەدەبوو، ڕەنگە بەوانە کافر نەبێت... هەندێکی تریش هەیە بە وەرنەگرتنیان کافر نابین...

٦- **حوکم کردن بە غەیری ئەو بەرنامەی خوا ناردویتیە خوارەوە**، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ)المائدة/٤٤ واتە: ئەو کەسەی بەوە حوکم نەکات، کە خوا ناردوێتیە خوارەوە، کافرە.

* (أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ آمَنُواْ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُواْ إِلَى الطَّاغُوتِ وَقَدْ أُمِرُواْ أَن يَكْفُرُواْ بِهِ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلاَلاً بَعِيدًا * وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْاْ إِلَى مَا أَنزَلَ اللّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ رَأَيْتَ الْمُنَافِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا)النساء/٦٠-٦١ واتە: ئەوانەت نەدیوە، کە لاف و گەزافی ئەوە لێ دەدەن، گوایە باوەڕیان بەوە هێناوە، کە بۆ تۆ هاتۆتە خوارەوە؟!هەروەها بەوەش، کە پێش تۆش هاتۆتە خوار؟!کەچی هەر ئەوانە خۆیان دەیانەوێت داوەری خۆیان ببەنە لای تاغوت! (شەیتان و بت و ئەو حاکم و داوەرانەی  بە پێی شەرعی خوا داوەری و حوکم ناکەن) لای ئەو تاغووتەی، کە دەبوو باوەڕی پێ نەهێنن و شوێنی نەکەون و فەرمانەکانی وەرنەگرن! بەڵام ئەوەتا شەیتان سورە لەسەر ئەوەی، کە گومڕایان کات، گومڕاییەکی بێ ڕێ وجێ!کە پێشیان دەوترێت وەرنە سەر ڕێبازی خوا و داوەری بهێننە لای ئەو شەرعەی، کە خوا ناردویتیە خوارەوەو، با پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ناوبژیوانتان بێت،  دەبینیت دووڕووەکان پشت هەڵدەکەن و لالوتانە ڕو وەردەگێڕن و بەربەستیشت لە ڕێدا دادەنێن، تا خەڵکی تریش نەیەنە لات!!

* هەروەها دەفەرموێ: (فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا)النساء/٦٥ واتە: سوێند بێت بە خواکەی تۆ، باوەڕیان نییە تا تۆ نەکەنە ناوبژیوان و داوەریت لە هەموو ئەو کێشەو مەسەلانەدا نەهێننە لا، کە لە نێوانیاندا ڕو دەدات، تۆش داوەریان دەکەیت، دوایی نابێت هیچ گرێ و گۆلێك لەسەر داوەریەکەی تۆ لە دڵ و دەروونیاندا دروست ببێت، ئەگینا موسوڵمان نامێنن!!

* (وَأَنِ احْكُم بَيْنَهُم بِمَآ أَنزَلَ اللّهُ وَلاَ تَتَّبِعْ أَهْوَاءهُمْ وَاحْذَرْهُمْ أَن يَفْتِنُوكَ عَن بَعْضِ مَا أَنزَلَ اللّهُ إِلَيْكَ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَاعْلَمْ أَنَّمَا يُرِيدُ اللّهُ أَن يُصِيبَهُم بِبَعْضِ ذُنُوبِهِمْ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ النَّاسِ لَفَاسِقُونَ) المائدة/٤٩ واتە: داوەری نێوانیان بەوە بکە، کە خوا بۆی ناردویتەتە خوارەوە گوێ بە هەواو هەوەسی ئەوان مەدەو (گوێ لە ڕاوبۆچوونیان مەگرەو یاسای ئەوان جێبەجێ مەکە) ئاگادار بە تەفرەت نەدەن، وات لێ نەکەن واز لە هەندێك لەو ئەحکامانە بهێنیت، کە بۆت هاتۆتە خوارەوە! ئەگەر پشتیان هەڵکردو نەهاتن بە دەم حوکمی خواوە، ئەوە بزانە، کە خوا دەیەوێت بە تاوان و سەرپێچیەکانی خۆیان بیانگرێت و، توشی کوێرەوەریان بکات، زۆربەی خەڵکی لە گوێڕایەڵی خوای پەروەردگار لایانداوەو کەوتونەتە گوناحەوە...

* باسی دووڕووەکانیش لەم بارەوە ئاوا دەکات: (وَيَقُولُونَ آمَنَّا بِاللَّهِ وَبِالرَّسُولِ وَأَطَعْنَا ثُمَّ يَتَوَلَّى فَرِيقٌ مِّنْهُم مِّن بَعْدِ ذَلِكَ وَمَا أُوْلَئِكَ بِالْمُؤْمِنِينَ * وَإِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُم مُّعْرِضُونَ * وَإِن يَكُن لَّهُمُ الْحَقُّ يَأْتُوا إِلَيْهِ مُذْعِنِينَ * أَفِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ أَمِ ارْتَابُوا أَمْ يَخَافُونَ أَن يَحِيفَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ وَرَسُولُهُ بَلْ أُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ * إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَن يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُوْلَئِكَ هُمُ

الْمُفْلِحُونَ * وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَخْشَ اللَّهَ وَيَتَّقْهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْفَائِزُونَ) النور/٤٧-٥٢ واتە: دووڕووەکان دەڵێن: باوەڕمان بە خواو پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناوە، ملکەچ و گوێڕایەڵین، کەچی دوای ئەوەی ئەمە دەڵێن کۆمەڵێکیان لەولاوە پشت هەڵ دەکەن و یاخی دەبن! ئەوانە موسوڵمان نین... کاتێك بەو دووڕوانە دەوترێت: وەرن حوکمی خواو پێغەمبەرەکەی وەرگرن و داوەری بێننە لای ئەم، دەستەیەکی زۆریان هەر گوێی نادەنێ و خۆ لە حەق، کاس دەکەن! بەڵام ئەگەر زانیان حەقێکیان بۆ دەستێنیتەوەو مافیان دەکەوێت، هەر زوو ملکەچانە بەرەو پیرت دێن! ئایا ئەوانە نەخۆشیی دڵی داگرتون؟!یان لە پەیامەکەت دوو دڵ و ڕاڕا بوون؟! یان لەوە دەترسێن خواو پێغەمبەری خواصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مافیان بخۆن؟!! نا، لە ڕاستیدا ئەوانە خۆیان هەر وا زاڵم و ستەمکارن و سەرپێچی حوکمی خوایان لا چاکەیە! ئەمما موسوڵمانان، کە بۆ داوەریتی حوکمی خواو پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بانگ دەکرێن، دەست بەجێ دەڵێن: بەڵێ، گیان، گوێمان لە بانگهێشتەکە بوو، وا هاتین بەسەر چاوو دڵ! ئێمە گوێڕایەڵی خواو ئەو کەسەشین،کە حوکمەکەی هێناوە... ئەوانە سەرکەوتوو سەرفرازن. ئەوانەی، کە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی دەبن و، هەر لەو دەترسێن و بایەخ بە تەقواو پارێزکاری ئەو دەدەن، ئا ئەوانە سەرفرازن و ئەوانە ڕەزامەندی خوایان بۆ خۆیان مسۆگەر کردوە...

**٧- بوغزاندنی بەشێکی ئیسلام، چونکە ئەمە بوغزاندنی هەموو ئیسلامە...** خوای گەورە دەفەرموێ: (وَالَّذِينَ كَفَرُوا فَتَعْسًا لَّهُمْ وَأَضَلَّ أَعْمَالَهُمْ * ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَالَهُمْ) محمد/٨-٩ واتە: داماوی و سەرشۆڕی بۆ ئەو کەسانەیە، کە باوەڕیان نەهێناوەو کافرن، ئەوانە گومڕای ڕەنج بە خەسارن، چونکە ئەو ڕێنماییانەیان دەبوغزاند، کە خوای گەورە ناردیە خوارەوە، بۆیە خوای گەورەش کارو کردەوەکانیانی مایە پوت کرد...

پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (لَا يُؤْمِن أَحَدُكُمْ حَتَّى يَكُونَ هَوَاهُ تَبَعًا لِمَا جِئْت بِهِ).[١] واتە: هیچ کەسێکتان باوەڕی نابێت، هەتا حەزو مەیلی نەبێتە شوێن کەوتوی ئەوەی، کە من هێناومە... حوکمی ئەم خاڵە ئەو کەسەش دەگرێتەوە، کە باوەڕی بە لقە حوکمێکی ئیسلام نەبێت، یان خۆشیی پێی نەیەت و بیبوغزێنێت، وەك پەرستنەکان، یان سیستمی ئابوری ئیسلامی، یان ئەحکامەکانی سەوداو مامەڵەی بازاڕ، یان ڕێساکانی سیاسەت، یان یاساکانی جەنگ و ئاشتی، یان پێگە ڕەووشتیەکان، یان زانستی شەرعی!!یان ئایەتێکی قورئان، حەدیسێکی ڕاستی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، یان گاڵتە کردنی بە سوننەتێك! (کردەوەی بێت، یان فەرمایشتی یان بڕیاردانێکی لەسەر شتێك) هەر کەسێك هەر شتێك لەمانە ببوغزێنێت، لە ئیسلام دەچێتە دەرەوەو پێی کافر دەبێت..

**٨- کەسێك ژیانی دنیای لە ژیانی قیامەت پێ باشتر بێت و، فەزڵی ئەمیان بدات بەسەر ئەویاندا**، یان هەر دنیا بکاتە یەکەم و کۆتا ئامانجی و هەموو ڕەنجێکی هەر بۆ خۆشگوزەرانی ئەم دنیایەی بێت. ئەوە ئەویش هەر پێچەوانەی شایەتمانەکە ڕەفتاری کردووە و، کەوتۆتە شیرکەوەو لێی قبوڵ ناکرێت، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَوَيْلٌ لِّلْكَافِرِينَ مِنْ عَذَابٍ شَدِيدٍ * الَّذِينَ يَسْتَحِبُّونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا عَلَى الآخِرَةِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا أُوْلَئِكَ فِي ضَلالٍ بَعِيدٍ) ابراهیم/٢-٣ واتە: با کافرەکان لە سزای سەختی وەیلدا (دۆڵێکە لە دۆزەخ) بە فەتارەت چن، مادام ژیانی دنیایان خۆشتر دەوێت و

---

[١] نووسەری ڕەحمەتی دەفەرموێ: (ئیمامی نەووی لە (الأربعین النووية/ژمارە ٤١)دا دەفەرموێ: (حدیث حسن صحیح)، زانای تریش هەن کە بە سەحیحیان داناوە، بەڵام ئیبنورەجەبی حەنبەلی لە کتێبی (جامع العلوم والحکم) دا بە سەحیحی دانەناوە..) ڕاستە. شێخی ئەلبانیش رحمەالله لە تەخریجی فەرموودەکانی (مشكاة المصابيح/١٦٧) دا بە زەعیفی داناوە.

فەزڵی ئەم دەدەن بەسەر ژیانی دوا ڕۆژدا، ئەوانە بەردەوام لە ڕەنجی ئەوەدان، کە بەربەست بخەنە ڕێی بانگەوازی خوا، هەوڵ دەدەن ڕێبازەکەی خوا کەچ کەن و لارو وێری بخەنە ناو، ئەوانە بەڕاستی لە گومڕاییەکی بێ جێ و بێ ڕێدان...

* (مَن كَانَ يُرِيدُ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَالَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لاَ يُبْخَسُونَ * أُوْلَئِكَ الَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِي الآخِرَةِ إِلاَّ النَّارُ وَحَبِطَ مَا صَنَعُواْ فِيهَا وَبَاطِلٌ مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ)هود/١٥-١٦ واتە: هەر کەسێك مەبەستی جوانی و خۆشی دنیا بێت، ئێمە مافی خۆی بە تەواوی دەدەینێ و یارمەتی تەواوی دەدەین و هاریکاری دەکەین، بەڵام لە ڕۆژی دواییدا غەیری ئاگری دۆزەخ، هیچی تریان نادرێتێ! چونکە هەرچییەك دەکەن لە ژیانی دنیایاندا لای خوا بێ نرخەو کارو کردەوەیان پووچەڵە.

* (مَّن كَانَ يُرِيدُ الْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُ فِيهَا مَا نَشَاء لِمَن نُّرِيدُ ثُمَّ جَعَلْنَا لَهُ جَهَنَّمَ يَصْلاهَا مَذْمُومًا مَّدْحُورًا * وَمَنْ أَرَادَ الآخِرَةَ وَسَعَى لَهَا سَعْيَهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَئِكَ كَانَ سَعْيُهُم مَّشْكُورًا * كُلاًّ نُّمِدُّ هَؤُلاء وَهَؤُلاء مِنْ عَطَاء رَبِّكَ وَمَا كَانَ عَطَاء رَبِّكَ مَحْظُورًا)الإسراء/١٨-٢٠ واتە: هەر کەسێك ژیانی دنیای بوێت (هەر ژیانی دنیای مەبەست بێت) و هەوڵ هەر بۆ ئەو بدات، ئێمە بۆ هەر کەسێك حەز بکەین پێی دەبەخشین، بەڵام حەتمەن دوایی زۆر بە زەلیلی و ڕسوایی و سەرشۆڕیەوە دەیخەینە ناو ئەو دۆزەخەوە، کە بۆیمان تەرخان کردووە، هەر کەسێکیش ژیانی ئەو دنیای بوێت و موسوڵمانانە هەوڵی بۆ بدات و بۆی تێبکۆشێت، ڕەنجی ئەوانە جێی ڕێزەو هەوڵ و کۆششیان، جێ ڕێزو سوپاسەو سوپاسکراون، ئێمە نیعمەتەکانی خۆمان لە دنیادا لە خەزێنەو گەنجینەی خواکەت بە هەردوولایان دەبەخشین، خۆ بەخشینی پەروەردگارت لە کەس نەگیراوەتەوە ڕێی کەسیشی لێنەگیراوە...

* (مَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ الْآخِرَةِ نَزِدْ لَهُ فِي حَرْثِهِ وَمَن كَانَ يُرِيدُ حَرْثَ الدُّنْيَا نُؤتِهِ مِنْهَا وَمَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِن نَّصِيبٍ)الشورى/٢٠ واته: هەر كەسێك بەدەست هێنانی بەرهەمی ڕۆژی دوایی مەبەست بێت، ئێمەش خێرو فەڕی زیاتر دەخەینە بەرهەمیەوە، بەرەكەت دەخەینە ڕەنجییەوە، هەر كەسێكیش هەر بە دەست هێنانی ژیانی دنیای لا مەبەست بوو، دەیدەنێ، بەڵام لە ڕۆژی دواییدا بێبەشك (بەش) دەكەوێت...

* خوای گەورە گرنگی و قەدری ژیانی دونیا بەم شێوەیە باس دەفەرموێ: (زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاء وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللّهُ عِندَهُ حُسْنُ الْمَآبِ * قُلْ أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيْرٍ مِّن ذَلِكُمْ لِلَّذِينَ اتَّقَوْا عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَأَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ وَرِضْوَانٌ مِّنَ اللّهِ وَاللّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ) آل عمران ١٤-١٥واتە: ئەو شتانەی دنیا، كە لە بەر چاوی خەڵكی جوان و ڕازاوە كراون، بریتین لە حەزو ئارەزوی هەبوونی هاوسەرو منداڵی نێرینەو پارەو پول و زێڕو زیوو، هەروەها ئەسپی ڕەسەن و ماڵات و زەوی زارو كشت و كاڵ... ئەمانە هەمووی نازو نیعمەتی دنیان، بەڵام خوای گەورە بۆ پیاوچاكان لای خۆی لە بەهەشت شتی وای ئامادە كردووە، كە دڵ شەیدای گەڕانەوە لای بێت. بەو خەڵكە ڕاگەیێنە: ئایا هەواڵی چاكتر لەو نازو نیعمەتانەتان پێ ڕاگەیێنم؟!ئەویش ئەوەیە، كە بۆ ئەوانەی پارێزكارو خواناسن، لای خوای پەروەردگاریان باخی بەهەشتیان بۆ ئامادەیە، كە ڕوبارو كانیاویان بە ژێردا ڕەت دەبێت و هاوسەری پاك و پاكژیان دەدرێتێ، لەسەر هەمووشیەوە ڕەزامەندی خوایان دەست دەكەوێت، خوا بە بەندەكانی بینایە و ئاگای لە هەمووانە...

* (اعْلَمُوا أَنَّمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌ بَيْنَكُمْ وَتَكَاثُرٌ فِي الْأَمْوَالِ وَالْأَوْلَادِ كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ الْكُفَّارَ نَبَاتُهُ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَاهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَكُونُ حُطَامًا وَفِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَغْفِرَةٌ مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانٌ وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا مَتَاعُ الْغُرُورِ) الحديد/ ٢٠ واته: بزانن، كە هەمو ژیانی دنیا، یاری منداڵ و گاڵتەی هەرزەو خۆڕازاندنەوەو شانازی كردنی نێوانتانە بە زۆر بوونی سەروەت و سامان و ڕۆڵەو ڕەچەڵەكتانەوە! ئەمانە هەموی وەك تاوە بارانێكە، كە جوتیاری پێ دڵخۆش دەبێت، كە دەبێتە مایەی سەوز بوونی حاسڵاتەكەی دەگەشێتەوە، بەڵام هەر زوو دەیبینیت زەرد هەڵگەڕاوە، ئینجا دەبێتە كۆتەرەو پلو پوش!! لە ڕۆژی دواییشدا بۆ پیاو خراپان دەبێتە سزای پڕ ژان و ئێش! بۆ پیاوچاكانیش دەبێتە مایەی لێبوردنی خوایی... بەڕاستی دنیا هەر هی هەڕاڵ (مەغرور) بوونە، هی فریو خواردن و دەستخەڕۆ بوونە...

- هەروەها سیفەتی ئەو كەسانە دیاری دەكات، كە پیاوی ئەو دنیان و شەیدای پاداشتی لای خوان و بەسەر سەد كەندو كۆسپی دنیادا هەر بەرەو خوا دەكشێن، هەڕەشەی سەخت و توندو تیژیش لەو موسوڵمانانە دەكات، كە زۆر پەیوەستی دنیان و وا باوەشیان بە ژیاندا كردووە، كە جیهادیان فەرامۆش كردوە!

* (قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّى يَأْتِيَ اللّهُ بِأَمْرِهِ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ) التوبة/٢٤ واتە بڵێ: موسوڵمانینە، ئەگەر باوك و كوڕو براو هاوسەرو تیرەو هۆزو ئەو پارەیەی، كۆتانكردۆتەوەو ئەو بازرگانیەی دەترسێن بازاڕی بشكێت و ئەو خانوو كۆشك و تەلارانەی دڵتان پێیان دەكرێتەوە، گەر ئەمانەتان لا خۆشەویسترە وەك لە خواو لە پێغەمبەرەكەی و جیهادی ڕێی خوادوویستی، دە چاوەڕوانی سزای سەختی خوا بن، خوا كەسانی فاسقی خۆش

ناوێت، کەسانێکی وای پێ پەسەند نییە، کە لەبەر خاتری دنیا سەرپێچی فەرمانەکانی دەکەن...

**٩- گاڵتە کردن بە ئیسلام: بە قورئان یان بە سوننەت**، یان بە شوێن کەوتنی ئەو دوانە، بەو سیفەتانەیان، کە هی خواو پێغەمبەرن، یان گاڵتە کردن بە فەرمانێك لە فەرمانەکانی خوای پەروەردگار، یان بە دروشمێکی ئیسلام... ئیبنو عومەر و محمدی کوڕی کەعب و زەیدی کوڕی ئەسلەم و قەتادە خوا لێیان ڕازی بێت، گێڕاویانەتەوە،[١] کە جارێك کابرایەك لە غەزای تەبوکدا ووتی: قەت وەك ئەمانە چاو برسی و درۆزن و ترسنۆکم نەدیوە (مەبەستی لە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و یاوەرەکانی بوو) عەوفی کوڕی مالیك گوێی لێبوو، لێی هەڵگەڕایەوەو پێی ووت: درۆت کرد، هەی دووڕو، دەبێت هەر ئێستا بچمە خزمەت پێغەمبەرو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شکاتت لێ بکەم، کاتێك عەوف دەچووە خزمەتی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ئەو بە سواری وشترێکەوە بوو، وەحی بۆ هات، کابراش خێرا خۆی گەیاندێ و زوو کەوتە پاکانەی خۆی! ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا، بەو هیوایەی کەمێك نارەحەتی ڕێمان دەرکەین، دەربارەی کاروان و گەشتی خۆمان قسەمان دەکرد، ئیبنو عومەر دەفەرموێ: کابرا خۆی بە هەوساری وشترەکەی پێغەمبەردا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەڵڕۆسکاند بوو، لە تاوا هەر لەسەر نوکی پەنجەی دەڕۆیشت، هەر دەیووت: ئـەی پێغەمبەری خوا، ئێمە تەنها دەربارەی گەشت و کاروانی خۆمان قسەمان دەکرد، تا

---

[١] نووسەری ڕەحمەتی ئەوەی سەرەوەی لە (ئیبنوجەریەی طەبەری و ئیبنو مەردەوەیھ) نەقڵکردووەو هیچ ئاماژەی بە سەنەدیان نەداوە. ئەم داستانە بەناوبانگە، زۆرینەی ئەوانەی تەفسیرییان کردووەو هۆی هاتنەخوارەوەی ئایاتیان نووسیوەتەوەو ئەوەیان گێڕاوەتەوە وەکو: طەبەری (٤٣/١١) و (ابن كثير ٣٣٢/٢).

ماندوویی ڕێمان دەرکەین، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئەوە گاڵتەتان بە خـواو بە ئایەتەکــانی و بە پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکرد؟!هەر ئەوەی دەفەرموو، لاشی لە کابرا نەدەکردەوە، ئینجا ئەو کاتە ئەو ئایەتە هاتە خـــوارەوە، کە دەفەرموێ: (يَحْذَرُ الْمُنَافِقُونَ أَن تُنَزَّلَ عَلَيْهِمْ سُورَةٌ تُنَبِّئُهُمْ بِمَا فِي قُلُوبِهِم قُلِ اسْتَهْزِؤُواْ إِنَّ اللّهَ مُخْرِجٌ مَّا تَحْذَرُونَ * وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ قُلْ أَبِاللّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِؤُونَ * لاَ تَعْتَذِرُواْ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ إِن نَّعْفُ عَن طَآئِفَةٍ مِّنكُمْ نُعَذِّبْ طَآئِفَةً بِأَنَّهُمْ كَانُواْ مُجْرِمِينَ) التوبة/٦٤-٦٦ واتە: دوو ڕووەکان لەوە دەترسن، کە سوورەتێکی قورئان دەربارەیان بێتە خوارەوەو، هەرچی لە دڵ و دەروونیاندایە بۆ موسوڵمانانی بخاتە ڕوو! تۆ پێیان بڵێ: گاڵتەجاڕی خۆتان بکەن!!ئاخری خوای گەورە ئاوا کەشفتان دەکات، هەرچی لە دڵتاندایە دەیخاتە ڕوو، ئەگەر لێشیان بپرسیت، تەئکید دەکەنەوە، کە گوایە سوعبەتیان دەکرد، پێیان بڵێ: ئەوە گاڵتەتان بە خواو بە ئایەتەکانی و بە پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکرد؟! چیدی بەهانەی درۆو دەلەسە مەهێننەوە، ئێوە تیرو توانجتان دەگرتە پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەمەش پاشگەزبوونەوەتانە، گەر لەوانەشتان خۆش بین، کە پەشیمان بوونەتەوەو تۆبەیان کردوە، حەتمەن ئەوانی ترتان هەر توشی ئازارو دەردەسەری دەکەین، چونکە یاخی و تاوانبارن ..

کەوابوو گاڵتە کردن بە هەر بەشێکی ئیسلام، بە هەر دروشمێکی بێت، یان بە دەقێکی قورئان و فەرموودەی سەحیح بێت، هەر کافر بوونە، چونکە پێچەوانەی شایەتمانە... بۆ نموونە یەکێك بڵێت: چییە؟ دەتانەوێت بمانگێڕنەوە بۆ شەریعەتی هەق بە هەق دان بە دان و چاو بە چاو؟!یان، کە گوێی لە ئایەتێك، یان فەرمودەیەك ببێت بڵێ: بابە واز لەم قسە هیچ و پوچانە بهێنن! یان دەربارەی مەسەلەیەکی ئیسلامی بڵێ: ئێوە چیتانە؟!لەم ئیسلامەتیەدا هەر توێکڵەکەیتان گرتووە؟! وەك بیەوێت ئەوە بسەلمێنێت، کە ئیسلام بەشێکی توێکڵەو پێویستە داڕنرێت و بەشێکی تریشی کرۆك و ناوکە!! تەنانەت لە

پێچەوانەی شایەتمان و مورتەد بوونەوەیە، ئەگەر یەکێك گاڵتە بە ڕیش (ڕدێن)ی موسوڵمانێك (بەو سیفەتەی، کە هێماو سیمایەکی ئیسلامە) بکات! چ جای بە نوێژو ڕۆژو، یان نوێژ خوێن و ڕۆژووەوان... یان گاڵتە کردن بە زانستیە شەرعیەکانی وەکو خوابەیەکناسی (التوحید) و فیقە و هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی قورئان و..هتد، یان بە زاناو شەرعناسانی ئیسلام، بە ئیهانە کردنیان، بە ڕێز شکاندنیان، بەو سیفەتەیان، کە بانگخوازی ئیسلامن، یان گاڵتە کردن بە عیلمەکەیان، کە گوایە هیچی تر غەیری زانستی ئایینی نازانن! زۆر شتی تریش لەم بابەتانەی، کە نەك هەر کافرو دووڕوەکان تێی دەکەون، بە داخەوە هەندێك لە موسوڵمانانیش- لە نەزانیین و بایەخ پێ نەدانیاندا - تێی دەکەون!!بێژەری هەر یەکێك لەمانەی باس کراو هی هاوشێوەی تریشی، لە بازنەی ئیسلامەتی پێیان دەچێتە دەرەوە و فڕی ئیسلامی بەسەرەوە نامێنێت! ئاخر بۆیە پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (وَإِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ مِنْ سَخَطِ اللَّهِ لَا يُلْقِي لَهَا بَالًا يَهْوِي بِهَا فِي جَهَنَّمَ) رواه البخاری[١] واتە: لەوانەیە کابرایەك ووشەیەکی لەوەی مایەی ڕق هەستانی خوایە لە دەم بێتە دەرەوە، بێ ئەوەی خۆی بایەخی پێ بدات، بەڵام دەبێتە هۆی فڕێ دانیە ناو دۆزەخەوە...

**١٠- حەڵاڵ کردنی شتێك، کە ئیسلام حەرامی کردووە، یان حەرام کردنی شتێك، کە ئیسلام حەڵاڵی کردوە:** خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّمَا يَفْتَرِي الْكَذِبَ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِآيَاتِ اللّهِ وَأُوْلـئِكَ هُمُ الْكَاذِبُونَ) النحل/١٠٥ واتە: ئەو کەسانە درۆ بە دەم خواوە هەڵدەبەستن، کە باوەڕیان بە نیشانەو بەڵگەکانی ئەو نییە، ئەوانە هەر درۆزنن.

---

[١] بوخاری (٦٤٨٧)، ترمذي (٢٣١٤)، ئەحمەد (٣٣٤/٢). تەواوی فەرموودەکە ئەمەیە: (إنَّ العَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بالكَلِمَةِ لا يَلْقِي لَهَا بَالاً يَرْفَعُهُ اللهُ بِهَا دَرَجَاتٍ وَإنَّ العبدَ لَيتكلَّمُ بالكَلِمَةِ مِنْ سَخَطِ اللهِ لا يَلْقِي لَهَا بَالاً يَهوي بِهَا في جَهَنَّمَ).

درۆ هەڵبەستن بە ناوی خواوە بریتییە لە حەڵاڵ کردنی ئەوەی، کە ئەو حەرامی کردووە، یان حەرام کردنی ئەوەی، کە ئەو حەڵاڵی کردوو، ئەمەش یەکێکە لە گەورەترین تاوانەکانی مرۆڤ لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، پەروەردگار دەربارەی دەفەرموێ: (وَلاَ تَقُولُواْ لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَذَا حَلاَلٌ وَهَذَا حَرَامٌ لِّتَفْتَرُواْ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ لاَ يُفْلِحُونَ) النحل/١١٦ واتە: هەر وا بە قسەی سەرزارەکیتان مەڵێن ئەمە حەڵاڵەو ئەوە حەرامە، درۆش بە ناوی خواوە دروست مەکەن، ئەوانەی درۆ بەدەم خوای گەوەروە هەڵ دەبەستن، سەرکەوتو نابن، کەمێك سودیان پێ دەگات و لەزەتی لێ دەکەن، بەڵام دوایی دوچاری ئەو سزا سەخت و بەژانە دەبن، کە بۆیان دانراوە...

* هەروەرها دەفەرموێ: (إِنَّمَا النَّسِيءُ زِيَادَةٌ فِي الْكُفْرِ يُضَلُّ بِهِ الَّذِينَ كَفَرُواْ يُحِلِّونَهُ عَامًا وَيُحَرِّمُونَهُ عَامًا لِّيُوَاطِؤُواْ عِدَّةَ مَا حَرَّمَ اللّهُ فَيُحِلُّواْ مَا حَرَّمَ اللّهُ زُيِّنَ لَهُمْ سُوءُ أَعْمَالِهِمْ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ) التوبة/٣٧ واتە: دواخستنی مانگەحەرامەکان، یان گۆڕینیان بۆ مانگی تر[١] (واتە دەسکاری کردنی یاسای کۆمەڵایەتی جەنگ و ئاشتی)، نەك هەر کوفرە بەڵکو کوفرەو لەبان کوفرە!چونکە دەبێتە مایەی گومڕایی و سەرگەردانی کافرەکان، لەبەر ئەوەی ساڵێك بە حەڵاڵی دادەنێن و ساڵێکی دی بە حەرام! ئاوا دەیانەوێت لەگەڵ ئەو مانگانەی خوای گەورە بە حەرام ناساندوونی تێکیان هەڵکێشن! تا ئەوەی خوا بە

---

[١] لەبەر ئەوەی لە عورفی کۆمەڵایەتی و سیاسی عەرەبەکانی پێش ئیسلامدا وا بوو کە نابێت لەو مانگانەدا شەڕ بەرپا بکرێت کە پێیان دەوترا مانگە حەرامەکان (الاشهر الحرم) کە بریتی بوون لە (ذوالقعدة و ذوالحجة و موحەرەم و ڕەجەب)، بەڵام جاری وا هەبوو - بە گوێرەی بەرژەوەندی زلهێزەکانیان - شەڕیان لە یەکێك لەو مانگانەدا بەرپا دەکرد، (بۆ نموونە لە ڕەجەبدا) بەڵام لە جیاتی ئەو مانگە، مانگێکی تری ئەو ساڵەیان (بۆ نموونە شەووال) دەکردە مانگی حەرام!! خوای گەورەش ئەمەی -کە ناوی النسیئە بوو- لێکردنە بەڵگەی یاسا دانان بە گوێرەی کەیف و بەرژەوەندی !! کە لە ئیسلامدا بە نیشانەی کافر بوونی ناساند..

حەرامی داناوە، ئەمان حەڵاڵی کەن! ئەم ڕەفتارە ناقۆڵانەیان لا جوان کراوە، بەڵام خۆ خوا هیدایەتی کەسانی کافر نادات.

حەرام کردنی ئەو شتانەی خوای گەورە حەڵاڵی کردون و، حەڵاڵ کردنی ئەوانەی ئەویش حەرامی کردون، کوفرە، پەلە کردن لە شت حەرام کردن، وەك پەلە کردنە لە شت حەڵاڵ کردن، خەڵکیش هەیانە زێدەڕۆیی دەکەن و زۆر شت حەرام دەکەن، هەشیانە شلگیرن و نایانەوێت هیچیان لێ حەرام بێت! هەردو هەڵوێستەکەش هەڵەن!موسوڵمان بۆی نییە ڕای خۆی بخاتە پێش ڕێنمایی خواو پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، هیچ ڕایەکیش لەسەر هیچ مەسەلەیەك دەرنابڕێت، تا نەزانێت حوکمی شەرعی ئەو مەسەلەیە چییە؟ چونکە دەزانێ ئەمە پێچەوانەی شایەتمانە و سەرپێچییە لە فەرمانی خوا، کە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ)الحجرات/١ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، ڕای خۆتان پێش خواو پێغەمبەری خوا دەرمەبڕن و پێشنیاریان مەخەنە پێش!.

**١١- باوەڕنەهێنان بە هەموو دەقەکانی قورئان و سوننەتی ڕاستی پێغەمبەر** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ فَمَا جَزَاء مَن يَفْعَلُ ذَلِكَ مِنكُمْ إِلاَّ خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَى أَشَدِّ الْعَذَابِ وَمَا اللّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ)البقرة/٨٥ واتە: ئایا باوەڕتان بە هەندێك ئایەت هەیەو، باوەڕتان بەوانی تری نییە؟!!خۆ سزای ئەو کەسەی، کە ئاوایە سەرشۆڕی دنیایەو لە ڕۆژی دواییشدا ڕادەکێشرێتە ناو سەختترین سزاوە، خۆ خوا بێ ئاگا نییە لەو کردەوە بەدو چەپەڵانەی، کە ئەنجامی دەدەن... پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (هلْ عَسَى رَجُلٌ يَبْلُغُهُ الحديثُ عَنِّي وهُوَ مُتَّكِئٌ عَلَى أَرِيكَتِهِ فَيَقول: بَينَنَا وبينَكُمْ كتابُ اللهِ، فَمَا وَجَدْنَا فيهِ حَلَالاً اسْتَحْلَلْنَاهُ ومَا وَجَدْنَا فيهِ حَرَاماً حَرَّمْناهُ  وإنَّ مَا حرَّمَ رسولُ اللهِ

صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كمّا حَرَّمَ اللهُ).[١] واتە: ئەرێ ڕەنگە كابرایەك -لەو كاتەیدا، كە لەسەر دۆشەك و سەكۆی حەوانەوەی پاڵی لێ داوەتەوە- حەدیسێكی منی پێ بگات، یەكسەر بڵێ: نا، ئەوەی لە نێوان ئێمەو ئێوەدایە قورئانەكەیە، ئەو چی حەڵاڵ كردبێت بە حەڵاڵی دەزانین و، چیشی حەرام كردبێت بە حەرامی دەزانین (وەك بڵێی: ئیتر حەقمان بەسەر حەدیسەوە نییە) نا، نەخێر، ئەوەی، كە پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حەرامی كردووە هەر وەكو ئەوەیە، كە خوای گەورە حەرامی كردوە...

هەروەها دەفەرموێ: (تَرَكْتُ فِيكُمْ أَمْرَيْنِ لَنْ تَضِلُّوا مَا تَمَسَّكْتُمْ بِهِمَا: كِتَابَ اللَّهِ وَسُنَّةَ رَسُولِهِ).[٢] واتە: دوو شتم بۆتان بەجێ هێشتوە گەر دەستیان پێوە بگرن، هەتا ماون گومڕا نابن: كتێبەكەی خواو سوننەتی پێغەمبەرەكەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

باوەڕ نەهێنان بە شتێك لە دەقەكانی قورئان، پێچەوانەی شایەتمانەو كوفرە، چونكە خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ) الحجر/٩ واتە: ئێمە خۆمان قورئانمان ناردۆتە خوارەوەو خۆشمان پارێزگاری ئەوین... باوەڕ نەهێنان بە سوننەتێكی ڕاست و سەلمێنراوی پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەر پێچەوانەی شایەتمانەو هەر كوفرە، چونكە بە درۆخستنەوەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، بە درۆخستنەوەی ئەویش لە بچوكترین شتیدا كوفرە... جا چۆن بە ڕاست نەزانینی سوننەتی ڕاست سەلمێنراوی دەماودەم گێڕراوە، پێچەوانەی شایەتمانەو كوفرە، زیاد كردنی ئەنقەستی ووشەو ڕستەی تریش بۆ حەدیس هەر پێچەوانەی شایەتمانەو كوفرە...

---

[١] نووسەری ڕەحمەتی نوسیوێتی: (رواه الترمذي وقال حديث حسن صحيح ورواه مالك) راستە. ترمذي (٢٦٠٧)، ئەبوداوود (٣٩٩١)، ئیبنوماجە (١٢)، داریمی (٥٨٧)، ئەحمەد (١٦٨٦٣). ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح الجامع/٨١٨٦)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[٢] نووسەری ڕەحمەتی نوسیوێتی: (رواه الامام مالك). راستە. مالک (٣٣٣٨). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح الجامع/٢٩٣٧ )دا بە سەحیحی داناوە.

چونكە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خۆی دەفەرموێ: (مَنْ حَدَّثَ عَنِّي حَدِيثًا وَهُوَ يَرَى أَنَّهُ كَذِبٌ فَهُوَ أَحَدُ الْكَاذِبَيْنِ).[١] واتە: هەر كەسێك قسەیەك، كە دەزانێت درۆیە بە دەم منەوە بگێڕێتەوە، خۆشی یەكێكە لە درۆزنەكان...

**١٢- پشتگیری كافر و دووڕوان و قبوڵ كردنی سەرپەرشتیارێتییان، هەروەها خۆش نەویستنی موسوڵمانان و خوا بەیەك ناسان**، چونكە خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاء بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ * فَتَرَى الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يُسَارِعُونَ فِيهِمْ يَقُولُونَ نَخْشَى أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٌ فَعَسَى اللّهُ أَن يَأْتِيَ بِالْفَتْحِ أَوْ أَمْرٍ مِّنْ عِندِهِ فَيُصْبِحُواْ عَلَى مَا أَسَرُّواْ فِي أَنْفُسِهِمْ نَادِمِينَ * وَيَقُولُ الَّذِينَ آمَنُواْ أَهَؤُلاء الَّذِينَ أَقْسَمُواْ بِاللّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ إِنَّهُمْ لَمَعَكُمْ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فَأَصْبَحُواْ خَاسِرِينَ) المائدة/٥١-٥٣ واتە: ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە، جولەكەو دیانان -لە جێی موسوڵمانان- مەكەنە سەرپەرشتیاری خۆتان، ئەوانە لە ناو خۆیاندا پشتی یەكتر بەرامبەر موسوڵمانان دەگرن و، دژایەتی ئەو كەسانە دەكەن،كە لە ئایین و میللەتی خۆیان نین، ئاخر هەر كەسێكتان پشتیوانی لەوان بكات و بەسەرپەرشتی خۆیان قبوڵ بكات، حوكمی ئەویش وەكو هی ئەوانی لێ دێت! خواش هیدایەتی خەڵكانی ستەمكار نادات. دەبینیت ئەوانەی دڵ و دەروون نەخۆشن ڕادەكەنە لای ئەو كافرانەو دەچنە ڕیزیانەوە، دەڵێن: ئاخر دەترسێین ڕۆژێك بێت دوچاری كێشەو بەڵێ ببین، با لای ئەوان دەستێكمان هەبێت! باشە ئەگەر خوای گەورە سەركەوتنی بە

---

[١] نووسەری ڕەحمەتی نوسیوێتی: (رواه مسلم والترمذي). ڕاستە. موسلیم لە پێشەكی سەحیحەكەیدا هێناویێتیەوە، ترمذي (٢٦٦٢)، ئیبنوماجە (٤١)، ئەحمەد (١٨٢٦٦). ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح سنن ابن ماجە/٣٩)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

موسوڵمانان بەخشی و ئەوان سەرکەوتن (ئەگەر مەککەیان ڕزگار کرد)، یان هەر فەرمانێکی تری ئەو بۆ موسوڵمانان دەرچێت، کە زاڵ ببن و دەسەڵات بگرنە دەست، جا دەبینیت چۆن ئەو دەروون نەخۆشانە پەنجەی پەشیمانی دەگەزن و ژێوان دەبنەوە.. ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە بە سەرسامیەوە دەپرسن: ئەمە ئەوانەن، کە ئەو هەمو سوێندەیان بۆ ئێمە دەخوارد، کە لەگەڵتانین؟!ئەمە ئەوانەن؟!!جا ئەوانە کارو کردەوەیان مایەپووچ دەبێت و بێ پاداشت، ڕیسواو زەرەرمەند دەبن...

* هەروەها دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الَّذِينَ اتَّخَذُواْ دِينَكُمْ هُزُوًا وَلَعِبًا مِّنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ وَالْكُفَّارَ أَوْلِيَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ)المائدة/٥٧ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، ئەو کەسانە مەکەن بە سەرپەرشتیارو بەرپرس و جێ متمانەی خۆتان، کە ئایینەکەتانیان دەکردە مایەی گاڵتەو گەپ و گەمەی کۆڕیان، چ لەوانەی، کە ئەهلی کیتابن، چ کافرانی تر، لە خوا بترسن و پارێزکار بن، ئەگەر ڕاست دەکەن و موسوڵمانن...

* (الْمُنَافِقُونَ وَالْمُنَافِقَاتُ بَعْضُهُم مِّن بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمُنكَرِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمَعْرُوفِ وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ نَسُواْ اللّهَ فَنَسِيَهُمْ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ هُمُ الْفَاسِقُونَ* وَعَدَ اللهُ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْكُفَّارَ نَارَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا هِيَ حَسْبُهُمْ وَلَعَنَهُمُ اللّهُ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ)التوبة/٦٧-٦٨ واتە: ژن و پیاوی دووڕووەکان سەر بەیەکن و هەمویان، هەر فەرمان بە خراپەو بەرهەڵستی لە چاکە دەکەن، پیسکەو ڕەزیلن، ئەوان خوایان لە بیر کردووەو خوای گەورەش ئەوانی فەرامۆش کردوە(ئیهمالی کردون و لە ڕەحمەت و بەزەیی خۆی بێ بەشی کردون). بەڕاستی دووڕووەکان لە فەرمانی خوای گەورە دەرچوون و کافر بوون، بۆیە خوای گەورە بەڵێنی بە ژن و پیاوە دووڕووەکان و بە کافرەکانیشی داوە، کە حەتمەن دەیانخاتە ناو ئاگری دۆزەخەوە، بە هەتا هەتاییش دەبێت تێیدا بمێننەوە، دۆزەخیش

بەسە بۆیان، دۆزەخ لە عەوەیان دێت، خوا نەفرینی لەو دوورو کافرانە کردووەو بڕیاری داوە، کە سزاو ئازارێکی زۆر بە ژان و ئێشی هەمیشەییان بێنێتە ڕێ...

* (بَشِّرِ الْمُنَافِقِينَ بِأَنَّ لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا * الَّذِينَ يَتَّخِذُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاء مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ أَيَبْتَغُونَ عِندَهُمُ الْعِزَّةَ فَإِنَّ الْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا)النساء/١٣٨-١٣٩واتە: مژدە بدە بە دووڕووەکان، کە لە خواوە سزایەکی سەختیان بۆ دانراوە، ئەوانەی، کە - لە جیاتی موسوڵمانان - کافرەکان دەکەنە سەرپەرشتیارو بەرپرسی خۆیان، چما بە هیوای وەدەست هێنانی دەسەڵات و هێزو عیزەتیان دەچنە پاڵ ئەوان؟!! ئاخر خۆ هەموو دەسەڵاتی تەواوی بێ هاوتا، هەر هی خوای پەروەردگارەو بەس؟!

* (وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ الَّذِيَ آتَيْنَاهُ آيَاتِنَا فَانسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ الشَّيْطَانُ فَكَانَ مِنَ الْغَاوِينَ * وَلَوْ شِئْنَا لَرَفَعْنَاهُ بِهَا وَلَكِنَّهُ أَخْلَدَ إِلَى الأَرْضِ وَاتَّبَعَ هَوَاهُ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الْكَلْبِ إِن تَحْمِلْ عَلَيْهِ يَلْهَثْ أَوْ تَتْرُكْهُ يَلْهَث ذَّلِكَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ * سَاء مَثَلاً الْقَوْمُ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَأَنفُسَهُمْ كَانُواْ يَظْلِمُونَ)الأعراف/١٧٥-١٧٧ واتە: باسی ئەو کابرایەیان بۆ بکە، کە چەندین ئایات و بەڵگەی خۆمان پێدا بوو، کەچی ئەو هەمووی لەبەر خۆی داماڵی و وای لێ هات شەیتان کەووتە شوێنی!!زەرەری کردو چووە ڕیزی گومڕایانەوە، ئەگەر حەزمان کردایە هەر ئەو ئایەتانەمان دەکردە مایەی پلەبەرزی و سەرفرازیی، بەڵام ئەو خۆی باوەشی بە دنیادا کردو ویستی بە نەمری لەسەر زەمیندا بمێنێتەوە! نمونەی ئەمە وەکو سەگە، ڕاوی دەنێیت، هەر زمانی دەرەکێشێت و هانکە هانکێتی، لێی دەگەڕێیت هەرووەتر: زمانی دەرکێشاوەو هانکە هانکێتی! نمونەی ئەو کەسانەش، کە ئایەتەکانی ئێمە بەدرۆ دەخەنەوە، وەکو ئەو سەگە وان، ئەم داستان و نمونانەیان بۆ بگێڕەرەوە، بەڵکو هۆشێکیان بێتەوە بەبەردا، بەڕاستی

نموونەو حاڵی ئەو کەسانەی ئایات و بەڵگەکانی ئێمەیان بە درۆ دەخستەوە خراپ و، ناقۆڵاو دزێوە، ئێ هەر خۆیان ستەمەکەیان لە خۆیان کرد.

زۆرینەی موفەسسیرەکان ڕایان وایە، کە ئەم ئایەتانە باسی کابرایەکی بەنی ئیسرائیلی دەکەن، کە ناوی بەلعەمی کوڕی باعورا بوو، کە سەرەتا باوەڕی بە بانگەوازەکەی موسا هێنا بوو، بەڵام دوایی بۆ ماڵی دنیاو بە بەرتیلی حاکمی ئەو زەمانە هەڵگەڕایەوەو، کەووتە شوێن هەواو هەوەسی خۆی و بابای حاکم، بۆیە بو بە سەگی هار!!

**١٣- بێ ئەدەبی بەرامبەر بە پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ:** چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ وَلا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَن تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنتُمْ لا تَشْعُرُونَ)الحجرات/٢ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، دەنگتان بەسەر دەنگی پێغەمبەردا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەرز مەکەنەوەو لە دورەوە بانگی مەکەن، هەر وەکو لە ناو خۆتاندا هاوار لە یەکتری دەکەن! نەبادا کارو کردەوەکانتان پوچ هەڵگەڕێن و ئێوەش پێ نەزانن، دوایی لێتان تێك چێت و وا بزانن کارو کردەوەکانتان لە فەڕو بەرەکەتی خوادا زۆر بووە..

هەڕەشە کردنەکە بە پوچەڵ بوونی کارو کردەوەکانیان بە قبوڵ نەکردنێتی، دیارە بۆیە قبوڵیش ناکرێت، چونکە پێچەوانەی شایەتمانەکەیەو بۆ خوا نەبووە، ئەمەش هاوشانی پاشگەز بوونەوەیە لە ئایین، لە جێیەکی تریشدا دەفەرموێ:

* (....وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُوْلَئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ) البقرة/٢١٧ واتە: هەر کەسێکتان لە ئایینەکەی پاشگەز ببێتەوەو ئاوا بمرێت، ئەوە بە کافری مردووەو هەموو ئەو کارو کردەوانەشی کە کردبوونی، پوچەڵ دەبێتەوەو لای خوای گەورە هیچ نرخێکی نابێت، ئەوانە دوایی، کە دەچنە ناو ئاگری دۆزەخەوە، بە نەمری هەتا هەتایە تێیدا دەمێننەوە.

جا ئەگەر دواندنی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و بانگکردنی بە دەنگی بەرز ببێتە مایەی پوچەڵ بوونەوەی کارو کردەوەی موسوڵمان و بیخاتە ڕیزی ئەو کەسانەوە، کە مورتەد بوونەتەوە! ئەدی حوکمی کارێکی لەو دژوارتر، دەبێت چی بێت؟! دەبێت حوکمی گاڵتە پێکردنی چی بێت؟! وەکو ئەو نەفرین لێکراوانە شایانی کوشتنن، کە بەتەوسەوە دەڵێن محمد خاوەنی نۆ ژن بووە!

حوکمی ئەم خاڵە زۆر لایەنی تر دەگرێتەوە، وەك ئەو کەسانەی، کە باسی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە نوسینەکانیاندا بە خراپی دەکەن، هەر وەکو باسی کابرایەکی ئاسایی نەناس بکەن! ئەو مورتەدانەی بە ناوی زانستی و شیکردنەوەی مێژو هەڵسەنگاندنەوە دەیانەوێت تانەو تەشەر لە پێغەمبەری خۆشەویستی خواو سەرووەری ئەهلی ئیسلام بدەن... خوای پەروەدگارو کارزان جوانی فەرمووە، کە دەفەرموێ: (وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا شَيَاطِينَ الإِنسِ وَالْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُورًا وَلَوْ شَاء رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ * وَلِتَصْغَى إِلَيْهِ أَفْئِدَةُ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ وَلِيَرْضَوْهُ وَلِيَقْتَرِفُواْ مَا هُم مُّقْتَرِفُونَ)الأنعام/١١٢-١١٣ واتە: هەر بەو شێوەیە بۆ هەمو پێغەمبەرێك دوژمنمان لە مرۆڤ و شەیتانان دیاری کردوە، کە لە ناو خۆیاندا ڕاو بۆچون دەگۆڕنەوەو ئاماژەی پلان و پیلان بۆ یەکتر دەکەن و، قسەی باق و بریق و زل زل بۆ مەغرور کردنی یەکتری دەکەن! ئەگەر پەروەردگاری تۆ بیوویستایە هەمو پلان و پیلانێکی ئەوانەی لەو پێغەمبەرانە دور دەخستەوە، بەڵام لێیان گەڕێ، با هەر ئاوا درۆو دەلەسە هەڵبەستن، با کافرەکانیش ئەوانەی باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی نییە، گوێی دڵی خۆیانیان بۆ هەڵخەن! با دڵیان پێیان بکرێتەوەو ڕازیان کەن، لێیان گەڕێ، با چ تاوانێك هەیە بیکەن و، کام خراپەیان لە دەست دێت، با قسور نەکەن...

**١٤- دڵ گوشران و ناڕەحەت بوون لە یەکخواپەرستی و باس کردنی و دڵشاد بوون بە باسی کوفرو بێ دینی!** چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَإِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَحْدَهُ اشْمَأَزَّتْ قُلُوبُ الَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ وَإِذَا ذُكِرَ الَّذِينَ مِن دُونِهِ إِذَا هُمْ يَسْتَبْشِرُونَ)الزمر/٤٥ واتە: کە باسی خوای تاك و تەنها دەکرێت، ئەوانەی بێ باوەڕن، دڵیان دەگوشرێت و پێی ناڕەحەت دەبن!!کەچی، کە باسی بت و بتپەرستی دەکرێت، دڵشاد و خۆشحاڵ دەبن... نمونەی وا لە ناو خەڵکیدا زۆر دەبینرێت، بۆ نمونە: ئەگەر هۆی سەرکەوتنی ئیش و کارو سەرکەوتنەکان بگێڕرێنەوە بۆ تواناودەسەڵاتی خوای گەورە، دڵیان تەنگ دەبێت، پێیان ناخۆشە وا لێك بدرێتەوە، گەر بیشیگێڕنەوە بۆ سروشت و باروزروف و... هتد، دڵخۆش دەبن! ئەگەر بڵێیت هۆی بەزین و تێکشکانی موسوڵمانان ئەوەیە، کە ئێمە زۆر شارەزای نەخشەو پلانی ململانێی نوێ نەبووین، پێیان خۆشە، کەچی، کە دەڵێیت: ئیرادەی خوا وا بو، کە بە تێکشکان تاقیمان کاتەوە، یان چونکە گوناهمان زۆرەو تۆبەی تەواومان لێیان نەکردوە، لچ هەڵ دەقورچێنن و ڕو گرژ دەکەن، کە دەڵێیت: هۆی سەرکەوتنمان باش خۆ ئامادە کردن و ئازایەتی و خۆگرتنی خۆمانە، ئاسودەیی دەردەبڕن، کەچی هەر بەوەندەی بڵێیت: سەرکەوتنەکەمان لەلایەن خوای گەورەوەیەو ئەو بە لوتفی خۆی پێی بەخشیوین، مرومۆچ دەبن و نکوڵی لێ دەکەن... کە پێیان دەڵێیت: با هەمیشە نییەتمان بۆ خوای گەورە ساغ کەینەوەو نیازمان ڕەزامەندی ئەو بێت، پێیان ناخۆش دەبێت، کەچی، کە باسی هەواو هەوەس و نەوس و نەفس و هەڵپەو چڵێسیان بۆ دەکەیت، شاگەشکە دەبن.

**١٥- ووتن و باوەڕکردن بەوەی، کە ئایەتی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مانای تری ناوەکیان هەیە:** واتە جگە لە مانای زاهیری مانای تری (باطنی) یان هەیە! واتە: گوایە ئەم ئایەتانەی قورئان و ئەم حەدیسانە مانای تریان لە خۆ گرتووە، کە تەنها ئەو کەسانە تێیان دەگەن، کە خوای گەورە ئیلهامی پێ بەخشیون و بە دەردی خۆیان دەڵێن، ئەوانەی (عیلمی لەدونی) یان هەیە! ئەمەش پێچەوانەی شایەتمانە و

کوفره،چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّا أَنزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ) یوسف/٢ واتە: ئێمە قورئانمان بە زمانی عەرەبی ناردۆتە خوارەوە تا پەی پێ ببەن و ئەقڵتان پێی بشکێت...

* (لِّسَانُ الَّذِي يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِيٌّ وَهَذَا لِسَانٌ عَرَبِيٌّ مُّبِينٌ)النحل/١٠٣واتە: زمانی ئەو کەسەی ئەم قورئانەی دەدەنە پاڵ[١] زمانێکی بێگانەیە! خۆ زمانی قورئان، زمانی ڕەوانبێژی عەرەبییە.

* (وَكَذَلِكَ أَنزَلْنَاهُ حُكْمًا عَرَبِيًّا وَلَئِنِ اتَّبَعْتَ أَهْوَاءهُم بَعْدَ مَا جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ اللَّهِ مِن وَلِيٍّ وَلاَ وَاقٍ) الرعد/٣٧ واتە: هەروەها قورئانێکی عەرەبیمان بۆ ناردیت تا شوێنی بکەویت، خۆ ئەگەر شوێن هەواو هەوەسی ئەوان (کافرەکان) بکەویت -دوای ئەوەی ڕێبازی خواوویستیت بۆ ڕوون کرایەوەو ناسیت- لە ڕیزی ئیسلامەتی دەردەچیت و کەسیش نابێت لە لای خوای گەورە پشتیوانیت لێ بکات! کەسیش ناتوانێت لە سزای ئەو بتپارێزێت..

زمانی عەرەبی ئاشکرایەو ووشەکانی ناسراون و تۆمار کراون، ڕێزمانەکەشی نوسراوەتەوە، ئاشکرێ کەسێك بتوانێت قورئان تەفسیر بکات، بێ ئەوەی شارەزایی لە ووشەو ڕستەو زمانی عەرەبیدا هەبێت، هەر کەسێکیش بە غەیری ڕێسای زمانی عەرەبی، قورئان لێکداتەوە، لێی وەرناگیرێت و بەو کارەشی کافر دەبێت، جا هەر کەس بێت و بە مانای ناوەکی قورئان لێك داتەوە، قورئان چی بەسەر چییەوە دەمێنێت؟!ئەوجا پێوەر چی

---

[١]کافرە قورەیشیەکان دەیانووت: ئەو کەسەی ئەم قورئانە بە محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەڵێت کابرایەکی ڕۆمیە کە ناوی (جەبر الرومی) یە!.

دەبێت بۆ جیاكردنەوەی هەڵەو ڕاستی ئەو جۆرە تەفسیرانە؟!خۆ ئەو كاتە موسوڵمانان دە ئەوەندەی دیان و جولەكە، ئایینەكەیان لێ دەشێوێت و سەد ئەوەندەی ئەوان، لەت و پەت دەبن و پەرتەوازە دەكەون! لەم ڕوانگەشەوەیە، كە دەبێت بزانین دوژمنایەتی كردنی زمانی عەرەبی و بەرهەڵستی كردنی عەرەبی پەتی (فوسحا)، نەك هەر لادانە لە ئیسلام، بەڵكو ڕیشەكێش كردنی خودی ئیسلامەكەیە... چونكە قورئان ئەو كتێبەیە، كە عەلی كوڕی ئەبو تالیب خوای لێ رازی بێت دەفەرموێ، كە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئاوا باسی قورئانی فەرمووە: (كِتَابُ اللهِ، فِيهِ نَبَأُ مَا كَانَ قَبْلَكُمْ، وَخَبَرُ مَا بَعْدَكُمْ، وَحُكْمُ مَا بَيْنَكُمْ، وَهُوَ الْفَصْلُ لَيْسَ بِالْهَزْلِ، مَنْ تَرَكَهُ مِنْ جَبَّارٍ قَصَمَهُ اللَّهُ، وَمَنِ ابْتَغَى الْهُدَى فِي غَيْرِهِ أَضَلَّهُ اللَّهُ، وَهُوَ حَبْلُ اللهِ الْمَتِينُ، وَهُوَ الذِّكْرُ الْحَكِيمُ، وَهُوَ الصِّرَاطُ الْمُسْتَقِيمُ، هُوَ الَّذِي لاَ تَزِيغُ بِهِ الأَهْوَاءُ، وَلاَ تَلْتَبِسُ بِهِ الأَلْسِنَةُ، وَلاَ يَشْبَعُ مِنْهُ الْعُلَمَاءُ، وَلاَ يَخْلَقُ عَلَى كَثْرَةِ الرَّدِّ، وَلاَ تَنْقَضِي عَجَائِبُهُ، هُوَ الَّذِي لَمْ تَنْتَهِ الْجِنُّ إِذْ سَمِعَتْهُ حَتَّى قَالُوا: "إِنَّا سَمِعْنَا قُرْآنًا عَجَبًا يَهْدِي إِلَى الرُّشْدِ) مَنْ قَالَ بِهِ صَدَقَ، وَمَنْ عَمِلَ بِهِ أُجِرَ، وَمَنْ حَكَمَ بِهِ عَدَلَ، وَمَنْ دَعَا إِلَيْهِ هَدَىَ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ).[١] واتە: قورئان كتێبی خوایە باسی ئەوانەی پێش خۆتان و هەواڵی ئەوانەی دوای خۆتان و دەستوری حوكم كردنی خۆتانی تێدایە، ڕاكانی قورئان بنبڕ (قەتعی)ن هەوانتەو گاڵتەجاڕ نین، هەر دەسەڵاتدارێك پشتی تێ كا، خوا پشتی دەشكێنێت، هەر كەسێكیش ڕێنماییەكانی وەرگرێت، هەواو هەوەس سەرگەردانی ناكات، هیچ زمانێك ناتوانێت وەك ئەو دارێژێت، هەر قورئانە، كە زانایان لێی تێر نابن، هەرچەند بەرپەرچ بدرێتەوەو بە درۆ بخرێتەوە سوك نابێت، سەرسوڕهێنەرەكانی ناوی تەواو نابن، هەر ئەو قورئانەیە، كە پەریەكان لە ناو خۆیاندا بە یەكتریان دەوت: گوێمان لە قورئانێكی

---

[١] نووسەری رەحمەتی نوسیویێتی: (رواه الترمذي). راستە. ترمذی (٢٩٠٦)، ئەحمەد (٩١/١)، داریمی (٣٣٣١). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە: (ضعيف سنن الترمذي/٥٥٤)دا بە زەعیفی داناوە. هەندێك زانای تر فەرموویانە ئەمە فەرمایشتی سەیدنا عەلی خۆیەتی. بە هەر حاڵ خۆ گومانی تێدا نییە كە ئەوە هەمووی وەسفی قورئانەو حەقە.

سەیر بوو، کە ڕێنمایی بەرەو چاکەخوازی دەکات، ئێمەش باوەڕمان پێی هێناوەو شوێنی کەوتوین، هەر کەس قسە بە قورئان بکات، ڕاستگۆ دەردەچێت، ئەوی جێ بەجێی بکات، پاداشت وەردەگرێت، ئەوی حوکمی پێ بکات، دادپەروەر دەبێت، ئەوی خەڵکی بانگ بکات بۆ لای، مانای وایە خەڵکی خستۆتە سەر ڕێی خواویستی...

**١٦- نەناسینی خوا بەشێوەیەکی ڕاست و دروست، یان ئینکار کردنی یەکێك لە سیفەتەکانی، یان ناوە پیرۆزەکانی، یان کردەوەکانی:** خوای گەورە دەفەرموێ: (وَلِلّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا وَذَرُواْ الَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِي أَسْمَآئِهِ)الأعراف/١٨٠ واتە: خوا چەندین ناوی پیرۆزی هەیە، بەو ناوانە هانای بۆ بهێنن و، لێی بپاڕێنەوە، واز لەو کەسانە بهێنن، کە لە ماناو ناوەڕۆکی ناوەکانی خوا لایانداوەو نادروست لێکی دەدەنەوە...

* (اللّهُ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ لَهُ الأَسْمَاء الْحُسْنَى) طه/٨ واتە: خوا ئەو تەنها پەرستراوەیە، کە بە حەق شایانی پەرستنە و هیچ لە شێوەی ئەو نییە و، چەندین ناوی پیرۆزی هەیە.

* (قُلِ ادْعُواْ اللّهَ أَوِ ادْعُواْ الرَّحْمَنَ أَيًّا مَّا تَدْعُواْ فَلَهُ الأَسْمَاء الْحُسْنَى) الاسراء/١١٠واتە: چ هاواری (اللّه) بکەن، چ هاواری (الرحمن) بکەن، هەر یەکە، خوا چەندین ناوی پیرۆزی هەیە.[١]

* (لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ) الشوری/١١ واتە: هیچ شتێك وەکو خوا نییە، ئەو خۆی بینەرو بیسەرە.

---

[١] ئەم ئایەتە بەرپەرچی ئەبوجەهل بوو کە دەیووت: محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خۆشی نازانێت خواکەی کامەیە، جارێك دەڵێ: ناوی الله یە و جارێکی تر دەڵێ: ناوی الرحمن ە !!

* (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ * اللَّهُ الصَّمَدُ * لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ * وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ) الإخلاص

واتە بڵێ: ئەوە خوای تاك و تەنها. ئەو خوایەی جێی نیازو ئومێدە. هانای بۆ دەبرێت، کەسی لێ نەبوەو لەکەس نەبوە. کەسیش هاوتاو هاوشێوەو هاوجۆری ئەو نییە ..

* (هُوَ الَّذِيَ أَنزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ آيَاتٌ مُّحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاء الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاء تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلاَّ اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ كُلٌّ مِّنْ عِندِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلاَّ أُوْلُواْ الأَلْبَابِ * رَبَّنَا لاَ تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا وَهَبْ لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً إِنَّكَ أَنتَ الْوَهَّابُ) آل عمران/٧-٨

واتە: خوایە، کە قورئانی بۆ ناردویتە خوارەوە، کە ئایەتی وای تێدایە موحکەمن (بەڵگەو نیشانەکانی ئاشکران و هەموو کەس تێیان دەگات) هەروەها ئایاتی تریش، کە مووتەشابیهاتن (وەکو باسی نادیارو چۆنیەتی سیفاتی خواو... هتد) ئەو موسوڵمانانەی، کە باوەڕیان بە خوا هەیە تەسلیمی دەبن و باوەڕی پێ دەهێنن، چونکە دەزانن لە خواوە هاتوە، بەڵام ئەو کەسانەی، کە گوماناوی و دوو دڵ و ڕاڕان هەوڵ دەدەن دەمەوەری لەو ئایەتە مووتەشابیهاتانەدا بکەن، بەو هیوایەی موسوڵمانان بە شەڕە قسەو ئاشوب و شتی بێ سودەوە خەریك بکەن، گوایە ئەوانیش هەر قورئانەکە تەفسیر دەکەن! بەڵام خۆ خوای گەورە دەزانێت لێکدانەوەی چۆنە، زانا شارەزاکانیش دەڵێن: باوەڕمان بەوانە هەموی هێناوە، چونکە لە لایەن خوای پەروەردگارمانەوە هاتوە. بەڵام جگە لە خاوەن ژیرییەکان کەس ئەو پەندو ئامۆژگاریانە وەرناگرێت. دەسا خوایە، دوای ئەوەی ڕێنماییت کردین بۆ ڕێبازەکەی خۆت و بۆ شوێن کەوتن و پێوە پابەند بوونی، دڵیشمان لەسەر خۆشەویستی ڕێبازەکە سارد مەکەرەوە، بە ڕەحمەتی خۆت دابین بوون و جێگیریمان پێ ببەخشە، چونکە بەڕاستی هەر جەنابت ڕێنمایی ڕەحمەت دەبەخشیت...

* (أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاء مَاء) الحج/٦٣ واتە: مەگەر نابینیت، کە ئاوا خوا بارانی لە ئاسمانەوە باراندوە؟!...

- لەسەر زمانی حەزرەتی ئیبراهیمیش سەلامی خوای لێ بێت، دەفەرموێ: (وَالَّذِي هُوَ يُطْعِمُنِي وَيَسْقِينِ * وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ * وَالَّذِي يُمِيتُنِي ثُمَّ يُحْيِينِ) الشعراء/٧٩-٨٠ واتە: خوای پەروەردگاری من ئەوەیە، کە خواردن و خواردنەوەی پێ بەخشیوم، ڕۆزیم دەدات، ئەگەر نەخۆشیش کەوتم چاکم دەکاتەوە، هەر ئەویشە دەممرێنێت و زیندوم دەکاتەوە..

* (وَهُوَ الَّذِي يَتَوَفَّاكُم بِاللَّيْلِ وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُم بِالنَّهَارِ)الأنعام/٦٠ واتە: هەر خوایە، کە بەشەوان دەتانمرێنێت و هەموو ئەوانەش دەزانێت، کە بە ڕۆژ کردوتانە...

* (وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَكِنَّ اللهَ رَمَى)الأنفال/١٧ واتە: ئەی محمد، تۆ ئەو چنگە خۆڵەی گرتە چاوی کافرەکان، تۆ نەت هاوێشت، بەڵکو خوا بوو، کە هاوێشتی و گەیاندییە دەم و چاوی هەموو کافرەکان.[١]

* (اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ) الزمر/٦٢ واتە: خوا کردگاری هەموو شتێکە.

* لەو زیکرە ڕاستانەی بەردەوام دەیانکەین:(لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ الاّ باللّهِ).[١] واتە: لە تەسبیحاتی بەردەوامی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوو واتە: هیچ جۆرە تواناویەك و هیچ جۆرە هێزێك نییە، مەگەر ئەوەی، کە خوای پەروەردگار داوێتی...

---

[١] ئیبنو عەبباس خوا لێیان ڕازی بێت، دەفەرموێ: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە غەزای بەدردا چنگێك خۆڵی هەڵگرت و وەشاندییە کافرەکان و فەرمووی: (شاهت الوجوه) کەس نەما لە کافرەکان بەر چاوو لووتی نەکەوتبێت. بڕوانە سیرة ابن هشام/ عبدالسلام هارون لا ١٣٩و فقه السیرة/ محمد سعید رمضان البوطی لا ٢١٧ئەم ئایەتەش ئاماژەیە بۆ ئەو ڕوداوە.

* یان لەسەر زمانی موسا دەفەرموێ: (إِنْ هِيَ إِلاَّ فِتْنَتُكَ تُضِلُّ بِهَا مَن تَشَاء وَتَهْدِي مَن تَشَاء) الأعراف/١٥٥ واتە: خوایە ئەمە تاقی کردنەوەی خۆتە، تا ئەوە بسەلمێت، کە کێ حەزی لە گومڕاییەو کێش ڕێنمایی خوا وەردەگرێت...

ئیمامی بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە، کە: (عَنْ زَيْدِ بْنِ خَالِدٍ الْجُهَنِيِّ، قَالَ: صَلَّى بِنَا رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ صَلَاةَ الصُّبْحِ بِالْحُدَيْبِيَةِ فِي إِثْرِ السَمَاءٍ كَانَتْ مِنَ اللَّيْلِ: فَلَمَّا انْصَرَفَ أَقْبَلَ عَلَى النَّاسِ فَقَالَ: " هَلْ تَدْرُونَ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ عَزَّ وَجَلَّ؟ قَالُوا: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ قَالَ: أَصْبَحَ مِنْ عِبَادِي مُؤْمِنٌ بِي، وَكَافِرٌ، فَأَمَّا مَنْ قَالَ: مُطِرْنَا بِفَضْلِ اللهِ وَرَحْمَتِهِ، فَذَلِكَ مُؤْمِنٌ بِي، كَافِرٌ بِالْكَوْكَبِ، وَأَمَّا مَنْ قَالَ: مُطِرْنَا بِنَوْءِ كَذَا وَكَذَا؛ فَذَلِكَ كَافِرٌ بِي، مُؤْمِنٌ بِالْكَوْكَبِ).[٢] واتە: زەیدی کوڕی خالد خوا لێی ڕازی بێت فەرمووی: جارێك پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە حودەیبیە نوێژی بەیانی پێکردین، شەو باران باریبوو، پاش ئەوەی لە نوێژ تەواو بوو، ڕوی کردە خەڵکەکەو فەرمووی: ئایا دەزانن، کە خوا چی فەرموە؟!ووتیان: خواو پێغەمبەری خوا دەزانن، فەرمووی: هەندێك کەس لە بەندەکانم کافر بوون و، هەندێکی تریشیان موسوڵمان، ئەوی، کە ووتی لە فەزڵ و ڕەحمەتی خواوە بارانمان بۆ باری، ئەوە باوەڕی بە من هێناوەو کوفرانەی بە ئەستێرە کردوە، ئەو

---

[١] راستە. ترمذي (٣٤٦)، ئەحمەد (١٥٨/٢)، حاكم (٥٠٣/١). ئەلبانی رحمەاللە لە (صحيح الجامع/ ٥٦٣٦)دا دەفەرموێ: سەحیحە. لە فەرموودەی (متفق عليه)دا هاتووە: (عن أبي موسى الأشعري رضي الله عنه قال: قال لي النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: ألا أدلك على كنز من كنوز الجنة؟ فقلت: بلى، يا رسول الله، قال: *لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ*).

[٢] بوخاری (٨١٠) موسلیم (٧١).

کەسەش، کە ووتی: بە ئاوا بوونی فڵان ئەستێرە بارانمان بۆ باریوە، ئەوە کوفرانەی بە من کردوە و باوەڕی بە ئەستێرە هێناوە.[١]

کەوابو ئەو کەسەی، کە هەرچی لە بوونەوەردایە بە کاری خوای نەزانێت، مانای وایە خوای نەناسیووە، ئەو کەسەی کەم و کورتییەکی خستە پاڵ خوای گەورە، ئەوە خوای نەناسیووە، ئەو کەسەی ناوو سیفەتەکانی خوای نەزانیووە، مانای وایە خوای نەناسیووە... ئەو کەسەی قەناعەتی تەواوی وا نەبێت، کە خوای گەورە تەواویی بێ سنورە، خوای نەناسیووە، ئەوی خواشی نەناسیووە کافرە.. خوا دەفەرموێ: (مَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ)الحج/٧٤ واتە: کافرەکان بەڕاستی وەك پێویست، ڕێزو قەدری خوایان نەگرت، چونکە هاوەڵیان بۆ پەیدا کردووە، خواش بەهێزو بەڕێزو خاوەن دەسەلاتە... هەروەها دەفەرموێ: (وَمَا قَدَرُواْ اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ إِذْ قَالُواْ مَا أَنزَلَ اللَّهُ عَلَى بَشَرٍ مِّن شَيْءٍ) الأنعام/٩١ واتە: کافرەکان بە ڕاستی قەدری خوایان -وەکو، کە پێویست بوو- نەگرت، چونکە دەیانوت خوا وەحی خۆی بۆ هیچ مرۆڤێك نەناردوە...

دیانەکان بەوە کافر بوون، کە (پەنا بە خوا) دەیان ووت: عیسا کوڕی خوایە، جولەکەکانیش کافر بوون، چونکە (پەنا بە خوا) دەیان ووت: خوا ڕەزیلە! یان دەیان ووت، کە خوا بوونەوەری دروست کرد ماندو بوو، دوایی حەسایەوە!! خوای گەورە دەفەرموێ: (لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ) المائدة/٧٢ واتە: بە تەئکید ئەو کەسانە کافر بوون، کە ووتیان خوا هەر عیسای کوڕی مەریەمە!(لَّقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ

---

[١] عەرەبەکان لە زەمانی جاهیلییەتی پێشوودا باوەڕیان وا بوو کە ئاوا بوونی فڵان ئەستێرە دەبێتە هۆی باران بارین! خوای گەورەش لەم فەرموودە قودسیەدا وای دیاری کردووە کە ئەو باوەڕە کوفرەو پێچەوانەی شایەتمانە...

قَالُواْ إِنَّ اللّهَ ثَالِثُ ثَلاَثَةٍ) المائدة/٧٣ واتە: ئەوانەی، کە دەیانووت خوا سێیەمی سێ خواکەیە، کافر بوون.

* (وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَدًا * لَقَدْ جِئْتُمْ شَيْئًا إِدًّا * تَكَادُ السَّمَاوَاتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ وَتَنشَقُّ الْأَرْضُ وَتَخِرُّ الْجِبَالُ هَدًّا * أَن دَعَوْا لِلرَّحْمَنِ وَلَدًا * وَمَا يَنبَغِي لِلرَّحْمَنِ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا * إِن كُلُّ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِلَّا آتِي الرَّحْمَنِ عَبْدًا) مریم/٨٨-٩٣ واتە: دەیانوت: خوا کوڕێکی بۆ خۆی داناوە، ئەمە بە ڕاستی ناماقوڵییە، خەریکە ئاسمانەکان لە ناقوڵایی ئەو قسەدا داکەون و زەوی شەق بەرێت و بە خۆدا ڕۆچێت، چیاکانیش خەریکە وردو خاش بن! لە تاوی ئەو قسە دژوارەی، کە دەڵێن خوا کوڕێکی هەیە. ئاخر ناشێت و ناکرێت خوا کوڕی هەبێت، چونکە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەمیندان، هەر هەمو بە کۆیلەیی و بەندایەتی دێنەوە بەر دەستی خوا...

ئەو جولەکانەش کافر بوون، کە دەیانوت: (لَّقَدْ سَمِعَ اللّهُ قَوْلَ الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ فَقِيرٌ وَنَحْنُ أَغْنِيَاء) آل عمران/١٨١ واتە: خوا قسەی ئەوانەی بیست (ناوی فەنحاس بوو)، کە دەیانوت: خوا دستکورتەو هەژارەو ئێمە دەوڵەمەندین! ئەوانی تریشیان، کە دەیانووت: (وَقَالَتِ الْيَهُودُ يَدُ اللّهِ مَغْلُولَةٌ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُواْ بِمَا قَالُواْ بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ)المائدة/٦٤ واتە: جولەکەکان دەیانوت: دەستی خوا لە عاستی خێرەومەندیدا نوقاوەو ڕەزیلە! دەك ئیفلیج بن، دەی مادام وا دەڵێن لەعنەتی خوایان لێ بێت، خۆ خوای گەورە هەردوو دەستی کراوەن. هەروەها لە ڕەددیاندا دەفەرموێ: (وَلَقَدْ خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ) ق/٣٨ واتە: هەمو ئاسمانەکان و زەویمان بە شەش ڕۆژ دروست کردووە هیچ تینێکی ماندو بوونیشمان پێ نەگەیشتووە.

نەناسینی تەواوی خوای گەورە، یان وەسف کردنی بە سیفەتێك، بە شتێك، کە لەو نەوەشێتەوە، یان شوبهاندنی بە یەکێك لە مەخلووقات، یان ناساندنی مەخلوقێك بەو، یان بە سیفەتێکی ئەو، یان وەسف کردنی مەخلوقێك بە یەکێك لە سیفەتەکانی ئەو...

ئەمانە هەمویان پێچەوانەی شایەتمانەکەن و کوفرن، چونکە ئەوەیان لێ دەفامرێتەوە، کە خوایەتییەکە دراوە بە کەسێك، یان بە شتێکی تر، کە شایانی نییە، ئەو کەسەی خوا ناناسێت، ناشزانێت خوایەتی چییە، ئەوی خوایەتیش نەزانێت، خوا بە یەك دانانێت، ئەوی خواشی بەیەك دانەنا، مانای وایە وەحیەکانی خوای مەزنی بە درۆخستۆتەوە...

**١٧- نەناسینی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەو شێوە ڕاست و دروستەی، کە ئیسلام داوای کردوە،** هەروەها داماڵینی سیفەتێکی لەوانەی، کە خوای گەورە باسی فەرموون، یان باس کردنی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە شێوەو شێوازێك، کە لە ڕێزی کەم کاتەوە، هەروەها تیرو توانج تێگرتن، یان دان نەنانی بەوەی، کە هەر ئەو پێشەوای مرۆڤایەتییە... خوای گەورە دەفەرموێ: (لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ) الاحزاب/٢١واتە: بەڕاستی لە پێغەمبەردا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چاکترین نمونەتان بۆ شوێن کەوتن هەیە.

* (قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ * قُلْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ فإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ الْكَافِرِينَ)ال عمران/٣١-٣٢ واتە بڵێ: ئەگەر ڕاست دەکەن و خواتان خۆش دەوێت، وەرن شوێن من کەون، تا خوا خۆشی بوێن ئەو کاتە لە گوناهەکانیشتان خۆش دەبێت، چونکە خوا لێبوردەو میهرەبانە. گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەر بکەن، ئەگەر سەرپێچییان کرد و گوێیان نەداێ لێگەڕێ، کە خوا کافرانی خۆش ناوێت.

* (ن وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ * مَا أَنتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ * وَإِنَّ لَكَ لَأَجْرًا غَيْرَ مَمْنُونٍ * وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ * فَسَتُبْصِرُ وَيُبْصِرُونَ * بِأَييِّكُمُ الْمَفْتُونُ * إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ)القلم/١-٧ واتە: سوێند بە پێنوس، بەوەی دێڕ بە دێڕ

دەنوسرێت. تۆ بە هۆی نازو نیعمەتی خواییەوە شێت نیت. تۆ پاداشتی نەبڕاوەت هەیە. بەڕاستی تۆ ڕەوشت بەرزیت و لە سەرو ڕەوشتی مەزنەوەیت. سەرەنجام تۆش دەبینیت و ئەوانیش دەبینن. ئەو شێتێتیە بە کامتانەوەیە. پەروەردگارت خۆی دەزانێت کێ لە ڕێبازی ئەو لایداوەو گومڕابووەو، کێش ڕێبازی هیدایەتی ئەوی گرتۆتە بەرو ڕێنمایی کراوە.

* (وَإِن يَكَادُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَارِهِمْ لَمَّا سَمِعُوا الذِّكْرَ وَيَقُولُونَ إِنَّهُ لَمَجْنُونٌ)القلم/٥١ واتە: کافرەکان لە حەسودی خۆیاندا کەوتونەتە پێدا هەڵشاخانت، بە چاوی بەدو پیسیان بەغیلیت پێ دەبەن، وابڵاو دەکەنەوە،کە شێتە!

* (وَلَكِن رَّسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ) الاحزاب/٤٠ واتە: بەڵام نێرراوی خواو کۆتا پێغەمبەرە.

هەر کەسێك لە پێغەمبەرێتیدا شوێنی کەسێکی تری (غەیری پێغەمبەران) بکەوێت، کافر دەبێت، هەر کەسێکیش بڵێت محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێغەمبەری عەرەبەو بەس نەك هی گەلانی تر، کافر دەبێت، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ)الانبياء/١٠٧ واتە: ئێمە بۆ ئەوە تۆمان کردە پێغەمبەر، تا ڕەحمەت و بەزەیی بیت بۆ هەموو جیهانیان. یان دەفەرموێ: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِّلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا)سبأ/٢٨ واتە: ئێمە، کە تۆمان کردوە بە مژدە دەرو هۆشدەر، بۆ هەموو خەڵکیمان ناردویت.

هەر کەسێك بۆ کەمکردنەوەی ڕێزی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بڵێت: ئەو محمدە دەشتەکییە بەدەویە، کافر دەبێت.

ئەم برگەش لقی تری زۆری لێ دەبێتەوە...

**١٨- به كافر دانانی موسوڵمان و بەكافر دانەنانی كافرو، به حەڵاڵ زانینی كوشتاری موسوڵمانان**، چونكه ڕێسای ئیسلامی دەفەرموێ:(ئەوی موسوڵمانێك به كافر بزانێت كافره، ئەوی كافر به كافر نەزانێت كافره، ئەوی گومانی له كافرێتی كافر هەبێت كافره).

پێغەمبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (سِبَابُ الْمُسْلِمِ فُسُوقٌ وَقِتالُهُ كُفْرٌ).[1] واته: جنێودان به موسوڵمان گوناحی گەورەیەو كوشتاریشی كوفره. هەروەها دەفەرموێ: (لَا يَرْمِي رَجُلٌ رَجُلاً بِالْفِسْقِ أو الكُفْرِ إِلَّا ارْتَدَّتْ عَلَيهِ إنْ لَمْ يَكُنْ صَاحِبُهُ كَذلِكَ).[2] واته: یەكێك به یەكێكی تر بڵێت فاسق یان كافر، ئەگەر براكەی وا نەبوو، ئەوا تۆمەتەكه دەگەڕێتەوە سەر بێژەرەكەی.. هەروەها دەفەرموێ: (إِنَّ أَخْوَفَ مَا أَخَافُ عَلَيْكُمْ ثَلَاثٌ: رَجُلٌ قَرَأَ كِتَابَ اللَّهِ حَتَّى إِذَا رُئِيَتْ عَلَيْهِ بَهْجَتُهُ وَكَانَ رِدْءَ الْإِسْلَامِ اخْتَرَطَ سَيْفَهُ فَضَرَبَ بِهِ جَارَهُ وَرَمَاهُ بِالشِّرْكِ قُلْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ الرَّامِي أَحَقُّ بِهَا أَمِ الْمَرْمِيُّ قَالَ الرَّامِي).[3] واته: گەورەترین شتێك، كه لێی دەترسم ئوممەتەكەمی تێكەوێت سێ شته: كابرایەك قورئان بخوێنێت، تا لێی شارەزا دەبێت و چێژی لێ دەكات و سیمای ڕێزی ئیسلامی دەكەوێته

---

[1] نوسەری ڕەحمەتی نوسیوێتی: (رواه البخاری ومسلم) ڕاسته. بوخاری (٧٠٧٦)، موسلیم (٢٧٦٨).

[2] نوسەری ڕەحمەتی نوسیوێتی: (رواه البخاری). ڕاسته. بوخاری (٦٠٤٥)، موسلیم (٢٦٨٩).

[3] نوسەری ڕەحمەتی نوسیوێتی: (رواه الطبرانی فی الكبیر والصغیر باسناد فیه لین) واته زەعیفه. ڕاسته طەبەرانی له: المعجم الكبیر (١٦٦٢٦)دا هێناوێتیەوە، بەڵام زەعیف نییه. بوخاری له: التاریخ الكبیر (٢٩٠٧)، ئیبنوحیببان (٨١)، بەززار (٢٧٩٣)، ئەلبانی رحمەالله له (سلسلة الأحادیث الصحیحة/٣٢٠١)دا دەفەرموێ: حەسەنە. فەرموودەی سەحیحی لای بوخاری (٦١٠٤) و موسلیم (٦٠) لەم بارەوە هەیه. وەكو: (أَيُّمَا امْرِئٍ قَالَ لِأَخِيهِ: يَا كَافِرُ، فَقَدْ بَاءَ بِهَا أَحَدُهُمَا، إِنْ كَانَ كَمَا قَالَ، وَإِلَّا رَجَعَتْ عَلَيْهِ). واته: هەر كەسێک به برا موسوڵمانەكەی بڵێت هەی كافر، حەتمەن یەكێكیان كافره، یان ئەوەیه بەرامبەرەكه وایەو كافره، یان ئەوەتا قسەكه دەگەڕێتەوە سەر خۆی و خۆی بەو قسە كافر دەبێت.

سەر، ئینجا بە شمشێرێکەوە هەستێت بۆ دراوسێکەی و -دوای ئەوەی تاوانی شیرکی دایە پاڵی- بیکوژێت ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا، ئەوی شمشێرەکە دەوەشێنیت شایانی حوکمی شیرکە، یان ئەوی شمشێرەکەی لێ دەدرێت؟ فەرمووی: ئەوی دەیوەشێنێت..

بە کافر دانانی موسوڵمان بۆیە پێچەوانەی شایەتمانەو کوفرە، چونکە تانە دانە لە خودی باوەڕ، تۆمەتبار کردنی ئیمانی کابرایە...

جا هەر وەکو، کە گومان کردن لە کافرێتی کافر کوفرە، یان بە کافر دانەنانی کافر کافر بوونە، چونکە بە درۆخستنەوەی خواو پێغەمبەری خوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ئەم باسەش زۆر قووڵەو لق و چڵی زۆری لێ بۆتەوە، بۆیە ئەو کەسەی، کە حوکمێك لەم بارەوە لەسەر کەسێك دەردەکات، دەبێت خۆی شارەزا بێت، چونکە حوکمی کوفری وا هەیە زانایان لەسەری کۆکن، هی واش هەیە ڕایان لەسەری جیاوازە، دیسان وەکو بینیشمان بە کافر زانینی موسوڵمانیش شتێکی دژوارو گەورەیە...

**١٩- ئەنجامدانی کارێك بۆ کەسێك، کە خوای گەورە بە پەرستنی ناساند بێت و بڕیاری بێت، کە نابێت بۆ غەیری خوا ئەنجام بدرێت.** وەك سەربڕینی ئاژەڵ و باڵندەو ئەوانە بۆ غەیری خوا. یان رکوع و سوجدە بردن بۆ غەیری خوای گەورە یان بە دەورەی جێیەکدا بۆ خوا پەرستی و نزیك بوونەوە لە خوای گەورە بخولێتەوە خوای گەورە دەفەرموێ: (قُلْ إِنَّ صَلاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ * لاَ شَرِيكَ لَهُ)الأنعام/١٦٢-١٦٣واته بڵێ: من نوێژو پەرستن و ژیان و مردنم هەر بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیانە، کە بە هیچ شێوەیەك هاوەڵی نییە.

یان وەك ئەوەی هاناو هاوار بباتە بەر غەیری خواو لێی بپاڕێتەوە (زیندو بێت، یان مردو) تا زیانی لێ دور خاتەوەو سوودی پێ بگەیێنێت. خوای گەورە دەفەرموێ: (لَهُ دَعْوَةُ الْحَقِّ وَالَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِ لاَ يَسْتَجِيبُونَ لَهُم بِشَيْءٍ إِلاَّ كَبَاسِطِ كَفَّيْهِ إِلَى الْمَاء لِيَبْلُغَ فَاهُ وَمَا هُوَ بِبَالِغِهِ وَمَا دُعَاء الْكَافِرِينَ إِلاَّ فِي ضَلاَلٍ)الرعد/١٤ واته: بانگەوازی ڕاستی

یەکخواپەرستی تەنها بۆ ئەوە، ئەو کەسانەی هانا بۆ غەیری خوا دەبەن، هیچ کەسێك وە دەنگیانەوە نایەت، حاڵی ئەو کەسە وەك ئەو کەسە وایە، کە تینوەو بە هەموو تینی خۆی دەست دەدەهێڵێتە خوارێ بۆ بیرێك، بەو هیوایەی دەستی بگاتە ئاوەکەو هەڵی هێنجێت و هەر چۆنێك بێت بیگەێنێتە دەمی! بەڵام ڕەنجی بێ سودە... ئێ دوعاو هاناو پاڕانەوەی کافرانیش ئاوایە...

یان ئەوەی سوێند بە غەیری خوای گەورە دەخوات، چونکە هەمیشەو لای هەمو کەسێك سوێند پێ خوراو گەورەو بە قەدرە، بەڕێزو پیرۆزە، بۆیە سوێندی پێ دەخورێت، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (مَنْ حَلَفَ بِغَيرِ اللهِ فَقَدْ أشْرَكَ).[١] واتە: هەر کەس بە غەیری خوا سوێند بخوات ئەوە هاوەڵی بۆ خوا بڕیار داوە... کەسێك نەزریش بۆ غەیری خوا بگرێتە خۆی هەر وایە، هەر پێچەوانەی شایەتمانەو شیرکە.[٢]

یان ئەگەر کەسێك حەج دەکات، بەڵام لە ڕێگایدا پێی خواپەرستییە ئەگەر زیارەتی گۆڕی پیاو چاکێکیش بکات!! ئەمەش پێچەوانەی شایەتمانەو شیرکە.

ڕێسایەك لەم بارەوە هەیە، کە دەشێت بکرێتە پێوەر، ئەویش ئەوەیە کە: دەبێت موسوڵمان هەمو کارێکی لەبەر خاتری خوا ئەنجام بدات، هەمو کارێکیشی دەبێت بە پێی

---

[١] نووسەری رەحمەتی نوسیویێتی: (رواه الترمذي). راستە. ترمذي (١٥٣٥)بە حەسەنیشی داناوە، ئەبوداوود (٣٢٥١)، ئەحمەد (٣٤/٢)، ئیبنوحیببان (١١٧٧)، بەیهیقی (٢٩/١٠)، ئەلبانی رحمەالله لە: (إرواء الغليل/ ٢٥٦١)دا بە سەحیحی داناوە.

[٢] وەکو ئەوەی هەندێ گێلە کورد دەیکەن کە دەڵێن مەڕێکم نەزر بێت بۆ شێخ عبدالقادری گەیلانی یان بۆ کاك ئەحمەدی شێخ یان بۆ شێخی چۆلی و یان بۆ نەبی عوزێر!! یان لە سلێمانی ناوساجی دەکەن بۆ ئیمام عەبباسی تەعجیل!! یان لە بۆکان بۆ شێخی زەمبیل!! وە هەروەها..

شەریعەتی خوا بێت بۆیە ئەگەر کارێکی کرد، کە خوای گەوەر ڕێی نەدابوو، ئەوە کوفر، یان تاوانێکی کردوە.[١]

**٢٠- هەروەها چەندین جۆرگوفتارو ڕەفتاری تر هەن، کە دەچنە ڕیزی ئەوانەوە و پێچەوانەی شایەتمانن** و هاوەڵ بۆ خوا پەیدا کردنن، بەڵام هی تریش هەن، کە دەچنە ڕیزی هاوەڵ بۆ خوا پەیدا کردنەوە، بەڵام شایەتمان هەڵناوەشێننەوە، وەك ریا، کە هاوەڵ بۆ خوا دانانە، بەڵام شایەتمانی خاوەنەکەی هەڵ ناوەشێنێتەوە... بۆیە بۆ چارەسەری پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أُشْرِكَ بِكَ وَأَنَا أَعْلَمُ، وَأَسْتَغْفِرُكَ لِمَا لاَ أَعْلَمُ).[٢] واتە: خوایە پەنا دەگرم بە تۆ، کە بە زانین هاوەڵێك بۆ جەنابت پەیدا بکەم، داوای لێبوردنیشت لێ دەکەم لەوەی، کە بە نەزانین هاوەڵێکم بۆ پەیدا کردبیت...

شێوەی ئەم هاوەڵ بۆ خوا پەیدا کردنەش زۆرە، وەکو یەکێك نوێژەکانی زۆر بە ڕێك و پێك دەکات مادام هەست دەکات وا خەڵکێك تەماشای دەکەن! ئەمە هەر شیرکە و لقێکی سەرەکی خواپەرستی بەتاڵ دەکەنەوە، بەڵام خاوەنەکەی لە ئیسلام ناباتە دەرەوە، بۆیە پێی دەڵێن: شیرکی بچوك.

---

[١] تاوان و گوناح دوو بەشە: گوناحی کوفرین: وەکو حوکم بە غەیری دینی خوا و سوجدە بۆ بت و قورئان فڕێدانە ناو پیساییەوە، بکەری ئەمانەش لە ئیسلام دەچێتە دەرەوەو بەهانەشی قبووڵ نییە، مەگەر لە چەند حاڵەتێکی تایبەتییدا. گوناحی فیسقین: ئەمەش وەکو گوناحەکانی ترە بەو مەرجەی بە حەڵاڵ نەزانرا بێت، وەکو شەراب خواردنەوەو زیناو سوو.. هتد، ئەمانیش کە بە حەڵاڵ زانران دەچنە ریزی بەشی یەکەمەوە..

[٢] نووسەری ڕەحمەتی هیچی دەربارەی سەنەدو سەرچاوەکەی نەنوسیوە. بەڵام ڕاستە. بوخاری لە: الأدب المفرد (٧١٦). ئەلبانی رحمەاللە لە (صحیح الأدب المفرد/٥٥١ ) دا دەفەرمو: سەحیحە.

یان کەسێك خێرو خێراتێك دەکات، وا دەیکات خەڵکی پێی بزانن، تا پێی بڵێن خێرەومەندە، یان جیهاد دەکات، بەڵام بۆ ئەوەی دەکات بڵێن ئازایە، یان بۆ یەکێك بیەوێت شت زۆر فێر بێت، تا بکرێتە پێشەواو سەرکردەو فەرمانده، یان وتار بێژ و مەلاو موفتی..[1]

ئیمامی موسلیم گێڕاویتیەوە، کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە خوای گەورەوە دەگێڕێتەوە، کە فەرموویەتی: (أَنَا أَغْنَى الشُّرَكَاءِ عَنِ الشِّرْكِ، فَمَنْ عَمِلَ عَمَلاً اَشْرَكَ فيهِ غَيري، تَرَكْتُهُ وَشِرْكَهُ) موسلیم[2] واتە: من پێویستیم بە هاوەڵ نییە، هەر کەسێکیش -ئەگەر ئیشی کرد- و هاوەڵی بۆ من پەیدا کرد، بۆ شیرکەکەی خۆی لێدەگەڕێم، با بڕوات خۆی و هاوەڵەکەی، کە بۆ منی داناوە...

ئیمامی ئەحمەد دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِمَا هُوَ أَخْوَفُ عَلَيْكُمْ عِنْدِي مِنَ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ؟ قَالُوا: بَلَى يَا رَسُولَ اللهِ!قَالَ:

---

[1] وادیارە نوسەری رەحمەتی ئەم سێ نموونەیەی کە هێناویتیەوە: (خێرەومەندو موجاهیدو قورئان خوێن) لە فەرموودەکەی پێغەمبەروە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەری گرتبیت کە تێیدا دەفەرموێ: (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ فَقَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: إِنَّ أَوَّلَ النَّاسِ يُقْضَى يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَيْهِ رَجُلٌ اسْتُشْهِدَ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا قَالَ: فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: قَاتَلْتُ فِيكَ حَتَّى اسْتُشْهِدْتُ، قَالَ : كَذَبْتَ وَلَكِنَّكَ قَاتَلْتَ لِأَنْ يُقَالَ جَرِيءٌ فَقَدْ قِيلَ ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ، وَرَجُلٌ تَعَلَّمَ الْعِلْمَ وَعَلَّمَهُ وَقَرَأَ الْقُرْآنَ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا قَالَ: فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: تَعَلَّمْتُ الْعِلْمَ وَعَلَّمْتُهُ وَقَرَأْتُ فِيكَ الْقُرْآنَ، قَالَ: كَذَبْتَ وَلَكِنَّكَ تَعَلَّمْتَ الْعِلْمَ لِيُقَالَ عَالِمٌ وَقَرَأْتَ الْقُرْآنَ لِيُقَالَ هُوَ قَارِئٌ فَقَدْ قِيلَ ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ، وَرَجُلٌ وَسَّعَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَعْطَاهُ مِنْ أَصْنَافِ الْمَالِ كُلِّهِ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا قَالَ: فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: مَا تَرَكْتُ مِنْ سَبِيلٍ تُحِبُّ أَنْ يُنْفَقَ فِيهَا إِلَّا أَنْفَقْتُ فِيهَا لَكَ قَالَ كَذَبْتَ وَلَكِنَّكَ فَعَلْتَ لِيُقَالَ هُوَ جَوَادٌ فَقَدْ قِيلَ ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ ثُمَّ أُلْقِيَ فِي النَّارِ). موسلیم (١٩٠٥).

[2] موسلیم (٢٩٨٥)، ئیبنوماجە (٤٢٠٢) ئەحمەد (٧٩٣٩)، ئیبنوخوزەیمە (٩٣٨).

الشِّرْكُ الْخَفِيُّ، يَقُومُ الرَّجُلُ فَيُصَلِّي، فَيُزَيِّنُ صَلَاتَهُ، لِمَا يَرَى مِنْ نَظَرِ رَجُلٍ).[١] واتە: ئەرێ ئەو مەسەلەیەتان پێ نەڵێم، كە لە جەجاڵ زیاتر وام لێدەكات لێتان بترسم لێی؟! ووتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: شیركی شارراوە، كابرا هەڵدەستێ بۆ نوێژ، بەڵام كە دەبینێت وا یەكێكی تر تەماشای دەكات، نوێژەكەی رێكوپێكتر دەكات!!

هەروەها ئەبو داودو ئەبو ئومامە دە گێڕێنەوە، كە: (أَرَأَيْتَ رَجُلا غَزَا يَلْتَمِسُ الأَجْرَ وَالذِّكْرَ مَالَهُ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لا شَيْءَ لَهُ فَأَعَادَهَا ثَلاثَ مَرَّاتٍ يَقُولُ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لا شَيْءَ لَهُ ثُمَّ قَالَ إِنَّ اللهَ لا يَقْبَلُ مِنَ الْعَمَلِ إِلا مَا كَانَ لَهُ خَالِصًا وَابْتُغِيَ بِهِ وَجْهُهُ).[٢] واتە: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و پرسی: ئەگەر كابرایەك بە مەبەستی دەستكەوتنی پاداشت و ناوبانگ دەركردن بچێتە غەزا حوكمی چی یە؟ فەرمووی: هیچ پاداشتێكی نابێت. كابرا سێ جاری تر پرسیارەكەی كردەوە. بەڵام ئەو هەر دەیفەرموو: هیچ پاداشتێكی نابێت، پاشان فەرمووی: خوای پەروەردگار كردەوەیەكی قبوڵە، كە بە تایبەتی لەبەر خاتری ئەو ئەنجام درا بێت.

هەروەها نەسائی لە عوبادەوە دە گێڕێتەوە، كە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (مَنْ غَزَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَمْ يَنْوِ إِلاَّ عِقَالاً فَلَهُ مَا نَوَى)النسائي[٣] واتە: هەر كەس بەمەبەستی پەتكە گوریسێك جیهاد بكات، پاداشتەكەی هەر لەسەر مەبەستەكەیەتی! یەعنی لەو پەتكە گوریسەی زیاتر پێ نابڕێت.

---

[١] ئەحمەد (١١٠٣٥).

[٢] نووسەری رەحمەتی نوسیوێتی: (ابو داود لە ابو ئومامەوە (بسند جيد) گێڕاویانەتەوە) راستە. نەسائی (٤٢٣١)، ئەحمەد (٢٢١١٩)، داریمی (٢٣٤١)، ئیبنوحیببان(٤٧٣٩)، حاكم (٢٤٥٢). ئەلبانی رحمەاللە لە: )صحيح سنن النسائی/٣٧٤٠)دا بە سەحیحی داناوە.

[٣] راستە. نەسائی (٤٢٢٩). ئەلبانی رحمەاللە لە: صحيح الجامع/ ٦٤٠١)دا بە سەحیحی داناوە.

ئیمامی موسلیم و نەسائی و ترمذي گێڕاویانەتەوە، کە ئەبو هورەیرەخوای لێ رازی بێت دە گێڕێتەوە، کە پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (أَنَّ اللَّهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى إِذَا كَانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ يَنْزِلُ إِلَى الْعِبَادِ لِيَقْضِيَ بَيْنَهُمْ وَكُلُّ أُمَّةٍ جَاثِيَةٌ فَأَوَّلُ مَنْ يَدْعُو بِهِ رَجُلٌ جَمَعَ الْقُرْآنَ وَرَجُلٌ قُتِلَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَرَجُلٌ كَثِيرُ الْمَالِ فَيَقُولُ اللَّهُ لِلْقَارِئِ أَلَمْ أُعَلِّمْكَ مَا أَنْزَلْتُ عَلَى رَسُولِي قَالَ بَلَى يَا رَبِّ . قَالَ فَمَاذَا عَمِلْتَ فِيمَا عُلِّمْتَ قَالَ كُنْتُ أَقُومُ بِهِ آنَاءَ اللَّيْلِ وَآنَاءَ النَّهَارِ. فَيَقُولُ اللَّهُ لَهُ كَذَبْتَ وَتَقُولُ لَهُ الْمَلاَئِكَةُ كَذَبْتَ وَيَقُولُ اللَّهُ لَهُ بَلْ أَرَدْتَ أَنْ يُقَالَ إِنَّ فُلاَنًا قَارِئٌ فَقَدْ قِيلَ ذَاكَ. وَيُؤْتَى بِصَاحِبِ الْمَالِ فَيَقُولُ اللَّهُ لَهُ أَلَمْ أُوَسِّعْ عَلَيْكَ حَتَّى لَمْ أَدَعْكَ تَحْتَاجُ إِلَى أَحَدٍ قَالَ بَلَى يَا رَبِّ . قَالَ فَمَاذَا عَمِلْتَ فِيمَا آتَيْتُكَ قَالَ كُنْتُ أَصِلُ الرَّحِمَ وَأَتَصَدَّقُ . فَيَقُولُ اللَّهُ لَهُ كَذَبْتَ وَتَقُولُ لَهُ الْمَلاَئِكَةُ كَذَبْتَ وَيَقُولُ اللَّهُ تَعَالَى بَلْ أَرَدْتَ أَنْ يُقَالَ فُلاَنٌ جَوَادٌ فَقَدْ قِيلَ ذَاكَ . وَيُؤْتَى بِالَّذِي قُتِلَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيَقُولُ اللَّهُ لَهُ فِي مَاذَا قُتِلْتَ فَيَقُولُ أُمِرْتُ بِالْجِهَادِ فِي سَبِيلِكَ فَقَاتَلْتُ حَتَّى قُتِلْتُ . فَيَقُولُ اللَّهُ تَعَالَى لَهُ كَذَبْتَ وَتَقُولُ لَهُ الْمَلاَئِكَةُ كَذَبْتَ وَيَقُولُ اللَّهُ بَلْ أَرَدْتَ أَنْ يُقَالَ فُلاَنٌ جَرِيءٌ فَقَدْ قِيلَ ذَاكَ. ثُمَّ ضَرَبَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى رُكْبَتِي فَقَالَ " يَا أَبَا هُرَيْرَةَ أُولَئِكَ الثَّلاَثَةُ أَوَّلُ خَلْقِ اللَّهِ تُسَعَّرُ بِهِمُ النَّارُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ) واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا، کە خوای گەورە دێتە خوارەوە بۆ داوەری کردنی نێوان بەندەکان، هەمو نەتەوەکان لەسەر ئەژنۆ جەمن و لەوێن. یەکەمین کەس، کە بانگ دەکرێ، کابرایەکی قورئان خوێن و کابرایەکی کوژراو لە پێناوی خواداو کابرایەکی دەوڵەمەندە، خوا بە کابرای قورئان خوێن دەفەرموێ: ئایا ئەوەم فێر نەکردی، کە بۆ نێرراوەکەی خۆمم نارد بو؟!دەڵێ: بەڵێ وابوو خوایە، ئەو دەفەرموێت: ئەدی چیت پێ کرد؟ دەڵێ: بەدەم نوێژ کردنمەوە، شەو و ڕۆژ دەمخوێند، خوا دەفەرموێ: درۆت کرد، ئینجا فریشتەکانیش دەڵێن: درۆت کرد، خوا دەفەرموێ: قورئانت دەخوێند، تا بڵێن فلان کەس قورئان خوێنە، ئەوا ووترا! ئەوجا دەوڵەمەندی خاوەن سامان دێنن، خوا پێی دەفەرموێ: ئایا سامانێکی زۆرم پێ نەبەخشیت؟! وام لێ نەکردیت پێویستیت بە کەس

نەمێنێت؟!دەڵێ: بەڵێ خوایە وا بوو، خوا دەفەرموێ: باشە بەوەی پێم بەخشیت چیت پێ کرد؟ دەڵێ: یارمەتی خزمەکانم لێ دەدا و خێرو خێراتم لێ دەکرد، خوا پێی دەفەرموێ: درۆت کرد، فریشتەکانیش دەڵێن: درۆت کرد، خوا پێی دەفەرموێ: خێروخێراتت دەکرد، تا بڵێن فڵان خێرەو مەندە، ئەوا ووترا... ئەوجا ئەو کابرایە دێنن، کە لە پێناوی خوادا کوژراوە، خوا پێی دەفەرموێ: لە ڕێی چیدا کوژرایت؟ دەڵێ: جەنابت فەرمانی جیهادت لە پێناوی خۆتدا دا بوو، منیش چومە جەنگ شەڕم کرد تا کوژرام، خوا دەفەرموێ: درۆت کرد، فریشتەکانیش دەڵێن: درۆت کرد، پاشان خوا دەفەرموێ: دەتویست خەڵکی پێت بڵێن ئازایە، ئەوا پێشت ووترا... ئینجا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەستی پیرۆزی کێشا بە ئەژنۆمدا و فەرمووی: ئەبو هورەیرە!ئەو سێ کەسە لە ڕۆژی دواییدا یەکەمین کەسانێکن، کە ئاگری دۆزەخیان پێخۆش دەکرێت...

با ئەوەندەی هێنامانەوە لەسەر باس کردنی ئەو شتانەی پێچەوانەی شایەتمانن لێرەدا بەس بێت، چونکە ناتوانرێت لێرەدا هەمویان باس کرێن، ئەمانەی هێنامانەوە ڕێسان، دەتوانرێت حوکمی هی تریان پێبدرێت ..

لە خوای پەروەردگاری کار جوان و زانا داوا دەکەین، کە باوەڕمان بەم ئایینە پاکە پتەو تر کات و، لەسەر ئەم ڕێبازە شیرینە پابەندترمان کات، بە تایبەتی لەم زەمانەدا، کە کوفر زاڵەو زەحمەتە زۆر کەس بیدۆزیتەوەو باوەڕی بە سەلامەتی ما بێت و یەکێك لەو خاڵانەی سەرەوە عەیبداری نەکردبێت!

بەمەش کۆتایی بە ڕوکنی یەکەم (شایەتمان) دەهێنین، چونکە ئەوەندەی باسمان کرد دەربارەی خودی شایەتمان و واتاو ناوەڕۆك و ئەو شتانەی پێچەوانەی دەبنەوەو هەڵی دەتەکێنن، لێرەدا بۆ لاوێکی موسوڵمانی سەردەم ئەوەندە بەسە... إِنْ شَاءَ اللَّه...

# ڕوکنی دووەم

# ﴿نوێژ﴾

بڕگەی یەکەم

## سەرنجێکی گشتی لە نوێژ:

١- نوێژەکان ئەو ڕایەڵە ڕۆحیە سەرەکیانەن کە مرۆڤ بە خوای پەروەردگارەوە دەبەستنەوە. واتاکانیی باوەڕ (ئیمان) لەدڵیدا زیندوودەکەنەوەو کاریگەرانە ڕایاندەگرن. نوێژ لە سەرەتایەوە تا کۆتاهاتنی خوای گەورە وەبیر مرۆڤ دەهێنێتەوە. هەر کام لە ڕەفتارەکانی (گوفتارو کرداری) پەیوەستی عەبدایەتیی مرۆڤ بۆ خوای پەروەردگار توندوتۆڵ دەکاتەوە. ڕۆژی قیامەتی هەمیشە لە هۆشدا زیندووڕادەگرێت. چونکە موسوڵمان کە دەڵێ: (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ) الفاتحة/٤ هەم تواناو دەسەڵاتی بێوێنەی خوای گەورەی دێتەوە یاد، هەم هەست و هۆشی بۆ بارودۆخی ڕۆژی قیامەت دەچێت.

هەر بە نوێژ موسڵمان پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دێتەوەیادو بە هەست و هۆشەوە تەرکیزدەکاتەوە سەر ئیقتیداپێکردنی کاتێك دەڵێت: (السَّلامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ) و (أشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ) و (اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ..).

هەر بە نوێژ دین و دیدو ڕێبازەکەی خوای گەورەی دێتەوە یاد. دەزانێت کە داوای ڕێنمایی خوای گەورە دەکات، بۆ ئەوەیەتی تا زیاتر بە دینەکەیەوە پابەندی بکات. بۆیە دەڵێت: (اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ) الفاتحة/٦

هەموو ئەم مانایانەو بنەماو ڕوكنی تری باوەڕ لە خوێندنی ئایەتی قورئان و زیكرەكانی تری نوێژدا دێتەوە یادو هەست و هۆشی بۆیان دەچێت. چونكە لە هەموو نوێژێكدا ئایەتی ترو زیكری تر دەخوێنێت، یان دەبیستێت (لە نوێژی جەماعەتدا).

لەم ڕوانگەوەیە كە نوێژ دیمەنی كردەیی و سەلماندن و چەسپاندنی باوەڕە، باوەڕ بە نادیار (غەیب). لەبەر ئەم واتایانەیە كە قورئانی پیرۆز نوێژی ناوناوە (ئیمان). وەك دەفەرموێ: (وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ) البقرة/١٤٣ واتە: ناموكین بوو خوای گەورە نوێژەكانتان لە دەستبدات و ڕەنج بەخەسارتان بكات.[١] ئیمامی بوخاری و موسلم دەگێڕنەوە كە هەندێك لە یاوەران بە خەمەوە دەیانپرسی داخۆ چارەنوسی ئەو نوێژانەمان چی دەبێت كە ڕووەو قودس كردوومانن؟ دوای ئەمە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە كە دەفەرموێ: (وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ).[٢] واتە: ناموكینبوو خوای گەورە نوێژەكانتان لە دەستدات و ڕەنج بەخەسارتان بكات. هەر لەم ڕوانگەو پێناسەیەوەیە كە

---

[١] ئەمە دەربارەی ئەو نوێژانەی لە سەرەتای فەرزبوونی نوێژدا ڕووەو قودس (نەك مەككە) كردبوویانن.

[٢] بوخاری (٤١)، موسلیم (٥٢١). هەموو ریوایەتەكە ئاوایە: (حَدَّثَنَا عَمْرُو بْنُ خَالِدٍ قَالَ حَدَّثَنَا زُهَيْرٌ قَالَ حَدَّثَنَا أَبُو إِسْحَاقَ عَنْ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ أَوَّلَ مَا قَدِمَ الْمَدِينَةَ نَزَلَ عَلَى أَجْدَادِهِ أَوْ قَالَ أَخْوَالِهِ مِنْ الْأَنْصَارِ وَأَنَّهُ صَلَّى قِبَلَ بَيْتِ الْمَقْدِسِ سِتَّةَ عَشَرَ شَهْرًا أَوْ سَبْعَةَ عَشَرَ شَهْرًا وَكَانَ يُعْجِبُهُ أَنْ تَكُونَ قِبْلَتُهُ قِبَلَ الْبَيْتِ وَأَنَّهُ صَلَّى أَوَّلَ صَلَاةٍ صَلَّاهَا صَلَاةَ الْعَصْرِ وَصَلَّى مَعَهُ قَوْمٌ فَخَرَجَ رَجُلٌ مِمَّنْ صَلَّى مَعَهُ فَمَرَّ عَلَى أَهْلِ مَسْجِدٍ وَهُمْ رَاكِعُونَ فَقَالَ أَشْهَدُ بِاللَّهِ لَقَدْ صَلَّيْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قِبَلَ مَكَّةَ فَدَارُوا كَمَا هُمْ قِبَلَ الْبَيْتِ وَكَانَتْ الْيَهُودُ قَدْ أَعْجَبَهُمْ إِذْ كَانَ يُصَلِّي قِبَلَ بَيْتِ الْمَقْدِسِ وَأَهْلُ الْكِتَابِ فَلَمَّا وَلَّى وَجْهَهُ قِبَلَ الْبَيْتِ أَنْكَرُوا ذَلِكَ قَالَ زُهَيْرٌ حَدَّثَنَا أَبُو إِسْحَاقَ عَنْ الْبَرَاءِ فِي حَدِيثِهِ هَذَا أَنَّهُ مَاتَ عَلَى الْقِبْلَةِ قَبْلَ أَنْ تُحَوَّلَ رِجَالٌ وَقُتِلُوا فَلَمْ نَدْرِ مَا نَقُولُ فِيهِمْ فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى: {وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ}.

نوێژکردن نیشانەی موسڵمانێتیە. چونکە بەڵگەی هەبوونی باوەڕە. نەکردن و وازلێهێنانیشی نیشانەی کافرێتیە. چونکە بەڵگەی نەبوونی باوەڕە. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (الْعَهْدُ الَّذِي بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمُ الصَّلَاةُ فَمَنْ تَرَكَهَا فَقَدْ كَفَرَ).[١] واتە: ئەو نیشانەی وا لە نێوان ئێمەو ئەوان (کافران)دا نوێژەکانە. جا هەر کەسێك نوێژی وەلکرد ئەوە بە تەئکید کافربووە. هەروەها دەفەرمووێ: (بَيْنَ الرَّجُلِ وَالشِّرْكِ تَرْكَ الصَّلَاةِ).[٢] واتە: فاسڵی نێوان کەسێك و شیرك وەلکردنی نوێژە.

- هەروەها: (بَيْنَ الْعَبْدِ وَبَيْنَ وَالْكُفْرِ تَرْكُ الصَّلَاةِ).[٣] واتە: فاسڵی نێوان عەبدی موسڵمان و کافربوون نوێژەکانە. عبداللەی کوڕی شەقیق دەفەرموێ: (كَانَ أَصْحَابُ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَا يَرَوْنَ شَيْئًا مِنَ الْأَعْمَالِ تَرْكُهُ كُفْرٌ غَيْرَ الصَّلَاةِ).[٤] واتە: یاوەرانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەرکردنی هیچ کارێکیان وەکو تەرکردنی نەکردنی نوێژ بە کوفر نەدەزانی.

- یان (مَنْ تَرَكَ صَلَاةَ الْعَصْرِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ).[٥] واتە: هەرکەسێك نوێژی عەسر وەلکات تا دەچێت، ئەوە کارو کردەوەکانی پوچەڵ بونەتەوە.

- جمهوری پێشەوایانی شەرعناسی[١] رایان وایە: کە هەر کەسێك نوێژ بە سستی و تەمەڵی وەلکات فاسق دەبێ (لە دین و ئوممەت ناچێتە دەرەوە، بەڵام هەر کەس واز لە

---

[١] ئەبووداود (٤٦٧٨)، ترمذي (٢٦٢١)، نەسائی (١/٢٣١)، ئیبنوماجە(١٠٧٩) ئەحمەد(٥ ٣٤٦). شێخی ئەلبانی رحمه الله لە: (صحيح الجامع الصغير وزيادته/٤١٤٣) دا بە سەحیحی ناساندووە.

[٢] موسلیم (٨٢) ئەبوداوود (٤٦٧٨)، ترمذي (٢٦٢٠)، ئیبنوماجە (١٠٧٨)، ئەحمەد (٣/٣٧٠).

[٣] موسلیم (٨٢)، نەسائی (٤٦٣) ئەلبانی رحمه الله لە(صحيح الجامع الصغير/٢٨٤٨)و (صحيح الترغيب والترهيب/٥٦٣)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[٤] ترمذي (٢٦٢٢). حاکم دەفەرموێ: سەحیحە بە پێی مەرجەکانی بوخاری و موسلیمە، هەروەها شێخی ئەلبانی رحمه الله لە (صحيح سنن الترمذي)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[٥] بوخاری (٥٢٨)، نەسائی (٤٧٤)، ئیبنوماجە (٦٩٤)، بەیهیقی (٢٠٢١).

نوێژهێنان بە شیاو بزانێت بە بۆچوونی هەموویان کافر دەبێت (لە دین و ئوممەت دەچێتە دەرەوە). ئەو ئیمامەی نوێژنەکەر بە کافر دەزانێت کە (ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل)ە دەفەرمووێ: حوکمی (مورتەدد)ی بەسەردا دەچەسپێت و دەکوژرێت پێی. ئەوانەشیان کە دەفەرموون نوێژنەکەر کافر نیە، دەفەرموون حوکمی (فاسق)ە بەڵام هەر دەکوژرێت لەسەری تا خەڵکی تری پێ تەمێ ببێت.

٢- پابەند بوون بە نوێژو دینداریتی بە گوێرەی ئاستی باوەڕو ڕادەی بەهێزیی و لاوازییتی ئیمانە لە دڵی موسڵماندا. بە پێی ڕۆشنی و چەسپاوێتی عەقیدەکەیە لە دڵ و هزرو ویژدانیدا. بۆیە نوێژەکان لە کات و شوێنی خۆیانداو بەو چۆنییەتیەی شەرع داوایکردوە، ئەنجامدەدات. چونکە نوێژکردن نیشانەی هەبوون و چەسپانی باوەڕو گەشاوەیی دینداریتیە. هەر کەسێك عەقیدەکەی چاك و پاك لە هزرو هۆشدا چەسپیبێت، حەتمەن دینداریتییەکەشی دامەزراو دەبێت و لە هەموو ڕەفتارێکیدا دەردەکەوێت. چونکە نوێژەکان وەکو خوای گەورە دەفەرمووێ ڕێ لە خراپەکاریی و داوێنپیسی و ناڕەوایی دەگرن و زیکری خوای گەورە لە دڵ و هزرو هۆشدا زیندوو گەشاوە ڕادەگرن: (إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ وَلَذِكْرُ اللَّهِ أَكْبَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ) العنكبوت/٤٥

- لەم ڕوانگەو پێناسەوەیە کە نوێژ پێوەری تەرازووی نیەت و گوفتارو بڕیارو کردارە. خوای گەورە دەربارەی دووڕوو (منافیق)ەکان دەفەرمووێ: (وَإِذَا قَامُوا إِلَى الصَّلَاةِ قَامُوا كُسَالَىٰ) النساء/١٤٢ واتە: دووڕووەکان کاتێك هەڵدەستن تا بەرەو نوێژکردن بچن تەمبەڵانە بە دەنگیەوە دەچن!

---

[1] کە دەوترێت: جمهور واتە: سێ لە چوار ئیمامەکە: ئەبوحەنیفەو مالك و شافیعی و ئەحمەد رحمهم الله. لێرەشدا مەبەست ئەبوحەنیفەو مالك و شافیعن.

خوای گەورە هەڕەشە لە نوێژنەکەرو بێئاگاکان دەکات و دەفەرموێ: (فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّينَ * الَّذِينَ هُمْ عَنْ صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ) الماعون/٤-٥ واتە: سزای وەیل بۆ ئەو نوێژخوێنانەی لە نوێژەکانیان غافڵن!

- ئیبنومەسعود خوای لێ ڕازی بێت دەفەرمووێ: (لَقَدْ رَأَيْتُنَا وَمَا يَتَخَلَّفُ عَنْ الصَّلَاةِ إِلَّا مُنَافِقٌ قَدْ عُلِمَ نِفَاقُهُ).[١] واتە: دەتبینین کەسمان لە نوێژ دوانەدەکەوتین. (هەمویان نوێژیان بە جەماعەت دەکرد) مەگەر دووڕوویەك کە دووڕوویەکەی لە هەموان ئاشکرا بوویێت و هەموو ناسیبێتیان!

- هیچ ڕەفتارێك کە لە پێش نوێژکردنا ئەنجامدرابێت (وەکو شایەتمان) بە بێ ئەنجامدانی نوێژەکان دانامەزرێت.

سەلماندن و چەسپاندنی شایەتمانەکەش نوێژکردنەکە دەخوازێت. هەموو کارو کردەوەیەك لەسەر نوێژکردن دەوەستێت. چونکە نوێژکردن ڕوکنی دووەمی باوەڕهێنان و موسڵمانبوونە کە نیشانەی هەبوونی ڕوکنی یەکەمە کە شایەتمانەکەیە. ئیتر هەموو ڕەفتارێکی تری موسڵمانێتی لەسەر ئەم دوو ڕوکنە یەك لە دوای یەکە دادەمەزرێت. لەم ڕوانگەو پێناسەو حوکمەوەیە کە ئایەتەکە دەفەرموێ: نوێژ خەڵکی لە خراپەکاری و ناڕەوایی دەگێڕێتەوە: (وَأَقِمِ الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَلَذِكْرُ اَللهُ اَكْبَرُ)العنكبوت/٤٥.

هەر لەم ڕوانگەو پێناسەو بەم هۆیەوەیە کە نوێژکردن بۆتە گەورەترین و گرنگترین و کاریگەرترین ڕەفتاری موسڵمان و چاکترین کارێکیشە کە نزیکی دەکاتەوە لە خوای گەورە.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (اسْتَقِيمُوا وَلَنْ تُحْصُوا وَاعْلَمُوا أَنَّ خَيْرَ

[١] موسلیم (٦٥٤)، ئەبوداوود (٥٥٠)، ئەحمەد (٣٨٢/١ و ٤٤٤/١).

أَعْمَالِكُمْ الصَّلَاةَ وَلَا يُحَافِظُ عَلَى الْوُضُوءِ إِلَّا مُؤْمِنٌ).[١] واته: ديندارين و به دينه‌كه‌وه پابه‌ندبن و بشزانن كه چاكترين كارتان نوێژه. ته‌نها موسڵمانی سه‌ر ڕاستيش ده‌ستنوێژی ده‌پارێزێت. هه‌روه‌ها ده‌فه‌رموێ: (أَقْرَبُ مَا يَكُونُ الْعَبْدُ مِنْ رَبِّهِ وَهُوَ سَاجِدٌ).[٢] واته: نزيكترين كاتی عه‌بد كه له خوای گه‌وره نزيكه ئه‌و كاته‌يه‌تی كه بۆ خوای گه‌وره له سوجده‌دايه.

- ميعدانی كوڕی ئه‌بوته‌لعه ده‌فه‌رمووێ: (لَقِيتُ ثَوْبَانَ مَوْلَى رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ، فَقُلْتُ: أَخْبِرْنِي بِعَمَلٍ أَعْمَلُهُ يُدْخِلُنِي اللهُ بِهِ الْجَنَّةَ. أَوْ قَالَ قُلْتُ: بِأَحَبِّ الأَعْمَالِ إِلى اللهِ فَسَكَتَ، ثُمَّ سَأَلْتُهُ فَسَكَتَ، ثُمَّ سَأَلْتُهُ الثَّالِثَةَ فَقَالَ: سَأَلْتُ عَنْ ذَلِكَ النَّبِيَّ صَلى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ: عَلَيْكَ بِكَثْرَةِ السُّجُودِ، فَإِنَّكَ لا تَسْجُدُ للهِ سَجْدَةً إِلاَّ رَفَعَكَ اللهُ بِهَا دَرَجَةً، وَحَطَّ عَنْكَ بِهَا خَطِيئَةً، قَالَ مَعْدَان، ثُمَّ لَقِيتُ أَبَا الدَّرْدَاءِ فَسَأَلْتُهُ، فَقَالَ: مِثْلَهُ).[٣] واته: توشی (ثه‌وبان)ی خزمه‌تكاری پێغه‌مبه‌ری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوم خوای لێ ڕازی بێت، عه‌رزمكرد: كرده‌وه‌يه‌كم پێبفه‌رموو كه ئه‌گه‌ر كردم خوای گه‌وره بمخاته به‌هه‌شته‌وه، يان: چاكترين كرده‌وه‌م پێ بفه‌رموو كه لای خوای گه‌وره په‌سه‌ندترين بێت. بێده‌نگ بوو، وه‌ڵامی نه‌دايه‌وه، جارێكی تر لێم پرسيه‌وه هه‌ر بێده‌نگبوو، پاشان بۆ سێيه‌مين جار عه‌رزمكرده‌وه. ئينجا فه‌رمووی: منيش هه‌ر ئه‌م پرسيارەم عه‌رزی پێغه‌مبه‌ری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كرد، له وه‌ڵامدا فه‌رمووی: سوجده‌ی زۆر ببه.

---

[١] ئيمامی ماليك (٦٥)، ئيبنوماجه (٢٧٣)، داريمی (٦٥٥)، ئه‌حمه‌د (٢٢٤١٤)، طه‌به‌رانی: الأوسط (٧٠١٩). ئيمامی ئيبنوحه‌جه‌ر له (تخريج أحاديث مشكاة المصابيح ١/١٨١)دا به حه‌سه‌نی داناوه..

[٢] نووسه‌ری به‌رێز نوسيوێتی: (به ززار له ئيبنومه‌سعوده‌وه و سه‌حيحه). وا له موسليم (٤٨٢)، نه‌سائی (١١٣٧)، ئيبنوحه‌جه‌ر: فتح الباري (٧٨٤). ئه‌حمه‌د (٩١٦٥).

[٣] موسليم (٤٨٨)، فتح الباري (١٠٨٤)، ترمذي (٣٨٨)، نه‌سائی (١١٣٩)، ئيبنوماجه (١٤٢٣)..

چونکە هەر سوجدەیەك کە بۆ خوا دەیبەیت پلەیەکت بەرزدەکاتەوە پێی و گوناحێکت پێ لێدادەتەکێنێت. میعدان فەرمووی: پاشان چوومە خزمەت ئەبوددەرداء خوای لێی ڕازی بێت، هەمان پرسیارم عەرزی ئەویش کرد، ئەویش هەروا وەڵامیدایەوە.

٣- نوێژ نیشانەی خواناسیی و سوپاسگوزاریەتی. ئەداکردنی ئەرکی بەندایەتییە بۆ خوای تاك و پاك. خوای گەورە مرۆڤی خەلقکردوەو هەموو نیعمەتەکانی بۆ دەستەبەر کردووەو هەزاران هەزار مەخلوقاتی خستۆتە بەردەستی کە ڕەفتاری هەموویان لە خزمەتی مرۆڤدان. جا کە مرۆڤێك سوپاسگوزاری خوا دەکات و دەڵێ: (اَلْحَمْدُ لِلّهِ) ئەوە نیيەتی خواناسیی و نیشانەی سوپاسکردن و ئیعترافکردنێتی بە بەندایەتی خۆی و خوایەتی خوای تاك و پاك. خوای گەورە کردگاری هەموو شتێکە و لە هەموو وجودێك گەورەترو مەزنترە، جا کە موسڵمانێك ئاوا بە مەزنیی ناوی دەهێنێت و مەدحی دەکات و دەڵێ: (اَللّٰهُ اَكْبَرُ) ئەوە نیشانەیەکی خواناسی و ئیعتیراف پێکردن و ناساندنە کە تەنها خوای گەورە کردگارەو تەنها ئەویش شایانی پەرستن و بە مەزن ڕاگرتنەو دەبێت ئیعتیراف بە پاك و بێ خەوشیی (بێ عەیبی) ئەو بکرێت. بۆیە دەڵێ: (سُبْحَانَ اللّٰهِ) کە نیشانەیەکی ئیعتیرافکردنێتی بە خوایەتی خوای گەورە کە پاك و بێخەوشە.

- ڕکوع بردن و سوجدەبردنمان و ووتنی: (سُبْحَانَ رَبِّيَ الْعَظِيمِ) و (سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَى) ئیعتیرافکردنە بە هەمووسیفەتەکانی پەروەردگارێتی(الربوبية)ی خوای گەورەو ئەدای پەرستنە بۆ خوایەتی (الالوهية)کەی. ئیعتیرافکردنە بە بەندایەتی عەبد و خوایەتی تاك و پاك. بۆیە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (الصَّلاَةُ مَثْنَى مَثْنَى، وَتَشَهُّدٌ فِي كُلِّ رَكْعَتَيْنِ، وَتَضَرُّعٌ وَتَخَشُّعٌ وَتَمَسْكُنٌ، وَتُقْنِعُ يَدَيْكَ، يَقُولُ: تَرْفَعُهُمَا إِلَى رَبِّكَ مُسْتَقْبِلاً

بِهِمَا وَجْهَكَ، وَتَقُولُ: يَا رَبِّ يَا رَبِّ. فَمَنْ لَمْ يَفْعَلْ ذَلِكَ فَهِيَ خِدَاجٌ).[١] واته: نوێژ دووڕكات دووڕكات بكەو لە هەر جووت ركاتێكدا تەحیات بخوێنە. ملكەچانە بوەستەو خۆ زەلیلكە. بۆ دوعاكردن دەست بۆ ئاسمان بەرزبكەرەوە، كە رووی لەپی دەستەكانت لە دەمووچاوت بێت و بڵێ: خوایە، خوایە. ئەوەی وا ناكات، ئەوە بەراستی نوێژی بە تەواوی نەكردووەو پاداشتەكەی نوقسانە.

٤- نوێژ كە ئاوا دەبێتە نیشانەی دەربڕینی بەندایەتی مرۆڤ بۆ خوای گەورەو بەڵگەی خواناسیی و ئیعتیرافكردن، دەبێتە ئارەزووی پەرستنی خوای تاك و پاك. نوێژ پێناسەو سیفەتی خوای تاك و پاكە. نوێژ بەم پێناسەو سیفەت و نیشانەیەوە دەبێتە مایەی گەشەو نەشونمای باوەڕو هەستیارێتی دینداریی و هۆشداریی و وریایی بەردەوام. جا نوێژ بۆ هەر كەسێك و لای هەر كەسێك ئاوا بوو بە ووزەیەكی ناخ و چاودێرییەكی هەمیشەیی، ئیتر ئەنجامدانی نوێژەكان سووك و ئاسان دەبن و بە ئارەزومەندیەوە دەكرێن. بە پێچەوانەشەوە، كاتێك بەو پێناسەو سیفەتە كاریگەرەوە لە ناخدا نابنە حەزی خواناسیی و خواپەرستیی، هەر دەبنە ئەركێكی بە جێهێنانی فەرزەكەو هیچی تر. دەبێتە ئەركێكی قورس و نابەدڵ. هەست و جەستە چوست و چالاكانە ئەنجامی نادەن. چونكە هەر وا حسێبدەكەن كە كۆڵێكەو پێوەی موبتەلابوون!! بۆیە خوای گەورە ئاماژە بەم حەقیقەتە ئیمانی و دەروونیە، دەفەرمووێ: (وَاسْتَعِينُوا بِالصَّبْرِ وَالصَّلَاةِ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلَّا عَلَى الْخَاشِعِينَ * الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَاقُو رَبِّهِمْ وَأَنَّهُمْ إِلَيْهِ رَاجِعُونَ) البقرة/٤٥-٤٦ واتە: بە نوێژكردن و سەبرگرتن داوای یارمەتی زیاتر لە خوای گەورە بكەن. نوێژەكان

---

[١] ئەبوداوود (١٢٩٦)، ترمذي(٣٨٥)، نەسائی (٤٠٥٢)، ئەحمەد ( ١٦٧/٤ )، بەیهیقی (٤٨٧/١)، ئیبنوخوزەیمە (١١٥٠)، الطحاوي: (مشكل الآثار/٩٣١)دا. ئەلبانی لە (ضعيف الترغيب والترهيب/٢٨٢)دا دەفەرموێ: زەعیفە.

ئەرکێکی گەورەن مەگەر لەسەر شانی ئەو کەسانە سووکبێت کە بۆ خوا ملکەچن و یەقینیان هەیە، کە بە دیداری خوای پەروەردگاریان دەگەن و دەگەڕێنەوە لای ئەو. ئەو کەسانەی گوێرایەڵی خواو پێغەمبەری خوان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ملکەچی دەردەبڕن و سەرڕاستانە دینداریێتی دەکەن. نەك هەر نوێژەکانیان لا قورس نامێنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە نوێژەکان دەبنە وێستگەی ئارامی دڵ و ئاسوودەیی دەروون و شادی رۆح و بەرفراوانبوونی ویژدانیان. نوێژ دەبێتە مایەی حەوانەوەو شەحنبوونەوەیان. بۆیە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (حُبِّبَ إِلَيَّ، مِن دُنْيَاكُم: النِّسَاءُ، والطِّيْبُ، وَجُعِلَتْ قُرَّةُ عَيْنِي فِي الصَّلاَةِ)[١] واتە: منیش لە دنیای چێژی ئێوەدا حەزم لە بۆنی خۆش و ژنهێنانە. ئەوەی مایەی بەرچاو رۆشنیشمە نوێژەکانە، کە تێیاندا شادمان دەبم.

٥- لەبەر ئەوەی هەر نوێژێك بەیعەتدانەوەیە بە خوای گەورەو تۆبەکردن و پەیمان بەستنەوەیەکی نوێیە لەسەر نیشاندان و نواندنی عەبدایەتی و راستکردنەوەی دینداریێتی. وویستی خوای گەورە وا بووە کە گوناح لەگەڵ نوێژکردندا هەڵوەرێت. هەر نوێژێك کە پاك و چاك ئەنجام دەدرێت، دەبێتە مایەی سڕینەوەی گوناح. بۆیە ئەگەر کەسێك گوناحە گەورەکانی (الکبائر: وەکو قەتڵ و زینا و شەرابخواردن و..هتد) نەکرد، ئومێدە کە هەر نوێژێك گوناحی تا پێشنوێژەکەی بسڕێتەوە. ئەمەش رەحمەتی خوای گەورەیە تا عەبدی گوناحکار هەستبکات کە دەرگای رەحمەتی بە ڕوودا داناخرێت. بەڵام با وریابێت و نەکەوێتە ئەو گوناحە گەورانەوە. بۆیە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێ: (الصَّلَوَاتُ الْخَمْسُ، وَالْجُمْعَةُ إِلَى الْجُمْعَةِ، كَفَّارَةٌ لِمَا بَيْنَهُنَّ، مَا لَمْ تُغْشَ

---

[١] نەسائی (٣٩٣٩٨)، حاکم (١٧٤/٢) دەفەرموێ: سەحیحەو ئیمامی زەهەبیش دەفەرموێ: وایە. ئیمامی ئیبنوحەجەریش لە (فتح الباري ١٥/٣ و٣٤٥/١١)دا دەفەرموێ:سەحیحە، هەروەها شێخی ئەلبانی لە (صحيح الجامع/ ٣١٢٤) و (صحيح سنن النسائی/ ٣٩٤٩)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

الْكَبَائِرُ).[١] واتە: پێنج فەرزی نوێژەکانی شەوو ڕۆژو نوێژی ئەم هەینی بۆ نوێژی ئەو هەینی سڕەرەوەی گوناحەکانی نێوانیانن، ئەگەر گوناحە گەورەکانیان تێدا نەکرابوون.

سەیدنا سەعدی کوری ئەبووەققاص خوا لێی ڕازیبێت دەگێڕێتەوە: (كَانَ رَجُلَانِ أَخَوَانِ، فَهَلَكَ أَحَدُهُمَا قَبْلَ صَاحِبِهِ بِأَرْبَعِينَ لَيْلَةً، فَذُكِرَتْ فَضِيلَةُ الْأَوَّلِ منْهُما عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ: أَلَمْ يَكُنِ الْآخَرُ مُسْلِمًا؟ قَالُوا: بَلَى، وَكَانَ لَا بَأْسَ بِهِ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: وَمَا يُدْرِيكُمْ مَا بَلَغَتْ بِهِ صَلَاتُهُ؟!إِنَّمَا مَثَلُ الصَّلَاةِ كَمَثَلِ نَهْرٍ عَذْبٍ غَمْرٍ بِبَابِ أَحَدِكُمْ، يَقْتَحِمُ فِيهِ كُلَّ يَوْمٍ خَمْسَ مَرَّاتٍ، فَمَا تَرَوْنَ فِي ذَٰلِكَ يُبْقِي مِنْ دَرَنِهِ؟! فَإِنَّكُمْ لَا تَدْرُونَ مَا بَلَغَتْ بِهِ صَلَاتُهُ).[٢] واتە: دوو پیاو برای یەکتر بوون. یەکێکیان بە چل شەو پێش ئەوی تریان کۆچی دوای کرد. لە خزمەت پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەسفی چاکەی یەکەمینیان کرد، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسی: مەگەر ئەوی دووەمیشیان موسوڵمان نەبووە؟ عەرزیان کرد: بەدی. موسوڵمان بوو. تا ڕادەیەک باش بوو. فەرمووی: ئێوە چوزانن نوێژەکانی گەیاندوویاناتە چ ئاستێك؟! نوێژ وەکو ڕوبارێکە کە ئاوێکی ساف و پاك و شیرینی تێدابێت، ڕۆژانە پێنج جار سەربکات و بچێتە ماڵەکانیانەوە. ئایا هیچ خاشاکێکی لێدەهێڵێت کە ڕاینەدات؟ پیسیەك لە ماڵەکەدا دەمێنێت؟ دەی سا نوێژەکانیش وەکو ئەو ڕوبارەیە. ئیتر چوزانن نوێژ بە چ پلەو ئاستێکی باڵای گەیاندووە.

---

[١] ئەحمەد (٩٨٩٥)، طەبەرانی: (٢٥٨٣). ئەلبانی لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/٢٢٧٤)دا دەفەرموێ: سەحیحە..

[٢] ئیمامی مالك (٤٢٢ و ٤٢٣)، ئیمامی ئەحمەد(٢/٣٧٦)، نەسائی(٤٦١)، ئیبنو خوزەیمە لەسەحیحەکەیدا. ئەلبانی رحمه الله لە (صحيح الترغيب والترهيب/٣٧١)دا دەفەرموێ: سەحیحە. ئەسڵێکیشی لە بوخاری (٥٠٥) و موسلیم (٦٦٤) دا هەیە.

ئەبوئومامە خوای لێی رازی بێت دەفەرمووێ: (بَيْنَمَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي الْمَسْجِدِ، وَنَحْنُ قُعُودٌ مَعَهُ إِذْ جَاءَ رَجُلٌ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي أَصَبْتُ حَدّاً فَأَقِمْهُ عَلَيَّ، فَسَكَتَ عَنْهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ثُمَّ أَعَادَ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي أَصَبْتُ حَدّاً، فَأَقِمْهُ عَلَيَّ، فَسَكَتَ عَنْهُ، وَأُقِيمَتْ الصَّلَاةُ، فَلَمَّا انْصَرَفَ نَبِيُّ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَ أَبُو أُمَامَةَ: فَاتَّبَعَ الرَّجُلُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حِينَ انْصَرَفَ، وَاتَّبَعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْظُرُ مَا يَرُدُّ عَلَى الرَّجُلِ، فَلَحِقَ الرَّجُلُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي أَصَبْتُ حَدّاً فَأَقِمْهُ عَلَيَّ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَرَأَيْتَ حِينَ خَرَجْتَ مِنْ بَيْتِكَ أَلَيْسَ قَدْ تَوَضَّأْتَ فَأَحْسَنْتَ الْوُضُوءَ؟ قَالَ: بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: ثُمَّ شَهِدْتَ الصَّلَاةَ مَعَنَا؟فَقَالَ: نَعَمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: فَإِنَّ اللَّهَ قَدْ غَفَرَ لَكَ حَدَّكَ، أَوْ قَالَ ذَنْبَكَ).[١] واتە: لەو كاتەی كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە مزگەوت بوو ئێمەش لە خزمەتیدا دانیشتبووین، كابرایەك هاتە خزمەتی و عەرزی كرد: ئەی پێغەمبەری خوا سزایەكی (حدد)م كەوتۆتە سەر لێمدەركە. (واتە: گوناهێكی گەورەم كردووە كە داری حەددی لێدەدرێت یان رەجم و كوشتن تكایە سزاكەم لەسەر بچەسپێنە). پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لێی بێدەنگ بوو، كابرا جارێكی تر عەرزی كردەوە، دیسان پێغەمبەر بێدەنگبۆوە. پاشان نوێژكرا. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دوای نوێژ تەشریفی برد، كابراش كەوتە شوێنی. منیش هەروا تەماشام دەكرد. داخۆ چۆن وەڵامیدەداتەوە. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسی: مەگەر تۆ كاتێك لە ماڵ دەرچویت و بەرەو مزگەوت هاتیت، دەستنوێژت نەگرتبوو، بە ڕاست و دروستی؟ عەرزی كرد: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، پاشان نوێژەكەت بە جەماعەت لە گەڵ ئێمە نەكرد؟ عەرزی كرد: بەڵێ

[١] موسلیم (٢٧٦٥)، ئەبوداود (٤٣٨١).

ئەی پێغەمبەری خوا، ئینجا فەرمووی: دەی سا خوای گەورە سزاکەی لەسەر لاداویت. یان فەرمووی: لە گوناحەکەت خۆشبوو.

٦- نوێژ کە تەوەرەی خواپەرستنە، پیادەکردن و ڕاگرتنی بەوە دەبێت کە هەموو ئەو ڕەفتارانەی تێدا ئەنجامبدرێت کە فەرمانیان پێدراوە. هەروەها دوورکەوتنەوە لە هەموو ئەو کارو ڕەفتارانەی کە بەرهەڵستیان لێکراوەو نابێت لە نوێژدا بکرێن (وەکو قسەکردن). نوێژ کۆمەڵێك مەرج و روکن و فەرزو سوننەت و ئادابی تایبەتی خۆی هەیە. هەر وەکو کە مەکروهاتی هەیەو نابێت لە نوێژدا بکرێن. هەندێ ڕەفتاریش هەیە لە (نییەت و گوفتار و کرداردا) کە نوێژ بەتاڵدەکەنەوە. جا هەر کەسێك لەو ڕەفتارانە دوورکەوتەوە کە نوێژ نوقساندەکەن و ئەو مەرج و روکن و فەرزانەی هێنایە دی کە بۆ نوێژ دانراون، ئەوە نوێژی پیادەکردووەو پاراستویەتی. خوای گەورە لەگەڵ فەرزەکانی نوێژدا هەندێك سوننەت و نوێژی تری ئیزافی دیاریکردووە کە نوقسانی ژمارەی نوێژەکانمانی پێتەواودەکرێن. یان زەخیرەی نوێژو پاداشتی پێ زیاتردەکرێت. کەم کەسیش هەیە هەموو نوێژەکانی بە کاملی و تەواویی ئەنجامدابێت و سوننەتەکانی بە زیادە بۆ نوسرابێت.

عەماری کوری یاسر خوا لێیان رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (إِنَّ الرَّجُلَ لَيَنْصَرِفُ مِنْ صَلَاتِهِ وَمَا كُتِبَ لَهُ إِلَّا عُشْرُ صَلَاتِهِ، تُسْعُهَا، ثُمُنُهَا، سُبُعُهَا، سُدُسُهَا، خُمُسُهَا، رُبُعُهَا، ثُلُثُهَا، نِصْفُهَا).[١] واتە: کابرا نوێژەکەی تەواودەکات، بەڵام ئەوەی بۆی نوسراوە دەیەکی نوێژەکەیەتی، نۆیەکێتی، هەشتیەکێتی، حەوتیەکێتی،

---

[١] ئەبوو داود (٧٩٦)، نەسائی (٦٠٥)، ئەحمەد (١٨٤٠٠)، بەیهیقی: السنن الكبرى (٣٤٢٨)، ئیبنوحیببان (١٩٢٦). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح سنن أبي داود/ ٧٦١)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

شەشیەکێتی، پێنجیەکێتی، چواریەکێتی، سێیەکێتی، نیوەیەتی!کەوابوو ئەو کەسەی کە نوێژەکەی بە تەواوی دەکات ئەو کەسەیە کە نوێژ بە هەموو مەرج و ڕوکن و فەرز و سوننەت و ئاداب و زیادەکانیەوە دەکات.

٧- مەڵبەندەکانی نوێژ ئەنجامدان مزگەوتەکانن: (وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا) الجن/١٨واتە: مزگەوتەکان هی خوان و بۆ خوان، نابێت هاواری غەیری خوایان تێدا بکرێت و داوایان لە غەیری خوای گەورە تێدا بکرێت. دروستکردن و ئاوەدانکردن و قەرەباڵغ ڕاگرتنی مزگەوت نیشانەی دینداریتی موسڵمان و پتەویی تەقواکاریی و پابەندیانە بە دینەکەوە. بە خوا پەرستیەکان و کۆمەڵکاریی و یەکئومەتیی خۆیانەوە. بۆیە خوای گەورە دەفەرمووێ: (إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللَّهِ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلَّا اللَّهَ فَعَسَىٰ أُولَٰئِكَ أَن يَكُونُوا مِنَ الْمُهْتَدِينَ)التوبة/١٨واتە: کەسێك مزگەوتەکانی خوای گەورە ئاوەدان دەکاتەوە کە باوەڕی بە خوای گەورەو بە ڕۆژی دوایی هێناوەو نوێژ پیادەدەکات و زەکاتدەدات و باکی بە مەخلوق نیە. لە غەیری خوای گەورە ناترسێت. ئێ ئەوانەشن کە هیدایەت دراون.[١]

- ئبینومەسعود خوا لێی ڕازی بێت دەیفەرموو: (لَقَدْ رَأَيْتُنَا وَمَا يَتَخَلَّفُ عَنْ الصَّلَاةِ إِلَّا مُنَافِقٌ قَدْ عُلِمَ نِفَاقُهُ أَوْ مَرِيضٌ إِنْ كَانَ الْمَرِيضُ لَيَمْشِي بَيْنَ رَجُلَيْنِ حَتَّى يَأْتِيَ الصَّلَاةَ وَقَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَّمَنَا سُنَنَ الْهُدَى وَإِنَّ مِنْ سُنَنِ الْهُدَى الصَّلَاةَ فِي الْمَسْجِدِ الَّذِي يُؤَذَّنُ فِيهِ).[٢] واتە: دەمانتبینی کەسمان لە نوێژ دوانەدەکەوتین، مەگەر دووڕوویەك کە دووڕوویەکەی لە هەموان ئاشکرا بوبێت. یان کەسێك کە نەخۆش کەوتبێت. نەخۆشیشت دەبینی باڵی خستبووە سەرشانی دوویپاوو بە یارمەتی ئەوان

---

[١] باب و باپیرانی ئێمەش لە مزگەوتەکانیان دەنوسی:
(ماڵی ئاوا ئەو کەسەی وا ماڵی تۆ ئاوا ئەکا... عەبدی خۆتە، خۆت ئەزانی، لوتفی تۆ داوا ئەکا).
[٢] موسلیم (١٠٥٢)، ئەبوداود (٤٦٢)، ئەحمەد (٤٢٠٥).

دەڕۆیشت، تا خۆی بگەیێنێتە نوێژەکە!هەر ئیبنومەسعود خوای لێی ڕازی بێت دوای ئەوە فەرمووی: پێغەمبەی خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەموو ڕێگاکانی هیدایەتی خوای نیشانداین. لەو ڕێگایانەی هیدایەتیش نوێژکردن بوو لەو مزگەوتەی کە بانگی لێدەدرێت..

لە ریوایەتەکەی ئەبوداووددا ئەم زیادەیەشی تێدایە کە هەر ئیبنومەسعود خوای لێی رازی بێت دەفەرمووێ: (وَمَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ إِلاَّ وَلَهُ مَسْجِدٍ فِي بَيْتِهِ، وَلَوْ أَنَّكُمْ صَلَّيْتُمْ فِي بُيُوتِكُمْ كَمَا يُصَلِّي هَذَا الْمُتَخَلِّفُ فِي بَيْتِهِ لَتَرَكْتُمْ سُنَّةَ نَبِيِّكُمْ، وَلَوْ تَرَكْتُمْ سُنَّةَ نَبِيِّكُمْ لَكَفَرْتُمْ).[١] واتە: حەتمەن هەر یەکەشتان شوێنی نوێژکردنی لە ماڵەکەی خۆیدا هەیە. بەڵام ئەگەر هەر کەسەتان نوێژەکانی لە ماڵی خۆیدا بکات و مزگەوتەکانتان وەلبکەن، ئەوە مانای وایە سوننەت (دید و ڕێبازەکەی)ی پێغەمبەرەکەی خۆتان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەلکردوە. ئەگەر سوننەت پێغەمبەرەکەشتان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەلبکەن بە تەئکید کافردەبن.. واتە: وەلکردنی ئەو سوونەتەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەتانگەیێنێتەوە کافربوون. هەر وەکو کە ئێستا ئێمە ئەوە بە واقیعی دەبینین!.

هەروەها پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەفەرموودەی سەحیحدا دەفەرمووێ: (إِنَّ أَثْقَلَ صَلاَةٍ عَلَى الْمُنَافِقِينَ صَلاَةُ الْعِشَاءِ وَصَلاَةُ الْفَجْرِ، وَلَوْ يَعْلَمُونَ مَا فِيهِمَا لَأَتَوْهُمَا

---

[١] هەموو ریوایەتەکە بەم جۆرەیە: (مَنْ سَرَّهُ أَنْ يَلْقَى اللَّهَ غَدًا موسليما فَلْيُحَافِظْ عَلَى هَؤُلاَءِ الصَّلَوَاتِ حَيْثُ يُنَادَى بِهِنَّ، فَإِنَّ اللَّهَ شَرَعَ لِنَبِيِّكُمْ صلى الله عليه وسلم سُنَنَ الْهُدَى، وَإِنَّهُنَّ مِنْ سُنَنِ الْهُدَى، وَلَوْ أَنَّكُمْ صَلَّيْتُمْ فِي بُيُوتِكُمْ كَمَا يُصَلِّي هَذَا الْمُتَخَلِّفُ فِي بَيْتِهِ لَتَرَكْتُمْ سُنَّةَ نَبِيِّكُمْ، وَلَوْ تَرَكْتُمْ سُنَّةَ نَبِيِّكُمْ لَضَلَلْتُمْ، وَمَا مِنْ رَجُلٍ يَتَطَهَّرُ فَيُحْسِنُ الطُّهُورَ ثُمَّ يَعْمِدُ إِلَى مَسْجِدٍ مِنْ هَذِهِ الْمَسَاجِدِ إِلاَّ كَتَبَ اللَّهُ لَهُ بِكُلِّ خَطْوَةٍ يَخْطُوهَا حَسَنَةً، وَيَرْفَعُهُ بِهَا دَرَجَةً، وَيَحُطُّ عَنْهُ بِهَا سَيِّئَةً، وَلَقَدْ رَأَيْتُنَا وَمَا يَتَخَلَّفُ عَنْهَا إِلاَّ مُنَافِقٌ مَعْلُومُ النِّفَاقِ، وَلَقَدْ كَانَ الرَّجُلُ يُؤْتَى بِهِ يُهَادَى بَيْنَ الرَّجُلَيْنِ حَتَّى يُقَامَ فِي الصَّفِّ» صحيح موسليم/ ١٠٥٢.

وَلَوْ حَبْوًا وَلَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ آمُرَ بِالصَّلَاةِ فَتُقَامَ ثُمَّ آمُرَ رَجُلًا فَيُصَلِّيَ بِالنَّاسِ ثُمَّ أَنْطَلِقَ مَعِي بِرِجَالٍ مَعَهُمْ حُزَمٌ مِنْ حَطَبٍ إِلَى قَوْمٍ لَا يَشْهَدُونَ الصَّلَاةَ فَأُحَرِّقَ عَلَيْهِمْ بُيُوتَهُمْ بِالنَّارِ).[1] واتە: قورسترین و سەختترین نوێژ لەسەر دوو ڕووەکان، نوێژی عیشا (خەوتنان) و نوێژی بەیانیە. ئەگەر بتانزانیایە کە چەندی خێرو پاداشتیان هەیە، بە گاگۆڵکێش بوایە هەر دەهاتنە مزگەوت بۆ ئەنجامدانیان! ویستم فەرمان بدەم بە کەسێك _کە ئیقامەکرا_ پێشنوێژییەکە بۆ خەڵکەکە بکات و منیش فەرمانبدەم بە چەند پیاوێك کە هەریەکەیان باوەشێك چیلکەدار هەڵگرێت و وەلمدا بێت بۆ سەر ئەو کەسانەی نە هاتوونەتە نوێژی جەماعەت، تا ماڵەکانیان بەسەردا بسوتێنم!

هەروەها دەفەرموێت: (مَنْ صَلَّى الْعِشَاءَ فِي جَمَاعَةٍ فَكَأَنَّمَا قَامَ نِصْفَ اللَّيْلِ وَمَنْ صَلَّى الصُّبْحَ فِي جَمَاعَةٍ فَكَأَنَّمَا صَلَّى اللَّيْلَ كُلَّهُ) موسلم.[2] واتە هەر کەسێك نوێژی خەوتنان بە جەماعەت بکات (بێگومان لە مزگەوت) وەکو ئەوە وایە تا نیوەشەو شەونوێژی کردبێت. هەرکەسێك نوێژی بەیانیشی بە جەماعەت بکات وەکو ئەوەیە کە هەموو شەوەکە شەو نوێژی کردبێت..(سُبْحَانَ الله لەو گرنگێتی و پاداشتە)!

هەروەها دەفەرمووێ: (صَلاةُ الرَّجُلِ فِي الْجَمَاعَةِ تُضَعَّفُ عَلَى صَلاتِهِ فِي بَيْتِهِ وَفِي سُوقِهِ خَمْسًا وَعِشْرِينَ ضِعْفًا؛ وَذَلِكَ أَنَّهُ إِذَا تَوَضَّأَ فَأَحْسَنَ الْوُضُوءَ ثُمَّ خَرَجَ إِلَى الْمَسْجِدِ لا يُخْرِجُهُ إِلَّا الصَّلاةُ، لَمْ يَخْطُ خَطْوَةً إِلا رُفِعَتْ لَهُ بِهَا دَرَجَةٌ وَحُطَّ عَنْهُ بِهَا خَطِيئَةٌ، فَإِذَا صَلَّى لَمْ تَزَلْ الْمَلَائِكَةُ تُصَلِّي عَلَيْهِ مَا دَامَ فِي مُصَلاهُ: اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَيْهِ اللَّهُمَّ ارْحَمْهُ، وَلَا يَزَالُ أَحَدُكُمْ فِي صَلَاةٍ مَا انْتَظَرَ الصَّلاةَ) متفق عليه.[3] واتە: نوێژی کەسێك بە جەماعەت (لە

[1] بوخاری(٦٥٧)، موسلیم (٦٥١).

[2] موسلیم (٦٥٦)، شێخی ئەلبانی رحمە الله ریوایەتەکەی ترمذیشی بە سەحیح داناوە لە (صحیح الترمذي/ ٢٢١).

[3] بوخاری(٦٢٨)، موسلیم (٦٤٩).

مزگەوت) دەیكات پاداشتی بیستوپێنج ئەوەندە زیاترە وەك نوێژێك بە تەنها لە ماڵەكەیدا یان لە دوكانەكەیدا (لەسەر ئیش) بیكات. هەر كەسێك دەستنوێژێكی پاك و پوخت بگرێت و بەرەو مزگەوت بڕوات و نییەتی غەیری چوونە نوێژەكە نەبێت، بە هەر هەنگاوێكی كە هەڵیدەهێنێوە پلەیەك بەرزدەبێتەوەو گوناحێكی لێهەڵدەوەرێت. (لە گوناحێكی پاك دەبێتەوە). كە نوێژدەكات و لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە، تا لەوێدا بێت فریشتەكان دوعای بۆ دەكەن مادام دەستنوێژەكەی پاراستبێت. فریشتەكان بۆی دەپاڕێنەوە كە خوایە بەزەیی و ڕەحمەتی خۆتی بە سەردا برێژە. خوایە لێیخۆشبە. ئەمەشتان بەردەوام دەبێت مادام چاوەڕوانی نوێژی دواتر بكەن.

٨- ئەمانەی باسكران یادخستنەوەن. تا بزانرێت نوێژ چەند گرنگەو پایەداركردنی چەند كاریگەرە. هەر كەس بۆی بلوێت و نوێژەكانی ئاوا بكات، ئەوە دیارە كەلێن و كورتی لە نوێژدا نابێت و پاداشتی تەواوی مسۆگەر دەبێت إِنْ شَاءَ اللَّه. پابەندبوونی ئاوا بە نوێژەوە دەبێتە مایەی دینداریتی سەرڕاستانەو رەسەنكردنەوەی ڕەفتارو ڕەوشتی خواناسان و پارسەنگ ڕاگرتنی كەسایەتی موسڵمان لە هەموو كات و شوێن و حاڵەتێكدا: (إِنَّ الْإِنسَانَ خُلِقَ هَلُوعًا * إِذَا مَسَّهُ الشَّرُّ جَزُوعًا * وَإِذَا مَسَّهُ الْخَيْرُ مَنُوعًا * إِلَّا الْمُصَلِّينَ * الَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ صَلَاتِهِمْ دَائِمُونَ * وَالَّذِينَ فِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ مَّعْلُومٌ * لِّلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ * وَالَّذِينَ يُصَدِّقُونَ بِيَوْمِ الدِّينِ * وَالَّذِينَ هُم مِّنْ عَذَابِ رَبِّهِم مُّشْفِقُونَ * إِنَّ عَذَابَ رَبِّهِمْ غَيْرُ مَأْمُونٍ * وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ * إِلَّا عَلَىٰ أَزْوَاجِهِمْ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ * فَمَنِ ابْتَغَىٰ وَرَاءَ ذَٰلِكَ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْعَادُونَ * وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ * وَالَّذِينَ هُم بِشَهَادَاتِهِمْ قَائِمُونَ * وَالَّذِينَ هُمْ عَلَىٰ صَلَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ * أُولَٰئِكَ فِي جَنَّاتٍ مُّكْرَمُونَ) المعارج/١٩-٣٤ واتە: مرۆڤ زۆر تاڵوكە خەلقبووە، زوو دەشڵەژێت و پارسەنگی لە دەستدەدات. كە ناڕەحەتیەكی دێتەرێ لە ترساندا دڵی دادەكەوێت و چۆكی دەشكێت،

بێهیوادەبێت و مافی خەڵکی زەوتدەکات. وا دەزانێت ئیتر خۆشیی نایەتەوە رێی! کە خۆشیی و نازو نیعمەتیشی دێتە رێ، لوتبەرزو پیسکە دەبێت و مافی خەڵکی زەوتدەکات. لەبەر ئەنانێتی خۆی چاکەیەکی لەدەستنایەت. مرۆڤ -جگە لە نوێژخوێنەکان- هەموویان وان. هەر ئەوانە وانین کە لەسەر نوێژکردنیان بەردەوامن و پێوەی پابەندن، هەم کات و شوێنی نوێژ دەپارێزن، هەم مەرج و روکن و فەرز و سوننەت و ئادابەکانی..نوێژەکان ملکەچانەو بەئاگایانە بۆ خوای گەورە ئەنجامدەدەن. ئەمانە هەر ئەوانەن کە بڕیارياندواوە کە پشکێکی سامانەکانیان _کە زەکاتە_ لادەن و بیگەیێننە موستەحەقانی. چونکە دەزانن ئەوە مافی ئەو کەسانەیە کە لە کۆمەڵگەدان و موحتاجن، فەرزیشە لەسەر ئەم هەر دەبێت بیدات. ئەم نوێژخوێنە خواناسە سەخییانە لە هاتنی قیامەت دڵنیان و یەقینیان هەیە کە دەگەڕێنەوە لای خوای پەروەردگاریان. ئەمانە ئومێدیان بە پاداشتی خوای گەورەیەو خەمی سزاو ئازاری رۆژی دواییان لەبەرەو لە بەرچاویانەو دەترسن. بۆیە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان رەفتارێک نەنوێنن پێی بکەونە بەر غەزەبی خوای گەورە. چونکە سزاو ئەشکەنجەی خوای گەورە خۆلێلادانی نیە، مەگەر هەر بە رەحمەتی خوای گەورە خۆی، دەنا ئەمانی بۆ کەس تێدا نیە. ئەم موسڵمانە نوێژخوێن و زەکاتدەرو قیامەتیانە، ئەم پیاوچاکانەی هۆشیان بەردەوام لە پاداشت و سزای خوای پەروەردگاریانە داوێن پاکانە خۆیان دەپارێزن و خۆیان لە زیناو ڕەوشتی پیس دەگرنەوە. ئارەزوویان لە بواری حەڵاڵدا تێر دەکەن. لەگەڵ هاوسەرو کەنیزەکی حەڵاڵی خۆیاندا دەبن. ئەمەش بواری شیاوی خۆیەتی گلەیی لە کەس ناکرێت کە چێژی خۆیان لێبکات. ئەمما غەیری ئەمانەو لە بواری تردا ئەوە سنووربەزاندنە.. ئەو کەسانەی ئەوە سیفەتیانەو دەست و دەم پاکن و راسپاردەو بەڵێنیان دەپارێزن و مافی خەڵکی تێدا رەچاودەکەن، هەروەها ئەوانەی شاهیدی بۆ خوا دەدەن و بەس، نە دەیشارنەوەو نە کەمی دەکەنەوە، نە زیادەی پێوە دەنێن، بەڵکو لەبەر خاتری خوای گەورە چۆنیان دیوەو بیستووە وا دەیگەیێنەوە.. هەروەها ئەو کەسانەی کە نوێژەکانیان رادەگرن، خودی نوێژەکەو چۆنییەتی کردنیان، لەگەڵ کات و حاڵەتیان ئا ئەمانەی(ئەمە دید و رێ و بزاوت

و هەڵوێستیانە، ئەمە رەفتارو رەوشت و قیەمیانە)سەرفرازو سەرکەوتوون و بەهەشتیان مسۆگەرە، کە بە رێزەوە پێشوازیان لێدەکرێت و پاداشتیان دەدرێتەوە پێی و بەرێزو تەقدیریشەوە تێیدا دەژین و دەمێننەوە.

- دەربارەی کاریگەری دین و مومارەسەی دینداریی (عەفیف عبدالفتاح طەببارە) دیاردەیەکی سەیر نەقڵدەکات، دەڵێ: دائیرەی خستنەسەرکاری بێکاران لە نیۆیۆرك (ئەمریکا) تاقیکردنەوەیەکی دەروونی لەسەر (١٥٣٢١) کەسی بێکار کرد، لە پیاوان و ئافرەتان. هەر یەکێك لەمانە خرانە سەر کارێك کە لەگەڵ خۆیاندا گونجاو بێت. دکتۆر (هێنری لینگ) کە یەکێکە لە زانا دامەزرێنەرانی (دەروووناسیی ئەزموونیی: علم النفس التجريبى ) کرایە راوێژکاری ئەم ئەزموون و توێژینەوەیە، تا دواتر هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ کاری هەر یەکێکیان رابگەیێنێت. هەریەکە بە پێی نەخشەی دارێژراوی (هینری لینگ) کەوتنە سەرکار. هینری لینگ دەڵێ هەر زۆر زوو -لە سەرنجدانم لە چۆنییەتی چوونەسەرکار و ئەنجامدانی کاری دەهەزار کەسیان- بۆم دەرکەوت کە (عەقیدەو دینداریی) کاریگەرێتیەکی زۆر سەرەکی لە ژیان و کاری مرۆڤدا دەبێت. دیتم هەموو ئەو بێکارانەی دیندارن یان دەچنە پەرستگای دینێك، کەسایەتیان بەهێزترو پارسەنگترە، وەك لەو کەسانەیان بێدینن و هیچ جۆرە خوا پەرستیەك ئەنجام نادەن.

ئەمە لە ئەمریکایەو باس لە کاریگەری دین و پەرستنە، هەر دینێك بێت و هەر جۆرە پەرستنێك بووبێت!ئەی کاریگەریەکە چەند دەبێت کە دینداریتیەکە بە دینی حەقی ئیسلام و خواپەرستیەکەش بە نوێژو رۆژو و عیبادەتەکانی تر دەبێت؟

موسڵمانی سەرڕاست و دینداری چاك زۆر کەموێنەیە. کەسایەتی ئەو لە هەموو ئاست و بوارێکدا لە پێش کەسایەتی هاوشانانیەوەیەتی، هێزو پارسەنگی کەسایەتی موسڵمانی سەرڕاست لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا دیارە، چونکە لە هەموو نییەت و رەفتارێکی دا

مەبەستی رەزامەندی خوای گەورەیەو زۆر سەر بەرزانەش شانازی بە خوای گەورەوە دەکات. زۆر دڵخۆش و بەهێزو بێباکە چونکە ئەوەی لە ناخیدا چەسپیووە کە ئەم عەبدی خوای کردگارو زاناو دانایەو بەس.

٩- بابێینەوە جەخت لەوە بکەینەوە کە نوێژکردن نیشانەی موسڵمانبوونە پێشترەکەیەتی (کە بە شایەتمانهێنان راگەیێنراوە) ئەو رەفتارانەی دوای نوێژکردن دەکرێن هەر کاریگەری نوێژیان لەسەرە..چونکە نوێژ گەورەترین و گرنگترین کرداری موسڵمانەو نیشانەی ڕاستی شایەتمان هێنانەکەیەتی:

- (إِيَّاكَ نَعْبُدُ) تەنها تۆ دەپەرستین. ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە بەهیچ کلۆجێك نابێت غەیری خوای گەورە بپەرسترێت.

- (إِيَّاكَ نَسْتَعِينُ) ئیعترافکردنە بەوەی کە غەیری خوای گەورە سەرچاوەی یارمەتیدان نیە..یارمەتیدان تەنیا لە خوای گەورەوەیە.

- (اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ) غەیری خوای گەورە ناتوانێت و نازانێت کەس رێنمایی رێبازی حەق بکات. هەر ئەو دەتوانێت و بەس،

- (سُبْحَانَ رَبِّيَ الْعَظِيمِ) پاکیی و بێ خەوشیی بۆ خوای پەروەردگارە کە بەرزو گەورەو مەزنە. تەنها ئەو شایەنی ئەم بە مەزن دانانەیە.

- (سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَى) ئیعتیرافکردنە بەوەی کە دەسەڵات و سەروەریی و بڵندیی هی خوایەو بەس.

- (رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ) خوایە سوپاس هەر بۆ تۆیە. چونکە هەموو نازو نیعمەتەکانی (وجود) لە تۆوەیەو بەس.

هەر وەکو کە ئەمانە لە گوفتاری نوێژدا دەردەکەون لە کردارەکانی نوێژیشدا دەردەکەون، وەکو دەستنوێژگرتن و پاکژیی و داپۆشینی عەورەت و رووکردنە قیبلەو رکوع

و سوجدەبردن و هەستان و دانیشتن کە هەمووی هەر لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەرگیراوە..ئەمانە بە کردەوەکردنی شایەتمانن..ئیسلامیش دوای ئەمە لەسەر نوێژەکە دامەزراوە: (إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ)العنكبوت/٤٥

١٠- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێ: (إِنَّ أَوَّلَ مَا يُحَاسَبُ بِهِ الْعَبْدُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ عَمَلِهِ صَلَاتُهُ فَإِنْ صَلُحَتْ فَقَدْ أَفْلَحَ وَأَنْجَحَ وَإِنْ فَسَدَتْ فَقَدْ خَابَ وَخَسِرَ، فَإِنْ انْتَقَصَ مِنْ فَرِيضَتِهِ شَيْءٌ قَالَ الرَّبُّ عَزَّ وَجَلَّ: انْظُرُوا هَلْ لِعَبْدِي مِنْ تَطَوُّعٍ فَيُكَمَّلَ بِهَا مَا انْتَقَصَ مِنْ الْفَرِيضَةِ؟ ثُمَّ يَكُونُ سَائِرُ عَمَلِهِ عَلَى ذَلِكَ).[١] واتە: یەکەمین کردەوە کە لە ڕۆژی قیامەتدا عەبدی لەسەر محاسەبە دەکرێت، نوێژەکانییەتی ئەگەر نوێژەکانی ڕاست و دروست و بۆ خوا ئەنجامدرابوون، ئەوە سەرفرازو سەرکەوتووە. ئەگەر نادروست و فاسیدبوون ئەوا داماوو زەرەرمەنددەکەوێت. ئەگەر نوێژە فەرزەکانی نوقسانبوون، خوای پەروەردگار دەفەرمووێ: ببینن داخۆ عەبدەکەم نوێژی سوننەتی هەیە فەرزەکانی پێپڕبکرێتەوە؟ ئیتر هەمو کاروکردەوەکانی تریشی ئاوا دەبن.

هەروەها دەفەرمووێ: (أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ فَإِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلَّا بِحَقِّ الْإِسْلَامِ وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللَّهِ) متفق عليه.[٢] واتە: فەرمانم پێکراوە کوشتاری خەڵکی بکەم تا شایەتیدەدەن کە خوای گەورە شایەنی خوایەتیەو هیچ خوایەك جگە لەو نیە هەروەها محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێغەمبەری خوایەو نوێژبکەن و زەکاتبدەن. ئەگەر

---

[١] ئەبوداوود (٨٦٤)، ترمذي (٤١٣)، نەسائی (٤٦٥)ئەلبانی لە (صحيح سنن الترمذي) دا دەفەرمووێ سەحیحە.

[٢] بوخاری (٢٥)، موسلیم (٢٢).

ئەمانەیان کرد، ئەوا خوێن و سامانی خۆیانم لێحەرامدەکەن (جائیز نابێت بکوژرێن) مەگەر مافێکی ئیسلامیان بکەوێتە سەر (وەکو قەتڵ و زینا. واتە: ئەو تاوانانەی سزای مردن دەیان گرێتەوە) محاسەبەکردنیشیان لای خوای گەورە دەبێت.

١١- کۆتائاستی خوارێی نوێژکردن، کردنی فەرزەکانە. هەر کەسێك خۆی بیەوێت نوێژی زیاتر بکات بۆی هەیەو بواری لەبەردەمدا کراوەیە: (عَنْ طَلْحَةَ بْنَ عُبَيْدِ اللَّهِ قال جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِنْ أَهْلِ نَجْدٍ ثَائِرُ الرَّأْسِ نَسْمَعُ دَوِيَّ صَوْتِهِ وَلَا نَفْقَهُ مَا يَقُولُ حَتَّى دَنَا مِنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَإِذَا هُوَ يَسْأَلُ عَنْ الْإِسْلَامِ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خَمْسُ صَلَوَاتٍ فِي الْيَوْمِ وَاللَّيْلَةِ فَقَالَ هَلْ عَلَيَّ غَيْرُهُنَّ قَالَ لَا إِلَّا أَنْ تَطَّوَّعَ وَصِيَامُ شَهْرِ رَمَضَانَ فَقَالَ هَلْ عَلَيَّ غَيْرُهُ فَقَالَ لَا إِلَّا أَنْ تَطَّوَّعَ وَذَكَرَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الزَّكَاةَ فَقَالَ هَلْ عَلَيَّ غَيْرُهَا قَالَ لَا إِلَّا أَنْ تَطَّوَّعَ قَالَ فَأَدْبَرَ الرَّجُلُ وَهُوَ يَقُولُ وَاللَّهِ لَا أَزِيدُ عَلَى هَذَا وَلَا أَنْقُصُ مِنْهُ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَفْلَحَ إِنْ صَدَقَ) متفق عليه.[١] واتە: کابرایەکی قژبژی خەڵکی نەجد هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەر وورتە وورتیمان دەبیست و لە قسەکانی نەدەگەیشتین. تا لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نزیکبۆوە. دەبیستین وا دەربارەی ئیسلام لێیدەپرسێت. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێی فەرموو: پێنج نوێژ فەرزن لە شەوو ڕۆژێکدا بکرێن، عەرزی کرد: هیچی ترم غەیری ئەوانە لەسەرە؟ فەرمووی: نا، مەگەر خۆت زیادە نوێژی تر (سوننەتەکان) بکەیت. پاشان فەرمووی: ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان فەرزەو دەبێت بیگریت. عەرزی کرد: هیچی ترم غەیری ئەو لەسەرە؟ فەرمووی: نا، مەگەر خۆت لە زیادە ڕۆژووی تر بگریت. پاشان فەرمووی کە زەکاتیش فەرزە بۆی باس فەرموو، کابرا عەرزی کرد: هیچی ترم غەیری ئەو لەسەرە؟ فەرمووی: نا، مەگەر خۆت زیاتر ببەخشیت. کاتێك لە خزمەتی مەرەخەسبوو ڕۆیشت، هەر دەیوت بە خوا

[١] بوخاری (٤٦)، موسلیم (١١).

نەلێ زیاد دەکەم نەلێ کەمدەکەمەوە، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئەگەر راستبکات سەرفراز دەبێت.

مرۆڤی موسوڵمان لە هەر حاڵەتێکییدا بێت، هەر دەتوانێت نوێژەکانی بکات. چونکە چۆنییەتی نوێژەکانیش بە پێی حاڵەتی ئاسایی و نائاسایی موسوڵمان گۆڕانیان بەسەردا دێت. تەفسیلاتی ئەم چۆنییەتیانە وا لە کتێبە سەرچاوەکانی شەرعناسی (الفقه)دا. بۆ نموونە: نوێژی چوارڕکاتی بۆ کەسێك کە لەسەفەردایە دەبێتە دووڕکاتی. ئەو کەسەی نەخۆشە و ناتوانێت بە پێوە نوێژەکانی بکات، بە دانیشتنانەوە یان بە راکشانەوە بۆی هەیە بیکات..ئەو کەسەی ئاوی دەستنوێژی دەستناکەوێت بۆی هەیە تەیەمموم بکات. یان ئاوی لایە بەڵام لەبەر نەخۆش نەکەوتنی ناوێرێت بەکاریبهێنێت، تەیەمموم دەکات. کەوابوو حاڵەتێك نییە بەسەر موسوڵماندا بێت و حوکمێکی چۆنییەتی نوێژکردنەکەی بۆ نەدرابێت. بۆیە کەس خاوەن عوزر نامێنێتەوە تا بڵێ نەمتوانی نوێژبکەم. لەبەر ئەمەشە کە ئەو کەسەی نوێژناکات تاوانبارە. چونکە رێ لە پاکژیی ناخ و دەرەوەی خۆی دەگرێت. ناهێڵێت ناخی بە خواناسیی و خواپەرستیی و پاڵفتەی دەروون پاکببێتەوە. هەر وەکو کە ناهێڵێت دەرەوەشی پاك و خاوێن راگرێت: بە غوسڵ و دەستنوێژ و سیواککردن و پاکراگرتنی بەدەن و پۆشاك و جێگای..ئەو کەسەی لە دنیادا ئەهلی نوێژ نابێت و گوێی ناداتێ، بە تەئکید دەبێتە ئەهلی دۆزەخ: (مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ * قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ * وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ الْمِسْكِينَ * وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ الْخَائِضِينَ * وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوْمِ الدِّينِ * حَتَّى أَتَانَا الْيَقِينُ) المدثر/٤٢-٤٧ واتە: لە وانەی ئەهلی دۆزەخ کە نیشتەجێی سەقەر بوون (کە شوێنێکی تایبەتییە لە دۆزەخ) پرسیاردەکرێت: کە بۆچی چارەنووستان بە ئێرە گەیشتووە؟ دەڵێن: لەبەر ئەوەی ئەهلی نوێژ نەبووین. دەستی داماوو هەژارانمان نەگرت و جارێك تێرمان نەکردن. سەرباری ئەوەش هەر لە خۆمانەوە -بێ هەبوونی زانیاریی و بەڵگە-

قسەمان لە دژی دین دەکردو باوەڕمان بە ڕۆژی دوایی نەهێنا. هەروا ملهوڕانەماینەوە تا مەرگمان گەیشتێ!

## بڕگەی دووەم

## سەرنجدان لە هەندێك دەق دەربارەی نوێژ:

### خاڵی یەکەم: کاتەکانی نوێژکردن:

خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّنِي أَنَا اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدْنِي وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي) طه/١٤ واتە: بە تەئکید من خوای بە هەقم و هیچ خوایەکی تری بە هەق نییە جگە لە من. دەی سا نوێژەکان بۆ یادکردنی من بکە. یان هەر کە یادت کردم نوێژبکە. هەروەها دەفەرمووێ: (فَإِذَا قَضَيْتُمُ الصَّلَاةَ فَاذْكُرُوا اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِكُمْ ۚ فَإِذَا اطْمَأْنَنتُمْ فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ ۚ إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًا) النساء/١٠٣ واتە: نوێژکردن لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا لە سەر موسوڵمان فەرزە. واتە فەرزێکە بە کاتەوە پەیوەستە.

- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە موعاذی کوڕی جەبەلی خوا لێی رازی بێت نارد بۆ یەمەن پێی فەرموو: (فَأَعْلِمْهُمْ أَنَّ اللَّهَ قَدِ افْتَرَضَ عَلَيْهِمْ خَمْسَ صَلَوَاتٍ فِي كُلِّ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ) متفق علیە.[١] واتە: فێریان بکە کە خوای گەورە لە شەووڕۆژێکدا پێنج نوێژی لەسەر فەرزکردوون.

- هەروەها لە ئەبوهورەیرەوە گێڕراوەتەوە دەفەرمووێ: (أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَقُولُ الصَّلَوَاتُ الْخَمْسُ وَالْجُمْعَةُ إِلَى الْجُمْعَةِ وَرَمَضَانُ إِلَى رَمَضَانَ مُكَفِّرَاتٌ مَا

---

[١] بوخاری (١٣٣١)، موسلیم (١٩ ).

بَيْنَهُنَّ إِذَا اجْتَنَبَ الْكَبَائِرَ).[١] واتە: پێنج فەرزی نوێژەکانی شەووڕۆژ، نوێژی ئەم هەینی بۆ ئەو هەینی سڕەرەوەی گوناحەکانی نێوانیانن، ئەگەر گوناحە گەورەکانی تێدا نەکرابن.

١- کەوابوو لە شەووڕۆژێکدا بە تەئکید پێنج نوێژ هەیە، نە کەمترەو نە زیاترە. کاتەکانیشی ئاوایە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێ: (إِنَّ لِلصَّلَاةِ أَوَّلًا وَآخِرًا، وَإِنَّ أَوَّلَ وَقْتِ الظُّهْرِ حِينَ تَزُولُ الشَّمْسُ، وَإِنَّ آخِرَ وَقْتِهَا حِينَ يَدْخُلُ وَقْتُ الْعَصْرِ، وَإِنَّ أَوَّلَ وَقْتِ صَلَاةِ الْعَصْرِ حِينَ يَدْخُلُ وَقْتُهَا وَإِنَّ آخِرَ وَقْتِهَا حِينَ تَصْفَرُّ الشَّمْسُ، وَإِنَّ أَوَّلَ وَقْتِ الْمَغْرِبِ حِينَ تَغْرُبُ الشَّمْسُ وَإِنَّ آخِرَ وَقْتِهَا حِينَ يَغِيبُ الأُفُقُ، وَإِنَّ أَوَّلَ وَقْتِ الْعِشَاءِ الآخِرَةِ حِينَ يَغِيبُ الأُفُقُ وَإِنَّ آخِرَ وَقْتِهَا حِينَ يَنْتَصِفُ اللَّيْلُ، وَإِنَّ أَوَّلَ وَقْتِ الْفَجْرِ حِينَ يَطْلُعُ الْفَجْرُ وَإِنَّ آخِرَ وَقْتِهَا حِينَ تَطْلُعُ الشَّمْسُ).[٢] واتە: نوێژ سەرەتاو کۆتاکاتی خۆی هەیە. یەکەم دەستپێکی کاتی نوێژی نیوەڕۆ: ئەو کاتەیە کە سێبەری خۆر لاردەبێتەوە. یەکەم دەستپێکی کاتی نوێژی عەسریش ئەو کاتەیە کە سێبەری هەموو شتێك بە قەدەر بەرزی خۆی لێهاتووە. کۆتایی کاتەکەشی ئەو کاتەیە کە خەپلەی خۆر زەردهەڵدەگەڕێت. دەستپێکی کاتی نوێژی شێوان (مەغریب/ ئێوارە)ش ئەو کاتەیە کە خەپلەی خۆر ئاوا دەبێت. کۆتایی کاتەکەشی ئەو کاتەیە کە شەفەق (سوورایی کەناری ئاسمان لە خۆرئاواوە) نامێنێت. دەستپێکی نوێژی خەوتنان (عیشا) ئەو کاتەیە کە شەفەق نەماوە تا کاتی نیوەشەو. یەکەمین دەستپێکی کاتی نوێژی بەیانیش (سپێدە) ئەو کاتەیە کە سپێدە دەردەکەوێت و فەجر ڕۆشنیدەدات. کۆتایی کاتەکەشی ئەو کاتەیە کە خۆرهەڵدێت.

ئیمامی مالیك لە نافیعی مەولای ئیبنوعومەرەوە دەگێڕێتەوە: (أَنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ كَتَبَ إِلَى عُمَّالِهِ: إِنَّ أَهَمَّ أَمْرِكُمْ عِنْدِي الصَّلَاةُ. فَمَنْ حَفِظَهَا وَحَافَظَ عَلَيْهَا، حَفِظَ دِينَهُ. وَمَنْ

---

[١] موسلیم (٢٣٣ )، ئەحمەد (٢/٢٢٩).

[٢] ترمذي (١٥١)، بەیهیقی (١٦٨٦)، ئەحمەد (٧١٧٢)، دارەقوطنی (١/٢٦٢). شێخی ئەلبانی رحمه الله لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/ ١٦٩٦)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

ضَيَّعَهَا فَهُوَ لِمَا سِوَاهَا أَضْيَعُ، ثُمَّ كَتَبَ: أَنْ صَلُّوا الظُّهْرَ، إِذَا كَانَ الْفَيْءُ ذِرَاعًا، إِلَى أَنْ يَكُونَ ظِلُّ أَحَدِكُمْ مِثْلَهُ. وَالْعَصْرَ وَالشَّمْسُ مُرْتَفِعَةٌ بَيْضَاءُ نَقِيَّةٌ، قَدْرَ مَا يَسِيرُ الرَّاكِبُ فَرْسَخَيْنِ أَوْ ثَلَاثَةً، قَبْلَ غُرُوبِ الشَّمْسِ وَالْمَغْرِبَ إِذَا غَرَبَتِ الشَّمْسُ. وَالْعِشَاءَ إِذَا غَابَ الشَّفَقُ إِلَى ثُلُثِ اللَّيْلِ. فَمَنْ نَامَ فَلَا نَامَتْ عَيْنُهُ. فَمَنْ نَامَ فَلَا نَامَتْ عَيْنُهُ فَمَنْ نَامَ فَلَا نَامَتْ عَيْنُهُ. وَالصُّبْحَ وَالنُّجُومُ بَادِيَةٌ مُشْتَبِكَةٌ).[1] واته: سەیدنا عومەر خوا لێی رازی بێت نامەی بۆ والیەکانی نارد کە ئیدارەی هەرێمەکانی دابووە دەستیان و دەوڵەتیان بەڕێوەدەبرد کە: گرنگترین کارو ئەرکتان لە لای من نوێژەکانتانە. هەر کەسێك پاراستی و کات و چۆنییەتی ئەداکردنی رەچاوکرد، ئەوە دینەکەی پاراستووە. هەر کەسیش نوێژەکانی بفەوتێنێت ئەوە شتی تری زۆر زەرووەرتریش دەفەوتێنێت. کاتێك سێبەری شت بەقەدەر خۆی درێژدەبێتەوە نوێژی نیوەڕۆی تێدابکەن، تا سێبەری یەکێکتان بە قەدەر دوو هێندەی درێژی خۆی لێ دێت. عەسریش کاتێکە کە خۆر بەرزبۆتەوەو سپی و ڕوونە (کە لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە سێبەری شت دووبەرابەری خۆیەتی) تا ئەوەندەی کە کەسێك ماوە دوو تا سێ فەرسەخ بە ڕۆشتن دەبڕێت، کە پێش خۆرئاوابوون تەواو دەبێت. نوێژی شێوانیش لە خۆرئاوابوونەوە دەستپێدەکات. نوێژی خەوتنانیش لەو کاتەوە کە شەفەق (سوورایی ئاسۆی ئاسمان لەبەر خۆر ئاوابوون) نامێنێت تا سێیەکی شەو دەگوزەرێت. هەر کەسێك پێش ئەو کاتە بخەوێت خوا خەوی لێنەخات..نوێژی بەیانیش لەو کاتەوەیە کە ئەستێرە لە دیار نەماندایە.

٢- عوقبەی کوڕی عامر دەفەرمووێ: (ثَلاثُ سَاعَاتٍ كَانَ نَهَانَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ نُصَلِّيَ فِيهِنَّ وَأَنْ نَقْبُرَ فِيهِنَّ مَوْتَانَا حِينَ تَطْلُعُ الشَّمْسُ بَازِغَةً حَتَّى تَرْتَفِعَ، وَحِينَ

[1] الموطأ (٥)، بەیهیقی: السنن الكبرى (١٩٤٦).

تَقُومُ قَائِمُ الظَّهِيرَةِ حَتَّى تَمِيلَ الشَّمْسُ، وَحِينَ تَضِيفُ لِلْغُرُوبِ حَتَّى تَغْرُبَ).[١] واته: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سێ کاتی دیاریکردبوو، کە نابێت نە نوێژی تێدابکرێت و نە مردووی تێدا بنێژرێت: کاتێك خۆرهەڵدێت تا بە تەواوی بەرزدەبێتەوە. کاتی قرچەی نیوەڕۆ. کە خەپلەی خۆر لە چەقی ئاسماندایە. تا ئەو کاتەی بەرەو خۆرئاوابوون دەڕوات. هەروەها ئەو کاتەی کە خەپلەی خۆر لە ئاوابووندایە تا بە تەواوی ئاوا دەبێت.

٣- ئەبومەحذوورە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە: (قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ عَلِّمْنِي سُنَّةَ الأَذَانِ. قَالَ فَمَسَحَ مُقَدَّمَ رَأْسِي وَقَالَ: تَقُولُ اللَّهُ أَكْبَرَ اللَّهُ أَكْبَرَ اللَّهُ أَكْبَرَ اللَّهُ أَكْبَر تَرْفَعُ بِهَا صَوْتَكَ ثُمَّ تَقُولُ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ تَخْفِضُ بِهَا صَوْتَكَ ثُمَّ تَرْفَعُ صَوْتَكَ بِالشَّهَادَةِ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ حَيَّ عَلَى الصَّلاَةِ حَيَّ عَلَى الصَّلاَةِ حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ فَإِنْ كَانَ صَلاَةَ الصُّبْحِ قُلْتَ الصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ الصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ اللَّهُ أَكْبَرَ اللَّهُ أَكْبَرُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ).[٢] واته: عەرزی پێغەمبەری خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد کە سوننەتی بانگم فێربکات، دەستی پاکی بە پێشەسەرمدا هێناو فەرمووی: چوارجار (بە دەنگی بەرز) دەڵێی (اللَّهُ أَكْبَر)، پاشان بە ئەسپایی لەبەر خۆتەوە دووجار دەڵێی (أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ) دووجاریش (أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ)، پاشان بە دەنگی بەرز دووجار دەڵێیتەوە (أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ) دووجاریش (أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ)، پاشان دووجار بەدەنگی بەرز (حَيَّ عَلَى الصَّلاَةِ) و دووجاریش هەر بەدەنگی بەرز (حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ)، ئەگەر بانگی بەیانی بوو بڵێ:

---

[١] موسلیم (١٣٧٣)، ئەبوداوود (٣١٩٢)، ترمذي (١٠٣٠)، نەسائی (٥٦٠)، ئیبنوماجە(١٥١٩).

[٢] ئەبوداوود (٥٠٠)، ترمذي (١٩١)، نەسائی (٦٢٩)، ئیبنوماجە (٧٠٨). ئیمامی نەوەویی لە (المجموع/ ٣/٩٠) دا دەفەرموێ: إسناده صحيح.

(الصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ) دووجار، ئینجا دووجار بڵێ (اللَّهُ أَكْبَر)، یەك جاریش (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ).

ئاوەها ئیتر موسوڵمانان بۆ ئەنجامدانی نوێژی بە کۆمەڵ دێن بۆ مزگەوت.

## خاڵی دووەم: نوێژی جەماعەت:

دوای ئەوەی موسوڵمانان بەدەم بانگەکەوە بەرەو مزگەوت دەچن ئامادەی نوێژی جەماعەت دەبن:

١- ئەبومەحذوورە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرمووێ: (وَعَلَّمَني الإِقامَةَ مَرَّتَيْنِ مَرَّتَيْنِ: اللَّهُ أَكْبَر اللَّهُ أَكْبَر، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ، حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ، حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ، حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ، اللَّهُ أَكْبَر، اللَّهُ أَكْبَر، لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللهُ وَإِذا أَقَّمْتُ الصَّلَاةَ فَقَالَها مَرَّتَيْنِ: قَدْ قَامَتِ الصَّلَاةُ، قَدْ قَامَتِ الصَّلَاةُ: أَسَمِعْتُ. قُلْتُ: نَعَم) موسلیم.[١] واتە: هەروەها پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قامەت کردنیشی فێرکردم کە دووجار دووجار بڵێم (اللَّهُ أَكْبَر) (اللَّهُ أَكْبَر) ئینجا دووجار بڵێم (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) وە دووجاریش بڵێم (أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ) ئینجا دووجار بڵێم (حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ) وە دووجاریش (حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ) ئینجا دووجار (اللَّهُ أَكْبَر) و یەکجاریش (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ) کە قامەت دەکەیت بڵێ: (قَدْ قَامَتِ الصَّلاَةُ) فەرمووی: گوێت لێ بوو؟ عەرزم کرد: بەڵێ.

---

[١] نووسەری ڕەحمەتی ئاوا لە کۆتایی فەرموودەکەدا نوسیویێتی: (موسلیم. من لە موسلیمدا نەمدۆزییەوە. بەڵام وا لای خاوەن سونەنەکان: ئەبوداوود (٥٠٢)، ترمذي (١٩٢)، نەسائی (٦٣٢)، ئیبنوماجە (٧٠٩). شێخی ئەلبانی رحمە اللە لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/ ٤٧٤)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

٢- دوایی قامەتكردن یەكێك لە ئامادەبووان پێش نوێژییەكەیان بۆ دەكات. چونكە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێ: (إِذَا كَانُوا ثَلاثَةً فَلْيَؤُمَّهُمْ أَحَدُهُمْ، وَأَحَقُّهُمْ بِالإِمَامَةِ أَقْرَؤُهُمْ) موسلیم و نەسائی و ئەحمەد.[1] واتە: ئەگەر سێ كەس بوون با یەكێكیان پێشنوێژییەكەیان بۆ بكات. شیاوتریشیان بۆ پێشنوێژییەكەیان قورائانەوانەكەیانە، كە زیاتری لەبەرە (یان كە شارەزاترە)، هەروەها دەفەرمووێ: (يَؤُمُّ الْقَوْمَ أَقْرَؤُهُمْ لِكِتَابِ اللَّهِ، فَإِنْ كَانُوا فِي الْقِرَاءَةِ سَوَاءً فَأَعْلَمُهُمْ بِالسُّنَّةِ، فَإِنْ كَانُوا فِي السُّنَّةِ سَوَاءً فَأَقْدَمُهُمْ هِجْرَةً، فَإِنْ كَانُوا فِي الْهِجْرَةِ سَوَاءً فَأَقْدَمُهُمْ سِلْمًا وَفِي رِوايَة فَأَكْبَرُهُمْ سِنًّا، وَلَا يَؤُمَّنَّ الرَّجُلُ الرَّجُلَ فِي سُلْطَانِهِ، وَلَا يَقْعُدْ فِي بَيْتِهِ عَلَى تَكْرِمَتِهِ إِلَّا بِإِذْنِهِ) موسلیم و خاوەن كتێبی (السنن)ەكان.[2] واتە: ئەو كەسەی كە پێشنوێژی دەكات بۆ خەڵكی دەبێت ئەو كەسەیان بێت كە زۆرترین قورئانی لەبەرەو (یان ئەویان كە شارەزای ئەحكامەكانییەتی)، ئەگەر هەموویان وەكو یەك شارەزابوون، ئەو كاتە شارەزاترینیان لە سوننەتەكان پێشنوێژیەكەیان بۆ دەكات. ئەگەر لە زانینی سوننەتیشدا وەكو یەكبوون، كۆنترین كەسیان كە لەبەر خوا هیجرەتیكردووە پێشنوێژیەكە دەكات. (لە ڕیوایەتێكی تردا) ئەگەر لە هیجرەتیشدا وەكو یەكبوون ئەوا بە تەمەنترینیان پێشنوێژیەكە بكات. كەس پێشنوێژی بۆ خاوەن ماڵ نەكات و لەو شوێنەدا كە ئەو دەسەڵاتداریێتی وەكو (ماڵ و دوكان و كێڵگەو مزگەوتی ڕەسمی مەلا بۆ دیاری كراو... هتد) كەس پێش نەكەوێت و كەسیش لە شوێنی تایبەتی ئەو لە (سەر دۆشەك و ڕاخەر و كورسی ئەو ) بە بێ ئیزنی خۆی دانەنیشێت.

---

[1] موسلیم (١٠٧٧) نەسائی (٧٨٢)، ئەحمەد (١٠٨٠٩)

[2] موسلیم (٢٣٧٣)، ئەبوداوود (٥٨٤)، ترمذي (٢٣٥)، نەسائی (٨٥٥)، ئەحمەد (١٢١/٤) ئیبنوخوزەیمە (١٥٠٧). طەبەرانی لە (المعجم الكبیر)دا بە دوازدە زنجیرە سەنەد هێناویتیەوە.

٣- پێشنوێژ (ئیمام)ەکە: نوێژی بەیانیان کە دوورکاتە بە مەئموومەکانی دەکات. نیوەڕۆ چوارڕکات و عەسر چوارڕکاتە. شێوان سێیەو خەوتنانیش چوارڕکاتە. هەر کەسێك بە هۆی عوزرێکەوە نەگەیشتە نوێژی جەماعەت بە تەنها دەیکات. فەرزەکەی لەسەر لادەچێت. بەڵام بێگومان پاداشتەکەی کەمترە لە جەماعەتەکە. شەرعناسان لەوەدا ڕای جودایان هەیە کە خاوەن بەهانە (عوزر) کە عوزرەکەی لە دواکەوتنی جەماعەتەکە شەرعی نەبوو تا چەندە گوناحبارە؟

## خاڵی سێهەم: چۆنییەتی نوێژ کردنەکە:

ئەبو حومەید خوا لێی رازی بێت چۆنییەتی نوێژکردنی پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئاوەها گێڕاوەتەوە: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا قَامَ إِلَى الصَّلَاةِ، رَفَعَ يَدَيْهِ حَتَّى يُحَاذِيَ بِهِمَا مَنْكِبَيْهِ، ثُمَّ كَبَّرَ حَتَّى يَقِرَّ كُلُّ عَظْمٍ فِي مَوْضِعِهِ، ثُمَّ يَقْرَأُ، ثُمَّ يُكَبِّرُ وَ يَرْفَعُ يَدَيْهِ حَتَّى يُحَاذِيَ بِهِمَا مَنْكِبَيْهِ، ثُمَّ يَرْكَعُ وَيَضَعُ رَاحَتَيْهِ عَلَى رُكْبَتَيْهِ حَتَّى يَرْجِعَ كُلُّ عَظْمٍ إِلَى مَوْضِعِهِ، وَلَا يُصَوِّبُ رَأْسَهُ وَلَا يُقْنِعُ، ثُمَّ يَرْفَعُ رَأْسَهُ فَيَقُولُ: سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، ثُمَّ يَرْفَعُ يَدَيْهِ حَتَّى يُحَاذِيَ بِهِمَا مَنْكِبَيْهِ يَظُنُّ أَبُو عَاصِمٍ أَنَّهُ قَالَ: حَتَّى يَرْجِعَ كُلُّ عَظْمٍ إِلَى مَوْضِعِهِ مُعْتَدِلًا، ثُمَّ يَقُولُ: اللَّهُ أَكْبَر، ثُمَّ يَهْوِي إِلَى الْأَرْضِ فَيُجَافِي يَدَيْهِ عَنْ جَنْبَيْهِ، ثُمَّ يَسْجُدُ، ثُمَّ يَرْفَعُ رَأْسَهُ فَيَثْنِي رِجْلَهُ الْيُسْرَى فَيَقْعُدُ عَلَيْهَا، وَيَفْتَحُ أَصَابِعَ رِجْلَيْهِ إِذَا سَجَدَ، ثُمَّ يَعُودُ فَيَسْجُدُ، ثُمَّ يَرْفَعُ رَأْسَهُ فَيَقُولُ: اللَّهُ أَكْبَر، وَيَثْنِي رِجْلَهُ الْيُسْرَى فَيَقْعُدُ عَلَيْهَا مُعْتَدِلًا، حَتَّى يَرْجِعَ كُلُّ عَظْمٍ إِلَى مَوْضِعِهِ مُعْتَدِلًا، ثُمَّ يَقُومُ فَيَصْنَعُ فِي الرَّكْعَةِ الْأُخْرَى مِثْلَ ذَلِكَ، فَإِذَا قَامَ مِنْ السَّجْدَتَيْنِ، كَبَّرَ وَرَفَعَ يَدَيْهِ حَتَّى يُحَاذِيَ بِهِمَا مَنْكِبَيْهِ كَمَا فَعَلَ عِنْدَ افْتِتَاحِ الصَّلَاةِ، ثُمَّ يَصْنَعُ مِثْلَ ذَلِكَ فِي بَقِيَّةِ صَلَاتِهِ، حَتَّى إِذَا كَانَتْ السَّجْدَةُ أَوْ الْقَعْدَةُ الَّتِي يَكُونُ فِيهَا التَّسْلِيمُ، أَخَّرَ رِجْلَهُ الْيُسْرَى وَجَلَسَ مُتَوَرِّكًا عَلَى شِقِّهِ الْأَيْسَرِ) بوخاری و ترمذي و ئەبوداوود (ئەمە ریوایەتی ئەبوداوودە).[١] واتە: کاتێك پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ نوێژکردن ڕادەوەستا، هەر دوو دەستی تا ئاستی شانەکانی بەرزدەکردەوەو

---

[١] بوخاری (٧٣٦)، ترمذي (٢٨٠)، نەسائی (١٠٢٨)، ئیبنوماجە (٨٥٣)، داریمی (١٢٧٨).

تەکبیری دەکردو دەیفەرموو: (اللَّهُ أَكْبَر) پاشان ڕێك ڕادەوەستاو وا دەسرەوت تا هەموو ئێسقانی جەستەی دەگەڕایەوە شوێنی خۆی. پاشان قورئانی دەخوێند (سوورەتی فاتیحەو ئایەتی تر) ئینجا تەکبیری دەکردو دەستەکانی تا ئاستی شانی بەرزدەکردەوەو دەیفەرموو: (اللَّهُ أَكْبَر) و دەچووە رکوع. هەر دوو لەپی دەستی لەسەر هەر دوو کڵاوەی ئەژنۆی جێگیر دەکردو دەسرەوت. سەری ڕێك ڕادەگرت نەنزمی دەکردەوە، نەبەرز. پاشان سەری بەرزدەکردەوە (هەڵدەستایەوە/ قیتدەبۆوەوە) دەیفەرموو: (سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ) واتە: خوای گەورە ویردی ئەو کەسەی بیست کە سوپاسی کرد )، پاشان هەردوو دەستی بۆ ئاستی هەردوو شانی بەرزدەکردەوەو ڕێکدەوەستا، ئینجا (اللَّهُ أَكْبَر)ی دەکردو دادەهاتەوە بۆ سوجدەبردن. سەری دەخستە سەر زە وی و هەر دوو دەستەکانی لێك دووردەخستنەوەو پاشان سەری بەرزدەکردەوە. پێی چەپی لە ژێر خۆیدا ڕادەخست و لەسەری دادەنیشت، کە دەشچووە سوجدە پەنجەی پێیەکانی دەکردنەوە (بەربڵاو هەڵیدەنان) کە دەچووە سوجدە (اللَّهُ أَكْبَر)ی دەکرد ئینجا سەری بەرزدەکردەوە بە هەمان شێوە پێی چەپی لە ژێر خۆیدا دادەخست و لەسەری دادەنیشت وا دەسرەوت کە هەموو ئێسقانەکانی دەچوونە جیگای خۆیان و جێگیر دەبوون. رکاتەکەی تریشی بە هەمان شێوە ئەنجام دەدا، ئینجا کە دوو رکاتەکەی تەواو دەکرد (اللَّهُ أَكْبَر)ی دەکرد و هەڵدەستایە سەر پێ و رکاتەکەی تریشی هەر بەو شێوەیە دەکرد، تا دەگەیشتە ئەو سوجدەیەی کە سەلامدانەوەی بە دوادا دەهات. کە دادەنیشت بۆ تەحیات، لەسەر سمتی چەپی دادەنیشت. لەسەر لایەکی قاچی چەپی. ئەمما سەلامدانەوەی، کە بۆ تەواوکردنی نوێژەکە بوو..ئاوەها باسکراوە (كَانَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُسَلِّمُ عَنْ يَمِينِهِ، وَعَنْ يَسَارِهِ حَتَّى يُرَى بَيَاضُ خَدِّهِ..) واتە: بە لای ڕاستدا سەلامیدەدایەوەو پاشان بە لای چەپدا. کە لە دوایەوە سپێتی ڕوومەتە پیرۆزەکانی دەبینران. ئیبنومەسعود خوا لێی ڕازی بێت دەفەرمووێ: (أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يُسَلِّمُ عَنْ يَمِينِهِ: السَّلَامُ

عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ، وَعَنْ يَسَارِهِ: السَّلامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ) نەسائی بە سەنەدی (صەحیح) هێناویەتی.[١] واتە: ئەمما چۆنیەتی دەستدانانی لەسەر ڕانەکانی لەکاتی دانیشتنیدا لە تەحیاتدا، یەکێك لە یاوەرانی ئاوەها باسی ئەو دانیشیتنەی تەحیاتی دەکات: (إِذَا جَلَسَ فِي الصَّلاةِ وَضَعَ كَفَّهُ الْيُمْنَى عَلَى فَخِذِهِ الْيُمْنَى، وَقَبَضَ أَصَابِعَهُ كُلَّهَا، وَأَشَارَ بِأُصْبُعِهِ الَّتِي تَلِي الإِبْهَامَ، وَوَضَعَ كَفَّهُ الْيُسْرَى عَلَى فَخِذِهِ الْيُسْرَى) موسلیم.[٢] واتە: کاتێك کە لە نوێژەکەیدا دادەنیشت بۆ تەحیات هاوشێوەی لەپی دەستی ڕاستی لەگەڵ نوقاندنی پەنجەکانیدا دەخستە سەر ڕانی ڕاستی و ئەو پەنجەیەی کە تەنیشتی پەنجە گەورەیە کە کورد پێی دەڵێت (ئەسپێ کوژە) بەرزدەکردەوە. واتە پەنجەی شایەتمانیش کە کورد پێی دەڵێت (دۆشاو مژە). لەپی دەستی چەپیشی دەخستە سەر ڕانی چەپی و دەستیشی لەسەر ئەژنۆی و پەنجەکانی بە بڵاوی لەسەر ئەژنۆی چەپی دادەنا وەکو ئەوەی کە چنگی پێدا کردبێت.

- ئەمما ئەوەی کە لە کاتی دانیشتنەکەی ناو نوێژدا دەیفەرموو: ئەوەیە کە ئیبنومەسعود خوای لێ رازی بێ دەفەرمووێ: (عَلَّمَنِي رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ التَّشَهُّدَ -كَفِّي بَيْنَ كَفَّيْهِ- كَمَا يُعَلِّمُنِي السُّورَةَ مِنْ الْقُرْآنِ: التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ، وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ، السَّلامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ، السَّلامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ) بوخاری و موسلیم.[٣] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەحیاتی فێرکردم هەر وەکو کە سوورەتی قورئانی فێرکردم. دەستم لە ناو هەردوو دەستی پیرۆزیدابوو فێریکردم بڵێم: (التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ، وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ، السَّلامُ

---

[١] ئەبوداوود (٩٩٦)، ترمذي (٢٩٥)، ئیبنوماجە (٩١٤)، طەبەرانی: (المعجم الأوسط/١٥٢٦)، ئیبنوئەبوشەیبە: المصنف (٣١٧).

[٢] موسلیم (٤٠٩)، نەسائی (١٢٧٣).

[٣] بوخاری (١١٣٤)، موسلیم (٦١٤).

عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ، السَّلامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ..)

- ئەمما چۆنییەتی سوجدەبردن کە دەبێت حەوت ئەندامی جەستەی بکەوێتە سەر زەوی. ئەوە ئیبنوعەبباس خوا لێی ڕازی بێت دەفەرمووێ: (أُمِرْتُ أَنْ أَسْجُدَ عَلَى سَبْعَةِ أَعْظُمٍ عَلَى الْجَبْهَةِ وَأَشَارَ بِيَدِهِ عَلَى أَنْفِهِ وَالْيَدَيْنِ وَالرُّكْبَتَيْنِ وَأَطْرَافِ الْقَدَمَيْنِ) بوخاری.[١] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی پێدەکردین کە بە حەوت ئەندامی جەستەمان سوجدە بەرین: بە ناوچەوان، ئینجا ئاماژەی کرد بۆ لووتی و هەردوو دەست و هەردوو ئەژنۆ و سەرە پەنجەی هەردوو پێ.

هەر ئیبنومەسعود خوا لێی ڕازی بێت جۆری زیکرەکانی سوجدە دەگێڕێتەوە دەفەرمووێ: کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێ: (إِذَا رَكَعَ أَحَدُكُمْ فَقَالَ فِي رُكُوعِهِ: سُبْحَانَ رَبِّيَ الْعَظِيمِ، ثَلاثَ مَرَّاتٍ، فَقَدْ تَمَّ رُكُوعُهُ، وَ ذَلِكَ أَدْنَاهُ، وَإِذَا سَجَدَ فَقَالَ فِي سُجُودِهِ: سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَى، ثَلاثَ مَرَّاتٍ، فَقَدْ تَمَّ سُجُودُهُ، وَذَلِكَ أَدْنَاهُ ). ترمذي و ئەبوداوود و لای موسلم لەم زیاترە.[٢] واتە: هەر کەسێکتان لە نوێژدا چووە ڕکوع با سێ جار بڵێ: (سُبْحَانَ رَبِّيَ الْعَظِيمِ) ئەوەش لانی کەمیەکەیەتی. کە چووە سوجدە با سێ جار بڵێ (سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَى) ئەوە لانی کەمیەکەیەتی (سبحان: واتە پاك و بێگەردی بۆ خوای تاك و پاك و مەزن و باڵایە).

- ئەمما خوێندن لە نوێژدا، بەڵگە زۆرە لە سەر خوێندنی سوورەتی (الفاتحه) لەوانە: ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (يَقُولُ: قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: قَسَمْتُ الصَّلَاةَ بَيْنِي

---

[١] بوخاری (٨١٠)، موسلیم (٤٩٠).

[٢] ئەبوداوود (٨٨٦)، ترمذي (٢٦١)، ئیبنوماجە (٨٩٠).

وَبَيْنَ عَبْدِي نِصْفَيْنِ، وَلِعَبْدِي مَا سَأَلَ، فَإِذَا قَالَ الْعَبْدُ: الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: حَمِدَنِي عَبْدِي، وَإِذَا قَالَ: الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ، قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: أَثْنَى عَلَيَّ عَبْدِي، وَإِذَا قَالَ: مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ، قَالَ: مَجَّدَنِي عَبْدِي، وَقَالَ: مَرَّةً فَوَّضَ إِلَيَّ عَبْدِي، فَإِذَا قَالَ: إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ، قَالَ: هَذَا بَيْنِي وَبَيْنَ عَبْدِي، وَلِعَبْدِي مَا سَأَلَ، فَإِذَا قَالَ: اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ *صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلا الضَّالِّينَ، قَالَ: هَذَا لِعَبْدِي وَلِعَبْدِي مَا سَأَلَ) موسلیم و ترمذی و نەسائی و ئیمام مالیك لە (الموطأ)دا.[١] واتە: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: خوای گەورە فەرموویەتی: نوێژم لە نێوان خۆم و عەبدەکەمدا کردووە بە دوو بەشەوە: بەشێکی بۆ من و بەشێکی بۆ ئەو، با ئەویش داوا بکات. کاتێك عەبدەکەم دەڵێ: (الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ)، خوای گەورەش دەفەرمووێ: عەبدەکەم سوپاسیکردم. کە دەڵێ: (الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ)، خوای گەورەش دەفەرمووێ: عەبدەکەم مەدحیکردم. کە دەڵێت: (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ) خوای گەورەش دەفەرمووێ: عەبدەکەم بە مەزن و دەسەڵاتداری ناساندم. کە دەڵێ: (إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ)، خوای گەورەش دەفەرمووێ: تا ئێرە بۆ من بوو، لێرەش بە دواوە بۆ عەبدەکەم. هەرچی داوابکات دەیدەمێ. کە دەڵێ: (اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ * صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ) ئەمە داواکاری عەبدەکەمە با بۆ ئەو بێت.

- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە دوو رکاتی یەکەمینی هەموو نوێژەکاندا _جگە لە سوورەتی فاتیحە_ ئایەتی تریشی تێدا دەخوێند. لە رکاتەکانی دواتردا واتە: سێهەم و چوارەم، تەنها سوورەتی فاتیحەی تێدادەخوێند. ئەبوقەتادە دەیفەرموو: (كَانَ يَقْرَأُ فِي الظُّهْرِ فِي الْأُولَيَيْنِ بِأُمِّ الْكِتَابِ وَسُورَتَيْنِ وَفِي الرَّكْعَتَيْنِ الْأُخْرَيَيْنِ بِأُمِّ الْكِتَابِ وَيُسْمِعُنَا الْآيَةَ

---

[١] موسلیم (٣٩٥) ئەبوداوود (٨٢١)، ترمذي (٢٦١)، نەسائی (٩٠٩)، ئیبنوماجە (٣٧٨٤)، ئەحمەد (٧٨٢٣)، ئیبنوحیببان (١٧٨٤)، عبدالرزاق (٢٧٨٧)..

أَحْيَانًا، وَيُطَوِّلُ فِي الرَّكْعَةِ الأُولَى مَا لَا يُطَوِّلُ فِي الرَّكْعَةِ الثَّانِيَةِ وَهَكَذَا فِي الْعَصْرِ وَ الصُّبْحِ).[١] واته: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە دووڕكاتی یەكەمینی نوێژی نیوەڕۆدا سوورەتی فاتیحەو دووسوورەتی تری دەخوێند. لە دووڕكاتی دوایشدا هەر سوورەتی فاتیحەی دەخوێند. جاری وا هەبوو وەها دەنگی هەڵدەبڕی كە دەمانزانی چ ئایەتێك دەخوێنێت، مەبەستی بوو بە گوێماندا بدات. عادەتەن ركاتی یەكەمیش لە دووەم درێژتردەبوو. نوێژی عەسر و بەیانیانیشی هەر وابوو.

- پێش خوێندنی سوورەتی فاتیحەش لە ركاتی یەكەمی نوێژەكانیدا ئیستیعازەیدەكرد. واتە دەیفەرموو: (أَعُوْذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيْمِ) پێش ئەم ئیستیعازەیەش هەر لە ركاتی یەكەمی نوێژەكەیدا زیكرو ویردی تری دەخوێند.

- ئەبوهورەیرە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە كە: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا كَبَّرَ فِي الصَّلَاةِ سَكَتَ هُنَيْهَةً قَبْلَ أَنْ يَقْرَأَ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، بِأَبِي أَنْتَ وَأُمِّي، أَرَأَيْتَ سُكُوتَكَ بَيْنَ التَّكْبِيرِ وَالْقِرَاءَةِ، مَا تَقُولُ؟ قَالَ: أَقُولُ: اللَّهُمَّ بَاعِدْ بَيْنِي وَبَيْنَ خَطَايَايَ كَمَا بَاعَدْتَ بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ، اللَّهُمَّ نَقِّنِي مِنْ خَطَايَايَ كَمَا يُنَقَّى الثَّوْبُ الأَبْيَضُ مِنَ الدَّنَسِ، اللَّهُمَّ اغْسِلْنِي مِنْ خَطَايَايَ بِالْمَاءِ وَالثَّلْجِ وَالْبَرَدِ) ئەبوداوودو نەسائی و بەشێكیشی بوخاری وموسلیمە.[٢] واتە: عەرزی پێغەمبەری خوام كرد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كە ئەی پێغەمبەری خوا لە دوای تەكبیركردن و (اللَّهُ أَكْبَر)كردنی دەستپێكی نوێژو خوێندنی سوورەتی فاتیحەكەت كە بێدەنگدەبیت چی دەفەرمووی؟ فەرمووی: دەڵێم خوایە بە قەدەر

---

[١] موسلم (٤٥١)، ئەبوداوود (٧٩٨)، نەسائی (٩٧٤)، ئیبنوماجە (٨٢٩).

[٢] بوخاری (٧٤٤)، موسلیم (٥٩٨). ئەبوداوود (٦٦٢)، نەسائی (٦٠)، ئیبنوماجە (٧٩٦)، داریمی (١٢١٩).

ئەوەندەی خۆرهەڵات و خۆرئاوات لێکدورستۆتەوە، نێوان من و گوناحەکانیشم ئەوەندە لێکدوربخەرەوە. خوایە لە گوناحەکانم پاکمبکەرەوە، هەر وەکو پۆشاکی سپی لە چڵك و چەپەڵی و پیسی پاکدەبێتەوە. خوایە بە بەفر و ئاوو تەرزە لەگوناحەکانم بمشۆرەوە.

- لەسەیدنا عومەرەوە خوا لێ ڕازی بێت ڕوایەتکراوە کە ئەویش ئەم زیکرەی لە نێوانیاندا دەخوێند: (سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، وَتَبَارَكَ اسْمُكَ وَتَعَالَى جَدُّكَ وَلاَ إِلَهَ غَيْرُكَ) ترمذي و ئەبوداوود.[١] ڕیوایەتی مەرفوعی تریش هەیە کە هەمان زیکری لە خاتو عائیشەوە خوالێ ڕازی بێت نەقل دەکات.

---

[١] نەسائی (٨٩٩)، ترمذي (٢٤٣)، ئیبنوماجە(٨٠٦)، ئەحمەد (٦٩/٣)، ئەلبانی رحمە الله لە (صحیح سنن النسائی/٨٩٩) دا بە سەحیحی داناوە.

## خاڵی چوارەم: دەستنوێژ و پاکژیی:

ئەم نوێژانە لە غەیری کاتی خۆیاندا نەبێت قبوڵنابن. هەر کەسێك نوێژێك لە پێش کاتی خۆیدا بکات لێی قبوڵناکرێ. فەرزەکەی لەسەرلاناچێت. ئەمە جگە لەو حاڵەتانەدایە کە نوێژیان تێدا جائیزە کە پێشبخرێت. وەکو کاتی کورتکردنەوەو کۆکردنەوەی نوێژ لە سەفەردا. کە دەشێت نوێژی عەسر لە کاتی نیوەڕۆدا بکرێت، یان نوێژی خەوتنان لە کاتی شێواندا بکرێت.

هەر بەو شێوەیەش هیچ نوێژێك بە بێ هەبوونی پاکژیی تەواوەتی جائیز نییەو قبوڵناکرێت. پاکژیی تەواو: پاکییە لە هەموو پیسیەك (پیسایی و میزو خوێن و حەیز و زەیستانی و... هتد) هەروەها پاکیی لەش و پاکیی پۆشاك و پاکیی جێنوێژیش لێیان. هەروەها پاکیی واتایی بە نەبوونی جەنابەت (لەش پیسیی/ لەشگرانیی) و پاکیی لە نەبوونی دەستنوێژ... کەوابوو مەرجە نوێژخوێن غوسڵی لەسەر نەبێت و دەستنوێژی هەبێت و جەستەو پۆشاك و ئەو جیگایەشی کە نوێژی تێدا دەکات پاکبێت. چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێ (لَا يُقْبَلُ اللَّه صَلَاةٌ بِغَيْرِ طُهُورٍ) موسلم.[١] واتە: خوای گەورە نوێژێك قبوڵناکات کە بە پاکژیی نەکرابێت. پاکژییش هەموو مانا گشتیەکانی دەگرێتەوە.

---

[١] موسلیم (٢٢٤)، ترمذي (٥)، ئیبنوماجە (٢٧٢).

- خوای گەورە دەفەرمووێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ ۚ وَإِنْ كُنْتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُوا) المائدة/٦ واتە: ئەی ئەو كەسانەی كە باوەڕتانهێناوە كە دەخوازن نوێژبكەن ڕووتانبشۆن. هەروەها دەستتان تا ئانیشكتان و سەرتان مەسحبكەن و پێتان تا ئاوزنگتان بشۆن. ئەگەر لە جەنابەتدا بوون (لەشتان پیسبوو) غوسڵ دەركەن ئەوجا وەرن بۆ نوێژەكردن.

- خاتوومەیمونە (خوا لێی ڕازی بێت ) خێزانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باسی غوسڵدەركردنی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئاوا دەكات: (فَبَدَأَ فَغَسَلَ يَدَيْهِ، ثُمَّ صَبَّ بِيَمِينِهِ عَلَى شِمَالِهِ فَغَسَلَ فَرْجَهُ، وَمَا أَصَابَهُ، ثُمَّ ضَرَبَ بِيَدِهِ عَلَى الْحَائِطِ، ثُمَّ تَوَضَّأَ وُضُوءَهُ لِلصَّلَاةِ غَيْرَ قَدَمَيْهِ، ثُمَّ أَفَاضَ عَلَيْهِ الْمَاءَ، ثُمَّ نَحَّى قَدَمَيْهِ فَغَسَلَهُمَا) بوخاری و موسلیم.[١] واتە: سەرەتا هەر دوودەستی دەشوشت، پاشان بە دەستی ڕاستی ئاوی دەكرد بە سەر دەستی چەپیدا، ئینجا عەورەتی دەشوشت و پاكی دەكردەوە، پاشان دەستی بە دیوارەكە یان بە خاكی زەوی ووشكدەكردەوە. ئینجا دەستنوێژی دەگرت، هەر وەك چۆن دەستنوێژی بۆ نوێژەكان دەگرت، جگە لە شۆردنی پێیەكانی، پاشان ئاوی بەسەر بەدەنیدا دەڕشت. ئینجا لادەكەوت و هەردوو پێی دەشت. ئەمە غوسڵ دەركردنەكەی بوو لە جەنابەت.

**ئەمما دەستنوێژ گرتنی:**

- سەیدنا عوسمان ڕەزای خوای لێ بێت، داوای ئاوی دەستنوێژی دكرد. سێجار ئاوی بەسەردەستیدا كردو شوشتی. ئینجا دەستی خستە ناو دۆلكە ئاوەكەوەو لوێچێك ئاوی دەرهێنا، لە دەمی وەردەداو لووتی پاك كردەوە (فم/فن)ی كرد. پاشان سێجار ڕووی (دەم وچاوی) شوشت. ئینجا هەردوو دەستی تا ئانیشكی (سێ جار). پاشان سەری مەسحكرد. پاشان سێجار هەر دوو پێی تا ئاوزنگەكانی شوشت و فەرمووی: پێغەمبەری

---

[١] بوخاری (٢٦٣)، موسلیم (٣١٧).

خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بینی ئاوەها _وەك ئەم دەستنوێژەی من_ دەستنوێژی دەگرت و فەرمووی: (مَن تَوَضَّأَ نَحْوَ وُضُوئِي هذَا، ثُمَّ صلَّى رَكْعَتَيْنِ لاَ يُحَدِّثُ فِيهِمَا نَفْسَهُ، غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنْبِهِ) بوخاری موسلیم.[1] واته: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دوای دەستنوێژشوشتنەکەی کە سەیدنا (عوسمان) دیبووی فەرمووی: هەر کەسێك ئاوەها وەکو ئەم دەشتنوێژگرتنەی من دەستنوێژ بگرێت و پاشان دوورکات نوێژبکات، خەیاڵی بەلای خۆیدا نەچێت، لە گوناحەکانی پێشوی دەبورێت.

- نوێژکردن بە بێ داپۆشینی عەورەت جائیز نیە. عەورەتی پیاو مەسافەی نێوان ناوکی و ئەژنۆکانییەتی. عەورەتی ئافرەتیش هەموو گیانییەتی، جگە لە دەست و دەموچاوی. بەڵام لای ئەوانەی بەڵگەکانی خۆیانیان پێبەهێزە لە دەرەوەی نوێژدا هەموو بەدەنی عەورەتە، دەبێت داپپۆشێت.[2] مەگەر لە حاڵەتێکدا کە زەرورەت بێت. وەکو لە کتێبەکانی تەفسیر و ئەحکامەکانی شەرعدا باسکراون. ڕوو دانەپۆشینی ئافرەت لە حەجیشدا ئەحکامی خۆی هەیە کە لە سەرچاوە شەرعیەکاندا باسکراوە.

---

[1] بوخاری (١٦٢)، موسلیم (٢٢٦).

[2] ئەوە بۆچونی مەزهەبی حەنەفیە کە نووسەری بەڕێز لەسەر ئەو مەزهەبە بووە. ئەگەر نا شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێ بێت هەموو ئەو بەڵگانە بە لاواز دەزانێت کە ڕوو داپۆشین و دەست و مەچەکی ئافرەت بە فەرز دەزانن. شێخ کتێبێکی لەسەر بەرپەرچدانەوەی زانایانی سعودییە دانا کە رای ئەلبانیان ڕەتکردبۆوە لە دانەپۆشینی رووودا. کتێبەکە بە ناوی: (الرد المفحم على من خالف العلماء وتشدد وتعصب وألزم المرأة أن تستر وجهها وكفيها وأوجب ولم يقنع بقولهم إنه سنة ومستحب). دەبینیت کە هەر بە ناونیشانی کتێبەکەدا دیارە کە چەند زانایانی سعودییەی پێ سەختگیرو موتەعوصیب بووە. منیش پێم وایە ئەوە دابونەریتی عەرەبستانە وای لەو زانایانەی سعوودییەو سەلەفییە شوێنکەوتووەکانیان کردووە نیقاب بە فەرز بزانن. وَاللَّهُ أَعْلَمُ.

- ئەگەر کەسێك ئەم مەرج و روکن و فەرزانەی نوێژی هەمووی هێنایە جێ، بەڵام بە ئەنقەست ڕووی نەکردە قیبلەو نوێژەکەی کرد، نوێژەکەی قبوڵ نابێت. چونکە موسوڵمانان هەموویان هەر دەبێت لە نوێژەکانیاندا ڕووگەیان تەنها قیبلە (البیت الحرام واتە: کەعبە) بێت. مەگەر کەسێك لە کات و شوێن و حاڵەتێکدا نەزانێت قیبلە لە کام ئاڕاستەیە، ئەو کات واجبە لەسەریی کە پرسیار لە کەسانی زاناو شارەزای دەوروبەری خۆی بکات، ئەگەر لەبەردەست بوون، ئەگەر کەسیش لەوێ نەبوو، ئەوا بە مەزەندەی ئەقڵی خۆی ڕوودەکاتە ئەو جێگایەی کە پێی وایە قیبلەیە. ئەگەر لەناو نوێژەکەیدا کەسێکی شارەزا ئاگاداری کردەوە کە قیبلە ئاو ئاراستە نیەو ئەو ئاراستەیانە، دەبێت لە نوێژەکەیدا رووبکاتە ئەو جێگەیەی کە پێی دەوترێت بۆ ئەوەی نوێژەکەی ببڕێت.

- بێگومان نوێژ کردن بە بێ نییەتهێنان دروستنیە. چونکە نییەت پەرستن (عیبادەت) لە (عادەت) جیادەکاتەوە. حەتمەن کە دەبێت مەبەستی نوێژکردنەکەو نوێژی دیاریکراو تەنها بۆخوابێت.

ئەمانەی باسمانکردن کورتەی ئەو خاڵانەن کە نوێژیان پێ دێتەجێ. ئێمە هەر بۆ بەرەکەتی دەقەکان باسمانکردن. دەنا جێباسی نوێژو تەفسیلاتەکانی کتێبەکانی سەرچاوەی شەرعناسییە. جا ئەو سەرچاوانەی بە پێی مەزهەبەکان نوسرابن یاننا. زۆرینەی دەقەکانی فەرموودەیان تێدا باسکراوە. پابەندبوونیش بە مەزهەبەکانەوە زیانناگەیەنێت مادام بەبەڵگە پشتئەستووربن.

## خاڵی پێنجەم: نوێژە سوننەتەکان:

دەکرێن بە چوار پۆلەوە:

<u>پۆلی یەکەم: رابیتەی فەرزەکان (کە هاوکاتی فەرزەکانن):</u> ئەو سوننەتانەن کە لە پێش یان لە پاش نوێژە فەرزەکان ئەنجام دەدرێن کە بریتین لە:

١- رابیتەی نوێژی نیوەڕۆ: دووڕکات یان چوارڕکات پێشنوێژەکەو دووڕکاتیش دوای نوێژە فەرزەکەیە.

٢- ڕابیتەی نوێژی شێوان: تەنها دووڕکات دوای نوێژە فەرزەکە ئەنجامدەدرێت.

٣- ڕابیتەی نوێژی خەوتنان (عیشا): دووڕکات یان چوارڕکات دوای نوێژە فەرزەکەیە. هەروەها سێڕکات لە ویتر لە دوای نوێژە سوننەتەکان دەکرێت و کاتەکەشی تا سپێدەی بەیانییە. دەشێت یەکڕکات بکرێت، یان سێڕکات پێکەوە بکرێت. بە پێی ڕاجوێی مەزهەبەکان جیاوازە. پێغەمبەری ئازیز صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەردەوام کردوونی.[١]

٤- ڕابیتەی نوێژی (فجر) بەیانی: دووڕکاتە، پێش نوێژەکە دەکرێت.

---

[١] لەسەر بۆچونی هەندێك لە مەزهەبەکان دوای نوێژی خەوتنان (عیشا) و پێش ویتر هەشت ڕکات نوێژی سوننەت هەیە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەو هەشتە زیاتری نەکردوە. بە ویترەکەوە دەبێتە یازدە رکات.

٥- ڕابیتەی نوێژی (عصر) عەسر: چوارڕکاتە، پێش نوێژە فەرزەکەن.

٦- نوێژی زوحا: ندووڕکات یان چوار یان شەش یان هەشتە. کاتەکەی چێشتەنگاوانە. کاتێك خۆر بەرزدەبێتەوە تا پێش کاتی نیوەڕۆ.

<u>پۆلی دووەم: ئەو نوێژە سوننەتانەی کە بە کۆمەڵ دەکرێن:</u>

- نوێژی تەراویح: کە تایبەتە بە شەوانی رەمەزانی پیرۆز.

- نوێژی جەژنەکان. (لەسەر بۆچوونی ئەوانەی کە دەڵێن سوننەتە).

<u>پۆلی سێهەم: نوێژی بێ ژمارەو کراوە:</u>

ئەو نوێژانەن کە کەسێك دەیەوێت لەشەونوێژدا یان بەڕۆژ بیانکات. لە هەموو کاتێکدا شیاوە. جگە لەو کاتانەی ڕێگا پێنەدراون. وەکو (کاتی خۆرهەڵهاتن، قرچەی نیوەڕۆ، ساتی ئاوابوونی خۆر ) یان کە کاتێك کەمە، تەنها بەشی نوێژە فەرزەکە دەکات.

<u>پۆلی چوارەم: ئەو نوێژانەی بە هۆکارەوە بەندن. وەکو:</u>

- دوو ڕکات سوننەتی سڵاو لە مزگەوت (تحية المسجد)، کە بە هۆی چوونە ناو مزگەوتەوە دەبێت.

- نوێژی ئیستیخارە (کە داوای یەکلاکەرەوەی دوودڵییە لەسەر بڕیاردانی کارێکی خێر).

- سوجدەی تیلاوە: مکاتی قورئان خوێندن.

- سوجدەی شوکور: ملە کاتی گەیشتن بەخۆشی و هاتنی مژدەیەکی خۆش کە شوکرانە بۆ خوا دەردەبڕێت.

ئەمانە هەمویان دەقی فەرموودەیان لەسەرە. لەوانە:

١- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەی سوننەتی سپێدەی پێشنوێژی بەیانی دەفەرمووێ: (رَكْعَتَا الْفَجْرِ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا) موسلیم[١] واتە: ئەو دوورکاتە سوننەتەی سپێدەم لا خۆشەویسترە لە دنیاو ئەوەشی کە تێدایە. بۆ زیادە جەختکردنەوەش لەسەر کردنی، دەفەرمووێ: (صَلُّوهَا وَلَوْ طَرَدَتْكُمْ الْخَيْلُ) ئەبوداوود بەسەنەدێکی حەسەن.[٢] واتە: ئەو دوو ڕکاتە بکەن، ئەگەرچی لەشکرێکیش بە دواتانەوە بێت (بۆ کوشتارتان).

٢- بۆ سوننەتەکانی نیوەڕۆش دەفەرمووێ: (مَنْ حَافَظَ عَلَى أَرْبَعِ رَكْعَاتٍ قَبْلَ الظُّهْرِ وَأَرْبَعٍ بَعْدَهَا حَرَّمَهُ اللَّهُ عَلَى النَّارِ) ئیمامی ترمذي دەفەرمووێ: (حسن صحیح غریب) غەیری ئەویش ڕیوایەتیان کردوە.[٣] واتە: هەر کەسێك ئەو چوارڕکاتەی پێشنوێژی نیوەڕۆو چواری دوای نوێژەفەرزەکە ئەنجامبدات و بەردەوامیش بێت لەسەر کردنیان ئەوا خوای گەورە لە ئاگری دۆزەخ لایدەدات.

---

[١] موسلیم (٢/١٦٠)، نەسائی (٣/٢٥٢)، ئەحمەد (٦/١٤٩).

[٢] ئەبوداوود (١٢٥٨)، ئەحمەد (٩٠٠٠)، بەیهیقی: السنن الکبری (٤٣٥٥) ئەلبانی رحمه الله لە کتێبی: (إرواء الغلیل/٨/١٧٩) دا دەفەرموێ: زەعیفە.

[٣] ئەبوداوود (١٢٦٩)، ترمذي (٤٢٨)، نەسائی (١٦١٧). شێخی ئەلبانی رحمه الله لە (صحیح ابن خزیمه)دا بە زەعیفی دانابوو بەڵام لە (صحیح الترغیب/ ٥٨٤) دا فەرموێ (حسن صحیح) و لە (صحیح سنن النسائي/١٨١٤) و لە (صحیح ابن ماجه/ ١١٤٠) و (صحیح الجامع/ ٦١٩٥) و توێژینەوەی فەرموودەکانی (مشكاة المصابیح/١١٢٤) دا دەفەرموێ سەحیحە. شێخ ئەحمەد شاکریش رحمه الله فەرموویەتی کە سەحیحە. پێشتریش ئیمامی نەووی رحمه الله لە شەرحی سەحیحی موسلیم (٦/٨) و المجموع (٤/٧) دا فەرموویەتی کە سەحیحە.

٣- بۆ سوننەتی نوێژی عەسریش دەفەرمووێ:(رَحِمَ اللَّهُ امْرَأً صَلَّى قَبْلَ الْعَصْرِ أَرْبَعًا) ئەبوداوود و هیتر بە سەحیحیان ناساندووە.[1] واتە: ڕەحمەتی خوا لەو کەسە بێت کە پێشنوێژی عەسر چوارڕکات سوننەت ئەنجامدەدات.

٤- بۆ سوننەتەکانی دوای نوێژی عیشا، خاتووعائیشە خوا لێی رازی بێ دەفەرمووێ: (مَا صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الْعِشَاءَ قَطُّ فَدَخَلَ عَلَيَّ إِلَّا صَلَّى أَرْبَعَ ركات أَوْ سِتَّ ركات) ئەبوداوود.[2] واتە: هەرگیز پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نوێژی فەرزی عیشای بە بێ چوار یان شەش رکاتی سوننەت نەکردوە.

---

[1] ئەبوداوود (١٢٧١)،ترمذي (٤٣٠)، ئەحمەد (١١٧/٢).ئیمامی ئیبنوتەیمییە رحمە الله لە: مجموع الفتاوى(١٢٥/٢٣)دا دەفەرموێ: زەعیفەو پێچەوانەی ریوایەتە سەحیحەکانی خاتووعائیشەو ئیبنوعومەرە خوا لێیان رازی بێت. ئیبنولقەییم لە زاد المعاد(٣١١/١) دا دەفەرموێ: سەحیحێتی هیچ ریوایەتێک لەسەر کردنی چوار رکات نوێژی سوننەت لە پێش فەرزی عەسردا نەسەلمێنراوە. بەڵام ئەلبانی رحمە الله لە (هداية الرواة الى تخريج أحاديث المصابيح والمشكاة/ ٢٥/٢) دەفەرموێ: (إسناده حسن). هۆی ئەم راجوێیە زۆرە هەبوونی (عاصمی کوڕی ضەمورە)یە کە لە سەیدنا عەلییەوە خوا لێی رازی بێت گێڕاوێتیەوە. چونکە هەندێک لە توێژەرەوەی فەرموودەوانان - وەکو: ئیبنو عەدیی و ئیبنوحیبان و بەیهیقی - فەرموویانە زەعیفە. بەڵام توێژەرەوەی وەکو: ئیبنولمەدینی و ئیمامی ئەحمەدو ئیبنولموعین و ترمذي و نەسائی و العیجلی و ئیبنوسەعدو البەززارو ئیبنوخوزەیمەو نەوەویی و ئیبنولمونذیرو ئیبنو حەجەرو هیتر فەرموویانە عاصم جێ متمانەیەوە ریوایەتی قبووڵە. بۆیە منیش پێم وایە بەڵگەی هەبوونی چوار رکات سوننەتی پێش فەرزی عەسر بەهێزەو ئیمامی ئیبنوتەیمییەو ئیبنولقەییم وەکو توێژەرەوەکانی دوایی رای زۆرینەو بەڵگەکانیان بە جێمتمانەدانانی (عاصمی کوڕی ضەمورە) پێنەگەیشتووە. وَاللَّهُ أَعْلَمُ.

[2] ئەبوداوود (١٣٠٣) ئەلبانی رحمە الله لە (ضعيف سنن أبي داود ٥٧/٢) دا دەفەرموێ: زەعیفە. بەڵام ریوایاتی خاتو عائیشە هەیە کە جەنابی صلى الله عليه وسلم چوار رکاتی سوننەتی دوای فەرزی عیشا لە ماڵەوە کردووە. وَاللَّهُ أَعْلَمُ.

٥- هەروەها دەربارەی سوننەتی ویتریش پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (إِنَّ اللَّهَ قَدْ زَادَكُمْ صَلاةً فَصَلُّوهَا مَا بَيْنَ الْعِشَاءِ إِلَى صَلاةِ الصُّبْحِ، الْوِتْرَ الْوِتْرَ) ئەحمەد.[١] واتە: خوای گەورە بواری نوێژێکی ئیزافی لە دوای نوێژی خەوتنانەوە تا کاتی نوێژی سپێدە بۆ کردوونەتەوە تا بیکەن: ویتر، ویتر.

- هەروەها دەربارەی ویتر دەفەرمووێ: (الوِتْرُ حَقٌّ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ فَمَنْ أَحَبَّ أَنْ يُوتِرَ بِخَمْسٍ فَلْيَفْعَلْ، وَمَنْ أَحَبَّ أَنْ يُوتِرَ بِثَلاَثٍ فَلْيَفْعَلْ، وَمَنْ أَحَبَّ أَنْ يُوتِرَ بِوَاحِدَةٍ فَلْيَفْعَلْ) ئەبوداوود.[٢] واتە: کردنی نوێژی ویتر حەقە (پێویستە/ نەك فەرز) لە سەر هەموو موسڵمانێك، هەر کەس حەزی کرد پێنجڕکات وتر بکات بابیکات. هەرکەس حەزی کرد سێڕکات بکات، بابیکات. یان هەرکەس حەز دەکات با یەك ڕکات یش بێت بیکات.

٦- ئەبوهورەیرە ڕەزای خوای لێ بێت دەفەرمووێ: (أَوْصَانِي خَلِيلِي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِثَلاثٍ: صِيَامِ ثَلاثَةِ أَيَّامٍ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ، وَرَكْعَتَيْ الضُّحَى، وَأَنْ أُوتِرَ قَبْلَ أَنْ أَنَامَ) متفق عليه.[٣] واتە: پێغەمبەری خۆشەویستی هاودەنگم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەسیەتی بۆ کردم بۆ سێ کار وازی لێنەهێنم: گرتنی ڕۆژوی سێڕۆژ لە هەر مانگێك دا لەگەڵ دووڕکات نوێژی زوحا و نەشخەوم تا نوێژی ویتر دەکەم.

---

[١] ئەو ریوایەتەی من لای ئیمامی ئەحمەد بینیم (٧/٦ ژمارە:٣٩٧) ئاوایە: (إِنَّ اللَّهَ قَدْ أَمَدَّكُمْ بِصَلاةٍ وهي الْوِتْرُ جَعَلَهُ اللَّهُ لَكُمْ فِيمَا بَيْنَ صَلاةِ الْعِشَاءِ إِلَى أَنْ يَطْلُعَ الْفَجْرُ)، هەروەها ترمذي (٤٢٥) شێخی ئەلبانی رحمه الله لە (إرواء الغليل/ ٤٢٣) و (سلسلة الأحاديث الصحيحة/ ١٠٨) دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[٢] ئەبوداوود (٣٣٨)، نەسائی (١٧١١)، ئیبنوماجە (١١٩٠)ئەلبانی لە (صحيح أبي داود/ ١٢٦٠)دا دەفەرموێ سەحیحە.

[٣] بوخاری (١١٢٨)، موسلیم (١١٨٢).

- ئوم هانی رەزای خوای لێ بێت دەفەرمووێ: (دَخَلَ بَيْتَهَا فِي يَوْمِ فَتحِ مَكَّةَ فاغْتَسلَ وصَلَّى ثَمَانِيَ ركات، فَلمْ أَرَ صَلاةً قطُّ أَخفَّ مِنْهَا غَيْرَ أَنَّه يُتِمُّ الرُّكُوعَ والسُّجُودَ) متفق عليه.[١] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ڕۆژی فەتحی مەككەدا تەشریفی بردە ماڵیان، لەوێ هەشترِكات نوێژی كرد (كاتی چێشتەنگاو) بوو دەفەرمووێ: هەرگیز لەو نوێژە ئاسانتر و سوكتر واتە (خێراتر)م نەدیوە،بەڵام ڕكوع و سوجدەكانی بە تەواوەتی ئەنجام دەدا.

- ئیمامی موسلیم دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێ: (صَلاةُ الأَوَّابِينَ حِينَ تَرْمَضُ الْفِصَالُ).[٢] واتە: نوێژی تەووابین (ئەوانەی كە بۆ لای خوای گەورە گەڕاونەتەوە) ئەو كاتەیە كە تینی گەرمای زەوی كاریگەریی زۆری لەسەر پێی بەچكە حوشتر دەبێت. كە لە تاواندا زوو زوو بەرزیان دەكاتەوە.[٣]

- هەروەها دەفەرمووێ: (مَنْ حَافَظَ على شُفْعَةِ الضَّحَى غُفِرَت لَهُ ذُنُوبُه وَإِنْ كَانَتْ مِثْلَ زَبَدِ الْبَحْرِ) ترمذي و ئەحمەد و ئیبنوماجە.[٤] واتە: هەر كەسێك دووڕكات نوێژەكەی زوحا بپارێزێت و بەردەوام بیانكات، لە هەموو گوناحێكی دەبورێت، ئەگەرچی بە قەدەر كەفی دەریاش بێت.

٧- دەبارەی شەونوێژی ڕەمەزانیش -كە نوێژی تەراویحە- دەفەرمووێ: (مَنْ قَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ) متفق عليه.[٥] واتە: هەر كەسێك بە یەقینەوە

---

[١] بوخاری (١١٢٢)، موسلیم (٣٣٦).

[٢] موسلیم (١٢٣٧). مەبەست لێی هەر نوێژی زوحایە وَاللَّهُ أَعْلَمُ

[٣] ئەوە شەرحی ئیمامی نەوەوییە لەسەر ئەو فەرموودەیە. وا لە (شرح النُّوويّ على موسليم/٦/ ٣٠))

[٤] ئەحمەد (١٠٤٥١)، ئەلبانی رحمه الله لە (ضعيف الجامع الصغير/ ٥٥٤٩)و توێژینەوەی فەرموودەكانی (مشكاة المصابيح/١٠٦٩)دا دەفەرموێ: زەعیفە.

[٥] بوخاری (٣٧)، موسلیم (٧٥٩).

لەبەر خاتری خوای گەورە شەوانی ڕەمەزان زیندوو ڕاگرێت _بەکردنی نوێژی تەراویح و شەونوێژ_ لە هەموو گوناحەکانی پێشووی دەبورێت.

٨- ئەمما نوێژی تری زیادە کە پێی دەوترێت سوننەتی ڕەها (التطوع المطلق) خاوەنی کتێبی (الكافي) کە لە پێشەوا یانی مەزهەبی حەنبەلیە[1] دەفەرمووێ: (کردنی نوێژی ڕەها _شەو بێت یان ڕۆژ_ ڕەفتارێکی شەرعی و جائیزە، بەڵام لە شەواندا پاداشتی زیاترە وەك لە ڕۆژ، چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێ:(أَفْضَلُ الصَّلاةِ بَعْدَ الْفَرِيضَةِ صَلاةُ اللَّيْلِ).[2] واتە: لە دوای نوێژە فەرزەکان، شەونوێژو نوێژکردن لە نیوەی دووەمی شەودا پاداشتی زۆرە وەکو کە لە نیوەی یەکەمیشدا هەر پاداشتی زۆرە.

- عەمری کوڕی عەبسە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرمووێ: (أَيُّ اللَّيْلِ أَسْمَعُ؟ قَالَ: جَوْفُ اللَّيْلِ الْآخِرُ) ئەبوداوود.[3] واتە: عەرزی پێغەمبەری خوام کرد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چ کاتێکی شەو ئومێدی زیاتر قبوڵبوونی دوعاو خواپەرستیە؟ فەرمووی: نیوەی دووەمی هەموو شەوێك..هەروەها پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێ: (أَحَبَّ الصَّلاَةِ إِلَى اللَّهِ صَلاَةُ دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلاَمُ، كَانَ يَنَامُ نِصْفَ اللَّيْلِ وَيَقُومُ ثُلُثَهُ وَيَنَامُ سُدُسَهُ) متفق عليه.[4] واتە: چاکترین شەونوێژ لای خوای گەورە شێوازی شەونوێژەکەی سەیدنا داوودە عليه السلام کە نیوەی شەوەکە تێیدا دەخەوت و لە سێیەکیدا هەڵدەستایەوە بۆ شەونوێژو پاشان لە شەشیەکیدا دەخەوتەوە.

---

[1] ئیمامی ئیبنو قودامەی مەقدیسیە رحمه الله.

[2] هەر ئیبنوقودامە خۆی دەفەرموێ (حديث حسن)، موسلیم (١١٦٣).

[3] ترمذي (٣٤٩٩)، ئیبنوحەجەر لە: (فتح الباري/٥٩٧٠). ئەلبانی لە (صحيح سنن الترمذي) دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[4] بوخاری (١١٣١)، موسلیم (١١٥٩).

- لە شەونوێژدا سوننەتە کە سەرەتا بە دوو ڕکاتی سووك دەستپێبکات، پاشان ڕکاتی دووروودرێژ. چونکە پێغەمبەری خوا صَلَى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَم دەیفەرموو: (إِذَا قَامَ أَحَدُكُمْ مِنَ اللَّيْلِ فَلْيَفْتَتِحْ صَلَاتَهُ بِرَكْعَتَيْنِ خَفِيفَتَيْنِ) موسلیم.[1] واتە: هەر کەسێکتان بۆ شەونوێژ هەستایەوە با سەرەتاکەی بە دووڕکاتی کورت و سوك دەستپێبکات. سوننەتیش وایە ژمارەی ڕکاتەکان و بڕی پشکە ئایەتەکانیش دیاربکات کە لە شەونوێژەکەدا دەیانخوێنێت.[2] چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (أَحَبَّ الأَعْمَالِ إِلَى اللَّهِ أَدْوَمُهَا وَإِنْ قَلَّ) متفق علیه.[3] واتە: پەسەند ترین کار لای خوای گەورە ئەوەیە کە بەردەوامی تێدا بێت. خاتوعائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەفەرمووێ: (كَانَ يُصَلِّي مَا بَيْنَ أَنْ يَفْرُغَ مِنْ صَلاةِ الْعِشَاءِ وَهِيَ الَّتِي يَدْعُو النَّاسُ الْعَتَمَةَ إِلَى الْفَجْرِ إِحْدَى عَشْرَةَ رَكْعَةً) موسلیم.[4] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە نێوان تەواوبوونی نوێژی خەوتنان تا نوێژی سپێدەی بەیانی یانزە ڕکات نوێژی دەکرد.

- ئەو کەسەی کە شەونوێژ دەکات هەر وەکو کە بۆی هەیە بە ئەسپایی بیخوێنێت، بۆشی هەیە کەمێك دەنگ هەڵبڕێت. خاتووعائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەفەرمووێ: (كُلَّ ذَلِكَ قَدْ كَانَ يَفْعَلُ، رُبَّمَا أَسَرَّ بِالقِرَاءَةِ، وَرُبَّمَا جَهَرَ).[5] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئاوای دەکرد (خوێندنی بە ئەسپایی یان بە دەنگی بەرز). جاری وا هەبوو بە چرپە دەیخوێندو جاری واش هەبوو دەنگی بەرز دەکردەوە (دەبیسرا). بێگومان ئەمە لە

---

[1] موسلیم (١٢٩٣)، ئەبوداوود (١١٣٠)، ئەحمەد (٨٩٧٦).

[2] هەموو قورئان (٣٠) جوزئە و هەموو جوزئێکیش دوو حیزبە و هەموو حیزبێکیش کراوە بە چوار بەشەوە دەتوانیت شەوانە یەك جوزء بخوێنی کە دەکاتە هەشت بەش بۆ هەشت ڕکات.

[3] بوخاری (٦٠٩٩)، موسلیم (٧٨٢).

[4] بوخاری (٥٨٦٤)، موسلیم (١٢٢٢).

[5] موسلیم (٣٠٥)، ئەبوداودد (١٤٣٧)، ترمذي (٢٩٢٤)، ئەلبانی لە (صحیح أبي داود ١٢٩١/)دا دەفەرمویٚ: سەحیحە.

حاڵەتێکدایە کە دەزانیت ئەو کەسەی گوێی لێدەبێت پێخۆشەو سوودمەند دەبێت لێی و پێی نارەحەتنابێت. هەروەها دەشێت هەر خۆی بێت بە تەنهاو دەنگ بەرزکردنەوەکەی یارمەتی زیاتری ملکەچی و خشوعی دەدات، نەك توشی ریای بکات و لێتێکەڵ و پێکەڵبێت و دووربخاتەوە لە چوست و چالاکی. ئەمما ئەگەر کەسانی دەوروبەری پێنارەحەت دەبوون، ئەوە دەبێت بە چرپە بیخوێنیت. ئەبوسەعیدی خودری خوا لێی رازی بێ دەفەرمووێ: (اعْتَكَفَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي الْمَسْجِدِ، فَسَمِعَهُمْ يَجْهَرُونَ بِالْقِرَاءَةِ فَكَشَفَ السِّتْرَ وَقَالَ: أَلَا إِنَّ كُلَّكُمْ مُنَاجٍ رَبَّهُ فَلَا يُؤْذِيَنَّ بَعْضُكُمْ بَعْضًا وَلَا يَرْفَعْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَعْضٍ فِي الْقِرَاءَةِ أَوْ قَالَ فِي الصَّلَاةِ) ئەبوداوود.[١] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە مزگەوتدا بۆ ئیعتیکاف مابۆوە. گوێیلێبوو کە یاوەرانی بەدەنگی بەرز قورئانیان دەخوێند. پەردەکەی لاداو فەرمووی: ئەرێ ئێوە هەریەکەتان موناجات وەل خوای پەروەردگاری خۆیدا دەکات، لە خوێندنەوەی قورئانەکەدا (یان لە نوێژەکەتاندا) دەنگتان بەسەر یەکتردا بڵند مەکەنەوە.

<u>٩- دەربارەی سوننەتی سڵاوی مزگەوت (تحية المسجد):</u> پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێ: (إِذَا دَخَلَ أَحَدُكُمْ الْمَسْجِدَ فَلْيَرْكَعْ رَكْعَتَيْنِ قَبْلَ أَنْ يَجْلِسَ).[٢] واتە: هەر کەسێکتان چووە مزگەوتەوە با پێش ئەوەی دابنیشێت دووڕکات نوێژبکات.

<u>١٠- دەربارەی ئیستیخارە:</u> کە داواکردنە لە خوای گەورە _لە نێوان دوو هەڵویستی خێردا کە ئەم نازانێت کامیان هەڵبژێرێت_ هەڵوێستێکی خێری پیشان بدات. جابری کوڕی

---

[١] ئەبوداودد (١٣٣٢)، نەسائی (٧٧٨١)، ئەحمەد (١١٤٨٩)، ئیبنوخوزەیمە (٥٠٧) ئەلبانی رحمه الله لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/١٣٣/٤)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[٢] بوخاری (٤٣٣)، موسلیم (٧١٤).

عبدالله خوا لێی رازی بێ دەفەرمووێ: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُعَلِّمُنَا الِاسْتِخَارَةَ فِي الْأُمُورِ كُلِّهَا كَمَا يُعَلِّمُنَا السُّورَةَ مِنَ الْقُرْآنِ يَقُولُ: إِذَا هَمَّ أَحَدُكُمْ بالأَمْرِ فَلْيَرْكَعْ رَكْعَتَيْنِ مِنْ غَيْرِ الْفَرِيضَةِ ثُمَّ لِيَقُلِ اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْتَخِيرُكَ بِعِلْمِكَ وَأَسْتَقْدِرُكَ بِقُدْرَتِكَ وَأَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ الْعَظِيمِ فَإِنَّكَ تَقْدِرُ وَلَا أَقْدِرُ وَتَعْلَمُ وَلَا أَعْلَمُ وَأَنْتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ اللَّهُمَّ إِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الْأَمْرَ خَيْرٌ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي أَوْ قَالَ عَاجِلِ أَمْرِي وَآجِلِهِ فَاقْدُرْهُ لِي وَيَسِّرْهُ لِي ثُمَّ بَارِكْ لِي فِيهِ وَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الْأَمْرَ شَرٌّ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي أَوْ قَالَ فِي عَاجِلِ أَمْرِي وَآجِلِهِ فَاصْرِفْهُ عَنِّي وَاصْرِفْنِي عَنْهُ وَاقْدُرْ لِيَ الْخَيْرَ حَيْثُ كَانَ ثُمَّ أَرْضِنِي قَالَ وَيُسَمِّي حَاجَتَهُ) بوخاری.[1] واتە: پێغەمبەری خوا وا ئیستیخارەی فێر دەكردین كە لە هەموو كارو بارێكدا بیكەین، هەر وەكو كە سوورەتی قورئانی فێردەكردین..

- ئیبنوعومەر رەزای خوای لێ بێت دەفەرمووێ: (أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَقْرَأُ علينا الْقُرْآنَ، فَيَقْرَأُ سُورَةً فِيهَا سَجْدَةٌ فَيَسْجُدُ وَنَسْجُدُ مَعَهُ حَتَّى مَا يَجِدُ بَعْضُنَا مَوْضِعًا لِمَكَانِ جَبْهَتِهِ)متفق عليه.[2] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جاری وا هەبوو سورەتێكی قورئانی لە غەیری نوێژدا بۆ دەخوێندین و سوجدەی دەبرد، ئێمەش بە دوایدا یەكسەر سوجدەمان دەبرد، بە شێوەیەك كە تیاماندا هەبوو لە مەجلیسەكەدا جێگا سوجدەی بۆ نەدەمایەوە تا ناوچەوانی بخاتە سەر زەوی.

[1] بوخاری (١١٦٦)، موسلیم (٢٢٦).
[2] بوخاری (١٠٢٣)، موسلیم (٥٧٥).

١١- دەربارەی سوجدەی سوپاسگوزاری (سوجدەی شوکور): سەیدنا ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێت دەفەرمووێ: (كَانَ إِذَا جَاءَهُ أَمْرٌ يُسَرُّ بِهِ خَرَّ سَاجِداً شُكْراً لله تَعَالى).[1] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە هەواڵێکی خۆشی پێبگەیشتایە یەکسەر دەچووە سوجدە، بە سوجدەی شوکور سوپاسگوزاریی خوای دەکرد.

١٢- دەربارەی نوێژە بارانە: عبداللهی کوڕی زەید خوا لێی ڕازی بێ دەگێڕێتەوە: (خَرَجَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَسْتَسْقِي، فَتَوَجَّهَ إِلَى الْقِبْلَةِ يَدْعُو، وَحَوَّلَ رِدَاءَهُ، ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ، جَهَرَ فِيهِمَا القراءة...) متفق عليه[2] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چووە دەرەوە (دەرەوەی شاری مەدینە) بۆ نوێژەبارانە. ڕوی پاکیی کردە قیبلەو کەوتە دوعاکردن، عاباکەشی داکەندو ئاوەژوو لەبەری کردەوەو دوو ڕکات نوێژی کرد کە فاتیحەی بە دەنگی بەرز تێدا خوێند.

١٣- نوێژی خۆرگیران: خاتوو عائیشە خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێ: (خَسَفَتْ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَبَعَثَ مُنَادِيًا الصَّلَاةُ جَامِعَةٌ فَاجْتَمَعُوا وَتَقَدَّمَ فَكَبَّرَ وَصَلَّى أَرْبَعَ رَكَعَاتٍ فِي رَكْعَتَيْنِ وَأَرْبَعَ سَجَدَاتٍ) متفق عليه.[3] واتە: لە زەمانی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خۆر گیرا، کەسێکی ڕاسپارد لە ناو خەڵکیدا جاڕبدا، کە بۆ نوێژکردن کۆببنەوە، جەنابیشی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەشریفی برد بۆ مزگەوت. خەڵکەکە

---

[1] نووسەری رەحمەتی نوسیوێتی: (ئیبنوقودامەی مەقدیسی لە کتێبی (الكافي)دا هێناویەتی)، وا لای ئەبوداوود (٢٧٧٤) و شێخی ئەلبانی رحمه الله لە (صحيح الجامع الصغير/٤٧٠١)دا دەفەرموێ: حەسەنە.

[2] بوخاری (١٠٢٤)، موسلیم (٨٩٤).

[3] بوخاری (٩٩٧)، موسلیم (٩٠١).

لەدوایەوە بۆ نوێژکردن ڕیزبوون، دووڕکعات نوێژی کرد بەڵام چواررِکوع و چوارسوجدەی برد تێیدا.

- لەڕیوایەتێکی تری ئیبنوعیبباددا دەفەرموێ: (أَنَّ النَّبِيَّ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ صَلَّى سِتَّ رَكَعَاتٍ وَأَرْبَعَ سَجَدَاتٍ) ئەحمەد.[١] واتە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شەشڕکعاتی کرد کە چوار سوجدەی تێدا بوو.

١٤- <u>دەربارەی نوێژی جەژن</u>: سەیدنا عمر خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێ: (صَلَاةُ الْأَضْحَى رَكْعَتَانِ وَصَلَاةُ الْفِطْرِ رَكْعَتَانِ، تَمَامٌ غَيْرُ قَصْرٍ عَلَى لِسَانِ مُحَمَّدٍ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. وَقَدْ خَابَ مَنِ افْتَرَى) ئەحمەد.[٢] واتە: نوێژی جەژنی قوربان دووڕکعاتە، نوێژی جەژنی رەمەزانیش دووڕکعاتە. نوێژەکە دووانیە، نەك کەم کرابێتەوە. ئەمە ڕاگەیاندنێکە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەتانەوە هاتوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. داماو و ڕەنجەڕۆ ئەو کەسەیە کە قسەی بێبەڵگەی بە ناوەوە دەکات.

- خاتوو عائیشە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يُكَبِّرُ فِي الْفِطْرِ وَالْأَضْحَى، فِي الْأُولَى سَبْعَ تَكْبِيرَاتٍ، وَفِي الثَّانِيَةِ خَمْسَ تَكْبِيرَاتٍ سِوَى تَكْبِيرَتَيِ الرُّكُوعِ) ئەبوداوود.[٣] واتە: تەکبیر (اللَّهُ

---

[١] موسلیم (٩٠١)، بەیهیقی (٣٢٧/٣)، ئیبنوحیببان (٩٨/٧)، ئیبنوئەبی شەیبە: المصنف(٤٨٦/٢).

[٢] سنن النسائي ژمارە (١٥٦٦) هەموو فەرمودەکە: (أَخْبَرَنَا عِمْرَانُ بْنُ مُوسَى، قَالَ حَدَّثَنَا يَزِيدُ بْنُ زُرَيْعٍ، قَالَ حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ سَعِيدٍ، عَنْ زُبَيْدٍ الْأَيَامِيِّ، عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي لَيْلَى، ذَكَرَهُ عَنْ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ ﷺ قَالَ: صَلَاةُ الْأَضْحَى رَكْعَتَانِ وَصَلَاةُ الْفِطْرِ رَكْعَتَانِ وَصَلَاةُ الْمُسَافِرِ رَكْعَتَانِ وَصَلَاةُ الْجُمُعَةِ رَكْعَتَانِ تَمَامٌ لَيْسَ بِقَصْرٍ عَلَى لِسَانِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

[٣] فەرمودەکەم زیاتر هەر بەم شێوەیە ئەدۆزییەوە: حديث عائشة ﷺ: (أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يُكَبِّرُ فِي الْفِطْرِ وَالْأَضْحَى، فِي الْأُولَى سَبْعَ تَكْبِيرَاتٍ، وَفِي الثَّانِيَةِ خَمْسًا) رواه أبو داود (١١٤٩)، وصححه الألباني في "صحيح أبي داود".

أَكْبَر) کردن لە نوێژی جەژنی ڕەمەزان و قورباندا دەبێت. حەوت تەکبیرە لە ڕکاتی یەکەم و پێنج تەکبیرە لە ڕکاتی دووەمدا. ئەمە جگە لە دوو تەکبیرەکەی چوونە ڕکوع تێیاندا.

١٥- دەربارەی نوێژی جومعەو جەماعەت: ئەبوهورەیرە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: مَنْ اغْتَسَلَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، ثُمَّ رَاحَ فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ بَدَنَةً، وَمَنْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الثَّانِيَةِ فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ بَقَرَةً، وَمَنْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الثَّالِثَةِ فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ كَبْشًا أَقْرَن، وَمَنْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الرَّابِعَةِ فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ دَجَاجَةً، وَمَنْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الْخَامِسَةِ فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ بَيْضَةً، فَإِذَا خَرَجَ الإِمَامُ حَضَرَتِ الْمَلائِكَةُ يَسْمَعُونَ الذِّكْرَ).متفق عليه.[١] واتە: هەر کەسێك لە ڕۆژی هەینیدا غوسڵی جمعە وەکو غوسڵی جەنابەت (لەش پیسی) دەرکات، پاشان لەسەعاتی یەکەمی کاتەکانی نوێژی هەینیدا (کاتی خۆئامادەکردن بۆ نوێژی هەینی عادەتەن دوو سەعاتە، پێش دەستپێکی نوێژەکەیە وَاللَّهُ أَعْلَمُ) بچێتە مزگەوتەوە، وەکو ئەو کەسەیە کە حوشترێکی کردبێتە قوربانی. هەر کەس لە سەعاتی دووەمی دا بچێت وەك ئەو کەسەیە کە مانگایەکی کردبێتە قوربانی. هەر کەسێك لە سەعاتی سێهەمدا بچێت وەك ئەو کەسەیە کە بەرانێکی نایابی کردبێتە قوربانی. هەر کەسێك لە سەعاتی چوارەمدا بچێت وەك ئەو کەسەیە کە مریشکێکی کردبێتە قوربانی. هەر کەسێك لەسەعاتی پێنجەمدا بچێت وەکو ئەو کەسەیە کە هێلکەیەکی کردبێتە قوربانی. کە ئیمام چووەسەرمینبەر فریشتەکانیش گوێ لە ووتارەکە دەگرن کەس ناونووس ناکەن.

- ئەبو سەعیدی خودری خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (لا يَغْتَسِلُ رَجُلٌ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، وَيَتَطَهَّرُ مَا اسْتَطَاعَ مِنْ طُهْرٍ، وَيَدَّهِنُ مِنْ

[١] موسلیم (٨٥٠) و بوخاری(٨٨١) و ئەحمەد (٢/٤٦٠) و ترمذي (٤٦٠) و نەسائی (٣/٩٨).

دُهْنِهِ، أَوْ يَمَسُّ مِنْ طِيبِ بَيْتِهِ، ثُمَّ يَخْرُجُ، فَلا يُفَرِّقُ بَيْنَ اثْنَيْنِ، ثُمَّ يُصَلِّي مَا كُتِبَ لَهُ، ثُمَّ يُنْصِتُ إِذَا تَكَلَّمَ الإِمَامُ، إِلا غُفِرَ لَهُ مَا بَيْنَهُ، وَبَيْنَ الْجُمُعَةِ الأُخْرَى) بوخاری.[1] واته: هەر کەسێك لە ڕۆژی هەینیدا ئەوەندەی لە توانایدا بێت خۆی پاکژ ڕابگرێت، ڕۆن (کرێم) لەسەر و ڕیشی بدات و لە بۆنی خۆشی ماڵی خۆی، خۆی بۆنخۆشبکات، پاشان بچێتە مزگەوت، لەوێیش خۆی نەخزێنێتە نێوان نوێژخوێنان و ریزەکانیان (واتە بە زۆر جێگای خۆی لە نێوان نوێژخوێناندا نەکاتەوە ئەوان ئێزعاج بکات) پاشان ئەوەندەی خوای گەورە بۆی نوسیی بێت نوێژ بکات و ئینجا بێدەنگ دانیشێت گوێ لە ووتاری ئیمامەکە بگرێت، هەر کەسێك ئاوەها بکات، لە گوناهی ئەو هەینیەی بۆ هەینیەکەی تر خۆشدەبێت و خوای گەورە عەفوی دەکات.

١٦- <u>نوێژی سوننەتی دەست نوێژ</u>: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە بیلالی حەبەشی فەرموو: (يَا بِلَالُ حَدِّثْنِي بِأَرْجَى عَمَلٍ عَمِلْتَهُ فِي الْإِسْلَامِ فَإِنِّي سَمِعْتُ دَفَّ نَعْلَيْكَ بَيْنَ يَدَيَّ فِي الْجَنَّةِ قَالَ مَا عَمِلْتُ عَمَلًا أَرْجَى عِنْدِي أَنِّي لَمْ أَتَطَهَّرْ طَهُورًا فِي سَاعَةِ لَيْلٍ أَوْ نَهَارٍ إِلَّا صَلَّيْتُ بِذَلِكَ الطُّهُورِ مَا كُتِبَ لِي أَنْ أُصَلِّيَ) بوخاری.[2] واتە: ئەرێ بیلال کارێکی خۆتم بۆ باسبکە لەموسوڵمانێتیدا ئومێدت پێوە بەستبێتەوە (کە خوای گەورە بە هۆیەوە لێت خۆشببێت، یان پاداشتی زۆرتبداتەوە)؟ چونکە لە بەهەشتدا لە پێش خۆمەوە بویت و گوێم لە خشپەی نەعلەکانت دەبوو؟ عەرزی کرد: کارێکی وەهام نیە ئەوەندە ئومێدم پێوە بەستبێتەوە. بەڵام من ئەوەم کردووە بەرەفتارێکی بەردەوام: لەگەڵ هەموو دەستنوێژگرتنێکدا _ئیتر شەو بێت یان ڕۆژ_ ئەوەندەی کە خوای گەورە بۆی ئاسانکردبم نوێژی پێوە دەکەم (واتە سوننەتی دەستنوێژ).

---

[1] بوخاری (٨٤٣).

[2] بوخاری (١٠٩٨)، موسلیم (٢٤٥٨).

## خاڵی شەشەم: تەسبیحاتی دوایی نوێژەکان:

ئەوەی ڕابورد کورتە باسێکی خێرای نوێژ بوو لە ئیسلامدا..لەوانەیە ئەوەش بەسوودبێت کە هەندێك لەو تەسبیحاتانەش بخەینە پێشچاو کە سوننەتن لە دوای نوێژەکان بخوێنرێت.

- ثەوبان خوا لێی ڕازی بێت کە خزمەتکاری پێغەمبەر بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگێڕێتەوە: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا انْصَرَفَ مِنْ صَلَاتِهِ اسْتَغْفَرَ ثَلَاثًا، وَقَالَ: اللَّهُمَّ أَنْتَ السَّلَامُ، وَمِنْكَ السَّلَامُ، تَبَارَكْتَ ذَا الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ) موسلیم.[1] واتە:

---

[1] موسلیم (٥٩١)، ئەبوداوود (١٥١٢)، ترمذي (٢٩٨)، نەسائی (١٣٣٨)، ئیبنوماجە (٩٢٤).

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە لە نوێژەکەی دەبۆوە سێجار (استغفرالله)ی دەکرد ئینجا دەیفەرموو: خوایە موسالمیت و خێر و خۆشی عەبدەکانت دەوێت. هەموو ئارامی و سەلامەتیەك لە تۆوەیە. ئەی خوای خاوەن سام و هەیبەت خاوەنی ڕێزو بەخشش هەموو چاکەو خێرو خۆشیەك هەر لە تۆوە چاوەڕوان دەکرێ.

- موغیرەی کوری شوعبە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (إِنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَقُولُ فِي دُبُرِ كُلِّ صَلاةٍ مَكْتُوبَةٍ: لَا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٍ. اللَّهُمَّ لَا مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ وَلا مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ، وَلا يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ) متفق عليه.[١] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کاتێك کە نوێژی تەواودەکرد و سەلامدەدایەوە دەیفەرموو: (لَا إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ) خوا تاك و بێوێنەیە بە هیچ کلۆجێك هاوبەشی نیە. هەموو موڵك و دەسەڵاتێك هەر شایستەی ئەووو ستایش هەر بۆ ئەویش دەکرێت. ئەو بەسەر هەموو شتێکدا بە تواناو زاڵە. خوایە کە تۆ ببەخشیت بە هیچ کلۆجێك بەربەستی لە ڕێدا نابێت. کە تۆش بگریتەوە بەخشین بە هیچ کلۆجێك نابێت.

- عەبدوڵلای کوری زوبێر خوا لێی ڕازی بێت لە دوای هەموو نوێژێك ئەم زیکرەی دەکرد و دەیفەرموو: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُهَلِّلُ بِهِنَّ دُبُرَ كُلِّ صَلاَةٍ) موسلم.[٢] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دوای هەموو نوێژێك تەسبیحاتی پێدەکردن کە ئەمەیە: (لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللَّهِ لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللهُ وَلاَ نَعْبُدُ إِلاَّ إِيَّاهُ لَهُ النِّعْمَةُ وَلَهُ الْفَضْلُ وَلَهُ الثَّنَاءُ الْحَسَنُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ).[٣] واتە: هیچ خوایەکی بە هەق

---

[١] بوخاری (٨٤٤)موسلیم (٥٩٣).

[٢] موسلیم (٥٩٤)، ئەبوداوود (١٥٠٦)، نەسائی (١٣٣٩)، ئەحمەد (١٥٦٧٣)، ئیبنوخوزەیمە (٧٤٠).

[٣] موسلیم (٥٩٤)

نییه بپەرسترێت جگە لە خوای تاکوتەنها، کە هاوبەشی نییه. هەموو خاوەنێتی و دەسەڵاتێک هی ئەوەو سوپاس و ستایش هەر بۆ ئەو دەکرێت و هەر ئەو بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە. هیچ هێزو کاریگەریەکی گۆڕین بە غەیری خوای گەورەوە نابێ و ناکرێت. هیچ خوایەك نیه شایانی خوایەتی بێت جگە لە (الله) ئێمەش غەیری ئەو ناپەرستین. هەموو نازو نیعمەت و فەزڵ و چاکەیەك هەر لەوەوەیە، ستایشی جوان و پاك هەر قابیل بەوە، لَا إِلَهَ إلاَّ اللَّهُ، خواویستانە دینداریتیمان بۆ ئەوە با کافرەکانیش پێیان ناخۆش بێت.

- ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (مَنْ سَبَّحَ اللَّهَ دُبُرَ كُلِّ صَلَاةٍ ثَلَاثًا وَثَلَاثِينَ، وَحَمِدَ اللَّهَ ثَلَاثًا وَثَلَاثِينَ، وَكَبَّرَ اللَّهَ ثَلَاثًا وَثَلَاثِينَ، فَتْلِكَ تِسْعَةٌ وَتِسْعُونَ، وَقَالَ تَمَامَ الْمِائَةِ: لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، غُفِرَتْ خَطَايَاهُ وَإِنْ كَانَتْ مِثْلَ زَبَدِ الْبَحْرِ) موسلیم.[١] واتە: هەر کەسێك لە دوای نوێژە فەرزەکان سیوسێ جار بڵێت (سُبْحانَ اللّٰه) وە سیوسێ جار بڵێت (الحَمْدُ للّٰه) وە سیوسێ جار بڵێت (اللَّهُ أَكْبَر) وە لە سەرەی سەدەمیندا بڵێ: (لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ).[٢] واتە: لە هەموو گوناحەکانی دەبورێت ئەگەرچی بەقەدەر کەفی دەریاکانیش بێت.

- کەعبی کوڕی عەجرە خوا لێی ڕازی بێت لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گێڕاویەتیەوە کە فەرموویەتی: (مُعَقِّبَاتٌ لَا يَخِيبُ قَائِلُهُنَّ أَوْ فَاعِلُهُنَّ دُبُرَ كُلِّ صَلَاةٍ مَكْتُوبَةٍ: ثَلَاثٌ وَثَلَاثُونَ تَسْبِيحَةً، وَثَلَاثٌ وَثَلَاثُونَ تَحْمِيدَةً، وَأَرْبَعٌ وَثَلَاثُونَ تَكْبِيرَةً)موسلیم.[٣] واتە:

---

[١] بوخاری (٦٤٠٥)، موسلیم (٩٣٩).

[٢] نەسائی (١٣٤٠).

[٣] موسلیم (٩٣٧)، ترمذي (٣٤١٢)، نەسائی (١٣٤٩).

چەند زیکرێك هەن لە دوای هەر نوێژێکی فەرز بوترێت کە بکەرەکەیان هەرگیز نائومێد نابێت،فەرمووی سیوسێ جار هەر یەکە لە (سُبْحانَ الله) و (الحَمْدُ لله) و(اللَّهُ أَكْبَر).

- سەیدنا سەعد کوری ئەبی وەققاص خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (اللَّهُمَّ إنِّي أعُوذُ بِكَ مِنَ البُخْلِ، وَأَعوذُ بِكَ مِنَ الجُبْنِ، وَأعُوذُ بِكَ أنْ أُرَدَّ إِلَى أَرْذَلِ العُمُرِ، وَأعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الدُّنْيَا، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ القَبْرِ) بوخاری.[1] واتە: پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دوای هەموو نوێژەکان بەم زیکرانە پەنای بە خوای گەورە دەگرت: خوایە پەنا دەگرم بە تۆ لە پیسکەیی و ترسنۆکی، پەنادەگرم بە تۆ بگەمە تەمەنی پیری و پەککەوتەیی و عەقڵسووکی، پەنادەگرم بە تۆ لە ئاژاوەو فیتنەگەری و گرفتی دونیا، پەنادەگرم بە تۆ لە گرفتاری و ئەشکەنجەی ناو گۆڕ.

- موعازی کوڕی جەبەل خوا لێی ڕازی بێت دەفەرمووێ: (أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَخَذَ بِيَدِهِ وَقَالَ: يَا مُعَاذُ، وَاللَّهِ إِنِّي لَأُحِبُّكَ، وَاللَّهِ إِنِّي لَأُحِبُّكَ. فَقَالَ لَهُ مُعَاذٌ: بِأَبِي أَنْتَ وَأُمِّي يَا رَسُولَ اللَّهِ وَأَنَا أُحِبُّكَ. فَقَالَ: أُوصِيكَ يَا مُعَاذ، لَا تَدَعَنَّ فِي دُبُرِ كُلِّ صَلَاةٍ تَقُولُ: اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ، وَشُكْرِكَ، وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ). ئەبوداوود بەسەنەدی سەحیح[2] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەستی گرتم و فەرمووی: ئەرێ مەعاز بەخوا قەسەم من تۆم خۆشدەوێت.[3] وەسیەتم بێ بۆت دوای هیچ نوێژێك ئەوە فەرامۆش

---

[1] بوخاری (٦٣٧٠)، نەسائی(٣١٦)، ئەحمەد (١٨٦).

[2] ئەبوداوود (١٥٢٢)، نەسائی(١٣٠٣)، ئەحمەد (٢١٦١٣)، ئیبنوخوزەیمە (٧٢٨)، ئیبنوحیببان (٢٠٢٠). نەوەوی لە (الأذكار/ل١٠٣) دا دەفەرموێ: (إسناده صحيح)، ئیبنوحەجەر لە (بلوغ المرام/ل٩٨) دا دەفەرموێ: (إسناده قوي)، ئەلبانیش لە (صحيح أبي داود) دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[3] سەیری ئەو مەنزلەی سەیدنا مەعازی کوری جەبەل بکە! کە پێغەمبەری نازدار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەستی پیرۆزی خۆی بخاتە ناو دەستیەوە ئاواش سوێندی بۆ بخوات کە خۆشی دەوێت!! سبحان الله خۆزگە هەموو تەمەنی من ساتێك بوایە لە تەمەنی موسڵمانێتی سەیدنا موعاز خوا لێی رازی بێت. (کرێکار)

نەكەی كە بڵێت: خوایە یارمەتیم بدە لەسەر یادی خۆت، لەسەر سوپاسگوزاریی بۆ خۆت، لەسەر سەر ڕاستی و پاك پەرستنی خۆت.

- ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (إِذَا تَشَهَّدَ أَحَدُكُمْ فَلْيَسْتَعِذْ بِاللَّهِ مِنْ أَرْبَعٍ، يَقُولُ: اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ جَهَنَّمَ، وَمِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ، وَمِنْ شَرِّ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ) موسلم.[١] واتە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: هەر كەسێكتان تەحیاتی خوێند با پەنابگرێت بە خوای گەورە لە چوار شت. بڵێت: خوایە پەنادەگرم بە تۆ لە ئازارو ژانی دۆزەخ، لە سزاو ئەشكەنجەی ناوگۆڕ، ژان و ناسۆرو كارەساتی مردن و ژیان، لە خراپەكاری و لادانی جاڵ (دەجال: ڕسواو ساختەچی كە یەكێكە لە نیشانە گەورەكانی قیامەت).

- خاتوو جویەیرییەی كچی حارس دایكی موسوڵمانان خوا لێی رازی بێت خێزانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگێڕێتەوە: (أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خَرَجَ مِنْ عِنْدِهَا بُكْرَةً حِينَ صَلَّى الصُّبْحَ، وَهِيَ فِي مَسْجِدِهَا، ثُمَّ رَجَعَ بَعْدَ أَنْ أَضْحَى، وَهِيَ جَالِسَةٌ، فَقَالَ: (مَا زِلْتِ عَلَى الْحَالِ الَّتِي فَارَقْتُكِ عَلَيْهَا؟) قَالَتْ: نَعَمْ، قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (لَقَدْ قُلْتُ بَعْدَكِ أَرْبَعَ كَلِمَاتٍ، ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، لَوْ وُزِنَتْ بِمَا قُلْتِ مُنْذُ الْيَوْمِ لَوَزَنَتْهُنَّ: سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ، عَدَدَ خَلْقِهِ وَرِضَا نَفْسِهِ وَزِنَةَ عَرْشِهِ وَمِدَادَ كَلِمَاتِهِ) موسلیم[٢] واتە: بەیانیەك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەشریفی بردە مزگەوتەكەو نوێژی بەیانی كرد. پاش ئەوەی نوێژی زوحاشی كرد. تەشریفی هێنایە ماڵەوە. خاتوجوەیرییەی خێزانی دانیشتبوو

[١] موسلیم (٥٩٠)

[٢] موسلیم (٢١٤٠)، ئەبوداوود (١٥٠٣)، نەسائی (٩٩٨٩)، بوخاری لە الأدب المفرد(٦٤٧)، ئەحمەد (٢٥٨/١).

فەرمووی ئەوە لەو کاتەوەی کە بەجێم هێشتویت هەروا دانیشتویت؟ عەرزیکرد بەڵێ: ئینجا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: دوای تۆ چوار ووشەم سێجار ووتەوە کە ئەگەر بکێشرایە لە هەموو ئەوانەی ئەمڕۆ وتومن قورستر دەبوو، کە ئەمانەن: (سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ، عَدَدَ خَلْقِهِ وَرِضَا نَفْسِهِ وَزِنَةَ عَرْشِهِ وَمِدَادَ كَلِمَاتِهِ). پاکیی و بێگەردی بۆ خوای گەورەیەو هەر ئەو سوپاسدەکرێت، سوپاس بۆ خوای گەورە بە قەدەر ژمارەی مەخلوقاتەکانی. بەقەدەر ڕەزامەندی خۆی. بە قەدەر قورسایی عەرش. بەقەدەر مەودای فەرمایشتەکانی خۆی.

**<u>تێبینی</u>:** هەر کەسێك وویستی شارەزای ئەحکامە تەفسیلیەکانی شەرع بێت و بیزانێت کە حوکمیان لەسەر ڕوداوو ڕەفتارەکان چۆنە هەر دەبێت سەرچاوە شەرعیەکانی (فقه) بخوێنێتەوە، کە نەوەکانی دواییی ئوممەت لەسەر ئەوە کۆکن. مەگەر کەسانێك کە زۆر لا ناکرێت بە لای بۆچوونەکانیانەوە، هەموویان لەسەر ئەوەن کە هەر چوار مەزهەبە فیقهیەکە دروستن و قبوڵن. هەر کەسێك بە هەر کامیانەوە پابەند بێت لەسەر دیدو ڕێیەکی پاك و چاکە، هەرکەسێکیش فەتوای بە پێی ئەو چوار مەزهەبە دا قبوڵەو خێرو چاکەیە..با هەموشیان لە راو بۆچووندا نامۆ بێت کە کۆڕا (ئیجماع)ی ئوممەت دەر دەچێت چونکە ئەوە گومڕاییە.[1]

---

[1] ڕەحمەتی خوا لە نوسەری گەورەی ڕەحمەتی، ئەگەر لەگەڵ ئەو هاندانەدا لەسەر پابەندبوون بەو چوار مەزهەبەوە، مەزهەبی تری ئیمامە بەرێزەکانی ئەهلی سوننە و جەماعەتی باسبکردایە وەکو مەزهەبی زاهیری ئیمام ئەبوحەزم و ئەوزاعی و لەیس و ئیسحاق... وئەوانی تر چاکتر دەبوو، هەروەها ئەگەر هاندانەکەی لەسەر گەڕانیش بوایە بە دوای بەڵگەی بۆچوونی مەزهەبەکە حەتمەن چاکتر دەی پێکا، ئاڕاستەکەشی پەسەندتر دەبوو. چونکە ناشێت ڕای ئیمامی مەزهەب بێت پێچەوانەی فەرموودەیەکی ڕاست بوەستێتەوە و وەربگیرێت، کە دەشێت ئەو فەرموودەیە بەو ئیمامە بەرێزانە نەگەیشتبێت، گرنگ شوێنکەوتنی بەڵگەی قورئان و سوننەت و کۆڕایە بۆ کەسانێك کە توانایان هەبێت بیانگەنێ وَاللَّهُ أَعْلَمُ.

# ڕوکنی سێیەم

# ﴿زەكات﴾

## برگەی یەكەم

### سەرنجێكی گشتی لە زەكات:

#### خاڵی یەكەم: زەمینەی زەكات و زەكاتدان:

بناغەی سەرەكی سیستمی دارایی لە ئیسلامدا زەكاتە، كە وەكو بڕبڕەی پشتێتی، چونكە هەر لە سەرەتاوە سیستمی دارایی لە ئیسلامدا لەسەر زەمینەی ئیعتراف كردنە بەوەی كە خوای گەورە خاوەنی ئەسڵێتی هەموو شتێكە، ئەمەش یەعنی دان بە وەدانان و تەسلیم بوون بەوەی كە تەنها خوای گەورە مافی ڕێكخستنی موڵكایەتی و دارایی خەڵكی هەیە بە داڕشتنی ئەحكامەكانی ماف و ئەرك و دەسەڵات (تاك و كۆو كۆمەڵگەو دەوڵەت)ی مرۆڤ..زەكات نیشانەی ئەم تەسلیم بوون و گوزارشتی كردەوەیی ئەم ئیعتراف كردنەیە.

چونکە زەکات گرنگترین مافی داراییە کە خوای گەورە لە سامان و موڵکدا دیاری کردووە، زەکات گشتگیرە لە بەخشینی پشکە ساڵانەکەی سامان، هەروەکو کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێ: (أَنَّ فِي الْمَالِ حَقًّا سِوَى الزَّكَاةِ).[١] واتە: لە ساماندا جگە لە زەکات بەشی تریش هەیە کە بەخشینی فەرزە. لەبەر ئەمەیە کە زەکاتدان بەڵگەی تەسلیم بوونە بە خوای گەورەو قبوڵکردنی شەریعەتەکەیەتی، بەخشینیش نیشانەی سەلماندنی دینداریتیە وەکو دەفەرمووێ: (وَالصَّدَقَةُ بُرْهَانٌ).[٢]

لەدیراسەکردنی زەکاتەوە دیدو هەڵوێستی زۆری ئیسلام لە مەسەلەی سەرمایە گوزاریدا ڕوون دەبێتەوە:

## لەو دیدو هەڵوێستانە:

١- گەنجینە کردنی سامان و کەڵەکە کردنی موڵك لە دیدو تێڕوانینی ئیسلامەوە ڕەفتارێکی پەسەند نییە و ناشێت خەڵکی هەر سامان سەریەك نێن و دڵیان بە زۆرکردنی موڵکایەتیەکە -بێ ئەوەی بیخەنەوە کار- خۆش بێت. چونکە لە دیدو ڕوانگەی ئیسلامەوە

---

[١] نووسەری ڕەحمەتی نوسیوویتی: ترمذي و ئیبنوماجە بەڵام لاوازییەک لە سەنەدەکەیدا هەیە. بەڵێ وایە: ترمذي (٦٥٩)، ئیبنوماجە (١٧٨٩)، بەیهیقی (٧٠٧٣)، داریمی (١٦٣٧). شێخی ئەلبانی رحمەاللە لە (سلسلة الأحاديث الضعيفة/٤٣٨٣)دا هێناویتیەوەو دەفەرموێ زەعیفە.

[٢] نووسەری ڕەحمەتی هەر ئەوەندەی لە فەرموودەکە هێناوەتەوەو نوسیوێتی: (طەبەرانی بە سەنەدێکی باش. ڕاستە طەبەرانی لە (المعجم الكبير/٣٤٢٣)دا هێناویتیەوە. بەڵام وا لە: موسلیم (٢٢٣)، نەسائی (٢٤٣٧)، ئیبنوماجە (٢٨٠)، ئەحمەد (٢٢٣٩٥). هەموو فەرموودکەش ئاوایە: (عَنْ أَبِي مَالِكٍ الْأَشْعَرِيِّ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الطُّهُورُ شَطْرُ الْإِيمَانِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ تَمْلَأُ الْمِيزَانَ وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ تَمْلَآنِ أَوْ تَمْلَأُ مَا بَيْنَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالصَّلَاةُ نُورٌ وَالصَّدَقَةُ بُرْهَانٌ وَالصَّبْرُ ضِيَاءٌ وَالْقُرْآنُ حُجَّةٌ لَكَ أَوْ عَلَيْكَ كُلُّ النَّاسِ يَغْدُو فَبَايِعٌ نَفْسَهُ فَمُعْتِقُهَا أَوْ مُوبِقُهَا).

سامان و ماڵ دەبێت بخرێنە گەڕو نەوەستێت، ناشێت لای كەس گیر بخوات. زەكاتیش ڕێكخستنی یاساو ڕێسای ئەم بەگەڕ خستنەی سامانە. هەر كەسێك سەروەت و سامانی خۆی گەنج (زەخیرە) بكات و نە بەكاری بهێنێت و نەیخاتەوە كار دەبێت ساڵانە تەنازول لە ڕێژەیەكی بكات، تاوای لێ دێت ساڵ بە ساڵ ئەوەندە كەم دەكات، پشكە زەكاتی تێدا نامێنێت چونكە لە ڕادەی (نصاب) كەمتر دەبێتەوە..

بۆ نموونە كابرایەك ملیۆنەهای هەیەو داناوە، نە بۆ خۆی و كەس و كاری خەرج دەكات و نە دەشیخاتە گەڕ. ئەمە دەبێت هەموو ساڵێك ڕێژەی (٢. ٥%) ی لێ دەربكات، كەوابوو دوای چەندین ساڵ سەروەت و سامانەكەی لە دەست دەبێتەوە تەنها ئەوەندەی لێ دەمێنێتەوە كە زەكاتی لێ ناكەوێت..ئەمەش خاوەنەكەی ناچار دەكات خەرجی بكات (كە دەكەوێتەوە دەست خەڵكی كڕیارو فرۆشیار) یان دەبێت بیخاتەگەڕ (بەوەش بێكارەكان دەكەونە سەركار). [١] ئاوا دەبینیت سیستمی زەكات و زەكاتدان ناهێڵن سەرمایە بوەستێت و لە قوژبنێكی شاراوەدا حەشار درابێت، بەڵكو دەبێت ببێتە مەكینەی هەڵسوڕاندنی بازاڕ، هەموو ئەمەش بە ئاڕاستەی دیندارێتی دێتە دی، ئەگەر نا بەهێزی دەسەڵاتی دەوڵەت كە قووچەكی دەڕوانێتە خەزێنەی هەمووان و دەزانێت خەڵكی چەندیان

---

[١] وارن بافت ملیاردێرێكی ئەمریكاییە لە ٢٠٠٨دا ٤٠ ملیار دۆلاری هەبوو. ئەمە ئەگەر زەكاتەكەی بدایا ساڵی یەكەم دەبوو ملیارێك دۆلار بدات. لە ٢٠١٤دا سامانەكەی گەیشتە ٦٥.٦ ملیار دۆلار.. لەدایكبووی ١٩٣٠ ە و ئەوە ماوەی ٣٠ ساڵە لە هەمان خانوودا دەژی كە پێشتر تێیدا ژیاوە! كە نرخەكەی ٣١ هەزار دۆلارە. ١٥ كۆمپانیای هەیە لەوانە كۆمپانیای دروستكردنی سەیارە. بەڵام سەیر ئەوەیە كە بە تاوقی تەنیا دەژی، مۆبایل و لاپتۆپی نییە، دەڵێ شەوان بەدەم سەیری ئەفلام كارتۆنەوە گەنمەشامی دەخۆم !ئەمە ئەگەر پارەكەی لە جیاتی ئەوەی لە بانكدا بێت بخرایاتە وەبەرهەمهێنانەوە هەزاران بێكارە سوودیان لێ دەبینی. بەڵام سیستمی سەرمایەداریی وایە ڕێدەدات كە سامانەكە هەر لە بانكدا بێت و بە سووەكەش كە دەخرێتە سەری هەر زیاد دەكات ! لە ٢٠٠٨ جەلال طاڵەبانی ووتی: تەنها لە سلێمانی ١٦ ملیاردێرو ٣٠٠ ملیۆنێر هەیە! ئێ ئەمە جگە لەوەی نازانرێت چۆن پەیدابوون! بەڵام خۆ پارەكەیان لە بانكەكانی رۆژئاوادایە، نەك لە خزمەت كوردە نان دزراوەكەدا..

هەیە..ئەمەش کە لە ئایەتی گەنجینە کردنەکە ڕوون دەبێتەوە کە دەفەرمووێت: (وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ) التوبة/٣٤ واتە: ئەمما ئەو کەسانەی کە هەر زێڕو زیوو گەنج دەکەن و سەریەکی دەنێن بۆ ئەوەی لە پێناوی خوادا خەرجی بکەن، هۆشداریان بدەرێ کە سزایەکی زۆر بە ژانیان دەبێت..هەر سامانێك زەکاتی لێ بدرێت لەم هەڕەشەیە، دەردەچێت و مانای (کەنز) نایگرێتەوە، واتە گەنجینەکردن، لە فەرموودەشدا هاتووە:(مَا أُدِّيَتْ زَكَاتَهُ فَلَيْسَ بِكَنْزٍ).[١] واتە: هەر سامانێکت کە زەکاتی لێ دەدەیت بە گەنجینە کردن حسێب ناکرێت. چونکە گەنجینە کردن و زەکاتدان پێکەوە ناگونجێن. لەمەوە هەڵەی ئەو کەسانە ڕوون دەبێتەوە کە وادەزانن ئیسلام ناهێڵێت خەڵکی دەوڵەمەند بێن سامان کۆ بکەنەوە، گوایە مانای ئەو ئایەتە پیرۆزە گشتیەو ئەوە دەگەێنێت بەڵام لە بە دواوادا چوونی تەفسیری ئەو ئایەتەو ئەحکامی سامان و واقیعی یاوەراندا لاسەنگی ئەو دیدو بۆچوونەت بۆ دەردەکەوێت.[٢]

---

[١] نووسەری ڕەحمەتی نوسیوێتی: (حاکم ڕیوایەتی کردووەو بە سەحیحی داناوە، ئیمامی ذهەبیش لایەنگیری کردووە، هەروەها دارەقوطنی و بەیهیقی و ئەبوداوود گێڕاویانەتەوە). ئەوەی بەو لەفزەیە فەرموودەوانان فەرموویانە فەرموودە نیە. قەولێکی ئیبنوعومەرە خوا لێیان ڕازی بێت کە چەندین ڕیاوایەتی جۆراوجۆری هەیە. ئیمامی مالیک لە (الموطأ/٥٩٥)دا دەگێڕێتەوە کە عبدالله ی کوڕی دینار دەفەرمویٚ: گوێم لێبوو دەربارەی گەنجینەکردنی سامان (كنز) لە ئیبنوعومەریان پرسی فەرمووی: (هُوَ الْمَالُ الَّذِي لَا تُؤَدَّى مِنْهُ الزَّكَاةُ). ئەوەی لای بەیهیقی (٧٣٧٣) بە لەفزی: (مَا بَلَغَ أَنْ تُؤَدَّى زَكَاتُهُ فَزُكِّيَ فَلَيْسَ بِكَنْزٍ)، ئەوەی لای ئەبوداوود (١٥٦٤)یشە کە لە خاتوو ئوم سەلەمەوە خوا لێی ڕازی بێت گێڕراوەتەوە، هەر ئاوایە. شێخی ئەلبانی رحمەالله لە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة/ ٥٥٩)دا بە حەسەنی داناوە. لە سەحیحی بوخاریشدا بابێک هەیە بە ناوی: (**باب ما أدِّي زكاته فليس بكنز**).

[٢] ئەوەندە بەسە بزانین کە هەر دە یاوەرە مژدە پێدراوەکە بە بەهەشت -جگە لە سەیدنا عەلی خوا لێیان ڕازی بێت- دەوڵەمەند بوون.

چونکە ئیسلام نایەوێت خەڵکی هەژار بن، با دەوڵەمەند بن بەڵام زەکات بدەن، چونکە زەکاتدانی بەردەوام ناهێڵێت سەروەت و سامان لای کەسێك کەڵەکە ببێت و هەژارو کاسبکارو بازاڕیشی لێ مەحرووم ببێت. کەوابوو زەکاتدان لە هیچ حاڵەتێکدا ناهێڵێت سەروەت و سامان لە جێیەکدا گیر بخوات، ئەو کاتە خودی کۆمپانیاکانی -کە ئامێری بەرهەمهێنان- زەکاتیان لەسەر نابێت، زەکاتەکە لەسەر بەرهەمەکە دەبێت (وەکو زەکات دانی سەیارەو خانووی کرێ و ئامێرەکانی بەرهەم هێنان).

٢- خوودی سەرمایە مافی ئەوەی نییە قازانج بکات (لە ئیسلامدا پارە پارە ناهێنێت، پارە بە گەڕ خستن قازانج دەهێنێت بۆیە سوو حەرامە). مادەم سەرمایەیەو دانراوە، خەڵکی نەدار مافیان تێدا هەیە. ئەمما ئەگەر خاوەن سەرمایەکە ئامادە بوو خەڵکانی تر لە سەرمایەگوزارییەکەیدا بەشدار بکات. وەکو کۆمپانیایی موزارەبە -ئەوە جائیزە بە مەرجێك بەرپرسێتی هەموو زیان لێکەوتنەکە بکەوێتەسەر ئەو. کەوابوو سەرمایە لە خۆیەوە قازانج ناکات، دەبێت بەرامبەر بەگەڕخستنێکیدا قازانج بکات. ئەمە خاڵێکی سەرەکی و سەرەتایی گرنگی نێوان دیدو پێناسەی سەرمایەداریی و کۆمۆنیستی بەلایەکەوەو لە بەرامبەریاندا دیدو پێناسەی ئیسلام بۆ ماڵ و سامان و سەرمایەگوزاری..

دیدو تێڕوانینی سەرمایەداری ئەوەیە کە هەمیشە دەبێت سەرمایە قازانج بکات، با نەشخرابێتە گەڕ!لەم ڕوانگەوەیە کەسوو (ڕیبا)یان کردە تەوەری مامەڵەکردنیان، کە خاوەنی ماڵ و سامان هەمیشە لە قازانج کردندایە، ئەوە خۆی مایەیی زیاد بوونی بەردەوامی سەرمایەیە، لە لایەکی تریشەوە سەرمایە باجی لەسەر نییە.[1]

---

[1] ئەمساڵ (٢٠١٤) ڕۆژنامەکانی نەرویج نوسیوویانە کە ١٨٩ ملیاردێر لە نەرویج هەیە. نەرویجیش ٥ ملیۆن کەس دانیشتوانێتی. ئەم ملیاردێرانە باج تەنها لە قازانجی سەرمایەکانیان دەدەنە حکومەت.. لە ئیسلامدا دەبێت لە سەرمایەو قازانجیان بیدەن. جا بزانە چۆن ئیسلام ناهێڵێت پارە لە شوێنێک یان لای کەسانێک گیربخوات!

دیدو تێڕوانین و پێناسەی کۆمۆنیستیش بە پێچەوانەوە، دەشێ هەبوو سەرمایە بە دەست هەر کەسێکەوە بێت دەبێتە مایەی ئیستغلال کردنی خەڵکی، بۆیە نابێت کەس دەوڵەمەند بێت. کۆمۆنیزم دەڵێت سەرمایەداران لەسەر ڕەنجی کرێکاران دەژین و بە ڕەنجی ئەوان کە کەمتر لە مافی خۆیان وەردەگرن سەرمایەی سەرمایەداران هەر لە زیاد بووندا دەبێت. مارکس دەڵێ: ئەو کرێکارەی لای پارەدارێك کار دەکات، ڕەنج زیاتر دەدات و ئەو پارەیەی وەری دەگرێت لە بەرهەمی ڕەنجی خۆی کەمترە..زیادەی بەرهەم ڕەنجەکەی دەچێتە سەر سەرمایەی پارەدارە خاوەن ئیشەکە، ئاوا سەرمایەداران ڕەنجی هەزارەها کرێکار دەدزن، ئامێری دزی و ڕووتانەوەکەش کە بەدەستیانەوەیە سەرمایەکەیانە..

بەڵام ئیسلام نەوەکو سەرمایەدارەکە سەرمایە بکاتە موڵکی دەست لێ نەدراوو، نەوەکو کۆمۆنیزمیشە کە نەهێڵێت خەڵکی چێژ لە دەوڵەمەندی خۆیان بکەن. ئیسلام لە هەموو لایەکەوە بە سیستمە جیاوازەکانی ئاڕاستەی تاك و کۆی کۆمەڵگەو دەوڵەتەکەی پارسەنگی ئەوان ڕادەگرێت، بە شێوەیەکیشە لەو دادپەروەرترو پارسەنگانەتر نابینرێت:

- سەرمایە کاتێك دەبێت قازانج بکات کە بەرپرسێتی زیانیشی بکەوێتە ئەستۆ.

- خاوەن سامانی سەرمایە کاتێك قازانج دەکات کە سامانەکەی دەخاتە گەڕو قبوڵی دەبێت زیان بگرێتە ئەستۆ.

- خاوەن سامانی سەرمایەیی بەگەڕخراو ساڵانە زەکات دەدات. زەکاتەکە هەر لە قازانجەکەی نییە، بەڵکو لە سەرمایەو لە قازانجەکەشە، ڕێژەی زەکاتەکەشی کە دەکاتە (٢. ٥٪) نەگۆڕەو لە سەر هەموو خاوەن سامانێکە. بۆیە لێرەدا قازانجی بەگەڕ خستنی سامانەکە هەمووی ناگرێتەوە بۆ سەرمایەدارەکە. وەکو مارکس دەڵێ: بڕێکی کەم دێتەوە بۆ ئەم..چونکە پشکەکانی تر بە هۆی دابەشکردنی زەکاتەکەوە دەگەنە هەشت پۆل

خەڵکیتر کە شایانی زەکات وەرگرتنن. بەمەش ئۆباڵگیری کۆمەڵایەتی (الضمان الإجتماعی) دەکەوێتە سەر شانی هەموو بە تواناکانی کۆمەڵگە کە هەریەکەیان پشکە زەکاتی خۆی دەدات و بە هەمووان ئاستی بژێوی هەژاران بەرز دەکەنەوە.. ئەمە جگە لەوەی لە ئیسلامدا کرێکارەکە هەموو مافەکانی خۆی وەردەگرێت، وەکو دواتر ڕوونی دەکەینەوە إِنْ شَاءَ اللَّه.

کۆمۆنیستەکان هەر لە سەرەتاوە هەموو ژیانێکی ئابووری و داراییان لە ڕوانگەی زێدەبایی (فضل القیمة)وە ڕێك خست.

هەر لە یەکەم هەنگاوی ئیدارەی دەوڵەتەوە ئەوەیان ڕاگەیاند کە بۆ ئەوەی دادی کۆمەڵایەتی و یەکسانی بێتە دی و بۆ ئەوەی سەرمایەداران بە پارەو سامانیان کرێکارو نەداران ئیستغلال نەکەن، دەوڵەت هەموو سەروەت و سامان و کۆمپانیاو ئامێرەکانی بەرهەمهێنان دەگرێتە دەست خۆی و ناهێڵێت غەیری دەوڵەت خاوەن نفوزی دارایی و دەسەڵاتی ئابووری ببێت..

لە هەمان کاتیشدا لەو ڕێسایەوە کە (ئەوی کار ناکات ناخوات) ووتیان چونکە دەوڵەتیش (کار بە دەستانی دەوڵەت) کار ناکەن شایانی سامان وەرگرتن نین، بۆیە نابێت دەوڵەت بمێنێت، بەڵام لە سەرەتادا بۆ ڕێکخستنی خەڵك و بەرهەم پێویستە، تاوای لێدێت هەر کەس بە قەدەر پێداویستی خۆی وەردەگرێت، ئیتر دەوڵەتیش ئیلغا دەبێتەوە چونکە هەموو خەڵکەکە کار دەکەن و هەمووشیان بە گوێرەی کارەکانیان ئەوەندە وەردەگرن کە پێداویستیان پڕ دەبێتەوە، ئیتر کەس پێداویستی بە زیادە نابێت تا سەرمایەگوزاری بکات و خۆ دەوڵەمەند بکات..

کۆمۆنیستەکان ئەم جیهانە (خەیاڵییە)یان کردە ئەو واقیعە نموونەییەی هەوڵی بۆ دەدەن و دەڵێن دادپەروەری نموونەییە.

هەر لە سەرنجدانی سەرەتاییەوە -جگە لە توێژینەوەی مێژووەکەی- بۆت دەردەکەوێت ئەمە خەیاڵپڵاو و قسەی لامسەرلای ناواقیعیە! چ کەسێکی خاوەن هزرو ژیری لە کات و شوێنێکی ئەم دنیایەدا تەسەور دەکات کۆمەڵگەیەك بێ (حکومەت) بڕوات بەڕێوە؟! ڕەفتارو مامەڵەو پەیوەندیە ناوەکی و دەرەکیەکانی ئەم کۆمەڵگە خەیاڵیە چۆن دادەمەزرێت؟!ئەو دەزگا زەبەلاحانەی بەرپرسێتی ئاراستەی کۆمەڵگەیان لە سەر شان دەبێت (بەرگری، ئەمنی، دارایی گشتی، نەخشەسازی، چاودێری... هتد) چۆن دادەمەزرێن و چۆن بەڕێوە دەچن؟!کێ دادی گشتی و ئەمانی هەمووان دابین دەکات؟!ئەوانە هەروا بە خەیاڵ و (خەونی حوشتری) دەڵێن چونکە ژیان ئاوا دەستی پێکردووە کە دەسەڵات نەبووەو هەر کەس بەشی خۆی پەیدا کردووە، پێویستە خەباتەکانی قۆناغی چینایەتی کۆمۆنیستانیش (لە شوانکاری و چاندن و دەرەبەگی و سەرمایەداریی و سۆشیالیستیەوە) بگاتە کۆمۆنیزم کە کۆتایی خەباتە![1] کۆمۆنیستەکان لە سەرهەڵدانی دیدو بزاوتەکەیانەوە نەیانهێشت کەسێك بپرسێت: باشە تاچ ڕادەیەك ئەم قۆناغکارییەتان ڕاستە؟ کێ دەڵێ کۆمۆنیزمی یەکەم وابووە؟ ئەدی بۆچی شکستی هێناو نەما؟ ئەگەر ئەمە دادپەروەری و تەواوە کە هەموو کەسێك بە قەدەر پێداویستی خۆی وەربگرێت و نان و ئاوو جنس بۆ هەمووان بێت، ئەدی بۆچی ئەو قۆناغە (نموونەیی)یەی سەرەتای مرۆڤایەتی گۆڕاو نەما؟!.

[1] سەیر ئەوەیە کە ئەو "شارستانێتی"یەی لەسەر ئەم دیدە خەیاڵپڵاوە دامەزرا کە حوکمی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەتبوو، کورترین تەمەنی شارستانێتی بوو! (١٩١٧-١٩٨٩) لە کاتێکدا نیوەی سەرزەمینی گرتبۆوە. کەچی ئەوەی بە ٧٢ ساڵ بیناکرابوو بە ٧٢ ڕۆژ داڕماو ناوی کۆمۆنیستییەکە هەر نەما! مەگەر لە ناو گەلانێکی وەکو کوردو بەلووچ و تامیلی سریلانکاو ئەوانەی ئەمریکای لاتینی!

ئەو زێدەباییەی (كارل ماركس) لە دژیدا وەستایەوەو دەیووت دزینی ڕەنجی كرێكارانەو زیادەیەكە دەچێتە گیرفانی سەرمایەدارانەوە، دواتر دەركەوت ئیستیغلال كردنی زیاتر لە سۆڤییەت و وولاتە كۆمۆنیستەكان ڕوویدا كە ڕەنجی كرێكارانەو هەموو گەل چەندین بەرامبەر زیادی كردو زێدەبایەكەش دەچووە گیرفانی سەرانی حیزبی كۆمۆنیستی دەسەلاتدارانەوە!ڕاستەوخۆ یان لاوەكی لە ڕێگای خەزێنەی دەوڵەتە پرۆلیتارەكەوە كرێكارو جوتیارو چینە چەوساوەكانی پێشوو زیاتر پلیشانەوە!ئەو جیهان و ژیان و كۆمەڵگە بێ دەوڵەتەی كۆمۆنیستەكان وەكو مژدەی ئازادی و گرنگی دادپەروەری بە گوێی جیهانیاندا دەدا هەر لە دایك نەبوو!لەو شوێنانەی ووتیان لە دایك بووە، هەر مەلۆتكەیەكی عاجباتی بوو لە هیچ مەخلووقێك نەدەچوو!هەموو زوڵم و ئیستیغلالیەكەی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداریی پێشووی بە ناوی نوێوە دارِشتەوە و دیكتاتۆرێتی حیزبیشی هاتە سەر (مەیموون خۆی جوان نەبوو ئاوڵەشی دەركرد)!

سەیر ئەوەیە كە ئێستا واحەفتا ساڵە كۆمۆنیزم لە یەكێتی سۆڤییەت لەسەر حوكمە[١] هێشتا هیچ هەنگاوێك بەرەو ئەو قۆناغە خەیاڵاوییە نە ناسراوە دەزگاكانی حیزب و دەوڵەت توندترو سەختتر داكوتراون كە ئومێدی گۆڕینیان نەماوە!

ئێمە لە قەناعەتی بێ سنوورمانەوەیە كە دەڵێین ئیسلام چارەسەری سەرەتاو كۆتاییە، چونكە دادپەروەرییەكی بێ وێنەیە..لە كتێبی (من أجل خطوة إلى لأمام)دا زیاتر ئەم موناقەشەمان لەگەڵ كۆمۆنیستەكاندا كردووە بگەڕێنەوە سەر ئەو.

---

[١] نووسەری ڕەحمەتی ئەم كتێبەی لە سەرەتای ساڵانی هەشتاكانی سەدەی رابوردوودا بە چاپ گەیاند (كە دیارە پێشتر نوسیوێتی، بە بەڵگەی ئەوەی هیچ ئاماژەیەكی تێدا نییە بۆ داگیركردنی ئەفغانستان لە لەلایەن سۆڤیەتەوە كە لە ساڵی ١٩٧٩ دا بوو. لە ساڵی ١٩٨٩دا (مێخائیل گۆرباچۆف)ی سەرۆكی ئەو كاتەی سۆڤیەت -كە باوەڕی بە دیدو رێی كۆمۆنیستی نەما، یان كەمبۆوە- پرۆژەی (پیرۆسترایكاو گلاسنۆست)ی دا بە حزب و دەزگاو گەلانی سۆڤیەت بۆ چاكسازیی لە ئیدارەی دەوڵەتدا. سەرەنجامی ئەمەش هەڵوەشانەوەی یەكێتی سۆڤیەتی لێكەوتەوە.

## خاڵی دووەم: زەکات نە باجدانەو نە خێرکردنە:

هەندێ کەس بەردەوام هەوڵ دەدەن کە زەکات وابناسێنن گوایە باجێکەو حکومەتی ئیسلامی هەروەکو باجیتر لەسەر خەڵکی فەرز دەکات، لە بەرامبەریاندا هەندێ کەسی تر وادەزانێت زەکات پیاوەتی کردن و خێر کردنە بە خەڵکی و پەیوەندی بە دەوڵەت و حوکومەت و دەسەڵاتدارانەوە نیە..ئەم دوو بۆچوونە هەردووکیان چەوت و هەڵەن، هەڵەیەکی زەقیش.. کە دید ڕوونانە سەرنج دەدەینە زەکات و زەکاتدان زۆر حەقیقەتان بۆ

دەردەکەوێت کە ئەو دوو بۆچوونە دەخەنە لاوە کە ئێستا لێرەدا إِنْ شَاءَ اللَّه هەندێك حەقیقەت لەوانە دەخەینە ڕوو:

١- ئەگەر زەکات وادابنرێت کە باجێکەو دەوڵەتێکی دادپەروەرو خەمخۆری کۆمەڵگاکەی لە دەوڵەمەنەکانی وەردەگرێت و دەیکاتەوە بە بەشێك لە بوجەی دەوڵەت و لە پرۆژە گشتیە خزمەتگوزاریەکاندا خەرجی دەکات.

ئەگەر زەکات وادابنرێت کە ئەوەیە، بۆیە ئەوە هەڵەیە -چونکە زەکات شتێکی ترە - زەکات مافی کۆمەڵێك خەڵکی نەدارەو کە پۆلەکانیان ناسراون و سامانەکەش کە بۆیان لە دەوڵەمەندەکان وەردەگیرێت و ڕێژەی تایبەت و دیاریکراوە ئەوەش دیاریکراوە کە چەندەو لە کێ وەردەگیرێت؟!کەوابو زەکات ماف و صەلاحەتی دەوڵەت نییە. زەکاتدان ئەرکی خاوەن سامانەکانەو مافی موستەحەققەکانە کە لەم ڕووکنەدا باسێکی کورتیان دێت..کەوابوو زەکات دان دەوڵەت و دەسەلاتداری موستەحەققانە هەبێت یان نەبێت زەکات ڕووکنێکی دینی و تاك و کۆی ئوممەتەو هەر بەردەوام دەبێت.

٢- دەوڵەتی موسوڵمان بەرپرسە لە چاودێری کردنی زەکاتدان و گەیشتنی بە موستەحەققان، بگرە دەوڵەت بەرپرسە لە چەسپاندنی ئەم مافەی هەژاران و ئەرکی دەوڵەمەندان و دەسەلاتی کار بەدەستانی. قورئانی پیرۆز گەیاندنی ئەم پشکە سامانانە بە موستەحەققانی بە ئەرکی سەرشانی دەسەلاتدارانی سیاسی و ئەهلی تەمکین دادەنێت کە دەفەرموویت: (الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ) الحج/٤١ واتە: ئەو کەسانەی تەمکینیان پێدراون و لەسەر زەمیندا دەسەلاتدارمان کردوون ئەرکیانە کە نوێژەکانیان پیادە بکەن و زەکات بدەن و (وەریگرن و بیگەیێنن) وە فەرمان بە چاکە بکەن و بەرهەڵستی لە خراپە بکەن، سەرئەنجامی کارو باشی بۆ خوای گەورە دەگەڕێتەوە.

لەم ڕوانگەوە، لە بارودۆخی ئاسایی و ئەمانی دەوڵەتی ئیسلامیدا، دەبێت دەزگایەکی سەربەخۆیی زەکات هەبێت کە سەرپەرشتی کۆکردنەوەو دابەشکردنەوەی زەکات دەگرێتە دەست. کە ئەرك و مەسروفی کارمەندانی ئەم دەزگایە -واتە موچەیان- هەر لەسەر زەکاتەکە دەبێت، بەڵام مەسروفی خانوو پێداویستی ماڵەکانیان لەسەر خەزێنەی دەوڵەت (بەیتوالمال) دەبێت.

لایەنێکی تری گرنگیش ماوە: سەیدنا عوسمان خوا لێی ڕازی بێت لەسەر ئەنجامی بەرفراوان بوونی دەسەڵات و دەوڵەت و زۆربوونی ئوممەت و بەرفراوان بوونی ڕۆزی و ئەمانی کەسابەتکاری، دەوڵەمەندیش زۆر بوو. خەڵکانێکی زۆر بوونە خاوەن زێڕو زیووی دانراو، بۆیە فەرمانی دەرکرد کە ئەو کەسانەی زەکاتی زێڕو زیوی خۆیان کە دەدەن، هەر خۆشیان بیگەێننەوە بە موستەحەققانی..دەشێت تێڕوانینێکی نوێ بۆ ئەمە بکرێتەوە. تا بزانرێت: ئایا لەم سەردەمەشدا واچاکترە زەکاتی زێڕو زیو بدرێت؟

من پێم وایە: بەرفراوان بوون و گشتگیری و ئاڵۆزی لایەنی ئابووری لەم سەردەمەدا زەروورەتی هەبوونی سەرمایەو بوجەی تەواو بۆ دەزگاکانی دەوڵەت و زۆر بوونی لق و پۆلی چۆنێتی زەکات وەرگرتن و چۆنێتی گەیاندنەوەی بە موستەحەققانی وا دەخوازرێت یاساو ڕێسای ئەم مەسەلەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەحکامەکانی زەکات لە سەردەمی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و دوو خەلیفەی ڕاشیدینی پێشتر سەیدنا ئەبوبەکرو سەیدنا عومەر خوا لێیان ڕازی بێت، کە بریتیە لەوەی دەوڵەت دەبێت بەو کارە هەڵسێت، واتە: کار بەدەستانی دەوڵەت زەکات -زەکاتی هەموو زەکات لێدراوێك – کۆ دەکەنەوەو دەزگای سەربەخۆی زەکات دەگەڕێنێتەوە دەوڵەت ئاگای لە هەمووی دەبێت..چونکە هەموو وا دەزانێت خەڵکانێکی زۆر هەن کە زەکاتەکەیان لێ نەسێنرێت نایدەن، یان سستی تێدا دەنوێنن، یان وا چکە چك دەیدەن کەس سودێکی وای لێ ناکات.

٣- ئیسلام سەلاحیێتێکی زۆری بە دەوڵەتی ئیسلامی داوە لە کۆکردنەوەی زەکاتدا.. مافی ئەوەی داوەتێ کە جەنگ بەرپا بکات بەرامبەر هەر کەس و کۆمەڵێك کە بەرهەڵەستی لە زەکاتداندا بکەن، با بەهێزیش بن. ڕیوایەتی ئەوە بە ناوبانگە کە چۆن سەیدنا ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێت هێرشی ناردە سەر هەرهەموو ئەو تیرەو هۆزانەی کە نکوڵییان لە زەکات و زەکاتدانیان دەکرد..لەو ڕیوایەتانە:

- (لَمَّا تُوُفِّيَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَاسْتُخْلِفَ أَبُو بَكْرٍ بَعْدَهُ وَكَفَرَ مَنْ كَفَرَ مِنْ الْعَرَبِ قَالَ عُمَرُ لِأَبِي بَكْرٍ كَيْفَ تُقَاتِلُ النَّاسَ وَقَدْ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَقُولُوا لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله فَمَنْ قَالَ لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله عَصَمَ مِنِّي مَالَهُ وَنَفْسَهُ إِلَّا بِحَقِّهِ وَحِسَابُهُ عَلَى اللَّهِ) فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ: وَاللَّهِ لَأُقَاتِلَنَّ مَنْ فَرَّقَ بَيْنَ الصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ فَإِنَّ الزَّكَاةَ حَقُّ الْمَالِ وَاللَّهِ لَوْ مَنَعُونِي عِقَالًا كَانُوا يُؤَدُّونَهُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَقَاتَلْتُهُمْ عَلَى مَنْعِهِ. فَقَالَ عُمَرُ فَوَاللَّهِ مَا هُوَ إِلَّا أَنْ رَأَيْتُ اللَّهَ قَدْ شَرَحَ صَدْرَ أَبِي بَكْرٍ لِلْقِتَالِ فَعَرَفْتُ أَنَّهُ الْحَقُّ). متفق عليه.[١] واتە: کاتێك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە کۆچی دوایکرد ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێت بوو بە خەلیفە ئەو عەرەبانەی لە دین هەڵگەڕانەوە، هەڵگەڕانەوە، عومەر خوا لێی ڕازی بێت (لە سەیدنا ئەبوبەکری پرسی):چۆن کوشتاری خەڵکێك دەکەیت کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت: (فەرمانم پێکراوە کوشتاری خەڵکی بکەم تا دەڵێن: لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله ئەگەر ووتیان ئەوە ئیتر سامان و گیانیان لێم پاراستووە، مەگەر لەسەر مافێکی ئیسلام کوشتاریان بەرامبەر بکەم حسابی دڵ و دەروون و ناخیان لای خوای گەورەیە) ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێت فەرمووی: بە خوا قەسەم لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەدا دەجەنگم کە جیاوازی دەخەنە نێوان نوێژو زەکاتدانەوە، چونکە زەکاتدان مافەو لە ساماندایە بە خوا قەسەم لەسەر پەتکێك (لەتە گوریسێك) بەرامبەریان دەجەنگم کە دابێتیان بە

---

[١] بوخاری (٤٦٣٦)، موسلیم (٢٠).

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئێستا لە منی بگرنەوە. عومەر خوا لێی ڕازی بێت فەرمووی: بەخوا قەسەم هەر ئەوەندە بوو ئیتر زانیم کە خوای گەورە کوشتاری ئەوانەی خستۆتە دڵی ئەبوبەکرەوە، زانیم کە ئەوەش هەڵوێستی حەق و حەقیانەتە.

- هەروەها ئیسلام ئەو مافەشی بە دەوڵەتی ئیسلامی داوە کە بەشێك لە ماڵ و سامانی زەکات نەدەرانیش موسادەرە بکات و وەکو سزادان غەرامەیان بکات پێی..ئەمە دەربارەی هەر تاکێکە کە بڵێت زەکات نادەم..لە فەرموودەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دا هاتووە: (مَنْ أَعْطَاهَا مُؤْتَجِرًا فَلَهُ أَجْرُهَا، وَمَنْ مَنَعَهَا فَإِنَّا آخِذُوهَا وَشَطْرَ مَالِهِ، عَزْمَةً مِنْ عَزَمَاتِ رَبِّنَا عَزَّ وَجَلَّ، وَلَا يَحِلُ لِآلِ مُحَمَّدٍ مِنْهَا شَيْءٌ).[١] واتە: هەر کەسێك بە ئومێدی دەسکەوتنی پاداشتی لای خوای گەورە زەکاتەکەشی دا، حەتمەن پاداشتەکەشی دابینە، هەر کەسێکیش بەرخورداریی لێبکات و نەیدات، ئێمە بە زۆر لێی دەستێنین، لەگەڵ نیوەی سامانەکەشی، مۆڵەتێکی خواییەو پێی داوین، هیچ شتێك لەم زەکات و سامانەش بە کەس و کاری. محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ناشێت و نابێت وەری بگرن.

لەم ڕوانگەوە ئەگەر بۆ دەوڵەتی موسوڵمان سەلمێنرا کە کەسێك دەوڵەمەندەو زەکات لە سامانی دەکەوێت، بەڵام نایەوێت بیدات، دەوڵەت بۆی هەیە زەکاتەکەشی لێ بستێنێت و موحاسەبەشی بکات و نیوەی سامانەکەشی وەك سزا ببات..ئەگەر وورد سەرنج لەم خاڵە بدەیت و بیر لە بەرهەمی چەسپاندنی بکەیتەوە دەبینیت کە سامانی مورتەدد (ئەوەی لە ئیسلام هەڵدەگەڕێتەوە) دەخرێتە خەزێنەی دەوڵەت (بەیتوالمال)ەوە.

---

[١] نوسەر رحمەاللە نوسیوێتی: (ئەبوداوودو نەسائی و ئەحمەد، سەنەدەکەی حەسەنە). راستە: ئەبوداوود (١٥٧٧)، نەسائی (٢٤٤٤)، داریمی (١٦٧٧). ئەلبانی رحمەاللە (صحيح أبي داود/١٤٠٧)دا دەفەرموێ حەسەنە.

دەزانیت کە دەوڵەتی ئیسلامی دێتە سەر کار هەزاران حاڵەتی ئەم پاشەگەزبوونەوەو ساماندارییەی دەکەوێتە بەردەست، کە زەکاتیان لێ نەدراوە. هەر بەم ڕێسایە زۆر حاڵەت چارەسەر دەکرێت و لەنگەری پارسەنگی کۆمەڵایەتی ڕادەگرێت هەزاران مورتەدد هەن کە سامانی گەلیان زەوت کردووەو پێی بوون بە ملیۆنێر..هەزاران هەزاری هەن لە سەر سامانی حەرام گەشەو نەش و نمایان کردووە سەروەتیان پێکەوە ناوەو کەسیشیان زەکاتیان نەداوە کە مافی هەژارانەو نەدارانە گێڕانەوەی ئەم مافە بە گێڕانەوەی سامانە زەوتکراوەکەیان زۆر حاڵەت چارەسەر دەکرێت، بۆیە دەبینیت لێ سەندنەوەی زەکاتەکەیان و سزای غەرامەکەیان لە ڕاستکردنەوەی لاسەنگی کۆمەڵایەتیدا کاریگەر دەبێت کەوتنە بەردەستی دەسەڵاتدارانەی دەوڵەتی ئیسلامی خۆی لە خۆیدا سزایەکی خوای گەورەیە بۆ ئەو دزو حەرام خۆرو گەندەڵانە بێ گومان ئێمە هیچ ستەم و دەستدرێژییەکی حکومات و دەسەڵاتدارانی پێشوو قبوڵ ناکەین، بەلام لە کاتی دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامیدا هەر چارەسەری واقیعەکەی بەردەستی دەکات و ئەو کێشانە چارەسەر دەکات کە ڕوو دەدەن. ئەمانە زۆرینەی ڕەفتاری بەرپرسانی پێشوو ئەوە ڕەنگە هەرحاڵەتەو فەتوایەکی تایبەت بە خۆی بخوازێت، بێگومان دەوڵەتی ئیسلامی و لایەنگرێتی بەشخوراوان وەلناکات و هەوڵی گێڕانەوەی مافی زەوتکراویان دەدات، چونکە لە ئەسڵیشدا دەوڵەتی ئیسلامی دەبێت ئەو سامانانە وەربگرێتەوە کە بە حەرامی دەسکەوتوون.

خاڵی سێیەم: ئەو سامانانەی زەکاتیان لێ دەکەوێت: پێنجن:

١- کاڵای بازرگانی.

٢- زێڕو زیوو پارە.

٣- چاندن و بەروبووم.

٤- ئاژەڵ.

٥- کانزاو دۆزراوەی ژێر زەوی.

- پێشەوایانی شەرع رحمه الله لە ووردەکاری زەکاتی ئەماندا ڕاجوێ بوون، بەڵام لەسەر جۆرەکانیان ڕاجوێ نین، بەڵام ئەم ڕاجوێییەش پێشنیازی زۆر دەخاتە بەردەست بەرپرسانی دەوڵەتی ئیسلامی، کە دەتوانن لە نێوان ڕاو بۆچوونە جیاوازەکاندا بۆچوونێکی گونجاوی پڕ بەحاڵەتە نوێیەکە وەرگرن و وەکو یاسا دایڕێژنەوە..بۆ نموونە بۆچوونی حەنەفییەکان دەربارەی زەکاتی کانزاکان زۆر شیاوی ئەم سەردەمەیە، یان دەشێت لەم سەردەمەدا کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵی زۆر دەبینێت، دەشێت زەکات وەرگرتن و گەیاندنەوەی -بە پێی مەزهەبی شافیعی- بدرێتە دەست ئەمانە نەك دەوڵەت، دەبینیت ئەو ڕاجوێیانەی پێشەوایان و سەر مەزهەبەکانە کە دەقێك نیە بۆچوونەکان یەکلا بکاتەوە، ئەمە دەوڵەمەند بوونی بواری هەڵبژاردنی بۆچوونی شیاوتر دێنێتە پێش، کە بەرپرسانی دەوڵەت دەشێت نزیکترین بۆچوون لە بەرژەوەندی کۆمەڵگاکەوە وەربگرن بیکەن بە یاسای دەوڵەت..ئەمە هەم ئاسانکاری کارەکەیە، هەم لە کۆکردنەوەی بەرپرسێتی دەوڵەتە یان بەرچاوڕۆشنکردنی زیاتری بەرپرسیارێتی ئێمە لێرەدا بە کورتی باسێکی زەکاتی ئەم کەرەستانە دەکەین کە زەکاتیان لێ دەدرێت لەگەڵ پشکی زەکاتەکانیاندا:

**١- زەکاتی پارە:** مەبەست لێی زەکاتی زێڕ (ئاڵتوون) زیووە، چونکە پارە تا سەد ساڵ لەمەوبەر هەر لەوانە دروست دەکرا -ئەو پارە کاغەزانەو شیکی بانك و شیکی

سەفەرو..هتد هەموویان هەربە پارەو زێڕو زیوو هەژمار دەکرێن- چونکە لە بەرامبەریاندا زێڕ دانراوە. هەموو ئەوەی بە پارە حسێب دەکرێت کانزایی بێت یان کاغەزی (یان ئەلیکترۆنی) هەموویان زەکاتیان لەسەرە چونکە هەموو کاتێك مرۆڤ دەتوانێت بەم جۆرە پارە کاغەزەو (ڕەسیدە ئەلیکترۆنیانە)و چەکی بانك و سەفەر زێڕو زیووی بکرێت کە دەبنە حەقی نرخیان.

هەر کەسێك زێڕ یان زیوو یان پارەی هەبوو دەبێت زەکاتی لێبدات بڕی لە(٥ر٢٪) ساڵانە بە دوو مەرج:

أ- ساڵێکی کۆچی (٣٥٥) ڕۆژی بەسەردا ڕۆشت بێت. (بۆ نموونە کەسێك ئێستا کە (١٠شەووالی ١٣٤٥)ە زێڕ یان یۆرۆی هەیە واتە (١٠ شەووالی ١٣٤٦)دایدەنێت و بەکاری ناهێنێت.

ب- زێڕەکە یان پارەکە بڕی (نصاب) بوو بێت، واتە ئەو ئاستەو بەرەو ژوور کە زەکاتی لێ دەدرێت (بۆ نموونە کابرا لەم شەووالەوە بۆ شەووالی داهاتوو دووسەد گرام زێڕ یان چوار هەزار یۆرۆی داناوە (هەر کەسێك ئەم دوومەرجەی تێدا هاتە دی قەرزار نەبوو زەکاتەکەی دەکەوێتە سەر. بێگومان ئەگەر سامان و موڵك و کرێ خانوو بەرهەمی تریشی هەبوو هەموو کۆ دەکرێنەوە بڕی زەکاتیان لێ دەردەکرێت هەروەها ئەو پشکە میراتەی لەو ساڵەدا بەری کەوتووە..

**٢- زەکاتی کاڵای بازرگانی:** هەموو کەرەستەیەکە کە موسوڵمان بە ئومێدی فرۆشتنەوەو قازانج کڕیوێتی و لە بەردەستیدایە یان دەستی ئاسان دەیگاتێ. هەمووی لە کاتی زەکاتداندا دەقەبەڵێنرێت، واتە تەقدیر دەکرێت کە پارەی ئەو ڕۆژەو نرخی بازاڕ چەند دەکات. ئەگەر کەسێك زێرش یان پارەی هەبوو، لەو لاوەش کە دەستەی کڕین و فرۆشتنی هەبوو، نرخی هەموویان کۆدەکرێتەوەو (٥ر٢٪)ەکەی لێ دەردەکرێت مادام دوو مەرجەکەی تێدایەو موڵکی یەك کەسن کە قەرزار نییە. چونکە ئەگەر قەرزار بوون

قەرزەکە دەداتەوە لە پێش زەکاتدایە، حەنەفیەکان دەفەرموون تا مارەیی هاوسەرەکەشی دەداتەوە!

- ئەگەر قەرزی لای خەڵکیش بوو، دڵنیابوو بۆی دەهێننەوە، ئەویش بەسەرمایەی ئەم حسێب و ئیزافە دەکرێتەسەر پارەو سامانەکەی..بێگومان مەسەلەی قەرزیش تەفسیلاتی هەیە..

- حەنەفیەکان دەفەرموون: ئەگەر قەرزی ژنەکەی بوو (مارەیی یان حەق خولع کردن)و دابوویەوە بە ژنەکەی یان هەیەتی و جارێ نایداتەوە ئەگەر ساڵی هەیقی (قەمەری/ کۆچی)بە سەردا تێپەڕی و (نصاب) بوو زەکاتی دەکەوێت. بەمە دەڵێن قەرزی سووك.

* قەرزی مام ناوەندیش هەیە، بۆ نموونە شتێکی پێویستی خۆی فرۆشتووە وەکو خانووەکەی بووەتەوە بە پارەو پێیەتی چەند ساڵ لای بمێنێتەوە دەبێت زەکاتەکەی بدات.

* قەرزی قورس، وەکو قەرزی سەوداو مامەڵە، ئەگەر چەند ساڵێك بوولای قەرزارەکان مابوو، کە وەری دەگرێتەوە زەکاتی ساڵانی ڕابردووشیان لێ دەدات. ئەگەر هەمووشی پێکەوە وەرنەگرن، وەك ئەوەی مانگانە وەریگرن دەبێ زەکاتەکەی مانگانە لێ بدات چونکە پێشتر ساڵی بەسەردا تێپەڕی بوو..ئەگەر قیستە مانگانەکە لەبڕی چل زیاتر بوو..

٣- **زەکاتی بەرووبووم و حاسڵاتی چاندن:** حەنەفیەکان دەفەرموون خاکی (عوشری) هەرچی شتێکی لێوە بەرهەم بێت زەکاتی لەسەرە، کەم بێت یان زۆر، وەکو

---

[1] خاکی ئەو ناوچانەیە کە خەڵکەکەی لەوێ بوون و پێشتر موسوڵمانبوون. خەراجی: خاکی ئەو ناوچانەیە کە بە جیهاد فەتح کراوەو خەڵکەکەی لەوێ نیشتەجێبوون پاشان موسوڵمانبوون، وەکو خاکی عێراق و شام و میسر. ئەمە لە سیاسەتی داراییدا بە تەفسیل باسکراوە والحمدلله.

جارانی مابێت یان گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، زەکاتەکەی (١٠%) بەرهەمەکەیەتی ئەگەر بە باران ئاو درابوو، چونکە کەس مەسروفی ئاودێری نەکردووە، ئەمجا ئەگەر ئاودێر کرابوو (بە جۆگە هەڵبەستن و تەنکەرو بۆری و..هتد) زەکاتەکەی لە (٥%)ە.

- شافیعیەکان دەفەرموون:خاك (عوشری) بێت یان (خەراجی) زەکات لەسەروو بەرهەمەکەی دەبێت بە چوار مەرج:

أ- بەرهەمەکە خۆراك بێت.

ب- موڵکی کەسێك بێت.

ج- گەیشتبێتە ڕادەی (نصاب). کە بەلای شافیعیەکانەوە نیصابی بەرهەمی خاك پێنج (ئۆسق)ە هەر ئۆسقەیێك (١٢٠ کگم)ە واتە (٦٠٠ کیلۆ) بێت.

د- زەکات تەنها لە ترێ و خورما دەکەوێت نەك لە میوە.[١]

ئەمانیش دەربارەی ئاودێریەکەی دەفەرموون ئەگەر بە بێ پارە خەرجکردن و ناڕەحەتی ئاو درابوو (وەکو باران) ئەوە زەکاتی بەرهەمەکەی لە (١٠%)ە ئەگەر مەسروفیشی کرابوو ئەوە لە (٥%) ئەگەر بە هەر دوو لا بوو (٦,٧٥%) دەبێت.

- مەزهەبی مالیکی و حەنەفیەکانیش لە بۆچوونی شافیعیەکانەوە نزیکە.

---

[١] لە کۆباسی زەکاتدا لە زنجیرەباسەکانی شەرعناسیی بە تەفسیل باسی راوبۆچوونی شەرعناسانی هەر چوار مەزهەبەکەو پێشەوایانی ترو شەرعناسانی سەردەمم کردووە، کە زۆرینەیان ئەو مەرجە رەتدەکەنەوە. میسر یەکەمین وڵاتی جیهانە لە بەرهەمهێنانی لۆکەدا، تورکیاش یەکەمین وڵاتی جیهانە لە بەرهەمهێنانی هەنجیردا، پارەی دەسکەوتی ئەم دوو بەرهەمە لە ترێی نیوەی وڵاتی موسوڵمانان زیاترە. ئایا دەشێت زەکات لە ترێ بدرێت و لە لۆکەی میسرو هەنجیری تورکیا نەدرێت؟!.

**٤- زەكاتی ئاژەڵ:** ئاژەڵ (حوشترو گاو مانگاو مەڕو بزن) ئەگەر بۆ كڕین و فرۆشتن ڕاگیرا بوون زەكاتیان لەسەرە. ئەگەر بۆ شیرو زاوزێ و كاركردن و گۆشت و پێست و موویان ڕاگیرا بوون زەكاتیان لێ ناكەوێت. مالیكیەكان دەفەرموون لێیان دەكەوێت.

- گاو مانگا بە هەموو جۆرێكیانەوە پۆلێكن. مەڕو بزن جۆرێكن. حوشتریش بە هەموو جۆرێكەوە پۆلێكن. هەر یەك لەمانە ئەگەر گەیشتبوونە نصاب ساڵیان بەسەردا هاتبووە زەكاتیان لێ دەكەوێت.

<u>نیصابی ئاژەڵەكان:</u>

- حوشتر ئەگەر (٥) دانە بوون. مانگا ئەگەر (٣٠) دانە بوون. مەڕ ئەگەر (٤٠) سەر بوون.

- لە پێنج حوشتر بەرخێكیان بۆ دەكەوێتە زەكات. لە (سی) سەر مانگاكە، مانگایەكی یەك ساڵانە. لە (چل) سەر مەڕەكە، بەرخێك. ئەمە ئاستی یەكەمی زەكاتی ئەم موڵكانەیە: ئیتر هەر پۆلێكیان زیاتر دەبن جۆری پشكە زەكاتەكەش دەگۆڕێت، چەندو چۆنێتیەكەیان سەرووتر (گرانتر) دەڕوات.

**٥- زەكاتی كانزاكان:**

- مالیكیەكان دەفەرموون: كانزاكان ئەو كەرەستانەن كە خوای گەورە لە زەویدا خەلقی كردوون. وەكو زێڕو زیوو مس و قوڕقوشم و گۆگردو..هتد. زێڕو زیو ئەگەر گەیشتنە (نیصاب)ی خۆیان زەكاتیان لێ دەدرێت، جا خاوەنەكانیان موسوڵمان بن یان غەیرە موسوڵمان مادام لە خاكی ئیسلامدا بن. ئەمە بۆچوونێكە، بۆچونی بەرامبەریان دەفەرموێ ئەگەر موسوڵمان نەبوون زەكات نادەن. حەنەفیەكیان دەفەرموون هاتنەوەی ساڵ بەسەر هەبوونی كاتدا مەرج نییە بۆ زەكات لێدانی.

كانزا هەموو شتێكە كە لە زەویدا هەیە جگە لە خاك و خۆڵەكەی. كەوابو كانزا دەشێت ڕەق و سفت و ووشك بێت وەكو زێڕو زیوو ئاسن و مس یان كریستاڵ (بلوور) حەقیق و بەردە پیرۆزەكان و (ئەڵماس و كۆباڵت..هتد). هەروەكو كە دەشێت شلەمەنی بن وەكو نەوت و زەڕنیخ..هەر كەسێك لەم كەرەستانەی لە زەوی دەرهێناو بوو بە موڵكی خۆی دەبێ بە پێی دوو مەرج چارەكێكی دە یەك (٤٠%)ی زەكات لێدات:

أ- دوای پاڵفتە كردنی گەیشتبێتە نیصابی زێڕو زیو، یان نرخەكەیان گەیشتبێتە نرخی نیصابی زێڕو زیوو.

ب- دەرهێنەری كانزا دەبێت موسوڵمان بێت.

شافیعیەكان دەفەرموون: دەرهێنراوەكە دەبێت تەنها زێڕو زیوو بێت، نەك كانزای تر. دەبێت خاكەكەش موڵكی دەرهێنەرەكە بێت. یان بۆی جائیز بوو بێت، لە زەكاتدانیدا، مەرج نییە ساڵی بەسەردا هاتبێتەوە. [١] هەر هەموو ئەم كەرەستەو كالآیانە ئاماژەیان پێدرا زەكاتیان لێ دەدرێت وە دەكرێت دەوڵەت دەزگایەكی بۆ دابمەزرێنێت وەكو سندوقی زەكات و ڕاو بۆچوونی پێشەوایان شەرع تاوتوێ بكاتەوەو یاساو حوكمی نوێیان بۆ واقیعی نوێ لێوەربگرێت و ئەحكامەكانی زەكات بە پێی زەروورەتەكانی كات و شوێنی سەردەم دابڕێژرێتەوە، جا دەبینیت:

---

[١] واقیعی ئەم زەمانە زۆر دوورە لەو تەصەوراتانەی پێشەوایانی شەرع لە كۆندا هەیانبووە، بۆیە دەبینیت بەم دیدەی شافیعییەكان بێت زەكات لە بیرەنەوت ناكەوێت. چونكە تا پێش دوو سەد ساڵ لەمەوبەر نەوت بۆ فتیلە بەكار دەهات، (زفت)یش بۆ سواغدانی بەرمیلی تەختە!بەڵام ئێستا دەزانین كە جەنگی نێودەوڵەتی لەسەر بیرەنەوتێک بەرپا دەبێت.. ئێستا یۆرانیۆم هەر لە زەویدایە بەڵام سەد گرامی بە بێ ئاگایی ووڵاتە زلهێزەكان لێنافرۆشرێت! ئوسترالیا دووسەد گرامی بە روسیا فرۆشت، كەچی وڵاتی نەیجەر كە هەژارترین ووڵاتی جیهانەو دەوڵەمەندترینە بە یۆرانیۆم، ناهێڵن بۆ نان و ئاویش دە گرامی لێبفرۆشێت! چۆن زەكات لەمە نادرێت؟!

- هەرچی پارەیەکی کاغەزو مامەڵەیەکی بانکی هەیە کە تاك و کۆ دەیکەن زەکاتی لێدەکەوێت.

- هەرچی کارگەو بازاڕو مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی بازرگانی ناوەوەو دەرەوە هەیە زەکاتی لێدەدرێت.

- هەموو جۆرەکانی سامانی ئاژەڵ حوشترو مانگاو مەڕو و پەلەوەرو ماسی و هەنگ و کرمی ئاوریشم و..هتد. هەموو زەکاتی لێ دەدرێت.

- هەموو بەرهەمەکانی چاندن و ڕواندن لە دانەوێڵەو میوەو سەوزەوات زەکاتی لێ دەکەوێت.

- هەرچی لە زەوی دەردەهێنرێت لە (پترۆڵ) و کانزاکان (کە تا ئێستا ١١٣ توخمی لێ کەشف کراوە) زەکاتی وەردەگیرێت و دائیرەو دەزگای تایبەت (وەکو وەزارەتی زەکات) سەرپەرشتی دەکات و دەیکاتەوە بە مایەی چارەسەری کێشە ئابووریەکانی موسوڵمانان.

## خاڵی چوارەم: ئەو پۆلە خەڵکەی زەکاتیان پێ دەشێت:

<u>ئەوانەی شایانی زەکات وەرگرتنن و پێیان دەشێت هەشت پۆلن:</u>

١- نەداران (الفقراء)، ٢- هەژاران (المساكين)، ٣- فەرمانبەرانی زەکات، ٤- نەو موسوڵمانان، ٥- قەرزاران، ٦- کۆیلە بۆ ئازاد بونیان، ٧-گەشتیارانی پارە لێبڕاو، ٨- لە پێناوی خوادا.. هەموو ئەم پۆلانەش خوای گەورە دیاریکردوون. بە ئایەتی: (إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِّنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ) التوبة/٦٠ واتە: زەکات بۆ نەداران و هەژاران و فەرمانبەرانی زەکاتەکەو بۆ قەرزاران و کۆیلە ئازادکردن لە پێناو خوادا خەرج دەکرێت. هەروەها بۆ ئەو ڕێبوارانەی لەبەر نەبوونی سەفەرەکەیان بۆ تەواو نەکراوە خوای گەورەش شارەزاو دانایە.

- لەوانەیە قەرزاران، ئەو کەسانەن کە لە ژن هێنانیاندا قەرزار بوون، یان مارەی بڕیوەو هەموو مارەییەکەی پێ هەڵناسوورێت، هەروەها ئەوکەسانەی خانوویان کردووە یان کڕیوەو لەسەری قەرزار بوون، ئەمانە هەموو لە زەکات قەرزەکانیان بۆ دەدرێتەوە. نەداران: ئەو خوێندکارانەش دەگرێتەوە کە دەخوێنن، کە مەسروفی خوێندنیان وەکو موچەی مانگانە لە زەکات بۆ دەدرێت، ئەگەرچی باوکیشیان دەوڵەمەند بێت، دیسان لە نەداران و هەژاران ئەو کرێکارو کاسبکارانەش کە کار دەکەن و بەشیان ناکات، یان کەسانێك بە سەرمایەکەیان کە هەیە بەڵام ناگاتە نرخی کڕینی شتێکی بەرهەم هێنراو بەسێتی بژێوی خۆیان (وەکو سەیارەی کرێ و دوکان دانان و کردنەوەی خولی خوێندنی زانستی و پیشەکان و..هتد). زەکات بۆ دەرچووانی خوێندنیشە کەهێشتا تەعین نەبوون، پزیشك و ئەندازیاران، یان دەرچووی خولێکی کاسبی..ئەمانە هەم مووچەیان دەدرێتێ هەم ئامێرو دەزگاو دوکان و جێگاکانیان بۆ ساز دەکرێت وەکو عەیادەی پزیشك و شوێنی ئاسنگەری و هیتر.

ئەمما بواری (فِي سَبِيلِ اللَّه) کە سەرەتا کاروباری جیهادو موجاهیدان دەگرێتەوە (پاشان بوارەکانی بانگەوازو کۆمەڵکاری ئیسلامی) موچەو چەکدار کردن و مەشق و تفاق

پێویست لەتەقەمەنی و جل و بەرگ و پێداویستی تر هەمووی دەگرێتەوە..لە سامانی زەکات ئەمانە بۆ هەموو موجاهیدێك دابین دەکرێت ئەگەر خۆی نەدار بوو..

ئەمما بۆ دڵنەوایکردنی نەو موسوڵمانان وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ خۆ مەرج نییە هەر ئەو کەسانە بێت کە تازە موسوڵمان بوون، نا دەشێت بۆ هەموو جۆرێکی دڵنەوایی و دڵ ڕاگرتن بێت، ئەوانەی موحتاجن یان هەیانەو لە زیادە دەیاندرێتێ، وەکو ئەو سیاسەتمەدارە چالاکوانانەی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا لە کاری سیاسی وەستێنراون، هەروەها ڕۆژنامەوانان و خاوەن میدیاکان..

نەدارو هەژار لەمەزهەبی ئیمامی شافیعیدا هەر هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە خانوویان نییە، ئەمان دەفەرموون لە زەکات یارمەتی ئەمانە دەدرێت نەك هەر خانوو بۆ سووکنایی خۆیان دابین بکەن، بەڵکو زیاتر لە خانوویەکیان هەبێت تا لەسەر کرێی خانوویەکیان بژین (وەکو دروستکردنی ئاپارتمان/ کۆمەڵە شوقە بۆیان). ئەگەر بەشیشی نەدەکردن دەبێت وەکو موچەی ساڵانە لە بیتوالمال بۆیان تەواو بکرێت.

- هەموو جۆرە بێکارێك دەکەوێتە خانەی نەداران و هەژارانەوە کە هێشتا نەکوتوونەتە سەر کار یان بێکار کەوتوون تا کارێکیان دەستگیر دەبێت کە شیاو و بەس بێت بۆیان. چ خۆیان بیدۆزنەوە چ دەوڵەت تاعینیان بکات.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم پۆلە خەڵکەی لە کۆمەڵگەی موسوڵمانانا موستەحەقی وەرگرتنی زەکاتن، ئەم باسەی خوارەوە لە مامۆستا (یوسف قەرزاویە‌وە) نەقڵ دەکەین[١] کە وەڵامی ئەو پرسیارەیە: نەداران و هەژاران کێن کە زەکاتیان پێ دەشێت؟: (هەموو بڕگەی دووەم نوسینی شیخ قەرزاویە خوا بیپارێزێت).

---

[١] نەخشەمان لەم کتێبەدا ئەوەیە کە هەر باسێکی باشی گشتگیرمان لەسەر بابەتەکانی ئەم کتێبە دەسکەوێت وەریدەگرین و سوورنابین لەسەر نوسسینی هاوشێوەی لە لایەن خۆمانەوە. ئەمەش هەر بە ئومێدی سوود وەرگرتنە لە رەنجی ئەوانەی دەربارەی ئیسلام بە چاکی نوسیویانە. (نووسەر).

## برگەی دووەم

# زەكات بە ڕادەی (بەس)ێتی دەبێت بۆ موستەحەققانی

### خاڵی یەكەم: نەدارە شاراوەكان:

قورئانی پیرۆز بایەخی بە چۆنێتی و ڕادەو بڕی كۆكردنەوەی داوە، چونكە لەوانەیە كۆكردنەوەی زەكات ئاسان بێت، بە تایبەت بۆ دەسەڵاتداران كە جۆرەها شێوازیان لە بەردەستدا بێت، بەڵام بە ڕاستی گەیاندنەوەی بە موستەحەققانی قورسترە، دەشێت دەوڵەمەندەكان كەمترو ناسراوتر بن وەك لە هەژارەكان، بۆیە كۆكردنەوەكە ئاسانتر دەبێت وەك لەوەی لە نێوان ئەو هەموو موحتاجانەدا موستەحەققەكان بدۆزرێتەوە (خۆ موستەحەقترین كەس ئەو سواڵكەرانە نین كە لەسەر جادەو كوڵانەكان دابنرێن سواڵ دەكەن). خوای گەورە فەرمانی بە زەكاتدان كردووە، بەڵام كۆكردنەوە و دابەشكردنەوەكەی نەداوەتە دەست كاربەستان و بۆ حەزو لاسەنگی ئەوانی لێگەڕێت، بەڵكو خۆی هەر یەك لە پۆلە موستەحەققەكانی دیاری كردووە بۆ جۆرو سیفەتی كەسەكان و پێداویستیان تا ئەمەشیان نەكەوێتە بندەستی ئەم و ئەوو بڵێن ئەم شایانێتی ئەویان نا!ئەمە جگە لەوەی تا قیامەت ڕێگرتنە لە دەستێوەردانی كاربەستان و حاكمەكان لە كاتی خۆشیدا ڕەددێكی سەخت بوو لە دووڕووەكان كەلێكیان بۆ ئەو هەموو سامانەی زەكات دەڕژا كە بەخۆڕایی دەدرایە ئەو هەموو كەسەو ئەوانیش تەماشایان دەكرد!دەیان وویست -بێ ئەوەی موستەحەققی زەكات بن- بیاندرێتێ، بۆیە تیرو توانجیان دەگرتە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چونكە هیچی نەدابەوان، وەك دەفەرمووێ:(وَمِنْهُم مَّن يَلْمِزُكَ فِي الصَّدَقَاتِ فَإِنْ أُعْطُوا مِنْهَا رَضُوا وَإِن لَّمْ يُعْطَوْا مِنْهَا إِذَا هُمْ يَسْخَطُونَ * وَلَوْ أَنَّهُمْ رَضُوا مَا آتَاهُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَقَالُوا حَسْبُنَا اللَّهُ سَيُؤْتِينَا اللَّهُ مِن فَضْلِهِ وَرَسُولُهُ إِنَّا إِلَى اللَّهِ رَاغِبُونَ * إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي

الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِّنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ)التوبة/٥٨-٦٠ واته: هەندێ لە دووڕووەکان تانەو تەشەرت لێ دەدەن و توانجت تێ دەگرن لەسەر زەکات بەخشینەوەکەت، ئەگەر بەشی ئەوانیشت لێبدایە، ڕازی دەبوون و هیچیان نەدەووت بەڵام کە نەیاندراوەتێ ئەوەتا تووڕە بوون و خۆیان زیور کردووە!ئەگەر هەر لە سەرەتاوە بەو بەشەیان ڕازی بوونایە کە خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆیان دیاری کردبوون و بیان ووتایە ئێمە خوامان بەسە، چونکە نازو نیعمەتی ئەو زۆرەو حەتمەن لە فەزڵی خۆیەوە پێمان دەبەخشێت، چونکە ئێمە ڕوومان لە خوایەو بە بەشی ڕازین و حەزمان لە دیدارێتی -ئەگەر ئەمە دیدو ڕەفتار (گوفتارو کردار)یان بوایە، ئەمە بزاوت و سرەوتیان بووایە چاکتر بوو..نەك تیرو توانج لە تۆ بدەن- زەکات بۆ نەداران و هەژاران و فەرمانبەرانی زەکاتەکەو بۆ قەرزاران و کۆیلە ئازادکردن و لە پێناوی خوای گەورەدایە. هەروەها بۆ ئەو ڕێبوارانەیە کە لەبەر نەبوونی سەفەرەکەیان پێ تەواو نەکراوە، خوای گەورەش شارەزاو دانایە.

- ئەبو داود دەگێڕێتەوە کە پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و عەرزی کرد:(أَعْطِنِي مِنْ الصَّدَقَةِ، فَقَالَ لَهُ: إِنَّ اللَّهَ لَمْ يَرْضَ بِحُكْمِ نَبِيٍّ وَلَا غَيْرِهِ فِي الصَّدَقَاتِ حَتَّى حَكَمَ فِيهَا هُوَ فَجَزَّأَهَا ثَمَانِيَةَ أَجْزَاءٍ، فَإِنْ كُنْتَ مِنْ تِلْكَ الْأَجْزَاءِ أَعْطَيْتُكَ حَقَّكَ).[١] واته: پشکێکم لە زەکات بدەرێ، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێی فەرموو: خوای گەورە نە بە حوکمی پێغەمبەرێك ڕازی بووە نە بە حوکمی غەیری پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە بەشکردنی زەکاتدا، بەڵکو خۆی حوکمەکەی لە دەست

---

[١] ئەبوداوود (١٦٣٠)، دەقی هەمووو فەرمودەکە:(عَنْ زِيَادِ بْنِ الْحَارِثِ الصُّدَائِيِّ قَالَ: أَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فَبَايَعْتُهُ، فَأَتَى رَجُلٌ فَقَالَ: أَعْطِنِي مِنْ الصَّدَقَةِ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: إِنَّ اللَّهَ لَمْ يَرْضَ بِحُكْمِ نَبِيٍّ وَلَا غَيْرِهِ فِي الصَّدَقَاتِ حَتَّى حَكَمَ فِيهَا هُوَ فَجَزَّأَهَا ثَمَانِيَةَ أَجْزَاءٍ، فَإِنْ كُنْتَ مِنْ تِلْكَ الْأَجْزَاءِ أَعْطَيْتُكَ) شێخی ئەلبانی رحمەالله لە: (ضعيف سنن أبي داود/٣٥٧) و لە:(ضعيف الجامع الصغير/١٨٤٢)دا دەفەرموێ: زەعیفە.

خۆیدا هێشتۆتەوە، بۆیە موستەحەققانی زەکات و وەرگرتنی کردووە بە چوار بەشەوە، ئەگەر تووشی لە بەشێك لەو هەشت بەشەی تامافی خۆتت بدەمێ ..

ئەوەی پێمان گرنگە لەو هەشت پۆلە کە لێرەدا باسی بکەین دوو پۆلی نەداران و هەژارانن کە یەکەمین دوو پۆلی موستەحەققان خراونەتە پێش هەمووانەوە.

ئەهلی تەفسیرو شەرعناسان لە پێناسەی (الفقراء) (المساکین)دا ڕاجوێ بوون کە کامیان لەوی تریان موحتاجترە، هەرچەندە ئەو ڕاجوێیە هیچ حوکمێکی ئیزافی لەسەر هەردوو پۆلەکە دروست ناکات و هەردووکیان هەر بە موستەحەققی دەمێننەوە، چونکە هەموو شەرعناسان لەسەر ئەوە ڕێکن کە ئەو دوو پۆلە یەك سیفەتی هاوبەشیان هەیە کە ئاتاج بوونە (موحتاج بوون).

پەسەندتر ئەوەیە کە (الفقراء) کەکۆی (الفقیر) ئەو کەسە موحتاجەیە کە داوا لە کەس ناکات بیدەنێ. (المساکین)یش کەکۆی (المسکین)ە واتە ئەو کەسەی کە بەناو خەڵکیدا دەگەڕێت و داوایان لێدەکات بیدەنێ.

جمهوری شەرعناسان وا دەبینن کە (الفقیر) موحتاجترە لە (المسکین).[1]

[1] هەندێك لە شەرعناسان (شافیعیەکان دەفەرموون: (الفقیر) ئەو کەسەیە کە هیچی نییە، یان لە نیوەی بەسێتی (الکیفایەت)ی خۆی و ماڵ و منداڵی کەمتری هەیە (منیش نەدارم بۆ داناوە). بەڵام (المسکین) ئەو موحتاجەیە کە هەیەتی و بەشی خۆی و ماڵ و منداڵی ناکات کە لە نیوەی بەسێتی (کیفایەت) زیاترە بەڵام نوقسانی هەیە. (منیش لێرەدا هەژارم بۆ داناوە). کەوابوو (نەدار) بارودۆخی سەخترە لە (هەژار) کە هەیەتی و بەشی ناکات.

**ئەم نەدارە شاراوانە لە پێشترن زەكاتیان بدرێتێ:**

زۆر كەس وا دەزانن كە هەژارو نەدارو دەست كورت و داماو ئا ئەوانەن كە بۆ سواڵكردن لێبڕاون، كە سواڵكردنیان كردۆتە پیشەو كاسبی كردن، ئەوانەی ڕەش و ڕووت و ڕەجاڵ خۆیان نیشان دەدەن و لەسەر جادەو كۆڵان و بەر مزگەوت و ماڵاندا دەست پان دەكەنەوەو مل بەلارەوە دەگرن و بەكزۆڵی داوا لەو خەڵكە دەكەن كە دێن و دەچن! ئەم گومان بردنە بەوەی كەووترا نەدارو هەژار یەعنی ئا ئەوانە سەرئەنجامی هەڵە حاڵی بوونە لە خودی ئیسلام و زاراوەكانی و لەهەڵە بەكارهێنانیان. دیمەنی كەسانی سواڵكەر كە ئاوا لە زەین و هزرو هۆشی خەڵكیدا بە زاراوەی هەژارو نەدارەوە پەیوەست بووەتەوەو لە ژیری و ناخی خەڵكیدا جێی گرتووە، هەر لەم سەردەمەدا نیە (كە سواڵكەر زۆرتر بوون). لە كۆنەوە هەر وابووە -تەنانەت لە زەمانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەم حاڵەتە بەرچاوە هەبووە، (ئەگەر چی وەكو ئەم سەردەمانە نەبووبووە دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی). بۆیە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سەرنجی یاوەرانی بۆ لای نەدارانی ڕاستەقینە ڕادەكێشا كە هیچیان نیە لەبەر دینداریی و شەرمنی و پارسەنگی كەسایەتیان داوای هیچ لە خەڵك ناكەن. ئەمانە نەدارو داماوی حەقیقین كە شایانتری یارمەتیدانن و خێر پێكردنن كە زۆرینەی خەڵك پەیان پێ نابات و ئاگای لەحاڵەتیان نابێت. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو:(لَيْسَ الْمِسْكِينُ الَّذِي تَرُدُّهُ التَّمْرَةُ وَالتَّمْرَتَانِ، وَلَا اللُّقْمَةُ وَلَا اللُّقْمَتَانِ، إِنَّمَا الْمِسْكِينُ الَّذِي يَتَعَفَّفُ. إِقْرَؤا إِنْ شِئْتُمْ:(لَا يَسْأَلُونَ النَّاسَ إِلْحَافًا) البقرة/٢٧٣واتە: هەژارو موحتاج ئەو كەسە نیە كە دەنكێك یان دوو دەنكە خورما، پاروویەك یان دوو پاروو دەیگێڕێتەوەو دەڕوات، موحتاج ئەو كەسەیە كە لە ڕوو سووری و شەرمنیدا داوا لە خەڵك ناكەن بیدەنێ.

مانای (لَا يَسْأَلُونَ النَّاسَ إِلْحَافًا) ئەوەیە كە ئیلحاح لە خەڵكی ناكەن و میچبان لەسەر ناگرن تا بیاندەنێ. هەروەها موحتاجی خۆیان بە خەڵكی پڕ ناكەنەوە..هەر كەسێك

هەیبێت و داوا لە خەڵکی بکات ئەوە (إِلْحَافًا)ەکەی ئەنجام داوە -ئەمە وەسفی موهاجیرە نەدارەکانی خەڵکی مەککە بوون، کە لەبەر خاتری خوای گەورە و بۆسەرخستنی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ماڵ و حاڵی خۆیانیان وەلکردبوو، بێ سامان هیجرەتیان بۆ مەدینە کردبوو، کە نەپارەیان هەبوو بیخەنە کار نە کاریشان دەستکەوتبوو تا خۆ لەو حاڵە ئاتاجیە ڕزگارکەن..[١] لەبەر دینداری و شەرم و کەسایەتیشیان داوایان لە کەس نەدەکرد..

- خوای گەورە لە وەسفیاندا -بۆ سەرنج ڕاکێشانی موسوڵمانان بۆ حاڵ و بارودۆخیان- دەفەرمووێ: (لِلْفُقَرَاءِ الَّذِينَ أُحْصِرُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ لَا يَسْتَطِيعُونَ ضَرْبًا فِي الْأَرْضِ يَحْسَبُهُمُ الْجَاهِلُ أَغْنِيَاءَ مِنَ التَّعَفُّفِ تَعْرِفُهُم بِسِيمَاهُمْ لَا يَسْأَلُونَ النَّاسَ إِلْحَافًا وَمَا تُنفِقُوا مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ بِهِ عَلِيمٌ)البقرة/٢٧٣واتە: ئەوانەی بۆ جیهادو سەرخستنی دینەکە لێبڕابوون خۆیان بۆ بانگەوازی خواوویستی ساغکردبووەوە، کە مەشغوڵی کاسبی و بازاڕو چاندن و بازرگانی نەبوون، هەروەها ئەوانەی لە غەزادا بریندار بوو بوون و ئێستا پەککەوتە کەوتوون هەموو ئەمانە نەدارو هەژارو موحتاجن و موستەحەقی یارمەتین ئەمانە کەئیلحاح لە داواکردن ناکەن و نەزان وادەزانێت هەیانە کە خەڵکی پەی بە حاڵیان نابات و نازانن کە موحتاجن ئەمانەو هاوشێوەیان شایانترین پۆلی خەڵکی موحتاجن کە زەکاتیان پێ بدرێت و هاوکاری بکرێن. ئەمانە ئەوانەن کە لە فەرموودەکەی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئاماژەیان پێکراوە کە لە ڕیوایەتی تری فەرموودەکەدا باسی زیاتریان دەفەرمووێت: (لَيْسَ الْمِسْكِينُ الَّذِي يَطُوفُ عَلَى النَّاسِ تَرُدُّهُ اللُّقْمَةُ وَاللُّقْمَتَانِ، وَالتَّمْرَةُ وَالتَّمْرَتَانِ، وَلَكِنِ الْمِسْكِينُ الَّذِي لَا يَجِدُ غِنًى يُغْنِيهِ، وَلَا يُفْطَنُ بِهِ فَيُتَصَدَّقُ عَلَيْهِ، وَلَا يَقُومُ

---

[١] تەفسیری ئیبنوکەثیر (٣٢٤/١).

فَيَسْأَلُ النَّاسَ) متفق عليه.[١] واتە: هەژارو موحتاج ئەو کەسە نیە کە پارووپەك یان دوو پاروو دەنکێك خورما یان دوو دەنك دەیگێڕێتەوەو دەڕوات. بەڵکو ئەو کەسەیە کە ئەوەندەی نیە بەسیبێت و داوا نەکات، کە خەڵکیش پەی پێ نابەن و ئاگایان لە حاڵی نابێت تاخێری پێبکەن و خۆشی داوا لە خەڵك ناکات. ئا ئەوە ئەو نەدارو موحتاجەیە کە شایانی هەموو جۆرە یارمەتیدانێکە کە خەڵکی بەحاڵی نازانن و لێی بێ ئاگا دەبن بۆیە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ موسوڵمانانی لێ ئاگادار دەکاتەوە. وەسەرەنجیان بۆ لای ڕادەکێشێت تا بیریان لێ بکەنەوەو لە زەکات و خێراتیان مەحرومیان نەکەن..خەڵکانێکی ئێجگار زۆر لە ناو موسوڵماناندا وا دەبن کە خەڵکی یان هیچ ئاگایان لێنابێت یا وادەزانن هەیانەو خۆیان دەیانەوێت زاهیدانە بژین!ئەمانە لە هەموو سەردەمێکدا زۆرن بە تایبەتی لەم سەردەمەی ئێمەدا کە بە ملیۆن خەڵکی هەن کە بەخێوکارەکانیان نەماوە یان پەکیان کەوتووە (یان هەڵهاتوون، یان زیندانىن، یان خێزانیان زۆرەو دەرامەتیان کەمە).[٢]

لە ئیمامی ئەحمەدیان پرسی کەکابرایەك خانووی هەیەو تێیدا دەژی زەوی و زاریشی بایی دەهەزار درهەم کەمتر یان زیاتر هەیە بەڵام بەشی ناکات؟ فەرمووی لەزەکات بۆی تەواو دەکرێت.[٣]

پێشتریش لە شێخ حەسەنی بەسریان پرسی کە کەسێك خانوو خزمەتکاری هەیە، ئایا زەکاتی دەدرێتێ؟ فەرمووی: ئەگەر موحتاج بوو وەردەگرێت و هیچی لەسەر نییە.[١]

---

[١] بوخاری (١٤٠٦)، موسلیم (١٠٣٩).
[٢] لە ساڵی ٢٠٠٤دا نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاندکە ئەو کەسانەی وان لەژێر هێڵی هەژارییەوە (ئەوانەی رۆژانە یەک دۆلاریان دەست ناکەوێت) ژمارەیان یەک ملیار کەسە. لە تەمموزی ساڵی ٢٠١٤ دا رایگەیاندەوە کە ژمارەی ئەو هەژارانە بووە بە یەک ملیارو دووسەد ملیۆن کەس!!
[٣] المغني مع الشرح الكبير (٢/٥٢٥).

- شافیعیەکان دەفەرموون: ئەگەر خانووی هەبوو، بەڵام دەسکەوتی بژێویەکەی بەشی نەدەکرد، ئەوە نەدارەو یان هەژارەو لە زەکات دەیدرێتێ و داوای لێناکرێت خانووەکەی بفرۆشێت.[2]

- مالیکیەکان دەفەرموون: دەشێت کەسێك نیصابی زەکاتدانی هەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ماڵ و منداڵی زۆرەو زەکاتی دەدرێتێ ئەگەر چی خزمەتکارو خانووی شیاویشی هەبێت.[3]

- حەنەفییەکان دەفەرموون: کەسێك خانووی خۆی هەیە بەڵام ئەوە ڕێ لەوە ناگرێت زەکاتی بدرێتێ، تا کەلوپەلی ماڵ و خزمەتکارو چەك و ئەسپیشی مسۆگەر بێت، چونکە پۆشاکی دابین ببێت، هەروەها کتێبی زانست، ئەگەر خوێندکار یان ئەهلی عیلم بوو.. بەڵگەشیان ئەوەیە کەلە حەسەنی بەسرییەوە ڕیوایەت کراوە کە (كَانُوا يُعْطُوُنَ الزَّكَاةَ لِمَنْ يَملِكُ عَشرَةَ آلافَ دْرهَم مِنَ الفرْسِ وَالسِلاحِ وَالخادَمِ وَالدَّار) کە دەفەرمووێ (کانوا) مەبەستی لە یاوەرانی پێغەمبەری خوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە ئەم شتانەیان بۆ هەموو کەسێك دابین دەکرد چونکە ئیحتیاجاتی مرۆڤە.[4]

---

[1] ئەبوعوبەیدە: الأموال (ل٥٥٦).

[2] ئیمامی نەوەوی: المجموع (١٩٢/٦). لە رۆژئاوا ئەگەر خانوو سەیارەی هەبوو هیچی نادەنێ و دەڵێن ئەوانە بفرۆشەو پێی بژی، کە تەواوبوون شایانی یارمەتی دەبیت.

[3] شرح الخرشي وحاشية العدوي على الخليل (٢١٥/٢).

[4] کاسانی: بدائع الصنائع (٤٨/٢).

كەوابوو مەبەست لە كەسی موستەحەققی زەكات ئەوە نییە كە هەژار بێت و هیچی نەبێت، بەڵكو ئەو كەسانەش كە هەیانەو بەشیان ناكات، یان ئەوەندەیان نییە كە هەموو ئاتاجییەكیان دابین بكات.

## خاڵی دووەم: كەسی بە تواناو كاسب زەكاتی پێناشێت:

لە كاتێكدا كە پشكی (بەس) بوونی زەكات دەدرێتە موحتاجان بە برێكی وا كە بەشی خۆی و ماڵ و منداڵی بكات، ئەمە مانای وانییە ئیسلام لێبگەرێت خەڵكی لەبەر سایە پاڵدەنەوەو بڵێن موحتاجین تا لەسەر سامانی زەكات بژین. چونكە زەكات بە كەسی لەش ساغ و بە توانای بژێوی پەیداكردن ناشێت..ئەمە دەتوانێت خۆی و ماڵ و منداڵی بەخێو بكات، ئەگەر بێكارە دەخرێتە سەركار، ئەگەر نازانێت فێر دەكرێت ئەگەر دەیەوێت پیشەیەكی شیاو بگرێتە دەست یارمەتی دەدرێت، ئەمما گەنجەو توانا بە خۆیەو خۆی بێكار دەهێڵێتەوە تا زەكات وەربگرێت!ئەمە نابێت -ئەمە ئەو هەڵەیەیە كە هەندێ كەس-بە تایبەتی لە ناحەزانی ئیسلام -دەڵێن ئیسلام بێكاری پێ پەسەندەو دەیەوێت بە ناوی خوا پەرستیەوە -خەڵكی سست و تەمەڵ بكات و ووزەو توانایان پەك بخات!ئەمە دید لێڵی و رێ وێڵییە، چونكە بە هیچ كلۆجێك لەگەڵ دەقەكانی ئیسلامدا یەك ناگرێتەوە..

- ئەركە لەسەر هەموو كەسێكی بە تواناو لێزان كار بكات و بژێوی خۆی و ماڵ و منداڵی مسۆگەر بكات، یارمەتی دەدرێت فێر دەكرێت، هان دەدرێت، بەڵام ژیان و ماڵی بۆ ناكرێتە تەمەڵخانە و چاوەڕێ بێت پاروو بكرێت بە دەمییەوە! نا، دەخرێتە سەر كارێك كە رۆزی و بژێوی خۆی پێ دابین بكات، تا بە عارەقی ناوچاوان و لەپی زبری خۆی نان پەیدا بكات. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێ: (مَا أَكَلَ أَحَدٌ طَعَامًا قَطُّ خَيْرًا مِنْ أَنْ

يَأْكُلَ مِنْ عَمَلِ يَدِهِ).[١] واته: خۆراکی هیچ کەسێك ئەوەندە چاك و پەسەند نییە بە قەدەر خۆراکی ئەو کەسەی خۆی بە دەستی خۆی پەیدای کردووە. لە بەر ئا ئەمەیە کە دەبینین پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئاشکراو ڕاشکاو دەفەرمووێ: (لَا تَحِلُّ الصَّدَقَةُ لِغَنِيٍّ، وَلَا لِذِي مِرَّةٍ سَوِيٍّ).[٢] واتە: زەکات نە بۆ دەوڵەمەند دەشێت نە بۆ لەش ساغی بە توانا.

المِرَّةٍ: هەبوونی هێزو تواناو زانینە. السَوِيٍّ: لەشساغییە.

ئەو هێزو تواناو زانینە سوودی چییە کە نابێتە ووزەی کار کردن، نابێتە مایەیی خۆ بەخێو کردن، خۆ هێزو توانا کەس پۆشتە ناکات کەس تێر ناکات ئەگەر کاری پێنەکرێت، زانینی پیشە چیە ئەگەر ئیشی پێ نەکرێت؟. ئیمامی نەوەوی دەفەرمووێ:(ئەگەر بە تواناو کاسبکار کەسی دەست نەکەوت بیخاتەسەر کارو کاسبی زەکاتی پێ دەشێت، چونکە کەوتۆتە خانەی ناتواناوە).[٣]

ئەو فەرموودەی پێشوو باسی بە تواناو لەش ساغی کرد فەرموودەی تر هەیە کە باس لە کاسبیکردن دەکات:

---

[١] بوخاری (١٩٨٨) دەق هەموو فەرمودەکە لای بوخاری ئەمەیە: (عَنِ الْمِقْدَامِ بْنِ مَعْدِي كَرِبَ صَاحِبِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، أَنَّهُ حَدَّثَهُ، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَ: (مَا أَكَلَ أَحَدٌ طَعَامًا قَطُّ خَيْرًا مِنْ أَنْ يَأْكُلَ مِنْ عَمَلِ يَدِهِ. قَالَ: وَكَانَ دَاوُدُ لا يَأْكُلُ إلا مِنْ عَمَلِ يَدِهِ).

[٢] نووسەر:(هەر پێنجیان و ترمذي بە حەسەنی داناوە). ڕاستە: ئەبوداوود (١٦٣٣)، ترمذي (٦٥٢)، ئیبنوماجە (١٨٣٩)، ئەحمەد (١٦٨٥٩). ئەلبانی رحمەالله لە (إرواء الغليل/٨/٨٧٧)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[٣] المجموع (١٩١/٦).

- عوبەیدواللەی كوڕی عەدی ئەلخیار(عُبَيْدُ اللَّهِ بْنُ عَدِيِّ بْنِ الْخِيَارِ) دەگێڕێتەوە: (أَنَّ رَجُلَيْنِ، حَدَّثَاهُ أَنَّهُمَا، أَتَيَا رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَسْأَلاَنِهِ مِنَ الصَّدَقَةِ فَقَلَّبَ فِيهِمَا الْبَصَرَ فَرَآهُمَا جَلْدَيْنِ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ "إِنْ شِئْتُمَا وَلاَ حَظَّ فِيهَا لِغَنِيٍّ وَلاَ لِقَوِيٍّ مُكْتَسِبٍ).[١] واتە: دوو كەس هەواڵیان دامێ كەچوونەتە خزمەتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و داوای زەكاتیان لێكردووە، جەنابیشی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چاوی بەقەدو باڵایاندا گێڕاوەو دیتوونی دووكەسی بەخۆو بە توانان، بۆیە پێی فەرموون: ئەگەر هەرحەز دەكەن دەتاندەمێ، بەڵام پشكی كەسی دەوڵەمەندو كەسی بە تواناو كاسبكاری تێدا نیە..

لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حەقیقەتی حاڵ و ڕاست و ناڕاستی ناخ و قسەكەیان نازانێت سەرپشكی كردن لەوەی كە دەتوانێت زەكاتیان بداتێ، بەڵام دەبێ خۆیان ئەوە بزانن كە  زەكات نە بۆ دەوڵەمەندەو نە بۆ بەتواناو كاسبكار، چونكە بینینی لەش ساغ و بەخۆو توانای كاروكاسبیكردنیان هەیە، دەشبیستێت كە دەڵێن موحتاجین و زەكاتمان دەوێت، لەمەشدا ناتوانێت نە بە درۆیان بخاتەوەو نە بە ڕاستگۆیان دابنێت بۆیە هەرخۆیانی خستەوە بەرهەستی بەرپرسێتی لای خوای گەورە.

شەرعناسان لەو ئاڕاستانەی لەم فەرموودانەوە وەریان گرتووە، ئەوەیە كە فەرموویانە: كار بەدەستی زەكات، یان خاوەن كار، ئەگەر حەقیقەتی بارودۆخی داواكاری زەكاتی نەدەزانی چۆنە، پێویستە ئامۆژگاری بكات و بەرپرسێتی ڕەفتاری خۆی بخاتەوە

---

[١] نووسەر: (ئەبوداوودو نەسائی و ئیمام ئەحمەد كە دەفەرموێ: (ما أجوده من حديث) واتە: ئای چ فەرموودەیەكی چاكە. ئیمامی نەوەویش لە (المجموع ١٨٩/٦)دا دەفەرموێ: سەحیحە، مونزیریش لە (مختصر السنن ٢٣٣/٢)دا لێی بێدەنگ بووە). ڕاستە.  ئەبوداوود (١٦٣٣)، نەسائی (٢٥٩٨). ئەلبانی رحمەاللە لە (إرواء الغليل٣٨١/٣)دا دەفەرموێ: سەحیحە. قەولەكەی ئیمام ئەحمەدیش بە زیادەیەكیەوە _وەكو ئیمامی زەیلەعی لە (نصب الراية/٤٠١/٢)دا هێناویەتیەوە_ ئەمەیە: (ما أجوده مِن حديث هو أحسنها إسنادًا).

بەرچاوی و پێی ڕابگەیێنێت کە زەکات نە بە دەوڵەمەند دەشێت و نە بە کەسی بە تواناو کاسبکار..[1] مەبەست لە توانای کاسبیکردنەکە، توانای تەواوی خۆ بەخێوکردن و بژێوی (بەس) پەیداکردنە، ئەگەر نا موستەحەققی زەکاتن..ئەمما خودی نەتوانین بۆ خۆی سیفەتی موستەحەق بوونە، هەروەکو ئەو کەسانەی نەخۆشی موزمین (بەردەوام)یان هەیە یان پەککەوتەن یان نوقسانن..ئەمانەو هاوشێوەیان (وەکو زۆر قەڵەو یان زۆر لات) موستەحەقی زەکاتی تەواویانن. ئیمامی نەوەوی دەفەرمووێ: مەبەست لە توانای کاسبیکردنیش کاسبییەکە کە لایەقی کەسایەتی و جوامێری کەسەکەش بێت، ئەمما ئەگەر لایەقی نەبوو دەچێتەوەسەر حوکمی نەتوانین).[2]

کەوابو حوکمی فەرموودەکە زەکات نەدانە بە کەسی بە تواناو کاسبکار بە گشتی، ئەوانەی سستی و تەمەڵیان پێ چاکترە لە ماندوو بوونی کاسبی و بژێوی پەیداکردن لە کاتێکدا کە هەلی ڕەخساوی کاسبی لایەقیان بۆ دەڕەخسێت. کە لە داب و نەریتی خەڵکی ناوچەکەدا کارەکە شیاوو لایەقێتی.

__پوختەی بۆچوونەکە:__

هەر کەسێك توانای کاسبیکردنی هەبوو، شەرع داوای لێ دەکات کە کار بکات و بژێوی خۆی و ماڵ و منداڵی دابین بکات. ئەگەر کەسێك لە بێ توانایی زاتیانەی خۆیەوە نا توانا بوو، وەکو منداڵ و ئافرەت و پەککەوتە (بۆ هەندێك کارو پیشە) یان لەبەر نەخۆشی و نوقسانی و پیرێتی، یان بە تواناو کاسبکارە بەڵام بوارێکی کارو حەڵاڵ لایەق بە خۆی دەست نەکەوتووە، یان دەستی کەوتووە بەڵام پارەکەی کەمە و بەشی خۆیی و ماڵ و

---

[1] ئیمامی شەوکانی: نیل الأوطار (١٧٠/٤).
[2] المجموع (١٩٠/٦).

منداڵی ناكات، یان بەشی زۆر شتی دەكات بەڵام موحتاجی هەندێك پێداویستی تری دەمێنێت، هەموو ئەمانە زەكاتیان پێ دەشێت و شەرع ڕێ لە زەكات پێدانیان ناگرێت و ئەوانیش هەق نییە هەست بە نارەحەتی بكەن لەوەی زەكات وەردەگرن. ئەمە ئەحكامی شەریعەتی خوایە، ڕۆشنەو ئاشكراو ڕاشكاو، پارسەنگ و پڕدادو یەكسانی، پڕ سۆزو بەزەیی ئەمما پرنسیپە ماددیەكانی ئەو ستەمكارانەی دەڵێن: (مَنْ لَا يَعْمَلْ لَايأكُلْ) ڕێسایەكی ناسروشتی و بێ بەزەییە، یاسایەكی بێ ڕەوشت و لاسەنگە، دیدێكی نامرۆییەو لە جیهانی ئاژەڵان و باڵندەشدا شتی وانییە..لە جیهانی ئەوانیشدا بەهێزو تواناكان خەمی لاوازەكانیان لەبەرەو بەخێویان دەكەن، چما ناتانەوێت مرۆڤایەتیتان بگاتە ئاستی ئاژەڵ و باڵندەش؟..

## خاڵی سێیەم: لێبڕاوان بۆ خوا پەرستی موستەحەققی زەكات نین!

شتێكی زۆر سەیرە بەڵام پەسەندو بەجێیە كە شەرعناسان فەرموویانە ئەگەر كەسێكی لەش ساغ و بە توانا كە هەلی كاسبی كردنی بۆ ڕەخسا بێت، بەڵام لەبەر لێبڕان (موتەفەریغ بوون)ی بۆ خوا پەرستی نەكەوتبێتە سەر كاسبیەكەو خەریكی نوێژو ڕۆژو خوا پەرستی خۆی بێت، ئەمە زەكاتی پێ ناشێت، چونكە وەكو هەر لەش ساغ و بە توانایەكی تر فەرمانی كاسبیكردنی پێدراوە، بەڵام ئەم وەلی كردووەو كەوتۆتە (خەڵوەت)ەوە بۆ خوا پەرستی.. خەڵوەتگیریش لە ئیسلامدا نییە: (لاَ رَهْبَانِيَّةَ فِي الْإِسْلاَمِ).[1] واتە: خەڵوەتگیری -بۆ خواپەرستی وەكو ئەوەی كە (راهیب)ی مەسیحیەكان دەیكەن كە دەچنە ئەشكەوتێك و بە تەنها دەكەونە خواپەرستی- ئەوە لە ئیسلامدا نییە.. كاسبیكردن

---

[1] نووسەری رەحمەتی هیچ ئاماژەیەكی بە سەنەدەكەی نەكردووە، زۆریش لە فەرموودەوانان فەرموویانە كە زەعیفە. بەڵام ئەلبانی رحمەالله دەفەرموێ: داریمی (٢/١٣٢) هێناوێتیەوە، ئیسنادەكەی باشە، پیاوانی ریوایەتەكەی پیاوانی بوخارین جگە لە ئیبنوئیسحاق. بەڵام فەرموودەكە ریوایەتی تریشی لە خاتووعائیشەوە هەیە خوا لێی رازی بێت وەكو لە (إرواء الغليل/٢٠٧٥)دا روونم كردۆتەوە. لە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة/٣٩٤)شدا دەفەرموێ: سەحیحە.

لەم خەڵوەتگیرییە چاكترە، مادام لە بواری حەڵاڵیدایەو نییەتی بۆ خوایە بە خواپەرستی بۆی حسێب دەكرێت.

**بەڵام زەكات لە لێبڕاوانی خوێندن دەشێت:**

ئەمما ئەگەر كەسێك بۆ فێربوونی زانستێكی بەسوود لێبڕا و نەیدەتوانی هەم بخوێنێت و هەم كاسبی بكات، زەكاتی بەو ئەندازەیە دەدرێتێ كە پێداویستیەكانی (سوكنایی و بژێوی و پۆشاك و ئامێرو كتێبی خوێندنی) بهێنێتە جێ و پێداویستی نەمێنێت، بە تایبەتی كتێب و ئامێرەكانی فێربوون كە دیارە بەرژەوەندی دین و دنیایی دەهێنێتەدی.[1] چونكە خوێندكاری زانست فەرزی كیفایە دەهێنێتە جێ.[2] و بەرهەمی خوێندنەكەی بە تەنها بۆ خۆی نابێت، بەڵكو بۆ سەرجەم ئوممەتە، بۆیە مافی خۆیەتی لە سامان و زەكاتی ئوممەتەكەی بدرێتێ، چونكە لە لایەكەوە موسوڵمانێكی موحتاجی لە لایەكی ترەوە موسوڵمانان موحتاجی ئەو دەبن..

هەندێك لە شەرعناسان فەرموویانە: ئەو خوێندكارەی زەكاتی پێ دەشێت مەرجە زیرەك بێت و ئومێدی دەرچوونی لە پۆل و قۆناغەكانی خوێندندا هەبێت، دەنا پێی ناشێت چونكە توانای كاسبیكردنی هەیە..[3] ئەمە بۆچوونێكی جوان و پەسەندە، دەشبینیت دەوڵەتانی جیهان كردوویانە بە یاسا.. لە وڵاتانی پێشكەوتوودا كە خوێندكار شایانی

---

[1] فەرزی عەین ئەو فەرزانەن كە لەسەر یەكیەكی موسوڵمانان فەرزە وەكو نوێژ و رۆژوو و ئەوانی تر. بەڵام فەرزی كیفایە لەسەر سەرجەمی ئوممەتەكە فەرزە. ئەگەر كەسانێک ئەنجامیاندا بەو شێوەیەی كە فەرزەكەی پێهاتبێتەدی، ئەوە ئیتر فەرزێتییەكەی لەسەر شانی هەموان لا دەچێت، ئەگەر كەمتەرخەمییان نواند یان كەمبوون، هەموو موسوڵمانانی ئەو كات و شوێنە گوناحبار دەبن. ئەمە وەكو زانینی زانستی تەجویدو میرات و هیتر، یان بانگدان و نوێژی جەنازە..

[2] المجموع (٦/١٩٠_ ١٩١).

[3] لە وڵاتانی رۆژئاوا ئەگەر قوتابی ئەو ساڵە دەرنەچوو پارەكەی لەسەر دەبێتە قەرزو سووشی دێتە سەر كە هەر دەبێت كە تەعین بوو یان پارەی هاتە دەست قەرزەكەی بداتەوە.

یارمەتی دارایی دەوڵەت دەبێت دەیکەنە مەرج لەسەری کە دەبێت دەرچێت و خوێندنەکە تەواو بکات. جا خوێندنەکە لە ناو ووڵاتەکەی خۆیدا بێت یان نێردرابێتە خوێندنی دەرەوە.

## خاڵی چوارەم: چەند دەدرێتە موستەحەققانی زەکات؟

بۆ ئەوەی وێنەکەمان بە تەواوی لەبەر چاو بێت و بزانین زەکات چەند کاریگەرە لە نەهێشتنی نەداری و هەژاریی و دەسکورتیدا، دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارە گشتگیرانە بدەینەوە کە دەڵێ: چەند دەدرێتە موستەحەققانی زەکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەو هەڵە جێگیرە لە دیدو زەینی خەڵکیدا دەگۆڕێت کە وادەزانن زەکاتدان هەر ئەوەندەیە کە دەوڵەمەندێك چەند دراوێك یان کەلوپەلێك دەخاتە دەستی هەژارێکەوە!یان فەردەیەك گەنم یان ئارد یان شتێکی تر کە ئاهێکی لە برسێتی تا مانگێك یان دوو مانگ پێدابهێنێتەوەو تێر بژی!پاشان دێتەوەسەر هەژاری و دەسکورتیەکەی جارانی و ئاوا کولە مەرگی دەژی تاکاتی زەکاتی داهاتوو دێتەوە.. ئاوا دوای ئەو مانگ و دوو مانگە دەکەوێتەوە سواڵ یان چاوی لە دەستی خەڵکی دەبێت و دەکرۆزێتەوە!ئەمانە ئاوا لە زەکات حاڵی بوون دەڵێن زەکات وەکو حەبێکی ئازار شکێنەو بەس، چونکە ئازارەکە بنبڕ ناکات، چونکە چارەسەر نەکراوە..

کاتێك سەرنج لەدەقە شەرعیەکانی بابەتی زەکات دەدرێت هەرزوو چەوتی ئەم دیدوڕاو بۆچوونانە دەردەکەوێت دڵنیا دەبێت کەئەو دیمەنەی لەهۆش و زەینی خەڵکیدایە دەربارەی زەکات هیچ پەیوەندیەکی بە زەکاتەکەوە نییە.. ئەو دیمەنی سواڵکردنی

سەرجادەکان و خێر پێکردنی خەڵکەکەیە کە ئیلغاکردنەوەی ڕەسمێتی زەکات دروستی کردووە بڕوانە دیدو تێڕوانین و بۆچوونی مەزهەبەکانی شەرع دەربارەی ڕادەو بڕی زەکات کە دەبێت بدرێتە موستەحەققانی:

**بۆچوونی یەکەم: ئەوەندەی دەدرێتێ کە هەژارنەمێنێت:**

واتە تا تەمەنی هەیە نەکەوێتە هەژاری..ئەمە دیدو بۆچوونێکە زیاتر لەگەڵ دیدو ڕێی شەرعدا دەگونجێت کە هەمووی دادو یەکسانییە، لەگەڵ بەزەیی سۆزی گشتی ئیسلامەکەدایە -ئەم بۆچوونە دەفەرمووێ: دەبێ ئەوەندەی بدرێتێ کە هەژار نەکەوێتەوە، ئەگەر هەژار کەوتەوە مانای وایە دیاردەی نەداریی و هەژارییەکە چارەسەر ناکرێت و موحتاجێتی لە کۆمەڵگەدا هەر بەردەوام دەبێت و قەڵاچۆ ناکرێت.

- ئیمامی نەوەوی رحمه الله لە کتێبی (المجموع)ەکەیدا دەفەرمووێ: خاڵی دووەم: دەربارەی ئەو بڕە زەکاتەی دەدرێتە نەدارو هەژار: یاوەرانی ئێمە (شەرعناسانی مەزهەبی شافیعی مەبەستە) لە شەرعناسانی عێراق و زۆرینەی خۆراسانیەکان دەفەرموون: دەبێ ئەوەندەیان بدرێتێ کە سیفەتی هەژارییان نەمێنێت و بزانرێت کە دەوڵەمەند بوون. ئەمەش بەوە دەبێت کە (بەسێتی)یەکەی بەردەوام بمێنێت. ئەمە دەقی بۆچوونی ئیمام شافیعی خۆیەتی کە شەرعناسانی مەزهەبەکەی ئەوەیان بۆ کردۆتە بەڵگە کە قوبەیسە (قبیصە)ی کوڕی مەخارلقی هیلالی خوای لێ ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (لا تَحِلُّ الْمَسْأَلَةَ إِلاَّ لأَحَدِ ثَلاثَة: رَجُل تَحَمَّلَ حَمَالَةً فَحَلَّتْ لَهُ الْمَسْأَلَةُ حَتَّى يُصِيبَهَا ثُمَّ يُمْسِكُ، وَرَجُلٌ أَصَابَتْهُ جَائِحَةٌ اجْتَاحَتْ مَالَهُ فَحَلَّتْ لَهُ الْمَسْأَلَةُ حَتَّى يُصِيبَ قِوَامًا مِنْ عَيْش - أَوْ قَالَ : سِدَادًا مِنْ عَيْش- ، وَرَجُلٌ أَصَابَتْهُ فَاقَةٌ حَتَّى يَقُوم ثَلاثَةٌ مِنْ ذَوِي الْحِجَا مِنْ قَوْمِهِ لَقَدْ أَصَابَتْ فُلانًا فَاقَةٌ، فَحَلَّتْ لَهُ الْمَسْأَلَةُ حَتَّى يُصِيبَ قِوَامًا مِنْ عَيْش - أَوْ قَالَ : سِدَادًا مِنْ عَيْش-، فَمَا سِوَاهُنَّ مِنَ الْمَسْأَلَةِ يَا قَبِيصَةُ سُحْتًا

يَأْكُلُهَا صَاحِبُهَا سُحْتًا) موسلیم.[١] واتە: داواکردنی زەکات تەنها بۆ سێ پۆل کەس جائیزە: کەسێك بەڵایەکی بەسەردا هاتووە (کە هیچی نەماوە یان بەشی بەسێتی نەماوە) ئەمە بۆی هەیە داوا بکات تا ژیانی پێ دادەمەزرێنێتەوە یان ژیانی پێ پارسەنگ دەکاتەوە. کەسێکی تر هەژارییەکی بەسەردا هاتووە، ئەوەندە وەردەگرێت کە ژیانی خۆی پێ پارسەنگدەکاتەوە. کەسێکی دەسکورت کە سێ کەس لە قەومەکەی (خزمان) خۆی شاهیدی بۆ بدەن کە فڵانە کەس تووشی دەسکورتی و هەژاری بووە. ئەمەش بۆی هەیە زەکات ئەوەندە داوا بکات تا ژیانی پێ دادەمەزرێنێتەوە. یان ژیانی پێ پارسەنگدەکاتەوە. هۆ قوبەیسە، غەیری ئەمانە هەر کەسێك داوای سامانێک بکات (کە موحتاجی نییە)ئەوە داوای حەرامی کردووە کە دڵنیایە حەرامەو خواردنی جائیز نییە.

یاوەرانمان (شافیعیەکان) دەفەرموون: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ -وەکو لەو فەرموودەدا دەردەکەوێت بواری داواکردنی زەکاتی بۆ ئەو کەسە دەسکورتانە کردەوە کە ئەوەندە وەربگرن تا پێداویستیان نامێنێت ئەمەش بەڵگەی ئەو بۆچوونەمانە کە ووتمان.

دەفەرموون: ئەگەر پێشتر خاوەن پیشە بوو -ئامێری کاسبیکردنەکەی فەوتابوو- ئەوەندەی دەدرێتێ تا دەکەوێتەوە سەر پیشەکەی جارانی، جا نرخی ئەو ئامێرە کەم بێت یان زۆر دەبێ بۆی قەرەبوو بکرێتەوە. دەبێ ئەوەندەش ببێت کە بتوانێت بەشی (بەسێتی) پارە پەیدا بکات نەك هەر پێویست بمێنێت، حەتمەن پیشەی خەڵکی جیاوازەو قەرەبووکردنەوەی ئامێرە فەوتاوەکانیش جیاوازی دەبێت لە بڕو چۆنێتیدا. تەنانەت لەم ڕەچاوکردنی جیاوازی پیشانەدا دەبێت جیاوازی کات و شوێن و عورفی بازاڕەکەش ڕەچاو

[١] موسلیم (١٠٤٤).

بکرێت. کۆمەڵێك لە شەرعناسانی یاوەرانمان تەفسیلاتی هەندێك شتیان بە نموونە هێناوەتەوە:

- ئەو کەسەی پاقلە فرۆش بووەو کارەساتی بەسەردا هاتووە (٥ - ١٠) درهەمی دەدرێتێ.

- ئەوکەسەی زێڕنگەر بووە (١٠,٠٠٠) دەهەزار درهەمی دەدرێتێ، مادام کەمتر لەو بڕە کارەکەی پێ هەڵنەسوڕێنێتەوە.

- هەر کەسێکیش بازرگان بوو یان نانەوا، یان عەتار (سۆپەر مارکێت/دوکاندار) یان سەڕڕاف (مامەڵەوانی پارە) هەریەکەیان بە گوێرەی پێداویستی پیشەکەیان زەکاتیان پێ دەدرێتەوە تا بکەونەوە سەر پیشەکانی جارانیان.

هەر کەسێك قەساب بوو یان بەرگ دروو یان دارتاش یان ئەهلی پیشەیەکی تر، لە زەکات ئەوەندەی پێ دەدرێتەوە کەهەموو ئامێری کەسابەتەکەی پێبکڕێتەوە وەکو جارانی لێبێتەوە.

- ئەگەر جوتیارو سەپان و وەرزێرو پاڵەو ئەهلی چاندن بوو تووشی نەهامەت هاتبوو، ئەوەندەی دەدرێتەوە کە بکەوێتە سەر پێی خۆی، جا زەوی و زاری بدرێتەوە (یان بۆی چاکبکرێتەوە) یان ئامێرەکانی بۆ بکڕێتەوە یان پارەی دانەوێڵەو تۆوی بۆ بدرێتەوە..دەبێ بچێتەوە حاڵەتی جارانی.

یاوەرانمان دەفەرموون: ئەگەر خاوەن پیشە نەبوو، یان کارێکی نەدەزانی یان ئامێری لە دەست نەچوو بوو، بازرگانیش نەبوو، یان ئەهلی سەوداو مامەڵەو بازاڕ نەبوو، یان هیچ کاسبیەکی پێ نەدەکرا، دەبێت بەشی (بەسێتی) ژیانی بدرێتێ تا بژێوی تەمەنی مسۆگەر بێت. بە قەدەر کەسانی کاسبکار هاوشانی خۆی لەو ناوچەو وولاتەدا. دەبێ ڕادەی زەمانی

بژێوی ساڵێکی بۆ دیاری بکرێت و ببێته پێوەر، یان بۆ نموونە خانوویەکی بۆ بکرێت کە بیدات بە کرێ و لەسەر کرێکەی بژی.[١]

ئەمە بۆچوونی ئیمامی شافیعی و پێشەوایانی شەرعناسی مەزهەبەکەیەتی..

لە ئیمامی ئەحمەدیشەوە ڕیوایەت کراوە کە دەی فەرموو: هەژار دەبێت بەشی (بەسێتی) تەواوی خۆی بدرێتێ جا بە دوکانێك بێت یان بە ئامێرێکی کاسبیکردن یان هاوشێوەیان..ئەمە بۆچوونی پێشەوایانی شەرعناسی مەزهەبەکەی ئەویشە رحمه الله.[٢]

ئەمانە بۆچوونێکن ئێمە نەمان ووتوون، بەڵکو پێشەوایانی ئیسلام و شەرعناسی ئوممەت فەرموویانە کە پشتیان تێیدا بە دەقە شەرعیەکان بەستووە بە پێی ڕێساو بنەماکانی ئیسلام ڕۆحی دادپەروەرانەی دینەکە دایانڕشتوون ئەمانە بۆچوونێکن کێبڕکێی خۆر دەکەن لە ڕووی ڕۆشتنیدا دەیسەلمێنن کە ئیسلام سوورە لەسەر بنبڕکردنی نەداری و هەژاری و دەسکورتی و زەکاتەکەشی زەمانەتە..

*** ئەوەندە زەکاتیان بدەنێ بە سیان بێت:**

ئەمە بۆچوونی دادپەروەرانەی سەیدنا عومەری کوڕی خەتابە خوا لێی ڕازی بێت، ڕەمزی دادو یەکسانی و ئەمانە.

---

[١] المهذب وشرحه: المجموع (١٩٣/٦_١٩٥). ئەم پێشەوا بەڕێزانە ئەو فەتوایانەیان بۆ زەمانی خۆیانداوە کە هەموو کەسێک مووچەی خۆیی نەبووەو ئیمامی مزگەوتەکان ڕۆڵی (ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەم سەردەمەیان) بینیووە، بە خەمی ئوممەتەکەوە بوون و موراقەبەی کاربەدەستانیان کردووەو ئەرکی ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگەکەیان لە ئەستۆدا بووە.. بێگومان ئەمانە لەم سەردەمەدا ئاسانتربوون. ئەو نموونانە دەکرێنە مووچەیەکی بەسی مانگانە.
[٢] الإنصاف (٣٣٨/٣).

ئەمە دەقی ئەوە کە بە والیەکانی دەفەرموو: (إِذَا أَعْطَيْتُمْ فَأَغْنُوا).[١] واتە: کە زەکاتان دانێ ئەوەندەیان بدەنێ (بەسیان) بێت، لە هەموو ماوەی حوکمڕانی خۆشیدا کە (١٠ ساڵ) بوو ئەوەی کردبووە دروشمی سیاسیەتی دارایی خۆی کە (هەژار دەوڵەمەند بکرێت بە زەکات) نەك هەر ئەوەندە لە کات و شوێنێکدا بڕێکی بدرێتێ کە پێداویستیە کاتییەکەی بهێنێتە جێ، بەڵکو ئەوەندەی بدرێتێ کە هەژارێتیەکەی بنبڕ بکرێت.

- کابرایەك هاتە خزمەتی سەیدنا عومەر خوا لێی ڕازی بێت و سکاڵای باری ژیانی خۆی لاکرد، جەنابیشی سێ حوشتری پێدا تا لە هەژاری ڕزگاری بکات..حوشتر لەو زەمانەدا بەنرخترین سامان بوو (وەکو سەیارەی کرێی/ تەکسی بوو)..

- سەیدنا عومەر خوا لێی ڕازی بێت بە کار بەدەستانی دەوڵەتەکەی خۆی، بە تایبەتی بە والیەکان و ئەهلی زەکات کۆکردنەوەو دابەشکردنەوەو بەرپرسانی بەیتوالمالی دەفەرموو: (كَرِّرُوا عَلَيْهِمُ الصَّدَقَةَ، وَإِنْ رَاحَ عَلَى أَحَدِهِمْ مِائَةٌ مِنَ الإِبِلِ).[٢] واتە: زەکات پێدانیان بۆ دووبارەو سێ بارە بکەنەوە، ئەگەرچی بشگاتە سەد حوشتر بیدەنە یەکێکیان!

- لەسەر مینبەریش ئەم سیاسەتە داراییەی خۆی بە هەموو خەڵکی ڕاگەیاندووەو فەرمووی:(لأُكَرِّرَنَّ عَلَيْهِمُ الصَّدَقَةَ، وَإِنْ رَاحَ عَلَى أَحَدِهِمْ مِائَةٌ مِنَ الإِبِلِ).[٣]

---

[١] نووسەر: ئەبوعوبەید: الأموال (ل٥٦٥). ئەلبانی رحمەاللە لە تەخریجی فەرموودەکانی (مُشْكِلَةُ الفَقْرِ وَكَيْفَ عَالَجَهَا الإِسْلَامُ ل/ ٤٧) دا دەفەرموێ: ئەبوعوبەیدە لە: (الأموال/١٧٧٦)دا هێناویتیەوە، بەڵام زەعیفە.

[٢] نووسەر بێ (عەزو) هێناویتیەوە. ئەوە سەرچاوەکەیەتی: ئیمامی ئیبنوحەزم (المحلى ٤٥٢/٦، المسألة ٧٢٥).

[٣] ئەبوعوبەید: الأموال (ل٥٦٥).

پێشەوای شەرعناس (عەطاء کوڕی ئەبورەباح) (قوتابی ئیبنوعەبباس خوا لێیان ڕازی بێت) دەیفەرموو: (ئەگەر هەموو بەیتوالمالی مسوڵمانان بدەنە کەسێك کە موحتاجییەکەی پێدەبرببێت، پێم چاکترە وەك لەوەی هەندێکی بدرێتێ.[١]

ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە پێشەوای هەرە زانای فیقهی دارایی لە ئیسلامدا عەللامە ئەبو عوبەید قاسمی کوڕی سلام لە کتێبە بە نرخ و نایابەکەیدا (ألأموال) بە پەسندترینی بۆچوونەکانی داناوە.

**<u>بۆچوونی دووەم: بەشی ساڵێکی دەدرێتێ:</u>**

بۆچوونی دووەم کە ڕای مالیکیەکان و جمهووری حەنبەلیەکانەو هەندێك شەرعناسی تریش ڕایان ئەوەیە کە بەشی ساڵێك بژێوی لە زەکات دەدرێتە نەداران و هەژاران، بەڕادەیەك کە (بەس) بێت بۆ خۆی و ماڵ و منداڵی، ئەمانە دەفەرموون ئەمە پەسەندترە وەك لەوەی بەشی بەسێتی هەموو ژیانی بدرێتێ..ئەمانەش لایەنگری ئەوە نین کەمتر لە ساڵێك بدرێت پێیان. چونکە دەفەرموون کە دەوترێت زەکات ئەوەندە دەدرێتێ کە (بەس) بێت،مەبەست لەوەیە کە بەشی ساڵێکی خۆی و منداڵەکانی بکات. چونکە دانانی بژێوی ساڵێك جگە لەوەی داب و نەریتی کۆمەڵگەکە بوو، سوونەتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ

---

[١] الأموال (ل٥٦٦).

عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كە لە كاتی هەبووندا وەكو ڕیوایەتی سەحیحی لەسەر هاتووە كە زەخیرەی ساڵێكی بۆ ماڵ و منداڵی دەخست..[١]

دانانی زەخیرەی ساڵ و دابینكردنی كە بۆ زەكات وەرگرتنی كە بوو بوو بە پێوەر لەبەر ئەوەبوو كە ساڵانە زەكات لە بەروبووم و حاسڵات و سامان دەردەكرا بۆیە ئەم پۆلە شەرعناسە دەیان فەرموو پێویست ناكات زیاتر لە ساڵ بۆ موستەحەققانی زەكات دابین بكرێت، چونكە ڕادەو بڕی زەكاتیش ساڵانە لە زیاد بوونی چەندێتی و جۆریدا بوو. هەروەها لە بەر ئەوەی لەوانە بوو پێداویستیەكانی ساڵانی داهاتوو زۆر بن و پشكە زەكاتی ساڵانی ڕابردوو بەشیان نەكات، یان لە ساڵانی داهاتوودا جۆری تری سامان دەهاتە سەر سندوقی زەكات.

هەروەها دەیان فەرموو مادام زەكاتدان بە دینارو درهەم دەدرێتە موستەحەققان كەوابوو پشكی ساڵانەكەیان پێ بدرێت باشترە نەك پشكی هەموو تەمەن و دوایی ڕەفتاری پارسەنگی تێدا نەكرێت و هەندێكی بە زیادە مەسروف بڕوات..ئەگەر بە تێكەڵەی نیصابی پارەو بەرهەمی كشتوكاڵی و كاڵای بازاڕیش بیاندرێتێ، لەوانەیە زیاتر بەرژەوەندیان بهێنێتەدی، چونكە دەشێت دوای ماوەیەك ئەم كەلوپەلانە بەگرانتر بفرۆشنەوەو بۆیان ببێتە دەست مایەیەكی كاسبیكاریی..گرنگ ئەوەیە كە یەكسەر لەحاڵەتە هەژارییەكە دەرهێنراون و خراونەتە حاڵەتی دەوڵەمەندییەوە.[٢]

## خاڵی پێنجەم: مەسروفی ژنهێنانی هەژاران لە زەكات دەردەچێت:

---

[١] بوخاری (٥٣٥٧).

[٢] شرح الخرشی علی متن الخلیل (ل٢١٥).

لوتکەی هۆشیاری و ترۆپکی هەستی بەرپرسێتیە کە شەرعناسانی ئیسلام پێش هەزاران ساڵ ئەحکامیان دارشتووە بۆدابینکردنی پێداویستیەکانی هەژاران، چونکە زانیویانە کە پێداویستی ژیان هەر بەردەوامبوونی ئەمان و خواراك و پۆشاك نییە، بەردەوام بوونی نەوە خستنەوەش کە زەروورەتێکی کۆمەڵگەیە، هەر زەروورەتێکی تاك و کۆی کۆمەڵگەو دەوڵەتە، تێرکردنی حەزی جنسی، وەکو تێرکردنی حەزی خواردن و خواردنەوەو پۆشاك و موڵکایەتی و هەبوونە، هەر کەسێك پێی دابینکرا بەرپرسێتی کۆمەڵگە مسوڵمانەکە لە زەکات بۆی دابین بکات، ئەمەش مافی تاك و ئەرکی سەرشانی کۆمەڵگەو دەوڵەتە. ئەم ماف و ئەرکە دەبێت جێی بایەخ بن ژیانی خێزانیش دەبێت پارسەنگانە بڕوات..

مادام ئیسلام ڕێی لە خۆ خەساندن و ئارەزوو پوکانەوەو جنس خامۆشکردن گرتووەو هاوسەرگیری هانداوە مادام ناهێڵێت خەڵکی لەبەر خوا پەرستی ژیانی هاوسەری دانەمەزرێنن و تابوارو توانایان هەبێت دەبێ ژن بهێنن و شوو بکەن، کەوابوو حەتمەن هەر دەبێت وەکو کۆمەڵگەو دەوڵەتی ئیسلام پشتگیریان لێ بکرێت و یارمەتی بدرێن - پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە گەنجەکانی دەفەرموو ژن بهێنن..دەیفەرموو (..مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ البَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ، فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ...).[١] واتە: هەر کەسێك لە توانایدا هەبوو با ژن بهێنێت، چونکە ژن هێنان مایەیی چاوگرتنەوەیە لە نەزەری حەرام و قەڵای پاراستنی داوێن پاکییە..

---

[١] نووسەری بەڕێز هەروا هێناویتیەوەو ئاماژەی بە سەرچاوەو سەنەدی نەکردووە.. فەرموودەکە متفق علیەیە: بوخاری (٤٧٠٥)، موسلیم (١٤٠٠).

كە ئەمە دیدو هەڵوێستی ئیسلام بێت لە هاوسەرگیری حەتمەن یارمەتیدانی ژن هێنان و (شووكردن)یش بە ئەركی خۆی دەزانێت، چونكە ئەوە بەڵگە نەویستە كە لە هەموو سەردەمێكدا هەزاران كەس هەن هاوسەرگیریان پێ هەڵناسوڕێت.

شەرعناسان فەرموویانە: لە تەواوەێتی (بەس)ێتی نەداران و هەژاران ئەوەیە كە مەسروفی ژنهێنانیان لە زەكات بۆ بكێشرێت، هەر كاتێك ویستیان خێزان پێكەوە بنێن، مادام كەسێك ژنی نەبێت، پێویستە لە سامانی زەكات بۆی خەرج بكرێت.[١]

ئەبو عوبەید لە كتێبی (الأموال)ەكەیدا دەگێڕێتەوە كە سەیدنا عومەری كوڕی خەتاب خوا لێی ڕازی بێت (ئەو كاتەی كە خەلیفە بوو) ژنی بۆ عاصمی كوڕی هێنا (كە كچە هەژارێكی شیر فرۆش بوو) یەك مانگ لە بیتوالمال مەسروفی بۆ كردن.[٢]

- عومەری كوڕی عبدالعزیز رحمه الله (كە بە خەلیفەی پێنجەمی ڕاشیدین حسێب كراوە) فەرمانی بە والیەكانی دا كە لە ڕۆژی هەینیدا ڕابگەیێنرێت كە كوا نەداران؟ كوا هەژاران؟ كوا ئەوانەی دەخوازن ژن بهێنن؟ كوا هەتیوان با هەموو بێن و مەسروفی (بەسێتی) خۆیان لە زەكات وەرگرن.[٣]

بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە كە ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێت گێڕایەوە كە كابرایەك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عەرزی كرد: (إِنِّي تَزَوَّجْتُ امْرَأَةً مِنْ الأَنْصَارِ. فَقَالَ: عَلَى كَمْ تَزَوَّجْتَهَا؟ قَالَ: عَلَى أَرْبَعِ أَوَاقٍ. فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: عَلَى أَرْبَعِ أَوَاقٍ !كَأَنَّمَا تَنْحِتُونَ الْفِضَّةَ مِنْ عُرْضِ هَذَا الْجَبَلِ!مَا عِنْدَنَا مَا نُعْطِيكَ، وَلَكِنْ

---

[١] حاشية الروض المربع (٤٠٠/١)، مطالب أولي النهى (١٤٧/٢).
[٢] الأموال (ل٢٢٧).
[٣] ئیبنوكەثیر: البداية والنهاية (٢٠٠/٩).

عَسَى أَنْ نَبْعَثَكَ فِي بَعْثٍ تُصِيبُ مِنْهُ).[١] واتە: ئافرەتێکم لە ئەنصار (پشتیوانانی مەدینە) خواستووە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: مارەییەکەی چەند بووە؟ عەرزم کرد: چوار ئۆقیە. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی:چوار ئۆقیە؟!!هەر دەڵێی زیوو لەو قەد پاڵی چیایە دەردەهێنن!ئێستا هیچمان نییە بیدەنێ، بەڵام دواتر بەڵکو هەرخۆت بنێرین بۆ زەکات کۆکردنەوەو پشکی خۆتی لێ دابین بکەیت.

فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر زۆر شت:

١- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەر کەسێك ئاوا ژنی بهێنایە لە زەکات دەیدایە، بۆیە ئەم یاوەرەش بۆ پشکی خۆی هاتۆتە خزمەتی و یەکسەر ئەو بابەتەی عەرز کردووە.

٢- ئەگەر سامانی لە بەردەست دابوایە، دەیدایە، هەرچەندە مارەیەکەشی بە زۆر دانا بوو.

---

[١] نووسەر: (نيل الأوطار (٣١٦/٦). أواق کۆی أوقیەیە کە ئەوکاتە دەیکردە ٤٠ درهەم. بەرخێک بە ٥٥_١٠ درهەمبوو. دیارە کە ئەوەندە مارەیی بۆ کەسێکی ئاوا زۆربووە.) کوڕی بەرپرسی یەکەمی حزبێکی طاغووتیی کوردستان کە ساڵی ٢٠١١ ژنی هێنا تەنها ئاهەنگەکەی _کە لە ئیطالیا کردی_ دە ملیۆن دۆلاری لە بەیتولمالی باشوری کوردستان تێچووە!

دەقی هەموو فەرمودەکە: (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَقَالَ: إِنِّي تَزَوَّجْتُ امْرَأَةً مِنَ الأَنْصَارِ. فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: هَلْ نَظَرْتَ إِلَيْهَا، فَإِنَّ فِي عُيُونِ الأَنْصَارِ شَيْئًا؟ قَالَ: قَدْ نَظَرْتُ إِلَيْهَا. قَالَ: عَلَى كَمْ تَزَوَّجْتَهَا؟ قَالَ: عَلَى أَرْبَعِ أَوَاقٍ. فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: عَلَى أَرْبَعِ أَوَاقٍ! كَأَنَّمَا تَنْحِتُونَ الْفِضَّةَ مِنْ عُرْضِ هَذَا الْجَبَلِ! مَا عِنْدَنَا مَا نُعْطِيكَ، وَلَكِنْ عَسَى أَنْ نَبْعَثَكَ فِي بَعْثٍ تُصِيبُ مِنْهُ. قَالَ: فَبَعَثَ بَعْثًا إِلَى بَنِي عَبْسٍ بَعَثَ ذَلِكَ الرَّجُلَ فِيهِمْ).بوخاری (١٨٠٦)، موسلیم (١٤٢٤).

٣- وەك زەكاتی لانەبوو نەیفەرموو نیمانە و بەس، بەڵكو چارەسەری بۆ دانا كە هەر لە زەكات دەیدرێتێ و بێ خەمی كردەوە كە هەر خۆشی دەنێرێت بۆ كۆكردنەوەی..

## خاڵی شەشەم: مەسروفی خوێندنی خوێندكاران لە زەكات دەردەچێت:

مەبەست لە خوێندكارانی هەژارو دەست كورتە نەك مەسروفی خێر خوازی كە بەرپرسێتی دەوڵەت و بەیتوالمالێتی. ئیسلام دینێكە ڕێزی هزرو ژیری دەگرێت و فێرخوازی و وەرگرتنی زانست هان دەدات و پلەی زانایان بەرز ڕادەگرێت..ئیسلام زانست بە كلیلی باوەڕ دەزانێت، بە بەڵگەو نیشاندەری كردەوەی چاكەی دادەنێت. بۆیە ڕاو بۆچوونی ئیجتیهادیانەی موقەللیدی پێ قبوڵ نییە (هەرچەندە تواناو شیاوێتی ئیجتیهادیشی هەبێت)، تەنانەت نەزانان خوا پەرستیەكەشی زۆر بە پەسەند ناناسێنرێت!خوای گەورە ئاشكراو ڕاشكاوانە دەفەرمووێ: (هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ) الزمر/٩ واتە: چما زاناو نەزان یەكسانن؟

هەروەها دەبارەی جیاوازی زاناو نەزان و زانین و نەزانین دەفەرمووێ: (وَمَا يَسْتَوِي الْأَعْمَىٰ وَالْبَصِيرُ. وَلَا الظُّلُمَاتُ وَلَا النُّورُ) فاطر/١٩-٢٠ واتە: نە نابیناو چاوساغ وەكو یەكن و نە تاریكیی و رووناكییش.. پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو:(طَلَبُ الْعِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ).[١] واتە: وەرگرتنی زانست لەسەر هەموو مسوڵمانێك فەرزە. وەرگرتن و فێر بوونی زانست هەر زانستیە شەرعییەكان نییە، بەڵكو هەموو زانستێكی بەسوودە كە مسوڵمانان لە دنیایاندا پێویستیان پێ ببێت. فێر بوونی ئەم جۆرە زانستیە

---

[١] نووسەر رحمەاللە هەروا بێ سەرچاوە هێناوێتیەوە.. ئیبنوماجە (٢٢٤) شێخی ئەلبانی رحمەاللە لە (صحیح سنن ابن ماجە)دا بە سەحیحی داناوە. ئەمما ئەوەی كە دەوترێت (طَلَبُ الْعِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ وَمُوسْلِيمَة) زیادەكەی بەڵگەی لەسەر نییە كە سەنەدی دروست بێت، ئەگەرچی فەرزێتی زانست لەسەر هەردوو رەگەزەكەیە وَاللَّهُ أَعْلَم.

فەرزی كیفایەیەو لەسەر گشتی ئوممەتەكەیە، هەروەكو غەزالی و شاطبی و زانایانی تر فەرموویانە.

بۆیە سەیر نییە كە شەرعناسانی ئیسلام لە باسكردنی ئەحكامەكانی زەكاتدا هەموو ئاماژەیان بەوە داوە كە مەسروفی ئەو كەسەی بۆ زانست لێبڕاوە (بۆ فێربوون یان فێركردنی) لە زەكات دەدرێت، لە كاتێكدا زەكات بەو كەسە ناشێت كە بۆ خواپەرستی لێبڕاوە!چونكە خواپەرستی لێبڕانی ناوێت، وەكو كە فێر بوونی زانست لێبڕانی دەیەوێت، دیسان لەو لایەنەشەوە كە خوا پەرستی كەسەكان بۆ خۆیانە، بەڵام وەرگرتنی زانست لە لایەن خوێندكارەكەوە سوودی هەموو ئوممەتەكەی تێدایە و بۆ هەمووانە، بۆخۆیی و كەس و كاریشێتی و بۆخەڵكیش.[1]

ئیسلام بەمەندەوە نەوەستاوە، بەڵكو شەرعناسان فەرموویانە خوێندكار بۆی هەیە هەموو ئەو كتێبانەی لە خوێندنەكەیدا پێویستی دەبێت لە زەكات پارەیان بۆ وەرگرێت (بێگومان حەقی خوێندن و هاتوچۆشی)..چونكە بەرژەوەندی دین و دنیایی پێ دابین دەكات.[2]

## كام بۆچوونیان بكرێتە یاسای دەوڵەتی سەردەم؟

دوای بەرچاوخستنی خێراو سەرەتایی تێڕوانینی مەزهەبە ئیسلامیەكان وە زانینی دوو پۆلی بۆچوونەكانیان، كە پۆلێكیان دەفەرموون بەشی (بەسێتی) هەموو تەمەنی هەژاران و نەداران لە زەكات بدرێت و پۆلەكەی تریان دەفەرموون: بەشی (بەسێتی) ساڵەو ساڵیان

[1] المجموع (٦/١٩٠).
[2] الإنصاف (٣/١٦٥-٢١٨).

دەدرێتێ:کە هەر ساڵەو ئەگەر هەر موستەحەقق مابوون دەیان درێتێ. کام لەم دوو بۆچوونە پەسەندترە لەم سەردەمەدا بکرێتە یاسای دەوڵەت؟ کە هەر یەکەیان بەڵگەی شەرعییانەی خۆی هەیە بە تایبەتی ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی سەردەم دەزگایەکی تایبەت (وەکو وەزارەتێك) بۆ کاروباری زەکات دابمەزرێنرێت ئەوەی من دەیبینم کارکردنە بە هەدوو بۆچوونەکە. بەڵام هەریەکەیان لە بواری خۆیدا. چونکە نەدارو هەژاران لە ڕاستیدا دوو جۆرن:

- جۆرێکیان توانای کارو کاسبی هەیە دەتوانێت خۆی بەخێو بکات وەبژێوی خۆی دابین بکات وەك پیشەسازو بازرگان و جوتیاری و هاوشێوەی، بەڵام دەبێت سەرمایەو ئامێری کاسبی کردنەکەیان بۆ مسۆگەر بکرێت، سەرمایە بۆ بازرگانەکەو زەوی و زارو دەغڵ و دان و ئامێری چاندن و دوورینەوە بۆ جوتیارەکەو بۆ خاوەن پیشەکانیش وەرشەی کارکردن..ئەوانە دەبێ لە زەکات ژیانیان دابین بکرێت، هەموو ژیانیان، بەوەی کە پێداویستیەکانی کاسبیکردنەکانیان بۆ مسۆگەر بکرێت و وە بخرێنە سەر کارو بەرهەم هێنان تاجارێکی تر موحتاجی زەکات وەرگرتن نەبنەوە..لەم زەمانەدا دەکرێت لە سامانی زەکات کارگەو وەرشەیان فەراهەم بکرێت و خۆیان بکرێنە خاوەن کارگەکان و بەرهەمەکانیشیان بۆ خۆیان بێت (کە دەشێت دەوڵەت لێیان بکڕێتەوە)..

- جۆرەکەی تریان توانای کارو کاسبی نیە وەکو خاوەن نەخۆشی بە بەردەوام و پیری پەککەوتە و کەم ئەندام و بێوەژن و زارۆك... هتد. ئەمانە دەشێت بژێوی ساڵێکیان پێ بدرێت و هەر ساڵەش بۆیان دیاری بکرێتەوەو بیاندرێتێ!کە دەکرێت بۆیان بکرێتە مووچەیەکی خوولی (هەفتانە/ مانگانە یان وەرزیانە) ئەگەر حەقی ئەوە هاتە پێش یان ئەگەری ئەوەی کە لەوانەیە زێدەڕۆیی (ئیسراف) لە خەرجکردنیدا بکات وەدیسان موحتاج بێتەوە. ئەمە لەم سەردەمەدا دەشێت بۆ ئەم جۆرە هەژارو نەدارانە ڕەچاو بکرێت. هەروەکو کە فەرمانبەران موچەیان مانگانە وەردەگرن.

سەیر ئەوەبوو کە دوای ئەوەی ئەم دوو پۆلەم دیاریکردو نووسیم دیتم لە هەندێ کتێبی شەرعی حەنبەلیەکاندا باسکراوە. نوسەر (غاية المنتهى وشرحه) دوای ئەوەی بۆچوونی ئیمامی ئەحمەدی لەسەر خانووبەرەو زەوی و زار هێناوەتەوە کە دەهەزار کەمتر یان زیاتری بدرێتێ تا پێداویستی کاسبیەکەی پێ دەربکات و بکەوێتە بەرهەم هێنان، دەفەرمووێ: (لەبەر ئەوە ئەوکەسەی کە خاوەن پیشەیە، ئامێری پیشەکەی لە زەکات بۆ دابین دەکرێت ئەگەر چی زۆر گرانیش بێت، بازرگانیش دەستمایەیەکی دەدرێتێ کە بۆ بازرگانیەکەی (بەس) بێت. غەیری ئەم کەسانە (غەیری خاوەن پیشەو کاسبکارەکان) لە نەداران و هەژاران بەشی (بەسێتی) ساڵێکی خۆیان و ماڵ و منداڵیان دەدرێتێ و لەگەڵ نوێبوونەوەی ساڵدا دیسان بەشی (بەسێتی)یەکەیان بۆ ساڵێکی تر پێ دەدرێتەوە..وە هەرووەها.[1]

## خاڵی حەوتەم: گرنگ دابینکردنی بژێویی ژیانێکی ڕێزدارانەیە:

لەم کورتە باسەی سەرەوەدا ئەوە دەردەکەوێت کە مەبەست لە زەکاتدان ئەوە نییە چەند درهەمێك بخرێتە دەستی داماوێکەو خوات لەگەڵ!بەڵکو مەبەست لێ

[1] مطالب أولي النهى (١٣٦/٢).

مسۆگەرکردنی ئاستێکی شیاوی بژێوی ژیانەکەیەتی، شیاو بەو سیفەتەی مرۆڤێکەو خوای گەورە خەلقیکردووەو بە بەڕێز ناساندوویێتی و کردوویێتی بە بریکاری خۆی لەسەر زەمیندا، شیاویش بەو سیفەتەی مسوڵمانەو خوا دەناسێت، شوێنکەوتووی دینێکە کە هەمووی دادپەروەری و چاکە خوازییە، بەو سیفەتەش کە یەکێکە لەو ئوممەتە چاکەی خوای گەورە بۆ مرۆڤایەتی پەروەردەی کردووەو خستوێتیە بەرچاوان.

کەمترین ئاستی دابینکردنی بژێوی ژیانێکی ڕێزدار ئەوەیە بۆ خۆی و خێزانی و منداڵەکانی خۆراك و خواردنەوەی شیاوو بەس، پۆشاکی شیاوو بەسی هاوینەو زستانە، سوکنا (خانوو)ی شیاوو لایەق بە ئاست و کەسایەتی ئەو دابین بکرێت..[1] ئەمە ئەو ئاستەیە کە پێشەوایانی وەکو ئیبنوحەزم لە کتێبی (المحلى)کەیداو نەوەوی لە کتێبی (المجموع)ەکەیدا باسیان کردووە..هەروەها شەرعناسانی تریش پێش ئەوان و دوای ئەوانیش.

ئیمامی نەوەوی دەربارەی ئاستی (بەسێتی) لەوەو خوار بە هەژاری هەژمار دەکرێت، کە ئەو بەلایەوە هەژار حاڵی باشترە لە نەدار دەفەرمووێ:(ئەوەی دەبێت بە هەند وەربگیرێت و ئیعتیباری بۆ دابنرێت ئەوەیە کە خواراك و پۆشاك و سوکناو پێداویستیەکانی تری کە حەتمەن دەبێ بە شێوەیەکی شیاوو لایەق بەو بۆی مسۆگەر بکرێت، کە نە زێدەڕۆیی (ئیسراف)ی تێدا بکرێت و نەلێشی بگرێتەوە وا کە بەحاڵە حاڵ بەشی بکات!ئەمە دەبێت بۆ خۆی و ئەو کەسانەی دابین بکرێت کە ئەو بەرپرسی بەخێوکردنیانە.[2]

---

[1] ئەمە هەر ئەوەیە کە ئەبرەهام ماسلۆ لە ساڵی ١٩٤٣ دا وەکو تیۆرێکی دەروونناسیی بڵاوی کردەوە کە دەڵێ: یەکەمجار دەبێ پێداوویستییەکانی سەرەتا دابین بکرێت، وەکو خۆراک و پۆشاک و سوکنا.. ئینجا پێداوویستییەکانی ئەمان بە نەمانی هیچ جۆرە ترسێک..

[2] المجموع (١٩١/٦).

ئەوەی کەلەم سەردەمەی ئێمەشدا حەتمییە: خوێندن و شارەزابوونی ئەحکامی دین و ڕۆشنبیری سەردەم نەهێشتنی نەزانین و نەفامیە لەگەڵ دابینکردنی ژیانێکی ڕێزدارانەی وا کە ئیتر بێخەمی بکات و یارمەتیدەر بێت لە بەجێهێنانی ئەرکە دینی و دنیاییەکانیدا.

هەر لەوەی کە شەرعناسان باسیان کردووەو بە پێداویستیەکی تاك تاکی مسوڵمانانیان داناوە: نەهێشتنی نەزانین و نەخوێندەوارێتیە کە لەڕاستیدا مەرگی ئەدەبی و مردنی واتایی مرۆڤە، هەروەها هەبوونی زەمانی تەندروستی: چارەسەرو دەرمان و پێداویستیە تەندروستیەکان، بۆ خۆی و بۆ ئەندامانی خێزانەکەی و ئەوانە کە بەخێویان دەکات. خۆ ناشێت بە نەخۆشی و نەداری بخرێتە کەنارەوەو نەخۆشی هەڵیتەکێنێت، ئەوە کوشتنیشی حەرامە، ئەوە دەبێت لە هەبوونی چارەسەرو دەرمانیش بێ خەم بێت (وەکو ئەوەی پزیشکی خۆی هەبێت و کارتی دەرمان کڕینی بە خۆڕایی هەبێت) لە فەرموودەی پێغەمبەری خواشەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتووە: (يَا عِبَادَ اللَّهِ تَدَاوَوْا، فَإِنَّ الَّذِي خَلَقَ الدَّاءَ خَلَقَ الدَّوَاءَ) بوخاری.[١] واتە: هۆ عەبدانی خوا دەرمان بەکار بهێنن، خۆ ئەوەی دەردی خەلقکردووە دەرمانیشی بۆ خەلق کردووە. خوای گەورەش دەفەرمووێ:(وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ)البقرة/١٩٥واتە: بە دەستی خۆتان خۆتان بە فەتارەت مەدەن. هەروەها دەفەرمووێ:(...وَلَا تَقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا)النساء/٢٨ واتە: خۆتان مەکوژن خوای گەورە بە بەزییە بەرامبەرتان.

---

[١] نووسەری ڕەحمەتی لە کۆتایی فەرموودەکەدا نوسیوێتی: (بوخاری. لەفزەکەی بوخاری جیاوازە. ئاوایە (مَا أَنْزَلَ اللَّهُ دَاءً إِلَّا أَنْزَلَ لَهُ شِفَاءً). بوخاری (٥٣٥٤). بەو لەفزەی سەرەوە ریوایەتی ئوسامەی کوڕی شەریکە، لای ئەبوداوود (٣٨٥٥)، ترمذي (٢٠٣٨)، ئیبنوماجە (٣٤٣٦)، ئەحمەد (٢٧٨/٤)، بەیهیقی (١٨٩٤٤). ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح سنن الترمذي) و لە (غاية المرام/٢٩٢)دا بە سەحیحی داناوە.

- لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە:(الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ لَا يَظْلِمُهُ وَلَا يُسْلِمُهُ....).[١] واتە: مسوڵمان برای مسوڵمانە، نە دەستدرێژی دەکاتە سەرو نە تەسلیم بە دوژمنی دەکات. مسوڵمانێك باوکی خۆی بە نەخۆشی و پەککەوتەیی وەل ناکات، یان کۆمەڵگەی مسوڵمان تاکێکی بێ کەس و موحتاج وەلکات و لێگەڕێت نەخۆشی دایڕزێنێت، بێ ئەوەی چارەسەری بۆ دابین بکات، ئەوە بێگومان وەکو ئەوەیە دابێتە دەست دوژمن تا بیکوژێت.. بۆیە دەبێت حاڵەتی تەندروستی هەموو تاکێکی کۆمەڵگە وەکو خۆراك و پۆشاك و سوکنایی مسۆگەر بکرێت..ئەمەش بە گوێرەی کات و شوێن و حاڵەتەکان دەگۆڕێت..ناشێت شتێکی نەگۆڕو ئالییانە دیاری بکرێت و بووترێت هەر ئەوەندەت بۆ سەرف دەکرێت.[٢]

لەوانەیە کەلوپەلێك لای کەسێك کەمالیات بێت یان لە ناوچەیەك. بەڵام لای کەسێکی تر یان ناوچەیەکی تر لە زەروریاتەکان بێت یان لەو سەردەمەیاندا پێداویستی نەبووەو لەم سەردەمەدا پێداویستیە..

**یارمەتییەکی ڕێك و پێکی بەردەوام:**

زانیمان کە مەبستی ئیسلام لە زەکاتدان بە نەداران و هەژاران، لەوانەی کە هیچ پیشەو کاسبیەك نازانن، یان دەزانن و ناتوانن بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی ژیانیانە تا

---

[١] نووسەر رحمەاللە هەروا بێ سەرچاوە هێناویتیەوە.. رەنگە لەبەر زانراویّتی و بەناوبانگێتی فەرموودەکە بێت.. لای بوخاری (٢٤٤٢)، موسلیم (٢٥٨٠).

[٢] وەکو ئەوەی لەم وولاتە سەرمایەدارییانە دەورێت ٥٠٪ ی عەمەلیاتەکە عایدی خۆتە! کاتێک ئیسلام دەبێتەوە بە خاوەنی دەسەلات و سامان ئەمە شتێکی ئاسایی دەبێت.. لە سەردەمی عەبباسیەکاندا ٣٤٧ ساڵ نەخۆشخانەیەکی بەیتاڵیی (بۆ چارەسەری ئاژەڵی کێویی) هەبوو! گورگێکی بریندار ببینرایە دەهێنرایەوە بۆ چارەسەرو پاشان ئازاد دەکرایەوە! ئەمە لە زەمانێکدابوو کە پاشاکانی ئەوروپا نەیاندەزانی ناوی خۆیان بنووسن! چجای ئەوەی نەخۆشخانەی بەشەرییان هەبووبێت!.

دەگاتە پلەی (بەسێتی)ی خۆی و ماڵ و منداڵی ئەم کەسانە بڕی بەسێتی ساڵانەیان بۆ دابین دەکرێت و بەردەوامیش دەبێت تا ئەوکاتەی حاڵەتی نەداری و هەژاریەکەیان نامێنێت، بەوەی بێ تواناییان چارەسەر ببێت، یان پیشەو کاسبییان پێ بکرێت یان بێکارییەکەیان بە دۆزینەوەی کاری شیاو کۆتایی پێ بێت، ئەگەر ساڵانە ئەو یارمەتیە بەسەیان بۆ مسۆگەر دەکرێت.

با سەرنج بدەینە ئەم بەسەرهاتە واقیعییەی کەئەبو عوبەیدە بەسەنەدەوە گێڕاوێتیەوە: لەو کاتەدا کە سەیدنا عومەری کوڕی خەتاب خوا لێی ڕازی بێت لە بندارێکدا بۆ قەیلوولە ڕاکشا بوو (شکاندنی سەرخەوێك پێش نیوەڕۆ) ئافرەتێکی ئەعرابی دەرکەوتوو چاوی بە خەڵکەکەدا دەگێڕا، تاپێی ووتن، من ئافرەتێکی دەسکورتم و منداڵم هەیە، ئەمیرولموئمینین عومەری کوڕی خەتاب. محمدی کوڕی مەسلەمەی بە سیفەتی جابی (وەرگرو دابەشکاری زەکات) ناردبووە لامان بەڵام هیچی نەداوینێ، ڕەحمەتی خوات لێبێت یەکێکتان بێت و تکام بۆ بکا لە لای. سەیدنا عومەر گوێی لێبوو یەرفەئی خزمەتکاری بانگ کردو پێی فەرموو برۆ. محمدی کوڕی مەسلەمە بانگ بکە..ئافرەتەکە ووتی ئەگەر خۆشم لەگەڵیدا (لەگەڵ یەرفەئدا) بچم ڕەنگە باشتر بێت بۆ بەدەنگەوە هاتنم سەیدنا عومەر فەرمووی:باشە هەروا دەکات. هەردووکیان ڕۆیشتن..یەرفەء بە. محمدی کوڕی مەسلەمەی فەرموو: بانگت دەکەن!. محمد هات و ڕووی لە سەیدنا عومەر کردو فەرمووی: (السلام عليكم يا أمير المؤمنين) ئافرەتەکە کە زانی ئەوە خەلیفە عومەرە تەریق بووەوەو شەرم گرتی، سەیدنا عومەر فەرمووی: والله هەر لە هەوڵدام تاچاکترینتان بکەمە کار بەدەست بە سەرتانەوە.. بە محمدی فەرموو: ئەگەر سبەی خوای گەورە دەربارەی ئەم ئافرەتە پرسیاری لێکردی چ وەڵام دەدەیتەوە؟. محمد کوڕی مەسلەمە چاوی پڕ بوو لە فرمێسك و وەڵامی نەدایەوە. سەیدنا عومەر فەرمووی:خوای

گەورە پێغەمبەرەکەی خۆی صَلَّی اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ هیدایەتدانمان نارد، ئێمەش بە ڕاستگۆمان زانی شوێنی کەوتین، جەنابی علیه الصلاه والسلام هەموو ئەو فەرمانانەی جێبەجێ کرد کە پێی درابوون، لەوانە زەکات بوو کە وەریگرێت و بگەێنرێتەوە بەو کەسانەی دەسکورتن، لەسەر ئەم ڕێبازە ڕۆیشت تا خوای گەورە بردییەوە بۆ لای خۆی، پاشان خوای گەورە ئەبوبەکری کردە خەلیفە، ئەویش لەسەر ڕێبازی پێغەمبەری خوا صَلَّی اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕۆیشت، تا خوای گەورە بردیەوە بۆ لای خۆی. پاشان منی کردە خەلیفە، منیش هەر لە هەوڵدا بووم پیاو چاکەکانتان بکەمە بەرپرس، بۆیە تۆشم کردە جابی و ناردمیت..برۆ زەکاتی پارەی ئەم ساڵی بدەرێ، لەوانەیە نەینێرمەوە بۆ ئەوێ. پاشان بە ئافرەتەکەشی فەرموو برۆ باباری حوشترێك ئاردو زەیت (ڕۆن) بدەنێ، کە چوویت بۆ (خەیبەر)یش وەرەوە لامان. کە هاتەوە خزمەتی فەرمانیدا باری دوو حوشتری تریشی بدەنێ، فەرمووی بڕۆن ئەمە بخۆن، دواتر محمدی کوڕی مەسلەمە دێتەوە لاتان، فەرمانم پێداوە کە مافی ساڵی پارو ئەمساڵیشتان پێکەوە بداتێ.[1]

<u>ئەم ڕووداوەو ڕەفتارەکانی هەردوو لایەکیان چەند ماناو ڕێسایان؟ ئەمە پڕە لە واتای کاریگەر:</u>

١- هەستی بەرزی بەرپرسێتی خەلیفەو بە خەمەوە چوونی یەك یەکی ڕەعیەتەکەیە کە دەنگیان دەیگاتێ.

٢- مافی هەموو تاکێکی موحتاج لە دەوڵەتی موسوڵماندا ئەرکی کار بەدەستانێتی دابینی بکەن.

٣- هەموو کەسێ ئاسان دەگەیشتە لووتکەی هەڕەمی دەسەڵاتی ئیسلامی کە خەلیفە بوو.

---

[1] الأموال (ل٥٩٩).

٤- محمدی کوڕی مەسلەمە خوا لێی ڕازی بێت کە لەو یاوەرانە بوو کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ متمانەی زۆری پێ دەکردو ناسراو بوو. بۆیە خەلیفە دواتر هەر ئەوی بە جابی ناوچەکە دانایەوە.

٥- هەموو کەسێك لە کۆمەڵگەی موسوڵمانانندا دەزانێت مافی چییە، هەر کە نەیدرایە بە دوایدا دەڕوات و مسۆگەرە دەستی دەکەوێتەوە.

٦- زەکات سەروەت و سامانێکی زۆری کۆکراوەی مەرکەزی بوو کە ئاستی بژێوی دەسکوورتی نەدەهێشت.

٧- زەکاتدان پشکێکی بەردەوامی بەس بوونی ساڵانە بوو، ئەگەر نەگەیشتە دەست موستەحەققەکەی مافی خۆیەتی بێت و داوای بکاتەوە..کەسیش بۆی نییە لەبەر کات بەسەردا ڕۆشتن ئیلغای بکاتەوە یان کەمی بکاتەوە.

٨- سەیدنا عومەر خوا لێی ڕازی بێت جگە لە زەکاتەکە یارمەتیەکی هەنووکەیی خێرای ئافرەتەکەی دا کە باری حوشترێك بوو لە ئاردوو ڕۆن. کە جارێ ئەوە خێرا بگەێنەرە مناڵەکان و وائێمەش بەرەو خەیبەر دەچین وەرەوە لەوێ یارمەتییەکی تری زیادە وەرگرە، کە باری دوو حوشتر بوو لە ئاردو ڕۆن.. ئەمە لەسەر زەکاتەکە حسێب نەبوو..

٩- ڕووداوەکە دەگمەن بوو، چونکە هەموو نەداران و هەژاران هەریەکە لە شوێنی خۆی زەکاتەکەی پێگەیشت، ئەم ئافرەتە -بە هەر هۆیەك بێت- بەری نەکەوتبوو، کە هات بە داواکردنی لە خەزێنە پێی درا.

١٠- ئەمە دیدو هەڵوێستی تایبەتی سەیدنا عومەر نەبوو خوا لێی ڕازی بێت، ئەمە ڕێساو ئەحكامی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و حوكمی سەیدنا ئەبوبەكری خەلیفەی یەكەمین بوو خوا لێی ڕازی بێت.[١]

## خاڵی هەشتەم: سیاسەتی ئیسلام لە دابەشكردنەوەی زەكاتدا:

[١] دكتۆر یوسف قەرەزاوىی (حفظه الله) ئەوەی سەرەوەی ئاوا بەو ریزبەندییە نەكردووە، من وامدارِشتەوەو خاڵەكانی (٣و٤و٧و٩) لە منەوەن. وویستم وا بێت تا ئاسانتر بزانرێن و لە مێشكدا بچەسپێن.

ئیسلام لە دابەشکردنی زەکاتدا سیاسەتێکی زۆر پارسەنگ و دانایانەی ڕەچاو کردووە، کە لە زۆر لایەنەوە بە ڕاقیترین دیدو تێڕوانینی سیستەمە ئابووریەکانی سەردەمدا بەراورد ناکرێ، چونکە هەموو ئەو سیستەمانە لەو لایانانەوە ماویانە بگەنە ئەو ئاستە باڵایەی سیستەمی ئیسلامی زۆر خاڵی بەهێزی سیستەمە ئابووریەکانی سەردەم کە شوێن کەوتووان و ڕەواج پێدەرانی لافی ئەوە لێ دەدەن کە داهێنانی خۆیانەو بۆیە یەکەمین جارە لە مێژوودا دادەڕێژرێت و مومارەسە دەکرێت، چونکە سەدان ساڵ پێش ئەوان ئیسلام بەشێوەیەکی ئەحکامی یاسایی و ڕێسایی دەستووریدا دایڕشتووە لەسەر باڵاترین ئاستی کۆمەڵگەو دەوڵەت مومارەسەی کردووە. هەموو لایەکمان دەزانین کە چۆن لەجاهیلیەتی عەرەب و لە ئەوروپا لە چەرخە تاریکەکانی ناوەڕاستدا (الْقُرُون الْوُسْطَىٰ)دا چۆن باج و سەرانە لە جوتیارو بازرگان و کاسبکاران دەسەندراو چۆن هیچ ڕادەو بڕێکی دیاریکراوی نەگۆڕاوی نەبوو، چۆن ڕەنجی ئەو هەموو چینە چەوساوە ڕەنجدەرانە دەخورا کە شەوو ڕۆژ بە ڕەنجی جەستەو ئارەقی ناوچاوانیان پەیدایان دەکردو دەسەڵاتدارانی دینی و دنیایان بۆ خۆیانیان دەبچڕی و کۆمەڵگە هەر هەموو لە کولە مەرگییەکی زۆر سەختدا دەژیان. لە کاتێکدا کۆشك و تەلاری پاشاو ئیمپڕاتۆرو ئەمیرو دەرەبەگ و (پیاوانی کڵێساو مەعبەدەکان) لە چ دیمەنێکی زێدە ڕۆیی و جوانی و ئەماندا بوون و ژیانی ئەوان چۆن و چەند پڕبوو لە ڕابواردن و ڕازاوەیی و جوانی!و پیاوانی کۆشك و حاشیەو دەست و پێوەندەکانیان چۆن چۆنیان پارەو سامان دەساندو چۆنیش پلەو نزیکی خۆیانیان لە دەسەڵاتدارانەوە ئیستیغلال دەکرد و هەرچی لێیان زیاد دەبوو دەیان کرد بە کەل و پەل و سیمای زێڕین و ناوەوەو دەرەوەی کۆشکەکانیان!ئەوی دەمایەوە لێیان دەیانکردەوە مایەی بەرفراوانی دەسەڵات و پایتەختەکانیان.

هەموو دەزانین کە ئاهەنگی هاوسەرگیری (ژن هێنان و شووکردن)ی کوڕو کچە پاشاکان و دەسەڵاتدارانی تری نزیکیان چەند زێدەبایانە دەگێڕاو بانگ کراوانی ئاهەنگ کە لە چینی دەسەڵاتدارو دەرەبەگەکان دەبوون چۆن خۆیان لە زێڕو پۆشاکی گرانبەها هەڵدەکێشاو وە رەعیەتەکانیش تەنها باسەکانیان وەکو هەواڵی مەزنی شایانە پێ دەگەیشت!ئەمە حاڵی پایەتەختەکانیان بوو. ئەمما حاڵی دانیشتوانی گوندو شارۆچکە دوورەکان زۆر لە ژیانی ئاژەڵی باڵاتر نەبوون لە هەموو ئەمان و ڕۆزی و خوێندن و تەندروستی و هەبوونی مەحرووم بوون. ئەوە حاڵی جاهیلیەتی عەرەب و فارس و ڕۆم و ئەوانی تریش بوون. کاتێك ئیسلام هات و فەرمانی بە شوێن کەوتوانی کە دەبێت زەکات بدەن، فەرمانی بە کاربەدەستانی دەوڵەتەکەشی دا کە دەبێت ئێوە سەرپەرشتی کۆکردنەوەو دابەشکردنەوەی بکەن، چونکە زەکات جگە لەوەی پاڵفتەکاری دڵ و دەروونی خاوەنەکانیان و چاکسازی ماڵ و سامانیانە، دەست گیرۆیی توێژێکی زۆرو بەرفراوانی کۆمەڵگەکەشیانە کە هەر دەبێت دەست بدرێتە پاڵیان و لە بارودۆخی هەژاری و نەداری و زەلیلی قووتاریان بکەن تا لانی کەم هەموو خەڵکی کۆمەڵگاکە لە ئاستی یەکەمی ژیانێکی ڕێزدارو پارسەنگدا بژین و هەژاری وایان لێ نەکات شەوو ڕۆژ هەوڵ بدەن و ئەوەندەیان پێ پەیدا نەکرێت خۆیان و ماڵ و مناڵیان لە کولە مەرگی ڕزگار بکەن!

ئیسلام بەم فەرمانە خواییەوە هات و پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە جوانترین شێوە لە بواری کردەوەییدا چەسپاندنی: والی و جابی نارد بۆ هەرێم و ناو هۆزەکان و ناوچە دوورو نزیکەکان و فەرمانی بە هەمووواندا کە زەکات لە دەوڵەمەندی ئەو هەرێم و هۆزانە وەربگرن و بیدەنەوە بە هەژارو نەدارەکانی خۆیان (ئەوەی لێیان زیاد دەبوو دەهاتەوە خەزێنەی مەرکەزی لە مەدینە).

ئەمە لە ئاڕاستەکردنەکەی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ مەعازی کوڕی جەبەلدا خوا لێی ڕازی بێت دیارە کاتێك وەکو والی ناردی بۆ یەمەن و فەرمانی پێ دا کە

زەکات لە دەوڵەمەندەکانیان وەربگرێت و بەسەر هەژارەکانیاندا دابەشی بکاتەوە. مەعازیش خوا لێی ڕازی بێت هەروا جێبەجێی کرد.

لە دانیشتوانەکەی یەمەن لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگرت و دابەشی دەکردەوە بە سەر موستەحەققەکانیاندا، تەنانەت زەکاتی ناوچەو هۆزە جیاوازەکانیشیانی کە لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگرت هەر بەسەر هەژارانی ئەو ناوچەو هۆزەدا دابەشی دەکردەوە.. تەنانەت پەیمانێکی -وەکو حوکم-بۆ دەرکردن کە: (مَنْ انْتَقَلَ مِنْ مِخْلَافِ عَشِيرَتِهِ، إِلَى مِخْلَافِ غَيْرِ عَشِيرَتِهِ، فَصَدَقَتُهُ وَعُشْرُهُ فِي مِخْلَافِ عَشِيرَتِهِ).[1] واتە: هەر کەسێک لە ناوچەو سنوری هۆزەکەی خۆی دوورکەتەوە و زەکات و عوشری لێوەرگیرا هەر بەسەر هەژارانی عەشیرەتەکەی خۆیدا دابەش دەکرێتەوە.

- ئەبو جوحەیفە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (قَدِمَ عَلَيْنَا مُصَدِّقُ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَأَخَذَ الصَّدَقَةَ مِنْ أَغْنِيَائِنَا فَجَعَلَهَا فِي فُقَرَائِنَا وَكُنْتُ غُلَامًا يَتِيمًا فَأَعْطَانِي مِنْهَا قَلُوصًا. (ناقة).[2] واتە: زەکات وەرگری پێغەمبەر خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتە لامان،

---

[1] نووسەر نوسیوێتی: (طاووس بە سەنەدی سەحیحەوە ریوایەتی کردووە، هەروەها سەعیدی کوڕی مەنصور. (نيل الأوطار/ ل١٦١). ڕاستە سەنەدەکەی بە سەعیدی کوڕی مەنصووردا (کە مامۆستای ئیمامی موسلیمە) دەڕواتەوە بۆ موعاذ خوا لێی ڕازی بێت. ئیمامی ئیبنوحەجەری عەسقەلانی لە (التلخيص الحبير/١٥١٧)دا هێناویتیەوە. لای ئەبوداوود (١٥٨٤)، ترمذي (٦٢٥)، نەسائی (٢٤٣٥)، ئیبنوماجە (١٧٨٣)، بەیهیقی (١٢٧٧٤).

[2] ترمذي (٦٤٩) دەفەرموێ: حەسەنە، بەیهیقی (١٢٧٧٣)، سەحیحی ئیبنوخوزەیمە (٢٣٦٢)، طەبەرانی لە: المعجم الكبير (٢٧٥). ئەلبانی رحمەالله لە (ضعيف سنن الترمذي/٦٤٩)دا دەفەرموێ: زەعیفە.

زەکاتی لە دەوڵەمەندەکانمان وەرگرت و دابەشی کردەوە بەسەر هەژارەکانماندا، من ئەو کاتە منداڵێکی هەتیوو بووم جوانە حوشتر (وەکو جوانەگا)ێکم بەرکەوت کە دایمێ.

- هەروەها لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە: (بِاللهِ الَّذِي آرْسَلَكَ. آللَّهُ أَمَرَكَ أَنْ تَأْخُذَ هَذِهِ الصَّدَقَةَ مِنْ أَغْنِيَائِنَا، فَتَقْسِمَهَا عَلَى فُقَرَائِنَا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: نَعَمْ).[١] واتە: کابرایەکی ئەعرابی پرسیاری لە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کردو ووتی: توو ئەو خوایەی بە پەیامی پێغەمبەرێتییەوە ناردووتی، ئەو خوا گەورە فەرمانی پێ کردوویت کە زەکات لە دەوڵەمەندەکانمان وەربگریت و بەسەر هەژارەکانماندا دابەشی بکەیتەوە؟ فەرمووی: بەڵێ.

- ئەبو عوبەید بە سەنەدەوە لە سەیدنا عومەرەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە لە وەسێتی سەرەمەرگیدا فەرمووی: (أُوصِي الْخَلِيفَةَ مِنْ بَعْدِي بِكَذَا، وَأُوصِيهِ بِكَذَا، وَأُوصِيهِ بِالْأَعْرَابِ خَيْرًا، فَإِنَّهُمْ أَصْلُ الْعَرَبِ وَمَادَّةُ الإِسْلَامِ، أَنْ يُؤْخَذَ مِنْ حَوَاشِي أَمْوَالِهِمْ، فَتُرَدُّ عَلَى

---

[١] نووسەر هەر ئاماژەی بەوەداوە کە لە کتێبی الأموال/ ل ٥٩٥ ی وەرگرتووە.. وا لە بوخاری (٦٣)، موسلیم (١٢). دەقی فەرموودەکە بەم شێوەیەیە: عَنْ شَرِيكِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي نَمِرٍ، أَنَّهُ سَمِعَ أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ، يَقُولُ: " بَيْنَمَا نَحْنُ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جُلُوسٌ فِي الْمَسْجِدِ، دَخَلَ رَجُلٌ عَلَى جَمَلٍ فَأَنَاخَهُ فِي الْمَسْجِدِ، ثُمَّ عَقَلَهُ، ثُمَّ قَالَ: أَيُّكُمْ محمد؟ وَهُوَ مُتَّكِئٌ بَيْنَ ظَهْرَانَيْهِمْ، فَقُلْنَا لَهُ: هَذَا الرَّجُلُ الْأَبْيَضُ الْمُتَّكِئُ، فَقَالَ لَهُ الرَّجُلُ: يَا ابْنَ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " قَدْ أَجَبْتُكَ "، قَالَ الرَّجُلُ: يَا محمد إِنِّي سَائِلُكَ فَمُشَدِّدٌ عَلَيْكَ فِي الْمَسْأَلَةِ، قَالَ: " سَلْ عَمَّا بَدَا لَكَ "، قَالَ: أَنْشُدُكَ بِرَبِّكَ، وَرَبِّ مَنْ قَبْلَكَ، آللَّهُ أَرْسَلَكَ إِلَى النَّاسِ كُلِّهِمْ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " اللَّهُمَّ نَعَمْ "، قَالَ: فَأَنْشُدُكَ اللَّهَ، آللَّهُ أَمَرَكَ أَنْ تَصُومَ هَذَا الشَّهْرَ مِنَ السَّنَةِ؟ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " اللَّهُمَّ نَعَمْ "، قَالَ فَأَنْشُدُكَ اللَّهَ، آللَّهُ أَمَرَكَ أَنْ تَأْخُذَ هَذِهِ الصَّدَقَةَ مِنْ أَغْنِيَائِنَا، فَتَقْسِمَهَا عَلَى فُقَرَائِنَا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: " اللَّهُمَّ نَعَمْ "، فَقَالَ الرَّجُلُ: إِنِّي آمَنْتُ بِمَا جِئْتَ بِهِ، وَأَنَا رَسُولُ مَنْ وَرَائِي مِنْ قَوْمِي، وَأَنَا ضِمَامُ بْنُ ثَعْلَبَةَ أَخُو بَنِي سَعْدِ بْنِ بَكْرٍ، خَالَفَهُ عُبَيْدُ اللَّهِ بْنُ عُمَرَ).

فُقَرَائِهِمْ).[١] واتە: وەسێتم بۆ خەلیفەی دوای خۆم ئەوەیە. وەسێتم ئەوەیە وا بکات..وەسێتم ئەوەیە ئەعراب جێ بایەخی منن. چونکە ئەوانە ئەسڵی عەرەبەکانن و کەرەستەی ئیسلامەکەن، لە سامانی زیادەیان وەرگرێت و بیداتەوە بە هەژارەکانیان.

لە سەردەمی حوکمی خەلیفە عومەردا خوا لێی ڕازی بێت هەر وابوو، زەکاتەکەی هەر لەو شوێنە دابەشدەکردەوە کە لە دەوڵەمەندەکانیانی کۆدەکردەوە..زۆر جار حاجیەکام دەهاتنەوە بۆ مەدینە غەیری عاباکەی خۆیان و گۆچان و دارعەساکانیان هیچی تریان پێ نەدەبوو..

- سەعیدی کوڕی موسەیب رحمەاللە دەگێڕێتەوە: (سەیدنا عومەری کوڕی خەتاب موعاذی کوڕی جەبەلی خوا لێیان ڕازی بێت وەکو جابی کۆکردنەوەی زەکات ناردە ناو تیرەی بەنو کولابەوە. یان تیرەی بەنوسەعدی کوڕی ذوبیانەوە. هەرچی لە زەکات لێی وەرگرتبوون دابەشی کردەوە بە سەریاندا، هیچی نەهێشتەوە، کە هاتەوە بۆ مەدینە هەر ئەو عابایەی بەسەر شانەوە بوو کە لە کاتی چوونیدا پێوەی بوو).[٢]

یەکێکی تر لە هاوڕێیانی یەعلای کوڕی ئومەییە کە لەوانە بوو سەیدنا عومەر خوا لێیان ڕازی بێت بۆ زەکات کۆکردنەوە بەولاو لایدا دەناردن دەفەرمووێ: (لە مەدینەوە بۆ زەکات کۆکردنەوە دەڕۆیشتینە ناوچەکان کە دەهاتینەوە غەیری قامچیەکانی خۆمانمان پێ نەدەبوو).[٣]

---

[١] نووسەری رەحمەتی هەر ئەوەندەی نوسیوە: الأموال (ل ٥٩٥). بەڵام سەرچاوەکەی: بوخاری (١٧٠٠)ە.

[٢] الأموال (ل٥٩٦).

[٣] الأموال (ل٥٩٧).

ئەم دید و ڕێبازە، ئەم مەنهەج و هەڵوێستە کە لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، هەموو خولەفای ڕاشیدین و دەسەڵاتدارە دادپەروەرەکان کردیانە دیدو ڕێبازو ئەحکام و حوکمی خۆیان و فەتوای پێشەوایانی شەرع لە یاوەران و تابیعینیش هەموو لەسەر ئەم ئەحکامانە دامەزرا کە بووە ڕێساکانی شەریعەتی ئیسلام و نەوە بە نەوەی موسوڵمان کاری پێکرا.

- عیمرانی کوری حەصین خوا لێی ڕازی بیت (کە یاوەر بوو) لە سەردەمی ئەمەویەکاندا والی زیادی کوڕی ئەبیهی (یان والییەکی تربوو) ناردی بۆ کۆکردنەوەی زەکات. کە گەرایەوە والی لێی پرسی سامانی زەکاتەکە؟ فەرمووی: چما تۆ بۆ سامان کۆکردنەوەت ناردبووم؟ هەر وەکو سەردەمی پێغەمبەری خوامان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد، لەو خەڵکەمان وەرگرت و دامانەوە بەو کەسانەی کە جاران دەماندانەوە.[1]

- ئەبو عوبەید رەحمەتی خوای لێبێت کە زۆر لەم ریوایەتانەی بە سەنەدەوە لە کتیبەکەیدا هێناوەتەوە، دەفەرمووێ: ئەم هەموو فەرموودانە ئەوە دەسەلمێنن کە هەژاری هەموو ناوچە و هۆزێک شایانترن بە وەرگرتنی زەکاتی دەوڵەمەندەکانی ناوچەو هۆزەکانی خۆیان، تا دەگەنە ئاستی دەوڵەمەند بوون. دەبینین کە ئەوان لە خەڵکی تر لە پێشترن، موستەحەقن زەکاتەکەیان وەرگرن..چونکە سیرەو سوونەتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەرکیزی لەوە دەکردەوە کە رێزی (لێکنزیکیی و خانوو بە خانووی یەکەوە)ی تێدا ڕەچاوبکرێت.[2] سەیر ئەوەیە کە ئەگەر جارێ جابی زەکاتەکە کەسانێکی هەژاری ناوچەو هۆزێکی نەناسی یان هۆشی نەبوو بیانداتێ و زەکاتە زیادەکەی لەگەڵ

---

[1] نووسەری رەحمەتی نوسیوێتی: (ئەبوداودو ئیبن ماجە ریوایەتیان کردووە. نيل الأوطار (بەرگی٤/ل١٦١).. راستە: ئەبوداوود (١٦٢٥)، ئیبنوماجە (١٨١١). ئەلبانی لە (صحيح ابن ماجه ١٠٦/٢)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[2] الأموال (ل٥٩٥).

خۆیدا بردە ناوچەکەی تر یان بردیە خەزێنەی مەرکەزی دەوڵەت، دەبێ خەلیفە بیگەڕێنێتەوە بۆ ناوچەو هۆزەکەو بدرێتەوە بە هەژارانی خۆیان. ئەمە فەتوای سەعیدی کوڕی موسەیبە کە کردەوەی خەلیفە عومەری کوڕی عەبدول عەزیزە..خوا لێی رازی بێت بە کردەوە ئەنجامییدا.[1]

بەڵام حەسەنی بەسریی و ئیبراهیمی نەخەعی دەفەرموون: دەشێت کابرا زەکاتەکەی خۆی بداتە خزم و کەسوکارە مستەحەقەکانی. ئەبو عوبەید دەفەرمووێ: ئەمە لە کاتێکدا دەبێت کە خەلیفە یان کاربەدەستان کەسیان بۆ کۆکردنەوەی زەکاتەکە نەناردبێت، چونکە تا ئەو کاتە سامانی تایبەتی خۆی دەبێت، بەڵام کە جابی بۆ چوو، دەبێتە سامانی گشتی موسوڵمانان و بەرپرسانی دەسەڵات ڕەفتاری پێوە دەکەن.

هەڵوێستی ئەبوالعالیەش ڕەحمەتی خوای لێبێت وەکو ئەم فەتوایەیە بۆیە زەکاتی خۆی دەبرد بۆ کەسوکاری خۆی لە مەدینە. کە ئەبوعوبەید دەفەرمووێ، وادەزانم تایبەتی دەکرد بە خزمانی.[2]

کە ئاوا دەبینین هەموو لەسەر ئەوە کۆن کە زەکاتی ناوچەیەک هەر لەسەر هەژارانی ئەو ناوچەیەدا دابەش دەکرێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لەسەر ئەوە کۆن کە ئەگەر ئەو ناوچەیەی زەکاتەکەی لێ کۆکراوەتەوە هەژارانی کەم بوو یان زەکاتەکە زۆر بوو جائیزە دەسەڵاتداری ئیسلام بیباتە ناوچەی تری نزیک ئەوان کە خەڵکی موحتاجی لێ بێت.

---

[1] هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.
[2] الأموال (٥٩٨).

لەم ڕوانگەوە بۆچوونی ئیمامی مالیکم لا پەسەندە کە دەفەرموێ: نابێت زەکاتی ناوچەیەک ببرێت بۆ ناوچەیەکی تر مەگەر لە ناوچەکانی تر ئاستی هەژاریی و موحتاجی زۆرتر بێت، ئەو کاتە ئیمام/خەلیفە بۆی هەیە ئیجتیهاد لەو حوکمەکەدا بکات.[١]

حەللاوە سەحنوون (شەرع ناسێکی گەورەی مالیکیە) دەفەرموێ: ئەگەر هەواڵ گەیشتە ئیمام (خەلیفە) کە خەڵکی ناوچەیەک زۆر موحتاج کەوتوون، بۆی هەیە زەکاتی ئەو ناوچانەیان پێ بگەیەنێت کە حاڵیان لەوان باشترە و موحتاج نین موسوڵمانیش برای موسوڵمانە: (الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ لَا يَظْلِمُهُ وَلَا يُسْلِمُهُ....).[٢] واتە: موسوڵمان برای موسوڵمانە نە دەستدرێژی دەکاتە سەر و نە تەسلیم دوژمنی دەکات.

لێرەدا ووتەکانی شێخ یوسف قەرەزاوی کۆتایی هات.

---

[١] تەفسیری قورطوبی (١٧٥/٨).
[٢] بوخاری (٢٤٤٢).

## بڕگەی سێیەم

## زەکات و کێشە ئابوورییەکان:

### خاڵی یەکەم: چارەسەری کێشەکانی هاوسەرگیریی و سوکنا و بێکاریی و پەککەوتیی:

ئەو کەسانەی کە سەختر دەڕواننە زەکات ئەو گومانەیان لا دەچەسپێت کە بەو پرسیارە دەری دەبڕن کە چۆن زەکات ئەو هەموو کێشە ئابوورییانەی دەوڵەت و کۆمەڵگەی ئالۆزی سەردەمی پێ چارەسەر دەکرێت؟

وەڵام: سەرەتا خۆ ئێمە نەمان ووتووە هەموو کێشە ئابورییەکانی کۆمەڵگەکە بە زەکات چارەسەر دەکرێت، نەمان ووتووە زەکات هەموو سیستەمە داراییەکەی ئیسلامە، نا. زەکات ڕوکنێکی ئەو سیستەمەیە، بنەمایەکی بەهێزی ئابوورییە، کە لەگەڵ سیستمی داراییی ئیسلامییدا پرۆژەکە تەواو دەکەن و چارەسەری هەموو کێشە ئابوورییەکان دەخەنە بەردەست..(دواتر باسی سیستمی دارایی لە ئیسلامدا لە باسێکی سەربەخۆدا دێت).

گومانمان لەوەدا نییە کە بە زەکات زۆرینەی کێشە داراییەکانی تاکەکان چارەسەر دەکرێت..ئەگەر دەزگایەکی ڕەسمی شیاو بۆ زەکات دابمەزرێت و بدرێتە دەست کۆمەڵێک بیرمەند و هیزرەوان و نەخشە دارێژی لێهاتوو لەوانەی دەزانن ئەحکامەکانی شەرع لە واقیعی ژیانی خەڵکیدا بچەسپێنن، زۆر ئاسان دەتوانن ئەو سەرمایە خەیاڵییە زۆرەی زەکات کە کۆ دەبێتەوە لایان بیکەنە بووجەیەکی بەردەوامی هەڵمەتی ڕیشەکێش کردنی هەژاریی، چونکە بە پێی بۆچوونی هەندێك لە پێشەوایانی شەرع ئەوەندە دەدرێتە هەژار

کە تا ژیانی مابێت هەژار نەکەوێتەوە، ئەم چارەسەرە وادەکات پاش ماوەیەک هەژارەکان کە دەگەنە ئاستی دەوڵەمەندی خۆشیان ئەبنەوە بە زەکات دەر.. ئەمە خاڵێکی جەوهەرییە، بەڵام دیسان دەڵێین لەبەر ئەوەی وێنای زەکاتدان لە بیرو زەینی بەرامبەران و زۆر موسوڵمانیشدا هەر ئەوەیە کە کابرایەکی دەوڵەمەند پشکە زیادەی سامانەکەی دەداتە ئەو موحتاجانەی سواڵ دەکەن، یان نایکەن چاوەڕوانین. ئەمە وینایەکی تەڵخ و لێڵە.

**با کەمێک بە تەفسیل ئەم خاڵە ڕوونتر بکەینەوە:**

زۆرینەی کێشەی تاکی خەڵکی (دوای ئەمان) هاوسەرگیری و سوکناە بێکاریی و پەککەوتەییە، ئەگەر بتەوێت نەخشەیەکی یاسایی و ڕاپەڕاندن بۆ ئەم کێشانە لە دید و بۆچوونی مەزهەبەکانەوە..دەڵێین:

١- چارەسەری پەککەوتەکان بە پێی مەزهەبی شافعی دەکەین بەوەی کە بۆ هەر تاکێکی ناتوانای کارو کاسبی، خانوویەکی زیادەی دەدرێتی لەوەی کە سوکنای خۆی و ماڵ و منداڵێتی تا بە کرێی بدات و کرێکەی بۆی ببێتە مووچەی مانگانەی..ئەگەر ئەوەمان لە ساڵێکدا -بۆ نموونە- ئەنجام دا لە ساڵی دواتردا ژمارەی ناتواناکانمان ئەوەندە نامێنێت کە هەر وەکو کێشە بمێنێتەوە. ئەو کاتە زەکاتی ساڵی نوێ دەشێت بۆ چارەسەری بێکاری بەکار بهێنریت.

٢- هەر کەسێک خاوەن پیشە یان کاسبیەک بوو دەتوانێت سەرمایەیەکی بخەینە بەردەست کە بتوانێت لێی بکەوێتە کار (وەکو دوکاندار و شۆفێری تەکسی و جوتیار و برین پێچ و زانای کۆمپیوتەرو..هتد).

٣- ئەوی خاوەن پیشە نییە دەزگای تایبەتی (وەکو مەکتەب عەمەل) پۆلی فێرکردنی پیشەیان بۆ دەکاتەوە و فێریان دەکات، کە بە تەواوی شیاو کران ئەمانیش سەرمایەیان دەدرێتێ و کێشەکەیان چارەسەر دەبێت.

٤- دەشێت دەوڵەت کارگەی گەورەی بەرهەم هێنان دامەزرێنێت و بێکارەکانی بۆ بکاتە کرێکار کە ڕێژەیەک لە مووچەکانیان لادات تا لە کارگەکەدا بۆیان وە بەرهەم بهێنێتەوە (استشار کردن) کە دوای (نموونە دە ساڵ) هەموویان دەبنە خاوەن پشک لە سەرمایە و قازانجەکەدا لەگەڵ کرێکارییەکەشیاندا (ئەمە لە سەدان پرۆژەدا دەکرێت بهێنرێتە دی وەکو پرۆژەکانی چاندن (زەراعە) و کارگەی سەیارە و پۆشاک و دەرمان یان بازرگانی دەرەوە..).

ئاوا کێشەی بێکاریش تەواو دەبێت دوای چەن ساڵێک ئەمانیش ئیتر پێویستیان بە سامانی زەکات نامێنێت و دەتوانین ئەمجارە بۆ کێشەی سوکناو هاوسەرگیری... بەوەی بۆ نموونە دەوڵەت ڕایدەگەیێنێت کە هەر کەسێک بە شێوەیەکی یاسای ڕەسمی بیسەلمێنێت کە خانووی کردووە و قەرزارە یان هاوسەرگیری کردووە و قەرزارە حوکمەت قەرزەکانیان بۆ بداتەوە، پاشان حوکمەت خۆی پارەی خانوو و هاوسەرگیرییەکە بدات (هەر وەکو سولفەی عەقاری و زەواج لەم سەردەمەدا) کە لە ئیسلامدا قەرز نین تا وەربگیرێنەوە.

مەبەست لە ڕاکەمان ئەوەیە کە بەڵێ دەتوانین بە پشتیوانی خوای گەورە کێشەی ئابووری تاکەکان بە هۆی سیستمی زەکاتەوە چارەسەر بکرێت و خەڵکی ئەوەندە بە موحتاجی نەمێننەوە..

ئەمە شتێکی خەیاڵی نییە..لە واقیعی دەوڵەت و کۆمەڵگەی ئیسلامیدا لە مێژوودا ڕوویداوەو ڕوودانەوەی نوێی لەم سەردەمەدا ئاسانتر دەبێت إِنْ شَاءَ اللَّه (چونکە بە هۆی چڕی مەرکەزێتی دەوڵەتەوە سامانی هەموو خەڵکی دەزانرێت و دەزگاکەی زەکات یەکسەر دەزانێت واریداتی ساڵانەی چەند دەبێت.

ئینجا ڕەنگە لێرەدا پرسیارێکمان لێ ڕاست بکەنەوە: باشە ئەگەر بەو نەخشەیەتان هەژاریتان قەلاچۆ کرد و هەژار نەما، دوای پارەی زەکات چی لێ دەکرێت، کە زەکات ساڵانەیە و هەر دەبێت بدرێت؟!

لە وەڵامدا دەڵێین: هەبوونی پارەی زۆر لە خەزێنەی دەوڵەتدا نابێتە کێشە، چونکە لەو حاڵەتەدا کەفالەتی خەڵکی تری پێ دەکرێت، بۆ نموونە کەفالەتی هەموو خوێندکارانی وولات تا خوێندنەکەیان تەواو بکەن. خوێندکاریش لە حوکمی هەژاریدایە و زەکاتی پێ دەشێت. چونکە بۆ خوێندنێک لێبڕاوە کە سوودی خۆی و ئومەتەکەی تێدایە. کەوابوو دەشێت بۆ هەر خوێندکارێک مووچەی تایبەت بە قۆناغ و جۆری خوێندنەکەی بۆ دابین بکرێت و مانگانە بیدرێتێ. با باوکیشی دەوڵەمەند بێت، ئەمما هەر کەسێک باوکی هەژار بوو ئەوە خۆشی و باوکیشی شایانی زەکات وەرگرتنەکە دەبن و دەیاندرێتێ. ئیسلام هەر بەوەندە خوێندکارە خوێندنی تەواو کرد وێلی ناکات و حەقی بەسەریەوە نەمێنێت، بەڵکو دەوڵەت بەرپرسە لە خستنە سەرکاریی دیسان دەشێت تا سامانی زەکات زۆرتر بێت دەزگای بانگەوازی لێ بەرفراوان بکرێت، بە هەزاران داعی ئیسلامی و (نوسەر و مامۆستا و... ) بە سامانی زەکات لێبڕێن بۆ بڵاو کردنەوەی ئیسلام ... ئەمانەش هەمووی لە بواری موستەحەققانی زەکاتدان لە خانەی (وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ)ی هەشت پۆلەکەی زەکات وەرگراندا.

## خاڵی دووەم: ئەو دەوڵەتەی ئاوا بایەخ بە زەکات نادات ئیسلامی نییە:

لە سەرەتاوە ووتمان زەکات کۆکردنەوەو گەیاندنەوەی بە موستەحەققانی ئەرکی دەوڵەتی ئیسلامیە، ئەمەش نیشانەی بەڵگەی ئیسلامێتیەکەیەتی، ئەو دەوڵەتەی زەکات کۆ ناکاتەوەو شەرعیانە نایگەیێنێتەوە موستەحەققانی، دەوڵەتی ئیسلامی نیە. ناشێت وەسف و پێناسەی دەوڵەتی ئیسلامی بە دەوڵەتێک بدەین کە زەکات جێ بایەخی نییە و حەقی نە بەسەر کۆکردنەوەیەوە هەیە و نە بەسەر دابەشکردنەوەیەوە، چونکە خوای گەورە باسی ئەو کەسانەی کردووە کە تەمکین (دەسەڵاتی حوکمڕانی)یان پێ دەبەخشێت ئەرکی سەرەکیان نوێژ و زەکاتە کە دەبێت وەک دەفەرموێ: (الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ) الحج/٤١ واتە: ئەو کەسانەی کە لەسەر زەمیندا دەسەڵات و هێزمان پێداون، نوێژەکان پیادە دەکەن و زەکات وەردەگرن و دەیگەیێننەوە بە موستەحەققانی و فەرمان بەچاکە دەکەن و بەرهەڵستی لەخراپە دەکەن..سەرەنجامی هەموو کارێکیش هەر بۆ خوای گەورە دەگەڕێتەوە.

بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمە مانای ئەوە نییە ئەگەر دەوڵەت بایەخی بە زەکات نەدا ئیتر زەکاتدان لەسەر دەوڵەمەندانی ووڵات نەمێنێت!لە کاتی نەمانی دەوڵەتی موسوڵماندا (وەکو ئەم زەمانەی ئێمە) دەوڵەمەندەکان هەر دەبێت زەکاتی خۆیان بدەن و دەشێت

بیگەیەنێت بە موستەحەققانی، پێویستیشە ووریا و زیت و ژیر بن و بزانن بە کام ڕێگا زەکاتدانیان زیاتر بەرژەوەندی هەژاران و کاری ئیسلام دەهێنێتە جێ؟ لە هەموو زەمانێکدا بووە کە زۆر جار پرۆژەی ئیسلامی هەبوو، لە بەر بێپارەیی پەکیکەوتووەو کەنار دراوە. جاری واش هەیە موسوڵمانی دەوڵەمەند دەبینیت زەکاتەکەی دەدات، بەڵام گێلانە دەیکاتە دەستی مورتەددێکەوە!یان دەیگەێنیت بە کەسانێکی دوور لە ئیسلام، یان دەیخاتە پرۆژەی بێبایەخی ئەهلی فسقەوە.[١]

---

[١] حوکمەتی مورتەددی سەردەم فێربوون دەوڵەمەندەکان ناچاردەکەن زەکاتەکەیان بدەنە وەزارەتی ئەوقاف کە لە زۆرینەی وولاتانی موسوڵماناندا ئەوقاف بە دەست خەڵکی بێدین و مولحیدو فاسقەوەیە. ئەوقاف گەورەترین کۆسپی ڕێی هێنانەوەی ئیسلامە بێگومان ناشێت زەکاتیان بدرێتێ. هەر کەسێک زەکاتی خۆی بداتە وەزارەتی ئەوقاف و لقەکانی و لیژنەو کاربەدەستەکانی کە پارەکە دەبەنەوە بۆ خەزێنەی وەزارەتەکە، ئەو زەکاتە جێی نەگرتووەو لەسەر کابرا لانەچووە وَاللَّهُ أَعْلَمُ.

## خالی سێیەم: ڕەواندنەوەی گومانێک (کاروباری زەکات ئەرکی دەوڵەت نییە)!:

هەندێک کەس دەڵێن زەکات وەرگرتن و دابەشکردنەوەی ئەرکی دەوڵەتی ئیسلامی نییە، چونکە خواپەرستیەکە پەیوەندی بە خودی کەسەکانەوە هەیە. ئەمە گومانێکی سەیرە، چونکە پێچەوانەی چەندەها بەڵگەی قورئان و سووننەتە..پێمان چاک بوو بە بەشێک لەو بابەتەی مامۆستا یوسف قەرەزاوی کە بە ناوی (مسئولیة الدولة عن شؤون الزكاة) نووسیویێتی ئەم گومانە بڕەوێنینەوە: (زەکات وەکو بۆمان ڕوون بۆوە- ماف و ئەرکێکە کە خوای گەورە فەرزی کردووە: (فَرِيضَةً مِّنَ اللَّهِ) التوبة/٦٠ بەڵام ئەوەش نیە کە هەر کەسێک باوەڕی بە ڕۆژی دوایی بەهێزبوو بیدات و ئەوی باوەڕی لاوازبوو پێی گوێینەداتێ..نەخێر خۆ زەکاتدان کارێکی خۆبەخشانە نیە، چاکەو پیاوەتی تاک کەسی نییە، تا هەر کەسێ بە ئارەزووی خۆی ببەخشێت. زەکات..ڕێکخستنی کۆمەڵکاری ئوممەتە و دەوڵەت بەرپرسێتی و سەرپەرشتیارێتی دەگرێتە ئەستۆ، کە دەبی دەزگایەکی ئیداری ڕێکخەری تایبەت بە خۆیی بۆ دابمەزرێنێت کە بەرپرسی کۆکردنەوە و دابەشکردنەوەی دەبێت بەسەر هەموو موستەحەققانییدا و بە پێی شەرع..هەموو ئاڕاستەی قورئان و سووننەت و فەتوای یاوەران لەم بارەوە ئاوایە:

**بەڵگەی قورئان:**

ڕۆشنترین بەڵگە لەسەر ئەوەی کە زەکاتدان و دابەشکردنەوەی بەرپرسێتی کۆمەڵگایی ئوممەت و لە ژێر سەرپەرشتی دەوڵەتدا دەبێت ئەوەیە کە خوای گەورە کار بەدەستانی کۆکردنەوە و دابەشکردنەوەی لە قورئاندا بە ناوی (العاملين عليها) ناو بردووە و

کردووشنی بە پۆلێک لە هەشت پۆلە موستەحەققەکان و نەیهێشتووە موحتاجی مووچەی دەوڵەت بن تا لە مووچەو پشکی خۆیان دڵنیابن و چاکتر بۆ کارەکەیان لێببڕێن و بە باشترین چۆنیەتی جێبەجێ بکەن، خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِّنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ)التوبة/٦٠ واتە: زەکات بۆ نەداران و هەژاران و فەرمانبەرانی زەکاتەکەو بۆ قەرزاران و کۆیلە ئازادکردن لە پێناو خوادا خەرج دەکرێت. هەروەها بۆ ئەو ڕێبوارانەی لەبەر نەبوونی سەفەرەکەیان بۆ تەواو نەکراوە خوای گەورەش شارەزاو دانایە.

ئەم دەقە ڕۆشن و ڕاشکاوە بواری ڕا دەربڕین بۆ کەس ناهێڵێتەوە و ناشهێڵێت کەس بە دید و بۆچوونی خۆی لێکدانەوەی بۆ بکات. چونکە ئایەتەکە پۆل پۆل بە جیا باسی لە هەمووان کردووە و پێناسەشیان ئاشکرا بووە، ئەمەش فەرزە و خوای گەورە فەرمانی پێ داوە، ئیتر کێ جورئەتی ئەوەی دەبێت بڵێ موسوڵمان و دەستێوەردانی تێدا بکات؟ کێ جورئەتی هەیە ئەم فەرزەی خوا بگۆڕێت چ جای ئەوەی پەکی بخات؟ خوای گەورە هەر لەو سوورەتەدا کە باسی پۆلە موستەحەققەکانی کردووە بە فەرمانیش بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِم بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ إِنَّ صَلَاتَكَ سَكَنٌ لَّهُمْ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ)التوبة/١٠٣ واتە: زەکات لە ماڵ و سامانیان وەرگرە تا خۆیان و سامانیانی پێ پاڵفتە بکەن، دوعایان بۆ بکە، نوێژیان لەسەر کە، دوعاو نوێژی تۆ دەبێتە مایەی سوکنایی دڵ و ئارامی ڕۆحیان. جمهووری زانایان و شەرعناسان (سەلەف و خەلەف) لەسەر ئەوە کۆن کە مەبەست لە (صَدَقَةً) لەم ئایەتەدا (زەکات)ە، ئایەتەکەش پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەدوێنێت بەڵام هەموو کاربەدەست و بەرپرسێکی موسوڵمان دەگرێتەوە کە دەبێتە سەرپەرشتیاری موسوڵمانان لە دوای جەنابی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

**بەڵگەی سیرە و سووننەت:**

فەرموودەکەی لای ئیبنو عەباس خوا لێیان ڕازی بێت دەبارەی ناردنی موعاذی کوڕی جەبەل خوا لێی ڕازی بیت بۆ یەمەن بە ناوبانگە و بەڵگەیەکی ڕۆشنە..لە هەردوو سەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: (أَمَرَ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حِينَ بَعَثَ مُعَاذًا إِلَى الْيَمَنِ، فَقَالَ: أَعْلِمْهُمْ أَنَّ اللَّهَ افْتَرَضَ عَلَيْهِمْ صَدَقَةً فِي أَمْوَالِهِمْ، تُؤْخَذُ مِنْ أَغْنِيَائِهِمْ فَتُرَدُّ عَلَى فُقَرَائِهِمْ، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوكَ لِذَلِكَ، فَإِيَّاكَ وَكَرَائِمَ أَمْوَالِهِمْ، وَاتَّقِ دَعْوَةَ الْمَظْلُومِ، فَإِنَّهَا لَيْسَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ اللَّهِ حِجَابٌ).[١] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ -کاتێک موعاذی بۆ یەمەن دەنارد- فەرمانییێدا: فێریان کە خوای گەورە زەکاتی لەسەر فەرز کردوون، کە پشکە سامانێک لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگرێت و بەسەر هەژارەکانیاندا دابەش دەکرێتەوە، ئەگەر لەمەدا گوێڕایەڵیان کردیت، ئەوە باشە. نەکەی داوای ماڵ و سامانە بەنرخەکانیان بکەیت، خۆت لە دوعای ستەملێکراوان بپارێزە، چونکە پەردە لە نێوان دوعای ئەوان و خوای گەورەدا نیە.

فەرموودەکە ڕاشکاوانە دەفەرموێ: لە دەوڵەمەندەکان وەردەگرێت و بەسەر هەژارەکانیاندا دابەش دەکرێتەوە. ئەم دوو کردارەش (وەرگرتنی و دابەشکردنەوە) بکەری خۆیان هەیە کە خاوەن سامان و موستەحەققەکانی زەکاتەکە نین، کەسانی

[١] نووسەر: (رواه الجماعة عن ابن عباس). ڕاستە: بوخاری (٦٩٣٧)، موسلیم (١٩). دەقی هەموو فەرمودەکە: (عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَعَثَ مُعَاذًا إِلَى الْيَمَنِ، فَقَالَ: «إِنَّكَ تَأْتِي قَوْمًا أَهْلَ كِتَابٍ، فَادْعُهُمْ إِلَى شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَنِّي رَسُولُ اللَّهِ، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لِذَلِكَ، فَأَعْلِمْهُمْ أَنَّ اللَّهَ افْتَرَضَ عَلَيْهِمْ خَمْسَ صَلَوَاتٍ فِي كُلِّ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لِذَلِكَ، فَأَعْلِمْهُمْ أَنَّ اللَّهَ افْتَرَضَ عَلَيْهِمْ صَدَقَةً فِي أَمْوَالِهِمْ، تُؤْخَذُ مِنْ أَغْنِيَائِهِمْ فَتُرَدُّ فِي فُقَرَائِهِمْ، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لِذَلِكَ، فَإِيَّاكَ وَكَرَائِمَ أَمْوَالِهِمْ، وَاتَّقِ دَعْوَةَ الْمَظْلُومِ؛ فَإِنَّهَا لَيْسَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ اللَّهِ حِجَابٌ).

سێیەمن..کەوا بوو ئەو کەسانەی زەکاتدانیان لەسەر فەرز دەبێت سەرپشک ناکرێن داخۆ چۆن و کەی خۆیان دەیدەن.

ئیمامی ئیبنوحەجەری عەسقەلانی رەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: (ئەم ڕیوایەتە کراوەتە بەڵگەی ئەوەی کە ئیمام (خەلیفە) دەبێت زەکات لە دەوڵەمەندەکان وەربگرێت و دابەشی بکاتەوە. خۆی ڕاستەوخۆ دەیکات یان جێگر و نوێنەر دادەنی و ئەو کارەیان پێدەسپێرێت، هەر کەسێکیش نکووڵی لە زەکاتدان کردوو ووتی نایدەم بە زۆر لێی دەسێنرێت.[١] شەوکانی ئەمەی وەکو خۆی بە دەق لە (نیل الأوطار)دا نەقڵ کردۆتەوە.[٢]

ئا ئەمەی لە سووننەتی گوفتاردا هاتووە: سوونەتی کرداریش سەلماندویێتی و جەختی لێکردۆتەوە. واقیعی مێژووی ژیانی سەردەمی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و خولەفای ڕاشیدین خوا لێیان ڕازی بیت ئەوەی سەلماندووە و چەسپاندووە. بۆیە زانایان و شەرعناسان فەرموویانە: پێویستە لەسەر ئیمام/ خەلیفە باجی بۆ زەکات کۆکردنەوە و دابەشکردنەوەی بنێرێت بۆ هەموو هەرێم و ناوچەیەک چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و خەلیفە ڕاشیدەکانی دوای جەنابی وایان ڕەفتار کردووە. چونکە خەڵکانێک هەن دەوڵەمەندی موسوڵمانن و نازانن چۆن زەکاتیان لەسەر فەرز دەبێت و چەند و کەی دەبێ بیدەن؟ هەشیانە دەزانێت بەڵام خەمسارده لێی و لە بەر پیسکەیی و بەخیلی خۆی دەستی تێی ناچێت پشکێکی لێ لادات!بۆیە حەتمەن دەبێت بەرپرسانی دەوڵەت بنێرن بۆ کۆکردنەوەی.[٣]

---

[١] الحافظ ابن حجر: فتح الباري (ب٣ل٣٣١) لە شەرحی وەسێتەکەی موعاذدایە لە سەحیحی بوخاری/ کتاب الزكاة.

[٢] نيل الأوطار (١٢٤/٤).

[٣] المجموع (١٦٨/٦).

خاوەن سامانەکانیش کە زەکاتەکەشیان لەسەرە بیدەن دەبێت کارو ئەرکی جابیەکانی زەکات ئاسان کەن و زوو بە دەمیانەوە بێن و ئەوەی فەرزە لە سەریان بیدەن و ئاسانکارانە بیاندەنێ. بۆیان نییە ڕادەی و بڕو جۆری سامانەکانیان لێ بشارنەوە یان پشکێک لە زەکاتەکەیان لادەن..ئەوە فەرموودەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و سیرەی یاوەرە بەڕێزەکانیدا ڕۆشن و ڕاشکاوە.

جابری کوڕی عەتیک خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (سَيَأْتِيكُمْ رَكْبٌ مُبَغَّضُونَ فَإِذَا جَاءُوكُمْ فَرَحِّبُوا بِهِمْ وَخَلُّوا بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ مَا يَبْتَغُونَ فَإِنْ عَدَلُوا فَلأَنْفُسِهِمْ وَإِنْ ظَلَمُوا فَعَلَيْهَا، فَإِنَّ تَمَامَ زَكَاتِكُمْ رِضَاهُمْ وَلْيَدْعُوا لَكُمْ).[1] واتە: ئێستا کاروانێک دەگاتە لاتان کە حەزیان لە چارەتان نییە و دەتان بوغزێنن، ئەگەر هاتن پێشوازیی و بەخێر هاتنیان لێ بکەن، لێیان گەڕێن چی دەکەن و چۆن ڕەفتار دەکەن با بیکەن، ئەگەر ڕاست و دروست ڕەفتاریان کرد، ئەوە بۆ خۆیانە، ئەگەر ستەمیشیان کرد، هەر بەسەر خۆیاندا دەشکێتەوە، ئێوە زەکاتەکەی خۆتانیان بە ڕەزامەندییان لێ وەرگرن، با دەسبەرداری بن بۆتان... ئەمانە ئەو یاوەرانەیان دەبوغزاند چونکە ئەمان بەرپرسی زەکات وەرگرتن بوون، دەبوو لەوانیشی وەربگرن، ئەوانیش حەزیان نەدەکرد لە ماڵ و سامانیان ببەخشن، سامانیش هاوشانی گیانە!

ئەنەس خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (أَنَّ رَجُلا قَالَ لِرَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: إِذَا أَدَّيْتُ الزَّكَاةَ إِلَى رَسُولِكَ فَقَدْ بَرِئْتُ مِنْهَا إِلَى اللَّهِ وَإِلَى رَسُولِهِ؟ قَالَ: نَعَمْ إِذَا أَدَّيْتَهَا إِلَى رَسُولِي

---

[1] نووسەر: (ئەبوداوود. سەنەدەکەشی زەعیفە). ڕاستە. ئەبوداود (١٥٨٨) شێخی ئەلبانی رحمەالله لە: (ضعيف سنن أبي داود/١٥٨٨) و لە: (ضعيف الجامع الصغير/ ٣٢٩٧)دا بە زەعیفی داناوە.

فَقَدْ بَرِئْتَ مِنْهَا وَلَك أَجْرُهَا وَإِثْمُهَا عَلَى مَنْ بَدَّلَهَا).[١] واتە: كابرایەك عەرزی پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كرد: ئەگەر زەكاتەكەی خۆمم دا بە نێراوەكەت ،لە مافی خواو پێغەمبەری خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە سەرەوە نامێنێت؟ فەرمووی: نا نەخێر ئەگەر زەكاتەكەت دا بە نێراوەكەم ئیتر هیچت لە مافی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەسەرەوە نامێنێت و پاداشتی خۆتت بۆ دەنوسێت، هەر كەسێكیش گوناحی گۆڕینەكە لەسەر خۆیەتی.

**فەتوای یاوەران:**

- سەهلی كوڕی صالح رەحمەتی خوای لێبێت لە باوكیەوە دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: سامانی زەكاتم لا كۆ بووبۆوە، پرسیارم لە سەعدی كوڕی ئەبو وەققاص و ئیبنو عومەر و ئەبو هورەیرە و ئەبو سەعیدی خودریی كرد خوا لێیان ڕازی بێت كە خۆم بەسەر هەژاراندا دابەشی بكەم؟ یان بیدەم بە كار بەدەستان (لە زەمانی ئەمەویەكاندا بوو) كەسیان لە وەڵامیدا ڕاجوێ نەبوون. هەموویان فەرمانیان پێدام بیدەم بە كاربەدەستان (بەرپرسانی كۆكەرەوەی زەكات) لە ڕیوایەتێكی تردا هاتووە: عەرزم كردن: بیدەمە كار بەدەستان كە دەیانبینن چۆنن؟ هەموویان فەرموویان: بەڵێ بیدە بەوان.[٢]

- ئیبنو عومەر خوا لێیان ڕازی بێت دەیفەرموو: زەكاتەكانتان بدەنە ئەو كەسانەی كە خوای گەورە كردوونی بە دەسەڵاتدار بە سەرتانەوە، هەر كەسێكیان بە پێی شەرع

---

[١] ئەحمەد (١٣٦/٣) ئەلبانی لە: (تَخْرِيجُ أَحَادِيثِ مُشْكِلَةُ الفَقْرِ وَكَيْفَ عَالَجَهَا الإِسْلَامُ/ل٤٣)دا دەفەرموێ: زەعیفە.

[٢] نووسەر: (ئیمامی سەعیدی كوڕی مەنصوور لە مەسنەدەكەیدا هێناویێتیەوە).راستە: بەیهیقی (٧٦٣٥) ئیبنەئەبی شەیبە (٤٦/٣). ئەلبانی لە: (تَخْرِيجُ أَحَادِيثِ مُشْكِلَةُ الفَقْرِ وَكَيْفَ عَالَجَهَا الإِسْلَامُ/ل٧٢)دا دەفەرموێ: زەعیفە.

ڕەفتاری پێوە کرد ئەوە پاداشتی بۆ خۆی دابین کردووە، هەر کەسێکیش ناشەرعیانە ڕەفتاری تێدا کرد خۆی گوناحبار دەبێت.[١]

- موغیرەی کوڕی شوعبە خوا لێی ڕازی بێت به خزمەتکارەی خۆی فەرموو -کە لە شاری (طائف) کردبووی بە سەرپەرشتیاری ماڵ و سامانەکەی-: ئەرێ تۆ چۆن ڕەفتار بە زەکاتەکەمەوە دەکەیت؟ عەرزی کرد:

- هەندێک دەبەخشمەوە بە سەر موستەحەققانییدا و هەندێکیشی دەدەمە کاربەدەستانی دەسەڵات.

- فەرمووی: جا بۆ وا دەکەیت؟ (بەرهەڵستی لەوەی کرد کە خۆی دابەشی دەکات).

- عەرزی کرد: ئاخر ئەوان زەوی و زاری پێدەکڕن و ژنی پێدەهێنن!

- فەرمووی: نا بیدە بەوان..پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی پێداین کە بیدەین بەوان (واتە بەوانەی بە ڕەسمی جابی کۆکردنەوەی زەکاتن)..[٢]

---

[١] نووسەر: (بەیهیقی بەسەنەدی سەحیح دەگێڕێتەوە). ڕاستە. بەیهیقی (٧٦٣١)، ئیبنوئەبی شەیبە (٤٧/٣). ئیمامی نەوەوی لە (المجموع/١٤٦/٤ )دا دەفەرموێ: سەنەدەکەی حەسەن یان سەحیحە. ئەلبانی لە: (تَخْرِيجُ أَحَادِيثِ مُشْكِلَةُ الفَقْرِ وَكَيْفَ عَالَجَهَا الإِسْلَامُ/ل٧٣)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[٢] نووسەر: (بەیهیقی لە (السنن الکبری)دا دەگێڕێتەوە) پاشان بۆ هەر سێ ڕیوایەتەکە دەفەرموێ: (ئیمامی نەوەوی ئەم فەرموودانەی لە (المجموع ١٦٢/٦-١٦٤)دا هێناوەتەوە. ڕاستە هێناونێتیەوە. بەیهیقی (٧٦٣٠).ئیمامی نەوەوی لە (المجموع/١٦٢/٢ )دا دەفەرموێ: سەنەدەکەی زەعیفە. هەروەها ئەلبانی رحمەالله لە: (تَخْرِيجُ أَحَادِيثِ مُشْكِلَةُ الفَقْرِ وَكَيْفَ عَالَجَهَا الإِسْلَامُ/ل٧٤)دا دەفەرموێ: زەعیفە.

ئەم فەرموودانە ڕۆشن و ڕاشکاوانە ئەوە دەسەلمێنن کە ئەرکی زەکات کۆکردنەوە و دابەشکردنەوەی بەرپرسێتی کار بەدەستانی حوکمەتی ئیسلامیە. ئەو هەڵوێستە ئاشکراو ڕاشکاوانەی ئەو یاوەرانەش خوا لێیان ڕازی بێت دڵنیامان دەکەنەوە کە ئەسڵ لە شەریعەتی ئیسلامدا ئەوەیە کە حوکمەتی موسوڵمان کاروباری زەکات دەگرێتە دەست، کار بەدەستانی ئەو کۆی دەکەنەوە و لەوانیش (لەبەر ڕۆشنایی ئایەتەکەدا) دەیگەێننەوە بە موستەحەققانی زەکات. ئەرکی ئوممەتیش ئاسانکاری بۆ کردنیانە تا یاساو سیستەمی حوکم بچەسپێت، تا بنەمای کاروباری کۆمەڵگەو دەوڵەتی موسوڵمان قایمتر بێت و بەیتولمال پڕ بێت نەک نوقسان..

**لە نهێنیەکانی ئەم حوکمە شەرعیە:**

هەندێك کەس لەوانە دێن یەک پێناسەیان بۆ هەموو دینەکان هەیە و دەڵێن ئەمڕۆ بەرپرسێتی دین ئەوەیە کە دڵ و دەروون زیندوو کاتەوەو ... هەست ووریا کاتەوە و هزر و هۆش قەناعەت پێبکات کە دەبێت ئیقتیدا بە پێشەوایانی دینەکە بکات و زۆر باڵا بڕوانێت و هەوڵ بدات ببێتە نموونە، بە سۆزی خوداوویستی و خۆشەویستی دیداری خوای گەورەو ئومێدی پاداشتی ئەو دەکەوێتە چاکسازیی و لە ترسی سزاو قامچی ئەشکەنجەی ئەویش دەترسێت و ناوێرێت بکەوێتە خراپەکاریی، ئەمە ئەرکی دینە، کاروباری سیاسەت و ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە و دەوڵەت ئەرکی دین نییە!

ڕەنگە ئەمە بۆ دینەکانی تر ڕاست بێت، کە دەبێ هەڵوێستیان وابێت، بەڵام بۆ ئیسلام ئەستەمە، دید و بۆچوونی وا بە هیچ حوکمێک لە ئیسلامدا جێی نابێتەوە، چونکە ئیسلام عەقیدە و حوکمە، ڕەوشت و یاسایە، قورئان و دەسەڵاتە..

مرۆڤ لە ئیسلامدا دوو بەش نەکراوە، بەشێکی بۆ (قەیسەر) و بەشیکی بۆ (خوا)! بەڵکو ژیان هەر هەمووی هی خواو لە خواوەیەو دەبێت بۆ خواش بێت. مرۆڤ و گەردون و ژیان هەموو دەبێت ملکەچی فەرمانی خوای گەورە بن..ئیسلام پەیامێکی گشتگیرە و بۆ هیدایەت دانی مرۆڤی سەر زەمین هاتووە، ئامانجی ئیسلام: ڕێز دانانی تاک و ئاسوودە کردنی کۆمەڵگە و ئاڕاستە کردنی لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر بنەماکانی حەق و داد و یەکسانی و بانگێشت کردنی مرۆڤایەتی بۆ وەرگرتنی خوا وویستی، بۆ ناسین و پەرستنی خوای کردگار و خاوان و تاک و پاک، بۆ هاوبەش دانەنان بۆ خوای گەورە لە هیچ ڕەفتارێکدا، ئیسلام بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ هاتووە تا هەندێکیان خۆیان لەوانی تر نەکەنە خواو لە جێی خوای گەورە فەرمانیان بۆ دەرکەن و یاسا و ڕێسایان بۆ دابڕێژن، سیستمی زەکاتیش لەم چوارچێوەدایە، نەکراوە بە خوا پەرستییەکی تاک کەسانە، بەڵکو کراوە بە ئەرکی حوکمەتی ئیسلامی، ئیسلام ئەرکی زەکات کۆکردنەوەو گەیاندنەوەی بە موستەحەققانی خستۆتە ئەستۆی کار بە دەستانی دەوڵەتی ئیسلامی، نەک لێگەڕێ هەر کەسەو ویژدانی خۆی..هەر کەسەو ڕادەی دینداریتی خۆی!هەر کەسەو سەخاوەت یان پیسکەیی خۆی و هەر کەسەو چۆنێتی زەکات دەرکردنی خۆی.. نا.. ئیسلام زەکات وەرگرتن و دابەشکردنەوەی کردووە بە ئەرکی دەوڵەت چونکە:

١- زۆر کەس بێ ویژدان و هەست مردوو دەژین و هەموو هەوڵێکیان بۆ وەدەستهێنانی سەروەت و سامانی زیاترە و جارێک هۆشیان بە لای هەژار و لێقەوماواندا ناچێت، ئەگەر چووش دەگمەنە، لەو جارە دەگمەنەشدا بڕێکی کەم لەوە دەبەخشێت کە خۆی نایەوێت!ناشێت مافی هەژار و داماوان بۆ چاوچنۆکی ئەم کەسانە لێگەڕێت و چاوەڕوان بکرێت کە خێرێک بە هەژارێک دەکەن!حەتمەن دەبێت دەوڵەت زەکاتی ئەمانە وەرگرێت، تا بیگەیەنێتەوە بەو هەژار و دەستکورتانە.

٢- کاتێک هەژاران مافی خۆیان لە حکومەت وەردەگرن نەک لە کەسێکی دەوڵەمەند -ڕێزو کەرامەتیان پارێزراو دەبێت- بە سەربەرزییەوە لە حکومەت وەریدەگرن، بەڵام بۆ دەوڵەمەند چاو بەرەو ژێری دەبن. بۆیە ئەرکی حوکمەتە زەکاتەکەیان پێبگەیێنێت تا ئابڕوویان بپارێزێت و نەیانخاتە ژێر باری منەتی دەوڵەمەندەکان.

٣- وە کردنی ئەم مەسەلە گرنگ و کاریگەرە بۆ وویستی دەوڵەمەندەکان خۆیان فەوزا دروست دەکات، کە دەشێت ماڵە هەژارێک سەرنج و سۆزی زیاتر لە دەوڵەمەندێک ڕابکێشێت بۆ لای خۆی و هەردووکیان زەکاتی خۆیانی بدەنێ. لە کاتێکدا هەژاری تر هەیە کەس نایناسێت لەوانە و ڕەنگە موحتاج تریش بێت.

٤- خۆ زەکاتدان هەر بە نەدار و هەژار و ڕێبواران و قەرزاران نیە، بواری تریشی هەیە کە بەرژەوەندی گشتی و کۆمەڵگەکە دەهێنێتە جێ کە ئەهلی شورا و کاربەدەستانی باڵای حکومەت زیاتر پەی پێ دەبەن، وەکو زەکاتدان بەو کەسانەی دڵنەواییان پێویستە (نەو موسوڵمان، خاوەن هزری یاخی، خاوەن دەزگای میدیایی) یان بۆ ئامادە سازیی جیهاد و موجاهیدان یان ئامادە کردن و ئاڕاستە کردن و ناردنی داعیانی ئیسلام و بڵاوکردنەوەی بانگەوازی خوایی..وە هەروەها..

## بڕگەی چوارەم

## خەزێنەی سامانی زەکات:

### خاڵی یەکەم: خەزێنەی زەکات سەربەخۆیە:

ئەسڵی سیستمی ئیسلامی ئەوە دەخوازێت کە زەکات بوجەی تایبەتە و داهاتێکی سەربەخۆی خەزێنەیە کە لە چوارچێوەی بەیتولمالی گشتیدا دەبێت. هەرچی عایدی زەکاتە لەوێدا کۆ دەکرێتەوەو بۆ غەیری ئەو هەشت پۆل و بوارەی خۆی سەرف ناکرێتەوە، کە بواری خزمەتکردنی کەسەکان و پرۆژە گشتیە خزمەتگوزارییەکانە زەکات نابێت بچێتە بووجەی گشتی دەوڵەتەوە و تێکەڵ بە داهاتەکانی تری دەوڵەت بێت کە بە گشتی باڵی بەسەر لایەنی دارایی دەوڵەتدا دەکێشێت و بۆ هەموو بوارێک سەرف دەکرێت.

ئایەتی شەستی سوورەتی تەوبە: (إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِّنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ) زۆر ڕۆشن و ئاشکرا و ڕاشکاوانە ئەم ڕێسایەی بە نەگۆڕیی چەسپاندووە، کە تەنانەت مووچەی کاربەدەستانی زەکاتەکەی خۆی حساب کردووە تا سەربەخۆیی دائیرە و دەزگاو پرۆژەکانی زەکات بپارێزێت، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە زەکات خۆی بووجە و توانای دارایی سەربەخۆی (بەسێتی) خۆیی هەیە بۆیە مووچەو مەسرووفی کاربەدەستەکانیشی دەگرێتەخۆ!.

ئەم سەربەخۆبوونەی دەزگای زەکات هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە واهاتووە: لە هەموو چەرخ و سەردەمەکاندا ئەمە زانراو بووەو خەزێنەی زەکات بووجەی خۆی سەربەخۆیانە هەبووە.

لە هەموو سەردەمەکانی دەسەڵاتی ئیسلامییدا بەیتولمال چوار لق بووە:

١- لقی زەکات: کە خەزێنەی سەربەخۆ بوو، داهات و مەسروفی خۆی ئیدارە دەدا و بە پێی پێداوویستی پۆلە موستەحەققەکان بەردەوام بەسێتی خۆیانی دەدانێ.

٢- لقی جزیە و خەراج:

- جزیە: ئەو بڕە سامانە بوو کە لە غەیرە موسوڵمان وەردەگیرا، لەبەرامبەر ئەو ئەمانەی بۆی دەستەبەر دەکرا کە لە بڕی زەکات کەمتر بوو کە لە موسوڵمانان وەردەگیراو لەوان نا. هەروەها لەبەر ئەوەی موسوڵمانان دەچوونە جیهاد بەڵام ئەوان نا. لەبەرامبەردا باجی تر لەسەر موسوڵمان غەیری زەکاتیش هەر هەبوو، وەکو کەفارەتەکانی سوێند و گوناح و سەرفترەو هتد.

- خەراج: باجێکە لەسەر زەوی زار دادەنرا کە ڕێژەکەی بە پێی توانای بەرهەم هێنان و زیاد بوونی لە بەکارهێنەرانی وەر دەگیرا، هەر وەکو ئەوەی کە سەیدنا عومەر خوا لێی ڕازی بێت لەسەر خاکی عێراقی دانا.

٣- دەسکەوتی جەنگ و ریکاز:

- دەسکەوتی جەنگ زانراوە کە (غەنیمەت)ە کە بریتییە لەو سامانەی لە گۆڕەپانی جەنگدا لە دوژمنی کافری شەڕانی جێدەمێنێت.

- ڕیکاز: ئەو سامانە دۆزراوەیە کە لەژێر خاکدایە و دەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵی پێشوو، و خاوەنی نییە..(ئەمە لای ئەو شەرعناسانەی کە بە سامانی زەکاتی دانانێن).

٤- سامانی بزربوو: کە خاوەنی بۆ پەیدا نابێتەوە، هەروەها ماڵ و سامانی ئەو کەسە بێکەسانەی دەمرن و میراتگریان نابێت. ) لێرەدا نووسینەکەی شێخ قەرەزاوی کۆتایی هات.

## خاڵی دووەم: چۆنێتی زەکات کۆکردنەوە لەم سەردەمەدا:

ئەمە جێ سەرنج و سەرسوڕمانە کە هەندێ کەسی لە ئیسلامەوە کە هەڵگەڕاونەتەوە و سووکایەتی پێ دەکەن، بە جۆرێک کە لە جیاتی ئەوەی هەوڵیان بدایە تا حوکمی ئیسلام دەستەبەر بکرایە، بە پێچەوانەوە کەوتنە دژایەتیەکی سەرسەختانەی ئەو کەسانەی کە داوای سەروەری شەرع و چەسپاندنی شەرع و چەسپاندنی سیستەمەکانی ئیسلام دەکەن، لەوانەش زەکات، لە جیاتی ئەوەی داوای ڕێکخستنی زەکات بکەن -کە لە بەرژەوەندی هەژاران و لێقەوماوانیدایە- کەچی لەوەشدا هەر دەوەستانەوە و بێ هیچ زانیارییەک پڕوپاگەندەیان وا دەکرد کە کەی باوی زەکات ماوە؟ ئێستا دەوڵەتان جۆرەها باج (زەریبە)یان لەسەر هاوڵاتیان داناوە کە دەبێتە داهاتێکی گەورەو کاریگەرو سەدان

پرۆژەی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووریی هەژاران پێ بەڕێوە دەچێت!ئێستا باج وەرگرتنی دەوڵەتان زۆر ئاسان بووەو لە ڕێگای موچەو بانکەوە دەوڵەت باجی بۆ زیاد دەکات وەردەگرێت!!.

ئەم قسە لارو وێرە خۆی لە خۆیدا وەڵامی گومانەکەشی تێدایە و مەدحی ئەو هەموو ستەم و دەستدرێژییەی کاربەدەستانی دەسەڵات و حاکمەکانی تێدایە کە (باج)ی ناڕەوا لەسەر خەڵکی دادەنێن و زیاتری دەکەن و بە زۆریش دەیسێنن و دەشیدزن!هەزاران مشەخۆری گەدە زلیشی پێ دەبێتە سەرمایەداری سووخۆر..ئەمانە لە گەلۆریی خۆیانەوە لاناکان بەلای ئەوەوە کە مادام دەوڵەت ئاوا ئەو هەموو باجە لەسەر خەڵکی دابنێت و وەربگرێت، زۆر ئاسانتر لەوە دەتوانێت زەکاتیش کۆ بکاتەوە، چونکە زۆرینەی هەرە زۆری ئەوانەی زەکات دەدەن لە دینداری و پاڵنەری ناخی خۆیان دێن و زەکاتەکە دێنن. لە وەڵامی ئەوانەدا کە دەڵێن دەوڵەت ناتوانێت زەکات کۆ بکاتەوە دەڵێین:

١- دەوڵەت دەتوانێت لە ساڵێکدا مانگێک دیاری بکات بۆ کۆکردنەوەی زەکاتی پارە و کاڵاو ئاژەڵ.

<u>أ- بۆ زەکاتی پارە</u>: دەوڵەت دەتوانێت یاسایەک بۆ پارە دابنێت کە هەموو هاوڵاتیان پێویستیان بە بانک ببێت. لەم ڕێیەشەوە داهات و سەرمایەی هەموو هاوڵاتیان دەزانرێت.

ب- بۆ زەکاتی کاڵا: ئەویش ئاسانە، چونکە هەموو کاڵایەک لە شوێنی بەرهەم هێنانی دەتوانرێت حساب بکرێت و بنوسرێت. هەروەها لە گوێزانەوە و گەنجینەکردنەوەو فرۆشتنیدا، چونکە هەمووی لە بەردەستدا دەبێت و ئاسان دەتوانرێت بڕەزەکاتەکانیان بۆ دیاریبکرێت.

<u>ج- زەکاتی ئاژەڵ</u>: ئاسانتر دیاریدەکرێت کە دەبینرێن و هەژمار دەکرێن و دەتوانرێت ژمارەیان بۆ دابنرێت..نموونەیەک لەسەر ئاسانکاری وەرگرتنی زەکاتی هاوڵاتیان:

هەموو کەسێک کە پارەی هەیە، دەبێت لە بانقدا دایبنێت، ساڵانە هاتوو و ڕۆیشتووی حسابەکەی دەزانرێت و لە کۆتایی ساڵی هەیف (قەمەری)یدا زەکاتەکەی لێوەردەگرێت و وەسڵێکی دەدریتێ کە مۆر کراوە، ساڵانە دەتوانرێت مۆرەکە بگۆڕرێت و (ژمارەی وەسڵەکانیش بگۆڕرێن). کەوابوو هەر سامانێک لە دوای زەکاتدان دەرکەوت و عایدی ساڵی ڕابردوو بوو واتە زەکاتی لێ نەدراوە، زەکاتەکەی لێ وەردەگیرێت و نیوەی پارەکەش بە (غەرامە) دەڕوات کە سزای شاردنەوەیەتی. وەکو لە فەرمووداکەدا هاتبوو: (...وَمَنْ مَنَعَهَا فَإِنَّا آخِذُوهَا وَشَطْرَ مَالِهِ، عَزْمَةً مِنْ عَزَمَاتِ رَبِّنَا عَزَّ وَجَلَّ).[١] واتە:... هەر کەسێکیش بەرخورداریی لێبکات و نەیدات، ئێمە بە زۆر لێی دەستێنین، لەگەڵ نیوەی سامانەکەشی، مۆڵەتێکی خواییەو پێی داوین..).

لە هەمان کاتدا یاسا و ڕێسایەکیش بۆ سامانی ئەو کەسانە دادەڕێژرێت کە پارەکەیان لە دەرەوەی وولات داناوە..لەگەڵ چاودێری کردنی هەبوونی زێڕ و کڕینی کاڵای بەنرخی و دانان.

ئەمە هەمووی لەم سەردەمەدا ئاسانترە (و تەکنەلۆژیای سەردەمیش ئاسانتری کردووە) چونکە سیستمی دەوڵەتەکانی سەردەم زۆر مەرکەزیی داڕێژراون (چونکە خزمەتی سیستمەکانی سەرمایەداریی و سۆشیالیستیی دەکەن).

ب- ئەمما بۆ زەکاتی بەروبوومی چاندن و کشتوکاڵ و کانزاکان هەمووی ئاسانە، شوێنیان زانراوە، و بەرهەمیان دیارە و دەشێت باجی (فەرمانبەرانی زەکات) چاودێریی بەردەوامی

---

[١] نووسەر رحمەالله نوسیویتی:(ئەبوداوودو نەسائی و ئەحمەد، سەنەدەکەی حەسەنە). ڕاستە: ئەبوداوود (١٥٧٧)، نەسائی (٢٤٤٤)، داریمی (١٦٧٧). ئەلبانی رحمەالله (صحیح أبي داود/ ١٤٠٧)دادەفەرموێ حەسەنە.

بکەن و دەشزانرێت کاتی حاسڵات و چەنینەوەکەی دەبێت..وا نازانم ئەوە موناقەشە کردنی بوێت.

خاڵێک دەمێنێت کە حەزدەکەم ئاماژەیەکی پێ بدەم ئەویش ئەوەیە: ئەمە چۆنیەتیەی باسمان کرد بۆ کۆکردنەوەی زەکاتی پارە، تا کە چۆنییەتیەک نیە کە هەر ئەم لەتواناداا بێت، ڕێگایتریش هەیە و بواری داهێنانی ڕێگای تریش هەیە کە دەوڵەت دەتوانێت بیگرێتە بەر، بەڵام ئەوەی باسمان کرد یارمەتیدەر دەبێت لە چالاک کردنی سەوداو مامەڵە و بزاوتی بازاڕدا، کە ساڵانە هەر یەک لای خۆیەوە پێداچوونەوەیەکی سەرمایە و قازانجی خۆی دەکاتەوە، چونکە شت هەیە کە دەکرێت، بەڵام ساڵی داهاتوو کاڵاکە دەگاتەوە دەست کڕیارەکەیان، هەیە پارەی زۆر بووە و دەیەوێت قاڵبە زێڕ یان خانوو و زەوی و زار، یان کەرەستە بەهادارەکانی پێ بکڕێت و دایبنێت.

## خاڵی سێیەم: زەکاتدان بەڵگەی ئیمانداریيە:

شێخ یوسیف قەرەزاوی هەروەها دەفەرموێ: خوای گەورە زەکاتدانی لەگەڵ تۆبە کردن لە شیرک و لە نوێژ کردن کردۆتە ناونیشانی موسوڵمان بوون و شایانبوونی برایەتی دینی و بە ئەندامبوون لە کۆمەڵگەی موسوڵماندا. هەروەکو کە دەرهەق بە کافرانی شەڕانی دەفەرموێ: (فَإِن تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ)التوبة/٥ واتە: ئەگەر تۆبەیان کرد (کە دەست هەڵگرتنە لە تاوان و پەشیمانبوونەوە لێی و سوور بوونە لەسەر نەگەڕانەوە سەری و گێڕانەوەی ماڵ و سامانی زەوتکراوی خەڵکیە) و نوێژەکانیان پێڕەو کردو زەکاتەکەیان دا ڕێیان بدەن ئازاد بن. (فَإِن

تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ) التوبة/١١ واته: ئەگەر تۆبەیان کرد و نوێژیان دەستپێکرد و زەکاتیان دا ئەوە برای دینیتانن.

دیارە کە کابرای کافر بە وەلکردنی دیدو مومارەسەی کوفرو شیرک و تەبەڕاکردنی لێ و ئینجا کەوتنە نوێژ کردن و زەکاتدان و دەیباتە ڕیزی موسوڵمانانەوە. بە نوێژکردنەکە پەیوەندی کۆمەلایەتی بە کۆمەڵگە موسوڵمانەکەوە بۆ دروست دەبێت و بە زەکاتدانەکەش پەیوەندی دارایی کۆمەلایەتی. ئاوا دەبێتە یەکێک لە موسوڵمانان و وەکو ئەوان دەبێتە خاوەن مافی برایەتی دینی و ئەرک بەرپرسێتی..پەیوەندیەکەشی بە هیچ شێوەیەک لە موسوڵمانان دانابڕێت مادام لەسەر ئیمان و نوێژو زەکاتی خۆی بمێنێت.

مەنهەجی قورئانی پیرۆز وایە کە هەمیشە زەکاتدان بە نویژ کردنەوە دەبەستێتەوە تا گرنگی پەیوەندی نێوانیان ڕوونبکاتەوە جەخت لەوە بکاتەوە کە زەکاتدان نیشانەی سەرڕاستی خواناسییە. موسوڵمانێتی موسوڵمان لە زەکات و نویژەکەدا دەردەکەوێت، دەنا لاف لێدانی ئیمانداریتی بە قسە چییە؟!نوێژ پایەی ئیسلامەتیە، هەر کەسێک دایمەزرێنێت و پایەدارانە ڕایبگرێت دیارە دینەکە پایەدار دەکات، هەر کەسێکیش نوێژەکان وەلکات دیارە پایەی دینەکە دەرمێنێت و بەوەش دینەکە پایەدار ناکرێت..زەکاتیش وایە پردی ئیسلامەتیە، هەر کەس بەسەر ئەودا خۆ بگەێنێتە ئیمان و نوێژەکە ئەوە دیارە کە گەیشتۆتە ئیسلامەکە و موسوڵمان بووە. هەرکەسێکیش زەکات وەلکات دیارە کە ئەو پردەی ڕماندووە. حەتمەن گومڕاو سەرگەردانە.

- عبد اللّەی کوڕی مەسعود خو لێی ڕازی بیت دەفەرموێت: (أُمِرْتُمْ بِإِقَامِ الصَّلَاة، وَإِيتَاء الزَّكَاة، وَمَنْ لَمْ يُزَكِّ فَلَا صَلَاةَ لَهُ).[١] واتە: فەرمانی نوێژو زەکاتتان پێدراوە، هەر کەسێک زەکات نەدات نوێژەکەشی قبوڵ نییە، وەکو ئەوەیە کە نوێژی نەکردبێت.

- جابری کوڕی زەید دەیفەرموو: نوێژو زەکات وەکو یەک فەرز کراون، جیاوازیی نەخراوەتە نێوانیانەوە، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندووە: (فَإِن تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ) التوبة/١١ واتە: ئەگەر تۆبەیان کرد و نوێژیان دەستپێکرد و زەکاتیان دا ئەوە برای دینیتانن. ئینجا فەرمووی: خوای گەورە ڕەفزی کردووە نوێژ بە بێ زەکات وەربگرێت..ڕەحمەتی خوا لە ئەبو بەکر بێت، چەند جوان لەم دینە تێگەیشتبوو کە فەرمووی: (وَاللَّهِ لَأُقَاتِلَنَّ مَنْ فَرَّقَ بَيْنَ الصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ).[٢] واتە: بە خوا قەسەم لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەدا دەجەنگم کە جیاوازی دەخەنە نێوان نوێژو زەکاتدانەوە.

قورئانی پیرۆز زەکاتدانی کردووە بە وەسفی ئیماندار و چاکساز و خێرخواز و پیاو چاکان و دیندارانی سەر ڕاست، زەکات نەدانیشی کردووە بە وەسفی ئەهلی شیرک و دووڕوویی..بۆیە زەکاتدان نیشانەی باوەڕە بەڵگەی خواوویستیە هەر وەکو لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە (الصَّدَقَةُ بُرْهَانٌ) واتە: زەکاتدان نیشانەی و سەلمێنەری ئیمانداریە. زەکاتدان نیشانەی جوێکاری نێوان ئیسلام و کوفرە، باوەڕ و دووڕوویی و تەقواو هەواو هەوەسە..

- کەس بەبێ زەکاتدان لە ڕیزی ئەو موسوڵمانە چاکانەدا نانوسرێت کە خوای گەورە سەرفرازیی لە چارەیان نووسیووە و بڕیاری فیردەوسی (باڵای بەهەشت)ی بۆ داون و فەرموویەتی کە لەسەر دیدو ڕێی ڕاستن و ڕێنمایی خواییان وەرگرتووە. بۆیە دەفەرمویێ:

---

[١] نووسەر نوسیوێتی (تەفسیری طەبەری (١٥٣/١٤) چاپی دارالمعارف). ڕاستە. قەولەکەی ئیبنومەسعوودیش خوا لێی ڕازی بێت وا لە: (الآجري: الأربعين حديثا/٦).

[٢] بوخاری (٤٦٣٦)، موسلیم (٢٠).

(قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ * الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ * وَالَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ * وَالَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَاةِ فَاعِلُونَ)المؤمنون/١-٤ واته: بە تەئکید ئەو موسوڵمانانە سەرفراز بوون کە لە نوێژەکانیاندا ملکەچن، ئەوانەی خۆ لە قسەی هەلەق و مەلەق و گوفتاری نابەجێ دەپارێزن.. ئەوانەی کە لە زەکاتدانیاندا چوست و چالاکن..

- کەس بە بێ زەکاتدان ناچێتە ڕیزی خێرخوازو چاکەکارانەوە: (الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُم بِالْآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ) النمل/٣ واتە: چاکەکاران ئەو کەسانەن کە نوێژەکان پایەداردەکەن و زەکاتدەدەن و دڵنیان لە هاتنی ڕۆژی دوایی.

- کەس بە بێ زەکاتدانیش ناچێتە ڕیزی پیاو چاکانەوە: (لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ) واتە: چاکەکاریی ئەوە نیە ڕووتان لە ڕۆژهەڵات یان لە ڕۆژئاوا بکەن[١]، بەڵکو بریتیە لە باوەڕ هێنان بە خوای گەورە و بە ڕۆژی دوایی و فریشتە و پێغەمبەران، بریتیە لە بەخشینی ماڵ و سامانە خۆشەویستەکە و پێدانی بە کەسوکار و خزمان و هەتیوان و هەژاران و ڕێبواری بە موحتاجان کە داوای دەکەن، بە بەخشینی بۆ ئازاد کردنی کۆیلە، چاکەکاری ئەوەیە کە نوێژەکان بکات و زەکاتەکەی

---

[١]ئایەتەکە دەربارەی ئەو کەسانە هاتە خوارەوە _کە دوای ئەوەی قیبلە بە فەرمانی خوای گەورە گۆڕا لە قودسەوە بۆ مەککە_ جولەکەکان کەوتنە تانەو تەشەردان. ئەم کەسە موسوڵمانانەش کەوتنە ژێر کاریگەری قسەو قسەڵۆکی ئەوان. خوای گەورە ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە کە ڕووکردنە ئەملاولاکە گرنگ نیە، چونکە ئەسڵی ڕووکردنە قودس هەر بە فەرمانی خوا بوو.. چاکەکاریی وا لە گوێڕایەڵ و ملکەچی بۆ خوای گەورە کە ئەمانە دەگرێتەوە.

بدات..چاکەکاران ئەوانەن کە بەڵێنیان بەجێیەو پەیمان دەبەنە سەر، ئەوانەی کە لە حاڵەتەکانی سەختی و نەبوونی و کارەسات و ڕووبەڕوو بوونەوەی توندیی و دژوارییدا خۆ دەگرن و ئارامگرانە ڕەفتار دەکەن.. ئا ئەوانە لە دینداریتیاندا ڕاستگۆن، دینداری سەر ڕاست و تەقواکاریش ئا ئەوانەن..

- ئەوی زەکات نادات لەگەڵ ئەهلی شیرکدا هاوسزا دەبێت: (... وَوَيْلٌ لِّلْمُشْرِكِينَ * الَّذِينَ لَا يُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُم بِالْآخِرَةِ هُمْ كَافِرُونَ) فصلت/٦-٧ واتە: وەیل (سزایەکە لە دۆزەخ) بۆ ئەو کەسانەیە کە هاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیار دەدەن، کە زەکات نادەن و باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی نییە.

- بە زەکاتدان موسوڵمان لە دووڕووان جوێ دەبێتەوە، چونکە ئەوان پیسکەن: (وَيَقْبِضُونَ أَيْدِيَهُمْ) التوبة/٦٧ واتە: دەستدەگرنەوە. کە ناچاربوون ئینجا زەکاتەکە دەدەن. نا بە دڵانەو لە دەستیان دەبێتەوە (وَلَا يُنفِقُونَ إِلَّا وَهُمْ كَارِهُونَ) التوبة/٥٤ واتە: لە کاتێکدا دەبەخشن کە دڵیان دەبوغزێنێت..

- کەس بە بێ زەکاتدان شایانی ئەو ڕەحمەت و بەزەییە بەرفراوانەی خوای گەورە نابێت کە بۆ ئیمانداره سەر ڕاستەکانی تەرخان کردووە کە یەکێک لە سیفەتەکانیان زەکاتدانیانە: (وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَالَّذِينَ هُم بِآيَاتِنَا يُؤْمِنُونَ) الاعراف/١٥٦واتە: سۆزو بەزەیی من هەر هەموو شتێکی گرتۆتەوە، ئەمە بۆ ئەو کەسانە دادەنێم کە تەقواکاریی دەکەن و زەکاتەکانیان دەدەن وئەوانەش کە باوەڕی یەقینییانەیان بە بەڵگەو نیشانەکانمان هەیە.

هەروەها دەفەرموێ: (وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَٰئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ) التوبة/٧١ واتە: موسوڵمانان (ژن و پیاوان) خەمخۆری یەکن، بەهانای یەکترەوە دەچن و سەرپەرشتیاری یەکترن. فەرمان بە چاکە دەکەن و بەرهەڵستی لە

خراپە دەکەن و نوێژەکانیان پیادە دەکەن و زەکاتیان دەدەن و ملکەچی فەرمانی خوا و پێغەمبەرن خوا صَلَّی اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. ئەوانە خوای گەورە دەیانخاتە بەر ڕەحمەتی خۆیی و بەزەیی پێیاندا دێتەوە.

- کەس بە بێ زەکاتدان شایانی ئەوە نابێت خواو پێغەمبەری خوا صَلَّی اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و موسوڵمانان لە خۆی بگرن و لە سەری بکەنەوە، خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ رَاكِعُونَ)المائدة/٥٥ واتە: سەرپەرشتیارو دڵسۆزو مشوورخۆرتان خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی صَلَّی اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ئەو کەسانەن کە باوەڕیان هێناوە، ئەوانەی کە نوێژەکان پیادە دەکەن و زەکاتەکە دەدەن، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە لە ڕکووعی نوێژەکانیاندان!

- کەس بەبێ زەکاتدان شایانی لایەنگریی خوای گەورە و پشتیوانیکردن و سەرخستنی نابێت. چونکە بەڵێنی سەرخستنی بەو موسوڵمانانە داوە کە یەکێک لە سیفەتەکانیان زەکاتدانە: (وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ * الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ وَلِلَّهِ عَاقِبَةُ الْأُمُورِ)الحج/٤٠-٤١ واتە: بە تەئکید خوای گەورە ئەو کەسانە سەرکەوتوو دەکات کە دینەکەی ئەو سەردەخەن و شەریعەتەکەی ئەو ڕادەپەڕێنن. خوای گەورە بە تواناو بە دەسەڵاتە. ئەوانەی شایانی ئەو سەرکەوتنە خواییەن ئەوانەن کە کاتێک لە ووڵاتدا تەمکینیان پێدەبەخشین (دەیانکەینە دەسەڵاتداری باڵا) نوێژەکان پیادە دەکەن و زەکات دەدەن و فەرمان بە چاکە دەکەن و بەرهەڵستی لە خراپە دەکەن، چارەنووسی هەموو کاروبارێکیش بۆ خوای گەورە دەگەڕێتەوە.

- ئیسلام هەڕەشەی زۆر توند و سەخت و دژواری دنیا و قیامەتی لەو کەسانە کردووە کە سامانداران و زەکات نادەن، بۆ سزای سەختی قیامەتیان دەفەرمووێ: (وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ

الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ * يَوْمَ يُحْمَىٰ عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَىٰ بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ هَٰذَا مَا كَنَزْتُمْ لِأَنفُسِكُمْ فَذُوقُوا مَا كُنتُمْ تَكْنِزُونَ) التوبة/ ٣٤-٣٥ واتە: ئەو کەسانەی زێڕو زیوو گەنجینە دەکەن و پارە و سامان سەرپەک دەنێن و زەکاتەکەی لە پێناوی خوادا لێنادەن، مژدەیان بدەرێ کە سزایەکی زۆر بە ژانیان دەبێت، ڕۆژێک دێت (کە قیامەتە) ئەو ماڵ وسامانەیان لە ئاگری دۆزەخدا سوور دەکرێتەوە و ناوچاوان و لاتەنیشت و پشتیانی پێ داخ دەکرێت و دەوترێ: ئەمە ئەو زێڕو زیوو پارەو سامانەیە کە لە دنیادا هەر کەڵەکەتان دەکرد و پشکی نەداروهەژارتان لێ نەدەدا..

- ئیمامی بوخاری ڕەحمەتی خوای لێبێت لە ئەبو هورەیرەوە خوا لێی ڕازی بیت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێ: (مَنْ آتَاهُ اللَّهُ مَالًا فَلَمْ يُؤَدِّ زَكَاتَهُ مُثِّلَ لَهُ مَالُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ شُجَاعًا أَقْرَعَ لَهُ زَبِيبَتَانِ يُطَوَّقُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ثُمَّ يَأْخُذُ بِلِهْزِمَتَيْهِ (يَعْنِي بِشِدْقَيْهِ) ثُمَّ يَقُولُ أَنَا مَالُكَ أَنَا كَنْزُكَ ثُمَّ تَلَا: وَلَا يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ هُوَ خَيْرًا لَّهُم بَلْ هُوَ شَرٌّ لَّهُمْ سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُوا بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ) آل عمران/١٨٠[١] واتە: هەر کەسێک خوای گەورە سامان و ماڵێکی پێ ببەخشێت و زەکاتەکەی نەدات، ئەو ماڵ و سامانەی لە ڕۆژی قیامەتدا لێ دەبێتە ئەژدیها (ماری زۆر گەورە) کە لە بەر پیری تووکی لێڕواوە و لەبەر هێزو توانای دووگۆی لەسەر هەڵتۆقیووە و خۆی لە خاوەن سامانەکە دەئاڵێنێت و ئەملاو لای شەویلەکانی ڕادەکێشێت. پاشان پێی دەڵێ: من سامانەکەتم، من گەنجینەکەتم کە لە دنیادا کۆت کردبووە، پاشان پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەم ئایەتەی خوێندەوە (کە ماناکەی ئەمەیە)؛ با ئەو کەسانەی کە پیسکەی و بەخیلی لەو ماڵ و سامانەیاندا دەکەن کە خوای گەورە لە فەزڵ و

[١] بوخاری (١٣٣٨)، ئەبوداوود (١٦٥٠)، نەسائی (٢٤٤٨)، ئیبنوماجە (١٧٨٦).

چاکەی خۆیەوە پێی بەخشیوون، با وانەزانن کە کارو ڕەفتارێکی چاک دەکەن، ئەوە کاروکردەوەیەکی زۆر بەدە و دێتەوە ڕێیان. (وەکو ئەژدیها) تێیان دەئاڵێت..

## خاڵی چوارەم: سزای دنیایی زەکات نەدەر:

دەرهەق بە زەكات نەدەر پێغەمبەری خواصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەكو سزای دنیایی ئەو كەسانە دەفەرموێ: (مَا مَنَعَ قَوْمٌ الزَّكَاةَ إِلَّا ابْتَلَاهُمْ اللَّهُ بِالسِّنِينَ).[١] واتە: هەر قەومێك بەرهەڵستی لە زەكاتدانیان بكەن و نەیدەن حەتمەن خوای گەورە تووشی گرانی و قات و قڕییان دەكات.

- هەروەها دەفەرموێ: (وَلَمْ يَمْنَعُوا زَكَاةَ أَمْوَالِهِمْ إِلَّا مُنِعُوا الْقَطْرَ مِنْ السَّمَاءِ وَلَوْلَا الْبَهَائِمُ لَمْ يُمْطَرُوا).[٢] واتە: هەر قەومێك كە ڕێ لە زەكاتدانیان بگرن و نەیدەن حەتمەن ڕێی باران بارینیان لە ئاسمانەوە لێ دەگیرێت، ئەگەر لەبەر خاتری ئاژەڵ و گیانلەبەران نەبێت هەر بارانیان لێ دەگیرێتەوە.

- هەروەها: (مَا خَالَطَتْ الصَّدَقَةُ[٣] أَوْ قَالَ الزَّكَاةُ مَالًا إِلَّا أَفْسَدَتْهُ).[٤] واتە: زەكات تێكەڵ بە هەر ماڵ و سامانێك بێت، واتە لە سامانێدا بمێنێتەوە و لێی دەرنەكرێت حەتمەن هەموو

---

[١] طەبەرانی لە (الاوسط)دا گێڕاویتیەوە، گێڕەوەكانی جێمتمانەن. ڕاستە. ئیبنوماجە (١٣٣٢/٢)، طەبەرانی لە: المعجم الكبير (٤٤٦/١٢) و لە: المعجم الأوسط (٦١/٥)، بەیهیقی (٣٥١/٧). ئەلبانی رحمەالله لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/١/ ١٠٧)دا دەفەرموێ: حاكم (٥٨٣/٤) و دەفەرموێ بە پێی مەرجەكانی بوخاری و موسلیمە و ذەهەبیش لایەنگیری بووە. وا دیارە حەسەنە. بەڵام خالد الحايك بە هەموو سەنەدەكاندا چۆتەوەو فەرموویەتی: زەعیفە.

[٢] نووسەر: (ئیبنوماجە و بەززار و بەیهیقی گێڕاویانەتەوە، ئەمەش لە ڕیوایەتەكەی بەیهیقیە). ڕاستە. ئیبنوماجە (٤٠١٩)، حاكم (٥٤٠/٤). ئەلبانی رحمەالله لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/١/ ١٠٥)دا دەفەرموێ: حەسەنە.

[٣] نووسەر: (بەززارو بەیهیقی) ڕاستە وایە. بەززار لە: (الزوائد/ل ٩٤) و بەیهیقی لە: (شعب الإيمان ١٨٤/١). ئەلبانی رحمەالله لە (سلسلة الأحاديث الضعيفة/١١/ ١١٤)دا دەفەرموێ: زەعیفە.

[٤] نووسەر: (ئەحمەد و نەسائی و ئەبو داوود). لای هیچیان بەو لەفزە نەمدۆزینەوە. وا دەزانم پەڕاوێز بۆدانانەكەی هەڵەبێت، چونكە دوو پەڕاوێزی بۆ دانراوە: یەكیان لە ناوەندی فەرموودەكەدا كە چوومەوە سەرچاوەكەی. ئەوی تریان لە كۆتایی فەرموودەكەو لەسەر كەوانەكە كە نوسیوێتی ئەحمەدو نەسائی و بەیهیقی. بەڵام لەم سەرچاوانەدا هەیە: حەمیدیی لە: المسند (٢٣٧)، ئیبنوعەدی

سامانەکە خراپ دەکات واتە دەیفەوتێنێت. ئەمانە هەمووی سزای قەدەریی گەردوونین واتە خوای گەورە بە قەدەری خۆی کردویّتی بە ڕێساو حوکمی نەگۆڕ. لەلایەکی تریشە وە سزای قەدەریی شەرعیانە هەیە کە کاربەدەستی باڵای دەوڵەتی ئیسلامی دەیکاتە حوکم و جێبەجێی دەکات، کە لەو فەرموودەیەی پیغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەر دەگیرێت کە دەفەرمووێ: (مَنْ أَعْطَاهَا مُؤْتَجِرًا فَلَهُ أَجْرُهَا، وَمَنْ مَنَعَهَا فَإِنَّا آخِذُوهَا وَشَطْرَ مَالِهِ، عَزْمَةً مِنْ عَزَمَاتِ رَبِّنَا عَزَّ وَجَلَّ، وَلَا يَحِلُ لآلِ مُحَمَّدٍ مِنْهَا شَيْءٌ).[1] واتە: هەر کەسێك بە ئومێدی دەسکەوتنی پاداشتی لای خوای گەورە زەکاتەکەشی دا، حەتمەن پاداشتەکەشی دابینە، هەر کەسێکیش بەرخورداریی لێبکات و نەیدات، ئێمە بە زۆر لێی دەستێنین، لەگەڵ نیوەی سامانەکەشی، مۆڵەتێکی خواییەو پێی داوین، هیچ شتێك لەم زەکات و سامانەش بە کەس و کاری. محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ناشێت و نابێت وەری بگرن. ئەم فەرموودەیە ماف دەداتە دەسەڵاتداری باڵا کە نیوەی سامانی ئەو کەسەی کە زەکاتەکەی نادات موسادەرە بکات..ئەمە سزایەکی یاساییە کە هەر کاتێک حاکمی موسوڵمان بینی کاریگەرەو جێی خۆیەتی دەتوانێت بیکاتە حوکمێکی ڕەسمی بەردەوام..ئەمە سزایەکە کە حاکمی موسوڵمان و ئەهلی شورا (ئەهلی حەل و عەقد) بۆیان هەیە بە پێی بارودۆخ ئیجتیهادی تێدا بکەن.

---

لە: الكامل (٣٠٢/٢)، بەغەویی لە: شرح السنة (٤٨٢/٥)، قوضاعی لە: مسند الشهاب (٦/١)، خەططابی لە: غریب الحدیث (١٠٩/٢). ئەلبانی رحمەالله لە: (تَخْرِيجُ أَحَادِيثِ مُشْكِلَةُ الْفَقْرِ وَكَيْفَ عَالَجَهَا الإِسْلَامُ/ل٣٩)دا دەفەرموێ: زەعیفە.

[1] نووسەر رحمەالله نوسیویّتی: (ئەبوداوودو نەسائی و ئەحمەد، سەنەدەکەی حەسەنە). ڕاستە: ئەبوداوود (١٥٧٧)، نەسائی (٢٤٤٤)، داریمی (١٦٧٧). ئەلبانی رحمەالله (صحيح أبي داود/ ١٤٠٧)دا دەفەرموێ حەسەنە.

- سزای زەکات نەدەر هەر سزای دارای نییە (کە زۆر شیاوە چونکە لە توخمی تاوانەکەیەتی، کە لەبەر خۆشویستنی ماڵ و سامان پشکە زەکاتەکەی لە دەست نەبۆتەوە). بەڵکو دەشێت کاربەدەستی موسوڵمان سزای بەدەنیشی بدات یان زیندانی بکات، یان هەر جۆرە تەمێیەکی تر کە بارودۆخەکە پێویستی دەکات و بەرژەوەندی هەژارانی پێ دێتە دی.

لەوەش زیاتر هەیە کە ڕاگەیاندنی جەنگە بەرامبەریان و هێرشکردنە سەریان مادام کۆمەڵێکن و لەسەر ئەوە ڕێکن کە زەکات نەدەن. خەلیفەی یەکەمی ڕاشیدین سەیدنا ئەبوبەکری صدیق خوا لێی ڕازی بێت، هەروەها ئەو یاوەرە بەڕێزانەی لەو کات و شوێنەدا لە خزمەتیدا بوون لە سەر کوشتاریان ڕاجوێ نەبوون، کە فەرمووی:(وَاللَّهِ لَأُقَاتِلَنَّ مَنْ فَرَّقَ بَيْنَ الصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ فَإِنَّ الزَّكَاةَ حَقُّ الْمَالِ وَاللَّهِ لَوْ مَنَعُونِي عِقَالًا كَانُوا يُؤَدُّونَهُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَقَاتَلْتُهُمْ عَلَى مَنْعِهِ) متفق عليه.[1] واتە: بە خوا قەسەم لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەدا دەجەنگم کە جیاوازی دەخەنە نێوان نوێژو زەکاتدانەوە، چونکە زەکاتدان مافەو لە ساماندایە بە خوا قەسەم لەسەر پەتکێك (لەتە گوریسێك) بەرامبەریان دەجەنگم کە دابێتیان بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئێستا لە منی بگرنەوە.

- ئیبنو حەزم ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ: (حوکمی ئەو کەسەی زەکات نادات لێسەندنێتی، بە خۆشی بێت یان بە زۆر هەر دەبێت لێی وەربگیرێت، ئەگەر بەهێزی بەرگری نواند جەنگی دژ دەکرێت، ئەگەر نکووڵی لێکرد حوکمی مورتەدد (پاشگەز بووە لە ئیسلام)ی دەبێت، ئەگەر پەنهانی کرد بەڵام ڕێی لە دۆزینەوەو وەرگرتنی نەگرت گوناحی گەشتووە و دەبێ سزایەکی تەمێکردنی بدەیتێ، ئەگەر زەکاتەکەی نەهێنرابوو لێی دەدرێت تا دەیهێنێت، ئەگەر لە لێدانەکەیدا مرد ئەوە خوا کوشتوێتی و بابەرە و لەعنەتی خوا

---

[1] بوخاری (٤٦٣٦)، موسلیم (٢٠).

بڕوات..هەروەکو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (مَنْ رَأَى مِنْكُمْ مُنْكَرًا فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ..).[1] ئەمەش مونکەرە و فەرزکردنی زەکات و وەرگرتنەکەی لەسەر ئەو کەسە فەرز دەبێت کە لە توانایدا هەیە زەکات نەدەرەکە ناچار بکات بیدات.[2]

ئەم دەقانە ڕادەی باڵای پابەندبوونمان دەکات بە وەرگرتنی زەکات لە لایەن دەوڵەتەوەو گرنگی و کاریگەریی حوکمی زەکاتیشمان نیشان دەدات، کە دیارە زەکاتدان و وەرگرتنی لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە و دابەشکردنەوەی بەسەر موستەحەقانییدا هەر ئەوەندە نییە ئەرکێکی سادە و ئاسان بێت، بەڵکو بنەمایەکی سیستمی دارایی ئیسلامە و زۆر جێبایەخە، چونکە یەکێکە لەو پێنج پایەیەی ئیسلامی لەسەر دامەزراوە، زەکات بەڵگە نەوویستێکی ئیمان و دینە و ڕوکنێکی ئیسلامەتیە کە نەوە بە نەوەی ئوممەت کاریان پێکردووە، فەرزێتی زەکاتدان مەسەلەیەک نییە بەڵگە لەسەر هێنانەوە بخوازێت، چونکە ڕوکنێکی زانراوە و دەیان ئایەت و فەرموودەی متەواتری لەسەرە، کۆڕای ئوممەتی لەسەرە کە لە سەردەمانی یاوەرانەوە تا ئێستا شەرعناسان لەسەر کۆڕا (ئیجماع)یتیەکەی هاو دەنگن.

- ئیبنو قودامە دەفەرموێ: (هەر کەسێک نکووڵی لە فەرز بوونی بکات کافر دەبێت، مەگەر کەسێک نەیزانیبێت، ئەویش لەسەر ئەوەی تازە موسوڵمانە، یان دوور لە ئاوەدانی و زانستی شەرعی و زانایان گەورە بووە، ئەم کەسە حوکمی کافر بوونی نادرێت،

---

[1] نووسەری بەڕێز فەرموودەکەی لە ئیمامی ئیبنوحەزمەوە نەقڵ کردووە بێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەکەی بدات. بێگومان لێی دڵنیابووە کە سەحیحە. چونکە هەم بەناوبانگەو هەم متمانەی بە زانایی ئیمامی ئیبنوحەزم رحمەاللە هەبووە. موسلیم (٤٩)، ئەبوداوود (١١٤٠)، ترمذي (٢١٧٢)، نەسائی (٥٠٠٨)، ئیبنوماجە (٤٠١٣)، ئەحمەد (٣/٥٤).

[2] ابن حزم/ المحلی (٣١٣/١١).

چونکە خاوەنی عوزرە..ئەمما ئەگەر لە وولاتی ئیسلام و لە  ناو خەڵکانێکدا گەورە بوو بوو کە زانایانی تێدا بوو، ئەوە حەتمەن مورتەددە و هەموو ئەحکامەکانی مورتەدد دەیگرێتەوە: واتە: تا سێ ڕۆژ داوای چاوەڕوانی تۆبە کردنی لێ دەکرێت، ئەگەر تۆبەی نەکرد لە بە فەرز دانانی ئەوە مورتەددە و دەکوژرێت، چونکە بەڵگەی ئایەت و فەرموودە و کۆڕای ئوممەت لەسەر ئەوەیە ئەم حوکمەش ئەوەندە ئاشکرا و دیارە کە ڕەنگە لە کەس شاراوە نەبێت، نکۆڵی کردنی فەرزێتی زەکاتدان بە درۆخستەوەی قورئانی پیرۆز و سوونەتی پاکە و کافر بوونە پێیان.[١]

## خاڵی پێنجەم: زەکات ئەرک و مافێکی زانراو و دیاریکراوە:

زەکات لە دید و پێناسەی ئیسلامیەوە مافی هەژارانە، قەرزیانە و کەوتۆتە لای دەوڵەمەندەکان کە دانەوەی فەرزێکی حەتمیە، چونکە موستەحەققانی نەدارن و چاوەڕوانی دەکەن، چەندین ساڵیشی بەسەردا تێپەڕێت هەر نافەوتێت و کاتی وەرگرتنی دەبێت پشکە زەکاتی هەموو ساڵە نەدراوەکانی لێوەربگیرێت..زەکاتیش بڕێکی ئاشکرا و زانراو و دیارە، کەس لە بدەرو وەرگرو خاوەن مافەکان ناتوانن و بۆیان نییە کەم و زیادی بکەن. دەوڵەمەند و هەژار و کاربەدەستانی دەوڵەت دەزانن لە هەر جۆرو بڕە سامانێک چەندی زەکات لێ دەکەوێت..وەکو مافی هەژارانیش خوای گەورە فەرزی کردووەو ناویناوە مافی مەحرووم و داماوان: (وَفِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ لِّلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ) الزاريات/١٩ لە شوێنێکی تری قورئاندا خوای گەورە وا باسی زەکات دەرەکان دەفەرموێ کە خاوەن ڕێز و پاداشتی لای خوای گەورە دەبن، سەرفرازی دنیا و ڕوو سووری قیامەت دەبن، چونکە دانیان بەوەدا ناوە کە مافێکی هەژاران لە سامانەکانیاندا هەیە و ساڵانە بە خۆشحاڵیەوە دەیبەخشن: (وَالَّذِينَ فِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ مَّعْلُومٌ * لِّلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ) المعارج/٢٤-٢٥ پاداشتی

---

[١] ابن قدامة: المغني (٥٧٣/٢).

قیامەتیشیان نیشتەجێبوونیانە لە بەهەشتی بەرینی خوای گەورە کە بەوپەڕی ڕێزەوە پێشوازییان لێدەکرێت: (أُولَٰئِكَ فِي جَنَّاتٍ مُّكْرَمُونَ) المعارج/٣٥.

بە شارەزا بوونی جیهانبینینی ئیسلامی و زانینی پێناسەی گەردوون و ژیان و مرۆڤ و ناسینی خوای گەورە و زانینی عەبدایەتی مرۆڤ بۆ خوای گەورە و بینینی ڕۆڵی بریکاری خوای گەورە لەسەر زەمیندا ئەوە دەبێتە بەڵگە نەوویست کە زەکاتدان ماف و ئەرکە و دەبێت دەوڵەمەندەکان بە خواست و وویست و حەزی خۆیان بیدەن هەروەکو کە خوای گەورە بە خواست و وویستی خۆی پێی بەخشیوون..خۆ هەموو ئەوەی کە هەیانە موڵکی خوای گەورەیە و خوای گەورە ئەمانی لێکردۆتە بریکار و پێشی فەرموون کە لێی ببەخشن..زەکاتی لێبدەن کە مافی هەژارانە: (وَأَنفِقُوا مِمَّا جَعَلَكُم مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ) الحدید/٧ واتە: لەو سامانەی خوای گەورە ببەخشن کە خستویتیە بەردەستتان و کردوونی بە بریکار تێیدا. ئایەتی تریش زۆرن.

- لەم ڕوانگە و پێناسەوە دەردەکەوێت کە لە ڕاستیدا مرۆڤ خۆی خاوەن سامانەکەی بەردەستی نیە، بەڵکو ڕاسپاردەیەو کاری و ئەویش دەبێت دەستپاکانە و سەرڕاستانە بیپارێزێت و بە پێی شەریعەتی خاوەن سامانەکە ڕەفتاری پێوە بکات: کە خوای کردگار و خاوەن و دەسەڵاتدار و ڕۆزیدەرە.. بەرپرسێتی مرۆڤە کە دەبێت سەرڕاستانە ملکەچی خوای خاوەن و کردگار و ڕۆزیدەری بێت و ئەو پشکە دیاریکراوەی کە زەکاتە و فەرزە لەسەری. زۆر بێت یان کەم، دەبێت بیبەخشێت..

لەبەر ئەوەی زەکات مافی هەژارانە و لە سامانی دەوڵەمەنداندایە و زانراو دیاریکراوە و فەرزەو هەر دەبێت بدرێت بە دواخستنی بەخشینی مافەکە نافەوتێت، ساڵ و دوو ساڵ و چەندین ساڵی بە سەردا بڕوات هەر کۆ دەبێتەوەو پشکی هیچ ساڵێکیان نافەوتێت و دەبێ بدرێت.

لەم بارەوە ئەبومحمد ئیبنوحەزم دەفەرموێ: (هەر کەسێک لە سامانی کەسێکدا دوو جار زەکاتدان کۆبووە یان لە دوو جار زیاتر نەیدا، جا بەهۆی شاردنەوەی سامانەکەی بێت، یان جابی زەکاتەکە نەچووە بۆی. یان خاوەن سامانەکە نەیزانیووە چەندە و چۆنە و بیدات بە کێ، بە هەر هۆیەکی ترەوە نەدرابێت، هەر دەبێت بدرێت، جیاوازیش نیە کە ئایا زەکاتی چ سامانێکە؟ زەکاتی پارەیە یان هی ئاژەڵ یان هی چاندن و.... ئەگەر کاتی وەرگرتنی زەکاتەکە -کە چەنک ساڵێکی بەسەردا ڕۆیشتووە- هەموو سامانی کابرا ببێتە سەرجەمی پشکە زەکاتەکان هەر دەبێت لێی وەربگیرێت ئەگەر چی هیچیشی بۆ نەمێنێتەوە. کە هەژار کەوت و شایانی زەکات وەرگرتن بوو، پشکە زەکاتی لە سامانەکەی خۆی دەدرێتەوە. ئەگەر قەرزار کەوتبوو مافی خاوەن قەرزەکان ناخرێتە پێش زەکات وەرگتن و گەیاندنەوەی بە هەژارانەوە.[١]

ئەگەر باج بە تێپەڕ بوونی ساڵانی زۆر یان کەم بە پێی یاسای سەردەم لاکەوێت و لەسەر خەڵکی نەمێنێت، زەکات قەرزی هەژارانە و هەر دەمێنێت، لە گەردنی دەوڵەمەندە موسوڵمانەکەدایە تا دەیدات: ئیمانداری و دینداریتیەکەیی بە سەرڕاستانە وەسف ناکرێت تا زەکاتەکەی نەدات..هەروەکو ئیبنو حەزم و پێشەوایانی تر فەرموویانە، زەکاتی نەدراو قەزیکە (ئەولەویەت)ی هەیە واتە لەگەڵ دەستەوتنی سامانەکەیان خاوەنەکەیدا دەبێت یەکسەر ئەو بدرێت، ئەو (زەکاتەکە) دەخرێتە پێش مافی خاوەن قەرزەکانیەوە. چونکە لە لایەکەوە فەرزێکی خوایی فەرمانی خوای گەورەیە، لە لایەکی ترەوە مافی موستەحەققانەو لە لایەنی سێیەمیشەوە مافی کۆمەڵگەکەیە، بۆیە پێش دەخرێت.

دیسان: سامان بە مردنی زەکات نەدەرەکە نافەوتێت، بەڵکو دەبێ لە میراتەکەی دەربکرێت وەسێتی کردبێت کە زەکاتەکەی بۆ لێ بدەن یان نەیکردبێت..هەر وەردەگیرێت لێی. ئەمە بۆچوونی پەسەندی پێشەوایانی شەرعە لە تابعین و پێشەوایانی دواتر وەکو

---

[١] المحلى (٨٧/٦).

عطاء و شێخ حەسەنی بەسریی و زوهریی و قەتادەو ئیمامی مالیک و شافیعی و ئەحمەدو ئیسحاق و ئەبوثەورو ئیبنو المونزیر..[١] ئەمەش پەسەندترە چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِي بِهَا أَوْ دَيْنٍ) واتە: میرات کاتێک دابەش دەکرێت کە ئەوەی لە وەسێتەکەیدا ووتوێتی بیدەن بدرێت، هەروەها دوای قەرزدانەوە کە زەکاتیش قەرز بووە لەسەری و نەیداوە، قەرزی نەدارو هەژار و قەرزاران و..هتد. ئەو دەبێت پێش دابەشکردنی میرات بکەوێت.

ئیبنو حەزم ڕەحمەتی خوای لێبێت ئەوەشی هەر کردووە بە بەڵگە کە دەبێت زەکات لە میراتی پێش قەرزدانەوەی خەڵک بدرێت کە لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە کە ئیبنوعەبباس خوا لێیان ڕازی بیت دەگێڕێتەوە کە ئافرەتێک هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و لێی پرسی: (إِنَّ أُمِّي مَاتَتْ وَعَلَيْهَا صَوْمُ شَهْرٍ فَأَقْضِيْهِ عَنْهَا. فقَالَ: لَوْ كَانَ عَلَى أُمّكِ دَيْنٌ أَكُنْتِ قَاضِيَتَهُ عَنْهَا. قَالَ: نَعَمْ. قَالَ فَدَيْنُ اللهِ أَحَقُّ أَنْ يُقْضَى).[٢] واتە: دایکم کۆچی دوای کردو ڕۆژووی مانگێک قەرزار بوو، ئایا من بۆی بگێڕمەوە؟ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئەگەر قەرزیک لەسەر دایکت بووایە، بۆت دەدایەوە؟ عەرزی کرد: بەڵێ، فەرمووی: دەی سا قەرزی خوای گەورە شایانترە بدرێتەوە..

ئاوا دەردەکەوێت کە زەکات نەدەر ئەگەر بشمرێت زەکاتەکەی هەر لەسەر دەمێنێت، با مردنەکەشی شەهیدیی بووبێت لە ڕێگای خوای گەورەدا و لە غەزاشدا کوژرا بێت، چونکە لەو فەرموودەیەدا کە موسلیم لە ئیبنو عومەریەوە خوا لێیان ڕازی بێت

---

[١] المغني (٢/٦٨٣).

[٢] نووسەری بەڕێز رحمەاللە لێرەشدا فەرموودەکەی لە ئیمامی ئیبنوحەزمەوە نەقڵ کردووە بێئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەکەی بدات. موسلیم (١١٤٨)، ئەبوداوود (٣٣١٠)، ئەحمەد (٣٦٢/١).

دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (يُغْفَرُ لِلشَّهِيدِ كُلُّ ذَنْبٍ إِلَّا الدَّيْنَ).[١] واتە: هەموو گوناحێکی شەهید لەسەری لادەچێت جگە لە قەرزێک کە لەسەری بوو بێت.

ئیمامی ئیبنوتەیمییە و شەرعناسانی تر دەفەرموون[٢] ئەگەر کابرا زەکاتەکەی دواخست و پێش دانی چووە غەزاو شەهید بوو، هەر دەبێت زەکاتەکە کە لە ئەستۆیدایە زوو پێش دابەشکردنی میراتەکەی دەربکرێت و بدرێتە موستەحەققان. لەمەوە ڕوون دەبێتەوە کە زەکات مافێکی جێگیر و دیاریکراوو نەگۆڕە و نەمردنی خاوەنەکەی و نە دواخستنی زەکاتەکە نایخات، هەر دەبێت بدرێت، ئەگەر کابرای خاوەن سامان مرد و نەیدابوو، ڕای پەسەندو دروست ئەمەیە، کە دەبێت لە میراتەکەی پێش دابەشکردنی بەسەر میراتگرانییدا بدرێت. چونکە زەکات مافێکی خوای گەورەیە و، مافێکی مرۆڤە لەسەر برا مرۆڤەکەی..

مافی خوای گەورەیە، چونکە ئەو خاوەنی مرۆڤ و سامانەکەیە و کردگاریانە و بەخشەری سامانەکەیە و ئەو هەرچی لەم گەردوونەدا هەیە بۆ مرۆڤی دەستەبەر کردووە..مافی هەژارانیشە کە موحتاجی دەستی دەوڵەمەندەکانن و بە پێی برایەتی دینی و مافەکانی برایەتی دەبێت زوو زەکاتەکەیان بداتێ و (تێیدا کەم تەرخەم نەبێت). لێرەدا بابەتەکەی قەرەزاویی تەواو بوو.

---

[١] نووسەری بەڕێز رحمەالله لێرەشدا فەرموودەکەی لە ئیمامی ئیبنوحەزمەوە نەقڵ کردووە بێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەکەی بدات. موسلیم (١٨٨٦).

[٢] منار السبيل (١/٣٨٥).

## برگەی پێنجەم

## هەندێک دەق لەسەر زەکات و خێروخێرات بە گشتی:

١- هەر شەشیان[١] لە ئەبو هورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: (لَمَّا تُوُفِّيَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَاسْتُخْلِفَ أَبُو بَكْرٍ بَعْدَهُ وَكَفَرَ مَنْ كَفَرَ مِنْ الْعَرَبِ قَالَ عُمَرُ لِأَبِي بَكْرٍ كَيْفَ تُقَاتِلُ النَّاسَ وَقَدْ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَقُولُوا لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله فَمَنْ قَالَ لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله عَصَمَ مِنِّي مَالَهُ وَنَفْسَهُ إِلَّا بِحَقِّهِ وَحِسَابُهُ عَلَى اللَّهِ) فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ: وَاللَّهِ لَأُقَاتِلَنَّ مَنْ فَرَّقَ بَيْنَ الصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ فَإِنَّ الزَّكَاةَ حَقُّ الْمَالِ وَاللَّهِ لَوْ مَنَعُونِي عِقَالًا كَانُوا يُؤَدُّونَهُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَقَاتَلْتُهُمْ عَلَى مَنْعِهِ. فَقَالَ عُمَرُ فَوَاللَّهِ مَا هُوَ إِلَّا أَنْ رَأَيْتُ اللَّهَ قَدْ شَرَحَ صَدْرَ أَبِي بَكْرٍ لِلْقِتَالِ فَعَرَفْتُ أَنَّهُ الْحَقُّ) متفق عليه.[٢] واتە: کاتێك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە کۆچی دوایکرد ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێت بوو بە خەلیفە ئەو عەرەبانەی لە دین هەڵگەڕانەوە، هەڵگەڕانەوە، عومەر خوا لێی ڕازی بێت (لە سەیدنا ئەبوبەکری پرسی): چۆن کوشتاری خەڵکێك دەکەیت کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت: (فەرمانم پێکراوە کوشتاری خەڵکی بکەم تا دەڵێن: لَا إِلَٰهَ إِلَّا الله ئەگەر ووتیان ئەوە ئیتر سامان و گیانیان لێم پاراستووە، مەگەر لەسەر مافێکی ئیسلام کوشتاریان بەرامبەر

---

[١] مەبەست لە ئیمامانی فەرموودەیە کە پێیان دەوترێت خاوەنانی شەش سەرچاوە سەحیحەکە (أصحاب الصحاح الستة) کە بوخاری و موسلیم و ئەبوداوود و ترمزی و نەسائی ئیبنوماجەن ڕەحمەتی خوایان لێبێت.

[٢] بوخاری (٤٦٣٦)، موسلیم (٢٠).

بکەم حسابی دڵ و دەروون و ناخیان لای خوای گەورەیە) ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێت فەرمووی: بە خوا قەسەم لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەدا دەجەنگم کە جیاوازی دەخەنە نێوان نوێژو زەکاتدانەوە، چونکە زەکاتدان مافەو لە ساماندایە بە خوا قەسەم لەسەر پەتکێك (لەتە گوریسێك) بەرامبەریان دەجەنگم کە دابێتیان بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئێستا لە منی بگرنەوە. عومەر خوا لێی ڕازی بێت فەرمووی: بەخوا قەسەم هەر ئەوەندە بوو ئیتر زانیم کە خوای گەورە کوشتاری ئەوانەی خستۆتە دڵی ئەبوبەکرەوە، زانیم کە ئەوەش هەڵوێستی حەق و حەقیانەتە.

٢- هەر شەشیان جگە لە ئیمامی ترمذی (ئەمە ڕیوایەتی موسلیمە) دەگێڕنەوە کە ئەبو هورەیرە خوا لێی ڕازی بێت فەرمووی کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (مَا مِنْ صَاحِبِ ذَهَبٍ وَ لاَ فِضَّةٍ لاَ يُؤَدِّي مِنْهَا حَقَّهَا إِلاَّ إِذَا كَانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ صُفِّحَتْ لَهُ صَفَائِحُ مِنْ نَارٍ فَأُحْمِيَ عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَيُكْوَى بِهَا جَنْبُهُ وَ جَبِينُهُ وَ ظَهْرُهُ كُلَّمَا بَرَدَتْ أُعِيدَتْ لَهُ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ حَتَّى يُقْضَى بَيْنَ الْعِبَادِ فَيَرَى سَبِيلَهُ إِمَّا إِلَى الْجَنَّةِ وَ إِمَّا إِلَى النَّارِ. قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ فَالإِبِلُ؟ قَالَ وَ لاَ صَاحِبُ إِبِلٍ لاَ يُؤَدِّي مِنْهَا حَقَّهَا وَ مِنْ حَقِّهَا حَلَبُهَا يَوْمَ وِرْدِهَا إِلاَّ إِذَا كَانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ بُطِحَ لَهَا بِقَاعٍ قَرْقَرٍ أَوْفَرَ مَا كَانَتْ لاَ يَفْقِدُ مِنْهَا فَصِيلاً وَاحِدًا تَطَؤُهُ بِأَخْفَافِهَا وَ تَعَضُّهُ بِأَفْوَاهِهَا كُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ أُولاَهَا رُدَّ عَلَيْهِ أُخْرَاهَا فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ حَتَّى يُقْضَى بَيْنَ الْعِبَادِ، فَيَرَى سَبِيلَهُ إِمَّا إِلَى الْجَنَّةِ وَ إِمَّا إِلَى النَّارِ قِيلَ يَا رَسُولَ اللَّهِ فَالْبَقَرُ وَ الْغَنَمُ؟ قَالَ وَ لاَ صَاحِبُ بَقَرٍ وَ لاَ غَنَمٍ لاَ يُؤَدِّي مِنْهَا حَقَّهَا إِلاَّ إِذَا كَانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ بُطِحَ لَهَا بِقَاعٍ قَرْقَرٍ لاَ يَفْقِدُ مِنْهَا شَيْئًا لَيْسَ فِيهَا عَقْصَاءُ وَ لاَ جَلْحَاءُ وَ لاَ عَضْبَاءُ تَنْطَحُهُ بِقُرُونِهَا وَ تَطَؤُهُ بِأَظْلاَفِهَا كُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ أُولاَهَا رُدَّ عَلَيْهِ أُخْرَاهَا فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ حَتَّى يُقْضَى بَيْنَ الْعِبَادِ فَيَرَى سَبِيلَهُ إِمَّا إِلَى الْجَنَّةِ وَ إِمَّا إِلَى النَّارِ. قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ فَالْخَيْلُ؟ قَالَ: ثَلاَثَةٍ: لِرَجُلٍ أَجْرٌ، وَلِرَجُلٍ سِتْرٌ، وَعَلَى رَجُلٍ وِزْرٌ. أَمَّا الَّذِي لَهُ أَجْرٌ: فَرَجُلٌ رَبَطَهَا فِي سَبِيلِ اللهِ، فَأَطَالَ لَهَا فِي مَرْجٍ، أَوْ رَوْضَةٍ. فَمَا أَصَابَتْ فِي طِيَلِهَا ذَلِكَ مِنَ المَرْجِ أَوِ الرَّوْضَةِ كَانَتْ لَهُ حَسَنَاتٍ، وَلَوْ أَنَّهُ

إنْقَطَعَ طِيَلَهَا فَاسْتَنَّتْ شَرَفًا أَوْ شَرَفَيْنِ كَانَتْ لَه آثَارُهَا وَأَرْواثُهَا حَسَنَاتٍ، وَلَوْ أَنَّهَا مَرَّتْ بِنَهَرٍ، فَشَرِبَتْ مِنْهُ وَلَمْ يُرِدْ أَنْ يَسْقِيَهَا كَانَ ذَلِكَ حَسَنَاتٍ لَهُ،فَهِيَ لِذَلِكَ ألرَجُلِ أَجْرٌ، وَرَجُلٌ رَبَطَهَا تَغَنِّيًا وَتَعَفُّفًا ثُمَ لَمْ يَنْسَ حَقَّ اللهِ فِي رِقَابِهَا وَلَا ظُهُورِهَا، فَهِيَ لِذَلِكَ سِتْرٌ، وَرَجُلٌ رَبَطَهَا فَخْرًا وَرِيَاءً وَنِوَاءً لأَهْلِ الإِسْلَامِ، فَهِيَ عَلَى ذَلِكَ وِزْرٌ. وَسُئِلَ صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الْحُمُرِ؟ فَقَالَ: (مَاأُنْزِلَ عَلَيَّ فِيهَا شيء إِلاَّ هَذِهِ الآيَةَ الْجَامِعَةُ الْفَاذَّة (فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ وَ مَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ) الزلزلة/٧-٨[١] واته: هیچ کەسێکی خاوەن زێڕو زیوو نییە کە لە دنیادا زەکاتی لێنەدابن و لە ڕۆژی دواییدا نەهێنرێتەوە پێشێ. دەهێنرێتەوەو سزادەدرێت. لەوح (پلێت)ی پانی بۆ تەخت دەکرێت کە لە ئاگری دۆزەخدا سوورکراوەتەوەو پشت و ڕوو و ئەملاولای پێ داخدەکرێت. هەر کە لەوحەکە سارد دەبێتەوە جارێکی تر بۆی سوور دەکرێتەوە. لە ڕۆژێکدا کە کاتەکەی پەنجاهەزار ساڵە.. ئاوا دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی ئیتر داوەریی نێوان بەندەکان دەکرێت، ئیتر چارەنووسی دەردەکەوێت کە بۆ بەهەشتی دەبەن یان بۆ دۆزەخ... هەر بەم شێوەیە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باسی ئەو کەسانەی کرد کە حوشتریان هەبووەو زەکاتیان لێنەداوە. ئینجا ئەوانەی وڵاخ و مەڕوماڵاتیان هەبووەو زەکاتیان لێنەداوە. پاشان باسی ئەو کەسانەی کە ئەسپ و ئێستریان هەبووەو زەکاتیان لێنەداوە..لە دواییدا ئەو ئایەتە گشتگیرەی خوێندەوە کە باسی چارەنووسی هەموو کارێکی چاك و خراپ دەکات کە دەفەرموێ: (فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ وَ مَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ) واتە: هەر کەسێک بە ئەندازەی مسقالە زەڕڕەیەک (بە قەدەر گەردی تۆزو خۆڵ) چاکەیەک بکات دەیبینێتەوە. هەر کەسێکیش

[١] بوخاری (٢٠٠٩)، موسلیم (٩٨٧).

بە ئەندازەی مسقالە زەڕڕەیەک (بە قەدەر گەردی تۆزو خۆڵ) خراپەیەک بکات دەیبینێتەوە.

٣- لە (الأوسط)ی طەبەرانیدا بە سەنەدەوە هاتووە کە پیاوانی سەنەدی ڕیوایەتەکە متمانەپێکراون کە لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (مَا مَنَعَ قَوْمٌ الزَّكَاةَ إِلَّا ابْتَلَاهُمُ اللَّهُ بِالسِّنِينَ).[١] واتە: هەر قەومێک بەرهەڵستی لە زەکاتدانیان بکەن و نەیدەن حەتمەن خوای گەورە تووشی گرانی و قات و قڕییان دەکات.

٤- ئەبو داوود لە (الحارث الأعور)ە وە لە سەیدنا عەلییەوە خوا لێی ڕاز بێت لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگێڕێتەوە کە فەرمووی: (إِذَا كَانَتْ لَكَ مِائَتَا دِرْهَمٍ وَحَالَ عَلَيْهَا الْحَوْلُ فَفِيهَا خَمْسَةُ دَرَاهِمَ، وَلَيْسَ عَلَيْكَ شَيْءٌ فِي الذَّهَبِ حَتَّى يَكُونَ لَكَ عِشْرُونَ دِينَارًا، فَإِذَا كَانَ لَكَ عِشْرُونَ دِينَارًا وَحَالَ عَلَيْهَا الْحَوْلُ فَفِيهَا نِصْفُ دِينَارٍ، فَمَا زَادَ فَبِحِسَابِ ذَلِكَ).[٢] واتە: ئەگەر دووسەد درهەمت بوو (کە لە زیوو بووە) و ساڵی بەسەردا هات وە پێنج درهەمیانت زەکاتە و لەسەرتە بیدەیت، زێڕیش هیچت لەسەر نیە تا دەبێتە بیست دینار (کە لە زێڕ بووە) کە ساڵی بەسەردا هاتەوە نیو دیناریان زەکات لێ دەکەوێت، ئەگەر لەوە زیاتر بوون حیساب دەکرێن (واتە چەند بەرابەر ببنەوە، زەکاتەکەشیان بەو ڕێژەیە بەرامبەر دەبێتەوە) ڕاویەکە دەفەرموێ: نازانم سەیدنا علی خوا لێی ڕازی بێت

---

[١] طەبەرانی لە (الاوسط)دا گێڕاویتیەوە، گێڕەوەکانی جێمتمانەن. ڕاستە. ئیبنوماجە (١٣٣٢/٢)، طەبەرانی لە: المعجم الكبير (٤٤٦/١٢) و لە: المعجم الأوسط (٦١/٥)، بەیهیقی (٣٥١/٧). ئەلبانی رحمەالله لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/١/ ١٠٧)دا دەفەرموێ: حاکم (٥٨٣/٤) و دەفەرموێ بە پێی مەرجەکانی بوخاری و موسلیمە و ذەهەبیش لایەنگیری بووە. وا دیارە حەسەنە. بەڵام خالد الحايك بە هەموو سەنەدەکاندا چۆتەوەو فەرموویەتی: زەعیفە.

[٢] ئەبوداوود (١٥٧٢) ترمذي (٦٢٠)، ئیبنوماجە (٧٠٩٠). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح سنن أبي داود)دا بە سەحیحی داناوە.

فەرموویەتی ئەگەر لەوە زیاتر بوو حیساب دەکرێت یان پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. زەکات لە هیچ سامانێک ناکەوێت تا ساڵێکی بەسەردا تێپەڕ نەکات.

٥- بوخاری و نەسائی و ئەبو داوود لە ئەنەسەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕنەوە: (أَنَّ أَبَا بَكْرٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ كَتَبَ لَهُ حِينَ وَجَّهَهُ إِلَى الْبَحْرَيْنِ هَذَا الْكِتَابَ، وَكَانَ نَقْشُ الْخَاتَمِ ثَلَاثَةَ أَسْطُرٍ (محمد) سَطْرٌ وَ (رَسُولُ) سَطْرٌ وَ(اللَّهِ) سَطْرٌ: (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ، هَذِهِ فَرِيضَةُ الصَّدَقَةِ الَّتِي فَرَضَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى الْمُسْلِمِينَ وَالَّتِي أَمَرَ اللَّهُ بِهَا رَسُولَهُ فَمَنْ سُئِلَهَا مِنْ الْمُسْلِمِينَ عَلَى وَجْهِهَا فَلْيُعْطِهَا وَمَنْ سَأَلَ فَوْقَهَا فَلَا يُعْطِ: فِي أَرْبَعٍ وَعِشْرِينَ مِنْ الْإِبِلِ، فَمَا دُونَهَا مِنْ الْغَنَمِ فِي كُلِّ خَمْسٍ شَاةٌ فَإِذَا بَلَغَتْ خَمْسًا وَعِشْرِينَ إِلَى خَمْسٍ وَثَلَاثِينَ فَفِيهَا بِنْتُ مَخَاضٍ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ مَخَاضٍ فَابْنُ لَبُونٍ، فَإِذَا بَلَغَتْ سِتًّا وَثَلَاثِينَ إِلَى خَمْسٍ وَأَرْبَعِينَ فَفِيهَا بِنْتُ لَبُونٍ أُنْثَى فَإِذَا بَلَغَتْ سِتًّا وَأَرْبَعِينَ إِلَى سِتِّينَ فَفِيهَا حِقَّةٌ طَرُوقَةُ الْجَمَلِ فَإِذَا بَلَغَتْ وَاحِدَةً وَسِتِّينَ إِلَى خَمْسٍ وَسَبْعِينَ فَفِيهَا جَذَعَةٌ فَإِذَا بَلَغَتْ سِتًّا وَسَبْعِينَ إِلَى تِسْعِينَ فَفِيهَا بِنْتَا لَبُونٍ، فَإِذَا بَلَغَتْ إِحْدَى وَتِسْعِينَ إِلَى عِشْرِينَ وَمِائَةٍ فَفِيهَا حِقَّتَانِ طَرُوقَتَا الْجَمَلِ فَإِذَا زَادَتْ عَلَى عِشْرِينَ وَمِائَةٍ فَفِي كُلِّ أَرْبَعِينَ بِنْتُ لَبُونٍ وَفِي كُلِّ خَمْسِينَ حِقَّةٌ وَمَنْ لَمْ يَكُنْ مَعَهُ إِلَّا أَرْبَعٌ مِنْ الْإِبِلِ فَلَيْسَ فِيهَا صَدَقَةٌ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ رَبُّهَا فَإِذَا بَلَغَتْ خَمْسًا مِنْ الْإِبِلِ فَفِيهَا شَاةٌ، وَصَدَقَةِ الْغَنَمِ فِي سَائِمَتِهَا إِذَا كَانَتْ أَرْبَعِينَ إِلَى عِشْرِينَ وَمِائَةٍ شَاةٌ فَإِذَا زَادَتْ عَلَى عِشْرِينَ وَمِائَةٍ إِلَى مِائَتَيْنِ فَفِيهَا شَاتَانِ فَإِذَا زَادَتْ عَلَى مِائَتَيْنِ إِلَى ثَلَاثِ مِائَةٍ فَفِيهَا ثَلَاثة شِيَاهٍ فَإِذَا زَادَتْ عَلَى ثَلَاثِ مِائَةٍ فَفِي كُلِّ مِائَةٍ شَاةٌ فَإِذَا كَانَتْ سَائِمَةُ الرَّجُلِ نَاقِصَةً مِنْ أَرْبَعِينَ شَاةً وَاحِدَةً فَلَيْسَ فِيهَا صَدَقَةٌ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ رَبُّهَا، فَلَا يُجْمَعُ بَيْنَ مُتَفَرِّقٍ وَلَا يُفَرَّقُ بَيْنَ مُجْتَمِعٍ خَشْيَةَ اَلصَّدَقَةِ.

وَمَا كَانَ مِنْ خَلِيطَيْنِ فَإِنَّهُمَا يَتَرَاجَعَانِ بَيْنَهُمَا بِالسَّوِيَّةِ،وَلَا يُخْرَجُ فِي اَلصَّدَقَةِ هَرِمَة،وَلَا ذَاتُ عَوَارٍ،إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اَلْمُصَّدِّقُ، وَفِي اَلرِّقَة رُبُعُ اَلْعُشْرِ،فَإِنْ لَمْ يَكُن إِلَّا تِسْعِينَ وَمِائَةً فَلَيْسَ

فِيهَا صَدَقَةٌ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ رَبُّهَا، وَمَنْ بَلَغَتْ عِنْدَهُ مِنَ اَلْإِبِلِ صَدَقَةُ اَلْجَذَعَةِ وَلَيْسَ عِنْدَهُ، وَعِنْدَهُ حِقَّةٌ، فَإِنَّهَا تُقْبَلُ مِنْهُ اَلْحِقَّةُ،وَيَجْعَلُ مَعَهَا شَاتَيْنِ، أَوْ عِشْرِينَ دِرْهَمًا، وَمَنْ بَلَغَتْ عِنْدَهُ صَدَقَةُ اَلْحِقَّةِ وَلَيْسَتْ عِنْدَهُ، وَعِنْدَهُ اَلْجَذَعَةُ، فَإِنَّهَا تُقْبَلُ مِنْهُ اَلْجَذَعَةُ،وَيُعْطِيهِ اَلْمُصَّدِّقُ عِشْرِينَ دِرْهَمًا أَوْ شَاتَيْنِ، وَمَنْ بَلَغَتْ عِنْدَهُ صَدَقَةُ الحِقَّةِ، وَلَيْس عِنْدَهُ إلا بِنْتُ لبُونٍ، فَإِنَّهَا تُقْبَل مِنْهُ بِنْتُ لبُونٍ، وَيُعْطِي شَاتَيْنِ أَوْ عِشْرِينَ دِرْهَمًا، وَمَنْ بَلَغَتْ صَدَقَةُ بِنْتُ لبُونٍ وَعِنْدَهُ حِقَّةِ، فَإِنَّهَا تُقْبَلُ مِنْهُ اَلْحِقَّةِ وَيُعْطِيهِ اَلْمُصَّدِّقُ عِشْرِينَ دِرْهَمًا أَوْ شَاتَيْنِ، وَمَنْ بَلَغَتْ صَدَقَةُ بِنْتُ لبُونٍ وَلَيْسَتْ عِنْدَهُ، وَعِنْدَهُ بِنْتُ مَخَاضٍ فَإِنَّهَا تُقبَل مِنْهُ بِنْتُ مَخَاضٍ وَيُعْطِي مَعَهَا عِشْرِينَ دِرْهَمًا أَوْ شَاتَيْنِ، وَمَنْ بَلَغَتْ صَدَقَةُ بِنْتُ مَخَاضٍ وَلَيْسَتْ عِنْدَهُ، وَعِنْدَهُ بِنْتُ لبُونٍ، فَإِنَّهَا تُقْبَل مِنْهُ، وَيُعْطِيهِ اَلْمُصَّدِّقُ عِشْرِينَ دِرْهَمًا أَوْ شَاتَيْنِ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ عِنْدَهُ بِنْتُ مَخَاضٍ عَلَى وَجْهِهَا وَعِنْدَهُ بِنْتُ لبُونٍ فَإِنَّهُ يُقْبَلُ مِنْهُ وَلَيْسَ مَعَهُ شَيْءً).[١]

٦- هەر شەشیان (ئەوەش ڕیوایەتی ئەبو داوودە) لە ئەبو هورەیرەوە لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگێڕنەوە كە فەرمووی: (لَيْسَ فِي الْخَيْلِ وَالرَّقِيقِ زَكَاةٌ إِلاَّ زَكَاةُ الْفِطْرِ فِي الرَّقِيقِ).[٢] واتە: زەكات لە ئەسپ و كۆیلەدا نییە، بەڵام سەرفترە لەسەر كۆیلە هەیە..دەڵێم (واتە نووسەر) ئەگەر كۆیلە بۆ كڕین و فرۆشتن دانرا بوو سامانە و زەكاتی لێ دەكەوێت.

٧- بوخاری و خاوەن سوننەكانلە ئیبنو عومەرەوە خوا لێیان ڕازی بێت لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگێڕنەوە كە فەرموویەتی: (فِيمَا سَقَتْ السَّمَاءُ وَالْعُيُونُ أَوْ كَانَ عَثَرِيًّا الْعُشْرُ، وَمَا سُقِيَ بِالنَّضْحِ نِصْفُ الْعُشْرِ).[٣] واتە: لەو بەرهەمەی باران یان

---

[١] بوخاری (١٣٨٦)، ئەبوداوود (١٥٦٧)، نەسائی (٢٤٤٧)، ئیبنوماجە (١٨٠٠).

[٢] ئەبوداوود (١٥٩٤)، بەیهیقی (٧٢٣٠)، شێخی ئەلبانی رحمەالله لە: (صحيح أبي داود/ ١٣٩٢)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[٣] بوخاری (١٤٨٣).

کانیاو ئاویداوە، یان خۆی لە ڕەگ و ڕیشاڵی خۆیەوە ئاوی هەڵمژیووە دەیەکی زەکات لێدەکەوێت، ئەوەش کە ئاو دراوە (بە....بیرو جۆگە هەڵبەستن و ..هتد)نیو دەیەک زەکاتی لێدەکەوێت.

١٠- مالیک لە کتێبی (الموطأ)ە کەیدا لە سائیبی کوڕی زەیدەوە دەگێڕێتەوە: (أَنَّ عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ، كَانَ يَقُولُ هَذَا شَهْرُ زَكَاتِكُمْ فَمَنْ كَانَ عَلَيْهِ دَيْنٌ فَلْيُؤَدِّ دَيْنَهُ حَتَّى تَحْصُلَ أَمْوَالُكُمْ فَتُؤَدُّونَ مِنْهُ الزَّكَاةَ).[١] واتە: عوسمانی کوڕی عەففان خوا لێی ڕازی بێت دەیفەرموو: ئەوا مانگی زەکاتدانتان هاتەوە، هەر کەسێک قەرزی لەسەرە بابیداتەوە، تا سامانی سافی بۆ بمێنێتەوە و زەکاتی لێبدات.

١١- هەر شەشیان جگە لە ئەبو داوود لە ئەبو هورەرەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی:(الْعَجْمَاءُ جُبَارٌ وَالْبِئْرُ جُبَارٌ وَالْمَعْدِنُ جُبَارٌ وَفِي الرِّكَازِ الْخُمْسُ).[٢] واتە: ئەو ئاژەڵەی (لە ڕۆژدا ) لەدەست خاوەنەکەی بەرەڵا بووە، ئەگەر شتێکی فەوتاند هیچ لەسەر کابرای خاوەنی ناکەوێت، بەو مەرجەی کەمتەرخەم نەبووبێت. ئەگەر شتێکیشی لێهات (وەکو ئەوەی شوێنێکی بریندار بووبێت) هەقەکەی لای کەس نابێت. مادام لەسەر کەسێک نەسەلمێنرابێت کە ئەو وایلێکردووە. حوکمی بیر هەڵکەندنیش وایە. ئەگەر بیرهەڵکەنەکەی تێکەوت و مرد یان کەسێکی تری تێکەوت خوێنایین لەسەر خاوەن بیرەکە نییە، مادام لە زەوی خۆیدا هەڵیکەندووەو کەمتەرخەم نەبووە.. حوکمی کارکردن لە زەویشدا وایە. کەسێک لە زەویەکەی خۆیدا چاڵی بۆ گەڕان لە دوای شتێک هەڵکەندووەو کەسێک یان ئاژەڵێک لەوێوە ڕۆیشتووەو تێیکەوتووە،

---

[١] الموطأ (٦٠١).

[٢] بوخاری (٦٥١٤)، موسلیم (١٧١٠).

کابرای چاڵهەڵکەن یان خاوەن زەویەکە بەرپرس نابێت. بەو مەرجەی کەمتەرخەم نەبووبێت.

١٢- ئەبو داوود لە سەمورەی کوڕی جوندوبەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَأْمُرُنَا أَنْ نُخْرِجَ الصَّدَقَةَ مِنَ الَّذِي نُعِدُّ لِلْبَيْعِ).[١] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی پێدەداین کە زەکات لە هەموو ئەو کەلوپەلانە دەربکەین کە بۆ فرۆشتنیان ئامادە دەکردن.

١٣- هەر شەشیان (ئەمە ڕیوایەتی بوخاریە) لە ئیبنو عومەرەوە خوا لێیان ڕازی بێت دەگێڕنەوە کە دەیفەرموو: (فَرَضَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زَكَاةَ الْفِطْرِ صَاعًا مِنْ تَمْرٍ أَوْ صَاعًا مِنْ شَعِيرٍ عَلَى الْعَبْدِ وَالْحُرِّ وَالذَّكَرِ وَالْأُنْثَى وَالصَّغِيرِ وَالْكَبِيرِ مِنَ الْمُسْلِمِينَ، وَأَنْ تُؤَدَّى قَبْلَ خُرُوجِ النَّاسِ إِلَى الصَّلَاةِ).[٢] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سەرفترەی لەسەر هەموو کەسێک دانا: کۆیلە و سەربەست، بچووک و گەورە بۆ هەر یەکیان (صاع)ێک خورما یان صاعێک جۆ دەبێ بدرێت. پێش ئەوەی خەڵکی بچنە جێ نوێژی جەژنی ڕەمەزان بۆ نوێژەکەی جەژن.

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە ئیبنو عومەر خوا لێیان ڕازی بێت ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ پێش جەژن سەرفترەکەی دەدا.

١٤- هەر شەشیان لە ئەبو سەعیدی خودرییەوە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی: (كُنَّا نُخْرِجُ زَكَاةَ الْفِطْرِ وَرَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِينَا عَنْ كُلِّ صَغِيرٍ وَكَبِيرٍ حُرٍّ وَمَمْلُوكٍ مِنْ ثَلَاثَةِ أَصْنَافٍ صَاعًا مِنْ تَمْرٍ صَاعًا مِنْ أَقِطٍ صَاعًا مِنْ شَعِيرٍ فَلَمْ

---

[١] ئەبوداوود (١٥٦٢)، بەیهیقی (٧٤٢٠). ئەلبانی رحمەالله لە: (إرواء الغليل/ ٨٢٧)دا دەفەرموێ: زەعیفە.

[٢] بوخاری (١٥٠٣)، موسلیم (٩٨٤).

نَزَلْ نُخْرِجُهُ، حَتَّى كَانَ مُعَاوِيَةُ فَرَأَى أَنَّ مُدَّيْنِ مِنْ بُرٍّ يَعْدِلُ صَاعًا مِنْ تَمْرٍ، فَأَمَّا أَنَا فَلَا أَزَالُ أُخْرِجُهُ كَمَا كُنْتُ أُخْرِجُهُ مَا عِشْتُ).[١] واتە: لەو کاتەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ناوماندا بوو سەرفترەمان لە سێ جۆر شت دەدا بۆ هەر کەسێک: گچکە و گەورە، سەربەست و کۆیلە صاعێک لە خورما یان صاعێک لە شیری ووشک کراوە (وەکو کەشک و ژاژی و شیری ووشک) یان صاعێک جۆ، هەروا بەردەوام بووین تا ئەو کاتەی معاویەی کوڕی ئەبوسوفیان خوا لێیان ڕازی بێت، بوو بە خەلیفە و وای دانا کە دوو چنگ گەنم بە قەدەر صاعێک خورمایە.. بەڵام من هەروەکو جاران زەکات دەدەم کە پێشتر دەمدا، هەر واش دەمێنمەوە تا لە ژیاندا مابم.

١٥- ئیبنو عەبباس خوا لێیان ڕازی بێت فەرمووی: (فَرَضَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زَكَاةَ الْفِطْرِ طُهْرَةً لِلصَّائِمِ مِنْ اللَّغْوِ وَالرَّفَثِ وَطُعْمَةً لِلْمَسَاكِينِ، مَنْ أَدَّاهَا قَبْلَ الصَّلَاةِ فَهِيَ زَكَاةٌ مَقْبُولَةٌ وَمَنْ أَدَّاهَا بَعْدَ الصَّلَاةِ فَهِيَ صَدَقَةٌ مِنْ الصَّدَقَاتِ).[٢] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سەرفترەی لەسەر موسوڵمانان فەرز کرد تا ببێتە مایەی پاک کردنەوەی دەم و دووان لە قسەی هەلەق و مەلەق (زۆر بلێی) و لە قسەی ناشیرین، لە هەمان کاتیشدا خۆراکێکی هەژارانیشە. هەر کەسێک پێش نوێژ بیدات، ئەوە سەرفترەکەی داوە و قبووڵە، هەر کەسێک لە دوای نوێژی جەژن بیدات ئەوە خێرێکە و بۆی دەنوسرێت.. واتە سەرفترەکەی نەداوە و لەسەری ماوە.

---

[١] موسلیم (٢٢٧٨)، ئەبوداوود (١٦١٦)، ترمذي (٩٧٣)، ئیبنوماجە (١٨٢٩)..

[٢] ئەبوداوود (١٦٠٩)، ئیبنوماجە (١٨٢٧)حاکم (١٤٨٨) دەفەرموێ سەحیحە بە پێی مەرجەکانی بوخاری و موسلیم. ئەلبانی رحمەاللە لە (صحیح سنن أبي داود) ولە (صحیح الجامع الصغیر/ ٣٥٧٠)دا دەفەرموێ: حەسەنە.

١٦- بوخاری و موسلیم و ئه‌بوداوود له‌ ئه‌بو حومه‌یدی ساعیدییه‌وه‌ خوا لێی ڕازی بێت ده‌گێڕێته‌وه‌: (اسْتعْملَ النَّبِيُّ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم رَجُلاً مِن الأَزْدِ يُقَالُ لَهُ: ابْنُ اللُّتْبِيَّةِ عَلَى الصَّدقَةِ، فَلَمَّا قَدِمَ قال: هَذَا لَكُمْ، وَهَذَا أُهدِيَ إِلَيَّ فَقَامَ رسولُ اللَّه صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وسَلَّم على الْمِنبرِ، فَحمِدَ اللَّه وأَثْنَى عَلَيْهِ، ثُمَّ قال: «أَمَّا بعْدُ فَإِنِّي أَسْتعْمِلُ الرَّجُلَ مِنْكُمْ على الْعمَلِ مِمَّا ولاَّنِي اللَّه، فَيَأْتِي فيَقُولُ: هَذَا لَكُمْ، وَهَذَا هَدِيَّةٌ أُهْدِيَت إِلَيَّ، أَفَلا جلس في بيتِ أَبِيهِ أَوْ أُمِّهِ حتَّى تأْتِيَهُ إِنْ كَانَ صادقاً، واللَّه لا يأْخُذُ أَحدٌ مِنْكُمْ شَيْئاً بِغَيْرِ حقِّهِ إِلاَّ لَقِيَ اللَّه تَعالَى، يَحْمِلُهُ يَوْمَ الْقِيامَةِ. فَلا أَعْرِفَنَّ أَحداً مِنْكُمْ لَقِيَ اللَّه يَحْمِلُ بعِيراً لَهُ رغَاءٌ، أَوْ بَقرة لَهَا خُوارٌ، أَوْ شاةً تيْعَرُ ثُمَّ رفَعَ يَديْهِ حتَّى رُؤِيَ بَياضُ إِبْطيْهِ يقُول: اللَّهُمَّ هَلْ بلَّغْتُ).[١] واته‌: پێغه‌مبه‌ری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كابرایه‌كی له‌ تیره‌ی ئه‌زد كرد به‌ جابی و ناردی بۆ كۆكردنه‌وه‌ی زه‌كات، ناوی (ئیبنول لوتبییه‌) بوو، كه‌ هاته‌وه‌ خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ری خوا و زه‌كاته‌كه‌ی له‌ پێش دانا ووتی: ئه‌مه‌ زه‌كاته‌كه‌ی ئێوه‌یه‌ و ئه‌مه‌ش دیارییه‌ دراوه‌ به‌ من. پێغه‌مبه‌ری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هه‌ستایه‌ سه‌رپێ و سوپاس و ستایشی خوای گه‌وره‌ی كرد پاشان فه‌رمووی: چۆن ده‌شێت من كه‌سێكتان بۆ جێبه‌جێ كردنی ئه‌و فه‌رزه‌ ده‌نێرم كه‌ خوای گه‌وره‌ به‌سه‌ر منی داداوه‌، كه‌چی له‌ولاوه‌ دێته‌وه‌ ده‌ڵێ ئه‌مه‌ سامانه‌كه‌ی ئێوه‌یه‌ و ئه‌مه‌ش دیارییه‌ دراوه‌ به‌ من!چما ئه‌گه‌ر ڕاست ده‌كات له‌ ماڵی باوك و دایكی دانیشتایه‌ ئه‌و دیارییه‌ی پێ ده‌گه‌شت؟!به‌ خوا قه‌سه‌م هه‌ركه‌سێكتان هه‌ر پشكێك له‌م ماڵ و سامانه‌ به‌ بێ هه‌قی خۆی وه‌رگرێت له‌ ڕۆژی قیامه‌تدا دێته‌وه‌ پێشی و سامانه‌كه‌ی به‌ كۆڵه‌وه‌ ده‌بێت، واش نازانم تێتاندا بێت بیه‌وێت به‌ دیداری خوای گه‌وره‌ بگات و حوشترێكی به‌ كۆڵه‌وه‌ بێت و بنه‌ڕێنێت، یان مانگایه‌ك كه‌ ببۆڕێنیت، یان بزنێ كه‌ بباعێنێت!پاشان هه‌ردوو ده‌ستی به‌ره‌و ئاسمان وابه‌رز كردووه‌ كه‌ سپییایی هه‌ردوو بنباڵی ده‌ركه‌وت و فه‌رمووی: خوایه‌ گیان وا من پێم گه‌یاندن شاهید به‌..

---

[١] بوخاری (١٥٠٠)، موسلیم (٤٧٦٩).

١٧- موسلیم و ئەبو داوود لە عەدی کوڕی عومەیرەی کندییەوە لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگێڕێتەوە کە فەرمووی: (مَنِ اسْتَعْمَلْنَاهُ مِنْكُمْ عَلَى عَمَلٍ فَكَتَمْنَا مِخْيَطًا فَمَا فَوْقَهُ كَانَ غُلُولًا يَأْتِي بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، فَقَامَ إِلَيْهِ رَجُلٌ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ اقْبَلْ عَنِّي عَمَلَكَ قَالَ وَمَا لَكَ قَالَ سَمِعْتُكَ تَقُولُ كَذَا وَكَذَا قَالَ وَأَنَا أَقُولُهُ الْآنَ مَنِ اسْتَعْمَلْنَاهُ مِنْكُمْ عَلَى عَمَلٍ فَلْيَجِئْ بِقَلِيلِهِ وَكَثِيرِهِ فَمَا أُوتِيَ مِنْهُ أَخَذَهُ وَمَا نُهِيَ عَنْهُ انْتَهَى).[١] واتە: ئێمە هەر کەسێکتان بکەینە بەرپرسی کارێک (باسەکە لەسەر زەکات کۆکردنەوەیە)، پاشان دەرزییەک و گەورەترمان لێ بشارێتەوە، بە خیانەت هەژمار دەکرێت و لە ڕۆژی قیامەتدا دەبێت بیهێنێتەوە بەردەست. کابرایەک هەستایە سەر پێ و عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خوا ئەو کارەی بە منت سپاردووە لێم وەرگرەوە (ئیستیقالەم قبووڵ بفەرموو) فەرمووی: بۆچی؟ چیتە؟ عەرزی کرد: ئاخر ئەوەتا گوێم لێتە کە ئاوا و ئاوات فەرموو. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئەرێ، هەروا دەڵێمەوە، هەر کەسێکمان کرد بە بەرپرسی کارێک (جابی زەکات کۆکردنەوە) یا هەرچی دەستکەوتووە لە کەم و زۆر بیهێنێتە بەردەست، ئەوی دەیدرێتێ با وەریبگریت و ئەوی بۆی نیە وەریبگرێت با لێی بگەڕێت.

١٨- ئەبو داوود دەگێڕێتەوە کە ئیبراهیمی کوڕی عطاء کە خزمەتکاری عیمرانی کوڕی حەصین بوو (کە یاوەرە خوا لێی ڕازی بێت) کە لە عیمرانەوە گێڕایەوە کە باوکی فەرموویەتی: زیادی کوڕی ئەبیعی یان والیەکی تر بوو عیمرانی کوڕی حەصینی نارد بۆ زەکات کۆکردنەوە، لە دەوڵەمەندەکانی وەرگرت و بەسەر موستەحەققەکانیدا دابەشیکردەوە، کە گەڕایەوە والی لێی پرسی کوا زەکات و سامانەکە؟ عیمران فەرمووی: چما بۆ پارەو سامان کۆکردنەوەت ناردم؟!هەروا لەو خەڵکەمان وەرگرت کە لە زەمانی

---

[١] موسلیم (١٨٣٣)، ئەبوداوود (٣٥٨١)، ئەحمەد (١٩٢/٤).

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەرمان دەگرت و هەر واش دابەشمان کردەوە هەروەکو کە لە زەمانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دابەشمان دەکردەوە.

١٩- ئەبو داوود لە بەشیری کوڕی یەسارەوە دەگێڕێتەوە کە (زَعَمَ أَنَّ رَجُلاً مِنَ الأَنْصَارِ يُقَالُ لَهُ سَهْلُ بْنُ أَبِي حَثْمَةَ أَخْبَرَهُ أَنَّ النَبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَدَاهُ مِائَةً مِنْ إِبِلِ الصَّدَقَةِ).[١] واتە: وابڵاو دەکاتەوە کە گوایە کابرایەکی ئەنساری کە ناوی سەهلی کوڕی ئەبوحەثمەیە هەواڵی داوەتێ کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خوێنی ئەو ئەنصارییەی دا کە لە خەیبەر شەهیدیان کرد، سەد حوشتری لە سامانی زەکات داوەتێ.

٢٠- موسلیم لە ئەبو هورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (بَيْنَمَا رَجُلٌ فِي فَلاَةٍ مِنَ الأَرْضِ، فَسَمِعَ صَوْتاً فِي سَحَابَةٍ: إِسْقِ حَدِيقَةَ فُلانٍ، فَتَنَحَّى ذَلِكَ السَّحَابُ فَأَفْرَغَ مَاءَهُ فِي حَرَّةٍ، فإذَا شَرْجَةٌ مِنْ تِلْكَ الشِّرَاجِ وَقَدِ اسْتَوْعَبَت ذَلِكَ الماءَ كُلَّهُ، فَتَتَبَّعَ المَاءَ، فإذَا رَجُلٌ قَائِمٌ فِي حَدِيقَتِهِ يُحَوِّلُ الماءَ بِمَسَحَاتِهِ، فَقَالَ: يَا عَبْدَ اللهِ، ما إِسْمُكَ؟ قَالَ: فُلانٌ لِلإِسمِ الَّذِي سَمِعَ فِي السَّحَابَةِ، فَقَالَ لَهُ: يَا عَبْدَ اللهِ، لِمَ تَسْأَلُنِي عَنْ إِسْمِي؟ فَقَالَ: سَمِعْتُ صَوتْاً فِي السَّحابِ الَّذِي هَذَا مَاؤُهُ، يَقولُ : إِسْقِ حَدِيقَةَ فُلاَنٍ لإِسْمِكَ، فَمَا تَصْنَعُ فِيهَا، فقَالَ: أَمَا إذ قُلْتَ هَذَا، فَإِنِّي أَنْظُرُ إِلَى مَا يَخْرُجُ مِنْهَا، فَأَتَصَدَّقُ بِثُلُثِهِ، وَآكُلُ أنَا وَعِيَالِي ثُلُثاً، وَأَرِدُّ فِيهَا ثُلُثَهُ).[٢] واتە: لەو کاتەدا کە کابرایەک بە دەشتێکدا دەڕۆیشت گوێی لە دەنگێ بوو لە هەورێکەوە دەڵێ: باخی فلان کەس ئاو بدە،

---

[١] بوخاری (٦٧٦٩)، موسلیم (٣١٥٧). دەقی هەموو فەرمودەکە لای موسلیم:(عَنْ بُشَيْرِ بْنِ يَسَارٍ زَعَمَ أَنَّ رَجُلاً مِنَ الأَنْصَارِ يُقَالُ لَهُ سَهْلُ بْنُ أَبِي حَثْمَةَ أَخْبَرَهُ أَنَّ نَفَرًا مِنْ قَوْمِهِ انطَلَقُوا إِلَى خَيْبَرَ فَتَفَرَّقُوا فِيهَا وَوَجَدُوا أَحَدَهُمْ قَتِيلاً وَقَالُوا لِلَّذِي وُجِدَ فِيهِمْ قَدْ قَتَلْتُمْ صَاحِبَنَا قَالُوا مَا قَتَلْنَا وَلا عَلِمْنَا قَاتِلاً فَانْطَلَقُوا إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهم عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ انْطَلَقْنَا إِلَى خَيْبَرَ فَوَجَدْنَا أَحَدَنَا قَتِيلاً فَقَالَ: الْكُبْرَ الْكُبْرَ فَقَالَ لَهُمْ تَأْتُونَ بِالْبَيِّنَةِ عَلَى مَنْ قَتَلَهُ قَالُوا مَا لَنَا بَيِّنَةٌ قَالَ فَيَحْلِفُونَ قَالُوا لا نَرْضَى بِأَيْمَانِ الْيَهُودِ فَكَرِهَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهم عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يُبْطِلَ دَمَهُ فَوَدَاهُ مِائَةً مِنْ إِبِلِ الصَّدَقَةِ).

[٢] موسلیم (٥٤٣٣).

هەورەکەشی لاکەوت و بارانەکەی خۆی لە شوێنێکی بەردەڵانی ڕەشدا باراند، کە لەتیرە شاخێکەوە بەرەو دەشتایی ڕۆشت، ئەمیش بە دوایدا ڕۆیشت تا گەیشتە باخێک کە کابرایەک بە بێڵێکەوە (یان بە خاکەنازێکەوە) خەریکی گۆڕینی ڕێڕەوی جۆگەکانی بوو، ئەمیش لێی پرسی: ئەرێ هۆ عەبدی خوا، ئەدی تۆ بۆ لەناوی منت پرسی؟ ئەمیش ووتی لە هەورێکەوە گوێم لێبوو، بە هەورێکی ووت، بڕۆ باخی فلا کەس ئاو بدە، ناوی تۆی هێنا کە ئەمە ئەو ئاوەیە کە ئەو هەورە باراندی. باشە چی لەبەرو بوومی چاندنەکەت دەکەیت؟ کابرای باخەوان/ جوتیار ووتی: مادام ئەم ڕوداوەت بۆ باس کردم پێت دەڵێم: من چاوەڕوانی حاسڵاتەکە دەکەم بزانم چەندم بۆ بەرهەم دەهێنێت، ئەوجا سێیەکی دەکەم بە خێرو خێرات و دەیبەخشمەوە، سێیەکیشی بۆ خواردنی خۆم و ماڵ و منداڵم، سێیەکەکەی تریش بۆ چاندنەوەمە.

٢١- نەسائی لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (سَبَقَ دِرْهَمٌ مِائَةَ أَلْفِ دِرْهَمٍ. قَالُوا: وَكَيْفَ؟ قَالَ: كَانَ لِرَجُلٍ دِرْهَمَانِ فَتَصَدَّقَ بِأَجودِهِمَا، وَانْطَلَقَ رَجُلٌ إِلَى عُرْضِ مَالِهِ فَأَخَذَ مِنْهُ مِائَةَ أَلْفِ دِرْهَمٍ فَتَصَدَّقَ بِهَا).[١]
واتە: درهەمێک پێش سەد هەزار درهەم کەوتەوە و شوێنی خۆی گرت، عەرزیان کرد: ئەوە چۆن بووە؟ فەرمووی کابرایەک دوو درهەمی پێبوو، چاکترینەکەیانی کرد بە خێرو بەخشی کابرایەکی تر خۆی گەیاندو سەروەت و سامانەکەی و سەد هەزار درهەمی لێ هەڵگرت و کردی بەخێر..

[١] نەسائی (٢٥٢٨)، ئەحمەد (٢/٣٧٩). بەیهیقی (٧٥٩٣)، حاکم (١٥٥٩). ئەلبانی رحمەاللە لە: (صحيح الجامع/ ٣٦٠٠)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

٢٢- بوخاری و موسلیم و ئەبو داوودو نەسائی لە ئەبو سەعیدەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (أَنَّ أَعْرَابِيًّا، سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنِ الْهِجْرَةِ؟ قَالَ: وَيْحَكَ إِنَّ شَأْنَ الْهِجْرَةِ شَدِيدٌ فَهَلْ لَكَ مِنْ إِبِلٍ. قَالَ نَعَمْ . قَالَ " فَهَلْ تُؤَدِّي صَدَقَتَهَا ". قَالَ نَعَمْ. قَالَ " فَاعْمَلْ مِنْ وَرَاءِ الْبِحَارِ فَإِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ لَنْ يَتِرَكَ مِنْ عَمَلِكَ شَيْئًا).[1] واتە: کابرایەکی ئەعرابی عەرزی پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد: ئەی پێغەمبەری خوا باسی هیجرەتم بۆ بکە، فەرمووی: داواو مەسەلەی هیجرەت زۆر گەورەیە، تۆ حوشترت هەیە؟ عەرزی کرد: بەڵێ. فەرمووی زەکاتی لێ دەدەیت؟ عەرزی کرد بەڵێ. فەرمووی بڕۆ سەرکاری خۆت و بەردەوام بە لەسەری، لەو دیووی دەریا و زەریاشەوە بێت خوای گەورە هیچ لە پاداشتی کارەکەت کەم ناکاتەوە، (واتە: بڕۆ سەر بەرهەم و کاسبی و زەکاتی خۆت و لە پاداشتت دڵنیابە، ئیتر هیجرەتت بۆ چییە..چونکە لە نزیک مەدینە دەژیا).

٢٣- لە (الأوسط)ی تەبەرانییدا ڕیوایەت لە ئەبو ئومامەوە خوا لێی ڕازی بێت هاتووە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (صَنَائِعُ الْمَعْرُوفِ تَقِي مَصَارِعَ السَّوْءِ، وَصَّدَقَةُ خَفِيًّا تُطْفِئُ غَضَبَ الرَّبِّ، وَصِلَةُ الرَّحِمِ زِيَادَةٌ فِي الْعُمُرِ).[2] واتە: ئەنجامدانی کردەوەی چاک چارەنووسی خراپ دوور دەخاتەوە، خێرکردنی بە نهێنی ڕقی خوای گەورە دەکوژێنێتەوە، هاتووچۆو خزمایەتی تەمەن زیاد دەکات.

[1] بوخاری (٦١٦٥)، موسلیم (٢٢٢).

[2] طەبەرانی لە: المعجم الكبير (٨٠١٤)، شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح الجامع الصغير/٢٩٦٥)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

## له كۆتاییدا دەڵێین:

لەسەر هەموو ئاستەکان درێغی کردنێکی زۆر دەربارەی زەکات هەیە، زەقترین نموونەی ئەوەیە کە موسوڵمانان زۆر شت هەیە کە دەستیان داوەتێ و ئاسان کردوویانە، کەچی دواتر نەک هەوڵی پێشبردیان نەداوە، وێڵیشیان کردووە!ئەگەر حوکمەتەکان درێغییان تێدا کردووە، هەق نییە تاکە موسوڵمانەکانیش وابن، هەر یەکێک لە ئێمە ئەگەر موحاسەبەیەکی خۆی بکات و پێداچوونەوەیەکی هەست و ڕەفتاری بکات دەزانێت چەند فەرزی خوایی وێڵکردووە یان تێیدا کەم تەرخەم بووە؟ خۆ هەر یەکێک لە ئێمە دەتوانین زیاتر لە زەکاتەکە بدەین، خۆ دەتوانین هەریەکەمان بڕێک پارە لە خۆ بگرێت کە لە پێناوی خوا دەیبەخشێت، خۆ هەموو زەکاتدەرێکیش دەتوانێت نەخشەیەک بۆ بەخشینەکەی داڕێژێت و لەگەڵ زەکاتی کەسانی تردا یەکی بخات و بیکاتە پڕۆژەیەکی گشتی، ڕێکەون و زەکاتەکەیانی بۆ بکەنە بووجەو دەست پێبکەن ئەگەر ئەمە لە کۆمەڵگەدا ڕێکبخرێت دەبینرێت زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی چارەسەر دەکرێت..هەندێک دەوڵەمەند دەتوانن داعی موسوڵمان(موتەفەڕیغ) بکەن تا بانگەواز لێ ببڕێن. هەندێکی تر دەتوانن بیکەنە مایەی ئیدامەدانی جیهاد. بە ڕاستی کەم تەرخەمییەکی زۆر و خراپە کە ئەم ڕوکنە گرنگەی ئیسلاممان ئاوا ئیهمال کردووە لە کاتێکدا کە دەتوانرێت لەبەر ڕۆشنایی فەتوا زانستیە ڕۆشنەکاندا باشترین خزمەت لەم سەردەمەدا بە زەکات بکرێت.

# ڕوکنی چوارەم

# ﴿ڕۆژوو﴾

## بڕگەی یەکەم

## سەرنجێکی گشتی لە ڕۆژوو:

### خاڵی یەکەم: ڕۆژووگرتن نیشانەی هەبوونی وویست و ئیرادەی بەهێزە:

١- خۆکۆنترۆڵکردن یەکێك لە هەرە سیفەتە جیاکەرەوەکانی مرۆڤ، کە ڕەفتارێکی حەتمی هەموو کەسێکە. هەموو کەسێکی ژیر ئاسان پەی بەوە دەبات کە ئەگەر خەڵکی بە تەواوی ئازاد بکرێن، بەرەڵا دەبن. ئەگەر ڕێبدرێ پێیان ئازادانەو بێباکانە بهێننە دیی ماوەیەکی کەم نابات هەموو مرۆڤایەتی تێك دەچێت و هەر یەکە تووشی دەیان شێوازی کارەسات و کوێرەوەریی دەبێت. ئەوجا ڕە ڕەنگە چەند ڕۆژێك زیاتر نەخایەنێت کە ژیان لەسەر زەویدا نامێنێت. ئەگەر بشمێنێت بێ وویست و ئیرادە دەکەوێت، هەرچەندە ئەمە ئەگەرێکی خەیاڵییە، کە هەموو کەسێك هەموو بەرژەوەندیی و ئارەزوویەکی خۆی بهێنێتە دیی. چونکە ئەمە لەسەر حیسابی مافی خەڵکانێی تر دەبێت. ئەگەر ئەمە بۆ ماوەیەکی کەمیش ڕوویدات ژیانی مرۆڤایەتی دەبێتە ژیانێکی دڕندانەی دارستانی. واقیعی ئەمڕۆی مرۆڤایەتیش لە هەندێك لایەنەوە دەشێت ببێتە نموونەو بەڵگەیەکیشە بۆ ئەم ئەگەرە خەیاڵیە. ئێستا دەبینین ئەو کەسە، ئەو کۆمەڵە، ئەو دەوڵەتەی خاوەن هێزێکی بەکارە بە هیچ سنورێکەوە پابەند نابێت کە عەقڵی دەستەجەمعی غەیری خۆی بۆی دیاری دەکات. دیسان دەبینین ئەوانەی بە سنوری شەرعی خواوە پابەند نابن هیچ (مەرجەعیەت). یکی تر ناتوانێت کۆنترۆڵیان بکات!خوای پەروەردگار ئەم مرۆڤەی خەڵقکرد، پەیامی خۆی بۆ نارد تا بە پێی ئەحکامی ئەو پەیامە دیدو تێڕوانین و بزاوت و هەڵوێست و ئیدارەو ئاراستەی کۆمەڵگەو دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێت. خوای گەورە لەو پەیامەیدا بە هەمووانی ڕاگەیاند کە تەنها خوای گەورە (مەرجەعیەتی). هەموانە. چونکە هەر ئەو کردگارو خاوەنە، هەر ئەو خاوەنی فەرمان و بەرهەڵستیە، هەر ئەویش زاناترین و

داناترین و بەبەزەییترینە.  کەوابوو هەر ئەو ـ تەنها ئەو ـ مافی پابەندکردنی  مرۆڤایەتی بە پەیامەکەی خۆیەوە هەیە.

دینی ئیسلام تاکە پەیامێکی خوای گەورەیە و کۆتا پەیامێتی، کە دەبێ کەسایەتی تاك و کۆی کۆمەڵگەو دەوڵەتی مرۆڤی لەسەر دابڕێژرێت. لە دیدو تێڕوانین و پێناسەوە بۆ ڕەفتار و ڕەوشت، بۆ داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، بۆ یاساو ڕێسای حوکم و بنەماکانی ئاڕاستەوانی. دەبێت حەزو ئارەزوو بەرژەوەندی تاکو کۆ بە پێی ئەحکامی ئیسلام ڕێك بخرێن. چونکە ئەحکامەکانی ئیسلام تاکە ڕێبازی ڕاستەو لەسەر مرۆڤایەتی فەرزە وەریبگرن: (أَوَمَنْ كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِيبِهِ فِي النَّاسِ كَمَنْ مَثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِنْهَا كَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِلْكَافِرِينَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ) الأنعام/١٢٢ واتە: چما ئەو کەسەی کە مردوو بوو، ئێمە زیندوومان کردەوەو نوورێکمان پێ بەخشی تا بە بەرچاو ڕۆشنی لە ناو خەڵکیدا ڕەفتار بکات، ئایا ئەمە وەکو ئەو کەسەیە کە لە تاریکیدایە نازانێت و ناتوانێت لێی دەرباز ببێت؟

٢- ڕەمزی کردەوەی خۆ کۆنترۆڵ کردن لە دینەکەی خوادا ڕۆژوو گرتنە. ڕۆژووە فەرزەکان. لەبەر ئەوەیە کە ڕۆژووگرتنی ڕەمەزان فەرزەو ڕوکنێکی ئەم دینەیە. چونکە ڕۆژوو یەکێکە لەو ڕێگا سەرەکی و نزیکانەی کە خواناس دەگەیێنێتە تەقواکاریی، کە گوزارشتی کردەوەیی پابەندبوونە بە ئیسلامەکەوە (لوتکەی ڕاقیبونی شارستانێتی مرۆڤێتی مرۆڤە). بۆیە دەبینین خوای گەورە دەفەرمووێ: (ياأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ)البقرة/١٨٣واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، ڕۆژووتان لەسەر فەرزە هەر وەکو کە لەسەر ئەوانەی پێش ئێوەش فەرز بوو، بە ڕۆژوو بن بەو ئومێدەی بچنە ڕیزی تەقواکاران (دینداارانی سەر ڕاست)ەوە. ئایەتەکە نهێنی ڕۆژووگرتنەکە دەردەخات. بۆیە دەبینین لە هەموو دینەکانی تریشدا، لە

مەسیحێتی و جولەکەی و براهمایی و. هتد هەیە. چونکە ئەم مەبەستی تەقواکاریە کە لە چەندین ڕێگاوە دێت. یەکێك لەوانە رۆژووگرتنە کە لەسەر نەتەوەی هەموو -نێرراوێکی خودایی فەرز بووە- هەموو نەتەوەیەکیش نێرراوی خوایی بۆ چووە، هەبوونی رۆژوو لە دینە کۆنەکانی پێش جولەکە و دیان و موسوڵمانێتیشدا بەڵگەی ئەم حەقیقەتە و نیشانەی کاریگەری رۆژووە لەسەر ڕەفتاری خەڵکی و پارسەنگ بوونیان پێی.

ئایەتەکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە رۆژووگرتن لەسەر هەموو نەتەوەیەك فەرز بووە. ئەو چۆنێتیەشی کە لە ئیسلامدا هاتووە کۆتا شێوەی رۆژووگرتنی ڕاست و دروستە، کە بە پێی کۆتا فەرمانی خوایی فەرز بووە. چۆنێتیەکانی تری رۆژووگرتنی سڕیوتەوە. چۆنیەتی رۆژووگرتنە ئیسلامیەکە هەموو چۆنێتی رۆژووگرتنی دینەکانی پێشووی لە خۆ گرتووە. وەکو ئەوان رۆژووە، لەوەی ئەوان واقعیترە، لەوەی ئەوان ئاسانترە، لەوەی ئەوان بەسوودترە، لەوەی ئەوان زیاتر ئاسەواری بەسوود دروست دەکات، ئاسەواری تەندروستی لەسەر ژیانی مرۆڤ، ئاسەواری کۆمەڵایەتی، ئاسەواری پارسەنگی ڕەفتارو ڕەوشت، ئاسەواری تری کردەوەیی کە لەم خاڵانەدا ئاماژەیان پێدەدەین:

## خاڵی دووەم: ڕۆژووی ڕەمەزان و حیکمەتەکەی:

ئەو ڕۆژوو گرتنەی لە سەرمان فەرزە تەنها ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزانە کە مانگێکی هەیڤی (قەمەری). یە ئەمەش حیکمەتێکی زۆری تێدایە لەوانە:

١- لە مانگی ڕەمەزاندا بوو کە قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە و بانگەوازی خواویستی دەستی پێکرد. ڕۆژوو گرتنی ئەم مانگە بەرز ڕاگرتنی ئەو یادەیە، کە پێویستە بە نەمریی و چوست و چالاکی لە دڵ و دەروون و هزرو هەستی موسوڵماناندا بمێنێتەوە.

٢- هەڵبژاردنی مانگێکی هەیڤی بۆ فەرز بوونی ڕۆژوو لەوەدا گرنگە کە ماوەکەی پەیوەندە بە بینینی هەیڤ (هلال). ەوە، چ بە دەرکەوتنی چ بە کۆتایی دەرکەوتنییەوە. بەمەش ماوەی ڕۆژووگرتنەکە لای هەموو موسوڵمانێك زانراو دەبێت و لێلادان و گۆڕین و تەزویرکردن و چەواشەکردنی تێدا نابێت. بۆیە نە حاکم و نەحکومەتان، نە کۆمەڵ و نە خاوەن هێزەکان ناتوانن موسوڵمانان لە گرتنی ڕۆژووی ئەو مانگە لا ڕێ بکەن. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێ: (صُومُوا لِرُؤْيَتِهِ، وَأَفْطِرُوا لِرُؤْيَتِهِ، فَإِنْ غُمَّ عَلَيْكُمْ فَأَكْمِلُوا الْعِدَّةَ شَعْبَانَ ثَلاَثِينَ).[١] واتە: بە بینینی (هەیڤ/هیلال)ەکە بەرۆژوو بن و بە بینینی کۆتایی بە ڕۆژووی مانگەکە بهێنن. ئەگەر لەبەر هەورو تەم نەتاندیی سی (٣٠) ڕۆژەی مانگی شەعبان (مانگی پێش ڕەمەزان). تەواو بکەن و لەوەو دوا حساب بکەن کە ڕەمەزانە.

٣- ساڵی هەیڤی/قەمەری یازدە ڕۆژی کەمترە لە ساڵی خۆریی/شەمسی. بۆیە ڕەمەزانی هەر ساڵێك دە ڕۆژ لە ساڵی خۆریی ڕابردوو دێتە پێشتر (وەکو ئەوەی ئەمساڵ لە (٧/١٠)

---

[١] نووسەری بەڕێز نوسیوێتی (بوخاری). ڕاستە: بوخاری (١٧٨٦)، موسلیم (١٨١٥).

بوو‌بێت ساڵی داهاتوو لە (٧/١)ەوە دەبێت، ساڵی پێش ئەمیش لە (٦/٢٠)ەوە وەهەروەها) بەمەش هەر ٣٦ سیوشەش ساڵ جارێك كە بەسەر موسوڵمانێكدا تێدەپەڕێت وا دەبێت كە لە هەموو ڕۆژانی ساڵدا بە رۆژوو بووە. ئەو ڕۆژانەی كە درێژن و ئەو ڕۆژانەی كە كورت بوون، یان ڕۆژانی ساردو ڕۆژانی گەرمی هەموو گرتوون. بەمەش موسوڵمانانی هەموو دنیا وەكو یەك دەبن و هەست بە یەكتری -لەم بارەیەوە- دەكەن. واتە: وەكو یەك بە رۆژوو دەبن، وەكو یەك نارەحەتی و ئاسانی دەبینن. ئەگەر وا نەبوایە دانیشتوانی ناوچە گەرمەكان زیاتر توشی نارەحەتی دەبوون. چونكە هەم ڕۆژەكانیان درێژترە هەم گەرمایان لەسەر زۆرە. دەبوو ئەوان ڕۆژانێكی گەرم و درێژ و سەخت بە رۆژوو بن، موسوڵمانانی شوێنی تر ڕۆژانێكی فێنك و كورت و ئاسان بە رۆژوو بن.

٤- موسوڵمانان -بەم ئاڵوگۆڕیەی ڕۆژانی رۆژوو- لە هیچ خۆراك و میوەو سەوزەو بەرهەمێكی ساڵانەیان مەحروم نابن. ئەو خۆراكەی لە وەرزێكی تایبەتییدا دەیخۆن و بە هۆی رۆژووەوە لە ڕۆژدا لێیان دەگیرێتەوە، لە ساڵانێكی تری داهاتوودا دێنەوە سەری. ئەو میوەیەی لەو ساڵەدا لە ڕۆژدا نایخۆن یان نیە و كاتی نیە لە ساڵانێكی تری داهاتوودا دەگاتێ و دەیخۆن.

٥- رۆژووی رەمەزان كە بەردەوام لە گۆڕاندایە وا دەكات موسوڵمان چێژی مانگێكی لە خۆی بگرێتەوە، بەڵام بەردەوام لێی مەحروم نابێت. مەرجیش نیە هەر خۆراك و خواردنەوە بێت، نا چێژی تیشكی خۆر و فێنكی هەواو ڕادەی شێ و پاڵەپەستۆی هەواو... هتد.

٦- لەوەی كە رەمەزان تایبەت كراوە بە بەرۆژووبوونەوەو هەموو موسوڵمانان لەسەریان فەرزە بیگرن، كە كەس بۆی نیە خۆی (یان مەزهەبەكەی یان پارتەكەی یان دەوڵەتەكەی). مانگێكی تر هەڵبژێرێت، ئەو هەستەی ئیمان لە ناخی هەمواندا دەڕوێنێت كە هەر هەموو موسوڵمانان ئومەتێكن و یەك دید و ڕێبازیان هەیە. كە مادام هەر هەمویان لەم مانگەدا بەو شێوەیە پابەندی شەرع دەبن كە دیاری كراوە، حەتمەن زیاتر

به سیستم و یاساو شەرعەوە پایەند دەبن و ڕادێن لەسەری. چونکە لە ناخیاندا تەسلیم بە خوای گەورە دەبن. بۆیە وەکو واقیعێکی هەستپێکراو دەبینرێت هەموو جیهان لە ڕەمەزاندا دەزانێت کە موسوڵمانانی جیهان یەك ئوممەتن و هەموو بە ڕۆژوو دەبن. کەوایە بە ڕاستی مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو و تەراویح و خێرو خێراتەکەیەوە قوتابخانەیەکی پەروەردەکاری گرنگە.

## خاڵی سێیەم: چۆنیەتی رۆژووگرتن:

رۆژووگرتن: بە رۆژوو بوون: پێبوون، هەموویان بە یەك مانان. واتە: خۆگرتنەوەی موسوڵمانان هەر لە سەرەتای سپێدەی بەیانیەوە تا خۆرئاوابوون، لە هەموو شتێك کە رۆژووی پێ دەشکێت: لە خواردن و خواردنەوەو جنس کردن. ئەویش بە نیەتی ئەنجامدانی خواپەرستییە بۆ خوای گەورە. ئەگەر کەسێك خۆی لەوانە گرتەوە بەڵام نییەتی وا نەبوو بەرۆژوو بێت، بە رۆژوو بۆی حسێب نابێت. دەبێت وا بەرۆژوو بێت کە ئەمە فەرزێکی خواییەو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گەیاندویەتی و شەرع چۆنیەتیەکەی دیاریکردووەو ئەمیش ملکەچانە پێوەی پابەند دەبێت. بەم نیەت و خۆگرتنەوەیە پاداشتی رۆژووگرتن مسۆگەر دەکات. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێ: (مَنْ صَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ).[١] واتە: هەر کەسێك بە باوەڕبوونی بە فەرزێتی رۆژوو و بە نیاز و مەبەستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە رۆژووی رەمەزانەکەی گرت، ئەوە لە گوناحەکانی پێشووی دەبوورێت.

**ئەوانەی رۆژوو دەشکێنن:** خۆراك و خواردنەوەو شتی تر، کە لە گەروو بچێتە خوارەوە، هەروەها سەرجێی (جیماع) ی هاوسەران و ڕەحەتبوون (ئاو هێنانەوە) بە لێخشاندنی نێرو مێ یان نێرو نێر یان مێ و مێ یان بە دەست پێداهێنان و (ئامێری جنسی)تەفسیلاتی ئەمە لە کتێبە فیقهیەکاندایە.

---

[١] نووسەری بەرێز نوسیویێتی: (ئەحمەدو بوخاری و موسلیم و ئەوانی تر). بوخاری (٣٨)، موسلیم (٧٦٠).

کەوابوو ڕەفتاری سەرەکی رۆژووگرتن -دوای نیەت- بریتیە لە خۆگرتنەوە لە حەزەکانی گەدەو عەورەت کە هەردوکیان بەهێزترین حەز و ئارەزوو و پاڵنەرن. هەر کەسێك توانی لە ماوەی بەرۆژووبوونیدا خۆی لەم دوو جۆرە حەزەی بگرێتەوە، حەتمەن لەسەر پاڵنەرو حەزی تر ئاسانتر خۆ دەگرێتەوەو چاکتر دەتوانێت خۆی و ڕەفتاری بە پێی یاساکانی شەرع رێك بخات و لە چوارچێوەی حەڵاڵدا ڕەفتار بکات. ئەگەر ئەوەشی توانی ئەوە مانای وایە کەوتۆتە سەر ڕێگای بەهەشت و مژدەی لێ بێت بەهەشتی مسۆگەرە. وەکو کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (مَنْ يَضْمَنْ لِي مَا بَيْنَ لَحْيَيْهِ وَمَا بَيْنَ رِجْلَيْهِ أَضْمَنْ لَهُ الْجَنَّةَ).[1] واتە: هەر کەسێك نێوان ڕیش و سمێڵ و دەم و عەورەتی بگرێتەوە پاداشتی بەهەشتی بۆ مسۆگەر دەکەم.

بە هیچ شتێکیش زمان کۆنترۆڵ ناکرێت وەکو کە بە رۆژووگرتن دەبێت. ئەمە خاڵێکی جەوهەریە. تێربوونی بەردەوام وا دەکات کە ئەندامانی لەش لە تەواوی تواناو وزەو چالاکیاندابن. بۆیە کەسی تێر چوست و چالاکترە لە کەسی برسی. حەتمەن زمان و قسەکردنیش لەگەڵ برسێتیدا کەم دەبێتەوە. برسی تاقەت و حەوسەڵەی زۆر قسەکردنی نیە. زمانیش ئامێری دەربڕینە. ئەو کەسانەی لە خوا یاخین زیاتر لە گوفتاریانەوە دەردەکەوێت کە وان، ئینجا لە کرداریانەوە. ئەو کەسەی لەبەر خاتری خوای گەورە بە رۆژووە زمان و دەست و پێی زیاتر کۆنترۆڵ دەکات. زیاترو ئاسان خۆی لە خواردنەوەو جنس دەگرێتەوە. بۆیە ئەو کەسەی بە رۆژووە لە ڕووی (ئیمانی) و لە ڕووی جەستەیی (فیزیکی)یەوە زیاتر ڕادێت لەوە کە خۆ لە گوناح و تاوان و سەرپێچی بگرێتەوە. کەوابوو رۆژوو پابەندکردنی دڵ و دەروون و هزر و هۆش و ویژدان و هەستە بە

---

[1] نووسەری بەڕێز نوسیویتی (ئەحمەدو بوخاری و موسلیم).. بوخاری (٦٤٧٤)، موسلیم (١٠٣٧).

فەرمانەکانی خوای گەورەوە، بە تایبەتی موسوڵمان دەزانێت کە ڕەفتار (گوفتار و کردار). ی خراپ نابێت لە ڕۆژووەوان بوەشێتەوە. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دە فەرموێ: (إِذَا كَانَ يَوْمُ صَوْمِ أَحَدِكُمْ فَلَا يَرْفُثْ وَلَا يَصْخَبْ فَإِنْ سَابَّهُ أَحَدٌ أَوْ قَاتَلَهُ فَلْيَقُلْ إِنِّي امْرُؤٌ صَائِمٌ) متفق عليه.[1] واتە: هەر کەسێکتان لە ڕۆژوودا بوو با قسەی نابەجێ نەکات و ئاژاوە نەنێتەوە. ئەگەر کەسێکیش جنێوی پێدا، یان شەڕی پێ فرۆشت، با بڵێ من بە ڕۆژووم..واتە: هەست کەو بڵێ شتی وا لە من ناوەشێتەوە و تۆش لە خوا بترسە و پابەندی دینەکە بە. هەروەها دەفەرمووێ: (مَنْ لَمْ يَدَعْ قَوْلَ الزُّورِ وَالْعَمَلَ بِهِ وَالْجَهْلَ فَلَيْسَ لِلَّهِ حَاجَةٌ فِي أَنْ يَدَعَ طَعَامَهُ وَشَرَابَهُ).[2] واتە: هەرکەسێك قسەی درۆو ناڕەواو کردەوەی نابەجێ لە ڕۆژووگرتنیدا وەل نەکات خوای گەورە پێویستی بەو نیە تا خواردن و خواردنەوەی وەل کات. (کەوابوو دەبێت ڕۆژووەوان لەگەڵ وازهێنانی لە خواردن و خواردنەوەدا وازیش لە قسەو کرداری نابەجێ و نالایق بهێنێت) ئەگەر واینەکرد ئیتر چی لە پاداشتی ڕۆژووەکەی بۆ دەمێنێتەوە؟!بە تایبەتی کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جەخت دەکاتەوەو دەفەرمووێ: (رُبَّ صَائِمٍ لَيْسَ لَهُ مِنْ صِيَامِهِ إِلا الْجُوعُ، وَرُبَّ قَائِمٍ لَيْسَ لَهُ مِنْ قِيَامِهِ إِلا السَّهَرُ).[3] واتە: ڕەنگە زۆر ڕۆژووەوان هیچی لە ڕۆژووگرتنەکەی غەیری تینووبون پێ نەبڕێت! ڕەنگە خاوەن شەونوێژێکیش هیچی لە شەونوێژەکەی غەیری شەونخوونی پێ نەبڕێت!

- پاڵفتەکردنی دەروون ڕوکنێکی سەرەکی و گرنگی ڕۆژووگرتنە. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (أَتَاكُمْ رَمَضَانُ شَهْرُ بَرَكَةٍ، فِيهِ خَيْرٌ يَغْشَاكُمُ اللَّهُ فَيُنْزِلُ الرَّحْمَةَ

---

[1] بوخاری (١٨٠٥)، موسلیم (١٩٥٢).

[2] بوخاری و ئەبوداودو ترمذي. بوخاری (١٨٠٤)، ئیبنوماجە (٥٣٩/١ ژ ١٦٨٩) ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح سنن ابن ماجه/١٣٧٠)دا بە سەحیحی ناساندووە.

[3] ئیبنوماجە (١٦٩٠)، ئیبنوحیببان (٢٥٧/٨) شێخی ئەلبانی رحمەالله لە: (صحيح الترغيب والترهيب١٠٨٣/١)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

وَيَحُطُّ فِيهَا الْخَطَايَا، وَيُسْتَحَبُّ فِيهَا الدَّعْوَةُ، يَنْظُرُ اللَّهُ إِلَى تَنَافُسِكُمْ وَيُبَاهِيكُمْ بِمَلائِكَةٍ، فَأَرُوا اللَّهَ مِنْ أَنْفُسَكُمْ خَيْرًا، فَإِنَّ الشَّقِيَّ كُلَّ الشَّقِيِّ مَنْ حُرِمَ فِيهِ رَحْمَةَ اللَّهِ).[١] واته: مانگی ڕەمەزان مانگی بەرەكەت هاتەوە سەرتان، خوای پەروەردگار بە خێرو چاكە داتان دەپۆشێت تێیدا، ڕەحمەت و بەزەیی خۆی تێدا دادەبەزێنێت و گوناحان هەڵدەوەرێنێت و دوعایان قبوڵ دەكات. خێرەومەندی خۆتانی تێدا نیشان خوای گەورە بدەن، كڵۆڵ و ڕەنجەڕۆ ئەو كەسەیە كە لەم مانگەدا لە ڕەحمەتی خوای گەورە مەحروم دەبێت.

ڕۆژووگرتن بە تەئكید ئاسەواری تری كردەوەیی زۆرە. چونكە ڕۆژوو ڕاهێنانی خۆیە لەسەر ئارامگریی و ئاڕاستەكردنی هێزی ویستەو گوێڕایەڵی و ملكەچی دەربڕینە بۆ خوای تاك و پاك.

---

[١] نووسەری بەڕێز نوسیوێتی: (طەبەرانی هێناوێتیەوە، گێڕەرەوەكانی جێمتمانەن (بڕوانە: الترغيب والترهيب). بەیهیقی لە: القضاء والقدر (٦٠)، طەبەرانی: (٢٢٣٨)، الشاشي: المسند/١٢٢٤)، الخلال: المجالس العشرة (٦٦) ئەلبانی رحمەالله لە: (ضعيف الترغيب والترهيب/٥٩٢)دا بە هەڵبەستراو (موضوع) دایناوە.

## خاڵی چوارەم: کاتی ڕۆژووگرتن:

کاتی ڕۆژووگرتن وا لە نێوان دەرکەوتنی سپێدەی بەیانیەوە تا ئاوابوونی خەپلەی خۆر. ئەم دوو کاتەش بە گوێرەی کات و شوێن جیاوازن. ئەوەی جێی سەرنجەو گرنگە ئەوەیە کە کاتی دیاری کردنی ڕۆژوو پەیوەستە بە دوو دیاردەی ئاسمانیەوە، کە ڕۆژانە دوویات دەبنەوەو دیارو زانراون و کەس عوزری ئەوەی نابێت بڵێ نەمزانی چۆنەو نەمزانی کەیە؟!چونکە لە هەموو شوێنێك سپێدەی بەیانی و خۆرئاوابوون هەن و لە هەموو کەسێکەوە دیارن مادام بینایی تەواو بێت.

**لێرەدا دەبێ ئاماژە بە دوو خاڵ بکرێت:**

<u>یەکەم</u>: حاڵەتی دوو پۆڵەکانی گۆی زەوی (القطبين). کە ڕۆژ شەش مانگەو شەویش شەش مانگە تێیاندا. ئەو کەسەش موسوڵمانەو لەم دوو شوێنە دەژی ئایا ڕۆژوو چۆن دەگرێت؟

<u>دووەم</u>: حاڵەتی ناوچەکانی دەوروبەری دوو پۆڵەکان کە دەشێت شەو (٢٣)سەعات بێت و ڕۆژیش یەك سەعات، یان بە پێچەوانەوە ڕۆژ (٢٣) سەعات بێت و شەو یەك سەعات. بێگومان لەگەڵ دوورکەوتنەوە و نزیك کەوتنەوە لە بازنەی پۆڵەکان کورت و درێژی شەو ڕۆژیش دەگۆڕێن. باشە ڕۆژوو لەم ناوچانەدا چۆن دەگیرێت؟ وەڵام: شافیعیەکان دەفەرموون: لەو وڵاتانەی کە سپێدەو ئێوارانیان دەبێ وەکو نزیکترین ناوچە بێت لێیانەوە کە سپێدەو ئێوارەیان ڕۆشن و جیاوازە، هەروەها ئەو ناوچانەی شەویان یان ڕۆژیان لە بیستوچوار سەعات زیاترە هەروادەکەن. نوێژکردنیشیان هەر وەکو ڕۆژووگرتنیانە. وەکو دانیشتوانی ناوچە نزیکەکانیان دەکەن. هەروەها لەو ووڵاتانەی کە کاتی خۆرئاوابوونی هەر ئەو کاتەیە کە سپێدەی بەیانیەکانیانەو کاتی ئێورانیان یان خەوتنیان (عیشا) هەر

ئەو کاتەی سپێدەیە، ئەمانیش هەر ئیقتیدا بە دانیشتوانی ئەو ناوچانەی نزیك خۆیان دەکەن کە سپێدەو ئێوارانیان جوداو دیارە.[١]

گرنگ ئەوەیە بزانین کە هیچ کات و شوێنێك نییە، ببێتە هۆی بە ڕۆژوو نەبونی ڕەمەزان یان گۆڕینی مانگەکەی.

[١] فەتوای شێخ بن باز رحمە الله ئەوەیە کە بۆیان هەیە کە کاتی نوێژو ڕۆژوویان بە پێی کاتی مەککە دیاری بکەن، مادام شەش مانگ ڕۆژەو شەش مانگ شەوە.. بێگومان ئەمە ئیجتیهادێکی خۆیەتی رحمە الله دەنا لە حاڵەتی درێژیی شەو یان ڕۆژدا بەو شێوە زۆرە ڕاستتر ئەوەیە کە تەقدیر بکرێت، وەکو ڕۆژی یەکەمی هاتنی دەججال کە بە قەدەر ساڵێکە، وە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەی کاتی نوێژەکانی فەرمووی: (فاقدروا لە قدرە)موسلیم. واتە: خۆتان کاتەکانیان مەزەندە (تەقدیر) بکەن.. ئەمما ئەو شوێنانەی خۆر هەڵهاتن و خۆر ئاوا بوونیان هەیە -ئەگەرچی نێوانیشیان تەنها سەعاتێکیش بێت- هەر دەبێ بەڕۆژوو بن، کە لە کاتی ڕۆژووەکەدا کەوتنە هیلاکەتەوە دەیشکێنن.. وَاللَّهُ أَعْلَمُ.

## خاڵی پێنجەم: سوودی ڕۆژووگرتن لە لایەنی تەندروستیەوە:

ڕۆژوو -كە خۆگرتنەوەیە لە خواردنەوە لە ڕۆژدا- كاتێكی باشە بۆ حەوانەوەی دەزگای هەرسكردنی مرۆڤ، كە ماوەیەك بحەسێتەوەو خەریكی ڕێكخستنەوەی هۆرمۆنەكانی بێت، كە دواتر قەرەبووی ئەو كەرەستانە دەكاتەوە كە لە ڕۆژانی رەمەزاندا وەرینەگرتوون. ڕۆژوو سودێكی زۆری دەروونی و جەستەیی بۆ ڕۆژووەوان هەیە، ئەگەرچی ئەمە خۆی مەبەستی ڕۆژووگرتن نیە، چونكە ڕۆژووگرتن پێش هەمووشتێك جێبەجێكردنی فەرزێكی خوای گەورەیە، كە دەیگەیەنێتە تەقواكاریی. ئەمما بۆ ئەو كەسانەی كە بە هەڵە یان بە ئەنقەست یان بە نەزانین دەڵێن ڕۆژووگرتن زیانی بۆ جەستەی مرۆڤ هەیە، ئەزمونێكی تاقیگەی دوو پسپۆڕی بواری پزیشكی و خۆراكناسیی نەقڵ دەكەین كە گۆڤاری (المسلمون) لە ژێر ناونیشانی (اثر الصیام علی صحة الانسان: كاریگەری ڕۆژوو لەسەر تەندرووستی مرۆڤ)دا ئەنجامی ئەزموونی دوو مامۆستای كۆلێژی پزیشكی داكار/پاكستانیان نەقڵ كردووە كە پرۆفیسۆر (أ-أ)پێداچونەوەی بۆ كردووە:

(پێشەكی: هەموو موسوڵمانانی جیهان هەموو ساڵێك مانگی نۆیەمی هەیڤی/قەمەری -كە رەمەزانە-بە ڕۆژوو دەبن. لە ڕۆژانی ئەو مانگەدا هەر لە سپێدەی بەیانیەوە واتە: سەعات و نیوێك پێش خۆرهەڵهاتنەوە تا خۆر ئاوابوون خواردن و خواردنەوە لە خۆیان حەرام دەكەن و هیچ ناخۆن و هیچ ناخۆنەوە. بەڵام دوای خۆرئاوابوون تا كاتی پارشێو -كە پێش سپێدەی بەیانی سبەینێە- بواری خواردن و خواردنەوەیان هەیە.

ڕۆژووگرتن لە تەمەنی پانزە ساڵیەوە یان لە باڵغ بوونەوە لەسەر ئەو نێرینانە فەرزە كە لەش ساغن. هەروەها لەسەر مێینەكان لە پانزە ساڵیانەوە یان لە كاتی باڵغبوونیانەوە، مادام لەش ساغ بن. ئەمما ئەوانەی نەخۆشن یان لە سەفەردان ڕۆژوویان لەو كاتەدا لەسەر نابێت (بەڵام دواتر دەیگرنەوە). هەر وەكو كە ئایەتەكە دەفەرمووێ: (فَمَنْ كَانَ

مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ)البقرة/١٨٣ واته: ئەو کەسانەتان کە نەخۆشن یان لە سەفەردان، لە ڕۆژانی تردا -دوای ڕەمەزان- بە ڕۆژوو دەبنەوە. ڕۆژووگرتن بە پێی جیاوازی کات و شوێنی موسوڵمانان دەگۆڕێت،بەڵام بەگشتی ماوەی (١٢-١٩)سەعاتە. بۆیە ڕۆژووەوان ژەمێك خواردن یان دوو ژەم لە شەودا دەخوات تا دەگاتە کاتی دەستپێکی سپێدەی بەیانی.

موناقەشەی زانستیانە دەربارەی کاریگەری سلبی/یان ئیجابی ڕۆژووگرتن لە لایەنی فسیۆلۆژیەوە لەسەر جەستەی مرۆڤ زۆر تاوتوێ کراوە. هەندێك وا دەزانن ڕۆژووگرتن زیانی بۆ لەش هەیە، هەندیکی تر دەڵێن کاریگەری خراپی لەسەر لەش نیە. چونکە لە هەموو حاڵەتەکاندا گرنگ ئەوەیە کە لەش وزەی پێویستی خۆی لە خواردن و خواردنەوە وەردەگرێت کە لە ماوەی بیستوچوار سەعاتدا پێویستی پێیەتی.

لە ڕاستیدا لەش لە مانگی ڕەمەزاندا بڕی زیاتر لە پرۆتین و نەشەویات و شەکر وەردەگرێت. ئەمەش یعنی لەش بڕێکی زۆرتر لە وزەی گەرمی وەردەگرێت.

**لێکۆڵینەوە:** ئەم ئەزموونە لەسەر سێزدە کەس کرا کە خۆبەخشانە ئامادەییان بۆ تاقیکردنەوەکان دەربڕی. دوانیان دووگیان بوون لە مانگی شەشەمی دووگیان بوونیدا بوون. یەکێکیشیان پیاوێکی تەمەن (٢٧) ساڵانە بوو. باقیەکەی تریش جیاواز بوون. هەموو خرانە ژێر یەك ئەزمونەوە، لەیەك کاتتدا خواردنیان وەکو یەك درایە، تا دواتر هەموو حاڵەتێکی جەستەییان تۆمار کرا: لە کێش و گەرمایی و لێدانی دڵ و فشاری خوێن و ڕێژەی زیادو کەمبوونی سێڵەکانی لەش و پارسەنگی هۆرمۆن و شلەمنیەکانی جەستەو فەحسی بەردەوامی خوێن و میزیان.

شێوازی ئەزموونەکە: لەو سێزدە کەسەی تاقیکردنەوەکەیان لەسەر کرا:

- سێ ئافرەتیان تەمەنیان (١٧) و (٢٧) و (٤٠) ساڵ بوون.

- تەمەنی پیاوەکان لە نێوان (٢٢-٦٩) ساڵیدابوون. واتە: تێکڕای تەمەنیان (٣٣) ساڵان بوو.

- هەموویان لەچینی مام ناوەندی کۆمەڵگە کەیان بوون. لە ڕووی ئابوریانەوە.

- تێکڕای ئەو وزەیەی ڕۆژانە هەر یەکەیان وەریدەگرت ٢٥٠٠-٣٠٠٠ کالۆری (یەکەی وزە) بوو.

- کەسیان نەخۆش نەبوون، ناوەوەو دەرەوەی جەستەیان ساغ بوو.

- پێش رەمەزان بە هەفتەیەك هەموویان فەحس و تەحلیلیان بۆ کرا تا حاڵەتی پێش ڕۆژووگرتنیان و دوای ڕۆژووگرتنیان بەراورد بکرێت.

- هەروەها فەحس و تەحلیلی تریان پێش پارشێوو دوای ڕۆژوو شکاندن (پێش نان خواردن). بۆ دەکرا.

- ئەم فەحس و تەحلیلە کە ڕۆژەکانی یەکەم و دەیەم و کۆتا ڕۆژی رەمەزان و دوای تەواو بوونی مانگی رەمەزان بۆ کراو ئەنجامەکان تۆمار دەکرا.

بە نوێترین چۆنیەتی زانستی سەردەم ئەزمونەکە ئەنجام درا. ئەمەش ئەنجامەکانە:

ئەنجامەکان:

١- کێش (الوزن):

ئەم خشتەیەی خوارەوە زیاتر ڕوونی دەکاتەوە (خشتەی ژمارە ١)

| | پێش ڕۆژوو | لە ڕەمەزاندا | | | دوای ڕۆژوو |
|---|---|---|---|---|---|
| | أ | ب | ج | د | هـ |
| | پێش ڕەمەزان | ڕۆژی ١ | ڕۆژی ١٠ | کۆتاڕۆژ | دوای ڕەمەزان |
| ئەو کەسەیان کە بەڕۆژوو نەبوون | ١٤٢ | ١٤٠ | ١٤٠ | ١٤٢ | ١٤٢ |
| تێکڕای کێشی ڕۆژووەوانەکان | ١٢٢ | ١٢٢ | ١٢١ | ١١٩ | ١٢١ |
| کێشی ئافرەتە دووگیانەکان | ١٠٦ | ١٠٦ | ١٠٨ | ١١٠ | ١١٧ |

- دەبینیت کێشی ئەوانەی بەڕۆژوو نەبوون گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە جگە لە دوانیان.

- بڕێکی کەم لە کێشی ڕۆژووەوانەکان دابەزیووە ئاستی زۆری ٧ ڕەتڵ بووە، یەکێکیان هەر وەکو پێش ڕەمەزان ماوەتەوە

- كێشی ئافرەتە دووگیانەكان لە ماوەی بەڕۆژووبونیاندا چوار ڕەتڵیان زیادكردووە دوای ڕەمەزان نیوەیان كێشیان گەڕایەوە بڕی پێش ڕەمەزان.

**٢ - كۆئەندامی خوێن:**

- كاریگەریەكی دیار لەسەر لێدانی دڵی كەسیان دروست نەبوو. هەر ئاسایی مانەوە هەروەها گەرمایی لەشیان.

- حاڵەتی هیمۆگلۆبینی خوێنی هەموویان ئاسایی مایەوە.

- حاڵەتی فشاری خوێن بە شێوەیەكی گشتی لای كەسیان نەگۆڕا جگە لە هەندێك حاڵەتی كەم لەماوەی یەكەمی ڕەمەزاندا.

**٣- ئاڵوگۆڕی گەرمی:** كە بریتیە لەو بڕە ئۆكسجینەی لەش وەریدەگرێت و ئەو بڕە دووەم ئۆكسیدی كاربۆنەی دەیداتەوە تا چوست و چالاك بمێنێت. یەكەی پێوانەكەی پێی دەوترێت (كالۆری). لەش عادەتەن پێویستی بە سێ هەزار كالۆری هەیە. ئاڵوگۆڕیەكی زۆر بە شێوەیەكی گشتی لەسەر پیاوەكان لە كاتی بە ڕۆژوو بونیاندا نەبوو، بەڵام لە حاڵەتی ئافرەتە دووگیانەكاندا وزەی گەرمی لە نێوان (١-١٥ كالۆری) دا بەرز بۆوە.

**٤- ڕێژەی شەكر لەخوێندا:** خشتەی ژمارە ٢ زیاتر ئەمە ڕوون دەكاتەوە: (ملیگرام - ١٠٠مم/لە خوێندا).

| | أ | ب | ج | د | هـ |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەوكەسەیان كە بە ڕۆژوو نەبوو | ٩٢ | ٨٧ | ٩٠ | ٨٨ | ٩٣ |
| تێكڕای ئاستی شەكری خوێن لە ڕێژەی سەدی لە ڕۆژووەوواندا | ٨٤ | ٨٠ | ٨٠ | ٧٤ | ٨٦ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئافرەتە دووگیانەکان | ٨٨ | ٨٤ | ٧٢ | ٦٨ | ٨٩ |

لەم خشتەیاندا دەردەکەوێت کە ئاستی شەکر لە خوێندا دابەزیووە لە دە (١٠) حاڵەتی کەسەکانی ژێر ئەزمونەکەدا ڕێژەی دابەزینی ئاستی شەکر (٧٠ ملم % بوو) ئەمەش ئاستی خوارێی حاڵەتی ئاسایی یە لە مرۆڤدا لە کەسیشیاندا (١٠٥ ملم %) بەرز نەبۆوە.

**٥- پارسەنگی شلەکانی لەش:**

ئەو بڕی خواردنەوەیەی بە گشتی هەموویان وەریانگرتبوو بۆ لەشیان بەس بوو لای هەندێکیان نەبێت کە بڕێك بەرز بوو کە لە ٢٤ سەعاتدا دەگەیشتە (٤.٢) لیتر

ڕێژەی میز کردنی هەموویان تەقریبەن لە ٢٤ سەعاتی شەو ڕۆژیاندا هەر ئاسایی مایەوە وەکو لە خشتەی ژمارە(٣) دا نیشان دراوە. ئەگەرچی لە ماوەکانی ناوەڕاستی ڕۆژووگرتندا ڕێژەکە کەمی کرد، کە بێگومان پەیوەندی بە کەش و گەرمای دەرێ و ئارەق کردنەوەوە هەبوو، نەك بە هۆی ڕۆژووگرتنەکەوە. چونکە ئەنجامەکە لای هەردولایان -ڕۆژووەوان و بێ ڕۆژووەکان- هەر وەکو یەك بوو:

| | پێش ڕۆژوو | لە ڕەمەزاندا | | | دوای ڕەمەزان |
|---|---|---|---|---|---|
| | أ | ب | ج | د | هـ |
| ئەو کەسەیان کە بە ڕۆژوو نەبوو | ١.٢ | ١.١ | ١.٥ | ١.٤ | ١.. |
| تێکڕای میزکردنی ڕۆژووەوانەکان | ١.٤ | ١.٧ | ١.٢ | ١.٢ | ١.٤ |

| ئافرەتە دووگیانەکان | ١٠٤ | ١٠٣ | ١٠٣ | ١٠٨ | ١٠٤ |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |

ئەنجام ئەوەبوو کە هیچ رادەو جۆرە گۆڕانکارییەك بەسەر ئەرکی گورچیلەی کەس لەوانەدا نەهات کە بەرۆژوو نەبوون هەر وەکو کە پێکهاتەی میزی هەموویان گۆڕانی تێنەکەوت.

ئەنجامی کۆتا ئەوەی ڕوونکردەوە کە لە ڕووی تەندروستیەوە ئەوە سەلمێنراوە کە رۆژووگرتنی موسوڵمانان لە مانگی رەمەزاندا کاریگەری خراپی لەسەر لەشیان نیەو کەس بە رۆژووگرتن تەندروستی نالەبار نابێت. لە هەندێك حاڵەتتدا برێکی کەم کێش (وەزن) دادەبەزێت. هەروەها بە ڕێژەیەکی کەم ئاستی برِی شەکر لە خوێندا لە کاتی خۆرئاوابووندا کەم دەکات. کە سەرەنجامی ڕۆژە درێژەکەیە. بەڵام ئەوە لە ئاستی فسیۆلۆژیی سروشتیانەدایە. بێگومان ئێمە باس لە کەسانی تەندرووست و لەش ساغ دەکەین وەکو ئەوانەی تاقیکردنەوەکەیان لەسەر کراوە، نەك نەخۆش و کەم ئەندام. بۆ هەموو کەسێکیش بە گشتی شتێکی چاکە و لە بەرژەوەندیەتی بزانێت داخۆ رۆژووگرتن کاریگەری خراپی لەسەر دروست دەکات یان نا.

ئەوە جێی سەرنجە کە رۆژووەوان لە دەمی ئێوارانیدا هەست بە سستی و بێتاقەتیەکی ڕێژەیی بکات، چونکە ئاستی شەکر لە خوێنیدا کەم دەبێتەوە. هەر بەوەندەش کە بەربانگ دەکاتەوە دەخوات چوست و چالاکیەکەی بۆ دەگەڕێتەوە.

**بەدواداچوونی دکتۆر أ. أ:**

ئەم لێکۆڵینەوەو تاقیکردنەوە نوێیە کە دوو پزیشکی پسپۆڕی موسوڵمان بە پێی ڕێسا زاستیانەکانی سەردەم ئەنجامیانداوە، ئەوە دەسەلمێنێت کە رۆژووگرتنی موسوڵمان کاریگەریی زیانی لەسەر لەشیان نیەو بە پێچەوانەشەوە لە ڕووی پزیشکیەوە سەلمێنراوە کە رۆژووگرتن سودی زۆرە لەو سوودانە:

١- حەوانەوەی كۆئەندامی هەرس بۆ چەند سەعاتێك: ئەوە شتێكی چاك و بەسوودە. چونكە كۆئەندامی هەرس وەكو كۆئەندامەكانی تری ناو لەش بە شێوەیەكی ئامێرانە بێ ڕاوەستان لە كاردایە. هەر لەو ساتە وەختەوە كە كۆرپەیەك یەكەمین دڵۆپە شیری مەمكی دایكی دەمژێت تا ئەو ساتە وەختەی دەمرێت، ئەم كۆئەندامەی هەرس خەریكی چالاكییەكانی بەردەوای هەرسكردنە!شەووڕۆژ!حەساندنەوەی ئەم كۆئەندامە زەروورییە. بۆیە دەبینین پێش عەمەلیاتی پزیشكی خواردن و خواردنەوەی دەوەستێنن. تا گەدەی بە تەواوەتی بەتاڵ بێت و هیچ پێش بەنجكردن تێدا نەمێنێت. تەنانەت لە حاڵەتە ناكاوە زەروورییەكاندا پێش عەمەلیاتكردنەكە خێرا گەدەو میزەڵدانی نەخۆش بەتاڵ دەكەنەوە، ئینجا بەنجی دەكەن. هەر لە كۆنیشەوە (حارثی كوڕی كلدة) ووتویەتی: (المعدة بيت الداء والحمية رأس الدواء) واتە: گەدە مەخزەنی نەخۆشیە و غیرت جوڵان و جورئەتیش دەرمانی سەرەكیە(دەسپێكی چارەسەرە).

٢- لە ڕووی پزیشكی ئەزموونی واقیعییەوە ئەوە سەلمێنراوە كە خواردنی كەم چاكترە لە زۆر خواردن، بگرە خواردنی ژەمە خۆراك لە كاتی دیاریكراودا كە لە نێوانیاندا هیچ نەخورێت چاكترە لە زۆرخواردن و پڕ كردنی گەدە!چونكە ژەمە خواردنە ڕێكوپێكەكان "ئەگەر بە بڕ و ڕادەی بەسبوون" وزەی پێویست دەدەنە لەش و چالاكانە دەیخەنە كار. حاڵەتی گشتی ڕۆژووەوان وایە كە پارشێوان وەكو بەرچاییەكی باش دەخۆن و بەربانگ كردنەوەیان بە خورما و ئاو و پاش نوێژیش خواردنی ئێوارەیان. ئەمە كە سوننەتی پێغەمبەری خوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باشترین ڕۆژووگرتن و چاكترین وزە وەرگرتنە. خوای گەورەش دەرحەق ئیقتیداپێكردنی دەفەرمووێ: (وَمَا آتَاكُمْ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا)الحشر/٧ واتە: هەرچی شتێك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

فەرمانتان پێ دەکات وەریگرن و جێبەجێی بکەن، هەرچی شتێکیش بەرهەڵستیتان لێ دەکات توخنی مەکەون و مەیکەن.

زانستیانەو بە ئەزموونی واقیعی خەڵکی سەلمێنراوە کە زۆر خواردن و زۆر تێربوون زیانی زۆرە و دەگەیێنێتە هەندێك نەخۆشی. وەکو هەندێك نەخۆشی دڵ و فشاری خوێن و شەکرەو ڕۆماتیزم و هتد. رۆژووگرتنی رەمەزان کە مانگێکە لە ساڵێکدا دەکاتە حەوانەوەی گەدە بۆ ماوەی ١٢/١ی تەمەن کە = لە تەمەنی نەخۆشەکە!.

لە هەموو ئەو بەدواداچوونانەی کە بۆ ئەو ناوچانە کراوە کە ئەم نەخۆشیانەیان تێدا بڵاوە دەردەکەوێت کە ئەو شوێنانەی دانیشتوانەکانیان رۆژووی رەمەزان دەگرن ئەم نەخۆشیانەیان کەمترە لە ناوچەی تر.

ئەمە ئەزموونێکی بوێرانەیەو دەخرێتە بەردەست ئەو کەسانەی کە وا نازانن رۆژووگرتن سوودی بۆ رۆژووەوان هەیە. ئەمە لە ڕووی تەندروستیەوە، ئەمما لە ڕووی ئیمانی و دەروونیەوە، ئەوا دیارە کە کەسەکە فێری خۆکۆنترۆڵکردن دەکات، فێری ئارامی و خۆڕاگریی دەکات، حەزەکانی دەگرێتەوە و رێکیان دەخات پێی، حەزی چێژی خواردن و جنس کە بەهێزترین چێژن. هەر کەسێك پارسەنگانە سەیری مێژووی ئەم سێزدە سەدەی ڕابوردووی ئیسلامی کردبێت، دەزانێت کە ئەم ئیسلامە لە هەموو لایەنێکەوە کەسایەتی موسوڵمانی زۆر بەهێزانەی پەروەردە کردووە) کۆتایی.

ئەوە ئەو ڕاپۆرتانە کە ئەو پسپۆڕانە لەسەر رۆژوو نووسیبوویان. ئێمە کە لێرەدا هێناومانەتەوە بۆ ئەوەیە کە نیشانی ئەو کەسانە بدرێت کە گومانیان لە سوودبەخشی رۆژوو هەیەو دەڵێین: (دڵنیا)بن کە زیانی نیە!!هەرچەندە موسوڵمان لەسەر گرتنی رۆژووەکەی سوورە و دەزانێت کە فەرزی خوای گەورەیەو ئەرکێتی و دەبێ بە ئەنجامی بگەیەنێت. بە تایبەتی کە رۆژوو پاداشتی تایبەتی خۆی هەیە کە خوای گەورە بە تایبەت پاداشتی رۆژووەوانان دەداتەوە.

## خاڵی شەشەم: ڕەمەزان فێرگەی پەروەردەکارییە:

ڕەمەزان لە ڕاستیدا فێرگەیە، ئەگەر فێرخوازانی بە مەرجی فێرگەکەوە تێیدا پەروەردە ببن و دەرچن، گۆڕانێکی زۆر ڕیشەیی بەسەر کەسایەتیاندا دێت، خۆشیان خۆ ناناسنەوە کە کەسەکەی پێش ڕەمەزانن!لە ڕەمەزاندا موسوڵمان پێداچوونەوەی خۆی دەکات، ئەو لایەنانەی دینداریتییەکەی ڕاست دەکاتەوە کە لارو چەوت بوون، ئەو کەموکورتیانەی تەواو دەکات کە پێشتر گوێی نەدابوونێ، لە ڕەمەزاندا موسوڵمان نێوان خۆی و خوای گەورە پارسەنگ دەکاتەوە، تا نێوان خۆی دوروبەری ئاوەدان بکاتەوە. ئەو کەسانەی لە ڕەمەزاندا تۆبەی یەکجاریی دەکەن جیهانێکی تاریکی گوناه و دیدێکی لێڵ و ڕێگایەکی وێڵیان وازلێهێناوەو کەوتوونەتە بەر نووری خوایی و دڵ و چاوو ویژدانیان ڕوون بۆتەوە. هاتوونەتە جیهانێکی ترەوە کە هیمەتبەرزییەکی سەیریان دەستگیربووە، گیانێکی نوێیان بە بەردا کراوەتەوە!زیندووبوونەوەیەکی تریان بەسەردا هاتووە، هیواو ئومێدو ئاواتێکیان لا دروستبووە کە دەخوازن تەمەنی لە پێناودا سەرف بکەن، کە هەرگیزاو هەرگیز لە هیواو ئاواتە دنیاییە ماددییەکانی زەمانی پێش تۆبەکردنەکەیان ناچێت. هەست دەکەن بەرەو ئاسۆیەکی زۆر ڕۆشن و باڵا بەرز دەبنەوە. بەرەو ڕەزامەندی خوای گەورە پێهەڵدەگرن و لێخۆشبوونی ئەویان لا بۆتە ئامانجی هەردوو دنیا. ئەمانە لە جیهانی خواناسییدا لە خۆساغکردنەوەیاندا بۆ خوای تاك و پاك کەوتوونەتە گەشەی ڕۆح و ئاسوودەیی دەروون و حەوانەوەی جەستەوە.

ئێمە لەکتێبی(جندالله ثقافة وأخلاقاً) دا گرنگی تەقوامان باسکردووە، سەلماندومانە کە تەقواکاری ئەو ڕەوشتە ڕەسەنەیە کە خوای گەورە سەرفرازی موسوڵمانی لە دونیاو قیامەتدا پێوە بەستۆتەوە: (إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَنَعِيمٍ) الطور/١٧،(وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ

اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ) البقره: ١٩٤، (إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ) التوبة/ ٧، ئەم تەقوایە بۆ ئەوەی لە موسوڵماندا ببێتە ڕەفتارو ڕەوشتی جێگیرو ڕەسەن و پتەو، بۆ ئەوەی ببێتە سیماو جەوهەری کەسایەتی موسوڵمان، دەبێت هەموو ڕێگاکانی تەقواکاریی بگرێتە بەر. لەوانە: ڕۆژووگرتن، کە عادەتەن هاندەری زیکرو شەونوێژ و قورئانخوێندن دەبێت و خاوەنەکەی لەسەر سەبر ڕادەهێنێت، دەیخاتە ئیعتیکافەوە تا بۆ خواپەرستی "بۆ ماوەیەك" لێببڕێت. ئینجا دەکەوێتە موسڵحێتی کە چاکسازو خێرەومەند دەردەچێت و بە پلەکانی بەخشیندا سەردەکەوێت تا سەخاوەتیشی لێ دەبێتە ڕەوشتی جێگیرو ڕەسەن. لەگەڵ هەموو ئاستێکدا کە بۆی سەردەکەوێت تۆبەو ئیستیغفاری زیاتر دەبێت. چونکە هەر هەست دەکات کەمتەرخەمەو پێویستە زیاتر لە خوای گەورە نزیك ببێتەوە، تا بە لوتفی خۆی بیگرێتە خۆو یارمەتیدەری بێت و وەلیدا بێت.

**<u>- خوای گەورە دەربارەی ڕێگاکانی تەقوا دەفەرمووێ:</u>**

- دەربارەی ڕێگای ڕۆژووگرتن: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) البقره/١٨٣واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە. ڕۆژووگرتنتان لەسەر فەرزە هەر وەکو کە لەسەر ئوممەتانی پێش ئێوەش فەرز بووە، ئەمەش بۆ ئەوەیە بگەنە ئاستی تەقواکارێتی.

- خوای گەورە دەربارەی سەرنجدانی بەڵگەو نیشانەکانی گەورەیی و تاکێتی خۆی و بە دواداچوونی مەلەکووتیی -کە ڕێگایەکی ترە- نیشان موسوڵمانی دەدات، دەفەرمووێ: (أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَائِكُمْ ۚ هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ ۗ عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتَانُونَ أَنفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ ۖ فَالْآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُوا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ ۚ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ۖ ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ ۚ وَلَا تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ ۗ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ) البقره: ١٨٧

ئاوا موسوڵمانی پاك و چاك دەگاتە ئەو ئاستە باڵایەی كە خوای گەورەی وەلدا دەبێت، چونكە بۆتە خۆشەویستی خوای گەورە: (وَاصْبِرُوا ۚ إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ). الانفال: ٤٦ (إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ). البقرە/ ٢٢٢

- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە فەرموودەیەكی قودسیدا كە بوخاری گێڕاویتیەوە دەفەرمووێ: كە خوای گەورە فەرموویەتی: (مَا يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ) بوخاری.[1] واتە: عەبدی خۆم بەردەوام بە نوێژو سونەتەكان لێم نزیك دەبێتەوە تا دەگاتە ئەوەی ئیتر خۆشم دەوێت. هەروەها لە فەرموودەیەكی قودسی تردا دەفەرمووێ: (وَأَنَا مَعَهُ إِذَا ذَكَرَنِي) متفق علیە.[2] واتە: كاتێك یادم دەكات وەلیدا دەبم.

- ئەگەر موسوڵمان مانگی رەمەزان بە پێی سوننەتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بگرێت و بە ڕێی بكات، حەتمەن بە هەموو ڕێگاكاندا بەرەو تەقوا بەرز دەبێتەوە، چونكە هەر وەسیلەیەك كە تەقواكاری بەهێز دەكات و دڵی موسوڵمانی لەسەر دابین دەكات موسوڵمان لە رەمەزانەكەدا بە شێوەیەكی گشتگیرانە دەیگرێتە بەر، ئەگەرچی خۆشی نەخشەی بۆ نەكێشابێت. چونكە رەمەزانەكە لەگەڵ خۆیان دەهێنێتە پێش. كاتێك مانگی رەمەزان "بەو شێوە سوننەتیە" بەڕێ دەكات هەست دەكات دڵ و دەروونی پڕ قەناعەت و هزرو هۆشی پڕ یەقین و ویژدان و هەستی پڕ سۆزو خۆشەویستی خوا بووەو چاوودڵی بە نووری خوا ڕۆشن بوون.

---

[1] راستە. (٦٥٠٢). بەغەویی: شرح السنة (٢/١٤٢/١) شێخی ئەلبانی لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة ٤ / ١٨٤)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[2] بوخاری (٧٤٠٥)، موسلیم (٢٦٧٥)،

١- لە سوننەتی ڕۆژووگرتنی ڕەمەزان و غەیری ڕەمەزان پارشێوکردنە: بە پارشێوکردنەکە بەرەکەتی خوایی دەست دەکەوێت، چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێ: (تَسَحَّرُوا فَإِنَّ فِي السَّحُورِ بَرَكَةً) متفق عليه.[١] واتە: پارشێو(یان پاش شێو) بکەن چونکە پارشێو بەرەکەتی تێدایە. بە هۆی پارشێو کردنەکەوە موسوڵمان پێش سپێدەی بەیانی بەخەبەر دەبێت. لە ئادابی ئەم کاتەش ئەوەیە کە دەستنوێژ دەگرێت و نوێژی سوننەتەکەی لە کاتی خۆیدا دەکات، لەگەڵ زیکرو ویردو پاڕانەوەو داوای لێبوردن لە خوای گەورە. لە دوای نوێژە فەرزەکەش ویردەکانی بەیانی دەخوێنێت.

٢- لە سوننەتەکانی ڕۆژووگرتن: دوعاکردنە لە کاتی بەربانگ کردنەوەدا، کە یەکێکە لەو کاتانەی ئومێدە دوعایان تێدا گیرا ببێت. موسوڵمانیش کە بەربانگ دەکاتەوە دەڵێ: (أَللَّهُمَّ لَكَ صُمْتُ، وَعَلَى رِزْقِكَ أَفْطَرْتُ وَبِكَ آمَنْتُ، وَعَلَيْكَ تَوَكَّلْتُ، ذَهَبَ الظَّمَأُ وَابْتَلَّتِ العُرُوقُ، وَثَبَتَ الأَجْرُ إِنْ شَاءَ اللَّه، يَا وَاسِعَ الْفَضْلِ اغْفِرْ لِي. الْحمد لِلَّهِ الَّذِي أَعَانَنِي فَصُمْتُ وَرَزَقَنِي فَأَفْطَرْتُ).[٢] واتە: خوایە بۆ تۆ بەرۆژوو بووم، بە ڕزق و ڕۆزی تۆ بەربانگم کردەوە، پشتم بە تۆ بەستووە، باوەڕم بە تۆ هێناوە، تینوێتی شکاو دەمارەکان تەڕبوونەوە، پاداشتەکەش جێگیر بوو، نووسرا. خوای خاوەن چاکەو فەزڵی بێ سنوور لێم خۆش بە، سوپاس بۆ ئەو خوایەی یارمەتیدام و سەرکەوتووی کردم و ڕۆزیشی پێ بەخشیم تا بەربانگی پێبکەمەوە.

٣- لە سوننەتەکانی ڕەمەزان: نوێژی تەراویحە. کە موسوڵمانان لە دوای نوێژی خەوتنان(عیشا)بە کۆمەڵ دەیکەن، کۆ دەبنەوەو پێکەوە نوێژ دەکەن، قورئان دەخوێنن،

---

[١] بوخاری (١٩٢٣)، موسلیم (١٠٩٥).

[٢] نووسەری ڕەحمەتی نوسیوێتی: ((ابوداود واسناده حسن). دوای بەدواداچوونیدا بۆم دەرکەوت کە ئەمەی سەرەتای (اللَّهُمَّ لَكَ صُمْتُ وَعَلَى رِزْقِكَ أَفْطَرْتُ) کە ئەبوداود (٢٣٥٨) هێناویتیەوە ئەلبانی رحمەالله لە (مرقاة المصابیح)دا دەفەرمووێ زەعیفە. بەڵام هەر ئەبوداود (٢٣٥٧) لە ئیبنوعومەرەوە خوا لێیان رازی بێت ئەمەی هێناوەتەوە: (ذَهَبَ الظَّمَأُ وَابْتَلَّتْ الْعُرُوقُ وَثَبَتَ الأَجْرُ إِنْ شَاءَ اللَّهُ) کە ئەلبانی دەفەرمووێ (حەسەن)ە.

یادی خوای گەورە دەکەن، پێکەوە ڕکوع و سجود دەبەن و ملکەچی بۆ خوای گەورە دەردەبڕن.

٤- لە سوونەتەکانی ڕەمەزان: دەورکردنەوە (خەتم کردن: خوێندنی هەموو) قورئانە، یان خوێندنی زۆرینەی و بەردەوام بوون لە خوێندنەوەی. لانی کەم جارێکی خەتم بکات، لە سوونەتەکانی قورئان دەورکردنەوەش ئەوەیە کە دوو کەس یان زیاتر بۆ یەکتری بخوێنن، چونکە لە هەموو ڕەمەزانێکدا جیبریل(جوبرائیل) عَلَيهِ السَّلَام دەهاتە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و گوێی لە دەورکردنەوەی قورئانەکە دەگرت کە جەنابی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیخوێند.

٦- لە سوونەتەکانی ڕەمەزان: سامان بەخشینەوە لە پێناوی خوادا: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە زۆر بەخشەر بوو لە ڕەمەزاندا زیاتری دەبەخشی. هەر لەم بەخشینەی کە هەموو موسوڵمانێك دەبێت بەشداری تێدا بکات سەرفترەکەیەتی، کە دەبێت موسوڵمان پشکە سەرفترەی خۆی و خێزان و ئەوانەش کە بەخێویان دەکات بدات، نابێت بۆ کەس نەدرێت تەنانەت بۆ کۆرپە و ساوای شیرە خۆرەش. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە وتاری خۆیدا پێش جەژنی ڕەمەزان بە ڕۆژو دووڕۆژ بە موسوڵمانانی دەفەرموو: (أَدُّوا صَاعًا مِنْ بُرٍّ أَوْ قَمْحٍ بَيْنَ اثْنَيْنِ، أَوْ صَاعًا مِنْ تَمْرٍ أَوْ شَعِيرٍ عَنْ كُلِّ حُرٍّ وَعَبْدٍ صَغِيرٍ أَوْ كَبِيرٍ).[١] واتە: سەرفترەی هەر سەرخێزانێك لە سەربەست و کۆیلە، لە گەورەو بچوك بدەن کە(صاع)ێك گەنمە یان صاعێك خورما یان صاعێك جۆ.

---

[١] نووسەری ڕەحمەتی نوسیوێتی: ((ئەحمەدو طەبەرانی و سەحیحە). ڕاستە وایە. ئەحمەد (٤٣٢/٥)، طەبەرانی (٢٢٣،٢٢٤) ئەلبانی لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة ١٧٠/٣)دا دەفەرمویٚ سەحیحە.

- ئیبنوعەبباس خوا لێیان ڕازی بێت دەیفەرموو: (فَرَضَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زَكَاةَ الفِطرِ طُهرَةً لِلصَّائِمِ مِنَ اللَّغوِ وَالرَّفَثِ، وَطُعمَةً لِلمَسَاكِينِ).[١] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سەرفترەی لەسەر هەموان فەرز كرد تا بۆ ڕۆژووەوان ببێتە مایەی پاككردنەوەی دەم و زمانی لە قسەی بێجێ و ناڕەوا، بۆ هەژارانیش خۆراك.

- هەروەها پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (اَمَّا غَنِيَّكُمْ فَيُزَكِيَّه اللهُ وَاَمَّا فَقِيْرُكُمْ فَيَرَدَّ اللهُ عَلَيْه اَكْثَرٌ مِمَّا اَعْطَاهُ).[٢] واتە: ئەو كەسەتان دەوڵەمەندەو دەبەخشێت، خوای گەورە ئەو بەخشینەی بۆ دەكاتە مایەی پاكبوونەوەی، ئەوەشتان كە هەژارەو دەبەخشێت خوای گەورە لەوە زیاتری پێ دەبەخشێت كە بەخشیوێتی.

٧- موسوڵمانان لە ڕەمەزاندا مزگەوتەكانیان بە كۆڕی دەرس و زانست و ئامۆژگاری دەڕازێننەوە. ئەو كەسەی نازانێت فێر دەبێت، ئەو كەسەی بێئاگایانە ڕەفتاری كردووە هۆشیار دەبێتەوە، ئەو كەسەی هەر بە دنیاوە خەریك بووە لایەك بە لای قیامەتیدا دەكاتەوە.

٨- لە ڕەمەزاندا هەموو نەوەكانی ئیسلام پێك دەگەنەوە: لە پارشێواندا هەموو ئەندامانی خێزان پێكەوە هەڵدەستن و پارشێو دەكەن، هەر وەكو كە لە بەربانگەكانیاندا پێكەوە كۆ دەبنەوەو نان دەخۆن، لەم ئاهەنگۆكەدا لە زۆر ماڵ باپیر و نەنكیش لەگەڵ ئەولادو ئەحفادەكانیاندا دەبن، زۆر لە شەرعناسان دەفەرموون لە ئەركی باوك و دایكانە كە منداڵەكانیان لەسەر ڕۆژووگرتن هاندەن و ڕایانبهێنن لە حەوت ساڵیەوە، یان لە دە

---

[١] نووسەری بەڕێز نوسیویێتی: (أخرجه النسائي وابن ماجه والدارقطني والحاكم وقال: صحيح على شرط بوخاري). لای ئەبوداود ژمارە(١٦٠٩)یەو لای ئیبنوماجە ژمارە (١٨٢٧)ەو ئەلبانی لە (صحيح سنن أبي داود) دا بە حەسەنی داناوە.

[٢] نووسەری ڕەحمەتی دەربارەی نوسیوێتی: (أخرجه أبوداود وهو حديث حسن). ئەبوداود (٦١٩)، ئەحمەد (٤٣٢/٥). ئەلبانی رحمەالله دەفەرموێ: زەعیفە.

ساڵیەوە. هەندێك لە شەرعناسان دەفەرموون ئەگەر لە دە ساڵی نەیانگرت لێیان دەدرێت.

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە دە شەوانی کۆتایی رەمەزاندا خێزانەکانی لە خەو هەڵدەستان تا بەشی خۆیان زەخیرەی شەونوێژ دابین بکەن و ماوەیەك بۆ خواپەرستی زیاتر لێببڕێن.

بە ڕاستی رەمەزان -ئەگەر مافی خۆی بدرێتێ- فێرگەیەکی پەروەردەکاری تاك و خێزان و کۆمەڵگەیە کاریگەری ڕۆحی و دەروونی و ماددی هەیە. کاریگەری لەسەر ڕەوشت و ئابوریی و لایەنی سەربازیی هەیە.

ئەمەش کۆمەڵێك دەقی فەرموودە کە گرنگی و گەورەیی و کاریگەریی رۆژووگرتن نیشان دەدات:

## برگەی دووەم

## چەن دەقێك دەربارەی ڕۆژوو و ئیعتكاف:

١ -بوخاری و ئەبوداوود دەگێڕنەوە: ئەبوهورەیرە خوا لێی ڕازی بێت فەرمووی: (كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَعْتَكِفُ فِي كُلِّ رَمَضَانٍ عَشْرَةَ أَيَّامٍ فَلَمَّا كَانَ الْعَامُ الَّذِي قُبِضَ فِيهِ اعْتَكَفَ عِشْرِينَ يَوْمًا)بوخاری.[١] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەموو ڕەمەزانێك دە ڕۆژی دەچووە ئیعتیكافەوە، لەو ساڵەدا كە كۆچی دوایی كرد بیست ڕۆژ ئیعتیكافی كرد.

٢- هەر شەشیان[٢]: خاتوو عائیشە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَكُونُ مُعْتَكِفًا فِي الْمَسْجِدِ فَيُنَاوِلُنِي رَأْسَهُ مِنْ خَلَلِ الْحُجْرَةِ فَأَغْسِلُ رَأْسَهُ وَقَالَ مُسَدَّدٌ فَأُرَجِّلُهُ وَأَنَا حَائِضٌ).[٣] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جار دەبوو لە مزگەوتدا لە ئیعتیكاف دا دەبوو، سەری بەرزی لەو دیوو پەردەكەوە دەهێنایە ئەمدیوو لە سووڕی مانگانەشدا بووم، سەرم بۆ دەشت.

لە ڕیوایەتێكی تریدا دەفەرمووێ: (وَكَانَ لاَ يَدْخُلُ الْبَيْتَ إِلاَّ لِحَاجَةِ الإِنْسَانِ).[٤] واتە: تەشریفی نەدەهێنایەوە ماڵێ، مەگەر بۆ پێداویستییەكی بەشەریی خۆی.

---

[١] (بوخاری/١٩٠٣، ١٩٣٩).

[٢] هەر شەشیان: واتە بوخاری و موسلیم و ئەبوداوودو ترمذي و نەسائی و ئیبنوماجە.

[٣] بوخاری (٢٠٦٧)، موسلیم (٢٩٧).

[٤] بوخاری (٢٠٢٩)، موسلیم (٢٩٧) لەفزەكە هی ئەمە. ئیمامی زوهریی دەفەرمویێ: (بۆ دەست بە ئاو گەیاندن).

- له ڕیوایەتێکی تریشدا: (كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَمُرُّ بِالْمَرِيضِ وَهُوَ مُعْتَكِفٌ فَيَمُرُّ وَلاَ يُعَرِّجُ يَسْأَلُ عَنْهُ).[١] واته: تەشریفی دەبردە سەردانی نەخۆش، ڕاستەو ڕاست تەشریفی بۆ ئەوێ دەچوو هەواڵی دەپرسی، لای بە هیچ لایەکی تردا نەدەکردەوە.

- دیسان له ڕیوایەتێکی کە دا هاتووە خاتوو عائیشە خوا لێی ڕازی بێت دەیفەرموو: (السُّنَّةُ عَلَى الْمُعْتَكِفِ أَنْ لاَ يَعُودَ مَرِيضًا وَلاَ يَشْهَدَ جَنَازَةً وَلاَ يَمَسَّ امْرَأَةً وَلاَ يُبَاشِرَهَا وَلاَ يَخْرُجَ لِحَاجَةٍ إِلاَّ لِمَا لاَ بُدَّ مِنْهُ وَلاَ اعْتِكَافَ إِلاَّ بِصَوْمٍ وَلاَ اعْتِكَافَ إِلاَّ فِي مَسْجِدٍ جَامِعٍ).[٢] واته: سوننەت وایە کە موعتکیف (ئەو کەسەی لە مزگەوتدا لە ڕەمەزاندا بۆ خواپەرستی ماوەتەوە)سەردانی نەخۆش نەکات، لەگەڵ جەنازەدا نەچێتە گۆڕستان، دەسبازی لەگەڵ خێزانیدا نەکات و لەگەڵیدا نەخەوێت، لە مزگەوت(لە ئیعتیکافەکەی) نەچێتە دەرەوە،مەگەر بۆ ئەو شتانەی کە حەتمین و هەر دەبێت بۆیان بچێت. ئیعتیکاف کردن بە بێ ڕۆژوو نیە و ئیعتیکاف کردن مەرجە لە مزگەوتدا بێت کە نوێژەکانی جومعە و جەماعەتی تێدا بکرێت.

٣- بوخاری و موسلیم و ئەبوداوود: خاتوو صەفیە خوا لێی ڕازی بێت(کە خێزانی بەڕێزی پێغەمبەری خوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ) فەرمووی: (كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مُعْتَكِفًا. فَأَتَيْتُهُ أَزُورُهُ لَيْلاً. فَحَدَّثْتُهُ، ثُمَّ قُمْتُ لأَنْقَلِبَ. فَقَامَ مَعِي لِيَقْلِبَنِي - وَكَانَ مَسْكَنُهَا فِي دَارِ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ - فَمَرَّ رَجُلاَنِ مِنَ الأَنْصَارِ، فَلَمَّا رَأَيَا رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

---

[١] ئەبوداوود (٢٤٧٢)، بەیهیقی (٨٣٨٤). ئیمامی نەوەوی لە (المجموع ٦/٥٤٠)دا بە زەعیفی ناساندووە.
[٢] نووسەری بەڕێز هیچی لەسەر ناساندنی ڕیوایەتەکە نەنوسیوە. ئەبوداوود (٢٤٧٣)، بەیهیقی لە (السنن الكبرى ٤/٣٢١) ئیمامی دارەقوطنی لە (السنن ٢/٢٠١)دا دەفەرموێ: ئەمە قەوڵی زوهریيە نەک قەوڵی خاتووعائیشە. بە زەعیفیشی ناساندووە. بەڵام شێخی ئەلبانی لە: کتێبی(قیام رمضان) دا دەفەرموێ قەوڵی عائیشەیەو سەحیحە.

أَسْرَعَا. فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: عَلَى رِسْلِكُمَا. إِنَّهَا صَفِيَّةُ بِنْتُ حُيَيٍّ. فَقَالا: سُبْحَانَ اللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ. فَقَالَ: إِنَّ الشَّيْطَانَ يَجْرِي مِنْ ابْنِ آدَمَ مَجْرَى الدَّمِ. وَإِنِّي خَشِيتُ أَنْ يَقْذِفَ فِي قُلُوبِكُمَا شَرًّا - أَوْ قَالَ شَيْئًا)الشيخان وابوداود.[١] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ئیعتیكافدا بوو، شەوێك هاتمە خزمەتی و لەگەڵیدا دووام، پاشان هەستام لە خزمەتی مەرەخەس بم و بگەڕێمەوە ماڵ، هەستاو وەلمدا هات تا بمگەیێنێتەوە(ماڵی خاتوو صەفیە ئەو كاتە لە خانووەكەی ئوسامەی كوڕی زەیددا بوو خوا لێیان ڕازی بێت، مەبەست ئەوەیە كە دوورتربوو لە ماڵی خێزانەكانی تری. بۆ نموونە ماڵی خاتوو عائیشە خوا لێی رازی بێت بە مزگەوتەكەوە بوو)..ئەو كاتەی لە ڕێگای ماڵەوەدا بوون، دوو پیاوی ئەنصاری لەوێوە تێپەڕین، كە دیتیان ئەوە پێغەمبەری خوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خێراتر ڕۆیشتن، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بانگی لێكردن و فەرمووی: لەسەرخۆ بن(یان ڕاوەستن تا بۆتان روون دەكەمەوە). ئەوەی وەلمدایە صەفیەی كچی حویەییە(واتە: خێزانی خۆمە). فەرموویان: سوبحان الله ئەی پێغەمبەری خوا؟ (واتە: چما خوانەخواستە گومانمان لێت دەبێت كە لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەمدا بیت؟). پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: شەیتان وەكو خوێن بە دەماری مرۆڤدا دێت و دەچێت، منیش ترسم لەوە بوو شەیتان گومانێكی خراپ یان شتێك بخاتە دڵتانەوە. (ئیمامی شافیعی رحمە الله دەفەرمووێ: ئەوە لە سووربوونی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)ە وەیە لە ئیمان و دینداریيان كە خەمیانی لەبەربووە چونكە گومان كردنی وا بەرامبەر جەنابی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كوفرە)..

٤- ئەلقەزوینی لە ئیبنوعومەرەوە خوا لێیان ڕازی بێت دەگێڕێتەوە كە فەرمووی: (أَنَّ النبيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَّهُ كَانَ إِذَا اعْتَكَفَ طُرِحَ لَهُ فِرَاشُهُ، أَوْ يُوضَعُ لَهُ سَرِيرُهُ وَرَاءَ

[١] بوخاری (٢٠٣٥)، موسلیم (٢١٧٥).

أُسْطُوَانَةِ التَّوْبَةِ).[١] واته: كه پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كه دەیویست ئیعتیكاف بكات پێخەفەكەیان لە لای كۆڵەكەی تۆبەوە[٢] بۆ ساز دەكرد.

٥- هەر قەزوینی لە ئەنەسەوە خوا لێی ڕزی بێت دەگێڕێتەوە كە فەرمووی ڕەمەزان هاتەوە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (إِنَّ هَذَا الشَّهْرَ قَدْ حَضَرَكُمْ وَفِيهِ لَيْلَةٌ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْرٍ، مَنْ حُرِمَهَا فَقَدْ حُرِمَ الْخَيْرَ كُلَّهُ، وَلَا يُحْرَمُ خَيْرَهَا إِلَّا مَحْرُومٌ).[٣] واته: كه ڕەمەزان هات پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئەوا ئەم مانگەتان هاتەوە سەر، شەویكی تێدایە چاكترە لە هەزار مانگ، هەر كەسێك لێی بێبەش بێت لە هەموو جۆرە خێرێك بێبەش دەبێت، كەسێكیش لە خێروفەڕی بێبەش دەبێت كە لە هەموو شتێك مەحروم بووبێت.

٦- مالیك لە ئیبنوشیهابەوە دەگێڕێتەوە كە ئەبوهورەیرە و ئیبنوعەبباس خوا لێیان ڕازی بێت دەربارەی ڕۆژووی خوراوی ڕەمەزان ڕاجوێ بوون، یەكیان دەیفەرموو یەك لە دوای

---

[١] نووسەری بەڕێز نوسیوێتی: (رجال اسناده ثقات). لای ئیبنوماجە هەیە (١٧٧٤)شێخ شوعەیبی ئەرنائووط رحمەالله لە تەحقیقی (سنن ابن ماجە)دا دەفەرموێ: ئەم ریوایەتەیان زەعیفە، بەڵام ریوایەتی لای طەبەرانی لە (الأوسط /٨٠٧١)و ئیبنوخوزەیمە (٢٠٨٨)هەیە. لای هەردووكیان (حەسەن)ن.

[٢] كۆڵەكەی تەوبە: إسطوانة المسجد: كۆڵەكەیەی مزگەوتەكەی پێغەمبەری خوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كە ئەبولوبابە (ڕوفاعەی كوڕی عبدالمنذر) خۆی بە زنجیر پێوە بەستەوەو پەیمانی دا كە هیچ نەخوات و نەخواتەوەو خۆشی نەكاتەوە تا خوای گەورە لە تاوانەكەی خۆش دەبێت. حەوت ڕۆژ ئاوا مایەوە. كچەكەی ڕۆژانە دەهات بۆ سەرئاوو نوێژ دەیكردەوە بێ ئەوەی هیچ بخوات یان بخواتەوە. ڕۆژانی دواینی لە برسان و لە تینوان لە ماندوێتییدا جار جارە دەبورایەوە!

[٣] نووسەری بەڕێز نوسیوێتی: (ترمذي. اسناده حسن إِنْ شَاءَ اللَّهُ). بینیم لای ئیبنوماجە ژمارە (١٦٣٤) یەو شێخی ئەلبانی لە (صحیح ابن ماجە/١٣٣٣)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

یەك دەبێ بیانگرێتەوە، ئەوی تریان دەیفەرموو: بۆی هەیە ڕۆژێك بەرۆژوو بێت و دوای چەند ڕۆژێکی تر ڕۆژێکی تر بگرێت وە هەروەها.

٧- هەر شەشیان لە خاتووعائیشەوە خوای لێی ڕازی بێت گێڕاویانەتەوە کە فەرمووی: (كَانَ يَكُونُ عَلَيَّ الصَّوْمُ مِنْ رَمَضَانَ، فَمَا أَسْتَطِيعُ أَنْ أَقْضِيَهُ إلا فِي شَعْبَانَ، وَذَلِكَ لِمَكَانِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).[1] واتە: ڕۆژووی ڕەمەزان قەرزار دەبووم نەمدەتوانی تا مانگی شەعبان(مانگەکەی پێش ڕەمەزان). بیگرمەوە، لەبەر خاتری پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (کە هاوسەری بەڕێزی بوو).

٨ -مالیك و ئەبوداوود و ترمذیی لە خاتوو عائیشەوە خوا لێی رازی بێت دەگێڕنەوە کە فەرمووی: (أَصْبَحْتُ أَنَا وَحَفْصَةُ صَائِمَتَيْنِ، فَقُرِّبَ إِلَيْنَا طَعَامٌ فَابْتَدَرْنَاهُ فَأَكَلْنَا، فَدَخَلَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَبَدَرَتْنِي حَفْصَةُ وَكَانَتْ بِنْتَ أَبِيهَا، فَذَكَرَتْ ذَلِكَ لَهُ فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: صُومَا يَوْمًا مَكَانَهُ).[2] واتە: من و خاتوو حەفصە (خوا لێیان ڕازی بێت) بە ڕۆژوو بووین خواردنیان بە دیاری بۆ هێنایـن، لێمان خوارد، کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەشریفی هێنایەوە حەفصە پێش من هاتە قسە -کچی باوکی بوو- (واتە: وەکو باوکی چاونەترس و دەسپێشخەری کاری چاکە بوو)، عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، من و عائیشە بە ڕۆژوو بووین، ڕۆژووی سوننەت، خواردنمان بە دیاری بۆ هات، خواردمان و ڕۆژووەکەمان شکاند. فەرمووی: ڕۆژێکی تر لە جیاتی بگرنەوە..

---

[1] بوخاری (١٩٥٠)، موسلیم (١١٤٦).

[2] شێخی ئەلبانی ریوایەتەکەی لای ئیمامی مالیکی لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة ٣٤٠. ٣٣٢/١١ ق ٥٢٠٢) دا بە زەعیف ناساندووە. بەڵام ریوایەتی تری لە (ارواء الغليل/ ١٩٥٢) و آداب الزفاف (ل ١٦٥٩)دا هێناوەتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە یاوەرێکی ڕۆژووەوان -کە بانگیان کرد نان بخوات- فەرمووی: (أفطِرْ، وَصُمْ مَكَانَهُ يَوماً إنْ شِئْتَ) واتە: ڕۆژووەکەت بشکێنەو ڕۆژێکی تر لە جیاتییدا بگرەوە.

هەر شەشیان جگە لە نەسائی لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی رازی بێت دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: (بَيْنَمَا نَحْنُ جُلُوسٌ عِنْدَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذْ جَاءَهُ رَجُلٌ فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ هَلَكْتُ قَالَ مَا لَكَ قَالَ وَقَعْتُ عَلَى امْرَأَتِي وَأَنَا صَائِمٌ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هَلْ تَجِدُ رَقَبَةً تُعْتِقُهَا قَالَ لا قَالَ فَهَلْ تَسْتَطِيعُ أَنْ تَصُومَ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ قَالَ لا فَقَالَ فَهَلْ تَجِدُ إِطْعَامَ سِتِّينَ مِسْكِينًا قَالَ لا قَالَ فَمَكَثَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَبَيْنَا نَحْنُ عَلَى ذَلِكَ أُتِيَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِعَرَقٍ فِيهَا تَمْرٌ. قَالَ: أَيْنَ السَّائِلُ. قَالَ خُذْهَا فَتَصَدَّقْ بِهِ فَقَالَ الرَّجُلُ أَعَلَى أَفْقَرَ مِنِّي يَا رَسُولَ اللَّهِ فَوَ اللَّهِ مَا بَيْنَ لابَتَيْهَا يُرِيدُ الْحَرَّتَيْنِ أَهْلُ بَيْتٍ أَفْقَرُ مِنْ أَهْلِ بَيْتِي فَضَحِكَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حَتَّى بَدَتْ أَنْيَابُهُ ثُمَّ قَالَ أَطْعِمْهُ أَهْلَكَ).[1] واتە: لەو کاتەی لە خزمەت پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دانیشتبووین، کابرایەك هاتە خزمەتی و عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خوا فەوتام!فەرمووی چی بووە؟ عەرزی کرد: بەرۆژوو بووم و سەرجێیی(جیماع)م لەگەڵ خێزانەکەم دا کرد (رەمەزان بوو) فەرمووی: لە تواناتدا هەیە کۆیلەیەك ئازاد بکەیت؟ عەرزی کرد نەخێر، فەرمووی: لە تواناتدا هەیە دوومانگ لەسەریەك بەرۆژوو بیت؟ عەرزی کرد: نەخێر، فەرمووی: ئەوەندەت هەیە خۆراکی خێر بەسەر شەست هەژاردا ببەخشیتەوە؟ عەرزی کرد: نەخێر. فەرمووی دانیشە (لێرە). دواتر سەبەتەیەك خورمایان هێنایە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. فەرمووی: کابرای خاوەن پرسیار کوا، چی لێهات؟ هەستایە سەرپێ و عەرزی کرد: ئەوەتام. فەرمووی ئەم خورمایە بکە بەخێر و دابەشی بکە، عەرزی کرد: جا بەسەر هەژارتر لە خۆمدا ئەی پێغەمبەری خوا؟ بەخوا قەسەم لە نێوانی ئەم دوو شارەدا ماڵێکی تری لەماڵ و منداڵی من هەژارتری تێدا

[1] بوخاری (١٨٣٤)، موسلیم (١١١١).

نیە!پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ واپێکەنی کە ددانەکانی دەرکەوتن، پاشان فەرمووی: دەبڕۆ دەرخواردی ماڵ و منداڵی خۆتی بدە.

- لەڕیوایەتێکی تریدا هاتووە کە پێشی فەرموو: (وَصُمْ يَوْمًا وَاسْتَغْفِرُاللّه).[1] واتە: ڕۆژێك بەرۆژوو ببەرەوە و داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە بکە.

١٠- مالیك دەفەرمووێ: هەواڵم هەیە کە ئەنەس خوا لێی ڕازی بێت ئەوەندە پیر بووبوو کە نەیدەتوانی رۆژووی رەمەزان بگرێت، کەفارەتی بۆ دەدا.

١١- ئەحمەد و طەبەرانی (لە المعجم الوسيط)دا لە ئەبو هورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت لە پێغەمبەر خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گێڕاویتیەوە کە فەرموویەتی: (مَنْ أدْرَكَ رَمَضَانَ وَعَلَيهِ مِنْ رَمَضَانَ شَيءٌ لَمْ يَقْضِهِ فَإِنَّهُ لَمْ يُقبَلْ مِنهُ، وَمَنْ صَامَ تَطَوُّعَاً وَعَلَيهِ مِنْ رَمَضَانَ شَيءٌ لَمْ يَقْضِهِ فَإِنَّهُ لايُقْبَلُ مِنهُ حَتَّى يَصُومُهُ).[2] واتە: هەر کەسێك رەمەزانی بەسەردا هاتەوەو رۆژووی رەمەزانی ڕابردووی لە سەر مابوو کە نەیگرتبۆوە، لێی قبوڵ ناکرێت. هەر کەسێکیش رۆژووی سوننەتی گرتبێت لە کاتێکدا کە رۆژووی رەمەزانی لەسەر بووبێت، لێی قبوڵ ناکرێت تا فەرزەکە بە رۆژوو دەبێتەوە.

١٢- هەر شەشیان: خاتوو عائیشە خوا لێی رازی بێت گێڕایەوە: (أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كانَ يَعْتَكِفُ العَشْرَ الأواخِرَ مِن رَمَضَانَ حَتَّى تَوَفّاهُ اللهُ ثُمَّ اعْتَكَفَ أزواجُهُ

---

[1] ئەبوداود (٢٣٩٣). ئەلبانی لە (صحيح أبي داود/٢٠٧٣)دا بە سەحیحی داناوە.

[2] نووسەری بەڕێز نوسیوێتی: (قال الهيثمي: وفيه ابن لهيعة وحديثه حسن وفيه كلام وبقية رجاله رجال الصحيح). ئەحمەد(٣٥٢/٢ ژ٨٦٠٦) شێخی ئەلبانی لە (سلسة الأحاديث الضعيفة ٢٣٥/٢ ژ ٨٣٨)دا بە زەعیفی داناوە.

بَعْدَهُ).[١] واته: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ده رۆژەکانی کۆتایی رەمەزانان ئیعتیکافی دەکرد، تا کۆچی دوایی کرد. لەپاش خۆشی خێزانەکانی ئیعتیکافیان دەکرد.

١٣-ئیمامی ترمذیی لە ئەبوسەعیدەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (بَلَغ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَامَ الفَتْحِ مَرَّ الظَّهْرَانِ فَآذَنَّاهُ بِلِقَاءِ الْعَدُوِّ، فَأمَرَنا بِالْفِطْرِ، فَأفْطَرْنَا أجْمَعِينَ).[٢] واته: ساڵی فەتحی مەککە (٨ی کۆچی) لە خزمەت پێغەمبەری خوادا بووین کە گەیشتینە گوندی (مَرَّ)ی دۆڵی (الظَّهْرَانِ) هەواڵماندایێ کە ڕووبەڕووی دوژمن بووینەتەوە، فەرمووی: رۆژووەکانتان بشکێنن، ئیتر هەمووومان رۆژووکانمان شکاند.

١٤- بوخاری و موسلیم و نەسائی لە ئەنەسەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕنەوە: (كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي السَّفَرِ، فَمِنَّا الصَّائِمُ وَمِنَّا الْمُفْطِرُ، قَالَ: فَنَزَلْنَا مَنْزِلًا فِي يَوْمٍ حَارٍّ، أَكْثَرُنَا ظِلًّا صَاحِبُ الْكِسَاءِ، وَمِنَّا مَنْ يَتَّقِي الشَّمْسَ بِيَدِهِ، قَالَ: فَسَقَطَ الصُّوَّامُ، وَقَامَ الْمُفْطِرُونَ، فَضَرَبُوا الْأَبْنِيَةَ وَسَقَوْا الرِّكَابَ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: ذَهَبَ الْمُفْطِرُونَ الْيَوْمَ بِالْأَجْرِ).[٣] واته: لە خزمەت پێغەمبەری خوادا بووین صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، هەمانبوو بە رۆژوو بوو، هەشمان بوو پێنەبوو(بە رۆژوو نەبوو). ڕۆژێکی گەرم بوو، لە شوێنێك لاماندا، ئەو کەسەی سێبەری چاکی هەبوو، هەر ئەوانە بوون کە سێبەریان بە عەباکانی خۆیان بۆ خۆیان دروست کردبوون!ئیتر هەمانبوو دەستی خۆیی بۆ سەری کردبووە مایەی سێبەرو ڕێی خۆرەتاوەکەی پێدەگرت. ئەوانەی بەرۆژوو نەبوون

---

[١] بوخاری (١٩٢٢).
[٢] ئەبوداود (١٧٣٥)
[٣] بوخاری (٢٧٣٣)، موسلیم (١١١٩).

هەوڵیاندا سێبەر دروست بکەن و ئاویان دەگەیاندە خەڵکەکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئەمڕۆ ئەوانەی بەرۆژوو نەبوون پاداشتەکەیان مسۆگەر کرد.

١٥- بوخاری و موسلیم و ئەبوداوود و نەسائی لە جابرەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕنەوە کە فەرمووی: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي سَفَرٍ فَرَأَى زِحَامًا وَرَجُلًا قَدْ ظُلِّلَ عَلَيْهِ فَقَالَ مَا هَذَا فَقَالُوا صَائِمٌ فَقَالَ لَيْسَ مِنْ الْبِرِّ الصَّوْمُ فِي السَّفَرِ).[1] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە سەفەردا بوو کابرایەکی بینی وا خەڵکی لێ کۆبوونەتەوەو سێبەریان بۆ کردووە، فەرمووی: چیەتی؟ عەرزیان کرد: پیاوێکە بەرۆژووە. فەرمووی ڕۆژووگرتنتان لە سەفەردا کارێکی چاك نیە.

١٦- خاوەن سووننەکان لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگێڕنەوە کە فەرمووی: (إِنَّ اللهَ وَضَعَ شَطَرَ الصَّلاةِ عَنْ الْمُسَافِرِ وَأرْخَصَ لَهُ فِي الإفْطارِ، وأرْخَصَ فيهِ لِلْمُرْضِعِ والْحُبْلَى اذَا خَافَتَا علَى وَلَدَيْهِمَا).[2] واتە: خوای گەورە نیوەی نوێژەکانی لەسەر موسافیر (ئەو کەسەی لە سەفەردایە) هەڵگرتووە، ڕێی بە ڕۆژوو نەبوونیشی داوە، هەروەها مۆڵەتی بە دووگیان و شیردەر داوە بە ڕۆژوو نەبن، ئەگەر خەمی کۆرپەکانیان لەبەربوو، دەترسان ڕۆژووەکە بۆیان خراپ بێ.

١٧- موسلیم و خاوەن سوننەتەکان لە ئەبوسەعیدەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕنەوە کە فەرمووی: (كُنَّا نَغْزُو مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي رَمَضَانَ، فَمِنَّا الصَّائِمُ، وَمِنَّا

---

[1] بوخاری (١٨٤٤)، موسلیم (١١١٥).

[2] نووسەری بەڕێز دەربارەی نوسیوێتی: (( ورواه أيضا أحمد وحسنه الترمذي) من ئەو ریوایەتەم بەو دەقەی نووسەری بەڕێز نەدۆزییەوە بەڵام بە ریوایەتێکی تر لای ئەبوداود (٢٤٠٨)،ترمذي (٧١٥)،نەسائی (٢٣١٥)،ئیبنوماجە (١٦٦٧)، بەیهیقی (٧٨٦٩) هاتووە کە دەفەرموێ: (اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ وَضَعَ عَنْ الْمُسَافِرِ شَطْرَ الصَّلَاةِ وَالصِّيَامَ، وَعَنْ الْحَامِلِ وَالْمُرْضِعِ) شێخی ئەلبانیش رحمه الله لە (صحيح سنن أبي داود)دا بە سەحیحی داناوە.

الْمُفْطِرُ، فَلَا يَجِدُ الصَّائِمُ عَلَى الْمُفْطِرِ، وَلَا الْمُفْطِرُ عَلَى الصَّائِمِ، يَرَوْنَ أَنَّ مَنْ وَجَدَ قُوَّةً فَصَامَ، فَإِنَّ ذَلِكَ حَسَنٌ، وَيَرَوْنَ أَنَّ مَنْ وَجَدَ ضَعْفًا فَأَفْطَرَ فَإِنَّ ذَلِكَ حَسَنٌ).[١] واته: له خزمەت پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ له سەفەردا بووین، هەمانبوو بە ڕۆژوو بوو، هەشمانبوو بە ڕۆژوو نەبوو، نەبێ ڕۆژووەکان ڕەخنەیان لە ڕۆژووەوانەکان هەبوو، نە ڕۆژووەوانەکانیش هیچیان لەسەر ئەوانە هەبوو کە بە ڕۆژوو نەبوون، هەموو وایان دەبینی کە ئەو کەسەی لە هێزو توانای خۆی ڕادەپەڕموێ و بە ڕۆژوو دەبێت کارێکی چاك دەکات و ئەو کەسەی بێهێزەو ناتوانێت بەڕۆژوو نابێت،هەر کارێکی چاك دەکات.

١٨- هەر شەشیان لە خاتوو عائیشەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕنەوە کە فەرمووی: (أَنَّ حَمْزَةَ بْنَ عَمْرٍو الْأَسْلَمِيِّ سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ الصَّوْمِ فِي السَّفَرِ وَكَانَ يَسْرُدُ الصَّوْمَ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِنْ شِئْتَ فَصُمْ وَإِنْ شِئْتَ فَأَفْطِرْ).[٢] واته: حەمزەی کوڕی عەمری ئەسلەمی کە زۆر بە ڕۆژوو دەبوو، لە پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسی: ئایا لە سەفەردا بە ڕۆژوو ببم؟ فەرمووی: ئەگەر حەز دەکەیت بە ڕۆژوو بە، ئەگەر نا بە ڕۆژوو مەبە.

١٩- ئەبوداوود و نەسائی لە حەمزەی کوڕی عەمری ئەسلەمیەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕنەوە: (قَالَ للنبيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَّهُ صَاحِبُ ظَهْرٍ يُسَافِرُ عَلَيْهِ، ورُبَّمَا صَادَفَهُ

---

[١] موسلیم (١١١٣) دەقەکەی سەرەوە هی ئەوە، ترمذي (٧١٣)، نەسائی (٢٣٠٩ و ٢٣١٠)، ئەحمەد (٣/٤٥،٧٤).

[٢] ترمذي (٧١١)، ئەحمەد (٣٨١٣) ئەلبانی لە (سلسة الأحاديث الصحيحة/٢٨٨٤) دا دەفەرموێ: سەحیحە.. بە ڕیوایاتی جیاواز لە لای بوخاری و موسلیمیش هەیە. لای بوخاری (قَالَ لِلنَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَأَصُومُ فِي السَّفَرِ، وَكَانَ كَثِيرَ الصِّيَامِ) لای موسلیم (فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي رَجُلٌ أَسْرُدُ الصَّوْمَ فَأَصُومُ فِي السَّفَرِ).

رَمَضَانَ قَوياً شَاتياَ، الصومُ أَهْوَنَ عَلَيَّ مِنْ أَنْ أُؤَخِّرَهُ فَيَكُونَ دَيْنًا وَقَالَ: أَفَأَصُومُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَعْظَمُ لأَجْرِي أَوْ أُفْطِرُ؟ فَقَالَ: أَيُّ ذَلِكَ شِئْتَ يَا حَمْزَةُ).[1] واتە: ئەو عەرزی پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كرد كە سواریەكی (حوشتر یان ئەسپ یان ئێستر)ی چاكی هەیەو زۆر لە سەفەردا دەبێت، دەشێت سەفەرەكەی بكەوێتە رەمەزانێكی زستانەوە كە رۆژووگرتنەكەی لا خۆشترو ئاسانترە وەك لەوەی بیشكێنێت و قەرزار بێت و دواتر بیگرێتەوە، بۆیە پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا كامیان پاداشتی زۆرترە: بەرۆژووبم یان بەرۆژوونەبم؟ فەرموی: كەیفی خۆتە. حەمزە سەرپشك بە، كامیان دەگریتەبەر.

٢٠ -بوخاری و ئەبوداوود و ترمذيی (ئەم ڕیوایەتە هی ترمزیە). لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕنەوە كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (مَن أفْطَرَ يَوماً مِن رَمَضَانَ مِن غَيرِ رُخْصَةٍ ولامَرَضٍ لايَقْضِيهِ صَومُ الدَّهْرِ كُلِّهِ وإنْ صَامَهُ).[2] واتە: هەر كەسێك ڕۆژێكی رەمەزان -بەبێ عوزرو نەخۆشی- بخوات و تێیدا بە رۆژوو نەبێت، ئەگەر هەموو ساڵەكە دواتر بە رۆژوو بێت جێی ئەو ڕۆژە خوراوە ناگرێتەوە.

٢١- مالیك لە سولەیمانی كوڕی یەسارەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕێی لە بە رۆژوو بوونی یەكەمین ڕۆژی جەژنەكان دەگرت.[3]

---

[1] لە هەمان سەرچاوەكانی پێشوودا هەیە. وەكو موسلیم(١٠٧).

[2] نەدەبوو نووسەری بەڕێز رحمەالله ناوی بوخاری و ترمذي پێكەوە بهێنێت و ریوایەتەكەش ئەوەی ترمذي (٧٢١) بێت كە هەر خۆی لە دوو كتێبی (الجامع) و (العلل الكبير)دا بە زەعیفی ناساندووە. چەندین توێژەرەوەی فەرمودە بە زەعیفیان ناساندووە، هەر لە ئیمامی ئیبنوحەجەرەوە (فتح الباري ١٦١/٤) تا دەگاتە ئەلبانی (سلسلة الأحاديث الضعيفة ٢٨٣/٢ و تمام المنة /٣٩٦)، لەو نێوانەشیاندا: ئیمامی ئەحمەدو ئیبنوخوزەیمەو ئیبنوحیببان و بەغەوی و ئیبنوحەزم و ئیبنوعەبدولبەڕو قورتوبی و ئیبنولقەییم و زەهەبی و مەناوی و هیتر. بەڵام لەوانەیە پێنووسخزین بووبێ.

[3] راستە. بوخاری (١٩٩٢) لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە: (نَهَى النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ صَوْمِ يَوْمِ الْفِطْرِ، وَالنَّحْرِ).

٢٢ -موسلیم لە نوبەیشەی هوذەلییەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (أَيَّامُ التَّشْرِيقِ أَيَّامُ أَكْلٍ وَشُرْبٍ، وَذِكْرٍ لِلَّهِ عَزَّ وَجَلَّ).[1] واتە: ڕۆژانی جەژن (یەکەمین ڕۆژی هەر دوو جەژنی قوربان و ڕەمەزان) ڕۆژانی خواردن و خواردنەوەو یادی خوای گەورەیە (واتە: تێیاندا بە ڕۆژوو مەبن).

٢٣- خاوەن سوننەتەکان لەصیلەی کوڕی زوفەرەوە دەگێڕنەوە کە فەرمووی: لە خزمەت عەممار (کوڕی یاسر)دابووین ڕۆژی گومان بوو کە ئایا کۆتا ڕۆژی شەعبانە یان یەکەمین ڕۆژی ڕەمەزانە، بەرخێکی سوورەکراومان هێنا، هەندێك لە ئامادەبووان لێی دوورکەوتنەوە، وتیان بە ڕۆژووین. عەممار فەرمووی: هەر کەسێك لەم ڕۆژەدا بە ڕۆژوو بێت ئەوە سەرپێچی فەرمانی ئەبولقاسمی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کردووە.

٢٤- مالیك دەفەرمووێ: لە شەرعناسانم بیستووە کە ڕێیان لە گرتنی ڕۆژووی (ڕۆژی گومان) دەگرت کە گومانی لێ دەکرێت ئایا هێشتا شەعبانە یان بووە بە ڕەمەزان؟ ناشێت نیەتی ڕۆژووی فەرزی ڕەمەزانی لێ بهێنێت، ئەگەر بێ ئەوەی هەیف/هیلالی ڕەمەزان ببینرێت و پاشان دەرکەوت کە ڕەمەزانە، دەبێت ئەو ڕۆژە بگرێتەوە. ئەمما ئەگەر لە زیادە بەرۆژوو بێت (وەکو ئەوەی عادەتی وایە دووشەممە و پێنج شەممان بەرۆژوو بێت و ئەم ڕۆژەش کەوتە یەکێك لەوانەوە) قەیدی نیە.

---

[1] ئەوەی سەرەوە دەقی ڕیوایەتی موسلیمە(١١٤١) ئیمامی ئەحمەدیش گێڕاویتیەوە (١٠٢٨٩) کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (لا تَصُومُوا هذِهِ الأَيَّامِ، فَإِنَّها أَيَّامُ أَكْلٍ وَشُرْبٍ وَذِكْرٍ للهِ عَزَّ وَجَلَّ) شێخی ئەلبانی لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة ٣٥٧٣)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

٢٥- ئەبوداوودو ترمذيی لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (إِذَا انْتَصَفَ شَعْبَانُ فَلا تَصُومُوا).[1] واتە: لە ڕۆژانی نیوەی دووەمی شەعباندا بە ڕۆژوو مەبن.

٢٦- بوخاری و موسلیم و ئەبوداوود و ترمذيی و نەسائی لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (لَا يَتَقَدَّمَنَّ أَحَدُكُمْ رَمَضَانَ بِصَوْمِ يَوْمٍ أَوْ يَوْمَيْنِ إِلَّا أَنْ يَكُونَ رَجُلٌ كَانَ يَصُومُ صَوْمَهُ فَلْيَصُمْه).[2] واتە: کەستان ڕۆژێك یان دوو ڕۆژی ڕەمەزان بە ڕۆژوو نەبێت، مەگەر لەسەر ئەوە ڕاهاتبێت کە ڕۆژانێك بە ڕۆژوو بێت و ئەو ڕۆژە، یان ئەو دوو ڕۆژەی پێش ڕەمەزان بوو‌بن بەو ڕۆژانەی ڕۆژووەکەی ئەو..

٢٧- بوخاری و موسلیم لە خاتوو مەیموونەوە خوا لێی ڕازی بێت (کە خێزانی بەڕێزی پێغەمبەری خوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (إِنَّ النَّاسَ شَكُّوا فِي صِيَامِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَوْمَ عَرَفَةَ، فَأَرْسَلَتْ إِلَيْهِ مَيْمُونَةُ بِحِلَابِ اللَّبَنِ وَهُوَ وَاقِفٌ فِي الْمَوْقِفِ، فَشَرِبَ مِنْهُ وَالنَّاسُ يَنْظُرُونَ إِلَيْهِ).[3] واتە: ڕۆژی عارفە بوو (حاجیەکان لە کێوی عەرەفات وەستابوون) خەڵکانێك ڕاجوێ بوون لەوەی کە ئایا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

---

[1] نووسەری بەڕێز نوسیوێتی: ((ورواه أيضا النسائي وابن ماجه وصححه ابن حبان وغيره). ڕیوایەتەکە ئیمامی ئەحمەد (٢/٤٤٢). ئەبوداود (٢٣٣٧)، نەسائی لە (السنن الکبری ٢٩٢٣)، ترمذي (٧٣٨)، ئیبنوماجە (١٦٥١) داریمی (١٦٩١)و غەیری ئەمانیش هێناویانەتەوە. هەرچەندە ئیمامی ئەحمەدو ئەبوزەرعەی رازیی و ذەهەبی و ئیبنورەجەب بە زەعیفیان ناساندووە بەڵام دەیانی وەکو ئیبنوحیببان و عەبوعەوانەو طەحاویی و ئیبنوعەبدولبەڕو ئیبنوقودامەو لەم سەردەمەشدا شێخ ئەحمەد شاکرو بن بازو شێخی ئەلبانی (لە صحیح الجامع /ژ ٣٩٧) بە سەحیحیان ناساندووە.

[2] ئەوەی سەرەوە لەفزی موسلیمە (١٠٨٢)، بوخاری (١٨١٥)، ئەبوداود (٢٣٣٥)، نەسائی (السنن الکبری/ ٧٧٣٩)و هیتر.

[3] بوخاری (١٨٦٢)، موسلیم (١٩٠٣).

بەرۆژووە یان نا. لەو کاتەدا کە جەنابیشی لەوێ بە پێوەبوو جامێك شیری تازە دۆشراویان بردە خزمەتی، وەری گرت و خواردیەوە، خەڵکیش سەیریان دەکرد. (چونکە سوننەتە ڕۆژی عارفە موسوڵمانان غەیری ئەوانەی لە حەجن بە ڕۆژوو بن)..

٢٨ -بوخاری و موسلیم و ئەبوداوود و ترمذیی لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (لا تَخْتَصُّوا لَيْلَةَ الْجُمُعَةِ بِقِيَامٍ مِنْ بَيْنِ اللَّيَالِي، وَلا تَخُصُّوا يَوْمَ الْجُمُعَةِ بِصِيَامٍ مِنْ بَيْنِ الأَيَّامِ، إلا أَنْ يَكُونَ فِي صَوْمٍ يَصُومُهُ أَحَدُكُمْ)..[١] واتە: نەشەوی هەینی لە نێوان شەواندا تایبەت بکەن بە شەونوێژ، نە ڕۆژی هەینی لە نێوان ڕۆژەکاندا تایبەت بکەن بە بەرۆژووبوونەوە تێیدا، مەگەر بکەوێتە ڕیزی ڕۆژانێکەوە کە کەسێکتان تێیدا بەرۆژوو دەبێت.

٢٩ -طەبەرانی لە(المعجم الكبير)یدا لە (کورەیب)ەوە دەیگێڕێتەوە کە فەرمووی: (أَرْسَلَنِي نَاسٌ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَى أُمِّ سَلَمَةَ أَسْأَلُهَا؟ أَيُّ الْأَيَّامِ كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَكْثَرَهَا صِيَامًا؟ قَالَتْ: يَوْمُ السَّبْتِ وَالْأَحَدِ وَيَقُولُ: إِنَّهُمَا عِيدٌ لِلْمُشْرِكِينَ فَأَنَا أُحِبُّ أَنْ أُخَالِفَهُمْ).[٢] واتە: کەسانێك ناردمیانە خزمەت خاتوو ئوم سەلەمە خوا لێی ڕازی

---

[١] موسلیم (١١٤٤). لەبەر ئەوەی لە هەندێک سەرچاوەی تری فەرمووددا وەکو (السنن)ەکان دا هاتووە ئەلبانی رحمە الله توێژینەوەی بۆ کردووەو لە (صحيح الجامع ژ/٧٢٥٤) دا بە سەحیحی ناساندووە.

[٢] الطبرانی: المعجم الكبير (٩٦٤)، ئەحمەد (٣٢٤/٦)، نەسائی (السنن الكبرى/ ٨٢٨٩)، الحاكم (١٦٣٥)، صحيح ابن خزيمة (٢١٦٧)، الهيثمي: مجمع الزوائد (٤٥٩٦). شێخی ئەلبانی رحمە الله یەکەمینجار بە زەعیفی ناساندو لە (سلسلة الأحاديث الضعيفة ژ ١٠٩٩) دا دەینا، بەڵام دوایی لە پەراوێزی (ارواء الغليل) دا نووسی: لە باسەکەمدا لەسەر (صحيح ابن خزيمة ژ/٢١٦٨) بە حەسەنم دانا. ئەو کەسانەی بە سەحیحیان ناساندووە بۆچوونیان بەهێزە. ئەوانەی بە سەحیحیان داناوە:

بێت (خێزانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تا لێی بپرسم کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە چ ڕۆژێکدا زیاتر بەرۆژوو دەبوو؟ فەرمووی ڕۆژانی شەممەو یەك شەممە، دەیفەرموو: چونکە ئەو دوو ڕۆژە جەژنی موشریکەکانە، حەز دەکەم پێچەوانەکارییان بکەم و تێیاندا بە رۆژوو بم.

٣٠- قەزوینی لە محمدی کوڕی عەببادی کوڕی جەعفەرەوە دەگێڕێتەوە کە فەرمووی: (سَأَلْتُ جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ وَأَنَا أَطُوفُ بِالْبَيْتِ أَنَهَى النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ صِيَامِ يَوْمِ الْجُمُعَةِ قَالَ نَعَمْ وَرَبِّ هَذَا الْبَيْتِ).[١] واتە: لەو کاتەی تەوافم بە دەوری کەعبەدا دەکرد، پرسیارم لە جابری کوڕی عبداللە خوا لێیان ڕازی بێت، کرد کە ئایا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕێی لە بە رۆژوو بوون لە ڕۆژی هەینیدا دەگرت؟ فەرمووی: بەڵێ بە خوای خاوەنی ئەم کەعبەیە وایە.

٣١- قەزوینی لە ئیبنومەسعودەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە فەرمووی: (قَلَّمَا كَانَ يُفْطِرُ يَوْمَ الْجُمُعَةِ).[٢] واتە: کەم جار بووە پێغەمبەری خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ڕۆژی هەینیدا دیبێت و بەرۆژوو نەبووبێت.

---

حاکمی نەیسابووریی کە ئیمامی زەهەبیش فەرموویەتی وایە، هەروەها ئیبنوحیببان و ئیبنوخوزەیمە. سەنەدو ناوەرۆکی فەرموودەکە موناقەشەی زۆریی لەسەرە.

[١] ئەلقەزوینی هەر ئیمامی ئیبنوماجەیە (٢٠٩ ـ ٢٧٣ك) رحمەاللە. ئیبنوماجە: (السنن/١٧١٤). ئەوەسەلمێنراوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەهی لە بە ڕۆژوو بن گرتووە لە ڕۆژی هەینیدا، کە بە تەنها بۆ پیرۆزیی ئەو ڕۆژە بە تەنها بگیرێت. وەک دەفەرموێ: (لَا تَخُصُّوا لَيْلَةَ الجُمُعَةِ بِقِيَامٍ مِنْ بَيْنِ اللَّيَالِي، وَلَا تَخُصُّوا يَومَ الجُمُعَةِ بِصِيَامٍ مِنْ بَيْنِ الأَيَّامِ، إلاَّ أَنْ يَكُونَ فِي صَومٍ يَصُومُهُ أَحَدُكُمْ). موسلیم (٢/٨٠١ ژ/١١٤٤)، نەسائی (٢٧٥٥).

[٢] ئەبوداود (٢١١٦)، نەسائی (٢٣٦٨)، ترمذي (٧٤٢)، ئیبنوماجە (١٧٢٥)، ئەحمەد (٦/٤٠٧). ئەلبانی رحمەاللە لە (صحيح سنن أبي داود) دا بە سەحیحی داناوە. ئەم فەرموودەیە زۆر بەڕۆژووبوونی پێغەمبەری خو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نیشان دەدات.

٣٢- نەسائی و ترمذیی لە خاتوو عائیشەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕنەوە: (كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَتَحَرَّى صَوْمَ الاِثْنَيْنِ وَالخَمِيسِ).[1] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سووربوو لەسەر ئەوەی دووشەممان و پێنج شەممان بە ڕۆژوو بێت، چاوەڕێی دەکرد.

٣٣- ترمذیی لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: (تُعْرَضُ الأَعْمَالُ يَوْمَ الاثْنَيْنِ وَالْخَمِيسِ؛ فَأُحِبُّ أَنْ يُعْرَضَ عَمَلِي وَأَنَا صَائِمٌ).[2] واتە: کاروکردەوەکان لە ڕۆژانی دووشەممەو پێنج شەممان‌دا نیشان خوای گەورە دەدرێن، منیش حەز دەکەم لەو کاتەدا کە کارو کردەوەمی تێدا نیشان دەدرێت بە ڕۆژوو بم.

٣٤- ترمذیی و ئەبوداوود لە موسلیمی قورەیشیەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: (سُئِلَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ صِيَامِ الدَّهْرِ فَقَالَ: إِنَّ لأَهْلِكَ عَلَيْكَ حَقًّا، ثُمَّ قَالَ: صُمْ رَمَضَانَ وَالَّذِي يَلِيهِ وَكُلَّ أَرْبِعَاءَ وَخَمِيسٍ فَإِذَا أَنْتَ قَدْ صُمْتَ الدَّهْرَ).[3] واتە: پرسیارم عەرزی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد یان پرسیاریان عەرز کرد کە کەسێك ساڵ دوازدەی مانگە بەڕۆژوو بێت؟ فەرمووی: ئاخر ماڵ و منداڵیش مافیان لەسەرتە، ڕەمەزانەکە بە ڕۆژوو بە، مانگی دوای ئەویش بگرە، هەروەها چوارشەممان و پێنج شەممان. ئەوە مانای وایە هەمو ساڵەکە بە ڕۆژوو بوویت.

---

[1] ترمذي (٧٤٥)، نەسائی (٢٣٦١)، ئیبنوماجە (١٧٣٩) شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح الترغيب والترهيب /١٠٤٤) دا دەفەرموێ: سەحیحە.
[2] ترمذي (٧٤٧) ئەلبانی رحمە الله لە (إرواء الغليل/ ٩٤٩) دا دەفەرموێ: سەحیحە.
[3] ئەلبانی رحمەالله لە (ضعيف سنن الترمذي ژ٧٤٨)دا دەفەرموێ زەعیفە.

٣٥- ئەبوداوود و ترمذیی لە مەعازەی عەدەویەوە دەگێڕنەوە کە فەرمووی: (سَأَلْتُ عَائِشَةَ زَوْجَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَصُومُ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ قَالَتْ نَعَمْ فَقُلْتُ لَهَا مِنْ أَيِّ أَيَّامِ الشَّهْرِ كَانَ يَصُومُ قَالَتْ لَمْ يَكُنْ يُبَالِي مِنْ أَيِّ أَيَّامِ الشَّهْرِ يَصُومُ).[1] واتە: عەزی خاتوو عائیشەم کرد خوا لێی ڕازی بێت کە ئایا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەر مانگێك سێ ڕۆژی تێدا بەرۆژوو دەبوو؟ فەرمووی: بەڵێ، عەرزم کرد لە چ ڕۆژانێکی مانگەکاندا بە رۆژوو دەبوو؟ فەرمووی: بەلایەوە جێی بایەخ نەبوو هەر ڕۆژانێکی مانگەکە بوایە.

٣٦- موسلیم و ئەبوداوود و نەسائی لە ئەبوقەتادەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕنەوە کە فەرمووی: (سُئِلَ رَسُولُ اَللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ صَوْمِ يَوْمِ اَلِاثْنَيْنِ. قَالَ: ذَلِكَ يَوْمٌ وُلِدْتُ فِيهِ، وَيَوْمٌ بُعِثْتُ فِيهِ، أَوْ أُنْزِلَ عَلَيَّ فِيهِ).[2] واتە: پرسیاریان دەربارەی بە رۆژوو بوون لە ڕۆژانی دووشەممەدا عەرزی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد؟ فەرمووی: ئەوە ئەو ڕۆژەیە کە تێیدا لە دایك بووم و تێیدا بووم بە نێردراوی خوای گەورە یان تێیدا وەحیم بۆ هاتە خوارەوە.

[1] موسلیم (١١٦٠)، ئەبوداود: (٢٤٥٣)، نەسائی: السنن الكبرى (٨٢٤٤)، ترمذي (٧٦٣)، ئیبنوماجە (١٧٠٩)، ئیبنوخوزەیمە (٢١٣٠).

[2] ریوایەتەکەی موسلیم (١١٦٢) ئاوایە: (عَنْ أَبِي قَتَادَةَ الْأَنْصَارِيِّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سُئِلَ عَنْ صَوْمِ الِاثْنَيْنِ فَقَالَ: ( فِيهِ وُلِدْتُ وَفِيهِ أُنْزِلَ عَلَيَّ)، ریوایەتی ترمذي (٧٤٧) ئاوایە: (تُعْرَضُ الْأَعْمَالُ يَوْمَ الِاثْنَيْنِ وَالْخَمِيسِ فَأُحِبُّ أَنْ يُعْرَضَ عَمَلِي وَأَنَا صَائِمٌ) ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح الترمذي)دا بە سەحیحی داناوە.

٣٧- خاوەن سونەنەكان لە ئیبنومەسعودەوە خوا لێی ڕازی بێت: (أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَصُومُ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ مِنْ غُرَّةِ كُلِّ شَهْرٍ).[١] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سێ ڕۆژ لە هەر مانگێك بە ڕۆژوو دەبوو.

٣٨- بوخاری و موسلیم و ئەبوداوود و ترمذي لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە خوا لێی ڕازی بێت: (عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنْ صِيَامِ يَوْمَيْنِ: يَوْمِ الْفِطْرِ، وَيَوْمِ النَّحْرِ).[٢] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەیدەهێشت كەس ڕۆژی یەكەمی جەژنی ڕەمەزان و ڕۆژی یەكەمی جەژنی قوربان بە ڕۆژوو بێت.

٣٩- بوخاری و موسلیم بە دوورودرێژیی و ئەبوداوود و ترمذي -كورتتر- لە ئەبوعوبەید مەولای كوڕی ئەزهەرەوە دەگێڕنەوە كە: (شَهِدْتُ عُمرَ في يَومِ نَحْرٍ بَدَأَ بالصَّلاةِ قَبْلَ الخُطْبَةِ ثُمَّ قَالَ: سَمِعْتُ رسولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَهَى عَنْ صَومِ هَذينِ الْيَومَينِ: أَمَّا يَومُ الْفِطْرِ فَفِطْرُكُمْ مِنْ صَومِكُمْ وَعِيدُ المسْلِمِينَ، وَأَمَّا يَومَ الأَضْحَى فَكُلُوا مِنْ لُحُومِ نَسكِكُم).[٣] واتە: سەیدنا عومەری كوڕی خەتتابم خوا لێی ڕازی بێت لە ڕۆژی جەژنی

---

[١] ترمذي (٧٤٢) ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح أبي داود/ ٢١١٦) و تەخریجی فەرموودەكانی (مشكاة المصابيح/ ٢٠٥٨) و تەعلیقی لەسەر صحيح ابن خزيمة/ ٢١٤٩) دا بە حەسەنی ناساندووە.

[٢] موسلیم (١٩٣٠)، ترمذي (٧٠٢)، ئیبنوماجە (١٧١١)، ئەحمەد (١١٢٧٢).

[٣] ئیبنولئەثیر لە (جامع الأصول/٦٤٤٩٧)دا ئاوا هێناویتیەوە كە كەمێك جیاوازی لە ریوایەتەكاندا هەیە، ئەگەرچی هەموو هەمان واتا دەگەیێنن: (قَالَ: حَدَّثَنِي أَبُو عُبَيْدٍ مَوْلَى ابْنِ أَزْهَرَ، أَنَّهُ شَهِدَ الْعِيدَ يَوْمَ الأَضْحَى مَعَ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ فَصَلَّى قَبْلَ الْخُطْبَةِ، ثُمَّ خَطَبَ النَّاسَ، فَقَالَ: " يَا أَيُّهَا النَّاسُ، إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَدْ نَهَاكُمْ عَنْ صِيَامِ هَذَيْنِ الْعِيدَيْنِ،(وقالَ بَعْضُهُم: اليَومَينِ -الفِطْرَ والأَضْحَى-) أَمَّا أَحَدُهُمَا فَيَوْمُ فِطْرِكُمْ مِنْ صِيَامِكُمْ، وَأَمَّا الآخَرُ فَيَوْمٌ تَأْكُلُونَ مِنْ

ڕەمەزاندا بینی و ئامادەی وتاری بووم لە مزگەوت کە فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوو کە ڕێی لە بە ڕۆژوو بوون دەگرت لەم دووڕۆژە (ی جەژنەکان): یەکەمین ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان کە بە هۆی تەواو بوونی بە ڕۆژوو بونتانەوە بووە بە جەژنی موسوڵمانان، ڕۆژی یەکەمی جەژنی قوربانیش تا لە گۆشتی قوربانییەکەتان بخۆن.

٤٠- موسلیم و خاوەن سونەنەکان لە ئەبوهورەیرەوە، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە فەرموویەتی: (أَفْضَلُ الصِّيَامِ بَعْدَ رَمَضَانَ شَهْرُ اللَّهِ الْمُحَرَّمُ، وَأَفْضَلُ الصَّلَاةِ بَعْدَ الْفَرِيضَةِ صَلَاةُ اللَّيْلِ).[١] (فِي جَوفِ اللَّيْلِ). واتە: باشترین ڕۆژووگرتن دوای ڕۆژووی ڕەمەزان موحەڕەمە کە مانگی خوای گەورەیە، باشترین نوێژیش دوای نوێژی فەرز شەونوێژە. کە لە ناوجەرگەی شەواندا دەکرێت.

٤١- ترمذیی لە ئەبوقەتادەوە خوا لێی ڕازی بێت، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگێڕێتەوە کە فەرمووی: (صِيَامُ يَوْمِ عَرَفَةَ إِنِّي أَحْتَسِبُ عَلَى اللَّهِ أَنْ يُكَفِّرَ السَّنَةَ

---

نُسُكِكُمْ)ڕەمزیشی ئاوا بۆ داناوە: خ: بوخاری، م: موسلیم، ط: طەبەرانی، د: ئەبوداود، ت: ترمذي.. بوخاری/٩٣٤) لە ئیبنوعومەرەوە خوا لێیان رازی بێت دەگێڕێتەوە: (أنَّ النَّبيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وأبابَكْرٍ وَعُمَرَ كانوا يُصَلُّونَ العيدَينِ قبلَ الخُطْبَةِ) ڕیوایەتی موسلیم/٨٨٤) ئەمەیە: (حَدَّثَنِي أَبُو عُبَيْدٍ مَوْلَى ابْنِ أَزْهَرَ أَنَّهُ شَهِدَ الْعِيدَ مَعَ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ. قَالَ: ثُمّ صَلّيْتُ مَعَ عَلَيّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ. قَالَ فَصَلّى لَنَا قَبْلَ الْخُطْبَةِ. ثُمّ خَطَبَ النّاسَ فَقَالَ: إِنّ رَسُولَ اللّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَدْ نَهَاكُمْ أَنْ تَأْكُلُوا لُحُومَ نُسُكِكُمْ فَوْقَ ثَلاَثِ لَيَالٍ. فَلاَ تَأْكُلُوا).

[١] موسلیم (١١٦٣)، لە ڕیوایەتی تری غەیری موسلیمدا لە کۆتاییدا دەفەرموێ (فِي جَوفِ اللَّيْلِ) واتە: کە لە ناوجەرگەی شەواندا دەکرێت. ئەحمەد(٢/٥٣٥ ژ/١٠٩٢٨)، ئەبوداود (٢٤٢٩)، ترمذي (٤٣٨)، نەسائی (٣/٢٠٦ ژ/١٦١٣)، ئیبنوماجە (١٧٤٢).

الَّتِي قَبْلَهُ).[١] واتە: بە ڕۆژوو بوونی ڕۆژی عاشورام بەلاوە وایە کە خوای گەورە گوناهی ساڵێکی ڕابردووی ڕۆژوو گرەکەی پێ بسڕێتەوە.

٤٢- موسلیم و ئەبوداوود لە ئیبنوعەبباسەوە خوا لێیان ڕازی بێت فەرمووی: (حِينَ صَامَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَوْمَ عَاشُورَاءَ وَأَمَرَ بِصِيَامِهِ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّهُ يَوْمٌ تُعَظِّمُهُ الْيَهُودُ وَالنَّصَارَى، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: فَإِذَا كَانَ الْعَامُ الْمُقْبِلُ إِنْ شَاءَ اللَّه صُمْنَا الْيَوْمَ التَّاسِعَ. قَالَ: فَلَمْ يَأْتِ الْعَامُ الْمُقْبِلُ حَتَّى تُوُفِّيَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).[٢] واتە: کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕۆژی عاشورا بە ڕۆژوو بوو، عەرزیان کرد: عاشورا ڕۆژێکە کە جولەکە و دیانەکان بە لایانەوە پیرۆزە، فەرمووی إِنْ شَاءَ اللَّه لە ساڵی ئایندەدا ڕۆژی نۆیەمیشی دەگرین، بەڵام ساڵی ئایندە کۆچی دوایی کرد عَلَيهِ الصَّلاةُ وَالسَّلَام.

---

[١] ترمذي (٧٤٩). لە ڕیوایەتی موسلیم/١١٦٣) دا کە هەر لە ئەبوقەتادەوە خوا لێی رازی بێت هاتووە، دەفەرموێ: (صِيَامُ يَوْمِ عَرَفَةَ أَحْتَسِبُ عَلَى اللهِ أَنْ يُكَفِّرَ السَّنَةَ الَّتِي قَبْلَهُ وَالسَّنَةَ الَّتِي بَعْدَهُ وَصِيَامُ يَوْمِ عَاشُورَاءَ أَحْتَسِبُ عَلَى اللهِ أَنْ يُكَفِّرَ السَّنَةَ الَّتِي قَبْلَهُ).

[٢] موسلیم (١١٣٤)،ڕیوایەتی تری هاومانا هەیەو توێژەرەوەکان فەرموویانە زەعیفە. وەکو: (لَئِنْ بَقِيتُ لَآمُرَنَّ بِصِيامِ يَومٍ قَبْلَهُ أو يَومٍ بَعْدَهُ. يومُ عَاشُورَاءَ) کە بەیهیقی (٢٨٧/٤) هێناویتیەوە، ئەمیان شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (سلسلة الأحاديث الضعيفة /٢٨٨/٩)دا دەفەرموێ: زەعیفە. ڕیوایەتی تری سەحیح لای موسلیم هەیە کە وەکو ئەم مانایەیە وەکو: (لَئِنْ بَقِيتُ إِلى قَابِلٍ لَأَصُومَنَّ التَّاسِعِ) لێت تێک نەچێت.

- لە ڕیوایەتی(ڕەزین).[1] دا رحمه الله دەفەرمووێ: (صُومُوا التَّاسِعَ والعَاشِرَ، خَالِفُوا اليَهودَ).[2] واتە: پێچەوانەکاریی جولەکەکان بکەن، ڕۆژی نۆیەم و دەیەمی (موحەڕەم) بە ڕۆژوو بن.

٤٣- بوخاری و موسلیم و نەسائی لە ئیبنوعەبباسەوە خوا لێیان ڕازی بێت: (مَا صَامَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شَهْرًا كَامِلًا قَطُّ غَيْرَ رَمَضَانَ وَيَصُومُ حَتَّى يَقُولَ الْقَائِلُ لَا وَاللَّهِ لَا يُفْطِرُ وَيُفْطِرُ حَتَّى يَقُولَ الْقَائِلُ لَا وَاللَّهِ لَا يَصُومُ).[3] واتە: هەرگیز پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مانگێکی تەواو-جگە لە ڕەمەزان- بە ڕۆژوو نەبووە. لە مانگەکانی تردا کە

---

[1] ڕەزین کوڕی مەعاویەی کوڕی عەمماری عەبدەریی ئەندەلوسییە. ئیمامێکی توێژەرەوەو شارەزایەکی فەرموودەوانیە ساڵی ٥٣٥ک کۆچی دوایی کردووە، مامۆستای ئەبو موسای مەدینی و ئیبنوعەساکری دیمەشقییە. ماوەیەکی زۆر لە مەککە مایەوەو سەحیحی بوخاری لای عیسای کوڕی ئەبوذەڕ خوێندو سەحیحی موسلیمیش لای ئەبوعبداللەی طەبەریی. خاوەنی کتێبی (تجريد الصحاح)ە، کە هەموو ئەم سەرچاوانەی فەرموودەی لەخۆگرتووە: الموطأ ی ئیمامی مالیک و سەحیحی بوخاری و سەحیحی موسلیم و سونەنەکانی ئەبوداودو نەسائی و الجامع ی ترمذي. ئیبنولئەثیر لە دانانی کتێبەکەیدا (الجامع الأصول) ئیعتیمادی تەواویی لەسەر ئەم (تجريد الصحاح)ەی ڕەزینە رحمهم الله.

[2] زۆر وێڵ بووم بە دوای ئەم ریوایەتەی ڕەزینداو هەر نەمدۆزییەوە. بەڵام ریوایەتی هاومانای لای ئیمامی ئەحمەد (٢١٥٥) هەیە کە دەفەرموێ: (صُومُوا يَوْمَ عَاشُورَاءَ، وَخَالِفُوا فِيهِ الْيَهُودَ، صُومُوا قَبْلَهُ يَوْمًا أَوْ بَعْدَهُ يَوْمًا)، ئیبنوخوزەیمەش (٢٠٩٥) هەر بەم لەفزە ریوایەتی کردووە. توێژەرەوەکانی فەرموودە لە حوکمییدا ڕاجوێن: شێخی ئەلبانی رحمەاللە دەفەرموێ زەعیفە. شێخ ئەحمەد شاکر رحمەاللە کە هاوشانی شێخی ئەلبانییە وەکو طەحاویی و بەیهیقی دەفەرموێ: سەحیحە. شەرعناسان لە حوکمیدا دەفەرموون مادام فەرموودەی تری سەحیح لەسەر هەمان باس هەیە، ئەمیش هەڵبەستراو (موضوع) و بەدرۆدانراو(مکذوب) نیە، دەشێت لە هاندان لەسەر کرداری چاکە (فضائل الأعمال)دا وەربگیرێت. بۆ نموونە فەرموودەی: (أَفْضَلُ الصِّيَامِ بَعْدَ رَمَضَانَ شَهْرُ اللَّهِ الْمُحَرَّمُ) کە موسلیم (١١٦٣) هێناوێتیەوە، ئەم بەهێز دەکات. وَاللَّهُ أَعْلَمُ.

[3] بوخاری (١٨٧٠)، موسلیم (١١٥٧).

ڕۆژەکانی دەگرت دەیانوت بە خوا قەسەم ڕۆژی لێ نابوێرێت و هەمووی دەگرێت، کە بەرۆژووش نەدەبوو دەیانوت بەخوا قەسەم هیچ ڕۆژێکی ئەم مانگە بەرۆژوو نابێت!

٤٤- هەر شەشیان لە خاتوو عائیشەوە خوا لێی ڕازی بێت: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَصُومُ حَتَّى نَقُولَ لَا يُفْطِرُ وَيُفْطِرُ حَتَّى نَقُولَ لَا يَصُومُ فَمَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ اسْتَكْمَلَ صِيَامَ شَهْرٍ إِلَّا رَمَضَانَ وَمَا رَأَيْتُهُ أَكْثَرَ صِيَامًا مِنْهُ فِي شَعْبَانَ).[١] واتە: کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە مانگێکدا بە ڕۆژوو دەبوو، ئەوەندە ڕۆژانی ئەو مانگەی دەگرت تا دەمانوت ڕۆژی لێ ناپەڕێنێت، کە تێشییدا بە ڕۆژوو نەدەبوو، دەمانوت هیچ ڕۆژێکی لێ ناگرێت. هەرگیز نەمدی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مانگێکی تەواوی -جگە لە ڕەمەزان- بە ڕۆژوو بووبێت، زۆرترین ڕۆژووی مانگیش کە دیومە تێیدا بەرۆژوو بووبێت مانگی شەعبان بووە.

- بوخاری و ئەبوداوود و ترمذي (ئەم ڕیوایەتە هی ئیمامی ترمذیە). لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموی: (مَن أفْطَرَ يَوماً مِن رَمَضَانَ مِن غَيرِ رُخْصَةٍ ولامَرَضٍ لايَقْضِيهِ صَومُ الدَّهْرِ كُلِّهِ وإنْ صَامَهُ).[٢] واتە: هەر کەسێك ڕۆژێکی ڕەمەزان -بە بێ عوزرو نەخۆشی- بخوات و تێیدا بە ڕۆژوو نەبێت، ئەگەر هەموو ساڵەکە دواتر بەرۆژوو بێت جێی ئەو ڕۆژە خوراوە ناگرێتەوە.

---

[١] بوخاری (١٨٦٨)، ئەبوداود (٢٤٣٤).

[٢] ڕیوایەتەکەی ترمذي (٧٢١) بێت کە هەر خۆی لە دوو کتێبی (الجامع) و (العلل الکبیر)دا بە زەعیفی ناساندووە. چەندین توێژەرەوەی فەرموودە بە زەعیفیان ناساندووە، هەر لە ئیمامی ئیبنوحەجەرەوە (فتح الباري ١٦١/٤) تا دەگاتە ئەلبانی (سلسلة الأحاديث الضعيفة ٢٨٣/٢ و تمام المنة /٣٩٦)، لەو نێوانەشیاندا: ئیمامی ئەحمەدو ئیبنوخوزەیمەو ئیبنوحیببان و بەغەویی و ئیبنوحەزم و ئیبنوعەبدولبەڕو قورتوبیی و ئیبنولقەییم و زەهەبیی و هیتر.

٤٥- نەسائی لە ئوسامەوە خوا لێی ڕازی بێت: (قُلْت: يَا رَسُول اللَّه، لَمْ أَرَك تَصُومُ مِنْ شَهْر مِنْ الشُّهُور مَا تَصُوم مِنْ شَعْبَان، قَالَ: ذَلِكَ شَهْرٌ يَغْفُلُ النَّاس عَنْهُ بَيْنَ رَجَبٍ وَرَمَضَان، وَهُوَ شَهْر تُرْفَعُ فِيهِ الأَعْمَال إِلَى رَبّ الْعَالَمِينَ، فَأُحِبُّ أَنْ يُرْفَعَ عَمَلِي وَأَنَا صَائِمٌ).[١] واتە: ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا، نابینم لە هیچ مانگێکدا ئەوەندە بە ڕۆژوو بیت وەکو کە لە شەعباندا بە ڕۆژوو دەبیت؟ فەرمووی: شەعبان مانگێکە -وا لە نێوان ڕەجەب و ڕەمەزاندا- خەڵکی زۆر لێی بێئاگا دەبن، شەعبان مانگێکە کە سەرجەمی کاروکردەوەکانی عەبدی تێدا بەرز دەکرێتەوە بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان، منیش حەز دەکەم کاتێك کاروکردەوەکانم بەرز دەبنەوە بە ڕۆژوو بم.

٤٦- ئەبوداوود: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُفْطِرُ عَلَى رُطَبَاتٍ قَبْلَ أَنْ يُصَلِّيَ فَإِنْ لَمْ تَكُنْ رُطَبَاتٌ فَعَلَى تَمَرَاتٍ فَإِنْ لَمْ تَكُنْ حَسَا حَسَوَاتٍ مِنْ مَاءٍ).[٢] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێش ئەوەی نوێژەکە بکات بەربانگی بە چەند دەنکە قەسپێك (خورمای تەڕ)دەکردەوە، ئەگەر نەبوایە بەچەند دەنکە خورمایەکی وشك (خورمای پار) بەربانگی دەکردەوە، ئەگەر نەبووایە چەند قومێك ئاوی دەخواردەوە.

٤٧- ئەبوداوود لە ئیبنوعومەرەوە خوا لێیان ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (كَانَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إذا أفطر قال: ذَهَبَ الظَّمَأُ، وَابْتَلَّتِ الْعُرُوقُ، وَثَبَتَ الأَجْرُ إِنْ شَاءَ اللَّه عَزَّ

[١] نەسائی: السنن الكبرى (٢/١٢٠ ژ ٢٦٦٦ و ٤/٢٠١ ژ/٢٣٥٧)، و ئەحمەد (٥/٢٠١)، ئیبنوخوزەیمە بە سەحیحی ناساندووە. هەروەها ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح سنن النسائي) و لە (صحيح الترغيب والترهيب (١/٢٧٤) دا دەفەرموێ: حەسەنە.

[٢] ئەبوداود (٢٣٥٦)، ئەحمەد (١٢٢٦٥). والدارقطني ( ٢٤٠ )، الحاكم ( ١ / ٤٣٢ )دەفەرموێ: (صحيح على شرط موسليم)، بەیهیقی(٤ / ٢٣٩) الترمذي (١/١٣٥ ژ/٦٩٦ ) دەفەرموێ: (هذا حديث حسن غريب). ئەلبانی رحمەالله لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/ ٢٨٤٠)دا دەفەرموێ: حەسەنە.

وَجَلَّ).[١] واته: کاتێك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەربانگی دەکردەوە دەیفەرموو: تینوێتی شکا و دەمارەکان تەڕو پاراو بوونەوەو پاداشتەکەش إِنْ شَاءَ اللَّه جێگیربووە.

٤٨- بوخاری و ئەبوداوود و ترمذيی لە عامری کوڕی ڕەبیعەوە خوا لێی ڕازی بێت: (رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَسْتَاكُ، وَهُوَ صَائِمٌ مَا لاَ أَعُدُّ وَلَا أُحْصِي).[٢] واته: پێغەمبەری خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دیوە کە بە ڕۆژوو بووەو سیواکی کردووە. ئەوەندە جارەم دیووە کە لە هەژمار نایات.

---

[١] ئەبوداود (٢٣٥٧)، نەسائی لە: (السنن الكبرى/١٣١٠،٣٣٢٩١) و لە: (عمل اليوم والليلة/٢٩٩) و دارەقوطنی(٢\١٨٥)، وەکو لە (تلخيص الحبير-٢\٢٠٢)دا هاتووە دەربارەی دەفەرموێ: (إسناده حسن) وبەیهیقی(٧٩٢٢)و لە (شعب الإيمان/٣٩٠٢) والحاكم(١٥٣٦) دەشفەرموێ: (هذا حديث صحيح على شرط الشيخين). ئەلبانی لە (صحيح سنن أبي داود/٢٣٥٨ )دا بە حەسەنی داناوە.

[٢] نووسەری ڕەحمەتی ناوی بوخاری لەسەرەتاوە نوسیووە پاشان ئەبوداود. بەڵام ئیمامی ئیبنوحەجەری عەسقەلانی رحمه الله لە (التلخيص الحبير١/٩١) دەفەرموێ: بوخاری رحمەالله بە سەحیحی دانەناوە بۆیە لە (موعەللەقات)ەکانییدا کردویّتی بە ناونیشان.. فەرمودەوانانیش لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە ئەو جۆرە ریوایاتانەی لای بوخاری حوکمی سەحیحیان لەسەر نادرێت، چونکە هەر ریوایەتێک بە لای بوخاریەوە سەحیح بووبێت لە مەتنی کتێبەکەیدا دایناوە، لەبەر ئەمەشە کە کتێبەکەی ناوناوە (الصحيح المسند..) وَاللَّهُ أَعْلَمُ..

ـ ریوایەتەکەی ئەبوداود (٢٣٦٤) کە لە عامری کوڕی رەبیعەوەیە خوا لێی رازی بێت ئەمەیە: (قَالَ رَأَيْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَا لَا أُحْصِي يَتَسَوَّكُ وَهُوَ صَائِمٌ)، هەروەها: نەسائی: السنن الكبرى (٨١٢٥)، ترمذي (٤٦/٢) وبەیهیقی (٢٧٢/٤) ودارەقوطنی (٢٤٨). ئیمامی ئیبنوحەجەری عەسقەلانی لە (التلخيص الحبير١/٩١) دا دەفەرموێ: حەسەنە. بەڵام شێخی ئەلبانی رحمەالله لە( سلسلة الأحاديث الضعيفة ( ١ / ٥٧٨) بە زەعیفی داناوە. زەیلەعیی لە (نصب الراية ٢/٤٦٠)دا دەفەرموێ: ئەوە ڕەفتاری ئیبنوعومەر بوو. کەوابوو زەعیفە وَاللَّهُ أَعْلَمُ.

٤٩- بوخاری لە باسی ژیانی ئیبنوعومەردا خوا لێیان ڕازی بێت دەفەرمووێ: سەرەتای ڕۆژو کۆتایی ڕۆژ بە ڕۆژووش بوو سیواکی دەکرد.

٥٠- بوخاری و ئەبوداوود و مالیك لە ئیبنوعومەرەوە خوا لێیان ڕازی بێت: (أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ نَهَى عَنِ الْوِصَالِ. قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّكَ تُوَاصِلُ. قَالَ: إِنِّي لَسْتُ كَهَيْئَتِكُمْ إِنِّي أُطْعَمُ وَأُسْقَى).[1] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕێی لە ڕۆژووگرتنی شەووڕۆژ دانەدەمیەك دەگرت، عەرزیانکرد: جەنابت وا دەکەیت (واتە: جاری وا هەیە نابینین هیچ بخۆیت). فەرمووی: من وەکو شێوازی ئێوە نیم، من خۆراکم دەدرێتێ و پاراو دەکرێم.

٥١- بوخاری و ئەبوداوود لە ئەبوسوعیدەوە خوا لێی ڕازی بێت لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (لا تُوَاصِلُوا فَأَيُّكُمْ أَرَادَ أَنْ يُوَاصِلَ فَلْيُوَاصِلْ حَتَّى السَّحَرِ قَالُوا فَإِنَّكَ تُوَاصِلُ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ لَسْتُ كَهَيْئَتِكُمْ إِنِّي أَبِيتُ لِي مُطْعِمٌ يُطْعِمُنِي وَسَاقٍ يَسْقِينِ).[2] واتە: شەووڕۆژ لە ڕۆژوو گرتنتاندا مەدەنە دەم یەك، هەر کەسێکتان وویستی بیداتە دەم یەك با تا کاتی پارشێو بەردەوام بێت..تا کۆتایی فەرموودەکە کە وەکو ئەوەی پێشوو وایە ژمارە(٥٠)..

٥٢- موسلیم و ئەبوداوود و ترمذیی لە ئەبوئەیوبی ئەنصارییەوە خوا لێی ڕازی بێت، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (مَنْ صَامَ رَمَضَانَ ثُمَّ أَتْبَعَهُ سِتًّا مِنْ شَوَّالٍ كَانَ

---

[1] بوخاری(١٨٣٦)، موسلیم )١٨٥١).

[2] بوخاری (١٨٦٦)، ئەبوداود (٢٣٦١)، بەیهیقی: السنن الکبری (٨١٧٥)، داریمی (١٧٠٥)، صحیح ابن خزیمة (١٣٨).

كَصِيَامِ الدَّهْرِ).[١] واتە: هەر كەسێك ڕۆژووی ڕەمەزانەكەو شەش ڕۆژ لە مانگی شەوال (مانگی دوای ڕەمەزان) بگرێت وەكو ئەوە وایە كە ساڵەكە بە ڕۆژوو بووبێت.

٥٣- داریمی لە ثەوبانەوە خوا لێی ڕازی بێت (كە خزمەتكاری پێغەمبەری خوا بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (صِيامُ شَهْرِ رَمَضَان بِعَشْرَةِ أَمْثَالِها وَصِيامُ سِتَّةِ أَيَّامٍ بِشَهْرَيْنِ فَذَلِكَ صِيامُ السَّنَةِ).[٢] واتە: ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان(٣٠ ڕۆژ) بە دە مانگ (٣٠٠ ڕۆژ) حسێبە و ڕۆژووگرتنی شەش ڕۆژی دوای ڕەمەزان بە دوو مانگ(٦٠ ڕۆژ) ئەوە هەموو ساڵەكەیە (١٢ مانگ = ٣٦٠ ڕۆژ)..

٥٤- ئەبوداوودو نەسائی لە هونەیدەی كوڕی خالیدەوە لە ئافرەتێكەوە، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (كَانَ يَصُومُ تِسْعًا مِنْ ذِي الْحِجَّةِ وَيَوْمَ عَاشُورَاءَ وَثَلَاثَةَ أَيَّامٍ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ أَوَّلَ اثْنَيْنِ مِنْ الشَّهْرِ وَالخَمِيسَ (وَخَمِيسَيْنِ).[٣] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕۆژی نۆیەمی زیلحیجەو ڕۆژی عاشوراو سێ ڕۆژی هەر مانگێك

---

[١] ئەحمەد (٤١٧/٥ ژ ٢٣٥٨٠)، موسلیم (٨٢٢/٢ ژ ١١٦٤)، ئەبو داود (٣٢٤/٢ ژ ٢٤٣٣)، ترمذی (١٣٢/٣ ژ ٧٥٩) فەرمووشیەتی: حسن صحيح. نەسائی لە: السنن الكبرى (١٦٣/٢ ژ ٢٨٦٢)، ئیبنوماجە (٥٤٧/١ ژ ١٧١٦)، ئیبنوحیببان (٣٩٦/٨ ژ ٣٦٣٤).

[٢] ئەبوداود (٢٤٣٣)، نەسائی: السنن الكبرى (٢٨٦٠)، ئیبنوماجە (١٧١٥). ئیبنوخوزەیمە (٢١١٥). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح الترغيب والترهيب ٤٢١/١)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[٣] موسلیم (٨٣٣/٢ ژ١١٧٩) ئەبوداود (٣٢٥/٢ ژ ٢٤٣٧)، ترمذي (١٢٩/٣ ژ ٧٥٦) نەسائی: السنن الكبرى (١٣٥/٢ ژ ٢٧٢٦)، السنن الصغرى (٢٢١/٤ ژ ٢٤١٨)، ئەحمەد(٢٢٣٨٨)، ئیبنوخوزەیمە (٢٩٣/٣ ژ ٢١٠٣). شێخی ئەلبانی رحمە الله لە (صحيح سنن أبي داود٣٢٥/٢ ژ٢٤٣٧) و لە (صحيح سنن النسائي ٢٠٥/٤ ژ٢٣٧٢) دا دەفەرموێ: سەحیحە.

و ڕۆژانی یەکەمین دووشەممەو پێنج شەممە (یان دوو پێنج شەممانی) هەموو مانگێك بە ڕۆژوو دەبوو.

٥٥- ترمذیی لە ئەبوقەتادەوە خوا لێی ڕازی بێت لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە فەرمووی: (صِيَامُ يَوْمِ عَرَفَةَ أَحْتَسِبُ عَلَى اللَّهِ أَنْ يُكَفِّرَ السَّنَةَ الَّتِي قَبْلَهُ وَالسَّنَةَ الَّتِي بَعْدَهُ وَصِيَامُ يَوْمِ عَاشُورَاءَ أَحْتَسِبُ عَلَى اللَّهِ أَنْ يُكَفِّرَ السَّنَةَ الَّتِي قَبْلَهُ).[١] واتە: ڕۆژووگرتنی ڕۆژی عارفە (ڕۆژی پێش جەژنی قوربان بۆ غەیری حاجیەکان کە لە کێوی عەرەفات دەبن) ئومێدم وایە کە خوای گەورە بیکاتە مایەی سڕینەوەی گوناهی ساڵەکەی پێشی و ساڵەکەی دوایی.

٥٦- بوخاری و موسلیم و ئەبوداوود و نەسائی لە ئیبنومەسعودەوە خوا لێی ڕازی بێت کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (قَالَ لَا يَمْنَعَنَّ أَحَدَكُمْ أَوْ أَحَدًا مِنْكُمْ أَذَانُ بِلَالٍ مِنْ سَحُورِهِ فَإِنَّهُ يُؤَذِّنُ أَوْ يُنَادِي بِلَيْلٍ لِيَرْجِعَ قَائِمَكُمْ وَلِيُنَبِّهَ نَائِمَكُمْ).[٢] واتە: با بانگدانەکەی بیلال کەستان لە پارشێوکردنەکەی نەگرێتەوە، چونکە ئەو بۆ ئەوە بانگ دەدات تا ئەوی لە شەونوێژیدایە بزانێت کاتی پارشێوەو ئەوی نوستووە خەبەری ببێتەوە.

٥٧- بوخاری و موسلیم و ئەبوداوودو ترمذیی لە سەییدنا عومەرەوە خوا لێی ڕازی بێت لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە فەرمووی: (إِذَا أَقْبَلَ اللَّيْلُ مِنْ هَا هُنَا وَأَدْبَرَ النَّهَارُ مِنْ هَا هُنَا وَغَرَبَتْ الشَّمْسُ فَقَدْ أَفْطَرَ الصَّائِمُ).[٣] واتە: کاتێك شەو ئا لێرەوە دادێت و ڕۆژ ئا لێرەوە کۆتایی دێت، کە خۆر ئاوا دەبێت ئیتر دەبێت ڕۆژووەوان ڕۆژوو بشکێنێت.

---

[١] موسلیم (١١٦٢)، ترمذي (٧٦٧)، نەسائی (٢٣٨٢)، ئیبنوماجە (١٧١٣)، ئەحمەد (٥/٢٩٩).

[٢] بوخاری (٥٩٦)، موسلیم (١٨٣٠).

[٣] بوخاری (١٨٥٣)، موسلیم (١١٠٠).

٥٨- بوخاری و موسلیم و ئەبوداوود لە عبداللە ی کوڕی ئەبوئەوفاوە خوا لێی ڕازی بێت گێڕایەوە: (كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي سَفَرٍ فِي شَهْرِ رَمضَانَ، فَلَمَّا غَابَتِ الشَّمْسُ، قَالَ: يَا فُلانُ، انْزِلْ فَاجْدَحْ لَنَا، قَالَ: فَنَزَلَ فَجَدَحَ، فَأَتَاهُ بِهِ، فَشَرِبَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَقَالَ بِيَدِهِ: إِذَا غَابَتِ الشَّمْسُ مِنْ هَا هُنَا، وَجَاءَ اللَّيْلُ مِنْ هَا هُنَا، فَقَدْ أَفْطَرَ الصَّائِمُ).[١] واتە: ڕەمەزان بوو لە سەفەردا لە خزمەت پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بووین، کە خۆرئاوابوو، فەرمووی: ئەریّ فلان هەستە بڕوێشەکەمان[٢] بۆ تێکهەڵدە (تا بەربانگ بکەینەوە). عەرزم کرد: ئەی پێغەمبەری خوا هێشتا ڕۆژە!فەرمووی واز لەوە بێنەو ئاگرەکە بکەرەوە. پاشان بە دەستی ئاماژەی (بۆ خۆرئاوا) کرد کە ئەگەر خۆر ئا لەوێوە ئاوا بوو، شەو ئا لەوێوە پەیدابوو ڕۆژووەوان ڕۆژوو دەشکێنێت.

٥٩- بوخاری و موسلیم مالیك و ترمذیی لە سەهلی کوڕی سەعدەوە خوا لێیان ڕازی بێت کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (لا يَزَالُ النَّاسُ بِخَيْرٍ مَا عَجَّلُوا الْفِطْرَ).[٣] واتە: خەڵکی خێریان دەگات کە زوو ڕۆژوو بشکێنن.

٦٠- ترمذیی لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە خوای پەروەردگارییەوە گێڕایەوە فەرمووی: (قَالَ اَللَّهُ عَزَّ وَجَلَ: أَحَبُّ

---

[١] بوخاری (١٨٣٩)، موسلیم (١١٠١).

[٢] فَاجْدَحْ لَنَا: لە راستییدا مانەکەی ئەوەیە کە بە (میجدەحەکە) تێکهەڵدە. میجدەح: چنگاڵی تەختە بوو بەڵام لە سەری خوارەوەی دوو لقی هەبوو، کە وەکو کەوچکی دارینەی کوردی چێشتی پێ تێکهەڵدەدرا. لێرەدا مەبەست لە تێکهەڵدانی سوەیقەکەیان بووە. سوەیق: جۆرێک خواردنی ئەو سەردەمەبوو کە گەنمی کوتراو یان جۆ (وەکو بڕوێشی لێدەکرا) پاشان ئاوی تێدەکراو دەکوڵێنراو دەخورا.

[٣] بوخاری (١٩٥٧)، موسلیم (١٠٩٨).

عِبَادِي إِلَيَّ أَعْجَلُهُمْ فِطْرًا).[١] واتە: خوای گەورە فەرمووی: ئەو عەبدەی کە زیاترم خۆش دەوێت ئەوەیە کە پەلە لە رۆژوو شکاندنی دەکات.

٦١- موسلیم و خاوەن سونەنەکان لە مالیکی کوڕی عامر،ئەبوعطیە دەگێڕنەوە کە فەرمووی: (دَخَلْتُ مَعَ مَسْرُوقٍ عَلَى عَائِشَةَ، فَقَالَ لَهَا مَسْرُوقٌ: رَجُلاَنِ مِنْ أَصْحَابِ محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَحَدُهُمَا يُعَجِّلُ الإِفْطَارَ وَيُؤَخِّرُ السَّحُورَ، وَالآخَرُ يُؤَخِّرُ الإِفْطَارَ، وَيُعَجِّلُ السَّحُورَ قَالَتْ: أَيُّهُمَا يُعَجِّلُ الإِفْطَارَ وَيُؤَخِّرُ السَّحُورَ؟ قَالَ: ابْنُ مَسْعُودٍ قَالَتْ: هَكَذَا كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَصْنَعُ).[٢] واتە: لەگەڵ مەسرووق چووینە خزمەت خاتو عائیشە خوا لێی رازی بێت، مەسرووق عەرزی خاتوو عائیشەی کرد کە دوان لە یاوەرانی پێغەمبەری خوامان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ناودایە، هەردووکیان هەموو رەنجێکیان بۆ بڵاوکردنەوەی چاکەیە. یەکێکیان زوو بەربانگ دەکاتەوەو پارشێو دوادەخات، ئەوی تریان درەنگ بەربانگ دەکاتەوەو زوو پارشێو دەکات. فەرمووی: ئەوە کامیانە کە زوو بەربانگ دەکاتەوەو پارشێو دوادەخات؟ عەرزم کرد: عبدالله ی کوڕی مەسعودە. فەرمووی: پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئاوای دەکرد.

[١] ئەبوداود (٢٣٥١)، ترمذي (٦٣٥ و ٧٠٠)، ئەحمەد (٣٢٩/٢ ژ ٧٠٦٨)، ئیبنوخوزەیمە (٢٧٣/٣ ژ ١٩٣٤)، ئیبنوحیببان (٣٥٨٩)، بەیهیقی: السنن الكبرى (٢٣٧/٤ ژ ٧٥٠٤)، طەبەرانی: المعجم الأوسط (١٥١٥). ئەلبانی رحمەالله لە (ضعيف الترغيب والترهيب ژ/٦٤٩)دا بە زەعیفی ناساندووە.

[٢] موسلیم (١١٠١)، ئەبوداود (٢٠١١)، ترمذي (٦٣٦)، نەسائی: (٢٤٥٤) و ئەحمەد (٢٣٦٦١).

٦٢- نەسائی لە سەیدنا ئەبوعوبەیدەوە خوا لێی ڕازی بێت کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (الصَّوْمُ جُنَّةٌ مَا لَمْ يَخْرِقْهَا).[١] واتە: ڕۆژوو قەڵغانە ئەگەر خراپی نەکات.

٦٣- ئەبو ئومامە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرمووێ: (أَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَقُلْتُ: مُرْنِي بِأَمْرٍ آخُذُهُ عَنْكَ قَالَ: عَلَيْكَ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَا مِثْلَ لَهُ).[٢] واتە: هاتمە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و عەرزم کرد: فەرمانێکم پێ بفەرموو تا لێتی وەرگرم و پێوەی پابەند بم. فەرمووی: ڕۆژوو بگرە، ڕۆژوو لە هیچ ڕادەو برێکییدا هاوتای نیە.

٦٤- بوخاری و موسلیم و ئەبوداوود و ترمذیی لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (مَنْ نَسِيَ وَهُوَ صَائِمٌ، فَأَكَلَ أَوْ شَرِبَ، فَلْيُتِمَّ صَوْمَهُ. فَإِنَّمَا أَطْعَمَهُ اللَّهُ وَسَقَاهُ).[٣] واتە: هەر کەسێك بیری چوو کە بەڕۆژووە شتی خوارد یان خواردیەوە، با ڕۆژووەکەی تەواو بکات، ئەوە خوای گەورە خۆراك و خواردنەوەی پێداوە.

---

[١] نەسائی: السنن الكبرى (٦٤٠٧)، ئەحمەد (١٦٩٢)، بەیهەقی لە شعب الإيمان (٣٦٤٤)، طەبەرانی بە لەفزی: (الصِّيَامُ جُنَّةٌ مَا لَمْ يَخْرُقْهَا) گێڕاوێتیەوە. ئەلبانی رحمه الله لە (ضعيف الجامع/٣٥٧٨) دا دەفەرموێ: زەعیفە.

[٢] نووسەری بەڕێز نوسیویێتی: ((رواه النسائي والحاكم وصححه و ابن حبان في صحيحه). نەسائی (٢٢٠٤). حاكم: (المستدرك/١٤٦٦)، مالیک (٦٨٩). ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح سنن النسائى/٢٢٢١) و لە (صحيح الترغيب والترهيب ١/ ٢٣٨ )دابە سەحیحی داناوە.. ئەبوئومامە خوا لێی رازی بێت دوای ئەم ئامۆژگارییەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەردەوام خۆی و هاوسەرو خزمەتکارەکەیان بە رۆژوو دەبوون، حاڵیان ئەوەندە زانراو بووبوو کە ئەگەر بە ڕۆژ دوکەڵ لە ماڵیان بەرز ببوایاتەوە دەزانرا کە میوانیان هەیە.

[٣] بوخاری (٦٦٦٩)، موسلیم (١١٥٥).

٦٥- طەبەرانی لە (المعجم الوسيط) دا لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (مَنْ أَفْطَرَ فِي شَهْرِ رَمَضَانَ نَاسِيًا فَلَا قَضَاءَ عَلَيْهِ وَلَا كَفَّارَةَ).[1] واتە: هەر كەسێك لە ڕەمەزاندا(كە بە ڕۆژووە). ئەگەر بە لەبیرچوونەوە شتێكی خوارد یان خواردەوە، نە گرتنەوەی لەسەرە نە كەفارەت.

٦٦- هەر طەبەرانی لە (المعجم الوسيط) و ئیمامی ئەحمەد لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕنەوە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (مَنْ أَدْرَكَهُ رَمَضَانٌ وَعَلَيهِ رَمَضَانٌ آخَرُ لَمْ يَقْضِهِ، لَمْ يُقْبَلْ مِنهُ).[2] واتە: هەر كەسێك ڕەمەزانی بەسەردا هاتەوەو قەرزاری ڕۆژووی ڕەمەزانی پێشووتر بوو كە نەیگرتبۆوە لێی قبوڵ ناكرێت.

٦٧- بوخاری و ئەبوداوودو ترمذیی لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (مَنْ لَمْ يَدَعْ قَوْلَ الزُّورِ وَالْعَمَلَ بِهِ فَلَيْسَ لِلَّهِ حَاجَةٌ فِي أَنْ

---

[1] نەسائی: السنن الكبرى (٢/٢٤٤ ژ٣٢٧٧)، طەبەرانی: المعجم الأوسط (٥/٢٩٢ ژ ٥٣٥٢)، دارەقوطنی (٢/١٧٨ ژ ٢٨) حاكم (١/٥٩٥ ژ ١٥٦٩)، بەیهیقی: السنن الكبرى (٤/٢٢٩ ژ ٧٨٦٣) ئیبنوخوزەیمە(٣/٢٣٩ ژ ١٩٩٠)، ئیبنوحیببان (٨/٢٨٧ ژ ٣٥٢١).. ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح ابن خزيمة) دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[2] ئەوەی نووسەری ڕەحمەتیم نەدۆزیەوە بەڵام بە لەفزی: (مَنْ أَفْطَرَ يَوْماً مِنْ رَمَضَانَ فِي غَيْرِ رُخْصَةٍ رَخَّصَهَا اللهُ لَهُ، لَمْ يَقْضِ عَنْهُ صِيَامُ الدَّهْرِ كُلُّهُ، وَإِنْ صَامَهُ) لە (موعەللەقات)ی بوخاریە (فتح الباري ٤/١٩٠) و لای ئەبوداود (٧٣٩٦)، نەسائی: السنن الكبرى (٢/٢٤٤ و٢٤٥)، ترمذي (٧٢٣)هەیەو شێخی ئەلبانی رحمە الله لە (ضعيف الجامع/ژ ٥٣٧٦ و ٥٤٦٢) و لە (سلسلة الأحاديث الضعيفة ژ ٦٣٨)دا دەفەرموێ: زەعیفە. چەند ریوایەتێكی تری وا هەن كە دەفەرموون: گرتنەوەی ڕۆژووەكەی لێ قبووڵ ناكرێت، بەڵام توێژەرەوەكان لەوانیش شێخی ئەلبانی . فەرموویانە زەعیفن.. پێم زەرووری نەبوو هەموویان بهێنمەوە.

يَدَعَ طَعَامَهُ وَشَرَابَهُ).[١] واتە: هەر کەسێك قسەی درۆو کارپێکردنی واز لێنەهێنێت، خوای گەورەش پێویستی بەوە نیە کە ئەم خواردن و خواردنەوەی واز لێ بهێنێت.

- بوخاری و موسلیم و ئەبوداوود و ترمذیی لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (لَا تَصُومُ الْمَرْأَةُ وَبَعْلُهَا شَاهِدٌ إلا بِإِذْنِهِ).[٢] واتە: ژنێك کە لای مێردەکەی بێت و پێکەوە بن، بۆی نیە بە بێ پرسی مێردەکەی ڕۆژوو بگرێت، (ڕۆژووی سوننەت بێت یان گێڕانەوەی قەرزی ڕەمەزان. کە بتوانێت بیخاتە کاتی تر).

٦٩- موسلیم و ئەبوداوود و ترمذیی لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێ: (إِذَا دُعِيَ أَحَدُكُمْ إِلَى طَعَامٍ فَلْيُجِبْ، فَإِنْ كَانَ مُفْطِرًا فَلْيَأْكُلْ، وَإِنْ كَانَ صَائِمًا فَلْيُصَلِ).[٣] واتە: ئەگەر کەسێکتان دەعوەت کرا با بەدەنگیەوە بچێت، ئەگەر بەڕۆژوو نەبوو با بخوات، ئەگەر بە ڕۆژوو بوو با ڕۆژووەکەی تەواو بکات و دوعای خێریان بۆ بکات.

---

[١] بوخاری (١٨٠٤)، ئەبوداود (٢٣٦٢)، ترمذي (٧٠٧)، نەسائی (٩٣/٢)، ئیبنوماجە (١٦٨٩).
[٢] ریوایەتی بوخاری (٥١٩١) و موسلیم (١٠٢٦) ئەمەیە: (لَا يَحِلُّ لِلْمَرْأَةِ أَنْ تَصُومَ وَزَوْجُهَا شَاهِدٌ إِلَّا بِإِذْنِهِ) ریوایەتی ئەبوداود (٤٢٥٨) و ترمذیش (٧٨٢) ئەمەیە (لا تَصُومُ الْمَرْأَةُ وَبَعْلُهَا شَاهِدٌ إلا بِإِذْنِهِ غَيْرَ رَمَضَانَ) کە ئەلبانی رحمه الله لە (صحيح سنن الترمذي) دا دەفەرموێ: سەحیحە.
[٣] موسلیم(١٤٣١)، ئەبوداود (٣٧٣٧)، ترمذي (٣٠٩٨) ئیبنوماجە (١٩١٤)، بەیهیقی (٢٦٣/٧).

٧٠- بوخاری و موسلیم و ترمذيی نەسائی لە ئەنەسەوە خوا لێی ڕازی بێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (تَسَحَّرُوا فَإِنَّ فِي السَّحُورِ بَرَكَةً).[١] واتە: پارشێو بکەن، پارشێو بەرەکەتێکی خۆیی تێدایە.

٧١- بوخاری و موسلیم و ترمذيی و نەسائی لە زەیدی کوڕی ثابتەوە خوا لێی ڕازی بێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (تَسَحَّرْنَا مَع رَسُولِ الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ثُمَّ قَامَ إلى الصَّلاةِ قالَ أَنَس: قُلْتُ لِزَيْدٍ: كَمْ كَانَ بَيْنَ الأذَانِ وَالسُّحُورِ؟ قَالَ: قَدْرُ خَمْسِينَ آيةٍ).[٢] واتە: لە خزمەت پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پارشێومان کرد پاشان هەستاین بۆ نوێژ، ئەنەس دەفەرمووێ: وتم چەند لە نێوان پارشێوو نوێژەکەدابوو؟ فەرمووی: ئەوەندەی کە پەنجا ئایەت بخوێنیت.

٧٢- ئەبوداوود و نەسائی لە حوزەیفەوە خوا لێی ڕازی بێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (لاتَتَقَدَّمُوا الشَّهْرَ حَتَّى تَرَوُا الْهِلاَلَ، أَوْ تُكْمِلُوا الْعِدَّةَ، ثُمَّ صُوْمُوا حَتَّى تَرَوُا الْهِلاَلَ أَوْتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ).[٣] واتە: ڕەمەزانەکە پێش مەخەن بەوەی پەلە لە ڕۆژووگرتن بکەن، سەبر کەن تا هەیڤ/ هلال دەبینن، یان سی ڕۆژەی شەعبان تەواو دەکەن، پاشان مانگەکە بە ڕۆژوو بن تا هەیڤ/ هلالی شەووال دەبینن یان سی ڕۆژەی ڕەمەزان تەواو دەکەن.

---

[١] بوخاری (١٩٢٣)، موسلیم (١٠٩٥).

[٢] بوخاری (١٨٤٤)، موسلیم (١٠٩٧).

[٣] ئەحمەد (١٨٠٧١)، ئەبوداود (٢٣٢٧)، نەسائی (٣٠٢/١ ژ٢١٢٦)، ترمذي (١٣٣/١) دەشفەرمووێ: (حسن صحيح)، داریمی (٢/١)، ئیبنوحیببان (٨٧٥)، حاکمیش فەرموویەتی سەحیحەو ئیمامی زەهەبیش لایەنگیری کردووە. ئەلبانی رحمه الله لە (صحيح الجامع ژ/ ٧٣٩٢)دا دەفەرمووێ: سەحیحە.

٧٣- ئەبوداوود لە حوسەینی کوڕی حارثی جەدەلیەوە، لە الحارثی کوڕی حاطەبەوە گێڕایەوە کە فەرمووی: (عَهِدَ إِلَيْنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ نَنْسُكَ لِلرُّؤْيَةِ فَإِنْ لَمْ نَرَهُ وَشَهِدَ شَاهِدَا عَدْلٍ نَسَكْنَا بِشَهَادَتِهِمَا، وَقَالَ: إِنَّ فِيكُمْ مَنْ هُوَ أَعْلَمُ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ مِنِّي وَشَهِدَ هَذَا مِنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَأَوْمَأَ إِلَى إِبْنُ عُمَرَ قَالَ: بِذَلِكَ أَمَرَنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).[١] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی پێدابووین کە بە بینینی هەیڤ/ هیلال بەرۆژوو ببین، ئەگەر ئێمە نەمانبینی بەڵام دووشاهیدی دیندارو جێمتمانە شاهیدیان دا کە دیویانە، بەم شاهیدیی دانەی ئەوان دەبێت بیگرین، لێرەش لە من شارەزاترتان لەناودایە کەفەرمانی خوا و پێغەمبەری خوا چاکتر دەزانێت وەك لە من، بە دەستی ئاماژەشی بۆ ئیبنوعومەر کرد خوا لێیان ڕازی بێت و فەرمووی ئاوا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی پێداین. (واتە: فەرمانی پێداین ڕێز لە زاناکانمان بگرین).

٧٤- موسلیم و خاوەن سونەنەکان لە خاتوو عائیشەوە خوا لێی ڕازی بێت فەرمووی: (دَخَلَ عَلَيَّ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ذَاتَ يَوْمٍ فَقَالَ: هَلْ عِنْدَكُمْ شَيْءٌ؟ قُلْنَا: لَا. قَالَ: فَإِنِّي

---

[١] ئەبوداود (٢٣٣٨)، ترمذي (٦٩١)، نەسائی (٢١١٢)، ئیبنوماجە (١٦٥٢)، داریمی (١٦٩٢)، حاکم (١٥٨٣)، ئیبنوحەزم لە (المحلی ١٦٤/٤)دا بە سەحیحی داناوە، هەروەها شێخی ئەلبانی لە (إرواء الغليل ژ ٩٠٨)دا. هەموو فەرمودەکە: (عَنْ أَبِي مَالِكٍ الأَشْجَعِيِّ، حَدَّثَنَا حُسَيْنُ بْنُ الْحَارِثِ الْجَدَلِيُّ، -مِنْ جَدِيلَةِ قَيْسٍ أَنَّ أَمِيرَ مَكَّةَ خَطَبَ ثُمَّ قَالَ عَهِدَ إِلَيْنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ نَنْسُكَ لِلرُّؤْيَةِ فَإِنْ لَمْ نَرَهُ وَشَهِدَ شَاهِدَا عَدْلٍ نَسَكْنَا بِشَهَادَتِهِمَا فَسَأَلْتُ الْحُسَيْنَ بْنَ الْحَارِثِ مَنْ أَمِيرُ مَكَّةَ قَالَ لاَ أَدْرِي. ثُمَّ لَقِيَنِي بَعْدُ فَقَالَ هُوَ الْحَارِثُ بْنُ حَاطِبٍ أَخُو محمد بْنِ حَاطِبٍ ثُمَّ قَالَ الأَمِيرُ إِنَّ فِيكُمْ مَنْ هُوَ أَعْلَمُ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ مِنِّي وَشَهِدَ هَذَا مِنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. وَأَوْمَأَ بِيَدِهِ إِلَى رَجُلٍ قَالَ الْحُسَيْنُ فَقُلْتُ لِشَيْخٍ إِلَى جَنْبِي مَنْ هَذَا الَّذِي أَوْمَأَ إِلَيْهِ الأَمِيرُ قَالَ هَذَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عُمَرَ. وَصَدَقَ كَانَ أَعْلَمَ بِاللَّهِ مِنْهُ فَقَالَ بِذَلِكَ أَمَرَنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

إِذَنْ صَائِمٌ، ثُمَّ أَتَانَا يَوْمًا آخَرَ فَقُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أُهْدِيَ لَنَا حَيْسٌ، قَالَ: أَرِينِيهِ فَلَقَدْ أَصْبَحْتُ صَائِمًا فَأَكَلَ).[1] واتە: ڕۆژێك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەشریفی هێنایە ماڵی من و فەرمووی: هیچتان لایە (بیخۆم)؟ عەرزمان کرد: نەخێر، فەرمووی: دەی سا بەرۆژووم. جارێکی تر تەشریفی هێنا، عەرزمان کرد ئەی پێغەمبەری خوا خورماو ڕۆنێکیان بە دیاری بۆ هێناوین، فەرمووی: ئادەی پیشانمدە، نیەتی ڕۆژووم هێنابوو، ئیتر خواردی.

٧٥- لە ڕیوایەتێکی تری هەمان فەرموودەدا خاتوو عائیشە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرمووێ: (فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، دَخَلْتَ عَلَيَّ وَأَنْتَ صَائِمٌ ثُمَّ أَكَلْتَ حَيْسًا، قَالَ: نَعَمْ يَا عَائِشَةُ، إِنَّمَا مَنْزِلَةُ مَنْ صَامَ فِي غَيْرِ رَمَضَانَ أَوْ غَيْرِ قَضَاءِ رَمَضَانَ أَوْ فِي التَّطَوُّعِ بِمَنْزِلَةِ رَجُلٍ أَخْرَجَ صَدَقَةَ مَالِهِ فَجَادَ مِنْهَا بِمَا شَاءَ فَأَمْضَاهُ وَبَخِلَ مِنْهَا بِمَا بَقِيَ فَأَمْسَكَهُ).[2] واتە: عەرزم کرد ئەی پێغەمبەری خوا، تەشریفت هێنایە لام و بە ڕۆژوو بوویت، پاشان خۆراکت خوارد!فەرمووی بەڵێ عائیشە، چونکە ئەو کەسەی لە غەیری ڕەمەزان و ڕۆژووی قەرز گێڕانەوەی ڕەمەزاندا بە ڕۆژووە، ئەو کەسەی لە ڕۆژووی سوننەتدایە وەکو ئەو کەسە وایە کە بڕیاری داوە خێرێك بکات، بڕێك لە سامانەکەی دەردەهێنێت و دەیکات بە خێر و ڕەزیلی لەوەیاندا دەکات کە دەیهێڵێتەوە.

---

[1] موسلیم (١١٥٤)، ئەبوداود (٢٤٥٥)، ترمذي (٧٣٣)، نەسائی (٢٣٢٢)،ئەحمەد (٢٥٢٠٣)، بەیهیقی: (٧٧٢٠).

[2] ئەحمەد (٢٠٧/٤٩/٦)، نەسائی (١٩٤/٤)،بەیهیقی (٢٧٥/٤)، دارەقوطنی (٢٣٦) ئەلبانی لە (الإرواء ١٢٥/٤/٦٣٦)دا بە سەحیحی داناوە، فەرمووشیەتی کە ئیبنوخوزەیمە (٢١٤١، ٢١٤٢) ڕیوایەتی کردووەو بە سەحیحی داناوە. ئەسڵێکی لای موسلیم (١١٥٤) هەیە.

٧٦- خاتوو عائیشە خوا لێی ڕازی بێت دەیفەرموو: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُقَبِّلُنِي وَهُوَ صَائِمٌ وَأَنَا صَائِمَةٌ).[١] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ماچی دەكردم لە كاتێكدا جەنابیشی بە ڕۆژوو بوو، منیش بە ڕۆژوو بووم.

٧٧- ئەبوداوود لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنِ الْمُبَاشَرَةِ لِلصَّائِمِ فَرَخَّصَ لَهُ، وَأَتَاهُ آخَرُ فَسَأَلَهُ، فَنَهَاهُ. فَإِذَا الَّذِي رَخَّصَ لَهُ شَيْخٌ وَالَّذِي نَهَاهُ شَابٌّ).[٢] واتە: كابرایەك پرسیاری دەربارەی ماچكردنی خێزانی لەكاتی بە ڕۆژوو بوونییدا عەرزی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كرد، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕێپێیدا، پاشان كەسێكی تر هاتە خزمەتی و هەمان پرسیاری عەرزكرد، بەڵام جەنابی ڕێی لەمیان گرت، دوایی دەركەوت كە ئەوی ڕێی پێدا پیر بوو، ئەوی ڕێی لێگرت گەنج بوو.

٧٨- هەر شەشیان لە خاتوو عائیشەو خاتوو ئوم سەلەمەوە خوا لێیان ڕازی بێت دەگێڕنەوە كە ئەبوبەكری كوڕی عبدالرحمان فەرمووی: گوێم لێبوو ئەبوهورەیرە خوا لێی ڕازی بێت بەسەرهاتێكی دەگێڕایەوە دەیفەرموو: هەر كەسێك لە حاڵەتی جەنابەتدا بوو سپێدەی بەیانی بەسەردا هات با بە ڕۆژوو نەبێت. ئەمەم بۆ باوكم گێڕایەوە نكوڵی لێكرد(كە شتی وا نیە) باوكم تەشریفی بردو منیش لە خزمەتیدا بووم. چووینە خزمەت

---

[١] ئەحمەد (١٣٤/٦، ١٧٦ و ٢٧٠)، ئەبوداود (٢٣٨٤)، نەسائی (٢٦٠/١)، بەیهیقی (٢٢٣/٤). ئەلبانی لە (سلسلة الأحاديث الضعيفة ژ٩٦٢/)دا دەفەرموێ زەعیفە. بێگومان فەرموودەی تر زۆرن كە ماچكردنەكەیان دەسەلمێنن و سەحیحن. وەكو (وَقَدْ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُقَبِّلُ وَهُوَ صَائِمٌ) كە ئەلبانی رحمەالله لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة ١٣٦/٣) دا هێناونیەوە.

[٢] ئەبوداود (٢٠٤٢)، بەیهیقی: السنن الكبرى (٧٨٧٢). ئەلبانی لە (صحيح أبي داود ژ٢٠٦٥)دا بە سەحیحی داناوە.

خاتوو عائیشەو خاتوو ئوم سەلەمە، پرسیارەکەی لەوان کرد (کە ئایا ئەو کەسەی لە جەنابەتدابوو بانگی بەیانیدا رۆژووەکەی ناگرێت؟) هەردووکیان فەرموویان: (كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُصْبِحُ جُنُبًا مِنْ غَيْرِ احْتِلَامٍ ثُمَّ يَصُومُ).[١] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە غەیری خەون دیتن (ئیحتیلام بوون)دا جەنابەتی دەکەوتە سەر، پاشان بە رۆژووش دەبوو (واتە: دوای بانگدان غوسلەکەی دەردەکرد کە بە رۆژووش بوو). ئەبوبەکر دەفەرمووێ: پاشان لەگەڵ باوکمدا چووینە لای مەروان،باوکم لەویشی پرسی، فەرمووی: داوات لێ دەکەم بۆ ئەم پرسیارە بچۆرە لای ئەبوهورەیرە، عەرزی مەروانم کرد لێمان پرسیوەو ئاوای وەڵام داوەتەوە. هەموو هاتینەوە خزمەت ئەبوهورەیرە باوکم چوونەکەمانی بۆ خزمەت خاتوو عائیشەو خاتوو ئوم سەلەمەی بۆ باسکرد لەگەڵ وەڵامەکانیاندا، ئەبوهورەیرە فەرمووی: هەردووکیان ئەمەیان فەرموو؟ باوکم فەرمووی: بەڵێ، ئەبوهورەیرە فەرمووی: دەی سا وەڵام وەڵامی ئەوانە، ئەوان لە من زاناترن. پاشان ئەو بۆچوونەی گێڕایەوە بۆ فەزڵی کوڕی عەبباس خوا لێیان ڕازی بێت و فەرمووی: من لە فەزڵمەوە بیستووە نەك لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. ئاوا ئەبوهورەیرە لە بۆچوونەکەی خۆی گەڕایەوە.

لە ڕیوایەتێکی تردا خاتوو عائیشەو خاتوو ئوم سەلەمە خوا لێیان ڕازی بێت فەرموویان: (إِنْ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَيُصْبِحُ جُنُبًا مِنْ جِمَاعٍ، غَيْرِ احْتِلَامٍ فِي رَمَضَانَ،

---

[١] ریواتەکەی بوخاری (١٨٠٩) کە لە خاتوعائیشەو خاتو ئوم سەلەمەوەیە خوا لێیان رازی بێت ئاوایە: (أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يُدْرِكُهُ الْفَجْرُ وَهُوَ جُنُبٌ مِنْ أَهْلِهِ ثُمَّ يَغْتَسِلُ وَيَصُومُ)، ریوایەتەکەی موسلیم (١٨٧١) کە لە خاتو ئوم سەلەمەوەیە خوا لێی رازی بێت ئاوایە: (كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُصْبِحُ جُنُبًا مِنْ غَيْرِ احْتِلَامٍ ثُمَّ يَصُومُ).

ثُمَّ يَصُومُ).[١] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە رەمەزاندا بە هۆی جیماعەوە نەك بە هۆی خەو دیتنەوە دەكەوتە جەنابەتەوە و پاشان بە رۆژووش دەبوو.

٧٩- هەر شەشیان لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (كُلُّ عَمَلِ ابْنِ آدَمَ يُضَاعَفُ، الْحَسَنَةُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا إِلَى سَبْعِمِائَة ضِعْفٍ، قَالَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ: إِلَّا الصَّوْمَ، فَإِنَّهُ لِي، وَأَنَا أَجْزِي بِهِ، يَدَعُ شَهْوَتَهُ وَطَعَامَهُ مِنْ أَجْلِي، لِلصَّائِمِ فَرْحَتَانِ: فَرْحَةٌ عِنْدَ فِطْرِهِ، وَفَرْحَةٌ عِنْدَ لِقَاءِ رَبِّهِ، وَلَخُلُوفُ فِيهِ أَطْيَبُ عِنْدَ اللَّهِ مِنْ رَائِحَةِ الْمِسْكِ).[٢] واتە: هەموو كردەوەیەكی چاكەی ئادەمیزاد پاداشتەكەی بۆ بەرابەر دەكرێت، هەر چاكەیەك پاداشتەكەی لە دە ئەوەندەوە بۆ حەوتصەد ئەوەندەی چاكەكەی دەبێت، خوای گەورە دەفەرمووێ: ئەمما رۆژوو، ئەوە لەبەر من گیراوەو خۆشم پاداشتی دەدەمەوە، لەبەر خاتری من حەزو ئارەزوو و خواردنی واز لێ دەهێنێت، رۆژووەوان دوو حاڵەتی خۆشی دێتەوە ڕێ: خۆشحاڵییەكیان ئەو كاتەیە كە بەربانگ دەكاتەوە، خۆشحاڵییەكەی تریان ئەو كاتەیە كە بە دیداری خوای گەورە دەگات، ئەو بۆنەی لە دەمی رۆژووەوان دێت لای خوای گەورە لە بۆنی میسك خۆشترە.

٨٠- بوخاری و موسلیم لە سەهلی كوڕی سەعدەوە خوا لێیان ڕازی بێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (إِنَّ فِي الْجَنَّةِ لَبَابًا يُدْعَى الرَّيَّانَ يُدْعَى لَهُ الصَّائِمُونَ فَمَنْ كَانَ مِنَ الصَّائِمِينَ دَخَلَهُ وَمَنْ دَخَلَهُ لَمْ يَظْمَأْ أَبَدًا ).[٣] واتە: بەهەشت دەروازەیەكی هەیە پێی

---

[١] بوخاری (١٩٣٠)، موسلیم (١٩٤٤).
[٢] موسلیم (١١٥١)، ترمذي (٦٩٦)، نەسائی: (٣٢٣٤)،ئەحمەد (٩٢٢٥).
[٣] بوخاری (٣٠٣٦)، موسلیم (١٩٥٤).

دەوترێت ڕەییان، کە رۆژووەوانان لێیەوە دەچنە ناو بەهەشتەوە، هەر کەسێك لە رۆژووەوانان بێت دەچێتە ژوورەوە، هەر کەسێکیش چووە ژوورەوە ئیتر تینووی نابێت.

٨١- ترمذيی لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (فَطَّرَ صَائِمًا كَانَ لَهُ مِثْلُ أَجْرِهِ، غَيْرَ أَنَّهُ لَا يَنْقُصُ مِنْ أَجْرِ الصَّائِمِ شَيْئًا).[١] واتە: هەر کەسێك خۆراکی بەربانگی رۆژووەوانێك بدات، وەکو ئەو پاداشت وەردەگرێت، بێ ئەوەی هیچ لە پاداشتی رۆژووەوانەکە کەم بێتەوە.

٨٢- لە (الاوسط) دا لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (اغْزُوا تَغْنَمُوا، وَصُومُوا تَصِحُّو، وَسَافِرُوا تَسْتَغْنُوا).[٢] واتە: جیهاد بکەن دەستکەوتتان دێتە دەست، رۆژوو بگرن تەندروست دەبن، سەفەر بکەن بێنیاز دەبن. پێویستیتان نامێنێت.

٨٣- بوخاری لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (مَنْ صَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ).[٣] واتە: هەرکەسێ: ئیماندارانە و لەبەرخاتری خوا رۆژووی ڕەمەزان بگرێت، خوای گەورە لەگوناهەکانی پێشووی دەبورێت.

٨٤- بوخاری و موسلیم و مالیك و نەسائی لە ئەبوهورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (إِذَا دَخَلَ رَمَضَانُ فُتِّحَتْ أَبْوَابُ الجَنَّةِ،

---

[١] ترمذي (١٦٢٩) دەشفەرمویٚ: (حسن صحيح)، نەسائی: (٣٣٣١)، ئیبنوماجە (١٧٤٦)، ئەحمەد (١١٤/٤، ١١٦)، داریمی (٤٣٢/١ ژ ١٦٥٤)، بەیهیقی (٢٤٠/٤). ئەلبانی لە (صحيح الجامع/ ٦٤١٥) دا بە سەحیحی داناوە.

[٢] طەبەرانی: (الأوسط ١٧٤/٨)، عەقیلی: (الضعفاء الكبير ٢ /٩٢). ئەلبانی لە (سلسلة الأحاديث الضعيفة/ ٢٥٣ و ٥١٨٨)دا بە زەعیفی داناوە.

[٣] بوخاری (٣٨)، موسلیم (٧٦٠).

وَغُلِّقَتْ أَبْوَابُ جَهَنَّمَ، وَسُلْسِلَتِ الشَّيَاطِينُ).[١] واته: كه رەمەزان دێت دەروازەكانی بەهەشت والآ دەكرێن و دەروازەكانی دۆزەخ دادەخرێن و شەیتانەكان زنجیر بەند دەكرێن.

٨٥- ترمذي لە ئوم عومارەی كچی كەعبی ئەنصارییەوە خوا لێیان ڕازی بێت: (الصَّائِمُ إِذَا أَكَلَ عِنْدَهُ الْمَفَاطِيرُ صَلَّتْ عَلَيْهِ الْمَلَائِكَةُ).[٢] واته: ئەگەر كەسانی تر لای ڕۆژووەوان بەربانگ بكەنەوە، فریشتە دوعای خێری بۆ دەكەن.

٨٦- بوخاری و موسلیم و ئەبوداوود و مالیك لە ئیبنوعومەرەوە خوا لێیان ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (أَنَّ رِجَالًا مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أُرُوا لَيْلَةَ الْقَدْرِ فِي الْمَنَامِ فِي السَّبْعِ الْأَوَاخِرِ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَأَرَى رُؤْيَاكُمْ قَدْ تَوَاطَأَتْ فِي السَّبْعِ الْأَوَاخِرِ).[٣] واته: چەند كەسێك لە یاوەرانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە خەونیاندا شەوی قەدریان بۆ دیاریكرا كە لە حەوت شەوەكەی كۆتایی ڕەمەزاندایە، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: دەبینم خەونی هەمووتان حەوت شەوەكەی دوایی دیاری دەكات، هەر كەسێك دەخوازێت شەوی قەدری بە نسیب ببێت با لە حەوت شەوەكی كۆتایی ڕەمەزان دا بۆی بگەڕێت.

---

[١] بوخاری (٣٢٧٧)، موسلیم (١٠٧٩).

[٢] ترمذي (٧١٤) دەشفەرمووێ (حسن صحيح)، نەسائی: السنن الكبرى (٤٣/١)، ئیبنوماجە(١٧٣٨)، داریمی (١٦٩٣)، ئەحمەد (٢٦٤٣٣)، بەیهیقی: السنن الكبرى (٧٨٦٦)، ئیبنو خوزەیمە (٢٠٠٦)، ئیبنوحیببان (٣٥١٢)، طەبەرانی: المعجم الكبير (٢٠٦١٦).

[٣] بوخاری (١٩١١)، موسلیم (١٩٨٥).

# ڕوکنی پێنجەم

# ﴿حەج﴾

## بڕگەی یەکەم

### سەرنجێکی گشتی لەحەج:

**١- حەجکردن ئەنجامدانی کۆمەڵێك ڕەفتاری ڕەمزیانەیە کە بە کۆمەڵی ئوممەتیانە نیشان دەدرێت:** حەج ڕەمزی خۆ تەسلیم کردنە بە خوای گەورەو وەڵامدانەوەی بانگهێشتی خوای گەورەیە کە بە هۆی پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گەیشتووەو ئامادەیی دەربڕیووە کە وەکو فەرمانی خوایی جێبەجێی دەکات، جا لە مانای ڕەفتارەکان بگات یان نا. بەڵام لەوە دڵنیایە کە تەوافی کەعبەو وەستانی لە کێوی عەرەفات و هەروەلەی نێوان صەفاو مەرواو موو تاشین یان کورتکردنەوەی قژو ڕەفتارەکانی تری حەجکردن هەموویان نیشانەی قبوڵکردنی دینەکەی خواو تەسلیمبوونن پێی، لەگەڵ دەربڕینی گوێڕایەڵی و ملکەچی تەواویی عەبدایەتی لە ڕاپەڕاندنیاندا..

لە لایەکی ترەوە حەج پەیوەست بوونەوەیە بە سیرەو سوننەتی سەیدنا ئیبراهیم عَلَيهِ السَّلَام کە باوکی ئەم ئوممەتە موسوڵمانەیە. ئێمەش تەوافی ئەو ماڵە دەکەین کە جەنابی بۆ خواپەرستی لە مەککە دروستی کرد. ئێمە ئەو دروشمانەی خوا پەرستی دەکەینەوە کە جەنابی و شوێنکەوتووانی کردوویانە.

حەج ڕەمزی یەك ئوممەتی موسوڵمانانە. هەستکردنە بە یەك ئینتمایی عەقائیدیی. ئەم هەموو خەڵکە موسوڵمانەی لە توخم و ڕەنگ و زمان و ناوچەیاندا جیاوازن، بەڵام (عەقیدە و عیبادەت و شەریعەت)ی خوایی یەکیخستوون.

**٢- حەجکردن دیمەنێکی کردەوەییانەی زۆر لە ڕێساکانی ئیسلامە:**

- نیشانەی برایەتی دینی موسوڵمانە. هەموو حاجییەك لەوێ هەست دەکات کە ئەو هەموو خەڵکە جیاوازە لە ڕەنگ و زمانیاندا برای ئەمن و ئەمیش برای هەر هەموویانە.

- نیشانەی یەکسانێتی هەموو موسوڵمانانە. ، لە هەر گەل و هۆزو ناوچەو هەرێمێك بن. چەسپاندنی کردەیی یەکتر ناسینەکەیە، کە خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی: (وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا) الحجرات/١٣واتە: کردمانن بە گەل و هۆزی جیاواز

تا یەکتری بناسن.. لە حەجدا گەورەترین یەکتر ناسین و زۆرترین و چاکترین ناسیاوێتی دێتە دیی، کە ئەندامانی جیاوازی گەلانی دونیا لە ناو خۆیاندا دروستی دەکەن.

- نیشانەی تەسلیمبوونی هەموو موسوڵمانانە بۆ یەك دەسەڵاتی سیاسی مەرکەزیی کە هەموویانی بە شەرعێتی خۆی ئاراستە کردووە.

**٣- حەج فێرگەیە. موسوڵمان بەرەو ئاستێکی باڵای ڕاقیبوون و تەقواکاریی دەبات:**

- موسوڵمان لە حەجکردنییدا بە کردەوە سەبرگرتن و ئارامی دەسەلمێنێت. چونکە دڵنیایە لەوەی کە حەجکردنیش جیهاد کردنەو پێویستە زۆر پابەندانە بە نیەت پاکیی و ئەحکامەکانی شەریعەتەوە ئەنجام بدرێت. ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت دەفەرمویٚ: (سُئِلَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، أَيُّ الأَعْمَالِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: إِيمَانٌ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ، قِيلَ: ثُمَّ مَاذَا؟ قَالَ: جِهَادٌ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، قِيلَ: ثُمَّ مَاذَا؟ قَالَ: حَجٌّ مَبْرُورٌ) بوخاری.[1] واتە: پرسیار لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرا کە چ کردەوەیەک باشترینە؟ فەرمووی: باوەڕ هێنان بە خوای گەورەو بە نێرراوەکەی. پرسییانەوە: ئەدی دوای ئەو چی؟ فەرموی: جیهاد لە پێناوی خوادا. پرسییانەوە: پاشان چی؟ فەرموی: حەج کردنێکە کە ڕاست و ڕێك ئەنجام درابێت.

- موسوڵمان لە حەجدا هەست دەکات کە شەووڕۆژ لە خواپەرستیدا دەبێت و هۆشی هەر لای خواویستی دەبێت.

---

[1] نووسەری بەڕیز هەر نوسیوێتی بوخاری. ڕاستە. بوخاری (١٥٢٠) نەسائی (١١٤/٥) ئیبنوماجە (٢٩٠).

- موسوڵمان دەزانێت كە لە حەجدا دەبێت لە كۆتا ئاستی نەرمونیانیی و سینە فراوانیی و خۆ كۆنترۆڵ كردنییدا بێت، تا لەگەڵ موسوڵمانانی تردا بە سۆزو بە بەزەییەوە ڕەفتار بكات.

- لە حەجدا موسوڵمان هەموو حەزو ئارەزووە دنیاییەكی دەبەستێتەوەو زۆر قیامەتیانە ڕەفتار دەكات.

- موسوڵمان لە حەجدا هەموو جۆرە دروشمەكانی خوا پەرستی و بۆ خواساغبوونەوە مومارەسە دەكات و دەیسەلمێنیت.

- لە حەجدا فێر دەبێت كە بەردەوام لە پێناوی خوادا ببەخشێت.. زۆر سینە فراوانانە لەوەی هەیەتی دەیداتە كەسانی تری نەدیوو نەناسیوو.

- موسوڵمان لە حەجدا فێری زبری ژیان و سەختی ڕەفتاركردن لەگەڵ خەڵكی تەبیعەت جیاوازدا دەبێت و لە چوون و هاتنەوەشیدا زۆری ناڕەحەتی دێتە ڕێ، بەڵام هەمووی لا ئاسان دەبێت مادام لە ڕێی خوادایە.

- موسوڵمان لە حەجدا فێر دەبێت كە هەرچی شت و ڕەفتارو كات و شوێنێك خوای گەورە بە مەزن و بە ڕێزی ناساندووە، ئەمیش بە مەزن و بەڕێزەوە ڕەفتاریان بەرامبەر دەنوێنێت، پێچەوانەكەشیان هەروەها.. بە چاوی سووكەوە دەڕوانێتە شت و ڕەفتارانێك كە خوای گەورە دەیانبوغزێنێت، لە هەر كات و شوێنێكدا بن.

- موسوڵمان لە حەجدا وەلائی پاك دەبێتەوە، خواو پێغەمبەری خواو موسوڵمانانی خۆش دەوێت و هەست دەكات لەبەرەی خواویستیدایەو تەبەڕا لە دوژمنانی خوا دەكات و دۆستایەتی كەسیان ناكات.

**<u>٤- حەج لە ناخی موسوڵماندا كۆمەڵێك هەست و هۆش دەخرۆشێنێت:</u>**

- موسوڵمان له حەجدا سۆزی بۆ موسوڵمانان دەخرۆشێت، لەسەریان دەکاتەوە، پەیوەندیان لەگەڵدا دەبەستێت، هەموو پێکەوە هەست بەو واقیعە دەکەن کە نەوەی یەکەمی ئەم ئوممەتەی تێدا ژیاو بانگەوازی خوایی تێدا بڵاو کردەوە..هەست بەو هەموو ناسۆرو ژان و ئازارە دەکات کە ئەو بەڕێزانە لە بەر خاتری خوای گەورە چێشتیان تا ئەم دینەیان سەرخست.

موسوڵمان لە حەجدا هەست دەکات کە دەبێ سەر ڕاستانە دۆستایەتی بۆ موسوڵمانان بێت و دوژمنایەتیەکەی بەرامبەر دوژمنانی ئیسلام و موسوڵمانان بێت.

- هەست دەکات دەبێ سەر ڕاستانە بەڵێن بە خوای گەورە بدات کە تەنها بۆ ئەو دەژی و بۆ ئەو دەمرێت.

- هەست دەکات ماڵی دنیاو ژیان گرنگترو بەنرختر نین لە دوا ڕۆژی..بۆیە زیاتر بۆ ڕۆژی دوایی لێ دەبڕێت و هەڵپەو شەڕەپاڵی دنیایی لە خۆیدا کەم دەکاتەوە..

- هەست دەکات کە دەبێت تۆبەیەکی پاك و ڕاست بکات و پەیمان و بەیعەتی نوێ بکاتەوەو لە مەودوای جیددیتر بێت و چاکتر بۆ خواناسیی و خواپەرستیی و بانگەوازو بزاڤی خواوویستی لێببڕێت..

**<u>٥- لە هەررەفتارێك لە رەفتارەکانی حەجدا چەندین ماناو واتاو پەند هەیە</u>**، لەوانەی لە بازنەی خواناسیی و خواپەرستییدایە، یان لە بازنەی ئیقتیداکردن بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، یان لە بازنەی برایەتی دینیی و یەك ئوممەتیی و چەسپاندنی گیانی کۆمەڵکاریی دایە..

- هەر هەموو حاجییەکان پێش تەوافی روکن لە کێوی عەرەفات کۆ دەبنەوە، تا هەموویان پێکەوەو بە یەك پۆشاك و ڕەوت و بزاوتەوە بەرەو کەعبە بکەونە ڕێ. هەر هەموو پێکەوە

دەچنە کەعبەو بە مەزن ڕایدەگرن و لەوێوە بۆ (موزدەلیفە) دوای ئەوەی هەموویان تۆبەیان کردو پەیمانیان لە خوای گەورە لە کەعبە -کە ماڵی خوای گەورەیە- نوێکردەوەو بەو پەڕی پاکیی نییەت و پاڵفتەی دەروون و خاوێنی جەستەو پاکژیی پۆشاکەوە لە کەعبە دێنەدەرەوە، بەو لافاوە بەشەرییە سەلامەت و ئەمانە دەچنە (موزدەلیفە)و لەوێوە بۆ(مینا) بۆ شەیتان ڕەجمکردن و ڕاگەیاندنی دیدو هەڵوێستی خۆیان، کە هەر کەسێك دوژمنی خوای گەورە بێت دوژمنی ئەمانیشە، هەر کەسێك خوای گەورە نەیویستبێت ئەمانیش نەفرینی لێ دەکەن و ئاوا سووکی دەکەن. ئینجا بۆ قوربانیکردن و دەربڕینی سوپاسگوزاریی و ستایشی خوای گەورە لەسەر نیعمەتەکانی گۆشتی قوربانیەکانیان بەسەر خەڵکیدا دەبەخشنەوە. ئینجا سەریان دەتاشن و موو لە خۆ دەکەنەوە تا پاکتر بچنەوە ماڵی خواو تەوافی بکەن، کە نیشانەی بەرز ڕاگرتن و مەزنییەتی..مەزن ڕاگرتنی کەعبەش نیشانەی تەقواکاریی و سەر ڕاستیی دینداریتییە: (وَمَن يُعَظِّمْ شَعَائِرَ اللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى الْقُلُوبِ)الحج/٣٢ ئینجا دەچنە هەروەلەی نێوان سەفاو مەڕوا. وەکو کە دایکە بەڕێزەکەیان(خاتوو هاجەر)ی خواناس و بۆ خوا سوڵحاو کردی. کە سەرەتای دروستکردنی ماڵەکەی خوا بوو..

کاتێك موسوڵمان ئاوا تا ئێرە حەجکردنی تەواو دەکات، هەست دەکات کەسێکی تری لێدەرچووە، دەڵێی تازە لە دایکبووە..ئینجا دەچێتەوە وێزەی شەیتان و ڕەجمی دەکاتەوە، تا بەڵێن تازە بکاتەوە کە هەر بە چاوی دوژمنداریێتی دەیڕوانێتێ و گوێڕایەڵی ناکات، چونکە ئەوە دوژمنی سەرەکی و دوژمنی ئەوەڵ و ئاخیرمانە..

**<u>٦- حەج گێڕانەوەی موسوڵمانە بۆ مەڵبەندی یەکەمی ئیسلامەتی و ساحەی یەکەمی بانگەوازە خواییەکە:</u>** چوونەوەیە بۆ ئەو دەشت و دەرو شارو لادێیانەی پێشەوایانی بەڕێزمان سەیدنا ئیبراهیم و سەییدنا محمد عَلَيهما الصَّلاةُ وَ السَّلَام پێیدا هاتن و چوون و یەکخواپەرستییان تێدا چەسپاند..ئەمەش زۆر گرنگە..ئەمە لە ناخی موسوڵماندا ئەو هەستە بەهێز دەکات کە موسوڵمانان لە هەر کوێیەکی ئەم سەر زەمینە بژین، مەڵبەندی

سەرەکی هەموویان ئێرەیە، ئێرە قیبلەکەیانە، کە هەموو پێکەوە ڕووی تێدەکەن، ئەمە تاکە ئاڕاستەیانە، لێرەدا پاك دەبنەوەو لێرەشەوە بەیعەت بە خوای خۆیان دەدەنەوە. ئەو کەسەی حەجکردنەکە بە واقیعی ئەنجام دەدات و دەچێتەوە ئەو شوێنە پیرۆزانەی ئەو دوو پێغەمبەرە پێشەوایانەمان عَلَيهما الصَّلاةُ وَ السَّلَام، دایانمەزراندووە و کردوویانە بە مەڵبەندی تەوحید، ئەو کەسەی دەچێتەوە ئەوێ و بە کردەوە تەوحیدەکە دەسەلمێنێت و دەچەسپێنێت شتێکی تر لە ناخیدا، لە دڵ و هزرو ویژدانییدا، لە هەست و هۆشییدا دەخرۆشێت..ئەم کەسە وەکو جارانی نیە، کە تێوریانە دەیڕوانیە حەج و حەجکردن..حەتمەن حەج لای ئەم کەسە شتێکی ترە، غەیری ئەوەی کە تەنها لە ڕووی تێورییەوە لای چەسپاوە..

- ئیمامی ئەحمەد و طەبەرانی لە(المعجم الكبير)ەکەیدا لە (ئەبوالطفیل)ەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕنەوە کە بە ئیبنوعەبباسی خوا لێیان ڕازی بێت فەرموو:(قُلْتُ لِابْنِ عَبَّاسٍ: يَزْعُمُ قَوْمُكَ أَنَّهُ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سَعَى بَيْنَ الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ، وَأَنَّ ذَلِكَ سُنَّةٌ؟ قَالَ: صَدَقُوا، إِنَّ إِبْرَاهِيمَ لَمَّا أُمِرَ بِالْمَنَاسِكِ، اعْتَرَضَ لَهُ الشَّيْطَانُ، فَسَابَقَهُ، فَسَبَقَهُ إِبْرَاهِيمُ، ثُمَّ ذَهَبَ بِهِ جِبْرِيلُ إِلَى جَمْرَةِ الْعَقَبَةِ، فَعَرَضَ لَهُ شَيْطَانٌ، فَرَمَاهُ بِسَبْعِ حَصَيَاتٍ، حَتَّى ذَهَبَ، ثُمَّ عَرَضَ لَهُ عِنْدَ الْجَمْرَةِ الْوُسْطَى فَرَمَاهُ بِسَبْعِ ثُمَّ تَلَّهُ (أي تَلَّ إبراهيمُ إسماعيل) لِلْجَبِينِ، وَعَلَى إِسْمَاعِيلَ قَمِيصٌ أَبْيَضُ، وَقَالَ: يَا أَبَتِ، إِنَّهُ لَيْسَ لِي ثَوْبٌ تُكَفِّنُنِي فِيهِ غَيْرُهُ، فَاخْلَعْهُ حَتَّى تُكَفِّنَنِي فِيهِ، فَعَالَجَهُ لِيَخْلَعَهُ، فَنُودِيَ مِنْ خَلْفِهِ: أَنْ يَا إِبْرَاهِيمُ، قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا، فَالْتَفَتَ إِبْرَاهِيمُ، فَإِذَا هُوَ بِكَبْشٍ أَبْيَضَ، أَقْرَنَ أَعْيَنَ، قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: لَقَدْ رَأَيْتُنَا نَبِيعُ هَذَا الضَّرْبَ مِنَ الْكِبَاشِ، قَالَ: ثُمَّ ذَهَبَ بِهِ جِبْرِيلُ إِلَى الْجَمْرَةِ الْقُصْوَى، فَعَرَضَ لَهُ الشَّيْطَانُ، فَرَمَاهُ بِسَبْعِ حَصَيَاتٍ حَتَّى ذَهَبَ، ثُمَّ ذَهَبَ بِهِ جِبْرِيلُ إِلَى مِنًى، قَالَ: هَذَا مِنًى، مُنَاخُ النَّاسِ، ثُمَّ أَتَى بِهِ جَمْعًا، فَقَالَ: هَذَا الْمَشْعَرُ الْحَرَامُ، ثُمَّ ذَهَبَ بِهِ إِلَى عَرَفَةَ، هَلْ تَدْرِي لِمَ سُمِّيَتْ

عَرَفَةَ؟ قُلْتُ: لَا، قَالَ: إِنَّ جِبْرِيلَ قَالَ لِإِبْرَاهِيمَ عَرَفْتَ، قَالَ: نَعَمْ، فَمِنْ ثَمَّ سُمِّيَتْ عَرَفَةَ، ثُمَّ قَالَ: هَلْ تَدْرِي كَيْفَ كَانَتْ التَّلْبِيَةُ؟ قُلْتُ: وَكَيْفَ كَانَتْ؟ قَالَ: إِنَّ إِبْرَاهِيمَ لَمَّا أُمِرَ أَنْ يُؤَذِّنَ فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ، خَفَضَتْ لَهُ الْجِبَالُ رُءُوسَهَا، وَرُفِعَتْ لَهُ الْقُرَى، فَأَذَّنَ فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ).[١]

واتە: قەومەكەت پاڵانتەی ئەوە دەكەن كە هەروەڵەی نێوان سەفاو مەروا سوننەتە چونكە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وایكردووە. ئیبنوعەبباس فەرمووی: ڕاست دەكەن كاتێك ئیبراهیم عَلَيهِ السَّلَام فەرمانی پێدرا شەیتان هاتە سەر ڕێی، ئیبراهیم گوێی نەدایە تەشریفی برد بۆ(حجرة العقبة)شەیتان هاتە سەر ڕێی، ئیبراهیم حەوت بەردووچكەی تێگرت تارۆیشت، پاشان لە(الحجرة الوسطى) هاتەوە سەر ڕێی، لەوێش

---

[١] نووسەری بەڕێز نوسیوێتی: (ئیمامی ئەحمەد و طەبەرانی لە(المعجم الكبير). ئەحمەد (٢٧٠٢)، طەبەرانی لە: (الكبير/١٠٦٢٨). هەیثەمی لە: (مجمع الزوائد/١٣٧٥٩)، بەیهیقی لە: (السنن الكبرى/٨٤٧٢) عەللامە ئەحمەد شاكر رحمه‌الله كە فەرموودەكانی مەسنەدی ئیمامی ئەحمەدی تەحقیق كردووە، دەربارەی ئەم فەرموودەیە دەفەرموێ: إسناده صحيح. دەقی هەموو فەرموودەكە:(عَنْ أَبِي الطُّفَيْلِ، قَالَ: قُلْتُ لِابْنِ عَبَّاسٍ: يَزْعُمُ قَوْمُكَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، رَمَلَ بِالْبَيْتِ، وَأَنَّ ذَلِكَ سُنَّةٌ. فَقَالَ: صَدَقُوا وَكَذَبُوا. قُلْتُ: وَمَا صَدَقُوا وَكَذَبُوا؟ قَالَ: صَدَقُوا، رَمَلَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِالْبَيْتِ، وَكَذَبُوا، لَيْسَ بِسُنَّةٍ، إِنَّ قُرَيْشًا قَالَتْ: زَمَنَ الْحُدَيْبِيَةِ: دَعُوا محمدا وَأَصْحَابَهُ حَتَّى يَمُوتُوا مَوْتَ النَّغَفِ، فَلَمَّا صَالَحُوهُ عَلَى أَنْ يَقْدَمُوا مِنَ العَامِ الْمُقْبِلِ، يُقِيمُوا بِمَكَّةَ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ، فَقَدِمَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَالْمُشْرِكُونَ مِنْ قِبَلِ قُعَيْقِعَانَ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لِأَصْحَابِهِ: «ارْمُلُوا بِالْبَيْتِ ثَلَاثًا»، وَلَيْسَ بِسُنَّةٍ. قُلْتُ: وَيَزْعُمُ قَوْمُكَ أَنَّهُ طَافَ بَيْنَ الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ عَلَى بَعِيرٍ، وَأَنَّ ذَلِكَ سُنَّةٌ. فَقَالَ: صَدَقُوا وَكَذَبُوا. فَقُلْتُ: وَمَا صَدَقُوا وَكَذَبُوا؟ فَقَالَ: صَدَقُوا، قَدْ طَافَ بَيْنَ الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ عَلَى بَعِيرٍ، وَكَذَبُوا، لَيْسَ بِسُنَّةٍ، كَانَ النَّاسُ لَا يُدْفَعُونَ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ، وَلا يُصْرَفُونَ عَنْهُ، فَطَافَ عَلَى بَعِيرٍ لِيَسْمَعُوا كَلَامَهُ، وَلا تَنَالُهُ أَيْدِيهِمْ. قُلْتُ: وَيَزْعُمُ قَوْمُكَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سَعَى بَيْنَ الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ، وَأَنَّ ذَلِكَ سُنَّةٌ؟ قَالَ: صَدَقُوا، إِنَّ إِبْرَاهِيمَ لَمَّا أُمِرَ بِالْمَنَاسِكِ، عَرَضَ لَهُ الشَّيْطَانُ عِنْدَ الْمَسْعَى فَسَابَقَهُ، فَسَبَقَهُ إِبْرَاهِيمُ، ثُمَّ ذَهَبَ بِهِ جِبْرِيلُ إِلَى جَمْرَةِ الْعَقَبَةِ، فَعَرَضَ لَهُ شَيْطَانٌ - قَالَ يُونُسُ: الشَّيْطَانُ - فَرَمَاهُ بِسَبْعِ حَصَيَاتٍ، حَتَّى ذَهَبَ، ثُمَّ عَرَضَ لَهُ عِنْدَ الْجَمْرَةِ الْوُسْطَى فَرَمَاهُ بِسَبْعِ حَصَيَاتٍ، قَالَ: قَدْ تَلَّهُ لِلْجَبِينِ - قَالَ يُونُسُ: وَثَمَّ تَلَّهُ لِلْجَبِينِ - وَعَلَى إِسْمَاعِيلَ قَمِيصٌ أَبْيَضُ، وَقَالَ: يَا أَبَتِ، إِنَّهُ لَيْسَ لِي ثَوْبٌ تُكَفِّنُنِي فِيهِ غَيْرُهُ، فَاخْلَعْهُ حَتَّى تُكَفِّنَنِي فِيهِ، فَعَالَجَهُ لِيَخْلَعَهُ).

حەوت بەردووچکەی تری تێگرت، پاشان ئیسماعیلی کوڕی بە دەمدا پاڵخست (تاسەری ببڕێت)، ئیسماعیل کراسێکی سپی لە بەردا بوو، عەرزی باوکی کرد کە کراسەکەم لە بەر دانێ تا بە پاکی بمێنێت(خوێناوی نەبێت) تا دواتر بیکەیتە کفنم، ئیبراهیم کە دەستی برد کراسەکەی لە بەر داکەنێت، لە پشتیانەوە بانگ کرا کە ئیبراهیم ڕاستت کرد و خەونەکەت هێنایەدی. ئیبراهیم کە ئاوڕی دایەوە بەرانێکی سپی قۆچداری بینی. ئینبوعەبباس دەفەرموێ: ئێستاش دەبینیت کە ئێمەش خولیای ئەو جۆرە بەرانەین(تا بیکەینە قوربانی). دەفەرموێ پاشان ڕۆیشتن جبریل(جوبرەئیل) بردنی بۆ (الحجرة القصوی) دیسان شەیتان هاتەوە ڕێی و دیسان جەنابی عَلَيهِ السَّلَام بە حەوت بەردووچکەی تر ڕەجمی کرد، پاشان جبریل بردی بۆ مینا(مِنی)، پێی فەرموو: ئێرە مینایە. شوێنی گردبوونەوی حاجیان، پاشان بردی بۆ سەر کێوەکە و پێی فەرموو: ئێرەش(المِشعَر الحرام)ە، پاشان بردی بۆ کێوی عەرەفات(عەرەفە) دەزانیت بۆچی پێی وتراوە عەرەفات؟ عەرزم کرد: نەخێر، فەرمووی، چونکە جیبریل لە سەیدنا ئیبراهیمی پرسی: (هل عرفت) ئایا زانیت؟ فەرمووی: بەڵێ، ئیتر ناونراوە عەرەفە، ئەوی دەزانێت (تەلبیە) واتە ووتنی: (لَبَّيكَ اللّهُمَّ لَبَّيكَ) چۆن داهات؟ عەرزم کرد چۆن بوو؟ فەرمووی: کە فەرمان درا بە ئیبراهیم خەڵکی بۆ حەجکردن بانگهێشت بکات، سەری چیاکان نزم بوونەوە و گوند و ناوچەکان بەرز دەرکەوتن، ئاوا خەڵکی بانگهێشتی حەج کرد.

- هەروەها حەجکردن بۆ کەسانێکی قیامەت خواز گرنگە کە ئاواتیان دێنێتە دی:

طەبەرانی لە (الكبیر) لە ئیبنوعەمری کوڕی عاصەوە خوا لێیان ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە دەیفەرموو: (تەوافی ئەم ماڵەی خوای گەورە بکەن و دەست بگەێننە ئەو بەردە(بەردە ڕەشی کەعبە) ئەمە دوو بەرد بوون لە بەهەشتەوە نێررابوونە خوارێ، یەکیان هەڵگیرایەوە (برایەوە بۆ ئاسمان)، حەتمەن ئەوی تریشیان هەڵدەگێریتەوە، ئەگەر

وانەبوو، با هەر كەسێك بەلای گۆڕەكەمدا تێپەڕی بڵێ: ئەمە گۆڕی عبدالله ی كوری عەمرە كە درۆزن بوو..

- بەززار و طەبەرانی لە (الكبیر)دا لە ئیبنوعومەرەوە خوا لێیان ڕازی بێت دەگێڕنەوە: (أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَتَاهُ فِي مَسجِدِ مِنًى رَجُلٌ مِنَ الأَنْصَارِ وَرَجُلٌ مِنْ ثَقِيفٍ، فَقَالا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، جِئْنَا نَسْأَلُكَ، فَقَالَ: "إِنْ شِئْتُمَا أَخْبَرْتُكُمَا بِمَا جِئْتُمَا تَسْأَلانِي عَنْهُ. وَإِنْ شِئْتُمَا أَنْ أَمْسِكَ وَتَسْأَلانِي. فَقَالا: " أَخْبِرْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ" فَقَالَ لِلأَنصَارِيِّ: جِئتَنِي تَسأَلُنِي عَن مَخرَجِكَ مِن بَيتِكَ تَؤُمُّ البَيتَ الحَرَامَ وَمَا لَكَ فِيهِ، وَعَن رَكعَتَيكَ بَعدَ الطَّوَافِ وَمَا لَكَ فِيهِمَا، وَعَن طَوَافِكَ بَينَ الصَّفَا وَالمَروَةِ وَمَا لَكَ فِيهِ، وَعَن وُقُوفِكَ عَشِيَّةَ عَرَفَةَ وَمَا لَكَ فِيهِ، وَعَن رَمِيكَ الجِمَارَ وَمَا لَكَ فِيهِ، وَعَن نَحرِكَ وَمَا لَكَ فِيهِ، وَعَنْ حَلْقِكَ رَأْسَكَ وَمَالُكَ فِيهِ، وَعَنْ طَوَافِكَ بِالْبَيْتِ بَعْدَ ذَلِكَ وَمَالُكَ فِيهِ قَالَ: وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ نَبِيًّا لَعَنْ هَذَا جِئْتُ أَسْأَلُكَ. قَالَ: "فَإِنَّكَ إِذَا خَرَجْتَ مِنْ بَيْتِكَ تَؤُمُّ الْبَيْتَ الْحَرَامَ فَلَا تَضَعُ نَاقَتُكَ خُفًّا وَلَا تَرْفَعُهُ إِلَّا كَتَبَ اللَّهُ لَكَ حَسَنَةً وَمَحَا عَنْكَ بِهِ خَطِيئَةً، وَأَمَّا رَكَعَاتُكَ بَعْدَ الطَّوَافِ فَعِتْقُ رَقَبَةٍ مِنْ وَلَدِ إِسْمَاعِيلَ، وَأَمَّا طَوَافُكَ بِالصَّفَا وَالْمَرْوَةَ فَكَعِتْقِ سَبْعِينَ رَقَبَةً، وَأَمَّا وُقُوفُكَ عَشِيَّةَ عَرَفَةَ فَإِنَّ اللَّهَ تَعَالَى يَهْبِطُ إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا فَيُبَاهِي بِهِمُ الْمَلَائِكَةَ، يَقُولُ: هَؤُلَاءِ عِبَادِي جَاءُونِي شُعْثًا وَغُبْرًا مِنْ كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ يَرْجُونَ جَنَّتِي، فَلَوْ كَانَتْ ذُنُوبُكُمْ كَعَدَدِ الرَّمْلِ، أَوْ كَقَطْرِ الْمَطَرِ، أَوْ كَزَبَدِ الْبَحْرِ لَغَفَرْتُهَا، أَفِيضُوا عِبَادِي مَغْفُورًا لَكُمْ، وَلِمَنْ شَفَعْتُمْ لَهُ، وَأَمَّا رَمْيُكَ الْجِمَارَ فَلَكَ بِكُلِّ حَصَاةٍ رَمَيْتَهَا تَكْفِيرُ كَبِيرَةٍ مِنَ الْمُوبِقَاتِ. وَأَمَّا نَحْرُكَ فَمَذْخُورٌ لَكَ عِنْدَ رَبِّكَ، وَأَمَّا حِلاقُكَ رَأْسَكَ فَلَكَ بِكُلِّ شَعْرَةٍ حَلَقْتَهَا حَسَنَةٌ وَمَحَا عَنْكَ خَطِيئَةً، وَأَمَّا طَوَافُكَ بِالْبَيْتِ بَعْدَ ذَلِكَ فَإِنَّكَ تَطُوفُ وَلَا ذَنْبَ لَكَ يَأتي مَلَكٌ حَتى يَضَعَ يَدَيهِ بَينَ كَتِفَيكَ فَيَقُولُ: اِعمَلْ فِيمَا تَستَقبِلُ فَقَد غُفِرَ لَكَ مَا مَضَى).[١] واتە: كابرایەكی ئەنصاری و

[١] نووسەری بەڕێز نوسیوێتی: (مونزیری لە ڕێی بەززارەوە دەفەرموێ: ڕێگایەكی باشی گێڕانەوەیە و گێڕەرەوەكانی جێمتمانەن، ئیبنو حیببانیش لە سەحیحەكەیدا گێڕاویتیەوە). ڕاستە. مونذری: (الترغیب

کابرایەکی هۆزی سەقیف هاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عەزیان کرد: ئەی پێغەمبەری خوا هاتووینەتە خزمەتت تا پرسیارت لێبکەین، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئەگەر بتانەوێت پێتان دەڵێم کە بۆچی هاتوونە و چی دەپرسن؟ ئەگەر حەزیش بکەن بێدەنگ دەبم و پرسیارەکەتان بکەن. عەرزیان کرد: ئەی پێغەمبەری خوا فەرموو پێمان بفەرموو پرسیارەکەمان چیە؟ بە ئەنصاریەکەی فەرموو: تۆ بۆ ئەوە هاتوویت تا لەوە بپرسیت کە لە ماڵ هاتیتە دەرێ و چوویتە کەعبە و تەوافت کرد پاداشتت چی دەبێت؟ پاشان پاداشتی ئەو دوو ڕکاتەت کە لە دوای تەواف کردت

---

والترهيب/ ١١١٢)، شێخی ئەلبانی رحمەالله لە: (صحيح الترغيب والترهيب)دا دەفەرموێ (حسن لغيره). ئەمەش دەقی هەموو فەرموودەکەیە: (وَعَنِ ابنِ عُمَرَ رَضِيَ اللهُ عَنهُمَا قَالَ: كُنتُ جَالِسًا مَعَ النَّبيِّ فِي مَسجِدِ مِنًى، فَأَتَاهُ رَجُلٌ مِنَ الأَنصَارِ وَرَجُلٌ مِن ثَقِيفٍ، فَسَلَّمَا ثم قَالا: يَا رَسُولَ اللهِ، جِئنَا نَسأَلُكَ، فَقَالَ: (إِنْ شِئتُمَا أَخبَرْتُكُمَا بما جِئتُمَا تَسأَلانِي عَنهُ فَعَلتُ، وَإِنْ شِئتُمَا أَن أُمسِكَ وَتَسأَلانِي فَعَلتُ)، فَقَالا: أَخبِرْنَا يَا رَسُولَ اللهِ، فَقَالَ الثَّقَفِيُّ لِلأَنصَارِيِّ: سَلْ، فَقَالَ: أَخبِرْنِي يَا رَسُولَ اللهِ، فَقَالَ:(جِئتَنِي تَسأَلُنِي عَن مَخرَجِكَ مِن بَيتِكَ تَؤُمُّ البَيتَ الحَرَامَ وَمَا لَكَ فِيهِ، وَعَن رَكعَتَيكَ بَعدَ الطَّوَافِ وَمَا لَكَ فِيهِمَا، وَعَن طَوَافِكَ بَينَ الصَّفَا وَالمَروَةِ وَمَا لَكَ فِيهِ، وَعَن وُقُوفِكَ عَشِيَّةَ عَرَفَةَ وَمَا لَكَ فِيهِ، وَعَن رَميِكَ الجِمَارَ وَمَا لَكَ فِيهِ، وَعَن نَحرِكَ وَمَا لَكَ فِيهِ مَعَ الإِفَاضَةِ)، فَقَالَ: وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالحَقِّ لَعَن هَذَا جِئتُ أَسأَلُكَ، قَالَ: (فَإِنَّكَ إِذَا خَرَجتَ مِن بَيتِكَ تَؤُمُّ البَيتَ الحَرَامَ لا تَضَعُ نَاقَتُكَ خُفًّا وَلا تَرفَعُهُ إِلاَّ كَتَبَ اللهُ لَكَ بِهِ حَسَنَةً وَمَحَا عَنكَ خَطِيئَةً، وَأَمَّا رَكعَتَاكَ بَعدَ الطَّوَافِ كَعِتقِ رَقَبَةٍ مِن بَنِي إِسمَاعِيلَ عَلَيهِ السَّلامُ، وَأَمَّا طَوَافُكَ بِالصَّفَا وَالمَروَةِ كَعِتقِ سَبعِينَ رَقَبَةً، وَأَمَّا وُقُوفُكَ عَشِيَّةَ عَرَفَةَ فَإِنَّ اللهَ يَهبِطُ إِلَى سَمَاءِ الدُّنيَا فَيُبَاهِي بِكُمُ المَلائِكَةَ، يَقُولُ: عِبَادِي جَاؤُونِي شُعثًا مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ يَرجُونَ جَنَّتِي، فَلَو كَانَت ذُنُوبُكُم كَعَدَدِ الرَّملِ أَو كَقَطرِ المَطَرِ أَو كَزَبَدِ البَحرِ لَغَفَرتُهَا، أَفِيضُوا عِبَادِي مَغفُورًا لَكُم وَلِمَن شَفَعتُم لَهُ، وَأَمَّا رَميُكَ الجِمَارَ فَلَكَ بِكُلِّ حَصَاةٍ رَمَيتَهَا تَكفِيرُ كَبِيرَةٍ مِنَ المُوبِقَاتِ، وَأَمَّا نَحرُكَ فَمَذخُورٌ لَكَ عِندَ رَبِّكَ، وَأَمَّا حِلاقُكَ رَأسَكَ فَلَكَ بِكُلِّ شَعرَةٍ حَلَقتَهَا حَسَنَةٌ وَيُمحَى عَنكَ بِها خَطِيئَةٌ، وَأَمَّا طَوَافُكَ بِالبَيتِ بَعدَ ذَلِكَ فَإِنَّكَ تَطُوفُ وَلا ذَنبَ لَكَ، يَأتِي مَلَكٌ حَتى يَضَعَ يَدَيهِ بَينَ كَتِفَيكَ فَيَقُولُ: اِعمَلْ فِيمَا تَستَقبِلُ فَقَد غُفِرَ لَكَ مَا مَضَى).

چەندە؟ هەروەها تەوافەکەی سەفاو مەروات(هەروەلەکردنی نێوانیان) ئایا پاداشتی چەندە؟ ئینجا پاداشتی ڕاوەستانت لە چیای عەرەفات و پاداشتی شەیتان ڕەجم کردنت، هەروەها پاداشتی قوربانیکردنەکەت و سەرتاشینەکەت، ئینجا تەواف کردنەوەت بە دەوری کەعبەدا کە ئایا پاداشتی چەندە؟ ئەنصاریەکە عەرزی کرد: قەسەم بەو خوایەی بە پێغەمبەرێتی ناردووتی هەر بۆ ئەم پرسیارانە هاتمە خزمەتت. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێی فەرموو: دەسا بزانە کە هەر لەو ساتەوە لە ماڵ دەرچوویت و بەرەو ماڵی خوا بە ڕێکەوتوویت، بە هەر هەنگاوێکی حوشترەکەت خوای گەورە چاکەی بۆ نووسیویت، و گوناحی لێ هەڵوەراندوویت..ئەمما پاداشتی دوو ڕکات نوێژی دوای تەواف کردنەکەت، ئەوە وەکو ئازادکردنی کۆیلەیەکی بەنوئیسماعیلە (واتە عەرەبی خانەدان کە کراوە بە کۆیلە)، ئەمما تەوافەکەی نێوان سەفاو مەروات ئەوە وەکو ئازادکردنی حەفتا کۆیلەیە، ئەوە وەستانەکەی ئێوارەت لە چیای عەرەفات، ئەوە خوای گەورە بۆی دێتە خوارێ بۆ ئاسمانی یەکەم و لە ناو فریشتەکاندا شانازییان پێوە دەکات (بە وەستانی حاجیانەوە لە کێوی عەرەفات) و دەفەرموێ: ئەوەتا بەندەکانم بە کوڵکنی تۆزو خۆڵاویی لە هەموو لایەکەوە هاتوونەتە حەج و ئومێدی بە دەستهێنانی بەهەشتەکەی منیان هەیە، دەسا ئەگەر گوناحەکانتان بە قەدەر لم و دڵۆپەی باران و کەفی دەریا بێت وا لێتان خۆش بووم، لە ڕەوتی حەج کردنتاندا بەردەوام بن ئەوا لە خۆشتان خۆشبووم و لەوانەش کە ئێوە دوعاو تکاتان بۆ کردوون. ئەمما شەیتان ڕەجم کردنەکەت، لەگەڵ هەڵدانی هەر بەردووچکەیەکیاندا گوناحێکت لە گوناحە گەورەکان (الکبائر) لێ هەڵوەریوە، ئەمما قوربانی کردنەکەت، ئەوە زەخیرەتە و لای خوای گەورە دانراوە، ئەمما مووتاشینەکەت، ئەوە بە هەر موویەکت کە تاشیوتە چاکەیەکت بۆ نووسراوە و گوناحێکت لێ سڕاوەتەوە، ئەمما تەواف کردنەکەت دوای ئەوە بە دەوری، تا دەگاتە ئەوەی فریشتەیەك دەست دەدات لە ناو شانت و دەفەرموێ: لە مەودوا چی دەکەیت بیکە چونکە هەموو گوناحەکانی ڕابردووت سڕاوەتەوەو بەر لێخۆشبوون کەوتوویت..

- له ئیبنو مەسعودەوە خوا لێی ڕازی بێت بە(مەرفوع)ی هاتووە کە دەیفەرموو: (تَابِعُوا بَيْنَ الْحَجِّ وَالْعُمْرَةِ فَإِنَّهُمَا يَنْفِيَانِ الذُّنُوبَ كَمَا يَنْفِي الْكِيرُ خَبَثَ الْحَدِيدِ وَالذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَلَيْسَ لِحَجَّةٍ مَبْرُورَةٍ ثَوَابٌ إِلاَّ الْجَنَّةُ، وَمَا مِنْ مُؤْمِنٍ يَظَلُّ يَوْمَهُ مُحْرِمًا إِلاَّ غَابَتِ الشَّمْسُ بِذُنُوبِهِ).[١] واتە: حەج و عومرە پێکەوە بکەن چونکە هەردووکیان گوناح دەپروکێنن هەروەکو کە موشەدەممە خڵتە و خاشاکی ئاسن و زێڕو زیوو هەڵدەپڕوکێنێت، حەجێك کە بە ڕاستی و پاکی ئەنجام درابێت پاداشتەکەی بەهەشتە و مسۆگەرە، هەر موسوڵمانێك بە ئیحرامەوە خۆری لێ ئاوا بێت خۆر گوناحی پێوە ناهێڵێت.

- له ئەبوهورەیرەشەوە خوا لێی ڕازی بێت هەر بە مەرفوعی هاتووە کە دەیفەرموو: (الْعُمْرَةُ إِلَى الْعُمْرَةِ كَفَّارَةٌ لِمَا بَيْنَهُمَا وَ الْحَجُّ الْمَبْرُوْرُ لَيْسَ لَهُ جَزَاءٌ إِلاَّ الْجَنَّةَ).[٢] واتە: عومرە بۆ عومرە مایەی سڕینەوەی گوناحی نێوانیانە، حەج کردنی پاك و ڕاستیش پاداشتەکەی بەهەشتە و مسۆگەرە..

---

[١] نووسەری ڕەحمەتی نوسیوێتی: (هەروەها ئیبنوخوزەیمە و ئیبنوحیببان گێڕاویانەتەوە، ئیمامی ترمذي دەفەرموێ: (حديث حسن صحيح). ڕاستە. نەسائی (٢٦٣١)، ئەحمەد (٣٦٦٩). ترمذي (٨١٠) فەرمووشیەتی: (حسن صحيح غريب). شێخی ئەلبانی رحمه‌الله لە: (صحيح الترغيب والترهيب/١١٠٥)دا دەفەرموێ: سەحیحە و لە: (صحيح سنن الترمذي/٨١٠) دا دەفەرموێ: حسن صحيح. عەللامە ئەحمەد شاکر لە توێژینەوەی (مسند أحمد ٥/٢٤٤)دا دەفەرموێ: إسناده صحيح. شێخ بن باز رحمه‌الله لە (حاشية بلوغ المرام: ٤٣١)دا هەر وا دەفەرموێ.. شێخ موقبیلی وادیعی رحمه‌الله لە: ( الصحيح المسند: ٨٩٧)دا دەفەرمووێ: حەسەنە..

[٢] بوخاری (١٧٧٣). موسلیم (١٣٤٩)

- لە ڕیوایەتێکی تریدا هاتووە: (مَنْ حَجَّ فَلَمْ يَرْفُثْ وَلَمْ يَفْسُقْ رَجَعَ كَمَا وَلَدَتْهُ أُمُّهُ).[١] واتە: هەر کەسێك حەج بکات و لە کاتی حەجەکەیدا ئاژاوە نەنێتەوە و گەڕەلاوژێ دروست نەکات و توشی گوناح نەبێت کە لە حەج دێتەوە وەکو ئەو ڕۆژەی دەبێت کە لە دایکبوو، واتە بێگوناح دەبێت..

- هەر لە ئەبو هورەیرەوە خوا لێی ڕازی بێت و هەر بە مەرفوعی هاتووە: (الْحُجَّاجُ وَالْعُمَّارُ وَفْدُ اللَّهِ إِنْ دَعَوْهُ أَجَابَهُمْ وَإِنِ اسْتَغْفَرُوهُ غَفَرَ لَهُمْ).[٢] واتە: حاجی و عومرەوان وەڤدی خوای گەورەن، هەرکاتێك دوعا بکەن لێیان گیرا دەکات، کە داوای لێخۆشبوونیشی لێ دەکەن لێیان خۆش دەبێت.

- کەوابوو: حەج زیندوو ڕاگرتنی گەورەترین و گرنگترین یادگاری خواییە کە مرۆڤ زانیبێتی، یادگاری ئەو خێزانە گەورە ئوممەتیەیە کە ئەو کۆبوونەوە جیهانیە بۆ خوای گەورە ئەنجام دەدات و بۆ خوا لەو شوێنە پیرۆزەدا بە تەواوی لێدەبڕێت.

حەج یادگاری ئەو خێزانە گچکە بەڕێزەیە(سەیدنا ئیبراهیم و خاتوو هاجەری شاژنی و سەیدنا ئیسماعیلی کوڕیان) کە کوڕەکەیان ئامادەیی سەرپشکانەی تەواوی خۆی دەربڕی تاببێتە قوربانی و لە پێناوی فەرمانێکی خوای گەورەدا سەربېڕرێت.

یادگاری ئەو باوکە بەڕێزەیە(عَلَيهِ السَّلَام) کە ئامادە بوو کوڕە تاقانەکەی لە پێناوی فەرمانی خوای گەورە سەر ببڕێت.

---

[١] نووسەری بەڕێز نوسیوێتی: (هەرشەشیان جگە لە ئەبوداوود). بوخاری (١٥٢١) موسلیم (١٣٥٠).

[٢] نووسەری بەڕێز نوسیوێتی: (هەروەها نەسائی و ئیبنوخوزەیمە و ئیبنوحیببان لە(سەحیح)ەکانیاندا بە زیاترەوە گێڕاویانەتەوە). نەسائی (٢٦٢٥) شێخی ئەلبانی رحمەالله لە: تەخریجی فەرموودەکانی: (مشكاة المصابيح/ ٣٥٣٦) و لە (التعليق الرغيب على الترغيب والترهيب /١٠٨/٢ و١٠٩) دا -کە هێشتا دەسنووسە- دەفەرموێ: زەعیفە.

یادگاری ئەو دایکە بەڕێزەیە، ئەو ژنە مێردداره بە قەدره کە ئەو متمانە بێ سنووره‌ی بە سەرپەرشتیارێتی خوای گەوره هەبوو کە ئەو ملکەچییەی بۆ فەرمانی مێردەکەی دەربڕی(و قبوڵی کرد بە بێکەس خۆی و کۆرپەکەی لەو بیابیانە بێرووونە چۆڵە جێبهێڵێت مادام خوای گەوره ئەو فەرمانەی پێکرد کە لەوێدا جێیان بهێڵێت)..

حەج یادگاری ئا ئەم بۆ خوا سوڵحان و پشت پێبەستنەیە..پاشان یادگاری قۆناغی دووەمی ئەم کات و شوێن و خێزانەیە کە لە قۆناغی پەیامی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەر دەکەوێتەوەو کۆمەڵێك خەڵکی ئیمانداری بەهێز موستەزعەفانە شان دەدەنە بەر ئەم بانگەوازە خواییە و خۆ لە بەرامبەر ناسۆرەکانی ڕێدا دەگرن تا دەیگەیەننە چڵە پۆپی سەرکەوتن.

- حەج تەرازووی کێشانە..ئاستی هەستی بەرپرسێتی مسوڵمانانی پێ دەکێشرێت و دەپێورێت کە تاچ ڕادەیەك بایەخ بە بارودۆخی موسوڵمانان دەدەن.. چونکە لە کات و شوێنی حەجدا زیاتر موسوڵمانان ئاگاداری بارودۆخی تاك و کۆی گەلانی ئوممەتە موسوڵمانەکە دەبنەوە کە ڕادەی هەژاری و دەوڵەمەندی و ئازادی و ژێر دەستەیی و هێزو لاوازیان چەندەو چارەسەری چۆن دەبێت.

- حەج پیك و نوێڵی ڕماندن و بنکەندکردنی هەموو دیوار و بەربەستێکە کە دوژمنانی ناوەوە و دەرەوە لە نێوان موسوڵماناندا دایانناوە، دیواری نەتەوایەتی و نیشتمانێتی، دیواری سامان و ماڵ، دیواری پلەو پایەی بەرپرسێتی، دیواری دەسەڵاتی سیاسی و باقی دیوارە شەیتانیەکانی تر..حەج هەموویان لەو نێوانەدا لا دەدات و ڕا دەدات تا موسوڵمانان سەر لە نوێ ئوممەتیانە پێك بگەنەوە..

- حەج پێش ئەمانە و دوای ئەمانەش ڕێگایەکە لە ڕێگاکانی سەرفرازیی و دەرباز بوون لە شەیتان و فاك و فیکی و خۆ گەیاندنە خوای گەورە و وەلدا بوونێتی..چونکە لە ڕاستییدا ئەو موسوڵمانەی پێش تەواف شەیتان ڕەجم دەکات و پاشان تەواف دەکات و دێتەوە دیسان شەیتان ڕەجم دەکاتەوە، ئەو ئایەتە دەسەلمێنێت و دەچەسپێنێت کە دەفەرموێ: (فَمَن يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ لَا انفِصَامَ لَهَا) البقرة/٢٥٦ واتە: هەر کەسێک کوفرانە بە طاغووت بکات (باوەڕی پیی نەبێت و شوێنی نەکەوێت) و باوەڕ بە خوای گەورە بهێنێت، ئەوە بە ڕاستی دەستی بە دینە بەهێزەکەی خوای گەورەوە گرتووە کە دەستلێبەردانی بە هیچ کلۆجێک نییە.



## بڕگەی دووەم

## حەج وەکو کە فەرموودە ڕوونیدەکاتەوە:

١- ئیبنوعەبباس خوا لێیان ڕازی بێت دەفەرموێ: (السُّنَّةُ لَا يُحْرِمُ بِالْحَجِّ إِلَّا فِي أَشْهُرِ الْحَجِّ)بوخاری.[1] واتە: سوننەت وایە کە ئیحرام بۆ حەجکردن هەر لە مانگەکانی حەجدا دەبێت بپۆشرێت.

٢- هەروەها دەفەرموێ:(وَقَّتَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لِأَهْلِ المَدِينَةِ ذَاالحُلَيْفَةِ، وَلِأَهْلِ الشَّأْمِ الجُحْفَةَ، وَلِأَهْلِ نَجْدٍ قَرْنَ المَنَازِلِ، وَلِأَهْلِ اليَمَنِ يَلَمْلَمَ، فَهُنَّ لَهُنَّ، وَلِمَنْ أَتَى عَلَيْهِنَّ مِنْ غَيْرِ أَهْلِهِنَّ لِمَنْ كَانَ يُرِيدُ الحَجَّ وَالعُمْرَةَ، فَمَنْ كَانَ دُونَهُنَّ، فَمُهَلُّهُ مِنْ أَهْلِهِ، وَكَذَاكَ حَتَّى أَهْلُ مَكَّةَ يُهِلُّونَ مِنْهَا).[2] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شوێنی

---

[1] نووسەری بەڕێز نوسیوێتی: بوخاری. ڕاستە بەڵام ئەوە قەوڵی ئیبنوعەبباسە خوا لێیان ڕازی بێت، کە ئیمامی بوخاری رحمەاللە لە (موعەللەقەکان)یدا دوای قەوڵی ئیبنوعومەر خوا لێیان ڕازی بێت هێناویتیەوە. کە بەم لەفزەیە: (قَالَ ابْنُ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا أَشْهُرُ الْحَجِّ شَوَّالٌ وَذُو الْقَعْدَةِ وَعَشْرٌ مِنْ ذِي الْحَجَّةِ وَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا مِنْ السُّنَّةِ أَنْ لَا يُحْرِمَ بِالْحَجِّ إِلَّا فِي أَشْهُرِ الْحَجِّ) سەحیحی بوخاری (کتاب الحج/ ٥٦٦/٣) پێش فەرموودەی ژمارە (١٤٨٥).. فەرموودەوانانی تریش هێناویانەتەوە: ئیبنوئەبی شەیبە لە: (المصنف: ٣/٧٧٧)، ئیبنوخوزەیمە (٢٥٩٦)، دارەقوطنی لە: (السنن: ٢/٢٣٣)، طەبەرانی (١٢١١٢)، حاکم (١/٦١٦) بەیهەقی (٨٩٨٠). حاکم دەفەرموێ: (صحيح على شرط الشيخين ولم يخرجاه). ئیمامی نەووەوی رحمەاللە لە (المجموع ١٤٥/٧) دا دەفەرموێ: سەحیحە. هەروەها ئیبنوکەثیر لە: (ارشاد الفقيه: ١/٣٠٨).

[2] بوخاری (١٥٢٦) موسلیم (١١٨١).

دەسپێکی ئیحرام بەستن (میقاتی) بۆ خەڵکی مەدینە دیاریکرد کە (ذَاالحُلَيْفَةِ)یە، بۆ خەڵکی شامیش (الجُحْفَةَ) بۆ خەڵکی نەجد (قَرْنَ) و بۆ خەڵکی یەمەن (يَلَمْلَمَ)ی دیاریکردو فەرمووی: ئەم شوێنانە میقاتی دانیشتوانی ئەو شوێنانەو ئەوانەن کە بە سەریاندا دێن لە غەیری خەڵکی ناوچەکان لەوانەی کە دەخوازن حەج و عومرە بکەن هەر کەسێکیش لە غەیری ئەم شوێن و خەڵکەوە بێت با خۆ لەگەڵ شوێن و خەڵکییدا بسازێنێت، خەڵکی مەککەش هەر لە شاری مەککە (لە ماڵی خۆیانەوە) ئیحرام دەبەستن.

٣- ئیبنوعومەر خوا لێیان ڕازی بێت دەگێڕێتەوە:(سُئِلَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: مَا يَلْبَسُ الْمُحْرِمُ؟ قَالَ: لَا يَلْبَسُ الْمُحْرِمُ الْقَمِيصَ، وَلَا الْعِمَامَةَ، وَلَا الْبُرْنُسَ، وَلَا السَّرَاوِيلَ، وَلَا ثَوْبًا مَسَّهُ وَرْسٌ وَلَا زَعْفَرَانٌ وَلَا الْخُفَّيْنِ، إِلَّا أَنْ لَا يَجِدَ نَعْلَيْنِ فَلْيَقْطَعْهُمَا، حَتَّى يَكُونَا أَسْفَلَ مِنَ الْكَعْبَيْنِ).[1] واتە: ئیحرامپۆش کراس (دشداشە) لەبەرناکات، عەمامە لەسەرناکات، پۆشاکی کڵاودار ناپۆشێت، شرواڵ لە پێناکات، هەروەها جلوبەرگێک لەبەرناکات کە بە وەرس (گەڵای بۆنخۆشە) یان بە زەعفەران (بۆ رەنگ و بۆنێتی) بۆنخۆشکرابن، خوففف (گۆرەوی چەرمین) لەپێناکات، مەگەر جووتێک نەعلی دەسنەکەوێت، ئەوسا دەبێت خووففەکانی ببڕێت، تا لەخوار قولەپێکانەوەبن.

٤- خاتوو عائیشە خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێ: (كَانَ الرُّكْبَانُ يَمُرُّونَ بِنَا وَنَحْنُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مُحْرِمَاتٌ، فَإِذَا حَاذَوْا بِنَا سَدَلَتْ إِحْدَانَا جِلْبَابَهَا مِنْ رَأْسِهَا عَلَى وَجْهِهَا، فَإِذَا جَاوَزُونَا كَشَفْنَاهُ).[2] واتە: لە خزمەت پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەبووین و ئیحرامپۆش دەبووین، کە کەسانێك بە لاماندا تێپەڕ دەبوون هەریەکەمان

[1] بوخاری (١٣٤)، موسلیم (١١٧٧).

[2] ئەبوداوود (١٨٣٣)، ئیبنوماجە (٢٩٣٥)، ئەحمەد (٢٣٥٠١). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە کتێبی (جلباب المرأة المسلمة ل١٠٧)دا دەفەرموێ: حەسەنە.

لکی سەرپۆشەکەی بەسەر ڕوویدا دادەدایەوە، کە تێپەڕ دەبوون دەموچاومان دەردەخستەوە.

٥- ترمزی دەگێڕێتەوە:(أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَجَرَّدَ لِإِهْلَالِهِ وَاغْتَسَلَ).[١] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ ئەوەی ئیحرام بپۆشێت، پۆشاکە ئاساییەکانی دادەنا و غوسلێکی دەردەکرد ئینجا ئیحرامی دەپۆشی.

٦- سەیدنا ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (أَنَّهُ خَرَجَ حَاجًّا مَعَ رَسُولِ اللّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حَجَّةَ الْوَدَاعِ وَمَعَهُ امْرَأَتُهُ أَسْمَاءُ بِنْتُ عُمَيْسٍ الْخَثْعَمِيَّةُ فَلَمَّا كَانُوا بِذِي الْحُلَيْفَةِ وَلَدَتْ أَسْمَاءُ محمد بْنَ أَبِي بَكْرٍ فَأَتَى أَبُو بَكْرٍ النَّبِيَّ صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَأَخْبَرَهُ فَأَمَرَهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ يَأْمُرَهَا أَنْ تَغْتَسِلَ ثُمَّ تُهِلَّ بِالْحَجِّ وَتَصْنَعَ مَا يَصْنَعُ النَّاسُ إِلاَّ أَنَّهَا لاَ تَطُوفُ بِالْبَيْتِ).[٢] واتە: لە خزمەت پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چووە حەج کە ئەسمائی کچی عومەیسی خەسعەمی ژنیشی لەگەڵدا بوو، لەو کاتەی گەیشتنە جێ ئیحرامی زەلحولەیفە (ذَاالحُلَيْفَةِ) ئەسماء منداڵی بوو کە محمدی کوڕی سەیدنا ئەبوبەکرە (خوا لە هەموویان ڕازی بێت) سەیدنا ئەبوبەکر هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و هەواڵیدایە، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

---

[١] ترمذي (٨٣١) دەشفەرموێ: (حديث حسن غريب)، ئیبنوخوزەیمە (٢٥٩٥)، داریمی (١٨٣٥)، بەیهیقی (٨٩٤٤)، طەبەرانی لە: الكبير (٤٨٦٢). ئەلبانی رحمەالله لە: (إرواء الغليل/١٤٩)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[٢] نووسەری بەڕێز نوسیویێتی: (نەسائی و پیاوانی سەنەدەکەی جێمتمانەن و هەندێکیان لە پیاوانی ڕیوایەتی فەرمودەی (سەحیح)ن. محمد بە مورسەلی لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە). (نەسائی (٢٦٦٤). ئەلبانی رحمەالله لە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة/١٦٥) و لە: (إرواء الغليل/ ١٣٤٢) و لە: (صحيح الجامع الصغير/٧١٥٠)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

پێی فەرموو کە برۆ پێی بفەرموو با غوسڵ دەرکات و ئیحرامی حەجکردنی بپۆشێت، هەموو ڕەفتارەکانی حەج وەکو ئەو خەڵکە بکات جگە لە تەواف، با تەوافی کەعبە نەکات..

- هەر ئەم بەسەرهاتە محمدی کوڕی سەیدنا ئەبوبەکر خوا لێیان ڕازی بێت لە ڕیوایەتێکی (مورسەل)[١] دا هاتووە کە گێڕاوێتیەوە..

- ئیمامی مالیکیش لە ئیبنو عومەرەوە خوا لێیان ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە دەیفەرموو: ئافرەتێك کە لە حەیز(سووڕی مانگانە)دابێت بۆی هەیە ئیحرامی حەج یان ئیحرامی عومرە بپۆشێت و هەموو ڕەفتارەکانی حەج و عومرە بکات، بەڵام بۆی نیە تەوافی کەعبە و هەروولەی نێوان سەفا و مەروا بکات، تا ئەو کاتەش کە پاك دەبێتەوە ناچێتە ناو مزگەوتەوە.

٧- هەر شەشیان لە ئیبنوعومەرەوە خوا لێیان ڕازی بێت دەگێڕنەوە کە فەرمووی: (سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُهِلُّ مُلَبِّدًا يَقُولُ لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ لَبَّيْكَ لَا شَرِيكَ لَكَ لَبَّيْكَ إِنَّ الْحَمْدَ وَالنِّعْمَةَ لَكَ وَالْمُلْكَ لَا شَرِيكَ لَكَ لَا يَزِيدُ عَلَى هَؤُلَاءِ الْكَلِمَاتِ).[٢] واتە: پێغەمبەری خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بینی سەری بەرزی هەموو سواغدابوو (بە هەنگوین یان بە شتی تر بۆ ئەوەی مووەکانی کۆببێتەوەو قژی هەڵنەوەرێت) گوێم لێبوو تەلبیەی دەکردو دەیفەرموو: (لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ لَبَّيْكَ لَا شَرِيكَ لَكَ لَبَّيْكَ إِنَّ الْحَمْدَ وَالنِّعْمَةَ لَكَ وَالْمُلْكَ لَا شَرِيكَ لَكَ) واتە: خوایە، وا بەدەنگ بانگهێشتەکەتەوە هاتم.. خوایە تۆی کە هاوبەشت نییە. بەڕاستی هەموو سوپاس و ستایشێک هەر دەبێ بۆ تۆ بێت، هەموو نیعمەتێک لە خۆتەوە دێت.. خوایە هەرچی رادەو برِو جۆری دەسەڵات هەیە هی خۆتەو بە هیچ کلۆجێک هاوبەشت نییە.

---

[١] ئەو ریوایەتەیە کە (یاوەر: صحابی) لە سەنەدەکەیدا نەبێت.

[٢] بوخاری (١٥٤٩)، موسلیم (١١٨٤).

٨- بوخاری  و موسلیم و ئەبوداوودو نەسائی لە ئیبنوعومەرەوە خوا لێیان ڕازی بێت دەگێڕنەوە کە فەرمووی: (تَمَتَّعَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي حَجَّةِ الْوَدَاعِ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ، وَأَهْدَى فَسَاقَ مَعَهُ الْهَدْيَ مِنْ ذِي الْحُلَيْفَةِ، وَبَدَأَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَأَهَلَّ بِالْعُمْرَةِ، ثُمَّ أَهَلَّ بِالْحَجِّ. فَتَمَتَّعَ النَّاسُ مَعَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ، فَكَانَ مِنَ النَّاسِ مَنْ أَهْدَى فَسَاقَ الْهَدْيَ، وَمِنْهُمْ مَنْ لَمْ يُهْدِ. فَلَمَّا قَدِمَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَكَّةَ قَالَ لِلنَّاسِ: مَنْ كَانَ مِنْكُمْ أَهْدَى فَإِنَّهُ لاَ يَحِلُّ لِشَيْءٍ حَرُمَ مِنْهُ حَتَّى يَقْضِيَ حَجَّهُ، وَمَنْ لَمْ يَكُنْ مِنكُمْ أَهْدَى فَلْيَطُفْ بِالْبَيْتِ وَبِالصَّفَا وَالْمَرْوَةِ وَلْيُقَصِّرْ وَلْيَحْلِلْ ثُمَّ لِيُهِلَّ بِالْحَجِّ، فَمَنْ لَمْ يَجِدْ هَدْيًا فَلْيَصُمْ ثَلاَثَةَ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةً إِذَا رَجَعَ إِلَى أَهْلِهِ فَطَافَ حِينَ قَدِمَ مَكَّةَ، وَاسْتَلَمَ الرُّكْنَ أَوَّلَ شَيْءٍ. ثُمَّ خَبَّ ثَلاَثَةَ أَطْوَافٍ مِن السَبْعِ وَمَشَى أَرْبَعًا، فَرَكَعَ حِينَ قَضَى طَوَافَهُ بِالْبَيْتِ عِنْدَ الْمَقَامِ رَكْعَتَيْنِ، ثُمَّ سَلَّمَ فَانْصَرَفَ فَأَتَى الصَّفَا فَطَافَ بِالصَّفَا وَالْمَرْوَةِ سَبْعَةَ أَطْوَافٍ ثُمَّ لَمْ يَحْلِلْ مِنْ شَيْءٍ حَرُمَ مِنْهُ حَتَّى قَضَى حَجَّهُ وَنَحَرَ هَدْيَهُ يَوْمَ النَّحْرِ وَأَفَاضَ فَطَافَ بِالْبَيْتِ، ثُمَّ حَلَّ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ حَرُمَ مِنْهُ، وَفَعَلَ مِثْلَ مَا فَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَنْ أَهْدَى وَسَاقَ الْهَدْيَ مِنَ النَّاسِ).[١]

٩- موسلیم و ئەبوداوودو نەسائی لە جابرەوە خوا لێی ڕازی بێت بە دووروودرێژی چۆنێتی حەجکردنی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگێڕنەوە کە ئەمەیە: (مَكَثَ تِسْعَ سِنِينَ لَمْ يَحُجَّ، ثُمَّ أَذَّنَ فِي النَّاسِ فِي الْعَاشِرَةِ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حَاجٌّ. فَقَدِمَ الْمَدِينَةَ بَشَرٌ كَثِيرٌ، كُلُّهُمْ يَلْتَمِسُ أَنْ يَأْتَمَّ بِرَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَيَعْمَلَ مِثْلَ عَمَلِهِ. فَخَرَجْنَا مَعَهُ حَتَّى أَتَيْنَا ذَا الْحُلَيْفَةِ فَوَلَدَتْ أَسْمَاءُ بِنْتُ عُمَيْسٍ محمد بْنَ أَبِي بَكْرٍ، فَأَرْسَلَتْ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَيْفَ أَصْنَعُ؟، قَالَ: " اغْتَسِلِي وَاسْتَثْفِرِي

---

[١] بوخاری (١٦٩١)، موسلیم (١٢٢٧).

بِثَوْبٍ وَأَحْرِمِي"، فَصَلَّى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي الْمَسْجِدِ، ثُمَّ رَكِبَ الْقَصْوَاءَ حَتَّى إِذَا اسْتَوَتْ بِهِ نَاقَتُهُ عَلَى الْبَيْدَاءِ نَظَرْتُ إِلَى مَدِّ بَصَرِي بَيْنَ يَدَيْهِ مِنْ رَاكِبٍ وَمَاشٍ، وَعَنْ يَمِينِهِ مِثْلَ ذَلِكَ وَعَنْ يَسَارِهِ مِثْلَ ذَلِكَ، وَمِنْ خَلْفِهِ مِثْلَ ذَلِكَ وَرَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَيْنَ أَظْهُرِنَا، وَعَلَيْهِ يَنْزِلُ الْقُرْآنُ وَهُوَ يَعْرِفُ تَأْوِيلَهُ وَمَا عَمِلَ بِهِ مِنْ شَيْءٍ عَمِلْنَا بِهِ، فَأَهَلَّ بِالتَّوْحِيدِ: لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ لَبَّيْكَ لَا شَرِيكَ لَكَ لَبَّيْكَ، إِنَّ الْحَمْدَ وَالنِّعْمَةَ، لَكَ وَالْمُلْكَ، لَا شَرِيكَ لَكَ، وَأَهَلَّ النَّاسُ بِهَذَا الَّذِي يُهِلُّونَ بِهِ فَلَمْ يَرُدَّ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَيْهِمْ شَيْئًا مِنْهُ، وَلَزِمَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَلْبِيَتَهُ، قَالَ جَابِرٌ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: لَسْنَا نَنْوِي إِلَّا الْحَجَّ لَسْنَا نَعْرِفُ الْعُمْرَةَ، حَتَّى إِذَا أَتَيْنَا الْبَيْتَ مَعَهُ، اسْتَلَمَ الرُّكْنَ فَرَمَلَ ثَلَاثًا وَمَشَى أَرْبَعًا، ثُمَّ نَفَذَ إِلَى مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ عَلَيْهِ السَّلَام، فَقَرَأَ: (وَاتَّخِذُوا مِنْ مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى)البقرة/١٢٥فَجَعَلَ الْمَقَامَ بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْبَيْتِ، فَكَانَ أَبِي يَقُولُ: وَلَا أَعْلَمُهُ ذَكَرَهُ إِلَّا عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، كَانَ يَقْرَأُ فِي الرَّكْعَتَيْنِ: (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ) الإخلاص/١ وَ (قُلْ يَأَيُّهَا الْكَافِرُونَ)الكافرون/١ ثُمَّ رَجَعَ إِلَى الرُّكْنِ فَاسْتَلَمَهُ، ثُمَّ خَرَجَ مِنَ الْبَابِ إِلَى الصَّفَا، فَلَمَّا دَنَا مِنَ الصَّفَا قَرَأَ: (إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ) البقرة/١٥٨

أَبْدَأُ بِمَا بَدَأَ اللَّهُ بِهِ، فَبَدَأَ بِالصَّفَا فَرَقِيَ عَلَيْهِ حَتَّى رَأَى الْبَيْتَ، فَاسْتَقْبَلَ الْقِبْلَةَ فَوَحَّدَ اللَّهَ وَكَبَّرَهُ، وَقَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا الله وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهوَحْدَهُ، أَنْجَزَ وَعْدَهُ، وَنَصَرَ عَبْدَهُ، وَهَزَمَ الْأَحْزَابَ وَحْدَهُ، ثُمَّ دَعَا بَيْنَ ذَلِكَ، قَالَ مِثْلَ هَذَا ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، ثُمَّ نَزَلَ إِلَى الْمَرْوَةِ، حَتَّى إِذَا انْصَبَّتْ قَدَمَاهُ فِي بَطْنِ الْوَادِي سَعَى، حَتَّى إِذَا صَعِدَتَا مَشَى حَتَّى أَتَى الْمَرْوَةَ فَفَعَلَ عَلَى الْمَرْوَةِ كَمَا فَعَلَ عَلَى الصَّفَا، حَتَّى إِذَا كَانَ آخِرُ طَوَافِهِ عَلَى الْمَرْوَةِ، فَقَالَ: لَوْ أَنِّي اسْتَقْبَلْتُ مِنْ أَمْرِي مَا اسْتَدْبَرْتُ، لَمْ أَسُقْ الْهَدْيَ، وَجَعَلْتُهَا عُمْرَةً، فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ لَيْسَ مَعَهُ هَدْيٌ فَلْيَحِلَّ وَلْيَجْعَلْهَا عُمْرَةً، فَقَامَ سُرَاقَةُ بْنُ مَالِكِ بْنِ جُعْشُمٍ، فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ: أَلِعَامِنَا هَذَا أَمْ لِأَبَدٍ؟ فَشَبَّكَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَصَابِعَهُ وَاحِدَةً فِي الْأُخْرَى، وَقَالَ: دَخَلَتِ الْعُمْرَةُ فِي الْحَجِّ مَرَّتَيْنِ، لَا بَلْ لِأَبَدٍ أَبَدٍ، وَقَدِمَ عَلِيٌّ مِنَ الْيَمَنِ بِبُدْنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَوَجَدَ فَاطِمَةَ رَضِيَ اللَّهُ

عَنْهَا مِمَّنْ حَلَّ وَلَبِسَتْ ثِيَابًا صَبِيغًا وَاكْتَحَلَتْ، فَأَنْكَرَ ذَلِكَ عَلَيْهَا، فَقَالَتْ: إِنَّ أَبِي أَمَرَنِي بِهَذَا، قَالَ: فَكَانَ عَلِيٌّ يَقُولُ بِالْعِرَاقِ: فَذَهَبْتُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مُحَرِّشًا عَلَى فَاطِمَةَ لِلَّذِي صَنَعَتْ، مُسْتَفْتِيًا لِرَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِيمَا ذَكَرَتْ عَنْهُ، فَأَخْبَرْتُهُ أَنِّي أَنْكَرْتُ ذَلِكَ عَلَيْهَا، فَقَالَ: صَدَقَتْ صَدَقَتْ، مَاذَا قُلْتَ: حِينَ فَرَضْتَ الْحَجَّ؟، قَالَ: قُلْتُ اللَّهُمَّ إِنِّي أُهِلُّ بِمَا أَهَلَّ بِهِ رَسُولُكَ، قَالَ: فَإِنَّ مَعِيَ الْهَدْيَ فَلَا تَحِلُّ، قَالَ: فَكَانَ جَمَاعَةُ الْهَدْيِ الَّذِي قَدِمَ بِهِ عَلِيٌّ مِنَ الْيَمَنِ، وَالَّذِي أَتَى بِهِ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِائَةً، قَالَ: فَحَلَّ النَّاسُ كُلُّهُمْ وَقَصَّرُوا إِلَّا النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَمَنْ كَانَ مَعَهُ هَدْيٌ، فَلَمَّا كَانَ يَوْمُ التَّرْوِيَةِ تَوَجَّهُوا إِلَى مِنًى فَأَهَلُّوا بِالْحَجِّ، وَرَكِبَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَصَلَّى بِهَا الظُّهْرَ وَالْعَصْرَ وَالْمَغْرِبَ وَالْعِشَاءَ وَالْفَجْرَ، ثُمَّ مَكَثَ قَلِيلًا حَتَّى طَلَعَتِ الشَّمْسُ، وَأَمَرَ بِقُبَّةٍ مِنْ شَعَرٍ تُضْرَبُ لَهُ بِنَمِرَةَ، فَسَارَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَلَا تَشُكُّ قُرَيْشٌ إِلَّا أَنَّهُ وَاقِفٌ عِنْدَ الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ، كَمَا كَانَتْ قُرَيْشٌ تَصْنَعُ فِي الْجَاهِلِيَّةِ، فَأَجَازَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حَتَّى أَتَى عَرَفَةَ فَوَجَدَ الْقُبَّةَ قَدْ ضُرِبَتْ لَهُ بِنَمِرَةَ، فَنَزَلَ بِهَا حَتَّى إِذَا زَاغَتِ الشَّمْسُ، أَمَرَ بِالْقَصْوَاءِ فَرُحِلَتْ لَهُ، فَأَتَى بَطْنَ الْوَادِي فَخَطَبَ النَّاسَ، وَقَالَ: إِنَّ دِمَاءَكُمْ وَأَمْوَالَكُمْ حَرَامٌ عَلَيْكُمْ كَحُرْمَةِ يَوْمِكُمْ هَذَا فِي شَهْرِكُمْ هَذَا فِي بَلَدِكُمْ هَذَا، أَلَا كُلُّ شَيْءٍ مِنْ أَمْرِ الْجَاهِلِيَّةِ تَحْتَ قَدَمَيَّ مَوْضُوعٌ، وَدِمَاءُ الْجَاهِلِيَّةِ مَوْضُوعَةٌ، وَإِنَّ أَوَّلَ دَمٍ أَضَعُ مِنْ دِمَائِنَا دَمُ ابْنِ رَبِيعَةَ بْنِ الْحَارِثِ كَانَ مُسْتَرْضِعًا فِي بَنِي سَعْدٍ فَقَتَلَتْهُ هُذَيْلٌ، وَرِبَا الْجَاهِلِيَّةِ مَوْضُوعٌ، وَأَوَّلُ رِبًا أَضَعُ رِبَانَا رِبَا عَبَّاسِ بْنِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ، فَإِنَّهُ مَوْضُوعٌ كُلُّهُ، فَاتَّقُوا اللَّهَ فِي النِّسَاءِ، فَإِنَّكُمْ أَخَذْتُمُوهُنَّ بِأَمَانِ اللَّهِ، وَاسْتَحْلَلْتُمْ فُرُوجَهُنَّ بِكَلِمَةِ اللَّهِ، وَلَكُمْ عَلَيْهِنَّ أَنْ لَا يُوطِئْنَ فُرُشَكُمْ أَحَدًا تَكْرَهُونَهُ، فَإِنْ فَعَلْنَ ذَلِكَ فَاضْرِبُوهُنَّ ضَرْبًا غَيْرَ مُبَرِّحٍ، وَلَهُنَّ عَلَيْكُمْ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ، وَقَدْ تَرَكْتُ فِيكُمْ مَا لَنْ تَضِلُّوا بَعْدَهُ إِنِ اعْتَصَمْتُمْ بِهِ كِتَابُ اللَّهِ، وَأَنْتُمْ تُسْأَلُونَ عَنِّي فَمَا أَنْتُمْ قَائِلُونَ؟، قَالُوا: نَشْهَدُ أَنَّكَ قَدْ بَلَّغْتَ وَأَدَّيْتَ وَنَصَحْتَ، فَقَالَ بِإِصْبَعِهِ السَّبَّابَةِ يَرْفَعُهَا إِلَى السَّمَاءِ وَيَنْكُتُهَا إِلَى النَّاسِ: اللَّهُمَّ اشْهَدِ

اللَّهُمَّ اشْهَدْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، ثُمَّ أَذَّنَ بِلال، ثُمَّ أَقَامَ فَصَلَّى الظُّهْرَ، ثُمَّ أَقَامَ فَصَلَّى الْعَصْرَ وَلَمْ يُصَلِّ بَيْنَهُمَا شَيْئًا، ثُمَّ رَكِبَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حَتَّى أَتَى الْمَوْقِفَ، فَجَعَلَ بَطْنَ نَاقَتِهِ الْقَصْوَاءِ إِلَى الصَّخَرَاتِ، وَجَعَلَ حَبْلَ الْمُشَاةِ بَيْنَ يَدَيْهِ وَاسْتَقْبَلَ الْقِبْلَةَ، فَلَمْ يَزَلْ وَاقِفًا حَتَّى غَرَبَتِ الشَّمْسُ وَذَهَبَتِ الصُّفْرَةُ قَلِيلًا، حَتَّى غَابَ الْقُرْصُ وَأَرْدَفَ أُسَامَةَ خَلْفَهُ، وَدَفَعَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَقَدْ شَنَقَ لِلْقَصْوَاءِ الزِّمَامَ، حَتَّى إِنَّ رَأْسَهَا لَيُصِيبُ مَوْرِكَ رَحْلِهِ، وَيَقُولُ بِيَدِهِ الْيُمْنَى: أَيُّهَا النَّاسُ السَّكِينَةَ السَّكِينَةَ، كُلَّمَا أَتَى حَبْلًا مِنَ الْجِبَالِ أَرْخَى لَهَا قَلِيلًا حَتَّى تَصْعَدَ، حَتَّى أَتَى الْمُزْدَلِفَةَ فَصَلَّى بِهَا الْمَغْرِبَ وَالْعِشَاءَ بِأَذَانٍ وَاحِدٍ وَإِقَامَتَيْنِ وَلَمْ يُسَبِّحْ بَيْنَهُمَا شَيْئًا، ثُمَّ اضْطَجَعَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حَتَّى طَلَعَ الْفَجْرُ، وَصَلَّى الْفَجْرَ حِينَ تَبَيَّنَ لَهُ الصُّبْحُ بِأَذَانٍ وَإِقَامَةٍ، ثُمَّ رَكِبَ الْقَصْوَاءَ حَتَّى أَتَى الْمَشْعَرَ الْحَرَامَ، فَاسْتَقْبَلَ الْقِبْلَةَ فَدَعَاهُ وَكَبَّرَهُ وَهَلَّلَهُ وَوَحَّدَهُ، فَلَمْ يَزَلْ وَاقِفًا حَتَّى أَسْفَرَ جِدًّا فَدَفَعَ قَبْلَ أَنْ تَطْلُعَ الشَّمْسُ، وَأَرْدَفَ الْفَضْلَ بْنَ عَبَّاسٍ وَكَانَ رَجُلًا حَسَنَ الشَّعْرِ أَبْيَضَ وَسِيمًا فَلَمَّا دَفَعَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَرَّتْ بِهِ ظُعُنٌ يَجْرِينَ، فَطَفِقَ الْفَضْلُ يَنْظُرُ إِلَيْهِنَّ، فَوَضَعَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَدَهُ عَلَى وَجْهِ الْفَضْلِ، فَحَوَّلَ الْفَضْلُ وَجْهَهُ إِلَى الشِّقِّ الْآخَرِ يَنْظُرُ، فَحَوَّلَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَدَهُ مِنَ الشِّقِّ الْآخَرِ عَلَى وَجْهِ الْفَضْلِ، يَصْرِفُ وَجْهَهُ مِنَ الشِّقِّ الْآخَرِ يَنْظُرُ، حَتَّى أَتَى بَطْنَ مُحَسِّرٍ فَحَرَّكَ قَلِيلًا ثُمَّ سَلَكَ الطَّرِيقَ الْوُسْطَى الَّتِي تَخْرُجُ عَلَى الْجَمْرَةِ الْكُبْرَى حَتَّى أَتَى الْجَمْرَةَ الَّتِي عِنْدَ الشَّجَرَةِ فَرَمَاهَا بِسَبْعِ حَصَيَاتٍ، يُكَبِّرُ مَعَ كُلِّ حَصَاةٍ مِنْهَا مِثْلِ حَصَى الْخَذْفِ رَمَى مِنْ بَطْنِ الْوَادِي، ثُمَّ انْصَرَفَ إِلَى الْمَنْحَرِ فَنَحَرَ ثَلَاثًا وَسِتِّينَ بِيَدِهِ، ثُمَّ أَعْطَى عَلِيًّا فَنَحَرَ مَا غَبَرَ وَأَشْرَكَهُ فِي هَدْيِهِ، ثُمَّ أَمَرَ مِنْ كُلِّ بَدَنَةٍ بِبَضْعَةٍ فَجُعِلَتْ فِي قِدْرٍ، فَطُبِخَتْ فَأَكَلَا مِنْ لَحْمِهَا وَشَرِبَا مِنْ مَرَقِهَا، ثُمَّ رَكِبَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَأَفَاضَ إِلَى الْبَيْتِ فَصَلَّى بِمَكَّةَ الظُّهْرَ، فَأَتَى بَنِي عَبْدِ الْمُطَّلِبِ يَسْقُونَ عَلَى زَمْزَمَ، فَقَالَ: انْزِعُوا بَنِي عَبْدِ الْمُطَّلِبِ، فَلَوْلَا أَنْ

يَغْلِبَكُمُ النَّاسُ عَلَى سِقَايَتِكُمْ، لَنَزَعْتُ مَعَكُمْ، فَنَاوَلُوهُ دَلْوًا فَشَرِبَ مِنْهُ). [١] واته: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نۆ ساڵ مایەوە حەجی نەکرد پاشان لە ساڵی دەیەمدا جارِ بە خەڵکییدا راگەیێنرا کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەشریف دەباتە حەج، خەڵکێکی زۆر زۆر دابارینە مەدینە، هەموو دەیانوویست لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حەج بکەن تاوەکو جەنابی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بکەنەوە ئێمەش هەموو لە خزمەتیدا چووین تا گەیشتینە ناوچەی (ذَا الْحُلَيْفَةِ) لەوێ ئەسمائی کچی عومەیس خوا لێی رازی بێت (ژنی سەیدنا ئەبوبەکری سددیق خوالێ ی رازی بێت) منداڵی بوو (کە ناو نرا محمد) ئەسماء هەواڵی نارد بۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە چی بکات بۆ حەج کردنەکە؟ وڵامی بۆ ناردەوەکە غوسڵ دەرکەو پۆشاکی خۆت بەکار بێنە و ئیحرام ببەستە..ئیجا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نوێژی لە مزگەوت کردو سواری حوشترەکەی (قەسواء)بوو، خەڵکەکەش لە خزمەتیدا چوون..لە دەشت تا چاو بڕی کرد بێت خەڵکی لە خزمەتدا بوو، سوارو پیادە، تاچاوم بڕی کرد روانیمە لای راستی هەر سوارو پیادە بوون، روانیمە لای چەپی هەروابوو، لە پشتیەوە هەر هەمان شێوە..پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ناوماندابوو، وەحی بۆ دەهاتە خوارێ و فەرمانەکانی خوای گەورەی دەزانی جەنابی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەرچی دەکرد دەمانکردەوە (مەبەستی ئەوەیە کە چۆنم دیووە واتان بۆ دەگێرمەوە) هەر لەوێوە دەستی بە تەلبیەکرد و فەرمووی (لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ لَبَّيْكَ لَا شَرِيكَ لَكَ لَبَّيْكَ) واتە: خوایە وەڵام لە دوای وەڵامت دەدەمەوە (بە دەنگتەوە دێم بۆ حەجی ماڵەکەت تا بیسەلمێنم بە پیرۆزم راگرتووە) ..خوایە شاهیدم کە هیچ هاوبەشێکت بەهیچ شێوەیەك و لە هیچ شتێکدا

---

[١] بوخاری (١٦٦٨). موسلیم (٢١٤٥).

نییە، سوپاس و ستایش هەر بۆ تۆیەو بەس دەسەڵاتداریی و سەرووەریی هەر هی تۆیە و بەس، هیچ هاوبەشێکت لە هیچ شتێکیدا نییە..خەڵکەکەش بە دوای تەلبیەکەی جەنابیدا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیانووتەوە بێ ئەوەی بیدەنگیان کات..تا جەنابی لە تەلبیە کردن وەستا ..جابر خوا لێی رازی بێت فەرمووی: نییەتمان جگە لە حەجکردن هیچی تر نەبوو نەماندەزانی عومرە چیە و چۆنە تا ئەو کاتەی جەنابی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گەیشتە کەعبەو دەستی گەیاندە بەردە رەش فَرَمَلَ ثَلَاثًا وَمَشَى أَرْبَعًا..پاشان تەشریفی بردە (مەقامەکەی سەیدنا ئیبراهیم) علیە السلام و ئەو ئایەتەی خوێندەوە (وَاتَّخِذُوا مِنْ مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى) البقرة/١٢٥ مەقام (شوێن)ەکەی ئیبراهیم بکەنە جێ نوێژی خۆتان، ئینجا چووە ئەو دیوو مەقامەکەوە (مەقام) کەوتە نێوان جەنابی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و خودی کەعبە، ئینجا دوو رکات نوێژی کرد کە (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ) و (قُلْ يَاأَيُّهَا الْكَافِرُونَ)ی تێدا خوێندن پاشان تەشریفی هێنایەوە لای بەردە ڕەش و دەستی پیرۆزی پێدا هێنایەوە ئینجا لە دەرگای کەعبەوە تەشریفی بردە دەرەوە و بەرەو سەفاچوو..کەنزیك سەفا بۆوە ئەم ئایەتەی خوێندەوە (إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ) البقرة/١٥٨ سەفاو مەروا لە درووشمەکانی خواپەرستین، وامنیش لەوێوە دەست پێدەکەم کە خوای گەورە ناوی هێناوە (لە سەفاوە بۆ مەروا) تەشریفی بردە سەر سەفا (تەپۆڵکەیەك بوو) تا کەعبەی لێوە دیار بێت رووی پاکی کردە قیبلە یەکخواناسی و مەزنی خوای گەورەی ئاوا راگەیاند (لَا إِلٰهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، لَا إِلٰهَ إِلَّا اللّٰهوَحْدَهُ، أَنْجَزَ وَعْدَهُ، وَنَصرَ عَبْدَهُ، وَهَزَمَ الْأَحْزَابَ وَحْدَهُ) هیچ خوایەك نییە شایانی خوایەتی بێت جگە لە خوای پەروەردگار دەسەڵاتدارێتی هەر هی ئەوە، سوپاس و ستایش هەر بۆ ئەو دەکرێت، ئەو تواناو دەسەڵاتی بەسەر هەمووشتێکدا دەشکێت، هیچ خوایەك نییە شایانی خوایەتی بێت جگە لەو: بەڵێنی خۆی بردە سەر، عەبدەکەی خۆی سەرخست و هەر خۆشی هەموو حزب و دەستەو پێرەکانی شکست پێ هێنا..پاشان کەوتە دوعاکردن سێ جاری ئاوا رەفتار (گوفتاروکردار) کرد پاشان تەشریفی هێنایەخوارەوە بەرە و مەروا چوو هەر کە پێی پاکی نایە دۆڵەکەوە بە هەروولە چوو (لە رۆیشتنی خێرا

خێراترو پێش شێوازی راکردن) کە ئێمە بە مەروا هەڵگەڕاین جەنابیشی گەیشت و چووە سەر مەروا، لەوێش هەر وای رەفتار کرد هەروەکو کە لە سەفا کردی..ئاوا چووەوە سەفاو هاتەوە مەروا لە کۆتا جاردا لە مەروا فەرمووی: ئەگەر ئاژەڵی قوربانیم لەگەڵ خۆم نەهێنایە، تا ئێرەم دەکردە عومرە، دەی سا ئێوە ئەوی ئاژەڵی قوربانی پێ نیە، بابیکاتە عومرە و لێرەوە بۆی هەیە ئیحرامەکەی دانێ و پۆشاکی خۆی لەبەر بکات و ئازاد بێت. سوراقەی کوڕی مالیکی کوڕی خەسعەم هەستاو عەرزی کرد: جا ئەمە هەر بۆ ئەمساڵمانە یان هەتا هەتایە وا دەبێت؟ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پەنجەکانی هەردوو دەستی پاکی تێکپەڕاند (کردنی بە ناویەکدا) دووجار فەرمووی عومرە کە چوو بەناو حەجکردندا (پێکەوە کران) نا، بۆ هەتا هەتاییە، لەو کاتەدا (سەیدنا عەلی قوربانییەکانی پێشخۆدابوو _کە لە یەمەنەوە هێنابوونی_ خاتووفاطمە (خێزانی سەیدنا عەلی خوا لێیان رازی بێت) لەوانەبوو کە ئیحرامەکەی کۆتایی پێهێنابوو پۆشاکێکی رەنگکراوی پۆشیبوو و چاوی رشتبوو، سەیدنا عەلی بەرهەڵستیلێکرد، خاتوو فاطیمە فەرمووی: باوکم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رێی پێدام. سەیدنا عەلی دەفەرموێ: چوومە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تا عەرزی بکەم و هەڵوێستی لە خاتوو فاطیمە توندبکەم کە عەرزمکرد خاتوو فاطیمە کۆتایی بە ئیحرامەکەی هێناوە و میش بەرهەڵستیم کردووە و فەرموویەتی کە باوکم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رێی پێداوم، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: راست دەکات راست دەکات لە خۆشمی پرسی: ئەدی تۆ لە دەسپێکی حەجتدا چۆنت نیەت هێنا؟ سەیدنا عەلی عەرزی کرد: ووتم خوایە وا منیش لەم کات و شوێنەوە (میقات) دەستپێدەکەم و وا دەکەم کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەسپێدەکات و وا دەکات. ئەوەتا قوربانیشم پێیەو ئیحرامم کۆتایی پێ نەهێناوە سەیدنا عەلی دەفەرموێ: ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە قوربانیان لە یەمەنەوە لەگەڵ خۆیان هێنا بوو بۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سەد سەریان

پێبوو ئینجا خەڵکی ئیحرامیان کۆتایی پێ هێنا جگە لەوانەی ئاژەڵی قوربانیان هێنابوو..ڕۆژی تەرویە روویان کردە مینا و (منی) رەفتارەکانی تری حەجیان دەستپێکردەوە، پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەروەها تەشریفی بردە مینا و نوێژەکانی نیوەڕۆ و عەسرو شێوان و خەوتنان و سپێدەی (ڕۆژی دواتر)ی هەر لە مینا کرد، پاشان ماوەیەك مایەوە تا خۆر هەڵهات..پاشان فەرمان درا دەوارێکی بۆ هەڵدەن لە نومرە (کە نزیك عەرەفاتە) پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەر لەوێوە بەرەو عەرەفات تەشریفی برد..کەس گومانی لەوە نەبوو کە جەبابی لە گردی (مەشعەری حەرام: الْمَشْعَرَ الْحَرَامَ) لا دەدات (کەوتۆتە نێوان میناو کێوی عەرەفاتەوەو لەسەری یە) چونکە عەرەب لە جاهیلییەتدا چوونە میشعەری حەرامیان دوای مینا بەهەند دادەنا، بەڵام پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەردەوام رۆیشت و لاینەدایە میشعەری حەرام کە گەیشتە عەرەفە (عەرەفات کە ٢٦کم لە کەعبەوە دوورە) دەروازەکەیان لە (نومرە) بۆ هەڵدا بوو لەوێ مایەوە تاخۆر لاربۆوە، فەرمانیدا بە قەسواء (حوشترەکەی) و تەشریفی هێنایە دۆڵەکە (ی دامێنی عەرەفات) و ووتاری بۆ خەڵکەکەدا و فەرمووی: خوێن و سامانتان لە یەکتریی حەرامە، هەروەکو کە هەموو دەستدرێژییەکتان لەم رۆژو لەم مانگ و لەم جێیەدا حەرامە ئەوە بزانن هەموو شتێکی جاهیلییەت وا لە ژێر پێمدا (لام بێ بەهایە) خوێن ڕێژیی و تۆڵەو هەقسەندنەوەی سەردەمانی جاهیلییەت نەما یەکەمین خوێنێك کە دەبێ لێی بوەستن خوێنی ئیبنو رەبیعەی کوڕی حارسە کە لە بەنوسەعد بوو هۆزی هوزەیل کوشتیان هەموو مامەڵەیەکی سووکاریی کۆتایەو یەکەمین سوو کە کۆتایی پێ دەهێنم سووکاریی عەبباسی کوڕی عەبدولموتتەلیبە (مامی خۆی) ئەمانە هەموو ئیلغان..لە مەسەلەی ئافرەتانیشتاندا لە خوا بترسن تێیدا ئێوە بە ئەمانی خوا وەرتان گرتوون بە فەرمانیشتی خوای گەورە لە خۆتان حەڵاڵ کردوون مافتان لە سەریانە کە هیچ کەسێك نەهێننە ماڵ و سەرجێتان کە حەزتان لە هاتوو چۆیان نییە، ئەگەر کردیان لێیاندەن بەڵام لێدانی سەخت نا، مافیشیان لە سەرتانە کە بەخێویان بکەن بژێویان دابین کەن و پۆشاکیان بۆ مسۆگەر کەن بەشێوەو شێوازی شیاو ئەوەم بۆ جێهێشتوون

که تاپێەوە پابەند بمێنن، گومڕا نابن: قورئانەکەی خوای گەورە..دەربارەی منیش لێتان دەپرسرێتەوە ئێوە وەڵامتان چی دەبێت؟ فەرموویان: شاهیدی دەدەین کە جەنابت دینی خوات پێگەیاندین هەموو مانت خستە سەر ڕێ و ئامۆژگاریت کردین لەگەڵ ئەمەدا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پەنجەی شایەتمانی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و ئاماژەی پێ دەکردەوە بۆ خەڵکەکەو سێ جار فەرمووی: خوایە بە شاهید بە..پاشان بانگدرا و هەستا بۆ نوێژ نوێژی نیوەڕۆکەی کرد و قامەتکرایەوە بۆ نوێژی عەسریش (پێکەوە لە یەك کاتدا کردنی) و هیچ سوننەتیشی لە نێواندا نەکردن (یان زیکر وتەسبیحات)، پاشان تەشریفی بردە موزدەلیفەو نوێژی شێوان و خەوتننانی بە بانگێك و دوو قامەت کردن کرد، زیکرو تەسبیحاتی لە نێواندا نەکرد پاشان ڕاکشاو خەوت تا سپێدەی بەیانی، سپێدە کە بەیانیدا هەستا و بە بانگ و قامەتێك نوێژی بەیانی کرد پاشان سواری قەسوائە کە (حوشترەکە)ی بۆوە و تەشریفی برد بۆ گردی مەشعەری حەرام (الْمَشْعَرَ الْحَرَامَ) لەوێوە ڕووەو قیبلە کەوتە دوعا کردن و تەکبیر (اللَّهُ أَكْبَر) و تەلبیە ئاوا مایەوە تا بە تەواوی دنیا ڕووناك بۆوە، پێش خۆر هەڵهاتن سوار بۆوە و فەزڵی کوڕی عەبباسیشی لە پاش خۆیەوە سوار کرد، فەزڵ پیاوێکی سوورو سپی قۆز بوو، قژی ڕێك دەخست..کە گەیشتنە کۆمەڵێك ئافرەتی سوار فەزڵ سەیری کردن پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەستی پاکی خستە سەر دەموو چاویی فەزڵ و ڕووی پێکرد بە لایەکەی تریاندا..تەشریفی برد تا گەیشتە دۆڵی (موجەسسەر) و لەوێشەوە بە ڕێگا ناوەندەکەدا ڕۆیشت تا گەیشتە جەمرەی گەورە (کە کورد پێی دەڵێ شەیتانی گەورە کە ڕەجم دەکرێت) کە گەیشتە خاکە سوور باوەکەی لای درەختەکە حەوت بەردووچکەی گرتە جەمرە گەورەکە و لەگەڵ هاویشتنی هەر بەردووچکەیەکیشدا (اللَّهُ أَكْبَر)ێکی دەکرد.. پاشان تەشریفی برد بۆ شوێنی قوربانی کردنەکەو بە دەستی پاکی خۆی شەست و سێ ئاژەڵی سەربڕیی و پاشان بە سەیدنا عەلی فەرموو تا ئەوانی تر سەرببڕێت، تا ئەویش

بەشداری ئەو قوربانیانە بکات ئینجا فەرمانی پێدا کە لە هەر یەکێك لە ئاژەڵە سەربڕراوەکانی دەستی خۆیان پارچەیەکی لێ هەڵگرێت و پێکەوە بیانکوڵێنێت..ئاوا خرانە ناو مەنجەڵێك و کوڵێنران و جەنابی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و سەیدنا عەلی پێکەوە خواردیان و گۆشتاوەکەشیان نۆش کرد.. دواتر پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەشریفی بردەوە بۆ کەعبە، بۆ تەواف کردن نوێژی نیوەڕۆی لە مەککە کرد پاشان تەشریفی بردە سەر بیری زەمزەم و دیتی ئەولادانی عەبدولموتتەڵیب لەسەری کۆن، پێی فەرموون ڕێ بە خەڵکی بدەن..پاشان دۆلکەیەك ئاویان خستە خزمەتی و نۆشی کرد.

١٠- ئیبن عومەر خوا لێیان رازی بێت دەگێڕێتەوە: (كَانَ إِذَا رَمَى الْجَمْرَةَ الَّتِي تَلِي مَسْجِدَ مِنًى يَرْمِيهَا بِسَبْعِ حَصَيَاتٍ، يُكَبِّرُ كُلَّمَا رَمَى بِحَصَاةٍ، ثُمَّ تَقَدَّمَ أَمَامَهَا فَوَقَفَ مُسْتَقْبِلَ الْقِبْلَةِ رَافِعًا يَدَيْهِ يَدْعُو، وَكَانَ يُطِيلُ الْوُقُوفَ، ثُمَّ يَأْتِي الْجَمْرَةَ الثَّانِيَةَ فَيَرْمِيهَا بِسَبْعِ حَصَيَاتٍ، يُكَبِّرُ كُلَّمَا رَمَى بِحَصَاةٍ، فَيَقِفُ مُسْتَقْبِلَ الْقِبْلَةِ رَافِعًا يَدَيْهِ يَدْعُو، ثُمَّ يَأْتِي الْجَمْرَةَ الَّتِي عِنْدَ الْعَقَبَةِ فَيَرْمِيهَا بِسَبْعِ حَصَيَاتٍ، وَلَا يَقِفُ عِنْدَهَا).[1] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە ئەو شەیتانەیانی ڕەجمدەکرد کە لە نزیك شوێنی قوربانیکردنەکە و مزگەوتەکەی میناوە بوو، حەوت بەردووچکەی تێدەگرت، لەگەڵ هەڵدانی هەر بەردووچکەیەکیشیاندا تەکبیر(اللَّهُ أَكْبَر)ێکی دەکرد. پاشان چووە پێشتر بۆ بەردەمی و لەوێ ڕووەو قیبلە وەستا و هەر دوو دەستی بەرزکردەوەو کەوتە دوعاکردن، زۆریش وەستا. پاشان چووە ڕەجمکردنی شەیتانی دووەم، لەوێش حەوت بەردووچکەی هاویشت و لەگەڵ هەڵدانی هەر بەردووچکەیەکیشیاندا تەکبیرێکی دەکرد. پاشان بەلای چەپدا لاکەوت و ڕووەو قیبلە وەستا، هەردوو دەستی بەرزکردەوە و کەوتە دوعاکردن. پاشان

---

[1] نووسەری رەحمەتی نوسیوێتی: (بوخاری و نەسائی). ئەمە لای هەر شەشیان لەگەڵ هەبوونی کەمێک جیاوازی: بوخاری (١٧١٣)، موسلیم (٢٣١٥)، ئەبوداوود (١٧١٠)، ترمذي (٨٢٢)، نەسائی (٣٠٤٩)، ئیبنوماجە (٣٠٣١).

چووه سەر شەیتانی سێیەم کە لای(عەقەبە)وەیە (حجرة العقبة) و حەوت بەردووچکەی لەوێش هاوێشت و لەوێ نەوەستا.

١١- عبدالرحمانی کوڕی زەید دەفەرموێ: (رَمَى عَبْدُ اللَّهِ بْنُ مَسْعُودٍ جَمْرَةَ الْعَقَبَةِ مِنْ بَطْنِ الْوَادِي بِسَبْعِ حَصَيَاتٍ، يُكَبِّرُ مَعَ كُلِّ حَصَاةٍ، فَجَعَلَ الْبَيْتَ عَنْ يَسَارِهِ وَمِنًى عَنْ يَمِينِهِ. فَقِيلَ لَهُ: إِنَّ أُنَاسًا يَرْمُونَهَا مِنْ فَوْقِهَا، فَقَالَ: هَذَا وَالَّذِي لَا إِلَهَ غَيْرُهُ مَقَامُ الَّذِي أُنْزِلَتْ عَلَيْهِ سُورَةُ الْبَقَرَةِ).[١] واتە: ئیبنومەسعود لەناو دۆڵەکەوە وەستا، بە شێوەیەك کە کەعبە کەوتە لای چەپیەوە و مینا کەوتە لای ڕاستیەوە، لەوێوە بە حەوت بەردووچکە شەیتانی ڕەجم کرد. خەڵکێك عەرزیان کرد: ئەرێ واکەسانێك لە سەرەوە شەیتان ڕەجم دەکەن(لە بەرزایی دۆڵەکەوە) فەرمووی: بەو خوایەی هیچ خوایەکی تر جگە لەو نیە، ئێرە ئەو جێگایەیە کە ئەو جەنابەی لێوەستا کە سوورەتی بەقەرەی بۆ هاتە خوارەوە(مەبەستی پێغەمبەری خوا بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)

١٢- ئیبنوعەبباس خوا لێیان ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (قَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ غَدَاةَ الْعَقَبَةِ وَهُوَ عَلَى رَاحِلَتِهِ: " هَاتِ الْقُطْ لِي، فَلَقَطْتُ لَهُ حَصَيَاتٍ هُنَّ حَصَى الْخَذْفِ فَلَمَّا وَضَعْتُهُنَّ فِي يَدِهِ، قَالَ: بِأَمْثَالِ هَؤُلَاءِ وَإِيَّاكُمْ وَالْغُلُوَّ فِي الدِّينِ، فَإِنَّمَا أَهْلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمُ الْغُلُوُّ فِي الدِّينِ).[٢] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کاتێك گەیشتمە شەیتان ڕەجمکردن -کە جەنابی بە سواری سواریەکەیەوە بوو- فەرمووی: ئادەی

---

[١] بوخاری (١٧٤٩). موسلیم (١٢٩٦).

[٢] نووسەری ڕەحمەتی نوسیویێتی ( نەسائی و ئیبنوماجە و ئەحمەدو حاکم. ئیمامی ئیبنوتەیمیە دەفەرموێ: سەحیحەو بەپێی مەرجەکانی موسلیمە). ڕاستە. نەسائی (٣٠٥٩). ئیبنوماجە (٣٠٢٩)، ئەحمەد (١٨٥٤)، حاکم (١٧٥٤)،بەیهیقی (٩٣٠٧). ئەلبانی رحمەالله لە (حجة النبي /ل٨٠)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

بەردووچکەم بدەرێ/بۆ هەڵگرەوە، منیش چەند بەردووچکەیەکم بە قەبارەی پاقلە بۆ هەڵگرتەوە کە خستمنە دەستی پیرۆزیەوە فەرمووی: بەم جۆرانە(ڕەجم بکەن). نەکەن تووشی دەمارگیری دینی ببن، چونکە ئەوانەی پێش ئێوە بە دەمارگیری و توندوتیژی لە دینداریيدا فەوتان..

١٣- هەر شەشیان لە جابرەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: (رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَآلِهِ وَسَلَّمَ يَرْمِي يَوْمَ النَّحْرِ ضُحًى. وَأَمَّا بَعْدَ ذَلِكَ بَعْدَ زَوَالِ الشَّمْسِ).[1] واتە: پێغەمبەری خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بینی لە کاتی چێشتەنگاوی ڕۆژی جەژنی قوربانداندا شەیتانی ڕەجم دەکرد، دوای ئەوە لە کاتی دوای نیوەڕۆدا بوو..

١٤- لە ئەنەسەوە خوا لێی ڕازی بێت: (أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَتَى مِنًى فَأَتَى الْجَمْرَةَ فَرَمَاهَا ثُمَّ أَتَى مَنْزِلَهُ بِمِنًى وَنَحَرَ ثُمَّ قَالَ لِلْحَلَّاقِ خُذْ وَأَشَارَ إِلَى جَانِبِهِ الْأَيْمَنِ ثُمَّ الْأَيْسَرِ، ثُمَّ جَعَلَ يُعْطِيهِ النَّاسَ).[2] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە تەشریفی هێنایە مینا، هاتە شوێنی شەیتان ڕەجم کردن و ڕەجمی کرد. پاشان تەشریفی هێنایەوە ئەو شوێنەی کە لە مینا لێی بوو، لەوێ قوربانیەکانی خۆی سەربڕی، پاشان بەسەرتاشەکەی فەرموو: بیتاشە، ئاماژەشی کرد بۆ لای ڕاست و پاشان لای چەپی سەری بەرزی، پاشان دایە خەڵکەکە..

١٥- نەسائی لە سەیدنا عەلییەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕنەوە کە فەرمووی: (نَهَى رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ تَحْلِقَ الْمَرْأَةُ رَأْسَهَا).[3] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ

---

[1] موسلیم (٢٢٩٨)، ئەبوداوود (١٦٨٤)، ترمذي (٨١٦)، نەسائی (٣٠٢٩)، ئەحمەد (١٤١٤٥).

[2] بوخاری (١٦٨). موسلیم (٢٣٨٦).

[3] نووسەری ڕەحمەتی نوسوێتی: (هەر شەشیان جگە لە مالیک)! وا دەزانم هەڵەیە، ئیمامی مالیک ڕحمەالله لە ریزی شەش پێشەوای فەرموودەدا دانەنراوە.. پاشان نووسەر ریوایەتی نەسائی

وَسَلَّمَ ڕێی لەوە دەگرت کە ئافرەت سەری بتاشێت. ڕەزین (کە گێڕەرەوەی فەرموودەکەیە لەسەیدنا عەلییەوە) دەفەرموێ: لەحەج و عومرەدا هەر کورتی دەکاتەوە.

١٦- هەر شەشیان جگە لە نەسائی لە عبداللهی کوڕی عەمری کوڕی عاصەوە خوا لێیان ڕازی بێت دەگێڕنەوە: (أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَقَفَ فِي حَجَّةِ الوَدَاعِ بِمِنًى لِلنَّاسِ يَسْأَلُونَهُ، فَجَاءهُ رَجُلٌ فَقَالَ: لَمْ أَشْعُرْ فَحَلَقْتُ قَبْلَ أَنْ أَذْبَحَ؟ فَقَالَ: «اذْبَحْ وَلاَ حَرَجَ» فَجَاءَ آخَرُ فَقَالَ: لَمْ أَشْعُرْ فَنَحَرْتُ قَبْلَ أَنْ أَرْمِيَ؟ قَالَ: «ارْمِ وَلاَ حَرَجَ» فَمَا سُئِلَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ شَيْءٍ قُدِّمَ وَلاَ أُخِّرَ إِلَّا قَالَ: «افْعَلْ وَلاَ حَرَجَ»).[1] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ڕۆژی حەجی ماڵئاواییدا لە مینا ڕاوەستا تا خەڵکی پرسیاری لێ بکەن کابرایەك هاتە خزمەتی و پرسی/عەرزی کرد: هەستم بە خۆم نەکرد پێش ئەوەی قوربانییەکەم سەربڕم موەم تاشی، فەرمووی: سەری بڕەوە و قەیدی نیە..یەکێکی تر هاتە خزمەتی و عەرزی کرد: هەستم نەکرد پێش ئەوەی شەیتان ڕەجم بکەم قوربانییەکەم سەربڕی، فەرمووی: بڕۆ ڕەجمەکە بکە قەیدی نیە..لەو ڕۆژەدا هەرچیەکیان لە پرسیار عەرز دەکرد دەیفەرموو: بیکە، قەیدی نیە..

- بوخاری و موسلیم لە ڕیوایەتی تریاندا دەفەرموون یەکێکی تریش هاتە خزمەتی و پرسی: (يَا رَسُولَ اللهِ، إِنِّي حَلَقْتُ قَبْلَ أَنْ أَرْمِيَ». فقَالَ: «ارْمِ وَلَا حَرَجَ»، وَأَتَاهُ آخَرُ فقَالَ:

---

هێناوەتەوە) ئەوەی نەسائی ڕاستە. نەسائی (٥٠٤٩)، هەروەها ترمذي (٩١٤). بەڵام کەسی تر لە شەش ئیمامەکە نەیانهێناوەتەوە. وَاللَّهُ أَعْلَمُ.

[1] بوخاری (٨٣). موسلیم (١٣٠٦).

«إِنِّي ذَبَحْتُ قَبْلَ أَنْ أَرْمِيَ»، قَالَ: «ارْمِ وَلَا حَرَجَ»، وَأَتَاهُ آخَرُ فقَالَ: «إِنِّي أَفَضْتُ إِلَى البَيْتِ قَبْلَ أَنْ أَرْمِيَ»، قَالَ: «ارْمِ وَلَا حَرَجَ»).[١]

- هەروەها بوخاری و موسلیم و ئەبوداوود و نەسائی لەڕیوایەتێکی تردا دەفەرموون: (أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قِيلَ لَهُ فِي الذَّبْحِ وَالْحَلْقِ وَالرَّمْيِ وَالتَّقْدِيمِ وَالتَّأْخِيرِ فَقَالَ "لاَ حَرَجَ").[٢] واته: عەرزی پێغەمبەری خوایان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد بۆ پاش و پێش خستنی قوربانی کردن و سەر تاشین و شەیتان ڕەجم کردن فەرمووی: ئیشکالی تێدا نیە.

١٧- مالیك دەگێڕێتەوە کە سەیدنا عومەر خوا لێی ڕازی بێت لەکێوی عەرەفات وتاری بۆ حاجیان دەدا فەرمووی:(إِذَا جِئْتُمْ غدًا مِنًى، فَمَنْ رَمَى الْجَمْرَةَ، فَقَدْ حَلَّ لَهُ مَا حَرُمَ عَلَى الْحَاجِّ إِلَّا النِّسَاءَ، وَالطِّيبَ، لا يَمَسَّ أَحَدٌ امْرَأَةً، وَلَا طِيبًا حَتَّى يَطُوفَ بِالْبَيْتِ).[٣] واته: ئەگەر سبەینێ هاتنە مینا، هەر کەسێ: شەیتان ڕەجم بکات بۆی هەیە ئیحرام بکاتەوەو هەموو شتێکی بۆ حەڵاڵ دەبێتەوە کە لە حاجیان حەرام کرابوو جگە لە چوونە لای خێزانی و بەکار هێنانی بۆنی خۆش..کەس توخنی خێزانی نەکەوێت و بۆنی خۆش لە خۆی نەدات تا تەوافی دەوری کەعبە دەکات و تەواو دەبێت.

١٨- هەر شەشیان جگە لە بوخاری لە جابرەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕنەوە:(كُنَّا نَتَمَتَّعُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِالْعُمْرَةِ فَنَذْبَحُ الْبَقَرَةَ عَنْ سَبْعَةٍ نَشْتَرِكُ فِيهَا).[٤] واته: لە خزمەت پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عەمرەمان کرد، حەوت کەسمان(لە قوربانیکردن بە مانگایەك)دا بەشدار دەبووین.

---

[١] بوخاری (١٢٤) موسلیم (١٣٠٦).

[٢] بوخاری (١٦٤٧)، موسلیم (٢٣٠٦).

[٣] ئیمامی مالیک لە: الموطأ (١٢٢٧)، بەیهیقی (٩٧٧٨).

[٤] موسلیم (٢٤١٤). ترمذي (٨٢٦). ئەبوداود (٢٤٢٩).

١٩- هەر لە جابرەوە خوا لێی ڕازی بێت: (كُنَّا لاَ نَأْكُلُ مِنْ لُحُومِ بُدْنِنَا فَوْقَ ثَلاَثٍ فَأَرْخَصَ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ: كُلُوا وَتَزَوَّدُوا).[1] واتە: لە سێ ڕۆژ زیاتر لە گۆشتی حوشتری خۆمانمان نەدەخوارد، بەڵام پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕێگای داین كە لە وەزیاتر و ڕێشیداین كە لەگەڵ خۆمانی ببەین..

٢٠- لە ڕیوایەتی تری بوخاری و موسلیمدا فەرموویەتی: (كُنَّا نَتَزَوَّدُوا لُحُوم الهَدِي عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَى الْمَدِينَةِ).[2] واتە: لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گۆشتی قوربانیكردنەكانی خۆمانمان(لە مەككەوە لە دوای حەجكردن) هەڵدەگرت و دەمانبردەوە بۆ مەدینە ..

٢١- بوخاری و موسلیم و ئەبوداوود لە سەیدنا عەلییەوە خوا لێی ڕازی بێت: (أَمَرَنِي رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنْ أَقُومَ عَلَى بُدْنِهِ، وَأَنْ أَتَصَدَّقَ بِلَحْمِهَا وَجُلُودِهَا، وَأَجِلَّتِهَا، وَأَنْ لَا أُعْطِيَ الْجَزَّارَ مِنْهَا قَالَ: (نَحْنُ نُعْطِيهِ مِنْ عِنْدِنَا).[3] واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ناردمی سەرپەرشتی سەربڕینی حوشترەكانی قوربانییەكانی بكەم و گۆشت و پێست و سەرو پێ و سی و جگەریشیان بكەم بەخێر هیچی لێ نەدەم بە قەسابەكان. فەرمووی: ئێمە لێرەوە حەقی خۆیانیان دەدەینێ.

٢٢- بوخاری و موسلیم و ئەبووداوود لە جابرەوە خوا لێی ڕازی بێت، گێڕایەوە: (طَافَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي حَجَّةِ الْوَدَاعِ عَلَى رَاحِلَتِهِ بِالْبَيْتِ، يَسْتَلِمُ الْحَجَرِ بِمِحْجَنٍ بَيْنَ

[1] بوخاری (١٦٣٢). موسلیم (٣٦٥٢).
[2] بوخاری (٥١٠٨). موسلیم (٣٦٤٥).
[3] بوخاری (١٦٢١). موسلیم (١٣١٧).

الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ؛ لِيَرَاهُ النَّاسُ، وَلِيُشْرِفَ، وَلِيَسْأَلُوهُ، فَإِنَّ النَّاسَ قَدْ غَشُوهُ).[١] واتە: لە حەجی ماڵئاوایی دا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە سواری(لە ڕیوایەتێکی تردا بە سواری حوشترەوە) تەوافی کەعبەی کرد، کە دەگەیشتە بەردە ڕەش گۆچانەکەی لێ دەدا(چونکە دەستی نەدەگەیشتێ) لە نێوان سەفا و مەروادا (بەسەر سواریەکەیەوە)وەستا تا دیار بێت و خەڵکی پرسیاری لێ بکەن، چونکە قەرەباڵغی خەڵك داپۆشیبوو. لە خەڵکیەوە دیار نەبوو..

٢٣- ئیمامی ئەحمەد لە سەعیدی کوڕی مالیکەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە:(طُفْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَمِنَّا مَنْ طَافَ سَبْعًا، وَمِنَّا مَنْ طَافَ ثَمَانِيًا، وَمِنَّا مَنْ طَافَ أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ، فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «لاَ حَرَجَ»).[٢] واتە: لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تەوافمان کرد، هەمانبوو حەوت جاری تەواف کرد و هەشمانبوو هەشت جاری تەواف کرد، هەشمانبوو زیاتری کرد، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: قەیدی نییە.

---

[١] موسلیم (١٢٧٣)، ئەبوداوود (١٨٨٠)، ئەحمەد (٣٣٣/٣)، بەیهیقی (١٠٠/٥).

[٢] نوسەر رحمەالله نوسیوێتی: (اسنادە حسن). ئەحمەد (١٦٠٦). بەڵام توێژەرەوەی مەسنەدی ئیمامی ئەحمەد دەفەرموێ زەعیفە. وَاللَّهُ أَعْلَمُ.



## دوا ووتە لەسەر پێنج ڕوكنەكە

ئەم پێنج ڕوكنە بناغەی ئیسلامن، بە هۆی باوەڕكردن و پابەند بوون پێیانەوە خەڵكی دەناسرێن كە ئایا موسوڵمانن یان نا؟ گەل و میلەتانیش هەر بە پابەندبوونیان بەم ڕوكنانەوە كە ئاشكران دەناسرێن كە ئایا گەلێكی موسوڵمانن یان نا؟ دەوڵەت و حكومەت و دەسەڵاتی سیاسیش بە پابەند بوونی ئاشكرایان بەم ڕوكنانەوە دەناسرێ، و دەناسێنرێن كە ئایا ئیسلامین یان نا؟ هەمووو كۆمەڵگە و ئومەتێكیش هەر بە پابەند بوونیانەوە بەم ڕوكنانەوە دەناسرێ، كە ئایا كۆمەڵگەیەكی موسوڵمانە یان نا؟ بە بێ ئەم ڕوكنانە ئیسلام و موسوڵمانێتی نە لە تاك و كۆمەڵگەدا هەیە و نە لە دەوڵەت و دەسەڵاتدا هەیە...

ئەو مرۆڤەی شایەتمانی نەهێناوە و ناوەڕۆكی شایەتمانەكەی قبوڵ نەكردووە و خۆی لەو دیدو ڕەفتارانە بە دوور نەگرتووە كە پێچەوانەی شایەتمانن و خاوەن نوێژو ئەهلی زەكات و ڕۆژوو حەج نییە، ئیسلامی لا دانەمەزراوە..چۆن ئیسلام لە سەرشانی كەسانێكی وا دادەمەزرێت؟

ئەو گەل و كۆمەڵگەیەی تەسلیم بە دینی خوا نەبووەو واتا و داخوازییەكانی شایەتمانی وەرنەگرتووەو ئاشكرا پابەندیی بە نوێژ و زەكات و ڕۆژوو و حەجەوە تێدا دەرنەكەوتووە چۆن ئومێدی ئەوەی لێدەكرێت پەیامی ئیسلام هەڵگرێت و داخوازییەكانی تری ئیسلام بسەلمێنێت و بچەسپێنێت؟

ئەو سیستەمی حوكم و دەسەڵاتەی هەر هەموو كار بەدەستانی دینی خوایان وەرنەگرتووەو پێوەی پابەند نین، كە هەوڵی جێبەجێكردنی ئەم ڕوكانە لە ژیانی تاك و كۆی كۆمەڵگەو دەوڵەتی خۆیاندا نادەن و خەڵكی بۆ هاننادەن یان دەبنە بەربەستی سەر ڕێی دینداری!چۆن بە موسوڵمان و ئیسلامی دەناسرێن و دەناسێنرێن؟!ئەو كاربەدەستانەی دەوڵەت و خاوەنی هێزو مەڵبەندەكانی بڕیار كە ڕێ بە حەجكردن نادەن و خەڵكی لەسەر ڕۆژوونەگرتن هاندەدەن و زەكات وەرناگرن و بیگەیەننەوە بە موستەحەققانی و گوێ بە

ڕۆژوو ڕەمەزان نادەن و دروشم و ئامانجی پێچەوانەی ئیسلامیان بەرز کردۆتەوە چۆن بە موسوڵمان هەژمار دەکرێن و چۆن سیسیتەم و دەسەڵاتیان بە ئیسلامی دەناسێنرێن؟!ئەدی چۆن دەبنە جێی ئومێدی سەلماندن و چەسپاندنی ئیسلامەکە؟

یەکێك لە هەڵەی هەرە دژوار و کوشندەی موسوڵمانان ئەوەبوو کە بە ئازادی خۆیان و سەرپشکانە کەسانێکیان گەیاندۆتە سەر حوکم و جڵەوی دەسەڵاتدارێتی دەوڵەت و کۆمەڵگەیان داوەتە دەستیان کە فرپان بە سەر ئیسلامەوە نەماوە!ناویان موسوڵمانانەیە بەڵام نە باوەڕیان بە نادیار هەیە و نە نوێژ دەکەن و نە زەکات دەدەن، نە ڕۆژوو دەگرن و نەحەج دەکەن، کەچی لە هەمان کاتدا دەیانەوێت موسوڵمانان قەناعەتیان پێ بکەن کە دینی ڕەسمی دەوڵەت ئیسلامە!گوایە ئیسلامیان هەموو قبووڵە وەکو(عەقیدە و عیبادەت و شەریعەت) هەروەها وەکو یاسا و دەستور و سیستەمی حوکمڕانی!!

ئیسلام بە بێ موسوڵمان نییەو موسوڵمانانیش وجودیان نابێت کاتێك ئەم ڕوکنانە تێك ڕما بن! لە دەروناندا و لە واقیعی ژیانی تاك و کۆیاندا..

ئەو ئومەتەی ڕوکنەکانی ئیسلامی تێدا ڕماوە، ئومەتێکە جگە لە ناوی موسوڵمانێتی هیچی تری لەم ئیسلامە پێوە نەماوە..

مادام ئەمە ڕێسای وجودی ئیسلام و موسوڵمانێتیە، کەوابوو هەر دەبێت موسوڵمانە سەر ڕاستەکان بە زۆر دیدو ڕەفتاری تاك و کۆدا بچنەوە و سەر لە نوێ ڕەنجی تێدا بدەنەوە، تا ئەم ڕوکنانە لە تاك و واقیعی کۆمەڵگەکانیاندا دەسەلمێننەوەو دەچەسپێتەوە..دەبێت ڕەنجێکی زۆر و هەوڵێکی بێ وچان بدەن لە بانگهێشت کردنەوەی خەڵکەکەیاندا بۆ ئیسلام، بۆ پابەند بوونەوەیان بەم ڕوکنانە..

ئەگەر بە جیددی و سەر ڕاستانە ئەم ڕوکنانە لە ناخی تاك و واقیعی کۆمەڵگەدا چەسپینەوە و سوود لەو کاریگەرێتیانەیان وەرگیرایەوە کە ئەم ڕوکنانە لە تاك و کۆدا دەیهێننە کایەوە حەتمەن لە ڕووی بزاوتی گۆڕانکارییەوە ووزە و وورەیەکی بەهێز و کاریگەریش بەرەو داهاتوویەکی ئیسلامیانە دەکەوێتە گەڕ..ئەگەر بە شێوەیەکی چاك و مەرکەزیانە سوود لەکۆبوونەوەی موسوڵمانان لە مزگەوتەکانیان کرا، هەروەها لەو زەکات و خێروخێراتەی لە ماڵ و سامانیانی دەردەکەن حەتمەن واقیعێکی تری نوێی دینداری دێتە دی..بە تایبەتی کە ئەم نوێژو زەکاتە لەگەڵ دوو ڕوکنەکەی تردا: ڕۆژوو و وەردەگیرێن و کۆمەڵکارانە دەچەسپێنرێن. ئەگەر گەلان و کۆمەڵگەکانی ئوممەتی موسوڵمان واقیعانە بەمانا و واتاکانی حەجەوە پابەند بوون، هەست دەکرێت کە لە واقیعی ژیاندا دیدو مەنهەجی سیاسی ئیسلام لە بەرژەوەندی هەموو موسوڵماناندا کەوتۆتە کار..

موسوڵمانە سەر ڕاستەکان بەرپرسیارێتی ئەوەیان لەسەر شانە کە دەبێت ئەرکی ڕوونکردنەوەو گەیاندن و تێگەیاندنەوەی خەڵکی کە بانگەوازی خواویستی بخەنەوە سەرشان و چاپووکانە ڕاپەڕێنن..دەبێت بە میللەتانی موسوڵمان ڕاگەێننەوە کە موسوڵمانێتی تاك و کۆی حکومەت و کۆمەڵگە و حوکمڕان و ڕەعیەتەکان بە چەسپاندنی ئەم ڕوکنانە دەسەلمێت و بەس.

بەڵام هەروەکو چۆن کە دەبێت تەرکیز بکرێتە سەر سەلماندن و چەسپاندنی ئەم پێنج ڕوکنە، دەبێت تەرکیزی تەواویش بکرێتەوە سەر ئەوە کە ئەم ڕوکنانە ڕوکنی ئیسلامەتین و ئەو پایانەن کە ئیسلامەکەیان لەسەر وەستاوە..ئەم ڕوکنانە هەموو ئیسلامەکە نین، ئیسلامەکە کۆشکێکی باڵای گشتگیرە کە لە سەر ئەم پایانە وەستاوە کە پایەکانیش بەشێکی سەرەکین لێی، ئەم ڕوکنانە هەرچەند گەورەو گرنگ بن ناشێت بە تەنها وەکو پێنج پایەی کۆشکێك وەرگیرێن و کۆشکەکە وەل کرێت!بۆیە لەگەڵ تەرکیز کردن لەسەر گرنگی ڕوکنەکان دەبێت تەرکیزیش بکرێتە سەر هەموو ئەو ڕەهەندو لایەنانەی تری

ئیسلامەکە کە ژیان رێك دەخەن و ئاڕاستەی تاك و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەت دەکەن. وەرگرتنی ئەم ڕوکنانە بە بێ لایەنەکانی تری ئیسلامەکە، وەکو ئەوە وایە کە کەسێك پێنج پایەی لەسەر پارچە زەویەك داڕشتووە و لێی گەڕاوە و هیچی نە لە سەرو نە لە دەور دروست نەکردووە!ئەمە جێی سەرسوڕمانە، پایەکان گرنگیەکەیان لە چیدایە کە خانووەکەیان لەسەر دانەمەزرێت..ئەم ڕوکنانەش هەر وان..ناکرێت کۆشکی ئیسلامەکەیان لەسەر دانەمەزرێت و وەلکرێن، بشوترێت کە ئیسلامەکە سەلمێنراوە و چەسپێنراوە!

لە دوو بەش(باب)ی داهاتووی ئەم کتێبەدا بەرنامە و سیاسات و سیستەمەکانی ئیسلام ڕوون کراوەتەوە کە ژیانیان لەسەر دادەمەزرێت..ئەمانە بریتین لەو کۆشك و قەڵاو قوللەیەی لەسەر ئەو پایانە دامەزراون..بەشی دواینیش(باب الرابع) ئەو هۆکارانەن کە دەبنە مایەی پارسەنگ ڕاگرتنی تاك و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیسلامی..

مرۆڤ تاکێکە و لە خێزانێکدا دەژی، خێزانەکەش لە کۆمەڵگەو سایەی دەوڵەتێکدا دەژی کە هەموویان پێکهاتەی قەبارەی ئومەتێکن کە چەندین گەل و نەتەوەی جیهان لەخۆ دەگرن. دەبێت ئەمە لەبەر چاوی موسوڵماندا ڕۆشن بێت کە هەریەکێك لەم بازنانەی (تاك)و(کۆمەڵ)و(کۆمەڵگە)و(دەوڵەت)و(ئوممەت) پێناسە و کێشەو ئاڕاستەی تایبەت بەخۆی هەیە و ئیسلام هەموویانی پارسەنگانە ئاڕاستەی ژیانێکی نموونەیی کردووە، شارەزا بوون لەمە ئەوە دەخوازێت مەنهەجی ڕەفتارو ڕەوشت و قیەمی کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا بخوێنرێت..کە لەبەشی داهاتوودان، دوای ئەوانیش بازنەکانی(ئوممەت)و(دەوڵەت) و نەززم و ڕێسا و سیستەمی هەمەلایەنەی دامەزراندن و ئاڕاستەکردنیان کە لە بەشی سێیەم(باب الثالث)دا خراونەتە پێش چاو..

زانینی ئیسلام و ناسینی سەرەتایی خوێندنی ئەم پێنج بەشەی گەرەکە، کە هیوادارم ئاسان خرابێتە بەردەست. وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ.

تەواوبوو

الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

بەمەش هەرچوار ڕوکنەکە[١]

تەواوبوو والحمدلله کە ١٠٠ لاپەڕەیە بە نزیکەی

٢٢ڕۆژ والحمدلله.

کرێکار: زیندانی کۆنگس ڤینگەر/نەرویج.

[١] پێشتر ڕوکنی شایەتمان وەرگێڕدرابوو.

## ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەكی وەرگێڕ بۆ چاپی سێیەم | ٧ |
| پێشەكی وەرگێڕ بۆ چاپی دووەم | ٩ |
| پێشەكی وەرگێڕ بۆ چاپی یەكەم | ١١ |
| كورتەیەك لە ژیانی مامۆستا سەعید حەووا | ١٣ |
| پێشەكی نوسەر | ١٦ |
| ڕێڕەوێك بۆ ڕوكنەكان | ٤٨ |
| ڕوكنی یەكەم: شایەتمان | |
| باسی یەكەم: گشتگیریی واتای شایەتمان | ٥٣ |
| بڕگەی یەكەم: سەرنجێكی گشتی لە مانای شایەتمان: | ٥٣ |
| بڕگەی دووەم: وردەكاریی مانای ووشەی (اَلإِلَهْ): | ٥٧ |
| بڕگەی سێیەم: شایەتمان ڕوكنەكانی تریشە: | ٦٧ |
| باسی دووەم: لە بەرهەمەكانی شایەتمان | ٨٧ |
| بڕگەی یەكەم: شایەتمان بەرنامەی ژیانە | ٨٩ |
| بڕگەی دووەم: شەریعەتێكی گەردوونی | ١٠٧ |
| بڕگەی سێیەم: كلتورو شارستانێتی ئیسلامی | ١١٧ |
| یەكەم: ئیسلام خۆی شارستانێتییە | ١١٧ |
| دووەم: كلتورو ڕۆشنبیری ئیسلامی | ١٣٨ |

| | |
|---|---|
| بڕگەی چوارەم: ووره بەرزی: | ١٥٤ |
| باسی سێیەم: چی پێچەوانەی شایەتمانە | ١٦٧ |
| ڕوكنی دووەم: نوێژ | |
| بڕگەی یەكەم : سەرنجێكی گشتی لە نوێژ: | ٢١٩ |
| بڕگەی دووەم : سەرنجدان لە هەندێك دەق دەربارەی نوێژ: | ٢٤١ |
| خاڵی یەكەم: كاتەكانی نوێژكردن: | ٢٤١ |
| خاڵی دووەم: نوێژی جەماعەت: | ٢٤٥ |
| خاڵی سێهەم: چۆنییەتی نوێژ كردنەكە: | ٢٤٨ |
| خاڵی چوارەم: دەستنوێژ و پاكژیی: | ٢٥٥ |
| خاڵی پێنجەم: نوێژە سوننەتەكان: | ٢٥٩ |
| خاڵی شەشەم: تەسبیحاتی دوایی نوێژەكان: | ٢٧٣ |
| ڕوكنی سێیەم: زەكات | |
| بڕگەی یەكەم :سەرنجێكی گشتی لە زەكات: | ٢٨٠ |
| **خاڵی یەكەم: زەمینەی زەكات وزەكاتدان:** | ٢٨٠ |
| **خاڵی دووەم: زەكات نە باجدانەونە خێركردنە:** | ٢٨٩ |
| **خاڵی سێیەم: ئەوسامانانەی زەكاتیان لێ دەكەوێت: پێنجن:** | ٢٩٤ |
| خاڵی چوارەم: ئەو پۆلە خەڵكەی زەكاتیان پێ دەشێت: | ٣٠١ |
| بڕگەی دووەم : زەكات بە ڕادەی (بەس)ێتی دەبێت بۆ موستەحەقانی | ٣٠٤ |
| خاڵی یەكەم: نەدارە شاراوەكان: | ٣٠٤ |
| خاڵی دووەم: كەسی بە تواناو كاسب زەكاتی پێناشێت: | ٣١١ |
| خاڵی سێیەم: لێبڕاوان بۆ خوا پەرستی موستەحەققی زەكات نین ! | ٣١٦ |
| **خاڵی چوارەم: چەند دەدرێتە موستەحەققانی زەكات؟** | ٣١٨ |
| خاڵی پێنجەم: مەسروفی ژنهێنانی هەژاران لە زەكات دەردەچێت: | ٣٢٥ |

| | |
|---|---|
| خاڵی شەشەم: مەسروفی خوێندنی خوێندکاران لە زەکات دەردەچێت: | ٣٢٨ |
| خاڵی حەوتەم: گرنگ دابینکردنی بژێوی ژیانێکی ڕێزدارانەیە: | ٣٣٢ |
| خاڵی هەشتەم: سیاسەتی ئیسلام لە دابەشکردنەوەی زەکاتدا: | ٣٣٩ |
| بڕگەی سێیەم : زەکات و کێشە ئابوورییەکان: | ٣٤٧ |
| خاڵی یەکەم: چارەسەری کێشەکانی هاوسەرگیریی و سوکنا و بێکاریی و پەککەوتیی: | ٣٤٧ |
| خاڵی دووەم: ئەو دەوڵەتەی ئاوا بایەخ بە زەکات نادات ئیسلامی نییە: | ٣٥١ |
| خالی سێیەم: ڕەواندنەوەی گومانێک (کاروباری زەکات ئەرکی دەوڵەت نییە)!: | ٣٥٣ |
| بڕگەی چوارەم : خەزێنەی سامانی زەکات: | ٣٦٣ |
| خاڵی یەکەم: خەزێنەی زەکات سەربەخۆیە: | ٣٦٣ |
| خاڵی دووەم: چۆنێتی زەکات کۆکردنەوە لەم سەردەمەدا: | ٣٦٥ |
| خاڵی سێیەم: زەکاتدان بەڵگەی ئیمانداریە: | ٣٦٨ |
| خاڵی چوارەم: سزای دنیایی زەکات نەدەر: | ٣٧٥ |
| خاڵی پێنجەم: زەکات ئەرکێکی زانراوو دیاریکراوە | ٣٧٩ |
| بڕگەی پێنجەم : هەندێک دەق لەسەر زەکات و خێروخێرات بە گشتی: | ٣٨٤ |
| **لە کۆتاییدا دەڵێین:** | ٣٩٨ |
| ڕوکنی چوارەم: ڕۆژوو | |
| بڕگەی یەکەم :سەرنجێکی گشتی لە ڕۆژوو: | ٤٠٠ |
| خاڵی یەکەم: ڕۆژووگرتن نیشانەی هەبوونی وویست و ئیرادەی بەهێزە: | ٤٠٠ |

| | |
|---|---|
| خاڵی دووەم: ڕۆژووی ڕەمەزان و حیکمەتەکەی: | ٤٠٣ |
| خاڵی سێیەم: چۆنیەتی ڕۆژووگرتن: | ٤٠٦ |
| خاڵی چوارەم: کاتی ڕۆژووگرتن: | ٤١٠ |
| خاڵی پێنجەم: سوودی ڕۆژووگرتن لە لایەنی تەندروستیەوە: | ٤١٢ |
| خاڵی شەشەم: ڕەمەزان فێرگەی پەروەردەکاریە: | ٤٢١ |
| بڕگەی دووەم : چەن دەقێك دەربارەی ڕۆژوو و ئیعتکاف: | ٤٢٨ |

**ڕوکنی پێنجەم: حەج**

| | |
|---|---|
| بڕگەی یەکەم : سەرنجێکی گشتی لەحەج: | ٤٦٨ |
| بڕگەی دووەم : حەج وەکو کە فەرموودە ڕوونیدەکاتەوە: | ٤٨٣ |
| دوا ووتە لەسەر پێنج ڕوکنەکە | ٥٠٣ |
| ناوەڕۆك | ٥٠٨ |

زانكۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی زادی

(زادی ڕێمان)

ماڵپەر

zadyreman.com

پەڕەی فەیسبووك

fb.com/zadyreman

هەژماری تویتەر

twitter.com/zadyreman

هەژماری ئیستاگرام

instagram.com/zadyreman

ئیمەیل

zadyreman@gmail.com